ڕاســـتەقینەی خۆیـــان لەدەســـت داوە و بە مانا ئۆنگێرییەکـــەی(Unger) لەناو جۆرێک پێویســـتیی درۆزنانەدا(False Necessity) دەژین. ئەم شـــێوە ڕوانینە لەژێـــر کاریگەریی تێگەیشـــتنێکی مارکسیســـتیدایە کـــە لەو باوەڕەدایـــە ســـتراکتورە کۆمەڵایەتییـــەکان لـــە لایـــەن هەندێک یاســـای نەگـــۆڕ یان حەتمیەتـــی مێژووییـــەوە دەستنیشـــان دەکرێن. ئەمـــە وادەکات حـــزب و دامەزراوە کوردییـــەکان وەکو بوونەوەرێکی سروشـــتی و بـــێ بەدیـــل ســـەیر بکرێن. لە ڕاســـتیدا بوونەوەرێکـــی مێژوویـــی و مرۆڤکـــردن و دەکرێت بـــە ڕەتکردنەوەی ئەو پێویســـتیيە درۆزنانـــە زەمینە بۆ دەســـتکاری یان گۆڕینی ئـــەو ســـتراکتورە عەینـــی و زەینییانـــەی کوردیان کـــردووە بە بوونەوەرێکی ســـەر بە زەمەنـــی ڕابردوو، دۆشـــداماو، چەقبەســـتوو و بێهیـــوا ئامـــادە بکرێت. ئەوەی هەســـتی سروشـــتی و بێ بەدیل بوون دەبەخشێت بەو ســـتراکتۆرانە، پێکهاتەی ئایدۆلۆژی و زەینیی کوردەکانە نەک ئەو دۆخـــە واقیعییەی تێیدان. ئەوەی ڕاســـتی بێ، کوردەکان لەنێوان خەون و ئارمانێک کە ئیمکانی دەســـتەبەربوونی نییە و واقعییەتێکـــی تاقەتپرووکێنـــدا ماونەتەوە. ئـــەوەی لێـــرەدا دەکرێـــت کـــوردەکان لەم بنبەســـتە سیاسی و ســـتراتێژییە ڕزگار بکات، جۆرێک یۆتۆپیای عەمەڵگەرایە(pragmatic utopia) کـــە هـــەم ولامـــدەری لایەنـــی ئارمانی و یۆتۆپیکە و هـــەم ڕەنج و ئازارەکانی ئەو دۆخە تـــا دوا پلە کەم دەکاتـــەوە. لێرەدا یۆتۆپیـــا دەکرێت وەکـــو پرۆژەیەکی هاوکات ئەخلاقـــی و دەزگایـــی چاوی لـــێ بکرێت، یانـــی یۆتۆپیا خـــۆی لە پرۆســـەی ڕەخنە و چاکســـازیی دەزگاییدا دەبینێتـــەوە کە توانای بەکردەوە دەرهێنانی هەیە. لە لایەک ئاسـۆی ئەرزشی و واتایی نوێی(سیاســـەتی نەتەوەیی، بەهـــا و بەرژەوەندیـــی نەتەوەیـــی، ئەمنیی نەتەوەیی، شوناســـی نەتەوەیی) دەستنیشـــان دەکات و هـــاوکات لە لایەکـــی دیکە دەزگا و دامـــەزراوە کوردییەکان بە شـــێوەیەک کارا دەکاتەوە یان ســـەرلەنوێ بنیـــات دەنێتەوە کە توانای دەســـتەبەرکردنی ئـــەو بەها و مانا نوێیانەیـــان ببێـــت. دۆخی نوێ پێویســـتی بـــە ئـــەرزش و مانـــای نـــوێ هەیـــە و بۆ دەســـتەبەرکردنیان دامودەزگای نوێی پێویستە و ئـــەوە ڕاســـتییەکی حاشـــاهەڵنەگرە کە حزبەکان و دامەزراوە سیاســـی، دیپلۆماسی و ســـەربازییەکانی کوردەکان لەم قۆناغەدا توانای ڕاپەڕاندنـــی ئـــەم ئەرکانەیان نییـــە و ناچار دەبێـــت ملکەچـــی پرۆســـەی نوێکردنەوەی ئەخلاقـــی و دەزگایی ببن.

ئـــەم نووســـراوە بـــاس لـــەوە دەکات کە لـــە ســـەردەمی ژیئۆپۆلتیکـــی شوناســـدا بەســـتێنەکە بۆ گۆڕانـــی ژیئۆپۆلتیکی گەورە لـــە دۆخی کوردەکانـــدا لەبارە و بـــۆ ئەوەی لـــە ســـەمەرەکانی ئەو دۆخە بێبـــەری نەبن، دەبێـــت ســـەرەتا لـــە ئاســـتی ناوخۆییدا پرۆســـەی گۆڕانی زەینـــی و دەزگایی بەڕێوە بـــەرن و دواتر لە ئاســـتی ناوچەییـــدا بەرەو ئاقـــاری دامەزراندنی جۆرێک لـــە حاکمییەتی نافەرمی لە چوارچێوەی بلۆکـــی ژیئۆپۆلتیکدا بـــڕۆن. لێـــرەدا ســـەرەتا ئەرکـــی تیۆریی ناســـینی دۆخەکەیە و دواتـــر دەربازبوونە لێی. تیۆرییەکـــە نەتوانێـــت ئیمکانـــە بەدیلەکان بهێنێتە ســـەر زار، خۆی بەشـــێکە لەو نەزمە ســـەرکوتکەرە. کردەوەی ڕادیکاڵ تەنیا ناسین و ڕەخنەکردنی دۆخـــی هەنووکە و بەرەنگاری و خەبـــات دژی ئـــەو دۆخە نییـــە، بەڵکو لە ناســـینی ئیمکانەکان، نوێکردنـــەوە و گۆڕینی زەینییـــەت و دەزگاکاندا مانـــا پەیدا دەکات. کـــوردەکان چەنێـــک زیندانی ئەو ســـاختارە ژیئۆپۆلتیکییـــەن کـــە لە لایـــەن زلهێزەکان و سەردەســـتەکانیانەوە ســـەپێنراوە بە هەمان ئەندازەش یەخســـیری ئەو ســـتراکتۆرە حزبی و زەینییانەن کە خۆیان دروســـتیان کردوون. بیرکردنـــەوە لە ئیمکانی ڕادیکاڵ و گەیشـــتن

بەو قەناعەتە کە چی دی کایەکردن لە چوارچێوەی ئەم ستراکتۆرانەدا ئیمکانی نییە و دەکرێت جەبری دەزگایی و مێژوویی وەلا بنێن و ئەو ستراکتۆرانە کەوناوکەون بکەن، لەم دۆخەدا گرینگیی لەرادەبەدەری هەیە. لە سەردەمی ژێئۆپۆلتیکی پاش مۆدێرندا کە بە ژێئۆپۆلتیکی شوناس دەناسرێت و شوناسەکان بنەمای ستراتیژە ژێئۆپۆلتیکییەکانن ئەمە پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئەم دۆخە بۆ کورد وەکو شوناسێکی لەژێر هەڕەشەدا سەرەڕای کەمبوونەوەی بەشێک لە مەترسییەکان کۆمەڵێک دەرفەتی زێڕینی خوڵقاندووە کە نوێکردنەوەی زەینی و دەزگایی دەکات بە پێویستییەکی گرینگی مێژوویی.

## بلۆکی ژێئۆپۆلتیکی (Geopolitical bloc)

بلۆکی ژێئۆپۆلتیکی هەنگاو هەڵێنانە بەرەو جۆرێک لە حاکمییەتی نافەرمی(Informal sovereignty). ئەم چەمکە ئاماژە بە دۆخێک دەکات کە تێیدا حاکمییەتی فەرمیی دەوڵەت- نەتەوە بە واتا وێستفالیاییەکەی (دەوڵەت تاکە بوونەوەری شەرعییەت پێدراوە کە دەسەڵاتی خۆی لە ئاستی جوغرافیای نەتەوەدا بەو شێوەیەی کە خۆی دەیهەوێت، جێبەجێ بکات) چی دی ناتوانێت لە ئاستی کۆی جوغرافیای خۆیدا دەسەڵاتی جێبەجێ بکات. حاکمییەتی نافەرمی بەرهەمی لاوازیی دەسەڵات و شەرعییەتی سیاسییە، بەڵام ڕێگەچارەیەکە بۆ بۆشاییی دەسەڵات و دروستکردنی جۆرێک لە حاکمییەتی چەند ڕەگە(Hybrid). نموونەی ئەم حاکمییەتە نافەرمییانە ئەمڕۆکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کەم نین و کوردیش لە دوو پارچەی باشوور و ڕۆژاوا بەشێکن لەم مودێلە. ئەوەی لێرەدا بۆ باسەکەی ئێمە گرینگە پەیوەندیی حاکمییەتی نافەرمییە لەگەڵ بلۆکی ژێئۆپۆلتیکی. حاکمییەتی نافەرمی ئامرازی دەستەبەرکردن و کاراکردنی بلۆکی ژێئۆپۆلتیکییە. بلۆکی ژێئۆپۆلتیکی بەو دۆخە دەڵێین کە تێیدا کۆمەڵێک بکەری دەوڵەتی و نادەوڵەتی لە دەوری کۆمەڵێک بەرژەوەندیی ژێئۆپۆلتیکی، ئەمنی و شوناسی هاوبەش کۆ دەبنەوە. خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە دوای بەهاری عەرەبییەوە ئەوەی سەلماند کە بلۆکی ژێئۆپۆلتیکی لە چوارچێوە و بەستێنی حاکمییەتی نافەرمیدا بیچمی گرتووە و خۆی سەپاندووە. نموونەی گرووپەکانی سەر بە ئێران، بەرەی عەرەبستان، ئیمارات، بەرەی تورکیە و قەتەر نموونەگەلێکن لەم بلۆکە ژێئۆپۆلتیکیانە کە بەرهەمی لاوازبوونی دەوڵەت نەتەوەکان و دەزگا فەرمییەکان و هەروەها نەزمی نوێی ژێئۆپۆلتیکی ناوچەکەن کە نەزمێکی ناهاوەندی، بزۆز و شوناس‌تەوەرە. واڵبۆرن(Valbjørn) باس لەو دۆخە دەکات کە لە ٢٠١١ بە دواوە دەوڵەتە عەرەبییەکانی ناوچەکە وەکو سووریە، یەمەن، عێراق چی دی خاوەن دەوڵەتێکی یەکپارچە نین و دەسەڵات لەنێوان دەوڵەت و بکەرە نافەرمییەکاندا دابەش بووە. دەوڵەتی فەرمی لە لایەک، هێزە لۆکاڵییەکان و میلیشیاکان لە لایەکی دیکەوە، هەروەها بکەرە دەرەکییەکان وەکو ئامریکا، ئیسرائیل، ڕووسیە لە لایەکی دیکەوە جۆرێک لە حاکمییەتی هیبریدی(چەند ڕەگە) و نافەرمییان پێک هێناوە کە سنوورەکانی نێوان سیاسەتی دەرەکی و ناوەکی، دەوڵەتی و نادەوڵەتی، ناشەرعی و شەرعییەت‌پێدراو کاڵ بوونەوە و لەناو چوونە. ئەم گۆڕانکارییانە و لەدایکبوونی حاکمییەتی نافەرمی وەکو لە سەرەوە باس کرا، بەستێنێکی خوڵقاند کە تێیدا بلۆکە ژێئۆپۆلتیکییەکان لەدایک بوون کە بلۆکی بەرەی مقاومەت، بەرەی میسر، عەربستان، ئیمارات و هەروەها بەرەی ئیسلامی سیاسی(قەتەر، تورکیە و ئیخوان)

لــە بەرچاوترینەکانی ئــەم بلۆکانەن.
کاتێــک حاکمییەتی فەرمــی دەرووخێت یان لاواز دەبێــت، بلۆکــە ژێئۆپۆلتیکییــەکان لە ڕێگــەی تۆڕێک لــە بکــەرە نافەرمییەکانەوە دێنە ســەر ســاحەی یارییەکــە و نەزمێکی نــوێ پێک دێنن کــە نەزمێکــی نافەرمییە، بەڵام بەشــێوەیەکی قــووڵ لەســەر ژیانی خەڵک لــە ناوچەکــە کاریگــەری دادەنێن.
ئەم دۆخــە بەرهەمــی بەریەککەوتنی پرۆژە ژێئۆپۆلتیکییەکانــی ناوچەکە، دروســتبوونی کەلێــن لــە نەزمــی جیهانــی، و لــە کۆتاییــدا جۆرێک لــە دۆخی ســەردەمی فیترەتــە(interregnum) کە دوای دارمانی نەزمــی کۆن دروســت دەبێــت و دەکرێت وەکــو قۆناغێکــی کاتــی ســەیر بکرێت کــە گۆڕانــە ژێئۆپۆلتیکییەکانــی ناوچەکە لــە داهاتوودا لەســەر ئــەم بەســتێنە ڕوو دەدات. ئاکامــی ئــەم دۆخــە دەربازبوونە لە ســتراکتۆری دەوڵەتتەوەر بــۆ نەزمی تۆڕی و بلۆکــی، حاکمییەتی شــکاو و چەند پارچە، بەریەککەوتن و ململانێــی ژێئۆپۆلتیکی نوێ و ئیمکانــی دروســتبوونی نەزمــی نوێ و بەدیــل لە داهاتــوودا کە دەکرێت هەرەشــە و مەترســی لەخۆ بگرن، ســەرچاوەی هیوا و دەرفەتی گــەورەش بن.
بێگومــان داهاتــووی کورد لــە خۆرهەڵاتی ناوەڕاســت لە بازنــەی بکــەری نادەوڵەتیی بەهێز و جۆرێک لــە حاکمییەتی نافەرمیدایە. گــەورە ســتراتیژی زلهێــزە جیهانــی و ناوچەییــەکان و بەریەککەوتنــی پــرۆژە ژێئۆپۆلتیکییەکانــی ئەوان بــەرەو لاوازکردنی دەوڵەت نەتەوە بەهێزەکانــی ناوچەکە دەڕوات کە ئێراق و ســووریە نموونــەی زیندووی ئەم پرۆســەیەن و ئێرانیش لە داهاتــووی نزیکدا بــەرەو ئــەم ئاراســتەیە دەڕوات. داهاتووی کــوردەکان بەســتراوە بە تێگەیشــتن لەم بەســتێنە بزۆز و ئاڵــۆزە ژێئۆپۆلتیکییەوە کە ئێستاشــی لەگەڵدا بێت ئــەوان نەیانتوانیوە بەپێــی سروشــتی دۆخەکــە و ئاســتی گۆڕانکارییــەکان بەباشــی خۆیــان لەگەڵ بارودۆخەکــە بگونجێنن. ئەوەی ڕاســتی بێ، هــەر کام لە زلهێزانــی ناوچەکــە توانیویانە لــە ڕێگەی بکــەرە نافەرمییەکانــەوە بلۆکی ژێئۆپۆلتیکی خۆیان دروســت بکەن و لەسەر گۆڕانکارییەکانی ناوچەکــە کاریگەر بن، بەڵام کــوردەکان وەکــو بکەرێکــی ناکاریگەر لە پەراوێزی ئەم بلۆکانەدا ماونەتەوە و بەشــێوەی نایەکگرتوو مــان و نەمانیــان بەتوندی گرێ دراوە بــە مانــەوە و بەرژەوەندیــی زلهێزە جیهانییەکانــەوە. کوردەکان لــە دوو پارچە خــاوەن حاکمییەتی نافەرمیــی بەهێزن و لە داهاتــووی نزیکــدا وەکو ئەگەرێکــی بەهێز لــە ڕۆژهەڵاتــی کوردســتانیش دەبــن بە خاوەنی حاکمییەتێکی لەو چەشــنە. هەڵبەت ئەزموونــی باشــوور و ڕۆژاوا نیشــانی داین کە کــورد لە ڕۆژهــەڵات گــەر دەیهەوێت ئەو ستاتسووســە نوێیە بەدەســت بهێنێت، پێویســتی بە یەکگرتوویی سیاســی، نیزامی و دیپلۆماتییــە کــە بتوانێت لە پرۆســەی لاوازکردنــی حاکمییەتــی ناوەندیــدا ڕۆڵی بەرچــاو بگێڕێت. لەم پارچەیەی کوردســتان ئەمــە تاکە ڕێگایە بــۆ بەشــداریی کاریگەر لــە پرۆســەی لاوازکردنــی حاکمییەتــی ناوەنــدی ئێــران و بــە ئــاکام گەیاندنی پــرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاســتی نوێ. ئەمە دەتوانێت بەشــێک لــەو نادڵنیاییەی خۆراوا لەسەر دروستبوونی بشــێوی لە دوای گۆڕانی ڕژێــم(Regime change) لــە ئێــران بڕەوێنێتــەوە، هــاوکات کورد خــۆی وەکو ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێز نیشــان بدات کە جیاواز لە باقیی ئۆپۆزســیۆنی ئێرانی جیا لە ئاســتی سیاسی لەســەر زەویش لێهاتووە. لە ئاستێکی ســەرتردا ئەو دۆخەی ئێســتا کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســت تێیــدا دەژین هەڵگری دەرفەتێکــی گــەورەی مێژووییــە کە لە دۆخــی ئایدیالــدا ئەوان دەتوانــن لانی کەم

لە ئاستی سێ پارچە لە کوردستان بلۆکێکی ژێئۆپۆلتیکی پێک بهێنن. هەروا کە لە سەرەوە باس کرا پێویستیی ئەم قۆناغە کە سەردەمی فیترەتە و نەزمی کۆن ڕووخاوە، بەڵام نەزمی نوێ لەدایک نەبووە، بۆ ئەوەی لە دەستکەوتەکانی نەزمی نوێ بێبەری نەبن، دەبێت بلۆکی ژێئۆپۆلتیکی پێک بێنن. ئەگەر ئەمە ڕوو بدات، بێگومان نەخشەی ئەمنیی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست دەگۆڕدرێت. ئەم بلۆکە خاوەنی چەند تایبەتمەندیی گرینگە: یەکەم بەشێوەیەکی پراگماتیک بۆ یەکەم جار لە مێژووی هاوچەرخی کورددا ئیمکانی کردەوەی نەتەوەیی و دەستەجەمعییان پێ دەبەخشێت بەبێ ئەوەی ناچار بن سنووره فەرمییەکانی ئەو دەوڵەت نەتەوانەی تێیدان، بگۆڕن. یانی ڕێگەچارەیەکی پراگماتیکە کە بەبێ ئەوەی دەستکاریی سنوورەکان بکرێت، کورد دەتوانێت لە ئێستا یان داهاتووی نزیکدا وەکو نەتەوە خاوەن ستاتووس و جێگە و پێگەی خۆی و سیاسەتی خۆی بێت. دووهەم، دەتوانن ژوورێکی دەنگدانەوە(Echo chamber) دروست بکەن کە لەناو ئەم ژوورەدا تەنیا گوێیان لە بەرژەوەندی و بەها هاوبەشەکانی خۆیان بێت و دیوارێکی ئاسنی لەنێوان گوتاری کوردی و ناکوردیدا دروست بکەن، هەر کام لەو بلۆکە ژێئۆپۆلتیکیانەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروست بوون، خاوەنی ژوورێکی دەنگدانەوەی بەهێزن کە گوتاری ئەمنی، شوناسی و سیاسیی بەهێزیان تێدا دروست کردووە و توانیویانە یەکەیەکی جوغرافیایی و گوتاریی یەکگرتوو لەسەر نەخشەی ناوچەکە لە دەرەوەی سنووره فەرمییەکان پێک بهێنن. سێیەم، ئەم بلۆکە دەتوانێت هاوپەیمانیی دەوڵەتی لە ئاستی ناوچەکە و لە ئاستی جیهانیش لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیی هاوبەش بۆخۆی پەیدا بکات، چونکە لە پارادیمی نوێدا ئەمنییەتی جیهانی سروشتێکی ناوچەیی هەیە و زۆربەی مەترسییەکان لە ئاستی ناوچەکە لەسەر ئەمن و ئاسایشی جیهانی دروست دەبن و بێگومان کوردەکان دەتوانن بەشداریی کارایان بێت لە دابینکردنی ئەمن و ئاسایشی ناوچەیی و جیهانیدا.

وەکو پێشتر باس کرا، پێشمەرجی دروستکردنی بلۆکی ژێئۆپۆلتیکی بەلاوەنانی جەبری دەزگایی، پێویستیی درۆزنانە و گۆڕینی ستراکتۆرەکانە لە ڕێگەی ئیمکانی ڕادیکاڵەوە. دەزگاکان(حزبەکان) هەموویان خاوەنی نەرماندنی دەزگایین(Institutional Plasticity) و دەبێت لە بەرانبەر قەیران و گۆڕانەکاندا نەرماندنیان بێت. دەکرێت سەرلەنوێ بنیات بنرێنەوە و ئاراستەیان بگۆڕدرێت و ئەمە دەستەبەر نابێت، مەگەر جەبری مێژوویی و دەزگایی وەلا بنرێت و دەزگاکان وەکو بوونەوەری مێژوویی و خاوەن بەدیل سەیر بکرێن. هاوکات دەبێت سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی حزبەکان و کۆمەڵگای کوردیش کارا بکرێنەوە. مرۆڤەکان تەنیا بەرکار و ئۆبیکتی دەزگاکان نین، بەڵکو دەتوانن دیزاینەری دەزگاکانیش بن. کەواتە پێشمەرجی دامەزراندنی بلۆکی ژێئۆپۆلتیکی، گۆڕانی دەزگاییە کە تێیدا حزبەکان، دەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان دەگۆڕدرێن بەو دامەزراوانەی کە ئیمکانی خەیاڵی بەکۆمەڵ دابین دەکەن و ئاسۆی سیاسیی نوێ بەرەورووی خۆیان و کۆمەڵگای کوردی دەکەنەوە. یۆتۆپیای کوردەکان لەناو جەرگەی وێرانەکانی شکستی یۆتۆپیاکانی ئیسلامگەرایی، پانعەرەبیزم، پانئێرانیزم و... هتد دێتە دەرەوە و لەسەر بنیاتێکی ماددی و مێژوویی ئێستا و ڕابردوو بنیات دەنرێت. ئەم یۆتۆپیایە پرۆسەیەکی دینامیکی و دیالکتیکییە لە گۆڕانی زەینی و دەزگایی کە لە هەناوی ئەم گۆڕانانەوە ئیمکانە ڕاستەقینە ماددی،

مرۆڤی و دەزگاییەکانی داهاتوو لەدایک دەبن. کوردەکان گەر دەیانهەوێت لە داهاتووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەشدار بن، دەبێت سەرەتا گۆڕان لە خۆیاندا دروست بکەن و گەیشتن بەو خاڵە پێویستی بە سەرپێخستنی پرۆسەیەک لە گۆڕانی زەینی و دەزگاییە کە یۆتۆپیا وەکو ئیمکانێکی ماددی لە هەناوی ئەم پرۆسەیەوە دێتە دەرەوە.

## شەڕی ژیئۆپۆلتیکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و داهاتووی ناوچەکە:

ئەو شەڕەی ئێستاکە لە ئارادیە و لە دوای ٧ ئۆکتۆبەرەوە چووەتە قۆناغی یەکلاکەرەوە، تەنیا شەڕ نییە لەسەر سنوورەکان و سەرچاوەکان، بەڵکو لە ئاستێکی سەرتردا شەڕی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی نەزمی ناوچەکەیە لەسەر بنەمای شوناس، دەسەڵات و تێگەیشتنی جیاوازە لە داهاتوو. یان ناوچەکە لەژێر هەیمەنەی ئیسلامی سوننە، ئێخوانی و ئیسلامی شیعەدا دەمێنێتەوە یان شوناسی کوردی، دەرووزی، عەلەوی و باقیی شوناسە سەرکوتکراوەکان فەزای حەیاتی و جوغرافیای خەیاڵکراوی خۆیان بنیات دەنێن. ئەم شەڕە دەکرێت لە چوارچێوەی تیۆریی کۆخانووی ئەمنیی ناوچەیی(Regional Security Complex) بووزان(Buzan) بخوێنرێتەوە کە بەباشی پەیوەندیی ئاڵۆزاو و لێکگرێدراوی ئەمنیی ئێران و ئیسرائیل کە بەتوندی پەیوەندیی هەیە بە هاوپەیمانی گەورەتر لە ناوچەکە کە جۆرێک لە نزیکبوونەوەی عەرەب، کورد، ئیسرائیلی لە بەرانبەر هاوپەیمانی بەرەی مقاومەتی دروست کردووە و بەتوندی باری ئەمنیی ئەم لایەنانەی پێکەوە گرێ داوە و دەستتێوەردانی ئامریکا دەتوانێت بالانسی هێزەکان بگۆڕێت. هەروا کە لە دوای ٧ ئۆکتۆبەرەوە تا شەڕی ١٢ ڕۆژە نیشانی دا کە ئامریکا کۆتا بزمار لە تابووتی ژیئۆپۆلتیکی فارس- شیعە دەکوتێ. بێگومان شەڕی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی نەزمی جیهانی لە هەناوی ناوچەیەکی زۆر هەستیار و قەیراناوییەوە دەستی پێ کردووە و پرۆسەی لێدان لە ژیئۆپۆلتیکی شیعە لە کۆتا قۆناغەکانی خۆیدایە و یەکێک لە بلۆکە گرینگە ژیئۆپۆلتیکییەکانی ناوچە کە بەشێوەیەکی ترسناک فەزای حەیاتیی کوردی بەرتەسک و سنووردار کردبوو، دارماوە. ئەوەی ئاشکرایە دەرفەتێکی گرینگی مێژوویی لەبەردەستی وڵاتانی خۆراوا و ئیسرائیلدایە بۆ سڕینەوەی ژیئۆپۆلتیکی فارس- شیعە و ئەم وڵاتە لە دوای ١٩٧٩وە لە لاوازترین دۆخی خۆیدایە. لەوانەیە ئەم دەرفەتە مێژووییە هیچکات دووپات نەبێتەوە، بێگومان ئەوان ئەم هەلە لەدەست نادەن. ئێران لە ماوەی تەمەنی زیادتر لە چوار دەیەی خۆیدا توانیبووی دیوارێکی ترس(Fear barrier) لەبەرخۆیدا دروست بکات بۆ ئەوەی کەس بیر لە هێرشکردنە سەری نەکاتەوە. بەڵام شەڕی ١٢ ڕۆژە نیشانی دا کە بەهۆی ڕووداوەکانی دوای ٧ ئۆکتۆبەرەوە ئەم دیوارە ڕووخاوە، هەر بۆیە بێ هیچ ترسێک و بەئاسانی هێرش دەکرێتە سەر ئێران و ئەم لێدانە لە داهاتووی نزیکیشدا هەر بەردەوام دەبێت. پرۆژەی سڕینەوەی ژیئۆپۆلتیکی فارس- شیعی دوو فازی سەربازی و سیاسی لەخۆ دەگرێت کە فازە سەربازییەکەی لە لوبنان، فەلەستین و سووریە و تارادەیەک لە عێراق کۆتایی پێ هاتووە و فازە سیاسییەکەشی لە کۆتاییەکانیدایە. یەمەن بەهۆی بارودۆخی جوغرافیایی تایبەت کۆتا وێستگەی ئەم بەرە ژیئۆپۆلتیکییەیە کە لەوانەیە دوای گۆڕانی ڕژیم لە ئێران فازی سیاسی و سەربازییەکەی ئەنجام بدرێت. فازی سەربازی و سیاسی بۆ ئێران دەستی پێ کردووە و شەڕی ١٢ ڕۆژە نیشانی دا کە حکومەتی فارس- شیعی لە بەرانبەر فازی سەربازیدا

زۆر لاوازە و زۆر بەسانایی بەرەورووی رووخان دەبێتەوە. هەروەها بەهۆی تەنیایی ژێئۆپۆلتیکی ئێران کە پێشووتر لە ژێئۆپۆلتیکی بزووتنەوەی ژینادا باسی لێ کرا، لەم شەڕەدا بەڕوونی دەرکەوت ئێران لە کاتی قەیراندا هیچ هاوپەیمانییەکی ستراتیژی نییە، چین پرسی وزەی زۆر بەلاوە گرینگترە و رووسیا بەهۆی دەرگیربوونی لە ئۆکراین لە شەڕی ئێران و گرانبوونی نرخی نەوت سوودمەند دەبێت و توانای تیوەگلانی سەربازی لە شوێنێکی دیکە نییە. خاڵی گرینگ لێرەدا فازی سیاسیی پرۆژەی لێدان لە ئێرانە. بە بڕوای زۆرێک لە چاودێران فازی سەربازی دەتوانێت بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لە لایەن خۆراوا و ئیسرائیلەوە جێبەجێ بکرێت، بەڵام ئەوەی تەماوی و ناروونە، فازە سیاسییەکەیەتی. دیارە ئیسرائیل بەهۆی ئایزۆلەبوونی ڕێژەیی(Relative Isolation) و ناسکبوونی باری جوغرافیایی و ژێئۆپۆلتیکییەوە تەنیا بە رووخانی ژێئۆپۆلتیکی فارس- شیعی و گۆڕینی رژێم دەتوانێت پرۆژەی ئیسرائیلی گەورە(Great Israel) جێبەجێ بکات و هەڕەشەی بوونناسانە لە باری شوناسی و کولتوورییەوە لەسەر خۆی لا بەرێ و ئیرادەیەکی بەهێزی لە خۆی نیشان داوە کە کۆتایی بە دۆخی بالانسی شکست(Balance of the failure) بهێنێت. ئەو دۆخەی لە رۆهەڵاتی ناوەراست حاکمە، هەر بەو بۆنەیەوە کۆهێن(Cohen) بە پشتوێنەی شکاو(Shatter belt) ناوی دەبات کە تێیدا هەموو بکەرەکان بەشێوەی بەردەوام تووشی شکستی بچووک دەبن و هیچ کامەیان توانای سەرکەوتنی رەها و هێرشی هەمەلایەنەیان بۆ سەر لایەنەکانی دیکە نییە و ئەمە بارودۆخی نە شەڕ نە ئاشتی سەپاندووە. بەڵام کۆی ئاماژەکان بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕۆن کە ئیسرائیل دەیهەوێت لانی کەم لە بەرانبەر یەکێک لە بەرەکان(بەرەی ژێئۆپۆلتیکی فارس- شیعی) کۆتایی بەم دۆخە بهێنێت. هەر وەکو پێشتر ئاماژەی پێ درا بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆسەیە هێز و دەسەڵاتی راستەقینە لە فازی سیاسیەکەیدایە چونکە فازە سەربازییەکەی ئاڵۆزیی کەمتری هەیە و شیاوی جێبەجێکردنە. ئەوەی راستی بێ، داهاتووی ناوچەکە بەستراوە بە ئاکامەکانی ئەم شەڕەوە، ئەم نووسراوەیە لەو باوەڕەدایە کە ژێئۆپۆلتیکی فارس- شیعی لە درێژخایەندا کۆتایی پێ دەهێنرێت و بێگومان وەکو نموونەی سووریە و ئێراق کورد بەهێزترین کاندیدە بۆ پڕکردنەوەی بەشێک لەم بۆشاییە ژێئۆپۆلتیکییە لە ئاستی ناوچەدا. دوو سێناریۆ چاوەڕوانی ئێران دەکات، یەکەم ئێران لە داهاتووی نزیکدا تووشی لێدانی زۆرتر دەبێتەوە و ئەم لێدانانە دەبێتە هۆی رووخانی رژێم. سەردەمدارانی حکومەتی فارس- شیعی گرێبەستی نوێ واژۆ ناکەن، چونکە دەزانن بەستنی پەیمانیش ناتوانێت رزگاریان بکات. ئەوان لاواز بوونە و تەنیا یەک بژاردە لەپێشیاندایە و ئەویش تەسلیمبوونی بێ ئە ملا و ئە و لا یە (unconditional surrender). بەڵام هەر وەکو پێشتر باسم کرد، کێشەی سەرەکیی ئەم سناریۆیە فازی دووهەم واتە فازە سیاسییەکەیەتی و ئەویش ناروونە. لە روانگەی ئامریکاوە مانەوەی ئێران بە لاوازی لە کورتخایەندا باشترە لە بشێویی کۆنترۆڵنەکراو، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ئێران هەوڵ بۆ وەدەستهێنانەوەی بازدارەندگیی خۆی بدات و بەشێوەی شاراوە بەرەو دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بڕوات کە ئەمەش ناوچەکە لە بالانسی شکستەوە بەرەو بالانسی تیرۆر (Balance of terror) دەبات و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی هەوڵەکان بۆ دروستکردنی بەدیلی سیاسیش لە لایەن

خۆراواوە چڕتر بکاتەوە. سیناریۆیەکی دیکە کە دەتوانێت ڕووخانی ڕژێم زیادتر بخاتە دواوە، سیناریۆی جێنشینی ڕێبەری ئێرانە کە بەشێک لە حکومەتی ئێستای ئێران و هەروەها بەشێکی بەرچاو لە ئۆپۆزسیۆنی چەپ و ڕاستی فارس - شیعی لە ناوخۆ و دەرەوە پشتیوانی لێ دەکەن. هەڵگەڕانەوەی نەرمی حکومەتی ئێرانە بەرەو خۆراوا لە ڕێگەی هێنانە سەرکاری ڕێبەری میانەڕەو کە بتوانن بەر بە ڕووخانی حکومەت و لاوازبوونی تاران وەکو ناوەندی مێژووی فارس- شیعی و دەسەڵات گرتنی شوناسە سەرکوتکراوەکانی جوغرافیای ئێران بگرن. ئەم سیناریۆیە هەرچەند لە کورتخایەندا ئەگەری هەیە، بەڵام لە درێژخایەندا شانسی مانەوەی کەمە، چونکە بەبێ پڕکردنەوەی بۆشاییی ژێئۆپۆلتیکی فارس- شیعی لە باری سیاسییەوە ئەگەری گەڕانەوەی ئێران لە ئاستی ناوچە لە داهاتوودا بەهێزە و ئەمە بۆ ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی ناوچەکە قەبووڵ نەکراوە. لە هەر دوو سیناریۆکەدا ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لە کورتخایەندا ئەگەرێکی لاوازە، بەڵام لە درێژخایەندا ئەگەرێکی گەورە و بەهێزە و هەر لە ئێستاوە دروستبوونی هاوپەیمانییە نوێیەکان بۆ دوارۆژی ناوچەکە بەبێ ژێئۆپۆلتیکی فارس- شیعی دەستی پێ کردووە و بێگومان ناوچەکە دەچێتە قۆناغێکی نوێ لە ململانێی ناوچەیی و ئاستی ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەکان بەتایبەت لەنێوان تورکیە و ئیسرائیل و هەندێک لە وڵاتانی عەرەبی دەباتە سەرەوە. بە لاوازبوونی ئێران لە ناوچەکە بێگومان تورکیە و ئیسرائیل کە هەر دوو هەڵگری دوو پرۆژەی جیاوازی ئابووریی، سیاسی و سەربازیی دژ بە یەک لە چوارچێوەی ئیسرائیلی گەورە و عوسمانیزمی نوێدان، دەبنە دوو ئەکتۆری سەرەکیی ناوچەکە و بێگومان هەر ئێستاکەش لە ژێرەوە ململانێی گەورە هەیە لەنێوانی ئەم دووهێزەدا بۆ ئەوەی هاوپەیمانیی بەهێز دروست بکەن و کوردیش بە لای خۆیاندا بکێشن. پرۆسەی ئاشتی بەشێکی هەوڵی زیرەکانەی تورکەکان بوو بۆ خۆدوورخستنەوە لە ئاگری ئەم گۆڕانکارییانە و هەروەها پێویستیی پ.ک.ک بە دەربازبوون لەو بنبەستە سیاسی و سەربازییە. ئاماژەکان پێمان دەڵێن کە لەوانەیە تورک و کورد لەسەر بنەمای پەیمانی ئیدریسی بەتلیسی پێش لە شەڕی چاڵدران و هەروەها هاوپەیمانیی پێش پەیماننامەی لۆزان بۆ دەرپەڕاندنی یۆنانییەکان و ئەرمەنییەکان لە دوو پێچی گرینگی مێژووییدا یەکیان گرتبێت کە ئەزموونێکی مێژوویی هاوبەشە بۆ هەردوو لا، بەڵام ئاکامەکانی ئەو دوو یەکگرتنە بۆ کورد کارەساتبار بوو. هەڵبەت دەبێت ئەوەمان لەبیر نەچێت کە بارودۆخی ناوچەکە ئێستا زۆر جیاوازە لە سەردەمی ئەو دوو هاوپەیمانییەی پێشوو و ئەم ڕێککەوتنە دەکرێت بەشێوەیەکی کاتی بۆ هەر دوو لایەن کایەی براوە- براوە بێت. پ.ک.ک بە هەڵوەشاندنەوەی خۆی بەشێک لە هێزە سیاسی و سەربازییەکانی بخاتە پشتی دوو بەرەی سیاسی- سەربازیی ڕۆژاوا و بەرەی مەدەنی لە باکوور و ئەو دوو بەرەیە بەهێز و سەقامگرتوو بکات. هاوکات بەشێک لە هێزەکانی لە چوارچێوەی پەژاکدا هەڵگەڕێنێتەوە بەرەورووی ئێراندا و بەم شێوەیە خۆی داخڵی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی کوردستان و ناوچەکە بکات و لەو بنبەستە سیاسی و سەربازییە خۆی ڕزگار بکات. تورکیەش بەشێوەی کاتی خۆی لە پڕیشکەکانی ئەم ئاگرە دوور خستبێتەوە. ئەوەی لەم دۆخەدا گرینگە هەرواکە ئاماژەی پێکرا بە ڕووخان و لاوازبوونی ژێئۆپۆلتیکی فارس- شیعی دەرفەتی گەورە بۆ کوردەکان دێتە پێشەوە. بێگومان کوردەکان لەم قۆناغەدا

پێش هەموو شتێک دەبێت لە ڕێگەی پێشخستنی پرۆسەی گۆڕانی زەینی و دەزگاییەوە خۆیان لە باری سیاسی، سەربازی و دیپلۆماسییەوە بەهێز و یەکگرتوو بکەن بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان وەکو کاندیدێکی بەهێز بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە سیاسی و سەربازییە ئامادە بکەن. دواتر دەکرێت بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیاندا بەبێ گۆڕانی سنوورەکان جۆرێک لە حاکمییەتی نافەرمی لە چوارچێوەی بەشێکی گەورە لە خاکی کوردستان بە پێکهێنانی بلۆکی ژیئۆپۆلتیک لە قۆناغی ڕاگوزەریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا ڕۆڵی کارا بگێڕن. هەروا کە مۆرگێنتا(Morgenthau, ١٩٤٨) دەڵێت سیاسەتی نێونەتەوەیی ساحەیەکە بۆ ململانێ و بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵات. کوردەکان دەبێت باش بزانن کە لە سەردەمی ژیئۆپۆلتیکی پاش مۆدێرندا کە بە ژیئۆپۆلتیکی شوناس ناسراوە، دەسەڵات چی دیکە ماددی نییە، بەڵکو دەسەڵاتی بەوەکالەت، شوناسی و کولتووریشە و شوناس و کولتووری جیاوازی کوردەکان کە سەردەمانێک پاساوێک بوو بۆ چەوساندنەوە و سەرکوت، ئێستا کاندیدێکی بەهێزە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییی دەوڵەتە شکستخواردووە شەڕەنگێزەکان و سەقامگرتوویی و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی نەزمی ناوچەکە. پێشخستنی پرۆسەی گۆڕانی زەینی و دەزگایی و دواتر هاوپەیمانیی سیاسی و سەربازی بۆ کوردەکان لە ئاستی ڕۆژهەڵات و لە کۆتاییدا دروستکردنی بلۆکی ژیئۆپۆلتیکی لە ئاستی چەند پارچەی کوردستان لە داهاتووی نزیک و درێژخایەندا خەونێکی خەیاڵپڵاو نییە، بەڵکو بە مانا بلۆخییەکەی یۆتۆپیایەکی کۆنکرێتە(Concrete utopia) کە وەکو پرۆژەیەک دەکرێت هەر لە ئێستەوە لە هەناوی هەڕەشە و تەنگەبەرییەکانەوە بێتە دەرەوە و بە هیوا و ئیرادەی بەهێز و بە پشتبەستن بە ئیمکانییەتی ماددی و مەعنەوییەکانی خۆیان کاری لەسەر بکەن تا سبەینێی کورد خۆی وەکو ئیمکانییەتێکی ڕادیکاڵ بەسەر واقیعی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بسەپێنێت. ئەگینا کوردەکان لە داهاتوودا دەستکەوتەکانیان تا دوا ئەندازە بچووک و سنووردار دەبێت و بە ناچار پەلکێشی ناو بلۆکە ژیئۆپۆلتیکییەکانی ئەوانی دیکە دەبن و جوغرافیای ترس و تۆقاندن دیسانەوە بەشێک دەبێت لە ژیانی سیاسیی ئەوان و لەمەدا خۆیان گەورەترین پشکیان بەر دەکەوێت. بێگومان تاقە ڕێگە بۆ ئەوەی بزانین دەستکەوتی کوردەکان لە دوارۆژی پرۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی نوێدا چەند گەورەیە، ئەوەیە کە دەبێت گوێمان لە بیرەوەرییەکانی سبەینێ بێت.

# شۆڕشی ژیان، دابڕان لە دۆخی درۆی داگیرکەران

شەهلا دەباغی

«بە یارمەتیی چەمکەکانی دۆخی ئاوارتە، ژیانی ڕووت، کەمپ و هۆمۆساکێر، دەکرێ لەوە تێبگەین چۆن داگیرکەران بە تایبەت لە ئێراندا بەردەوام دۆخی ئاوارتەیان بەسەر کوردستان و کورددا داسەپاندووە، کورد لە ئینسان بوون دادەماڵن، کورد مافی سیاسیی لێ دەستێندرێ، دەکەوێتە بەر هەڕەشە و زەبروزەنگ و وەک جەستەی ڕووتی بیۆلۆژیکی جێنۆساید دەکرێ. خاڵی گرینگی بۆچوونەکانی ئاگامبێن ئەوەیە کە باس لە وڵاتانی مۆدێرنی ڕۆژئاوایی دەکا، بەڵام لێرەدایە ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ «ئاخۆ لە وڵاتانی وەپاشکەوتوو و دیکتاتۆریی دینیدا دەبێ دۆخی خەڵکی بێماف چۆن بێ؟»»

*بەو خوێنانەی لەو ڕێبازە ڕژاوە*
*گوڵی ئاڵی سەربەستیی کورد ڕواوە*
*منیش بە دڵی پڕ لە هیوا و برواوە*
*دڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون*
*دەڕۆم دەڕۆم تا ترویکی ڕزگاربوون*
**هێمن**

واتسلاف هاڤێل لە کتێبی «هێزی بێدەسەڵاتان»دا خۆجیاکردنەوەی خەڵک لە «دۆخی درۆ»، میکانیزمی درۆ و ئیدئۆلۆژیی حاکم وەک دەستپێکی ئازادی دەبینێ. ئەم وتارە دەخوازێ ئەم پرسیارە بێنێتە بەر باس کە بۆچی کورد سەرەرای ئەوەی بەردەوام جینۆساید دەکرێ و لە «دۆخی ئاوارتە» و لەژێر هەرەشەدا دەژی، بەڵام لە ڕۆژانی نەورۆزدا سەدان هەزار کوردی خاکیپۆش لە کوردستان شاد و خەرامان دێنە سەر شەقام؟ ئەم وتارە هەوڵێکە تا نیشان بدا نەورۆزی خاکیپۆشان (٢٠٢٥) هومێد و شۆڕشێکە بۆ ژیان، بەردەوامیی دابڕانی کوردە لە دۆخی درۆی داگیرکەران و جەستەیەکی ژنانەی هەیە.

## سەرەتا

سارۆ ئەردەڵان لە وتاری «شیکاریی گوتاری نەورۆزی دژەکۆلۆنیالیستی لە کوردستان»دا[١] هەوڵ دەدا ڕەچەڵەکناسیی نەورۆز لە سەردەمی خانی ڕا هەتا نەورۆزی ساڵی ٢٠٢٤ بکا و «ئەو گۆڕانە گوتارییانەیە کە لە ناوەرۆک و فۆرمی پێشکەشکردنی بۆنەی نەورۆز لە پارچەکانی کوردستان ڕووی داوە تا بەرەبەرە لەگەڵ جێژنی نەورۆز لە نێوان نەتەوە و گەلانی دیکەدا جیاواز بێ» نیشان بدا. ئەردەڵان لە نێوان دوو چەمکی جێژن (Holiday) و کارنەڤاڵ (Carnival) جیاوازی دادەنێ و پێی وایە ئەوەی لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە کوردستان ڕووی داوە ئەوەیە کە «بەرەبەرە بۆنەی نەورۆز لە جێژنێکی کولتوورییەوە بەرەو گۆڕان بۆ کارنەڤاڵێکی سیاسی هەنگاوی ناوە. نەورۆز وەک کارنەڤاڵێکی سیاسی جۆرە فێستیڤاڵێکی (Festival) تایبەتە کە ئەگەرچی ڕیشەی لە بۆنەیەکی کۆنی کولتووری یا ئایینیدا هەیە و ڕەنگە بۆ جۆرە کولتوورێکی کشتوکاڵی و زیندووبوونەوەی زەوی بگەڕێتەوە، بەڵام لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لە کوردستان سەرەتا وەک جێژنێک سەیر کراوە کە تیایدا هەموو خەڵک جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکەن، پێکەوە هەڵدەپەڕن و ئاگر دەکەنەوە؛ نەورۆز خاڵی هاوبەشی هەموو پێکهاتە زمانی و ئایینییەکان لە کوردستان بووە. بەڵام دواتر لە چەند قۆناغی جیای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستان و لە هەر کام لە پارچەکانی باکوور، باشوور، ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتدا سەرەتا وەک جێژنێکی نەتەوەیی تایبەت بە کورد پێناسە کراوە و دواتر مانایەکی سیاسی و دژەستەمی بۆ بینراوەتەوە. بەم شێوەیە جێژنی نەورۆز وەک کردەوەیەکی کولتووریی کۆمەڵانی خەڵکی کورد مانایەکی سیاسیی هاوبەشی نەتەوەیی بۆ ساز کراوە و وەک کارنەڤاڵێکی سیاسی و دژەکۆلۆنیالیستی یەکێک لە سازێنەرەکانی ناسنامەی نەتەوەی کورد بووە.»[٢]
ئەم وتارە وەک وتارەکەی ئەردەڵان پێداگرە لەسەر ئەوەکە نەورۆز لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە جێژن و کردەوەیەکی فەرهەنگی تێپەڕیوە و بووەتە جووڵانەوەیەکی سیاسیی دژەکۆلۆنیالیستی. هاوکات لێرەدا بە یارمەتی وەرگرتن لە چەند بیرمەندی وەک ئاگامبێن[٣]، واتسلاف هاڤێل[٤] و ئێڤا ڤۆن ڕێدێکێر[٥]، هەوڵ دەدەرێ ئەو باسە بێتە گۆڕێ کە ناوەرۆکی «هومێدبەخش و شادیهێنەر»ی نەورۆزەکانی دوو ساڵی ڕابردوو، هاوکات لەگەڵ دژەکۆلۆنیالیست بوونیان، وەڵامێک بوون بە سەد ساڵ کوشتار و جینۆسایدی کورد و ئەم کارنەڤاڵانە «دابڕانێکن لە دۆخی درۆی داگیرکەران» و «شۆڕشێک بوون بۆ ژیان»[٦].
هەروەک پێشتر ئاماژە کرا ئەردەڵان

بەدروستی باسی ئەوە دەکا کە نەورۆزەکانی سەد ساڵی ڕابردووی کورد بوونەتە کەرنەڤاڵێکی سیاسیی دژە ئیستعماری. جیاوازییەکی نێوان وتارەکەی ئەردەڵان و ئەم وتارە ئەوەیە کە ئەردەڵان زۆر بنەڕەتی، ڕەچەڵەکناسیی دژەکۆلۆنیالیستیی نەورۆزی سەد ساڵی ڕابردووی کردووە و دەیان نموونەی ئەدەبی و بەڵگەی مێژوویی لە هەر چوار پارچەی کوردستان بۆ بۆچوونەکەی خۆی هێناوەتەوە کە چۆن وردە وردە نەورۆز ئەم فۆرم و ناوەڕۆکە دژەکۆلۆنیالیستییەی پەیدا کردووە کە ئێستا دەیبینین. وتارەکەی ئەردەڵان ئارشیویەکی مێژوویی و شیکردنەوەیەکی دیسکۆرسییە. بەڵام ئەم وتارەی بەردەستتان تەنیا تەکووز دەکاتە سەر نەورۆزی ٢٠٢٥ و هەوڵێکە تا بە یارمەتیی هێندێک تیۆری و بە زیادکردنی ڕوانگەیەکی جێندێری بە باسەکەی ئەردەڵان، باسێک لەسەر ناوەڕۆکی شاد و پڕهومێدی ئەم دوو نەرۆزە بێنێتە گۆڕێ کە بۆ بیچمی نەورۆزی دوو ساڵی ڕابردوو تا ڕادەیەکی زۆر ژنانەیە. من پێشتر لە وتاری ڕامانیک بۆ پرسی ژن لەنێوان کۆلۆنیالیزم و جنسدا(٢٠٢٠) بە ڕوانگەیەکی «ئینتێرسێکشن»[٧] باسی جەستە و پرسی ژنی کوردم لەنێوان کۆلۆنیالیزم و جەستەدا کردووە.[٨] لەم وتارەدا دەمهەوێ چرکەساتەکانی ڕزگاریی جەستەی ژن لە جێژنەکانی ڕۆژانی نەورۆزدا بێنمە بەر باس. هەروەها لە وتاری بکەری ئاگا لە دۆخی ئاوارتەدا(٢٠٢١) باسی بەرخۆدانی کوردم لە دۆخی ئاوارتەدا کردووە و لێرە باسی نەورۆزی ٢٠٢٥ وەک لوتکەی ئەم بەرخۆدانە و دژایەتیی کورد لەهەمبەر دۆخی درۆی دەسەڵاتدا دەکرێ.

## دۆخی ئاوارتە/ State of Exception

ساڵی ٢٠٢١ لە وتاری «بکەری ئاگا لە دۆخی ئاوارتەدا»[٩] چەمکی «دۆخی ئاوارتە» بە دۆخی کوردستانەوە گرێ درا و باسی ئەوە کرا کە لە ڕوانگەی دەوڵەتی تارانەوە ئینسانی کورد هۆمۆساکێرێکی بێمافە و کوردستان شوێنێکە کە دۆخی ئاوارتەی بەسەردا سەپێنراوە. لەو وتارەدا دوای چوونە زیندانی زارا محەمەدی کە بە هۆی گوتنەوەی وانەی زمانی دایکی پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپابوو، باسی بکەری ئاگا لە دۆخی ئاوارتەدا کرا. لەم وتارەدا جێژنی نەورۆزی ٢٠٢٥ پەنجەرەیەکە کە هەمیسان چاو لە دۆخی ئاوارتەی کورد بکەینەوە.

جۆرج ئاگامبێن (١٩٩٥) هەوڵ دەدا بە هێنانە بەرباسی چەمکی هۆمۆساکێری ڕۆمی کەونارا، باسی بێمافیی ئینسان لە دۆخی ئاوارتەدا بکا. هۆمۆساکێر کەسێک بوو کە دەکرا بکوژرێ بێ ئەوەی کوشتنەکە وەک تاوان بناسرێ. پلەی هۆمۆساکێر نزم دەبینرا و نەدەکرا لە بۆنەکانی ئایینیدا قوربانی بکرێ. واتە هۆمۆساکێر/ ئینسانی بێماف، سیمبۆلێکە بۆ بوون لە دەرەوەی یاسا.[١٠] ئاگامبێن چەمکی بایۆپۆلیتیک/ ژی هێز(زیست- قدرت)[١١] کە لەلایەن میشێل فۆکۆوە هاتۆتە ناو باسەکانی فکری و سیاسیی پەرە پێیدەدا. بەرای فۆکۆ لەدوای سەدەی هەژدەوە دەوڵەتی مۆدێرن نەتەنیا لە ڕێگای زەبروزەنگ و یاساوە، بەڵکوو لەڕێگای کۆنترۆڵی جەستە و بە سیاسەتی بایۆپۆلیتیک حوکم بەسەر هەموو بوارەکانی ژیاندا دەکا و لە ڕێگای دامەزراوەکانی وەک نەخۆشخانە، قوتابخانە و زیندان دەسەڵاتی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا دەسەپێنێ.[١٢] بەرای ئاگامبێن لە دەوڵەتی مۆدێرن/ modern stats دا ژیان ڕووتە (bare life) و ئینسان بێماف. جەستەی بیۆلۆژیک بە بێ هیچ مافێک دەژی. بۆ وێنە ئەوانەی لە «کەمپی نازییەکان»دا دەژیان.

لـــه کەمپدا ئینســـان لە ئینســـان بوون و مافەکانی دەشـــۆرێتەوە. نموونەی ئەم ژیانی رووتـــە دەتوانین لە رۆمانی هیچ دۆســـتێک جگـــە لـــە چیـــاکان (٢٠١٨)دا ببینیـــن. بێهـــرووز بووچانی لـــە رۆمانەکەی خۆیدا کە لە دوورگەی «مانوس» نووســـیویەتی، باســـی دانیشـــتووانی بێمافی کەمپی پەنابەران دەکا کە چـــۆن لـــە دەرەوەی یاســـادا دەژیان و دەوڵەتـــی ئۆســـترالیا چەندین ســـاڵ ئەو پەنابەرانـــەی لە هەموو مافێکی یاســـایی و ژیانێکی ســـەروەر بێبـــەش کردبوو. [١٣] دەوڵەتـــی مۆدێـــرن ئینســـانەکان بـــۆ ژیانێکی رووتـــی بـــێ مـــاف دادەبەزێنـــێ. [١٤] ئاگامبێـــن قامـــک لـــە ســـەر ئـــەوە دادەنـــێ کـــە لـــە ژیانـــی رووتـــدا هێندێـــک گـــرووپ زیاتـــر لاواز دەکرێـــن و دەکەونە بۆشـــاییی یاســـایی و زۆنـــی خۆڵەمێشـــی و دەبنە جەســـتەیەکی بیۆلۆژیکـــی لـــە دەرەوەی یاســـا بـــە بـــێ هیـــچ مافێکـــی سیاســـی و ئینســـانی. بـــۆ وێنـــە ترامـــپ دەڵـــێ «ترانـــس» بوونـــی نییـــە و ئێمـــە تەنیـــا دوو جنســـمان هەیـــە. یـــا سیاســـەتی ترامـــپ و دەستەراســـتییەکان کـــە دەیانهـــەوێ ئابـــۆرت (لەباربردنـــی کۆرپەلـــە) قەدەخـــە بکـــەن. لێـــرەدا سیاســـەتی ترامـــپ بـــەرای مـــن دروســـت ئـــەو دەســـەڵاتەیە کـــە ئاگامبێـــن رەخنـــەی لـــێ دەگـــرێ. ئاگامبێـــن لـــە کتێبـــی «هۆمۆســـاکێر، دەســـەڵاتی حاکـــم و ژیانـــی رووت»دا دەنووســـێ: «دۆخـــی ئاوارتـــە تەنیـــا رێزپەرێـــک نییـــە و تەنیـــا لـــە کاتـــی شـــەڕ و قەیراندا بەرێـــوە ناچـــێ، بەڵکـــوو بەشـــێکە لـــە پێکهاتـــەی سیاســـی سیســـتەمەکانی ئێســـتای رۆژاوایـــی و دۆخێکی بەردەوامـــە». هەوڵـــی ئاگامبێـــن ئەوەیـــە کـــە بڵـــێ کەمـــپ تەنیـــا تایبـــەت بـــە نازییـــەکان یـــا کۆمۆنیســـتەکان نەبـــووە، بەڵکـــوو ئـــەوە پێکهاتـــەی ســـەرەکیی سیاســـەتی دەوڵەتـــی مۆدێرنـــە. بـــۆ دروســـتبوونی ئـــەم بۆچوونـــەی ئاگامبێـــن دیســـان دەتوانیـــن نموونەیـــەک باس بکەیـــن؛ لـــە ئاخـــر مانگـــی ســـاڵی ٢٠٢٤دا Yoon Suk-Yeol لـــە کوریـــای باشـــوور کـــە بـــە پێـــی دیمۆکراســـی بەرێوەدەچـــێ، دۆخـــی ئاوارتـــەی بەســـەر وڵاتەکـــەی خۆیـــدا داســـەپاند. [١٥]

لـە وڵاتێکـی وەک ئێـران بـە حاکمییەتێکی تۆتالیتـەرەوە، دۆخـی ئاوارتـە دەتوانـێ زۆر توند و بەسـەر هەمـوو بوارەکانـی ژیاندا بسـەپێنرێ و تەنانـەت یاسـا ناتەواوەکانـی خۆشـیان بخەنە ژێر پێ. هەر نموونە لە کەیسـی زارادا گەرچی لـە یاسـای بنەڕەتیـی ئێراندا خاڵێکـی ناتەواو بەنـاوی مـادەی ١٥هەیـە بـەڵام زارا سـاڵی ٢٠٢١ بـە هـۆی گوتنەوەی زمانـی دایکی خرا زینـدان. هـەر لـە مانگـی ئاپریلی ئەمساڵیشدا «سـروە پوورمحەمـەدی» بـە تاوانـی چالاکی لە «رێکخـراوی نۆژیـن» دا خرایـە زینـدان. [١٦]

زۆربـــەی جـــار دۆخـــی ئاوارتـــە بەنـــاوی پاراســـتنی ئاسایشـــی وڵات دادەســـەپێنرێ. بەپێـــی ئاگامبێـــن (٢٠٠٤) دۆخـــی شـــەڕی ناوخـــۆ و بەرخـــۆدان، ئـــەو بەرزەخـــەن کـــە پـــڕن لـــە دژایەتـــی و خـــودی یاسا دەکەوێتـــە هەڵپەســـاردن و تـــاک بـــێ پشـــتوپەنا دەمێنێتـــەوە. بـــۆ وێنـــە لـــە کاتـــی نووســـینی ئـــەم وتـــارەدا بوومەلەرزەیـــەک لـــە وڵاتـــی میانمـــار (بێرمـــە) رووی دا کەچـــی دەوڵەتـــی میانمـــار لـــە جیاتـــی هاوکاریـــی خەڵکـــی لێقەومـــاو، خەریکـــی بۆمبارانـــی دژبەرانـــی خـــۆی بـــوو. [١٧]

ئاگامبێـــن پێـــی وایـــە Sovereign Power / دەســـەڵاتی ســـەروەر، یاســـاکان هەڵدەوەشـــێنێتەوە و هەڵیاندەپەســـێرێ؛ واتـــە یاســـا هەیـــە بـــەڵام هیـــچ مانـــا و کاکڵـــی نییـــە و دیمۆکراســـی کاری خـــۆی نـــاکا. بـــۆ وێنـــە لـــە دوای ١١ی ســـێپتامبر لـــە ئەمریـــکا، دۆخـــی ئەمنییەتـــی (security state) دروســـت بـــوو. [١٨]

لە ئێراندا بۆ وێنە بەلووچ و کورد بە ئایین، ئێتنیسیتە و بۆچوونی سیاسیی جیاواز، بەناوی

خەتەر دژی ئەمنییەتی وڵات، چاویان لێ دەکرێ. لە ئێراندا کە دیکتاتۆری بەشێکە لە کولتووری سیاسی، دۆخی ئاوارتە بەردەوام و هەمیشەییە بۆ ئەوەی هەر جۆرە بەرخۆدانێکی خەڵک سەرکوت بکرێ. دۆخی ئاوارتە و بێمافیی ئینسان بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە ئێراندا. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم باسە بەلووچ و کوردن کە لە دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامیی تاران وەک دژە ئیسلام، دژە شیعە و ئەویتر چاویان لێ کرا و زۆر جار ئەم ڕوانگەیە بە کوشتار لە کوردستان و بەلووچستان و داسەپاندنی حکوومەتی نیزامی و «وضعیت استثنایی» تەواو بووە.

لــە وتــاری «بکــەری ئــاگا لــە دۆخــی ئاوارتــەدا» تــا ڕادەیــەک وڵامــی ئــەو پرســیارە دراوەتــەوە، کــە دەســەڵاتی ئێــران لــەدوای ڕێبەندانــی ١٩٧٩، بــە ڕاگەیاندنــی حکوومەتــی نیزامــی لــە کوردســتان و بــە دروســتکردنی شــەڕ لەگــەڵ کــورد، یــا شــەڕی ئێــران و عێــراق و هتــد، بــەردەوام دۆخــی نیزامــی و «وضعیــت ویــژە»ی ڕاگەیانــدووە، بــە جۆرێــک کــە بــۆ نەتــەوەی کــورد لــە ژێــر دەســەڵاتی کۆمــاری ئیســلامیی ئێرانــدا، لــە مــاوەی ئــەم چــل و چەنــد ســاڵەدا ئــەم دۆخــە هەمیشــەیی بــووە. هــەر ئــەو جــۆرەی ئاگامبێــن پێــی وایــە لــە ڕۆژاوا لــە دۆخــی ئاوارتــەدا حاکــم بڕیاردەرە، ئێرانــی دوای ١٩٧٩ کەوتــە دۆخێــک کــە دەکــرێ بــە دۆخــی ئاوارتــە (ئێستیســنایی) نــاوی لــێ ببەیــن. لــەم دۆخــەدا پرســی کــورد و چارەســەری پێویســت لەگــەڵ فــۆرم و سروشــتی پرســەکە لەژێــر ناســیۆنالیزمی شیعە-فارســدا بــەردەوام لــە دۆخــی ئاوارتــەدا ماوەتــەوە. هەڵبــەت بەلووچــەکان و عەرەبەکانیــش بەهــۆی بەرخــۆدان ئێســتا زۆر زیاتــر لــە جــاران کەوتوونەتــە بــەر زەبروزەنگــی دەســەڵاتی تــاران. لــە ڕاســتیدا حاکمــی تــاران بــە هیــچ جۆرێــک تاکــی نەتەوەکانــی ژێردەســت وەک تاکــی نەتــەوەی باڵادەســت نابینــێ، گەرچــی دەزانیــن کــە تــاک و گرووپــی یاخــی لــە نەتــەوەی باڵادەســتیش بوونەتــە قوربانــی. شوناســی مێژوویــی نەتەوەکانــی ژێردەســت بــە شــێوەیەکی سیســتماتیک ســەرکوت کــراوە و گوتــاری زاڵــی حاکمیەتــی ئێرانــی لەلایــەک بــە نەفیــی ئەوانیتــر، گەڵتەپێکــردن و نــزم نیشــاندانی پرســی نەتــەوەی بەکۆلۆنیکــراو و لەلایەکــی تــر بەســووژەکردن و بەکەســایەتیکردنی نەتــەوەی باڵادەســت بــووە. ئــەم بەســووژەکردنە لــە ڕێــگای ئاپاراتووســەکانی حاکــم و دامودەزگاکانــی پروپاگانــدا لەگــەڵ زەختــی هێــزە چەکــدارەکان، بــە شــێوەیەکی سیســتماتیک ڕێکخــراون. هێــز و کارایــی تــاک و نەتەوەکانــی دیکــە یــان بــەرەو لاوازی بــردراوە یــان خراوەتــە خزمەتــی دەســەڵات. دەســەڵاتی ســەرووی یاســا (یاســاکانی خــۆی) لــە هەمــوو ئــەو ســاڵانەدا زەبروزەنگــی بــەکار هێنــاوە. دەســەڵات پێــی وایــە هــەر ئەکتێــک لــە دەرەوەی ویســتی حاکمــان هەڕەشــەیە بــۆ ســەر بوونــی ئــەوان. بــە ســەدان جــار ڕێبەرانــی ئێــران باســی ئەوەیــان کــردووە کــە ‹نظــام در خطــر اســت› و دەوڵــەت لــە چوارچێــوەی بــە نــاو ‹امنیــت ملــی› و خەتــەر لەســەر ئاسایشــی خەڵــک و وڵات، ســیمپاتی نەتــەوەی باڵادەســت بــۆ خــۆی ڕادەکێشــێ.[19]

## هێزی بێدەسەڵاتان

باسی سەرەکیی کتێبی هێزی بێدەسەڵاتان[20] لە نووسینی هاڤێل «ژیان لە حەقیقەت»دا وەک هێزی بەرەنگاری لە بەرانبەر دەسەڵاتی تۆتالیتاریستیدایە. بەڕای هاڤێل لەو کۆمەڵگایانەی بناخەیان لەسەر درۆیە، بەردەوامییان تەنیا بەهۆی دەسەڵاتەوە نییە، بەڵکوو خەڵکی ئاساییش لەگەڵ سیستەمی درۆ «کایە دەکەن»، بۆ وێنە لە ڕێگای

دووپاتکردنەوەی وشە و دروشمی بۆش و بەتاڵ. هاڤێل لەم کتێبەدا نیشان دەدا کە سیستەمێکی تۆتالیتار تەنیا لەسەر زەبروزەنگ دانامەزرێ، بەڵکوو لەسەر «ژیان لەناو درۆ» دایە کە دەمێنێتەوە واتە هەم دەسەڵاتدار و هەم شارۆمەند لە شانۆیەکی درۆییندا بەشدارن. سەوزەفرۆشێک کە دروشمی «کرێکارانی جیهان یەک گرن!» ی لەناو سەوزەکانی داناوە، بە هۆی باوەڕی بە دروشمەکە نییە و دەزانێ کە ئەو دروشمە درۆیە، بەڵام ئەو کارە دەکا چونکە سیستەم چاوەڕوانیی لێی هەیە کە ئەم کارە بکا.[21] بەمجۆرە وەهمی یەکگرتوویی و باوەڕی ئایدیۆلۆژیکی و بەردەوامیی دەسەڵات دروست دەکرێ. دیکتاتۆر بە دروستکردنی سیستەمی ئاڵۆز و سامان وداراییی دەوڵەت و پەرەپێدانی بۆرۆکراسی و پۆلیس، هەرچی زیاتر دەست بەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا دەگرێ. هەرچی دیکتاتۆرییەتەکە بچووکتر و خەڵک کەمتر پێشکەوتوو بن، دیکتاتۆر دەتوانێ زیاتر و ڕاستەوخۆ خواستی خۆی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێ. بەڵام کاتێک دەسەڵات داوای هاوڕایی و ڕەزایەت بۆ درۆ لە شارۆمەند دەکا، ئەگەر شارۆمەند ڕەزایەت بە درۆی دەسەڵات نەدا ئەوە دەبێتە هۆی تێکدانی دەسەڵات.

هاڤێل پێی وایە کاتێک تاک ئیتر لە «درۆی بە کۆمەڵ» خۆ دەکشێنێتەوە و لە گەڵ ڕاستیدا دەژی، دەسەڵات دەکەوێتە بەر هەڕەشە. هاڤێل نموونەی دووکاندارێک باس دەکا کە ڕۆژێک دروشمی سەر کاغەزی «کرێکارانی جیهان یەکگرن» لەناو میوەکانی دوکانەکەی لادەبات. گەرچی ئەمە ئەکتێکی بچووکی تاکەکەسییە، بەڵام شۆڕشێکی قووڵە دژی دەسەڵات/حیزب. کەوایە درۆکانی دەسەڵات تا ئەو کاتە دەتوانێ بەردەوام بێ کە خەڵک وا نیشان بدەن کە قەبووڵیانە و لەگەڵ حیزبی دەسەڵاتدارن. هێزی بێدەسەڵاتان نیشان دەدا کە بەشداریی خەڵکی ئاسایی لە «ژیان لەناو درۆدا» دەبێتە هۆی بەردەوامیی سیستەمە تۆتالیتەرەکان، بەڵام کاتێک تاک خەتەردەکا و ئیتر لەم شانۆییەدا بەشدار نابێ، بەتاڵی و بۆشاییی سیستەم دەردەکەوێ کە دەتوانێ ببێتە هۆی هاندانی هاتنەدەر لە «ژیانی لەناو درۆ»ی تاکەکانی دیکە. بەمجۆرە خەڵکێکی زیاتر ژیان «لەناو حەقیقەت»دا هەڵدەبژێرن. ئەمە دەبێتە هۆی ڕووخانی دەسەڵات لەناو خۆیدا. بەرای هاڤێل، ئەمە شۆڕشێکی کلاسیک نییە، بەڵکوو «شۆڕشێکی وجودی»یە کە بێدەسەڵات هەست بە جۆرێک دەسەڵات دەکا و چیترنابێتە دەندەچەرخێک لە ماشێنی درۆی دەسەڵاتدا.[22] هاڤێل داهێنەری چەمکی «پۆستتۆتالیتەر»ە. مەبەستی هاڤێل لە پۆستتۆتالیتەر ئەوە نییە کە دەسەڵات چیتر تۆتالیتەر نییە، بەڵکوو مەبەستی ئەوەیە کە هێندێک لە تۆتالیتەرەکان بۆ وێنە لە چیکوسلەواکی هەر لە بنچینەوە جیاوازن لە دیکتاتۆرە کلاسیکەکان و ئەوانەی لە مێشکی ئێمەدان.[23] هاڤێل باس لەوە دەکات کە چۆن تاکەکان یان گرووپەکان دەتوانن بەرەنگاری سیستەمێکی ستەمکاری درۆزن ببنەوە، ئەوەش بە هەڵبژاردنی «ژیان لە ڕاستی»دا، وەستان دژی «ژیان لە درۆ»دا و بە ڕەتکردنەوەی بوونە بەشێک لەو ئایدۆلۆژیایەی سیستەم هەوڵی سەپاندنی دەدات. لە ڕێگەی بەرخۆدانی بچووک و تاکەکەسی و بە ڕەتکردنەوەی بەشداریکردن لە گێڕانەوەی درۆزنانەی سیستەمەکەدایە کە مرۆڤەکان دەتوانن گۆڕانکاری بکەن، واتە جۆرێک لە «نافەرمانیی مەدەنی».[24]

## شۆڕش بۆ ژیان

فیلسوفی ئاڵمانی Eva Von Redecker، لە کتێبی خۆیدا شۆڕش بۆ ژیان (٢٠٢٢) کە ساڵێک دواتر وەرگێڕدراوەتەوە سەر ئینگلیسی[25] باس لە چەمکی «شۆڕش بۆ ژیان» دەکا. ڕێدێکێر جووڵانەوەی ژنان، پرسی ژینگە، پرسی پەنابەران و

جووڵانەوەکانی دژی نەژادپەرستی وەک Black Lives Matter و یا جووڵانەوەی دژی سێکسیزم وەک Me Too بۆ گۆڕانی شێوە ژیان بە گرینگ دەزانێ. ڕێدێکێر بە ئاماژە بە جووڵانەوەی ئەفرۆئەمێریکانەکان دوای کوشتنی جۆرج فلۆید باسی ئەوە دەکا چۆن ئەوان لە پارکێک کۆ دەبنەوە و باسی ئەوە دەکەن کە پۆلیس ناگۆڕێ و ئەوان دەبێ بۆخۆیان مافی خۆیان وەدەست بێنن:

Breathe out your doubts, because we are here for each other for. [٢٦]

ڕێدێکێر بە ڕەخنە لە سیستەمی کاپیتالیستی پێی وایە ئەم جووڵانەوە کۆمەڵایەتییانە تەنیا پرۆتێستێکی کلاسیکی و توندوتیژی نین بەڵکوو ئەوانە شۆڕشن بۆ گەڕانەوە بۆ ژیان و دژ بەم بارودۆخەی ئێستا ئینسان تێیدا دەژی. ڕێدێکێر سیستەمی کاپیتالیستی بە وێرانکەر و دژی ژینگە ناو دەنێ و پێی وایە دەبێ شۆڕشێکی ڕاستەقینەی قووڵتر بۆ ژیان و گۆڕینی شێوەی ژیان بکەین. لەم ڕووەوە ڕێدێکێر گرینگیی تایبەت بەو جووڵانەوە کۆمەڵایەتییانە دەدا کە شۆڕشێکی زۆر گەورەی لەپڕ نین بەڵام دەتوانن ڕۆژانە ئاڵوگۆڕ و یەکگرتوویی و هاوکاری دروست بکەن. ڕێدێکێر ئەمە بە «شۆڕشی زیندووەکان دژی وێرانیی ژیان» ناو دەنێ کە تەنیا بەرخۆدان نییە، بەڵکوو شۆڕشی سازکردنەوەی ژیانە. لای ڕێدێکێر ئینسان قوربانییەکی بێ ئیرادە نییە بەڵکوو ئینسانەکان مێژووسازن و دەتوانن ئاڵوگۆڕی بناخەیی پێک بێنن. ڕێدێکێر گرفتی ئەمڕۆی جیهان تەنیا لە چەند سەرمایەداردا نابینێ، بەڵکوو پێی وایە کێشەکە ڕیشەییترە لە ڕواڵەتێکی ئەوها سادە. ئەو، کێشەکە لە «ئیدئۆلۆژیی ڕۆژانە»دا دەبینێ. هەموو دەزانن گرفت و پرس و کێشە هەن و ژیان سەختە بەڵام ڕەوتی چارەسەری ئاڵۆزە و زۆر شت دەبێ فێربین. سیستەم نە تەنیا ئێمە دوبارە بەرهەم دێنێتەوە بەڵکوو لە ڕێگای ئێمەوە فەرمانڕەوایی دەکا. لە کۆی مێژوودا زۆر جار شۆڕشە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕێژیمگەلی کۆنسێرڤاتیڤ گەیشتوون، بەڵام ئەمە بە مانای هەڵە بوونی جووڵانەوەکان نەبووە. هەر ئێستا لە جیهاندا ڕووی ڕاستەقینەی بێڕەحمیی دەسەڵات ئاشکرا دەبینین. پێشتر دەبا دەیان شیکردنەوەت بۆ ئەمە کردبا، بەڵام ئێستا ئەمە شتێکی ڕوونە و تەنانەت دیکتاتۆرەکان شانازی بە زەبروزەنگی خۆیانەوە دەکەن. بەڵام زەبروزەنگ لە بەرانبەر ئەو جووڵانەوە کۆمەڵایەتییانەدا نیشانەی هێزی جووڵانەوەکانە. ساحیبانی دەسەڵات، شادی و هومێدی خەڵکی بێدەسەڵاتیان بۆ قەبوول ناکرێ، بەڵام ڕێدێکێر پێی وایە لەناو دەروونی هەر ئینسانێکدا هومێد هەیە؛ هومێد بۆ ژیان. دەسەڵات دەیهەوێ ئەو هومێدە بکوژێ و لەناوی ببا. کاتێک ئینسان هومێد بە ڕزگاری وەلا بنێ و بۆ خۆگونجاندن بەشێک لەخۆی سەرکوت بکا، ناتوانێ ببینێ کە کەسانی دیکە ڕێگای دیکە نیشان دەدەن و ئازاد دەژین. ڕێدێکێر دەڵێ «من باوەڕم بەوەیە کە ژیانی باشتر بۆ هەمووان مومکینە. ژیان تەنیا کۆکردنەوەی سامان نییە.» [٢٧]

## جینۆسایدی کوردان

جینۆسایدی کوردان چ لە دەورانی پێش دەوڵەتانی مۆدێرن وەک کوشتاری خەڵکی قەڵای دمدم و چ لە دوای دروستبوونی بەناو دەوڵەتی مودێرنی تورکیە، عێراق و ئێران و سووریا بەشێوەیەکی سیستەماتیک

ڕووی داوە. دەوڵەتی ئێران لەدوای شکانی شۆڕشی سمایل ئاغای شکاک (١٩٢٢-١٩١٨) بەهەزاران کوردی کۆمەڵکوژ کرد. لەدوای دروستکردنی کۆماری تورکیە و هاتنەسەرکاری کەماڵ ئەتاتورک (١٩٢٣) زمانی کوردی قەدەغە کراوە و هەوڵی سڕینەوەی ناسنامە و فەرهەنگی کوردی دراوە. دوای دروستبوونی ئەم کۆمارە، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥) بە خاک و خوێن کێشرا. لەنێوان ساڵانی (١٩٣٨-١٩٣٧) لەژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی سەقامگیرکردنی تەناهی/ ئەمنییەت لەنێوان ١٣٠٠٠ هەتا ٧٠٠٠٠ کورد لە کارەساتی «درسیم»دا شەهید کران.[28] دوای کۆماری کوردستان (١٩٤٧-١٩٤٦) سەدان کەس شەهیدکران و دۆخی ئاوارتە بەسەر ڕۆژهەڵاتدا داسەپا. لەدوای ١٩٨٠کان و کودەتای سەربازی لە تورکیە هەزاران کورد ئیعدام و زیندانی کران. هەر دوابەدوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩دا کوردستان وەک وڵاتێکی داگیر کرا و کەوتە بەر تۆپباران و بۆمبارانی حکوومەتی ئیسلامی و سەدان کەس لە ڕۆژهەڵات تیرباران کران. خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٩٨٠دا فەرمانی «جیهاد»ی دژی کورد دا. سەرۆککۆماری ئێران، بەنیسەدر، دەستووری بە سپا و ئەرتەش دا کە تا لەناوبردنی هەموو «دژەشۆڕش»ەکان واتە کوردەکان، چەکمەکانیان لە پێ دەرنەهێنن. زۆربەی خەڵکی گوندەکانی قارنا و قەڵاتان و ئیندرقاش جێنۆساید کران. لەماوەی ٤٥ ساڵ دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئیسلامی لە تاران بەردەوام لەژێر ناوی پاراستنی «ئەمنییەت» و پاراستنی سنوورەکان کوشتاری کورد کراوە. ڕۆژانە کۆڵبەرانی کورد لە شاخەکانی ڕۆژهەڵات دەکوژرێن.

حاکمییەتی داگیرکەری تاران، چ لە دوای مەشرووتە و هاتنەسەرکاری ڕەزا شا و دروستکردنی ئەفسانەی «ایرانشهری» و چ لە دوای «انقلاب اسلامی» و ئیدەی «امت اسلامی» لە زستانی ١٩٧٩ بە بەرینی دەستیان لە سەرکوت، زەبروزەنگ دژی کورد، پاکتاوی ڕەگەزی و جێنۆسایدی کورددا بووە. هەروەک گوترا ئەم سەرکوت و جێنۆسایدە بەتایبەتی لەدوای ١٩٧٩ و هاتنە سەرکاری دەوڵەتی ئیسلامی چەندقات بووە. دەیان حاکم شەرعی وەک «خەڵخاڵی» حوکمی ئیعدامی سەدان کورد تەنانەت منداڵی یازدە ساڵەیان داوە. کورد وەک تیرۆریست و دژی ئەمنیەت دەناسێنرێت کە سەری منداڵی شیعەکان دەبڕن. بەم شێوەیە دوای هاتنەسەرکاری خومەینی بەردەوام ڕۆژهەڵات لە دۆخی ئاوارتە دا بووە و کورد خراوتە دەرەوەی یاسا (تەنانەت یاسا وەپاشکەوتووەکانی خودی حکوومەتی ئیسلامی) و وەک ژیانێکی بیۆلۆژیک و «جەستەی ڕووت»ی بێ ماف هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە. ڕێژیمی بەعس و سەدام لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢هەتا ١٩٨٨ لە پرۆسەیەکی دژی ئینسانی بەناوی ئەنفال زیاتر لە ١٨٢٠٠٠ کوردیان بردە باشووری عێراق و لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە بیابانەکانی باشووری عێراقدا چاڵیان کردن. سەرئەنجام ساڵی ١٩٨٨ شاری هەڵەبجە بە بۆمبی شیمیایی بۆمباران کرا و زیاتر لە ٥٠٠٠ ئینسان شەهید کران.[29] دیسان لە ئێراق لە پاییزی ٢٠١٤ دا داعش هێرشی کردە سەر شنگال و کوردانی ئێزدی و هەزاران ئینسان شەهید کران. دڵتەزێنتر لەوانە ٦٠٠٠ کچ و ژنی کورد دزران و کرانە کۆیلەی سێکسیی پیاوانی داعش. تەنانەت هێندێک لەو ژن و کچانە بە خەڵکی وڵاتانی عەرەبی فرۆشراون و تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە. لە تورکیە ساڵی ٢٠١٦ ئەردوغان دۆخی ئاوارتەی بەسەر باکووری کوردستاندا سەپاند و کەس نییە کارەساتی شرناخ

و جزیرە و سووری ئامەدی لەبیرکردبێ.
هەر ئێمە خۆمان شاهید بووین کە ئەرتەشی تورک بەشێک لە ڕۆژئاوای لە دوای ٢٠١٩ داگیر کردووە و ئێستاش ڕۆژانە لە لایەن ئەرتەشی تورکەوە بۆمباران دەکرێ. ئەم داگیرکاری و جینۆسایدە تەنانەت دارە زەیتوونەکانی عەفرینی گرتەوە و زۆر دار بنەبڕ کران. جیا لە لەناوبردنی فیزیکی، بەردەوام خاکی کورد تەعریب و تەفریس دەکرێ. منداڵی کورد مافی خوێندن بە زمانی دایکیی خۆی نییە. فەرهەنگ و زمان و مۆسیقای کوردی دەدزرێ و لە کورد دەستێنرێت و داگیرکەران خۆیانی لێ دەکەنە خاوەن. کوردەکان لەژێردەستی هەموو داگیرکەراندا نەتەنیا ژیانیان لێ دەستێنرێت کە بگرە لە فەرهەنگ و ناسنامە و زمان و مافە سیاسییەکانیان بێبەش دەکرێن. لە سەدە ساڵی ڕابردوودا بە ملیۆن کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەناچار زێد و نیشتمانی خۆیان بەجێ هێشتووە. زەبروزەنگ دژی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان هەتا ئێستا بەردەوام normalized/ بەئاسایی کراوە. دەوڵەتانی داگیرکەر بە زیندانیکردن و تیرۆری ڕێبەرانی کورد لەژێر ناوی پرسی ئەمنییەتی (بۆ وێنە ئۆجەلان و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی) پرسی کورد لە پرسێکی ئینسانی و سیاسی دادەماڵن و کورد دەهاوێژرێتە دەرەوەی یاسا. کورد لە سەدە ساڵی ڕابردوودا بەردەوام لە دۆخی ئاوارتە و لە زۆنی شەڕدا بووە. چیرۆکی کوشتار و ڕاورووتی کورد و دابەشکردنی کورد لە نێوان چوار دەوڵەتی بەناو «مۆدێرن»دا چیرۆکێکی پڕ لە تراژێدی و کارەساتە.
دوکتور کازیوە ساڵح، پسپۆڕی بواری جینۆساید، لە سیمینارێکی تایبەت بە پرسی «کولتووری جینۆساید و کۆلۆنیال ناسی»[٣٠] دا باسی ئەوەی کرد کە پرسی جینۆساید، تەنیا پرسی سەرکوتی کورد بەدەست ڕێژیمی بەعس نەبوو و ئێستاش خەڵکی عەرەب هەن کە دان بەم تاوانەدا نانێن و ئەمە کولتوورێکی لە پشتە. دەوڵەت بڕیاری جینۆساید دەدا، سەربازەکان ئەنجامی دەدەن، هێندێک چاوی لێ دەکەن. کازیوە ساڵح باسی ئەوە دەکا کە هێندێکیش وەک دەوڵەت و سەربازەکان پێیان وایە ئەم جینۆسایدە دەبێ بکرێ.
لێرەدایە کە دەتوانین بە گوێرەی بۆچوونەکانی بیرمەند ئاگامبێن، ببینین چۆن هێندێک گرووپ زیاتر دەکەوێتە دۆخی ئاوارتەوە. کوردی کۆلۆنیالکراو وەک شتێکی دژ بە نۆرم و دەسەڵاتی هێژمۆن و هەڕەشەی ئەمنیەتی بۆ سەر وڵات دەبینرێ؛ ئەوەی دەوڵەتانی داگیرکەر لە هەر چوارپارچەی کوردستان بەردەوام وەک ئارگیومێنت بۆ داپۆشینی تاوانەکانی خۆیان باسی دەکەن. هیچ جینۆسایدێک لە بۆشاییدا ڕوو نادات بەڵکوو هەوەڵ دۆخی ئاوارتە بەسەر گرووپ یا نەتەوەیەکدا دەسەپێنرێ و دەکرێتە «جەستەی ڕووت کە هیچ ماف و یاسایەک نایانپارێزێ». ئەو گرووپانە هەموو مافێکی یاسایی و سیاسییان لێ دەستێنرێتەوە و دواتر لەناودەبرێن. کاتێک دەسەڵاتی حاکم، گرووپێک دەکاتە هۆمۆساکێر، ڕێگای کوشتاری بەکۆمەڵیشیان دەکاتەوە چونکە ئیدی کوشتنی ئەوان لەباری یاساییەوە وەک تاوان نابینرێ. جینۆساید نموونەیەکی ڕادیکاڵی «بیۆپۆلیتیک»ە کە ئینسان دەبێتە جەستەیەکی ڕووتی بێماف. جینۆساید دۆخێک نییە تێپەڕ بووبێ بەڵکوو هەر ساتێک لە نوختەیەکی ئەم دنیایەدا دەتوانێ ڕوو بدات و نەتەوەیەکی داگیرکراوی دابەشکراوی وەک کورد زۆر

زیاتر ئەم هەڕەشەیەی لەسەرە.

## نەورۆز و هەرەوەزی[31] هێز و ئیرادە

هەزاران ساڵ و لە کۆنەوە نەورۆز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، قەوقاز، ئەفغانستان، هەتا هیند و تا عێراق و سووریە جەژن گیراوە. بەڵام بە ڕای سارۆ ئەردەڵان(٢٠٢٤)، لە سەدە ساڵی ڕابردوودا ئێلیتی سەرووەریخوازی کورد گرینگییەکی تایبەتیان بە نەورۆز داوە و نەورۆز بووەتە سیمبولێکی گرینگی خەبات لە بەرانبەر سەرکوت و ژێردەستەییی دەوڵەتە کۆلۆنیالیستەکانی داگیرکەردا.[32]

بەهەمان شێوە دەتوانین لە بەرخۆدانی کورد لە ڕۆژهەڵات لە دوای ١٩٧٩ و گرتنی نەورۆز لەم ساڵانەی دواییدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێبگەین. کاتێک کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی خومەینی هاتە سەر دەسەڵات، کورد بە خێرایی کەوتە دۆزی ئاوارتە و دۆخی «ژیان لە درۆ»دا بەڵام کورد ملی بەم دۆخە نەدا. ئیدئۆلۆژیی ڕێژیمی ئیسلامی لەسەر بنچینەی توندوتیژیی مەزهەبی و دەسەڵاتی ناوەندی، هەوڵی دا کە لەژێر ناوی «امت اسلامی»ی یەکگرتوو دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو نەتەوەکانی غەیری فارس و تورکدا بسەپێنێت. کورد کە خاوەنی ناسنامە و کولتووری جیاوازە، کەوتە بەر هەڕەشەی ئەم ئیدئۆلۆژییە کە لەسەر بناخەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی- ئیسلامی و لەسەر ئەخلاقی «تەقیە» دامەزرا. «تەقیە» لە مەزهەبی شیعەدا دەستی تاک و حاکم ئاواڵە دەکا تا درۆ بکات بە بێ ئەوەی ئەم کارە بە گوناح دابندرێ. نەتەوەی کورد بە وەستان دژی دەسەڵاتی ئێران و ئیدئۆلۆژیی درۆ، بەرنگاری ڕێژیم و سیستەمی درۆ بووەوە و ڕێفراندۆمی «آری یا نە»ی ڕێژیمی ئیسلامی بایکۆت کرد. ئەمە تەنیا سەرەتای بەرخۆدانێکی سیاسی و پاراستنی ناسنامەی کورد نەبوو. بەڵکوو بەهەمان بۆچوونی هاڤێل «پرسێکی ئەخلاقی»یش بوو کە تاک لە مەیدانی کایەی ئیدئۆلۆژیی درۆ، خۆی دوور کردەوە. سەرەڕای داسەپاندنی دۆخی ئاوارتە بەسەر کوردستاندا، بە کۆمەڵکوژی و داگیرکاری، بە ئیعدامی گەنجان و لاوان، خەڵکی کورد چ لە ڕێگای هەڵبژاردنی شەڕی چەکداری دژی ڕێژیمی تازەی ئێرانی و چ لە ڕێگای جووڵانەوە مەدەنییەکان لە ماوەی ئەم ٤٥ساڵەدا، توانیوێتی ناسنامەی خۆی لەبەرانبەر ئیدئۆلۆژیی درۆدا بپارێزی و «ژیان لە ڕاستی»دا هەڵبژێرێ.

هەرەوەزی خەڵک و کۆبوونەوەی هەزاران کورد لە دوو نەورۆزی مەشخەڵان (٢٠٢٤) و نەورۆزی خاکیپۆشان (٢٠٢٥) دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە، ئەویش دوابەدوای سەرکوتی شۆڕشی ژینا (٢٠٢٢) و کشانی تەم و خەمۆکی بەسەر خەڵکدا. لە ئاخر ڕۆژانی ساڵی ٢٠٢٣ و ساڵی ٢٠٢٤خەڵک وەک قەقنەسێک کە لە خۆڵەمێشی دوای شۆڕش هاتبنە دەر، مەیدانەکانی شار و دەشتی گوندەکانیان کردە شوێنی کۆبوونەوەکانی نەورۆز. پرسی ناسنامە، مافی سیاسی و فەرهەنگی بۆ کورد پرسێکی جیدی و بناخەییە. ڕەهێڵەی پەیوەندییەکان، بوونی ماسمێدیا، سەدساڵ بەرخۆدانی کۆی کورد لە هەر چوارپارچە، کاریگەریی حیزبەکان، هەزاران هەزار شەهید، یادەوەریی هاوبەش، بێمافی، سووربوون لەسەر گەیشتن بە مافی سیاسی، ئیرادە، وەفاداری بە ئەوانەی بۆ پرسی کورد شەهید کراون، بنکە و تۆڕەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، زیاتر باس کردنی پرسی کورد لە دامودەزگا نێونەتەوەییەکان و هتد هەمووی ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی سەرەڕای گوشار و هەڕەشە، خەڵک توانیوێتی وەک بکەری ئاگا لە دۆخی ئاوارتەدا،[33] وەک ئینسانێک کە هێشتا ئینسان بوون و ئاگاییی

خـــۆی پاراســـتووە و وەک نەتەوەیـــەک کە ســنووره سیاســـی و فەرهەنگییەکانی خۆی دیـــاری دەکا[34] بێتە ســـەر شـــەقام و ناو مەیـــدان. کولتوور و ناســـنامە، پەیوەندییەکی لێکدانەبڕاویـــان هەیـــە و زۆر جار دەبنە هۆی هەرەوەز و ئەکتی سیاسیی دژەکۆلۆنیالیستیی بە کۆمـــەڵ وەک لە ئـــەم دوو نـــەورۆزەدا بینیمان. کورد ســـەرەڕای دابڕان و ئەزموونی شکست و تەمکێشـــان بەســـەر کۆمەڵگادا، هەمیســـان بەردەوامە لە خەبات بۆ گەیشـــتن بە ســـەروەری و پاراستنی خاک و وەدەستهێنانی مافە سیاسی و ئینســـانییەکانی خۆی.

تایبەتیتـــر لـــە نـــەورۆزی ٢٠٢٥ دا دیتمـــان کـــە لـــە تـــەواوی گوند و شـــاری ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان، بـــە مـــاوی مانگێـــک زیاتـــر جێـــژن گیـــرا. لـــە شـــارەکانی بـــۆکان، ســـەقز و ورمـــێ زیاتـــر لـــە ســـەدهەزار کـــەس کۆبوونـــەوە. نـــەورۆزی ئـــیلام لـــە باشـــووری ڕۆژهـــەڵات و پۆلدەشـــت لـــە باکـــووری ڕۆژهـــەڵات بـــە لەبەرچاوگرتنـــی ئـــەوە کـــە ڕێژیـــم بـــەردەوام ویســـتوویەتی لـــە فـــەزا و ڕۆحـــی کوردایەتـــی دووریـــان کاتـــەوە، خەتـــی ســـوورێک بـــوو کـــە نیشـــانی دا لـــە هـــەر کـــوێ زیاتـــر هەوڵـــی ئاسیمیلاســـیۆن بـــدرێ، خەڵـــک زیاتـــر پـــێ لەســـەر کوردبوونـــی خۆیـــان دادەگـــرن. (لـــە باکـــووری کوردســـتان دوای چەندیـــن ســـاڵ هەمیســـان لـــە دیاربەکـــر زیاتـــر لـــە یـــەک میلیـــۆن ئینســـان لـــە ڕۆژی نـــەورۆزدا کۆبوونـــەوە.) لـــە هەڵپەرکـــێ و ســـروودی نـــەورۆزدا، یەکســـانی و هاوشـــانیی ژنـــان و پیـــاوان لـــە خەباتـــی دژەکۆلۆنیالیســـتی و هـــاوکات بەرخۆدانـــی ژنـــان بـــۆ مافەکانـــی ژنـــان لـــە کۆمەڵگایەکـــدا کـــە پێکهاتـــەی باوکســـالاری، پیاوســـالاری و نێرســـالاری و دیـــن ســـالار زیاتـــر لـــە چـــل ســـاڵە هیـــچ مەیدانێـــک بـــە ژنـــان نـــادا، زیاتـــر بەرجەســـتە دەبێتـــەوە. نـــەورۆز دەبێتـــە ســـیمبۆل بـــۆ بەرخـــۆدان دژی دەوڵـــەت و دەســـەڵاتێکی

ســـەرکوتکەر و تۆتالیتـــەر و نیشـــاندانی هێـــز و وره و ئیـــرادەی نەتەوەیـــی و خەباتێکـــی سیاســـی و فەرهەنگیـــی دژەکۆلۆنیالیســـتی بـــۆ ڕزگاری و وەدەســـتهێنانەوەی ئـــازادی و ســـەروەرییەک کـــە مافـــی ڕەوای ئـــەوە ســـەرەڕای ئـــەو ژیانـــە سیاســـییە ڕووتـــەی دەیهـــەوێ ئـــەو بکاتـــە هۆمۆســـاکێرێک.

ئەمڕۆکە نـەورۆز زیاتر پەیامی خەبات و ڕزگاری لەبەرانبـەر جێنۆسـاید و تاوانباریـی دەسـەڵاتی دەوڵەتانـی داگیرکـەردا هەڵگرتـووە. ئیتـر نـەورۆزی کوردان تەنیا جێژنێکـی تازەبوونەوەی سـاڵ و زاوزێـی سروشـت نییـە، بەڵکـوو بەرخـۆدان و ئیرادەیەکـی بەکۆی نەتەوەییە دژ بـە دەسـەڵاتە داگیرکەرەکان. کورد لـە نەورۆزدا بەکـۆ دژ بـە دەوڵەتانـی داگیرکەر ڕادەوەسـتن. ئەم خەون و ســـاتە تەنانەت لـــە دوورترین گۆشـــەی خاکی کـــوردان خـــۆ دەنوێنێ. بۆ وێنـــە کاتێک نـــەورۆز لە ئـــیلام جێژن دەگیرێ و ژنان چالاکانە تێیدا بەشـــداردەبن، لەوێ ژنـــان لە هەمـــوو دیـــن و تەریقەت و مەزهەبەکان (ئیسلام، یارســـان، ســـوونی، شـــیعە و تاد)، گەنج و پیر، شاری و گوندی، پێداگـــری لەســـەر جلوبەرگ و ناســـنامەی کـــوردی دەکەنەوە. نـــەورۆز وەک جێژنێکی کۆنی کوردی دژی ســـتەمکاری، کوردستانی بوونـــی ئەم خاکـــە، بەرهەڵســـتکاری دژی دەســـەڵاتی ناوەنـــد دەکـــرێ و هەموو ئەم فاکتەرانـــە تێک دەهاڵێـــن و «یەکەیەکی دژە کۆلۆنیالیســـتیی- فێمێنیستی» دروست دەبێ کە لەوێ ئەگەر بۆ چەند ســـاتێکیش بووبێ، جەســـتەی ژن شـــاد، ئازاد و ڕەها دەبێ و بە قەولی باتلێر «تاک دەبێتـــە ئەوەی کە دەیکا و شوناســـێکی تـــازە دەخولقێنێـــ کە هەم فێمینیســـتییە و هەم دژەکۆلۆنیالیستی. ژنی بێدەنگی ژێردەستی سیســـتەمی دین سالار، پیاوســـالار و کۆلۆنیالکـــراو، دەبێتە بکەرێکی نەترسی قســـەکەر و ئاگا و دژی کۆلۆنیالیزم، دژی پیاوســـالاری و دژی دینسالاری.»

## پێرفۆرمانسی جەستە

له نەورۆزی ٢٠٢٥ ژن دەبێتە سیمبولی هەم ئازادیی جەستەی خۆی و هەم بەرخۆدانی کوردان. جەستەیەک کە بەبێ ترس لەناو مەیدانداییە و تەنانەت نەریتەکانی شایی و هەڵپەڕین دەشکێنێ. جنس و جەستە پێرفۆرمانسێک لەخۆی نیشان دەدا کە پێشتر نەدیتراوە. جلوبەرگ، جووڵە، دەربڕین و نمایشێک کە جەستە لە خۆی نیشان دەدا، نۆرمەکانی جنسییەت تێدەپەڕێنێ و لەسەر شانۆ وەک بکەرێکی بەهێز و بەئیرادە و دژی یاساکانی دەسەڵات شوناسێکی تازە دروست دەکا. شوناسێک غەیری ئەوی تر کە دەسەڵات شۆک دەکا. جودیت باتلێر پێی وایە جەستە ئەو شتە نییە کە هەیە بەڵکوو ئەو شتەیە کە لە ڕێگای کردەوە، جووڵە و نمایشی جەستەیی و لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا نیشانی دەدەین.[٣٥] (لێرەدا ڕستە بەناوبانگەکەی سیمۆن دێ بوارم دێتەوە یاد کە دەڵێ ئینسان ژن لە دایک نابێ، بەڵکوو دەبێتە ژن، واتە لە پرۆسەی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی ژنانە دەدرێتە ژن.) مەبەستی باتلێر ئەوەیە کە جەستە ئەو شوێنەیە کە نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەی دەسەڵات و «مقاومەت» / بەرهەڵستکاری تێیدا خۆ نیشان دەدەن. (و لێرەش ڕستە بەناوبانگەکەی فۆکۆمان دێتەوە یاد کە دەڵێ جەستە نوختەی داسەپاندنی دەسەڵاتە.)

کاتێک لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاری مەزهەبی و پێکهاتەی پیاوسالاری لە ئێراندا، جەستەی ژن تابۆیە و دەبێ دەرنەکەوێ و دەسەڵات بڕیاری بەسەردا دەدا، کەچی ژنانی کورد «پێکەوە و تیکرا» لەگەڵ نیوەی تری کۆمەڵ واتە پیاوان لە ڕۆژانی نەورۆزدا دەچنە ناو کارنەڤاڵێک، ئازاد و بێترس هەڵدەپەڕن، سەما دەکەن، سەرچۆپی دەگرن، جووڵەی جەستە ئازاد دەکرێ و هیچ نۆرم و یاسایەکی دەسەڵات و سیستەم ڕەچاو ناکەن، ڕاست دەبنە ئەو شتەی کە بە قەولی باتلێر ئەنجامی دەدەن نەک ئەو شتەی کە هەن و بە قەولی باختین لەو کارنەڤاڵەدا جەستە یاساکان دەشکێنێ. ژنان بە جووڵە و پێرفۆرمانسی خۆیان دەبنە ئەکتێکی سیاسی و هاوکات سەرووەر لەسەر جەستەی خۆیان. نەورۆز نەتەنیا دەبێتە کارنەڤاڵێکی دژەکۆلۆنیالیستی (ئەردەڵان)، بەڵکوو نەتەوە دەبێتە جەستەیەکی ئۆرگانیک و جەستەیەکی ژنانە. ڕاست لەو ئانوساتەدا ئەم جەستە ژنانەیە (هەم پیاو و هەم ژن) کەواوپاتۆڵ لەبەر و جامانە و هەوری لەسەر ئازاد هەڵدەپەڕن و دەبنە ئەو شتەی کە دەیکەن و ئەو شتەی کە بۆی هاتوونەتە مەیدان. کاتێک کوردەکان لە کاتی نەورۆزدا بە پێی نەریت و یاسای ئیسلامی ناجووڵێنەوە و هیرارکی و ڕۆڵەکانی جنسییەتی تێک دەدەن و لەمانە گرینگتر وەک بکەرێکی چالاک لە مەیداندا خۆ دەنوێنن، دەبنە «جەستەیەکی ئازاد و ڕزگارکراو لە چرکەسات»دا. ئەم ئەکتە هەموو چین و توێژێک تەنانەت تەعلوقی ئایینیش تێدەپەڕێنێت. جەستەی ژنانە دەبێتە هەڵگری چەندین توێژ و نوختەی تێکهاڵانی ئێتنیسیتە، چین، دین، جنس. ئێمە ئیدی ناتوانین ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە نەورۆزی ٢٠٢٥ دا تەنیا بە یەک ڕوانگە و بۆچوونی ژنایەتی یا کوردایەتی هەڵسەنگێنین. نەورۆز دەبێتە ئانوساتی پێک گەیشتن و یەکتربڕین و تێکەڵاویی فاکتەرەکانی جنس، ئێتنیسیتە، چین، ئایین و دۆخی پۆستکۆلۆنیالیستی.[٣٦] بەمجۆرە ئەکتی ژنان لە کارنەڤاڵی سیاسیی نەورۆزدا دەبێتە ئەکتێکی دژەکۆلۆنیالیستیی ژنانە و هاوکات کۆی نەتەوە دەبێتە جەستەیەک کە شۆڕشێک بۆ ژیان بەرپا دەکا بە دژی دۆخی درۆ و «تەقیە» کە تایبەتمەندیی دەسەڵاتی تارانە. لێرەدایە کە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکەی سپیواک: ئایا ژێردەست دەتوانێ بدوێ؟[٣٧] وەڵامەکە بە ڕای من بە ڕادەیەکی ڕێژەیی ئەمەیە: بەڵێ، ژنی کورد چ وەک ئەندامی نەتەوەی داگیرکراو و چ وەک نیوەی کۆمەڵ کە ژێردەستی یاساکانی دین و پیاوسالارییە، لە نەورۆزدا دەدوێ

و دەبێتە سوبژە و بکەرێکی بەقسەهاتوو لە ڕێگای جەستەی خۆیەوە. ئەم جەستەیە نە تەنیا سەما دەکا بەڵکوو دەبێتە ئەو شتەی کە دەیکا، جوولەیەکی ئازاد و نۆرم شکێن. ژنان لە ئەکتێکی بەکۆمەڵی کوردانەدا وێرای پیاوەکان، ڕاست لەم چرکەساتانەدا بەسەر ترس، ژێردەستی و خەمۆکیی سەدساڵەدا زاڵ دەبن و دەبنە ئەوەی کە سەد ساڵە بۆیان بووەتە خەونێکی شاعیرانە. نەتەوە بە بێ خەون بوونی نییە و کورد خەونی ڕزگاریی هەمیشە لە جەستە و ڕۆحی خۆیدا هەڵگرتووە. لە نەورۆزدا هەموو دەبنە شاعیری خەونێکی مەزن، جەستەیەکی یەکگرتوو و دژەداگیرکەر. لە نەورۆزدا ئەوە جوانیی جەستە نییە کە گرینگە بەڵکوو جەستەی ژن دەبێتە نوختەی تێکهاڵانی خەون، ڕزگاری و ئازادی. ئەگەر جاران بە پێی فۆکۆ جەستە «خاڵی داسەپاندنی دەسەڵات بوو» ئەوە لە نەورۆزدا جەستە دەبێتە ناوەندی داسەپاندنی دەسەڵاتی خەونەکان، دەسەڵاتی جەستە بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاری و بە قەولی باتلێر ئەو شتەی کە دەیکا.[38] دەسەڵاتی جەستە لە بەرانبەر دەسەڵاتی حاکمدا ڕادەوەستێ. دەسەڵاتێکی نوێ سنوورەکانی داگیرکاری و پیاوسالاری تێپەردەکا و جەستەیەکی سیاسیی نوێ بۆ هەر دوو مافی جنسییەتی و نەتەوەیی لە دایک دەبێ. جەستەیەک کە لەم جێژن و ساتانەدا، لە ڕێگای ئەکت و بەرخۆدانی خۆی بەسەربەخۆیی خۆی دەگا و لە بەرانبەر دەسەڵاتی کۆلۆنیالی و دەسەڵاتی دینی و پیاوسالاردا باڵای دەردەکەوێ. جەستەی ژن کە سەدان ساڵە، هەر لە «دمدم»ەوە تا ئێستا فرێ دراوە، دێتە ناو چەقی مەیدان و دەبێتە خاڵی ڕزگاری و دارشتنی ناسنامەیەکی تازە، هەم بۆ خۆی و هەم بۆ نەتەوە. کارنەڤاڵی نەورۆز دەبێتە ئەکتی دژەکۆلۆنیالیستی، وەدیهاتنی خەونی ڕزگاریی نەتەوە و ئازادیی جەستەی ژن لەو چرکەساتانەدا.

Where life is precious, life is precious.
Ruth W. Gilmore

## سەرچاوەکان:


۱. تیشک، ژمارە ۶۹، بەهاری ۲۰۲۴
۲. هەمان سەرچاوە
۳. Homo Sacer, Suverän makt och naketliv, ۱۹۹۵.
۴. Vaclav Havel, The power of powerless (۱۹۸۵)
۵. Eva Von Redecker. Revolution for live: Reflections on the New Protest Movements. Verso Books۲۰۲۳.
۶. Revolution for live (۲۰۲۳)
۷. Intersection
۸. تیشک ژمارە ۵۷، ساڵی ۲۰۲۰
۹. تیشک، ژمارە ۶۲، ساڵی ۲۰۲۱
۱۰. Homo Sacer, Suverän makt och naket liv, ۱۹۹۵.
۱۱. bio-power میشل فوکو، اراده به دانستن. نشر نی ۱۳۸۶. ل ۱۶۱
۱۲. میشل فوکو، اراده به دانستن
۱۳.بێهرووز بووچانی لە ڕۆمانەکەی خۆیدا، هیچ دۆستێک جگە لە چیاکان (۲۰۱۸) کە لە دورگەی مانوس لە مۆبایلێکدا بە چەند نامەیەکی جیا جیا لە ڕێگای واتسئاپەوە بۆ دەرەوەی مانووسی دەنارد باسی ئەم دۆخە بێمافییە دەکا. ئەم کتێبە لەلایەن د. ئەحمەدزادەوە ۲۰۱۹ کرا بە کوردی.
۱۴. reduce
۱۵. Krigslagar och politisk kris i Sydkorea – detta har hänt | SVT Nyheter
۱۶. https://t.me/kurdch۸۳۱۱۸/۱
۱۷. Jordbävning i Myanmar – allt du behöver veta om katastrofen | RESCUE
۱۸. Agamben Giorgio. Undantagstillståndet. Förlag, (۲۰۰۴).
۱۹. برکی ڕزگاری، ل. ۱۱۸ تا ۱۲۱
۲۰.ڤاسلاڤ هاڤێل. هێزی بێدەسەڵاتان. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە ئاسۆ ئیسلامپەنا. ناوەندی ئاویر. هەولێر (۲۰۲۴)
۲۱. ل. ۲۴
۲۲. ل. ۲۱ تا ۴۳
۲۳. هێزی بێدەسەڵاتان. ل ۲۲ -۲۱
۲۴. قدرت بی‌قدرتان اثر واتسلاف هاول | معرفی و بررسی کتاب | کافەبوک
۲۵. Eva Von Redecker. Revolution for

live: Reflections on the New Protest Movements. Verso Books ٢٠٢٣.

٢٦. At every point where such life saving begins, it is possible to imagine living together on a different footing. On June ٢٠٢٠ ,٧, nine of the eleven councillors of Minneapolis – the city where George Floyd was murdered – announced that their police force had proved to be unreformable and that they would therefore work to abolish it and create a new culture of safety. This historic moment unfolded at a public gathering in Powderhorn Park, organised by a range of activists and members of the Black community. Alongside political speeches and discussions, there was also a collective breathing exercise. “Breathe in our possibilities,” the moderator said to the people scattered across the sunny park. “Breathe out the false barriers which we are trying to destroy. Breathe in our possibilities of creating safety in our communities. Breathe out your doubts, because we are here for each other.” Of course, the participants were wearing masks. As Ruth W. Gilmore said in an interview, “Where life is precious, life is precious” – an incisive summary of the abolitionist vision. Starting at the nexus of systemic violence has a long tradition in Black Feminism. The lesbian feminist Combahee River Collective wrote in ١٩٧٧: “If Black women were free, it would mean that ٢٨ everyone else would have to be free since our freedom would necessitate the destruction of all the systems of oppression.” Revolution for life, A Philosophy of the New Forms of Protest. p ٢٩-٢٨. Eva von Redecker. Translated by Lucy Duggan. First extract: Introduction and first chapter (pp. ٢٠٢٣ .(٤١–٩.

٢٧. https://t.me/iv?url=https://www.radiozamaneh.com/٨٥٢١٥٤/&rhash=٠ceb٦٩٩٤٧٨٣a٦٨

ســـەرچاوەی ڕادیو زمانە بۆ نووســـینی ئـــەم ڕاپۆرتە ئەم ماڵپەڕەیە

‘Het betere leven is voor iedereen mogelijk’ – De Groene Amsterdammer

٢٨. شەڕەفکەندی، ســـادق، بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد. پادکەســـت ڕێگا. ئاپریل ٢٠٢٥

٢٩. جینۆسایدی کیمیا بارانی هەڵەبجە- ١٩٨٨

٣٠. یەکشـــەمبە ٣٠ی مانگی مارس لـــە پلاتفۆرمی ناوەندی تیشـــک

Genocide and colonisation culture کولتووری جینۆســـاید و کۆلۆنیاڵ ناسین

٣١. mobilization

٣٢. ئەردەڵان. تیشک، ژ. ۶۹، ساڵی ٢٠٢۴

٣٣. دەباغـــی، بکەری ئاگا لە دۆخی ئاوارتەدا. تیشـــک ٢٠٢١

٣٤. https://youtu.be/SJF٨_ydA_O٠?si=٢lPsFznM٧jJYyFW٦

لەم کلیپـــەدا کوردەکانـــی پۆلدەشـــت دەبینین کە ســـەرەڕای ئەوەکە حکومەت بـــەردەوام دەیهەوێ لە کوردبـــوون دووریان خاتـــەوە بەڵام ئەوان ســـنووری خۆیان دیـــاری دەکەن.

٣٥. Butler, Gender Trouble: Feminism och identitetens subversion. Tankekraft Förlag, ٢٠٠٧.

٣٦. Intersection

٣٧. Spivak, Can the subaltern speak? ١٩٨٨.

٣٨. https://t.me/kurdch٨٢١٤١/١

لەم کلیپەدا بەڕوونی دروســـتیی ئـــەو تیۆرییەی باتلێر دەبینیـــن کە چۆن جەســـتە دەبێتە ئەو شـــتەی کە دە یکا.

# (نا)سەقامگیریی کۆماری ئیسلامی ئێران پاش شەڕ لە گەڵ ئیسرائیلدا

**ئیدریس ئەحمەدی**

"هەرچەند شەڕی ١٢ ڕۆژە بە ئاگربەست ڕاگیرا، بەڵام ئاگربەست کۆتاییهێنان بە کێشەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا نییە. ئەو ئاگربەستە شێوەیەکە لە مودیریییەتکردنی ئەو کێشەیە تاکوو بە شێوەیەک لە شێوەکان یەکلا دەبێتەوە. هەڵبەت دەشکرێ، هاوشێوەی ٤٦ساڵی ڕابردوو، هەر درێژەی هەبێ تاکوو ئەو کاتەی کۆماری ئیسلامی دەڕووخێ یان دەگۆڕدرێ."

## سەرەتا

کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش هێرشی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣دا بۆ سەر ئیسرائیل، لە ماوەی ساڵێک و هەشت مانگدا نەک تەنیا ئەو ئیمپراتۆرییە نافەرمییەی کە لەو جوگرافیایەی بە "هیلالی شیعی" ناسراو بوو لە دەست دا، بەڵکوو لە ماوەی شەڕی ١٢ ڕۆژەدا لە کۆتایی بەهار و سەرەتای هاوینی ئەوساڵدا بەرنامە ناوکییەکەی لە لایەن ئیسرائیل و دواجار ئەمریکاوە کرایە ئامانج. لە سەرەتای ئەو شەڕەدا، ئیسرائیل لە چەند کاتژمێردا فەرماندەیی سپای پاسدارانی لەنێو برد و هەروەها سەرکەوت لەوەی ئاسمانی ئێران بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.[1]

لە گەڵ ئەوەی هێشتا ڕوون نییە ئایا ئیسرائیل و ئەمریکا بنکە ناوکییەکانی ئێرانیان بە تەواوی لەنێو بردووە یان ئەوەی تەنیا توانایی کۆماری ئیسلامییان بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی وەدوا خستووە، جێگای ئاماژەیە کە کۆماری ئیسلامی ساڵێک و هەشت مانگ لەمەوپێش وەک "زلهێز" لە ڕۆژهەڵاتی ناوایندا لەقەڵەم دەدرا و هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ڕێژیم لە سەر خاکی ئێران وێنا نەدەکرا. دەرکەوت کە "هێزی" کۆماری ئیسلامی زۆرتر وەهمە تاکوو ڕاستی.

شەڕی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئیسرائیل و ئێران و شکستی ستراتیژیکی کۆماری ئیسلامی لە کورتمەودا، نێوەندمەودا و دوورمەودادا، چ ئاکامێکی بۆ سەقامگیریی ئەو ڕێژیمە دەبێت؟ ئەم وتارەی بەردەست هەوڵێکە بۆ لێکدانەوەی سەقامگیریی کۆماری ئیسلامی لە بەر تیشکی ئەو شەڕەدا، بەڵام هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی نێوخۆیی ئێران پێش و پاش ئەو شەڕە.

پێش شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێران، کۆماری ئیسلامی بە هۆی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕینی جەماوەرییەوە، لە کاتی بزووتنەوەی سەوز بەدواوە بەڵام بە تایبەت پاش ئەو ڕاپەڕینەی ساڵی ٢٠٢٢ و ٢٠٢٣ کە بە ناوی ژیناوە ناسراوە، لە دۆخی ناسەقامگیردا بووە و ڕێژیم بە سەرکوت و کڕینی وەفاداریی سیاسیی بەشێک لە کۆمەڵگا، توانیوەتی مانەوەی خۆی مسۆگەر بکات. لەگەڵ ئەوەی خامنەیی باڵی "ڕیفۆرمخواز" یان "میانەڕوی" پەیتا پەیتا لەپەراوێز خستبوو و کۆماری ئیسلامی پێی نابووە قۆناغی تەکجەناحییەوە، دواجار ناچار بوو زەمینە ساز بکات بۆ سەرکەوتنی مەسعوود پزشکیان لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ٢٠٢٤دا. بە گوێرەی سەرچاوەی نزیک لە بەیتی ڕێبەری، دەزگای هەواڵگری هۆشدارییان بە خامنەیی دابوو کە بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری، پاش مەرگی ئیبراهیم رەئیسی ١٣٪ دەبێ. بەو پێیە، بۆ بردنە سەری ڕادەی بەشداریی خەڵک لەو هەڵبژاردنەدا، خامنەیی ئاسانکاریی کرد بۆ پزشکیان وەک کەسێک کە نزیکە لە "ڕیفۆرمخوازەکان" یان "میانەڕەوەکان" کە لەو هەڵبژاردنەدا کاندید بێ و سەرکەوێ.[2] لەگەڵ ئەوەش، بەشداریی خەڵک لەو هەڵبژاردنەدا، لە نزمترین ئاستدا بوو لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا.[3]

لە لایەکی دیکەوە، بە گوێرەی ڕاپۆرتێک لە ڕۆژنامەیەکی ئەمریکی، کەسانی کلیدیی نێو ڕێژیم قەناعەتیان بە خامنەیی هێنا کە ڕێگە بدا بە دانوستاندن لە گەڵ ئەمریکا پاش ئەوەی دانڵد ترامپ وەک سەرکۆمار هەڵبژێردرا. لە دەورەی یەکەمی

سەرکۆماریی ترامپدا، خامنەیی هەرجۆرە دانوستاندنێکی لە گەڵ ئیدارەی ناوبراو رەد دەکردەوە. هەڵبەت ناسەقامگیریی رژێم پاش راپەرینی ژینا، ویرای ئەوەی ئیسرائیل حەماس و حیزبوڵڵای لوبنانی لە پاش شەڕی ٧ی ئۆکتۆبەر تێک شکاند و وەک لێکەوتەیەکی ئەو شەڕە هەروەها رژێمی بەشار ئەسەدیش لە سووریە رووخا، راوێژکارانی خامنەیی هۆشداریان بە ناوبرا دابوو کە ئەگەر دانوستاندن لە گەڵ ئەمریکا نەکەن، تووشی "شەڕی دووبەرە" دەبن واتە هەم لە گەڵ خەڵکی نارازی لەنێوخۆ، هەمیش لە گەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا.[۴]
بەو پێیە، کۆماری ئیسلامی هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوە لە ژێر فشاری بەرچاودایە. هەڵبەت لە کەیسی ئێراندا جۆرە پارادۆکسێک قووت دەبێتەوە. هەرکات فشاری دەرکی لە ئارادا بووە، نێوخۆ بێدەنگ بووە و هەرکات لە نێوخۆدا خۆپیشاندان و راپەرین روویان داوە، فشاری دەرکی نەبووە یان لاواز بووە. لە شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێراندا، ئەو بارودۆخە وەک خۆی مایەوە.
بەو پێیە و بە مەبەستی شیکاری، لێرەدا هەوڵ دەدرێ فاکتەری دەرەکی و نێوخۆیی لێک جیا بکرێنەوە و لەو پەیوەندییەدا لە پێشدا چەند سێناریۆیەکی پەیوەندیدار بە گوشاری ئیسرائیل و ئەمریکا لە سەر ئێران و بژاردە یان کاردانەوەکانی رژێمی ئیسلامی دەستنیشان بکرێن. دواتر، هەوڵ دەدرێ فاکتەری دەرەکی و نێوخۆیی، ویکرا لە لێکدانەوەکاندا لەبەرچاوبگیرێن، بەڵام دیسان بە رەچاوکردنی ئەو پارادۆکسەی لەسەرەوە ئاماژەی پێ درا.
گوزارەی سەرەکیی ئەم وتارە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی کەیسێکی رێزپەڕە و بە ئەگەری زۆر لە کورتمەودا و نێوەندمەودادا، هەروا ناسەقامگیر دەمێنێتەوە، بەڵام بێ ئەوەی بڕوخێ، مەگەر ئەوەی رووداوی چاوەڕواننەکراو لە دەرەوە یان لە نێوخۆ، بارودۆخی ئێران لە بنەڕەتدا بگۆڕێ. کەم نین ئەو رووداوە چاوەڕواننەکراوانە کە لێکەوتەی مێژووییان هەبووە – هێرشی حەماس و لێکەوتە جیۆسیاسییەکانی، کە هێشتا پاشلەرزەکانی هەست پێ نەکراون، دواترینیانە بەڵام کۆتا نموونە نابێ.

## فشاری دەرەکی لە سەر کۆماری ئیسلامی

هەرچەند شەڕی ١٢ رۆژە بە ئاگربەست راگیرا، بەڵام ئاگربەست کۆتاییهێنان بە کێشەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا نییە. ئەو ئاگربەستە شێوەیەکە لە مودیریەتکردنی ئەو کێشەیە تاکوو بە شێوەیەک لە شێوەکان یەکلا دەبێتەوە. هەڵبەت دەشکرێ، هاوشێوەی ٤٦ ساڵی رابردوو، هەر درێژەی هەبێ تاکوو ئەو کاتەی کۆماری ئیسلامی دەرووخێ یان دەگۆڕدرێ. لەو پەیوەندییەدا، دەکرێ ئەو سێ سێناریۆیەی خوارەوە لە کورتمەودا، نێوەندمەودا و دوورمەودادا دەستنیشان بکرێن:

١ کۆماری ئیسلامی لە کورتمەودادا لە گەڵ ئەمریکا رێک دەکەوێ و لە نەتیجەدا، حکوومەتی ترامپ ئیسرائیل ناچار دەکا واز لە بژاردەی هێرش بۆ سەر ئێران بێنێ و رژێمی ئیسلامی دەتوانێ بە شێوەی کاتی مانەوەی خۆی مسۆگەر بکا .

٢ خامنەیی مل نادا بە فشاری ئەمریکا و پێداگر دەبێ لە سەر پیتاندنی یۆرانیۆم لەسەر خاکی ئێران؛ ئەمەش بە نۆرەی خۆی نەک تەنیا دەبێتە هۆی مانەوەی گەمارۆ لە سەر ئێران، بەڵکوو دەتوانێ دەرفەتێکیش بێ بۆ ئیسرائیل بۆئەوەی دیسان کەڵک لە

بڕاردەی نیزامیی سنووردار وەرگرێ و لە نێوەندمەودادا ڕێژیم لاوازتر و لە درێژەدا ناسەقامگیرتر بکا.

**٣** بارودۆخی نە شەڕ و نە ڕێککەوتن هەروا دەمێنێتەوە تاکوو خامنەیی فەوت دەکا؛ دوابەدوای مەرگی خامنەیی، "ڕێفۆرمخوازان" یان "میانەڕەوان" شکستی ستراتیژیکی ڕێژیم لە نەتیجەی سیاسەتی "توندڕەوانەی" خامنەیی دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگای سازانی بەرین لە گەڵ ئەمریکادا، گەمارۆ لە سەر ئێران نەهێڵن و مانەوەی دوورمەودای کۆماری ئیسلامی مسۆگەر بکەن بە مەرجێ سپای پاسداران ڕێگری نەکا لە سازانێکی لەو چەشنە. هەرکام لەو سێنارێویانە ئەگەریان هەیە. هەڵبەت سێنارێۆی سێهەم لەوانی دیکە ئەگەری زۆرترە، هەرچەند سپا لەمپەر دەبێ بۆ سازانی بەرین لە گەڵ ئەمریکادا. هەروەها مەرج نییە کۆماری ئیسلامی لە سێنارێۆیەکی وادا لە نێوخۆ بگۆڕدرێ، بەڵکوو تەنیا لە پەیوەندی لە گەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا سیاسەت دەگۆڕێ. ئەوەش بەو واتایەیە کە ڕێژیم دەبێ دەست لە پرۆژەی ئیمپێریالیستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین هەڵگرێ بۆ ئەوەی گەمارۆکان لە سەری هەڵگیرێن تاکوو بتوانێ گرنگی بە سەقامگیریی نێوخۆیی بدا.

## کودەتا، شۆڕش یان گوزار بەرەو دیمۆکراسی؟

ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی جێگای سرنج سەبارەت بە لە دەسەڵاتکەوتنی دیکتاتۆرەکان، کە ٣٠٣ ڕێژیمی دیکتاتۆر لە نێوان ساڵانی ١٩٤٦ تاکوو ٢٠٠٨ لە خۆ دەگرێ، بەم شێوەیە: ٢٠٥ لەو دیکتاتۆرانە لە ڕێگای کوودەتاوە لە سەر دەسەڵات لابراون؛ ٣٢ لە ئەنجامی ڕاپەڕینی جەماوەرییەوە لەدەسەڵات کەوتوون؛ ٣٠ لە پرۆسەی گوزار بەرەو دیموکراسی وازیان لە دەسەڵات هێناوە یان ناچار کراون واز بێنن؛ ٢٠ لەو ٣٠٣ دیکتاتۆرە تیرۆر کراون؛ ١٦ لە ئەنجامی دەستێوەردانی هێزی دەرەکی لە سەر دەسەڵات لابراون.[٥]

ئەگەر نەتیجەی ئەو لێکۆڵینەوەیە بکەین بە بنەما لە پەیوەندی لە گەڵ چارەنووسی کۆماری ئیسلامیدا، لە پلەی یەکەمدا کودەتا دژ بە عەلی خامنەیی ئەگەری زۆرترە، واتە ٦٨ ٪. ئەگەری کەوتنی دیکتاتۆریی عەلی خامنەیی لە نەتیجەی ڕاپەڕینی جەماوەری و دەستێوەردانی دەرکیدا، ئیجگار لاوازترە؛ واتە بە تەرتیب ١١ ٪ و ٥ ٪.

لە گەڵ ئەوەی باڵەکانی نێو ڕێژیم پاش شەڕ جەختیان لە سەر "یەکگرتوویی"[٦] کردووەتەوە، دوور نییە لە دوورمەودادا کێشە نێوخۆییەکان لە ئاکامی ئەو شکستە ستراتیژیکەدا سەرهەڵبدەنەوە و بیخەنە ئەستۆی یەکتر. گەرچی لە کورتمەودادا باڵی خامنەیی زاڵ دەمێنێتەوە، دوور نییە لە دوورمەودادا باڵی "ڕیفۆرمخواز" یان "میانەڕەو" هەوڵ بدا دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. هەڵبەت تاکوو خامنەیی لە ژیاندا مابێ، ئەوە ئەستەمە. پاش مەرگی ناوبراویش، بە لەبەرچاوگرتنی دەسەڵاتی سپای پاسدارن، بە دەسەڵاتگەیشتنی ڕێفۆرمخوازەکان هەر ئەستەم دەبێ.

بە هۆی ئەوەوە کە خامنەیی و سپا پێویستیان بە یەکترە و تەنیا سپا – بە پێی پێگەیەک کە لە ئابووری و سیاسەتی ئێراندا هەیەتی – دەتوانێ کوودەتا بکا، کوودەتاکردن لە خامنەیی هیچ ئەگەرێکی نییە. مەسەلەی جێگای

بایەخ، قۆناغی پاش مەرگی خامنەییە. لە نێو ڕژێمدا دوو بۆچوون هەیە؛ لە لایەک بۆچوونی کەسانێک وەک حەسەن ڕۆحانی و محەممەد جەواد زەریف کە پێیان وایە دەبێ لە پەیوەندی لە گەڵ مەسەلەگەلێک وەک حیجابی زۆرەملی، ڕژێم سیاسەت بگۆڕێ یان لانی کەم گوشار لە سەر ژنان کەم بکاتەوە. لەوەش گرینگتر، بۆ ئەوەی گەمارۆ لە سەر ڕژێم نەمێنێ، دەبێ لە گەڵ ئەمریکادا بسازن. بۆچوونی دووهەم، ئەوەی خامنەییە کە بریتییە لە "بەربەرەکانێی ئابووری" و دژایەتیکردنی ئیسرائیل و هتد.[٧]

پاش ئەوەی خەتی خامنەیی کۆماری ئیسلامیی تووشی شکستی ستراتیژیک کرد، بە ڕواڵەت زەمینە لەبار دێتە بەرچاو بۆ سەرکەوتنی خەتی ڕۆحانی و زەریف. لە کورتمەوەدادا، ڕژێم ناچار دەبێ بۆ مانەوەی خۆی زیاتر پێداگری لەسەر خەتی خامنەیی بکا و فشار لە سەر خەڵک و لەپەراوێزخستنی باڵی ڕۆحانی و زەریف درێژەی دەبێ.

هەڵبەت بە هۆی ئەوەوە کە باڵی ڕیفۆرمخواز ڕژێم پارێزە، نەک ڕژێم گۆڕ، ئەوان باشتر دەتوانن مانەوەی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی مسۆگەر بکەن.[٨] باڵی ڕیفۆرمخواز تەنانەت لە نەوەدەکاندا سەرکەوت لەوەی ڕژێمێکی دیکتاتۆر کە کەڵکی ئامرازی لە هەڵبژاردەن وەردەگری لە دیکتاتۆرییەکەی هەڵبژاردنکارانەوە[٩] تەبدیل بکەن بە دیکتاتۆرییەکی هەڵبژێردراو.

لە کۆماری ئیسلامیدا، وشە جێگای چەمکی گرتۆتەوە. ئەمەش دەبێ لە درێژەی سیاسەتی فریوکارانەی هەڵبژاردن بە بێ دیموکراسیدا ببینری. "ڕیفۆرم" واتای خۆی هەیە و بریتییە لە پێکهێنانی گۆڕان لە دامەزراوەی سیاسی و ئابووریدا، دواجاریش لە دەستووردا. لە کۆماری ئیسلامیدا، تەنیا لە ساڵی ٢٠٠٠ پرۆژە یاسایەک پێشکەش کرا بۆ پێکهێنانی گۆڕان لە یاسای چاپەمەنیدا، بەڵام وەلی فەقیە و شورای نیگابان، کە دەتوانن ڕێگری بکەن لە پەسەندکردنی هەر یاسایەک لە مەجلیس کە لەگەڵ ئیسلام و بەرژوەندیی ڕژێمدا بە نەگونجاوی بزانن، پێشیان بە پەسەندکردنی گرت.[١٠] ڕیفۆرمیستی کۆماری ئیسلامی تاکوو ئێستا باسی گۆڕینی دەستووریان نەکردووە. بە پێچەوانەوە، هەموویان پابەندن بە دەستووری کۆماری ئیسلامی. گلەییان ئەوەیە کە ئەو دەستوورە جێبەجێ ناکرێ. محەممەد خاتەمی لە لێدوانێکدا لە ڕێکەوتی ١٠ی جونی ٢٠٠٦دا، دان بەوەدا دەنێ کە خاوەن مانیفێست نەبوون: "کێشەیەکی ڕیفۆرمخوازی [لە ئێراندا] ئەوە بوو کە پێناسەیەکی ورد لە ڕیفورم نەبوو و هەر کەس و گرووپێک کە تێیدا بەشدار بوون، پێیان وا بوو ڕیفۆرمیستن."[١١] بەو پێیە، سەرکەوتنی کوتلەی ڕیفۆرمیستی لە چەسپاندنی دیکتاتۆریی ئیسلامیی هەڵبژێردراو لە ئێراندا، ئەویش بە بێ مانیفێست، یان دروستتر بڵێین، بە بێ نێوەرۆک، دەبێ بە سەرکەوتنێکی سەیری مێژوویی لە مێژووی سیاسەتدا بێتە ئەژمار.

ئەگەر ڕیفورمخوازەکان پاش مەرگی خامنەیی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن، دەکرێ ڕێگای چین بگرنە بەر. هەڵبەت وەک لە کەیسی چیندا دەرکەوتووە، ڕیفۆرمی ئابووری مەرج نییە ڕیفۆرمی سیاسیی لێ بکەوێتەوە.[١٢] بە واتایەکی دیکە، کۆماری ئیسلامی مەرج نییە هاوشێوەی کۆرەی باشوور و تایوان بەرەو دیموکراسی گوزار بکا. پەیوەندی لە گەڵ ئەمریکا و جۆری ئەو پەیوەندییە،

فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی بزانین وڵاتێکی سەرەڕۆ دەتوانێ گوزار بەرەو دیموکراسی بکا یان نەخێر. چین نیشانی دا کە دەتوانێ پەیوەندیی تیجاریی بەربڵاوی لە گەڵ ئەمریکادا هەبێ، بەڵام لە رووی سیاسییەوە جیاوازیی خۆی بپارێزێ و لە بواری جیۆسیاسییەوە رەقیبی بمێنێتەوە. کورەی باشوور و تایوان ئەمنییەتیان گرێدراوی ئەمریکایە و ئەو پەیوەندییە، بە کۆتایی هاتنی شەری سارد، هەروەها بێگومان لە بنەڕەتدا بە هۆی فشاری جەماوەری لە نێوخۆدا لە پێناو ئازادی و دیموکراسیدا، دواجار بووە هۆی دیموکراتیزاسیۆنی هەردوو وڵات. دانیشتوانی ئێران دیموکراسییان دەوێ و چەندین هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی سیاسەتەکانی بگۆڕێ یان ئەوەی هەوڵی رووخاندنیان داوە.[۱۳] بەڵام کۆماری ئیسلامی پەیوەندیی لەگەڵ هیچ زلهێزێک نییە کە دیموکراتیک بێ. پەیوەندیی لە گەڵ دوو زلهێزی سەرەڕۆی چین و رووسییە هەیە. هەروها کۆماری ئیسلامی ئامانجی بەدەستهێنانی هێژمۆنییە لە رۆژهەڵاتی ناویندا و سیاسەتی ئیمپێریالیستیی پەیرەو کردووە. بەو پێیە، لە سێناریۆیەکی واداا، ریفۆرمی ئابووری، کۆماری ئیسلامی بەهێز دەکا بە بێ گوزار بەرەو دیموکراسی، هەرچەند دەسەڵاتی سپا و کۆمەڵێک فاکتەری دیکە، لەوانە ئابووریی رانتیی[۱۴] ئێران، دەشێ ئەو رێگایەی چین پاش مەرگی مائۆ گرتییە بەر، ئەستەم بکەن.[۱۵] ئەو شکستە مەزنەی کۆماری ئیسلامی لە حاڵەتی "ئاسایی"ی خۆیدا دەبوو بووبایە بە هۆی لێپرسینەوە لە بەرپرسانی باڵای سیاسی و نیزامیی ئێران. هەڵبەت پاش ئاگربەست لەگەڵ ئیسرائیل، کۆماری ئیسلامی لە هەوڵدا بووە خۆی وەک براوەی ئەو شەرە بنوێنێ.[۱۶] لە لایەکی دیکەوە، رێژیم هەم بۆ شاردنەوەی نفوزی بەربڵاوی دەزگای هەواڵگریی ئیسرائیل لە ئاستی سەرەوەی رێژیمدا و هەروها بۆ چاوترساندنی دانیشتووانی ئێران، دەستی کردووە بە گرتن و لەسێدارەدانی کۆمەڵێک خەڵک، کە زۆربەیان کورد و پەنابەری ئەفغانین.[۱۷]

هەرچەند لە کاتی نووسینی ئەم وتارەدا دوو حەفتە بەسەر ئاگربەستی نێوان ئێران و ئیسرائیلدا تێپەریوە و هێشتا زووە بۆ گەیشتن بە دەرئەنجامی دڵنیا سەبارەت بە مانەوە یان نەمانی کۆماری ئیسلامی؛ بەڵام لە گەڵ ئەوەش، کۆماری ئیسلامی رێژیمێکی ریزپەڕ دێتە بەرچاو. دەنا شکست لە شەردا، ئەگەری هەیە شۆڕشی لێ بکەوێتەوە. شۆڕشی فەرەنسە لە ساڵی ۱۷۸۹ لە ئاکامی شەری ۱۲ ساڵەدا، هەروها شۆڕشی بۆلشەڤیکەکان لە رووسییە لە ئاخروئۆخری شەری یەکەمی جیهانی و شۆڕش لە چین لە ۱۹۴۹ لە درێژەی شکستە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو وڵاتە لە شەردا سێ نموونەی بەناوبانگن. کۆمەڵناسی ئەمریکی "تهیدا سکاچپۆڵ" لە سەر ئەساسی ئەو سێ کەیسە، تێزی ئەوەیە کە شۆڕش لە ئاکامی دارمانی دەوڵەتدا، ئەویش بە نۆرەی خۆی لە درێژەی گوشاری نێودەوڵەتی یان پاش شکست لە شەردا، روو دەدا.[۱۸] کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکی هاوشێوەدایە، بەڵام ناکرێ باس لە دارمانی دەوڵەت لە ئێراندا بکرێ، چونکە سەرەڕای قەیرانە کەڵەکەبووەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی، رێژیم تواناییی سەرکوتی ماوە. حکوومەتی بەعس نموونەیەکی دیکەیە، کە لە نەتیجەی دوو شەری پرهەزینەدا وێرای گەمارۆی سەختی ئەمریکا عێراقی کردبوو بە کەلاوە، کەچی لە رێگای

دەزگای سەرکوتەوە تاکوو هێرشی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣دا مایەوە. لە لایەکی دیکەوە و بە پێچەوانەی بانگەوازی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل لە سەرەتای شەڕەکەوە، دانیشتووانی تاران و شارەکانی دیکەی ناوچە فارسنشینەکان دژ بە کۆماری ئیسلامیی ڕانەپەڕین.[١٩]

## دوا وتە

ئەمریکا توانای نیزامیی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی هەیە، بەڵام ئیرادەی نییە یان نایەوێ هەزینەی گۆڕینی ڕێژیم بدا؛ ئیسرائیل ئیرادەی هەیە، بەڵام تواناییەکەی سنووردارە. ئەمریکا پاش شەڕی عێراق خۆی لە شەڕی پرهەزینە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا ناداتەوە؛ هەروەها چین بە خەتەری ستراتیژیک لە سەر خۆی دەبینێ و گرنگی بە بووژانەوەی نێوخۆیی دەدا. فاسڵەی جوگرافیی نێوان ئیسرائیل و ئێران و نەبوونی زەمینەی لەبار بۆ ئەوەی لە ڕێگای دراوسێکانی ئێرانەوە ئەرتەشی ئیسرائیل هێرشی وشکانی بکاتە سەر کۆماری ئیسلامی، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەگەر شەڕ لە نێوان ئیسرائیل و ئێران سەرهەڵبداتەوە، هەر سنووردار دەبێ بە زەربەی هەوایی، وێڕای عەمەلیاتی تەخریب لە ڕێگای هەستەی هەواڵگرییەوە لە قووڵاییی ئێراندا.

لە لایەکی دیکەوە، لەو ماوەیەدا کە فشاری دەرەکی لە سەر کۆماری ئیسلامی گەیشتبووە لووتکە خەڵکی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامیی ڕانەپەڕین. بەو پێیە، ئەو پارادۆکسەی سەرەتا ئاماژەی پێ درا – واتە هەرکات فشاری دەرکی لە ئارادا بووە، نێوخۆ بێدەنگ بووە و بە پێچەوانە – هەروا دەمێنێتەوە. بەو پێیە، کۆماری ئیسلامیی ئێران کەیسێکی ڕیزپەڕە و وێدەچێ هەروا بمێنێتەوە، مەگەر ئەوەی ڕووداوی چاوەڕواننەکراو باروودۆخێکی دیکە بێتە کایەوە کە دواجار نەمانی کۆماری ئیسلامیی لێ بکەوێتەوە.

هێرشەکانی ١١ سێپتامبر بۆ سەر ئەمریکا و لێکەوتە مێژووییەکانی؛ سەرهەڵدانی داعش و لێکەوتە هەرێمییەکانی؛ هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و لێکەوتە جیۆسیاسییەکانی؛ هەموو ئەوانە ئەوەمان پێ دەڵێن کە هەر مۆدێلێک یان چوارچێوەیەک بۆ لێکدانەوە لە سەر ئەساسی پارامێترە ناسراوەکان ڕاوەستابێ، بێگومان سنوورداریی خۆی دەبێ. ئەو شیکارییەی لێرەدا پێشکەش کرا بەدەر نییە لەو ڕاستییە.

## پەراوێزەکان:


1.Dan De Luce, “Iran’s strategic blunders paved the way for humiliating defeats, experts say.” NBC News, June 25, 2025. [Accessed July 5, 2025]. Available at: https://www.nbcnews.com/politics/national-security/irans-strategic-blunders-paved-way-humiliating-defeats-experts-say-rcna214584.

2. Parisa Hafezi, “How Iran’s Khamenei Elevated a Little-Known Moderate to the Presidency,” Reuters, July 18, 2024, https://www.reuters.com/world/middle-east/how-irans-khamenei-elevated-little-known-moderate-presidency-2024-07-18/ (accessed April 28, 2025).

3.Saeed Azimi, “Iran Elections: Record-Low Turnout Shows Even Regime Loyalists Are Unhappy,” Stimson Center, July 1, 2024, https://www.stimson.org/2024/iran-elections-record-low-turnout-shows-even-regime-loyalists-are-unhappy/ (accessed April 28, 2025).

4. Farnaz Fassihi, “Why Iran’s Supreme Leader Came Around to Nuclear Talks

With the U.S.," The New York Times, April 11, 2025, https://www.nytimes.com/2025/04/11/world/middleeast/us-iran-talks-trump-khamenei.html (accessed April 12, 2025).

5. Milan Svolik, The Politics of Authoritarian Rule (Cambridge: Cambridge University Press, 2012), pp. 3-5.

6. Nicole Grajewski, "Iran After the Battle." Carnegie Endowment for International Peace, July 1, 2025. [Accessed July 2, 2025]. Available at: https://carnegieendowment.org/middle-east/diwan/2025/07/iran-after-the-battle?lang=en.

7. Grajewski, "Iran After the Battle."

8. Idris Ahmedi and Ali Abdelzadeh, "Iran," in Komparativ politik: Tio politiska system, ed. Carsten Anckar and Thomas Denk (Lund: Studentlitteratur, 2023).

9. Electoral authoritarianism

10. Naser Ghobadzadeh and Lily Zubaidah Rahim, "Electoral Theocracy and Hybrid Sovereignty in Iran," Contemporary Politics, Vol. 22, No. 4 (April 2006), p. 455.

11. Quoted in Anoushiravan Ehteshami and Mahjoob Zweiri, Iran and the Rise of Its Neoconservatives: The Politics of Tehran's Silent Revolution (London: I.B. Tauris & Co Ltd, 2007), p. 1.

12. András Székely-Doby, "Why Have Chinese Reforms Come to a Halt? The Political Economic Logic of Unfinished Transformation," Europe-Asia Studies 70, no. 2 (2018): 277–96.

13. Misagh Parsa, Democracy in Iran: Why It Failed and How It Might Succeed (Cambridge, Mass: Harvard University Press, 2016).

Rentier economy

15. Cf. Parsa, Democracy in Iran.

16. "Iran's Ayatollah Khamenei claims victory over Israel, 'a big slap in the face' to the U.S." CBS News, June 26, 2025. [Accessed July 5, 2025]. Available at: https://www.cbsnews.com/news/iran-israel-war-strikes-ayatollah-ali-khamenei-claims-victory-slap-in-face-us/.

17. "Iran intensifies internal security crackdown with executions and mass arrests." The Guardian, June 25, 2025. [Accessed July 1, 2025]. Available at: https://www.theguardian.com/world/2025/jun/25/iran-intensifies-internal-security-crackdown-with-executions-and-mass-arrests.

18. Theda Skocpol, States and Social Revolutions: A Comparative Analysis of France, Russia, and China, (Cambridge: Cambridge University Press, 1979).

19. Alex Winston, "Why revolution in Iran may take longer than Israel thought." The Jerusalem Post, July 3, 2025. [Accessed July 3, 2025]. Available at: https://www.jpost.com/middle-east/iran-news/article-859944.

# «ڕووداو»ی شەڕی ئیسرائیل و ئێران و بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

داود عوسمانزاده

"

دوو لایەنی گرینگی پێکهێنەری بزووتنەوەی کوردستان، واتە حیزبە سیاسییەکان و ئاکادیمسیسییەن و ڕووناکبیرە ناحیزبییەکان، هەرکامیان گرفتێکی ناوگرووپیی خۆشیان هەیە. هیچ کام لەم لایەنانە، لەناو خۆیاندا لەگەڵ یەکتر خاوەن پرۆژە و پەیوەندییەکی پتەوی پرۆژەتەوەر نین. حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی گرفتە پێکهاتەییەکانی ناو حیزبەکانی خۆیان، ئەزموونی شکستخواردووی کاری هاوبەش، نەبوونی متمانە و سەرمایەی کۆمەڵایەتی بۆ کاری هاوبەش و هەروەها کێشەی ئایدیۆلۆژیک توانای پرۆژە و کاری هاوبەشی درێژخایەنیان نییە. ڕووناکبیر و ئاکادیمیسییەنە ناحیزبییەکانیش لەباری سیاسییەوە تا ئێستا پرۆژەیەکی درێژخایەن، تەنانەت لە ئاستی دامەزراندنی ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی کارا، یان دەرکردنی ژوورناڵێکییان نەبووە.

"

دوای هێرشەکانی ١٣ مانگی جوونی ٢٠٢٥، ململانێکانی نێوان ئیسرائیل و ئێران چوونە قۆناغێکی نوێوە و شەڕێکی بەربڵاوی لێ کەوتەوە. لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم بە کەڵک وەرگرتن لە کۆمەڵناسیی ڕووداوتەوەری[1] ویلیام سوێڵ جوونیە[2] (William H. Sewell Jr) پێشانی بدەم کە ئەم شەڕە ڕووداوێکە کە گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە پێکهاتەکان و لۆژیکی ئەو پێکهاتانەدا دروست دەکات. پاشان دەپەرژێمە سەر بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باس لە گرینگیی ئەو ڕووداوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم. هەروەها باس لەوەیش دەکەم کە چۆن بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبری قۆستنەوەی ڕووداوەکە لە دۆخێکی سیاسیی ڕاگیراودا ماوەتەوە.

## شەڕی ئیسرائیل و ئێران وەک ڕووداو

ویلیام سوێڵ لە تیۆریی کاتیتیی ڕووداوتەوەردا[3] تەرکیز لەسەر هێزی ڕووداوەکان دەکات. ڕووداوەکان مێژوو دروست دەکەن. ژیانی کۆمەڵایەتی پڕە لە پێشهاتی جۆراوجۆر و فرەچەشن. زۆربەی ئەو پێشهاتانە کاریگەرییەکی بنەڕەتی لەسەر پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دانانێن، بەڵکوو زیاتر ئەم پێکهاتانە بەرهەم دەهێننەوە. بەپێچەوانەوە، ڕووداوەکان بریتین لەو پێشهاتە دەگمەنانەی کە کاریگەریی قووڵ و بنەڕەتی لەسەر پێکهاتە فرەچەشنەکانی کۆمەڵگا دادەنێن (Sewell ٢٠٠٥, ٢٦٢). لەڕاستیدا، ڕووداوەکان ژمارەیەک پێشهاتن کە سەرنجی خەڵک بۆلای خۆیان ڕادەکێشن و دەبنە هۆی دروستبوونی گۆڕان و گواستنەوەی درێژخایەن و بنەڕەتیی پێکهاتەکان (Sewell ١٩٩٦, ٨٤٤). یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕووداو، بریتییە لە "بەرێگاوەنووسان (Path Dependence)". بەرێگاوە نووسان یانی پێشهاتێک کە پێشتر ڕووی داوە، ئەگەری زۆری هەیە کاریگەری لەسەر زنجیرەیەک لە ڕووداوەکانی دوای خۆی دابنێت. ڕووداوەکان نەک هەر توانای گۆڕینی بنەڕەتیی پێکهاتەکانیان هەیە، و باڵانسی هێزە هۆکارەکییەکان (Caus-al Forces) دەگۆڕن بەڵکوو دەتوانن لۆژیکی ئەنجامەکانی پێشهاتەکانیش بگۆڕن (Sewell ٢٠٠٥, ٢٦٢-٢٦٣).

ڕووداوەکان قابیلی گەڕانەوە بۆ دواوە نین. بە واتایەکی دیکە، کاتێک پێشهاتێک بوو بە ڕووداو، ناگەڕێتەوە دۆخی پێش خۆی. هاوکات، ئەنجامەکان و کاریگەرییەکانی ڕووداوەکانیش ناوێکچوو و بەرێککەوتن. ئەمە بەو مانایەیە کە ڕووداوێک کە لە چرکەساتێکی دیاریکراودا ڕوو دەدات، لەژێر کاریگەری و کارلێکێکی ئاڵۆزی بارودۆخەکان و ئەو بڕیارانەدایە کە دەدرێن. ئەوەیش یانی ڕووداوەکان قابیلی پێشبینی نین. چونکە دوو فاکتەری بارودۆخ، و بڕیار یان هەڵبژاردنەکان کاریگەری لەسەر دروستبوونی ڕووداوەکان دادەنێن و هەردووک ئەم فاکتەرانەیش فرەچەشنن، بۆیە ناتوانین ڕووداوەکان پێشبینی بکەین. بەپێی تیۆریی سوێڵ، پرۆسە مێژووییەکان هەمیشە ڕێک و بەردەوام نین، بەڵکوو لاسەنگن (uneven)، پچڕان و نابەردەوامییان پێوە دیارە و ئاستی کاریگەرییشیان لەسەر پێکهاتەکانی کۆمەڵگا جیاوازە. ڕووداوەکان، وەک پێکهاتەکان هەم سنووردارکەرن و هەم توانابەخشن.

هێرشی ١٣.٠٦.٢٠٢٥ ئیسرائیل بۆ سەر ئێران دەتوانرێت وەک سەرەتای ڕووداوێک سەیر بکرێت. لەبەر ئەوەی

ڕووداو پێشــــهاتێکی تەریــــک و تاقانە نییە، بەڵکـــوو لە زنجیرەیەک پێشـــهات و کردەوە پێــک هاتـــووە، دەتوانین کۆی شـــەڕەکە وەک ڕووداوێــک لێــک بدەینــــەوە. ئەو زنجیــــرە پێشـــهاتانەی ڕووداوەکـــە کاملّ دەکەن بریتین لە دەســـتکردنەوەی ئێران و هێرشی ئێران بۆســــەر ئیسرائیل، تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بە شــــەڕەکە و هێرشـــی ئەم وڵاتە بۆسەر بنکەکانـــی پرۆگرامـــە ناوکییەکانی فۆردۆ و ئیســــفەهان. زنجیرەیەکـــی دیکـــەی پێشـــهاتەکانیش بریتیــن لـــەم هەوڵانەی ئێســـتا لەگۆڕێدان: هەوڵدان بـــۆ ڕێککەوتن لەســـەر ئاگربەســـتێکی نادیار کە تا ساتی نووســـینی ئەم وتارە لـــە ڕواڵەتدا دوو ڕۆژی بەســـەردا تێدەپەڕێ. لەکاتی نووسینی ئەم وتـــارەدا ڕووداوەکە کۆتاییی پـــێ نەهاتووە و بەردەوامـــە. ئەوەیـــش کراوەییەکـــی بە ڕووداوەکە بەخشـــیوە و بەرووی ژمارەیەک ئەگەری دیکـــەدا کردوویەتییـــەوە. ڕەنگە خـــودی ئـــەم ڕووداوە ببێتـــە هەوێنـــی ڕووداوێک یـــان کۆمەڵێـــک ڕووداوی دیکە. گەرچی ئەنجام، لێکەوتە و داهاتووی ئەم ڕووداوە لێڵ و نادیارە، بەڵام ڕووداوەکە تا ئەم ساتە کۆمەڵێک گۆڕانی بنەڕەتیی لە پێکهاتە جیاوازەکاندا دروست کردووە. لەلایەکەوە، پێکهاتەی هێزی ئێران لەم ڕووداوەدا زۆر بە قووڵی لاواز بووە و تا لێواری دارمان ڕۆیشتووە. هێزە تیرۆریستییەکانی سوپای پاسداران، ئەرتەش و توانا سەربازییەکانیان زیانێکی بەرچاویان پێ گەیشتووە. چالاکییە ناوکییەکانی ڕێژیم بۆ ماوەیەکی کاتییش بێت دواکەوتوون. لەلایەکی دیکەیشەوە، ڕێتۆریک و پرۆپاگەندەی هێزی سەربازیی ڕێژیم بەهۆی دەرکەوتنی زیاتری لاوازییە سەربازییەکانەوە زیانێکی بەرچاوی پێ گەیشتووە.

ڕێژیـــم پێش ئەم هێرشـــە بەدەست ژمارەیەک قەیرانـــی ئابـــووری، سیاســـی، مەشـــروعییەت، و قەیرانـــی بەرنامە ناوکییەکـــەی و گرفتەکانی لە پەیوەندییـــە نێودەڵەتییەکانـــی لەگـــەڵ وڵاتانـــی ڕۆژئـــاوادا بەرەورووبـــوو. هەمـــوو ئـــەم قەیرانانـــە لەگـــەڵ ڕووداوی شـــەڕ لەگەڵ ئیســـرائیل قووڵتر بوونـــەوە. هەروەهـــا، ئاماژە ســـەرەتاییەکان دەریدەخـــەن گرفتـــە ناوخۆییەکانـــی نـــاو ئێلیتـــی دەســـەڵاتداریش قووڵتـــر بوونـــەوە؛ لەم نێوەندەیشـــدا خـــودی پێگەی خامەنەیـــی لەناو دەســـەڵاتدا تووشـــی ئالنگاریی زیاتـــر بووەتەوە. لەگەڵ هەموو ئەمانەیشـــدا، هێشـــتا بابەتی گرفتەکانـــی شـــەڕەکە، واتـــە بەرنامـــەی ناوکیـــی ئێـــران، توانای هاژەکی و شـــەڕە پراکســـییەکانی ڕێژیم هەرلەســـەر جێگەی خۆیـــان مـــاون و وەک گرفت چارەســـەر نەکـــراون. تا ئـــەو کاتەی ئـــەم گرفتانە بە شـــێوەیەکی بنەڕەتی چارەســـەر نەکرێن، ئەگـــەری بەردەوامیی شـــەڕەکە و کۆتایی ئاگربەســـەکە ڕۆژ بـــە ڕۆژ زیاتـــر دەبێت. بەردەوامیی ئـــەو گرفتانە ئاســـتی هەرکام لە قەیرانە ناوخۆیـــی و دەرەکییەکانی ڕێژیم قولّتر دەکەنـــەوە و هـــاوکات گومانی زیاتر بـــۆ هەوڵەکانـــی ڕێژیم بۆ وەدەســـتهێنانی چەکـــی ناوکی زیاتـــر دەکەن.

## بزووتنەوەی کوردستان و مامەڵە لەگەڵ ڕووداو

زۆر بەکورتی ئەم ڕووداوە بووەتە هۆی لاوازتربوونی دەسەڵاتی ڕێژیم. بەڵام دەلالەتەکانی لاوازیی ڕێژیم بۆ بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چین؟ وتەیەک لە سیاسەتی کوردستاندا هەیە کە لاوازیی دەسەڵاتی دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان هەمیشە بە قازانجی بزووتنەوەی کوردستان بووە. لەگەڵ درێژبوونەوەی خەبات، لەباری لۆژیکییەوە ئەمە دەبێت زیاتر ڕاست بێت. چونکە جیاوازیی نێوان دەسەڵاتی دەوڵەتە کۆلۆنیالەکان و بزووتنەوەی کوردستان بە تێپەڕینی کات قولّتر بووەتەوە. لە چەند دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکارییەکی فراوان و قووڵ لە تەکنۆلۆژیای سەربازی و هەوڵگریدا

رووی داوە، و دەوڵەتەکان تواناکانی خۆیانیان پێ بەهێز کردووە. بەڵام بزووتنەوەی کوردستان لەم پێشکەوتنانە بێبەش بوون. کەواتە، ئاساییە گەر هاوکێشەی دەوڵەتی لاواز زیاتر لە جاران بەقازانجی بزووتنەوەی کوردستان بێت.

بەڵام سەرەڕای لاوازبوونی ڕێژیمی کۆلۆنیالی ئێران لەگەڵ ڕووداوی شەڕی ئیسرائیل، بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستا هیچ چەشنە ڕەفتارێکی جیاوازی پێوە دیار نەبووە؛ وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت. ئەگەر بەراوردێکی سیاسەتی بزووتنەوەی کوردستان لە دوو قۆناخدا بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە بزووتنەوەی کوردستان لە دۆخی چەقبەستوویی سیاسیدا ماوەتەوە. بۆ نموونە، هیچ جیاوازییەک لەنێوان سیاسەتەکانی بزووتنەوەکە لە شەش مانگ پێش ڕوودانی شەڕی ئیسرائیل و ئێستادا نابینین. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوەیش بکەم کە مەبەستم لە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆی ئەکتەرە سیاسییەکانی مەیدانی سیاسەت لەم پارچەیەی کوردستانە، نەک بە تەنیا حیزبە سیاسییەکان.

بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست چەند گرفتی بنەڕەتییەوە دەناڵێنێت. گرفتێکی ئەم بزووتنەوەیە لاوازی یان نەبوونی پەیوەندییەکی ئۆرگانیک لە نێوان بەشە جیاوازە پێکهێنەرەکانی بزووتنەوەکە دایە. گەرچی زۆرینەی نزیک بە تەواوی بەشە پێکهێنەرەکانی ئەم بزووتنەوەیە، لە حیزب و پارتە سیاسییەکان، ڕێکخراوەکان، ئاکادیمیسیەن و ڕووناکبیران و چالاکوانە سیاسییە ناحیزبییەکان خۆیان بە بەشێک لە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانن، بەڵام پەیوەندییەکی ئۆرگانیک لە نێوانیاندا نییە. تەنانەت زۆر کات ئەرکەکانی بزووتنەوە و بەرپرسیارێتییەکانی بەتەنیا دەخرێنە سەر شانی حیزب و پارتە سیاسییەکان. ئەمەیش هەم دژی بەها دێموکراتیکەکانە و هەم بە زیانی بزووتنەوەیە. دژی بەها دێموکراتیکەکانە، چونکە

دەسەڵاتی ڕەهای بزووتنەوە دەداتە دەست حیزبە سیاسییەکان. دژی بزووتنەوەیە، چونکە دەبێتە هۆی پەرتەوازەیی و لێکدابرانی هێزە جیاوازەکانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. سەرەڕای هەبوونی بۆچوونی جیاواز، دەکرێ هەموو بەشە پێکهێنەرەکانی بزووتنەوەی کوردستان، لەسەر بنەمای پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان لەگەڵ یەکتر هەبێت. مەبەست لە پەیوەندیی ئۆرگانیک ئەوە نییە هەموو کەس ببێتە ئەندامی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، بەڵکوو پەیوەندییەکی دوولایەنە و بەردەوام لەسەر پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لەنێوان ئەم لایەنانەدا هەبێت و هاوکات، هەر لایەنێک سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت و بۆچوونی ڕەخنەگرانەیشی لەسەر لایەنی بەرانبەری هەبێت.

دوو لایەنی گرینگی پێکهێنەری بزووتنەوەی کوردستان، واتە حیزبە سیاسییەکان و ئاکادیمیسیەن و ڕووناکبیرە ناحیزبییەکان، هەرکامیان گرفتێکی ناوگرووپیی خۆشیان هەیە. هیچ کام لەم لایەنانە، لەناو خۆیاندا لەگەڵ یەکتر خاوەن پرۆژە و پەیوەندییەکی پتەوی پرۆژەتەوەر نین. حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی گرفتە پێکهاتەییەکانی ناو حیزبەکانی خۆیان، ئەزموونی شکستخواردووی کاری هاوبەش، نەبوونی متمانە و سەرمایەی کۆمەڵایەتی بۆ کاری هاوبەش و هەروەها کێشەی ئایدیۆلۆژیک توانای پرۆژە و کاری هاوبەشی درێژخایەنیان نییە. ڕووناکبیر و ئاکادیمیسیەنە ناحیزبییەکانیش لەباری سیاسییەوە تا ئێستا پرۆژەیەکی درێژخایەن، تەنانەت لە ئاستی دامەزراندنی ناوەندێکی لێکۆڵینەوەی کارا، یان دەرکردنی ژوورناڵێکییان نەبووە. چاوەڕوانیی دۆخی ئایدیال یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی بزووتنەوەی کوردستانە لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە چەند ئاستێکدا و شێوەدا خۆی دەردەخات. لە ئاستی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا، بەهۆی نیشتەجێبوون لە باشووری کوردستان، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانای چالاکییەکانیان لە دەرەوەی دینامیزمە سیاسییە ناوچەییەکان و بەتایبەت بارودۆخی باشووری کوردستان زۆر زۆر لاواز و سنووردارە. ئەوەیش توانای ئافراندنی دەرفەتی سیاسیی لێ زەوت کردوون و بووەتە هۆی ئەوەی سیاسەتی چاوەڕوانی بۆ دۆخی ئایدیال بگرنەبەر. لە ئاستی ڕوناکبیری و ئاکادیمیسیەنی ناحیزبیدا، ئەم بەشە لە بزووتنەوە زۆر کات ئایدیال تایپێک لە باقیی بەشە پێکهێنەرەکانی بزووتنەوەکە یان داخوازییەکانی بزووتنەوەکە لە دەرەوەی هاوکێشەکانی هێزدا وێنا دەکات و بە کەمتر لەم ئایدیالە ڕازی نییە. لەبەرانبەردا، ئێرانییەکان – سەرەڕای هەموو گرفتەکانیان - لەم بارەیەوە زۆر پراگماتیستانەتر دەڕوانە پێش و بەپێی دۆخ هەلەکان دەقۆزنەوە. ئەمانە بەشێک لە گرفتەکانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن. ئەم گرفتانە وایان کردووە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەک هەر لەکاتی ئاساییدا، بەڵکوو لەکاتی ڕووداوە گرینگ چارەنووسسازەکانیشدا توانای دروستکردنی دەرفەتی سیاسی، یان تەنانەت قۆستنەوەی دەرفەتیشیان زۆر لاواز و سنووردار بێت.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا دوو ڕووداوی سیاسیی گرینگ هەبوون کە تێیاندا بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات تا ڕادەیەکی زۆر دەرفەتی خوڵقاندوو: یەکەمیان ڕاسانی شاخ و شار بوو کە سەرەڕای گەشاندنەوەی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات، بەبێ هیچ ڕاگەیاندنێک کۆتایی پێ هات. دووهەمیان بزووتنەوەی ژینا بوو کە گەرچی لەسەرەتادا ئاستێکی باش لە یەکگرتوویی و هاودەنگیی لەنێو کورددا هەبوو، بەڵام ئەم یەکگرتوویەیش زۆری نەخایاند و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابەش بوون. ڕێک لە بزووتنەوەی ژینا بەملاوە، پاشاخوازە ئێرانییەکان کە پێگەیەکی ئەوتۆی سیاسییان لە کۆمەڵگاکەیاندا نەبوو توانیان هەلەکە بۆ پەرەپێدان بە پێگەی سیاسیی خۆیان لە ناو جوگرافیای سیاسیی ئێراندا بقۆزنەوە. ئەوان هەموو توانا ماددی، میدیایی و مرۆییەکانیان بۆ کاریگەری لەسەر ناوەندەکانی بڕیار لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی خستووەتە گەڕ.

## ئەنجام

لەگەڵ ئەوەیشدا کە ڕووداوە مێژووییەکان دەگمەنن، بەڵام کاریگەرییەکی بنەڕەتییان لەسەر هاوکێشەکانی هێز و دەسەڵات و زۆرینەی پێکهاتەکان هەیە. مێژوو بەرهەمی ڕووداوەکانە، و ڕووداوەکان قابیلی گەڕانەوە بۆ دۆخی پێش خۆیان نین. لەگەڵ ئەوەیشدا کە ڕووداوەکان سنووردارمان دەکەن، هەندێک مەیدانی نوێش بۆ کردە و ئەیجنسیی کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنن. خاڵێکی گرینگی هەر ڕووداوێک - کە کاریگەریی زۆری لەسەر ئاراستە، ئەنجام و تەنانەت ناوەڕۆکی خودی ڕووداوەکە دەبێت - بڕیارەکانن. شەڕی ئیسرائیل و ئێران ڕووداوێکی دەگمەنە کە هێشتایش دەرگاکەی دانەخراوە. ئەم ڕووداوە هێشتا لە دۆخی ڕوودانداییە و بڕیارەکان کاریگەریی لەسەر دادەنێن. ئەگەرەکان، گرێدراوی ڕەفتاری ئەکتەرەکانن: ئاخۆ ڕێژیمی ئێران تەسلیم دەبێت، یان نا درێژە بە سیاسەتەکانی خۆی دەدات و شەڕەکە گەورەتر و فراوانتر دەکات یان بە نهێنی چەکی ناوکی دروست دەکات؛ ئاخۆ، شکستی سەربازیی ڕێژیم و قوڵبوونەوەی قەیرانەکانی دەبنە هۆی دروستبوونی بزووتنەوەیەکی فراوانی

جەماوەری کە ئینقلابێکی لێ بکەوێتەوە -هەروەک بەشێکی بەرچاوی ئینقلابەکان دوای شکست یان ململانێ و شەڕی دەرەکی روویان داوە- ولاتانانی ڕۆژئاوایی چۆن مامەڵە لەگەڵ هەرکام لە ئەگەرەکان دەکەن؛ ئەم بریار و هەڵبژاردنانە و زۆر فاکتەری دیکە، ناوەڕۆک، لێکەوتە و ئەنجامەکانی ئەم رووداوە دیاری دەکەن.

بزووتنەوەی کوردستان، بە هەموو هێزە پێکهێنەرەکانییەوە، تا ئێستا نەیتوانیوە بەپێی گەورەیی و گرینگیی رووداوەکە سیاسەت بکات. لە کاتێکدا کە هیچ کات هێزە دەرەکییەکان هێندەی ئێستا باسیان لە گۆڕینی ڕێژیم نەکردووە، لایەنە پێکهێنەرەکانی بزووتنەوەی کوردستان هەروەک پێش رووداوەکە پرش و بلاو و پەرتەوازەن. ئێستا کاتی وەلانانی ئایدیالەکان و گرتنەبەری سیاسەتی پراگماتیکە، کاتی ئەوەیە هەموو لایەنە پێکهێنەرەکانی بزووتنەوەی رۆژهەلاتی کوردستان لەسەر هەندێک چوارچێوەی گشتی ڕێک بکەون و بە یەکەوە روو لە کۆمەڵگای کوردستان و دونیای دەرەوە بکەن. ئەگەرنا جارێکی دیکەیش شەپۆلی رووداوەکان لەدەرەوەی ویست و ئیرادەی ئێمە لەگەڵ خۆیان دەمانبەن.

## پەراوێزەکان:

١. سوێڵ دوو جۆر کاتێکتیی (Temporality)، میتۆد و تیۆریی زاڵ لە کۆمەڵناسیی مێژوویدا دەستنیشان دەکات کە بریتین لە کاتێتیی غایەتناسانە (Teleological Temporality) و کاتێتیی ئەزموونگەرا (Experimental Temporality). سوێڵ کاتێتی و کۆمەڵناسیی رووداوتەوەر (Eventful Sociology) لە بەرانبەر ئەو دوو تیۆرییەدا دەهێنێتە کایەوە. سوێڵ لە ماوەی چەند ساڵدا، لە کۆمەڵێک وتاردا بەرە بەرە پەرەی بە تیۆرییەکەی خۆی دا و پاشان لە کتێبی "لۆژیکەکانی مێژوو: تیۆریی کۆمەڵایەتی لە گواستنەوە کۆمەڵایەتییەکان"دا بلاوی کردنەوە. لەبەرانبەردا، بۆچوونەکانی سوێڵ ڕەخنەی ئەوەیان لێ گیراوە کە جۆری چوارەمی کاتێتی، واتە کاتێتیی گواستنەوەیی (Transformative Temporality) کە لە لایەن بیرمەندی ئوتریشی-هەنگاریی کارل پۆلانی (Karl Polanyi) جومگبەندی کراوە، لەبەرچاو ناگرێت. چونکە ئامانجی ئەم نووسینە شیکردنەوەی بۆچوونەکانی سوێڵ نییە، ناپەرژێمە سەر ئەم تیۆرییانە. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە سەیری کتێبی "Sewell Jr, William H., and William Hamilton Sewell. Logics of history: Social theory and social transformation. University of Chicago Press, ٢٠٠٥." بکە.

٢. ویلیام سوێڵ جوونییە (William H. Sewell Jr) کوری کۆمەڵناسی ئەمریکی ویلیام سوێڵە (William H. Sewell). لەم نووسینەدا مەبەستی من لە سوێڵ، ویلیام سوێڵ جوونییە-یە؛ واتە ویلیام سوێڵی بچووک یان کور. سوێڵ لە زانکۆی شیکاگۆ پرۆفیسۆری کۆمەڵناسی، زانستە سیاسییەکان و مێژووییە.

٣. Eventful Temporality

## سەرچاوەکان:

Sewell Jr, William H., and William Hamilton Sewell. Logics of history: Social theory and social transformation. University of Chicago Press, ٢٠٠٥.

Sewell, William H. "Historical events as transformations of structures: Inventing revolution at the Bastille." Theory and society ٢٥ (١٩٩٦): ٨٤١-٨٨١.

# «سەرمایە، ناسنامە و خۆبەڕێوەبەری» ڕۆڵی ڕەوەندی کورد لە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

حەسەن قارەمانی

”

گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەیەکی پەراوێزخراوەوە بۆ ناوەندێکی دینامیک بۆ گەشەسەندنی بەردەوام پێویستی بە وەبەرهێنانی ئامانجدار هەیە. ستراتیژیی ئاوەدانکردنەوەیەکی درێژخایەن و کاریگەر دەبێت لەسەر پێنج بواری ستراتیژی بێت: ژێرخانی ئابووری، خوێندنی باڵا و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا، کشتوکاڵ و بازرگانیی بچووک، وزەی نوێبووەوە و گەشتیاری بە گرنگیدانێکی کولتووری و مێژوویی. پێش هەموو شتێک وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووریدا زۆر گرنگە. پەیوەندییە کارایییەکانی ڕێگاوبان، ئاوی پارێزراو و ژێرخانی دیجیتاڵی، بناغەی هەموو چالاکییە ئابوورییەکانی دیکە پێک دەهێنن.

“

ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند دەیە بە پەراوێزخستنی پێکهاتەیی و کەم سەرمایەگوزاریی سیستماتیک تایبەتمەندە. هەربۆیە لە دوای گۆڕانی دەسەڵات و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، پرسی ستراتیژی، ئاوەدانکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گرنگیدان بە سەربەخۆیی ئابووری، نوێبوونەوەی دامەزراوەیی و شوناسی نەتەوەیی پەیوەندیدارە.

خاڵی دەستپێک ئەوەیە کە سەرمایەی دارایی بە تایبەتی لە شێوەی حەواڵە و وەبەرهێنانی ڕەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات، دەتوانێت وەک بەردی بناغە لە پارادایمێکی نوێی گەشەپێداندا بێت. بە بوونی زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کورد لە دەرەوەی وڵات و توانای بەشداریکردنی ئابووری، دەرفەتی ڕاستەقینە بۆ دابینکردنی دارایی ژێرخانی ئابووری و پەروەردە دەرەخسێت. بەڵام سەرمایە بەبێ ئاراستە بەس نییە. دەبێت لەسەر سیاسەتێکی ناسنامەیی ڕەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات لەنگەر بگرێت کە فەرهەنگ و زمان و مێژووی کوردی وەک پێکهاتە بناغەییەکانی هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەر بناسێت.

دوای گۆڕانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، پەنجەرەیەکی مێژوویی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێتەوە کە ئایندەی ئابووری و دامەزراوەیی خۆی دابڕێژێ. هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مێژە لەلایەن دەوڵەتی ناوەندگەرایەوە پەراوێزخراوە و لە ئەنجامدا گەشەنەکردنی پێکهاتەیی و نەبوونی وەبەرهێنان و کەمیی ئۆتۆنۆمیی ئابووریی لێ کەوتووەتەوە. کەواتە کوردستانێکی خۆئاراستەکراوی ئایندە، نەک هەر ئیمتیازێکی ئەخلاقی و سیاسیی بۆ ئاوەدانکردنەوە دەبێت، بەڵکوو دەرفەتێکی کۆنکرێتیی هەیە بۆ کۆکردنەوەی سەرمایەی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ گەشەسەندنی بەردەوام. ڕەوەندی کوردی لە دەرەوە یاریزانێکی ناوەندییە.

بە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کورد لە ڕۆژئاوا دەژین و بە وەبەرهێنانی گریمانەییی ساڵانەی ٥ هەزار دۆلار بۆ هەر تاکێک، دەتوانرێت زیاتر لە یەک ملیار دۆلار لە ساڵێکدا بەرهەم بهێنرێت کە ئەم بڕە پارەیە هاوتایە لەگەڵ یەک لەسەر سێی بودجەی گەشەپێدانی نیشتمانیی ئێران. کوردستان بە بنکەیەکی سەرمایەی لەم شێوەیە دەتوانێت وەبەرهێنان لە کەرتە سەرەکییەکانی وەک ژێرخانی ئابووری، پەروەردە، وزەی نوێبووەوە، کشتوکاڵ، و دیجیتاڵکردندا بکات. بەڵام ئەم دیدە زیاتر لە سەرچاوەی دارایی دەوێت، پێویستی بە دامەزراوەی بەهێز و شەفافیەت و چوارچێوەیەکی درێژخایەن هەیە. پێشنیاری سندووقی گەشەپێدانی کوردستان بە چاودێریی سەربەخۆ، نموونەیەکە بۆ ئەوەی چۆن دەتوانرێت سەرمایە بە شێوەیەکی کاریگەر بگوازرێتەوە. ئەم دیدگایەی گەشەپێدانی خۆئاراستەکراو لەسەر بنەمای خاوەندارێتیی ناوخۆیی و بەرپرسیارێتیی بەکۆمەڵ دامەزراوە ، کە ئاوەدانکردنەوە تەنها پەیوەندیی بە بنیاتنانی ژێرخانەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بە بنیاتنانی متمانە و زانین و باوەڕەوە هەیە لە داهاتوودا.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ئاڵنگاریانە، باس لە ڕۆڵی ڕەوەندی کورد لە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا دەکەین.

## چوارچێوەی تیۆری بۆ بنیاتنانەوەی ئابووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

شیکردنەوەی ئەگەرەکانی بنیاتنانەوەی ئابووری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای گۆڕینی ڕێژیم پێویستی بە چوارچێوەیەکی تیۆریی فرەڕەهەند هەیە کە تێڕوانینەکانی ئابووریی گەشەسەندن

و لێکۆڵینەوەکانی دوای ململانێ و تیۆریی دامەزراوەیی تێکەڵ بکات. بە گوێرەی پۆڵ کۆلییێر و ماتس بێردال، بوژانەوەی ئابووری لە کۆمەڵگاکانی دوای ململانێدا بە توندی وابەستەی ئەوەیە کە چەندە خێرا دامەزراوە شەرعییەکان دادەمەزرێن، هەروەها تا چەند دەتوانرێت سەرچاوەکان بە باشی بگوازرێنەوە بۆ کەرتە بەرهەمدارەکان، بەبێ ئەوەی گەندەڵی دووبارە هەڵبگیرسێتەوە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خۆی لە پەراوێزخستنی سیاسی و ئابووریدا بینییەوە، پێویستی بە چوارچێوەیەکی سیستماتیک دەبێت بۆ بنیاتنانی ئاشتی لە ڕێگەی گەشەپێدانەوە. تیۆریی ئابووریی دامەزراوەیی دۆگلاس نۆرس، گرنگیی دامەزراوە جێگیر و شەفاف و گشتگیرەکان دەخاتە ڕوو کە مافی خاوەندارێتی و دڵنیایی یاسایی و حوکمڕانیی کاریگەر گەرەنتی دەکەن. بەبێ ئەم جۆرە پێکهاتە دامەزراوەییە، تەنانەت بەخشندەترین ڕەوتی وەبەرهێنان، توانای کۆمەڵایەتی-ئابووریی خۆیان لەدەست دەدەن. بۆیە گەشەسەندنی کوردستان نەک تەنها سەرمایە، بەڵکو تەلارسازییەکی دامەزراوەیی دەوێت کە متمانە و لێپرسینەوەی درێژخایەن بکات.
جگە لەوەش، لێکۆڵینەوەکانی هاین دی هاس و ڕاپۆرتەکانی بانکی جیهانی ئاماژە بەو ڕۆڵە چارەنووسسازە دەکەن کە ڕەوەند لە دەرەوە دەتوانێت بیگێڕێت لە دابینکردنی سەرمایە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. زۆرجار حەواڵەکردن و وەبەرهێنانی ڕێکخراوەکانی ڕەوەند لە دەرەوە، سەلماندوویانە کە بەردەوامتر و کەمتر تووشی گەندەڵی دەبن لە چاو یارمەتییەکان، بە تایبەت کاتێک لەگەڵ پابەندبوونی ناوخۆیی و چاودێریکردنی ڕوون تێکەڵ دەکرێن. شیکارییەکانی داڕۆن عەجەمئۆغڵو و ڕۆبنسن بۆ بنیاتنانی نەتەوە، ئامرازی گرنگ بۆ تێگەیشتن لە گەشەی لامەرکەزی دابین دەکات. گەشەپێدانی بەردەوام لەو شوێنانە ڕوودەدات کە مرۆڤەکان خۆیان دەسەڵاتیان بەسەر سەرچاوەکان، دامەزراوەکان و داهاتوویاندا هەیە. بۆ کوردستان ئەمە بە واتای دەرفەتێکە بۆ بنیاتنانی مۆدێلێکی ئابووریی گشتگیر کە لەسەر بنەمای دیموکراسی و بەشداریکردن و خۆبەڕێوەبردن بێت.

## پەراوێزخستنی ئابووریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دۆخێکی پەراوێزخستنی قووڵی ئابووریدایە کە بە پشتگوێخستنی درێژخایەنی دەوڵەت و هەڵاواردنی سیاسی دیارە. سەرەڕای دەوڵەمەندی بە سەرچاوە سروشتییەکان و هەبوونی دانیشتووانێکی گەنج و تەمەنی کارکردن، بە شێوەیەکی سیستماتیک لە ستراتیژییەکانی گەشەپێدانی نیشتمانی دوور خراوەتەوە. بەپێی شیکارییە سەربەخۆکان، کوردستان لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا لە نێوان ٥%-١٠ی کۆی بودجەی گەشەپێدانی ئێرانی وەرگرتووە، سەرەڕای ئەوەی ناوچەکە بەشێکی بەرچاوی جوگرافی و دیموگرافیای وڵات پێک دەهێنێت. لەم ناهاوسەنگییەدا نەک تەنها نادادپەروەریی ئابووری بەڵکوو ئیرادەیەکی سیاسیی ناوەندی ستراتیژیش ڕەنگدەداتەوە بۆ ئەوەی هەرێمەکە بە بێ گەشەسەندن بهێڵێتەوە بە مەبەستی ئەوەی ئۆتۆنۆمی ناوچەیی بێ هیوا بکات.
کەم وەبەرهێنان بە تایبەتی لە سێ کەرتی سەرەکیدا دیارە: ژێرخانی ئابووری، پەروەردە و بازرگانی. تۆڕەکانی ڕێگاوبان، دابینکردنی کارەبا و ژێرخانی ئاو یان

بەسەرچووە یان ناتەواون، ئەمەش هەم جوولەی ناوخۆیی و هەم وەبەرهێنانی دەرەکی سنووردار دەکات. سیستەمی پەروەردە بەدەست کەمیی بودجە و نەبوونی دامەزراوەی خوێندنی باڵا و سنوورداربوونی وانەوتنەوە بە زمانەی کوردییەوە دەناڵێنێت، ئەمەش بنکەی سەرمایەی مرۆیی کە بۆ گەشەکردنی درێژخایەن پێویستە، لاواز دەکات. لە کەرتی بازرگانی کەرتە نافەرمییەکان زاڵن کە بەرهەمهێنانی کەمیان هەیە، زۆرجار پشت بە کشتوکاڵ و بازرگانیی بچووک و حەواڵەکردن لە دەرەوە دەبەستن. پیشەسازی و گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا تا رادەیەکی زۆر شکستی هێناوە.

ئەم هۆکارانە کۆبوونەتەوە بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی ئابووری کە هەم ناسەقامگیرە و هەم ناکارامە، ئەمەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی بێکاری و زیادبوونی کۆچ و هەستکردنێکی قووڵی دوورخستنەوەی ئابووری لەنێو دانیشتواندا. کەواتە شیکردنەوەیەکی واقیعییانە بۆ دۆخی ئێستا پێویستی بەوەیە کە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان نەک وەک سیاسەتی هاوکاری، بەڵکوو وەک راستکردنەوەی پێویست لە نایەکسانیی پێکهاتەیی و هەنگاوی یەکەم بەرەو دادپەروەریی ئابووری و گەشەسەندنی بەردەوام سەیر بکرێت.

## پۆتانسیلی سەرمایە لە ڕەوەندی کورد لە دەرەوەی وڵات:

یەکێک لە سەرچاوە هەرە بەکارنەهێنراوەکان بەڵام لە ڕووی ستراتیژییەوە چارەنووسسازترین سەرچاوە بۆ گەشەسەندنی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، سەرمایەی ئابوورییە کە ڕەوەندی کوردی نوێنەرایەتیی دەکات. بەهۆی ئەوەی نزیکەی ٢٠٠ هەزار کوردی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوا نیشتەجێن، بە پلەی یەکەم لە ئەورووپا و ئەمریکای باکوور، دەرفەتێکی بەرچاو هەیە بۆ کۆکردنەوەی وەبەرهێنانی ڕێکخراو لەلایەن ڕەوەندی کوردییەوە لە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەدا. گریمانەی ئەوەی هەر تاکێک ساڵانە بە تێکڕا ٥٠٠٠ دۆلار وەبەرهێنان دەکات، دەبێتە هۆی ڕۆیشتنی سەرمایەی ئەگەری ساڵانە یەک ملیار دۆلار. بۆ ئەوەی ئەمە بخەینە چوارچێوەیەکەوە، کۆی بودجەی گەشەپێدانی دەوڵەتی ئێران لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا کەمتر لە ٣ ملیار دۆلار بووە لە ساڵێکدا. ئەمەش بەو مانایەیە کە کوردستان بە تەنیا بە کۆکردنەوەی سەرچاوەکانی ڕەوەندی کوردی، لە ڕووی تیۆرییەوە دەتوانێت یەک لەسەر سێی بودجەی تەواوی گەشەپێدانی نیشتمانی بەرهەم بهێنێت، بەبێ ئەوەی پشت بە پارەی حکومەت لە تارانەوە یان یارمەتییە دەرەکییە نادیارەکان ببەستێت.

بەڵام بۆ بەدیهێنانی ئەم توانایە، داهێنانی دامەزراوەیی و میکانیزمی دروستکردنی متمانە پێویستە. پێشنیارێکی کۆنکرێتی بریتییە لە دامەزراندنی سندووقێکی گەشەپێدانی کوردستان، سندووقێکی سەربەخۆ کە بە شێوەیەکی پیشەیی بەڕێوەدەبرێت و مەرجەکانی شەفافیەت و چاودێریکردنی دیموکراسی و پابەندبوون بە ڕاپۆرتکردن بۆ ڕێکخراوەکانی ڕەوەند و پێکهاتە ناوخۆییەکان ڕەچاو دەکات. سندووقێکی لەو جۆرە دەتوانێت هەم وەک ناوەندێکی دارایی و هەم وەک ئامرازێک بۆ پلاندانانی کۆمەڵایەتیی درێژخایەن بێت، کە وەبەرهێنانەکان ئاراستەی کەرتە ستراتیژییەکانی وەک وزە، پەروەردە، بزنسە بچووکەکان و ژێرخانی تەکنەلۆژیا دەکرێت.

بە تێکەڵکردنی سەرمایەی دارایی لەگەڵ بەشداریکردنی سۆزداری و سەربەخۆییی

کولتووری، ڕەوەندی کوردی دەتوانێت ببێتە کاتالیستێک بۆ سەربەخۆیی ئابووری و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتیی کوردستان، مۆدێلێک بۆ گەشەپێدانی دوای ململانێ کە خاوەندارێتیی ناوخۆیی لەگەڵ پشتیوانیی جیهانیدا یەک دەخات.

## ناوچە ستراتیژییەکانی وەبەرهێنان بۆ گەشەسەندنی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەیەکی پەراوێزخراوەوە بۆ ناوەندێکی دینامیک بۆ گەشەسەندنی بەردەوام پێویستی بە وەبەرهێنانی ئامانجدار هەیە. ستراتیژیی ئاوەدانکردنەوەیەکی درێژخایەن و کاریگەر دەبێت لەسەر پێنج بواری ستراتیژی بێت: ژێرخانی ئابووری، خوێندنی باڵا و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا، کشتوکاڵ و بازرگانیی بچووک، وزەی نوێبووەوە و گەشتیاری بە گرنگیدانێکی کولتووری و مێژوویی.

پێش هەموو شتێک وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووریدا زۆر گرنگە. پەیوەندییە کاراییەکانی ڕێگاوبان، ئاوی پارێزراو و ژێرخانی دیجیتاڵی، بناغەی هەموو چالاکییە ئابوورییەکانی دیکە پێک دەهێنن. بەدیجیتاڵیکردن نەک هەر ڕێگە بە دەستڕاگەیشتن بە بازارە جیهانییەکان دەدات، بەڵکوو حوکمڕانی و پەروەردە و داهێنان بەهێز دەکات.

دووەم بواری سەرەکی بریتییە لە خوێندنی باڵا و پەرەپێدانی تەکنەلۆژیا. کوردستان بە دامەزراندنی زانکۆی تەکنیکی و سەنتەری توێژینەوە و ناوەندەکانی داهێنان، دەتوانێ ئابوورییەکی زانستی بزوێنەر دروست بکات کە هەم گەنجانی ناوخۆ و هەم کەسانی خوێندەواری بەرز لە ڕەوەنددا بۆ لای خۆی ڕابکێشێت.

کشتوکاڵ و پیشەسازیی بچووک توانای دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک و ڕەخساندنی هەلی کاریان هەیە، بەتایبەتی لە ناوچە گوندنشینەکان. بە پشتیوانیی بزنسە بچووکەکان، دەتوانرێت سەرچاوە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی کارا بەکاربهێنرێت و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بەهێزتر بکرێت.

هەروەها کەشوهەوای کوردستان دەرفەت بۆ وزەی نوێبووەوە بە تایبەت وزەی خۆر و با دەڕەخسێنێت. وەبەرهێنان لێرە نەک تەنها پێداویستییەکانی وزەی ناوخۆیی دابین دەکات، بەڵکوو هەناردەکردن بۆ ناوچەکانی دیکەش مسۆگەر دەکات.

گەشتوگوزار، بە گرنگیدان بە کولتوور و مێژوو و سروشتی کورد – دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات. لە ڕێگەی گەشەپێدانی گەشتیاریی بەردەوام و ڕەگداکوتاوی ناوخۆییەوە، دەتوانرێت کوردستان وەک شوێنێکی نوێ و ئارام و دەوڵەمەند لە ڕووی کولتوورییەوە بخرێتە سەر نەخشەی جیهانی.

## هاوسەنگکردنی پێداویستییە بودجە سەرەتاییەکان، گەشەکردن و سەلماندنی داهاتوو

بۆ زۆرترین کاریگەریی سەرمایەی پۆتانسێلی ڕەوەندی کوردی لە دەرەوەی وڵات کە ساڵانە بە یەک ملیار دۆلار مەزندە دەکرێت، پێکهاتەی بودجەی هاوسەنگیی ستراتیژی و جیاوازیی کەرتەکان پێویستە. لە خوارەوە مۆدێلێک پێشنیار کراوە کە پێداویستییە دەستبەجێییەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ ئامانجە درێژخایەنەکانی گەشەپێدان تێکەڵ دەکات.

گەورەترین پشک، ٪۲۵ (۲۵۰ ملیۆن دۆلار)، پێویستە بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی تەرخان بکرێت، لەوانەش تۆڕەکانی ڕێگاوبان، دابینکردنی ئاو و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییە سەرەتاییەکان. ژێرخان،

پێشمەرجێکی پێویستە بۆ وەبەرهێنان و جووڵە و یەکگرتنی ئابووری.
بۆ خوێندن و تەندروستی ٢٠% (٢٠٠ ملیۆن دۆلار) تەرخان کراوە. ئەمەش گوزارشت لە گرنگیی سەرمایەی مرۆیی دەکات وەک بزوێنەری گەشەپێدان. وەبەرهێنان لە قوتابخانە و زانکۆ و چاودێریی تەندروستیی سەرەتایی، بناغەیەکی بەهێز بۆ هەردوو خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنان دروست دەکات.
پشتگیریی بازرگانیی بچووک ١٥% (١٥٠ ملیۆن دۆلار) وەربگرێت. ئەم کەرتە دامەزراندن و داهێنانی ناوخۆیی دەباتە پێشەوە، بە تایبەت لە ئابووریی نافەرمی و کارگێریی ژنان. قەرزی بچووک و بازرگانی دەتوانن ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن.
کشتوکاڵ و بەڕێوەبردنی ژینگە ١٠% (١٠٠ ملیۆن دۆلار)ی بۆ تەرخان کراوە. ئەمەش خۆبژێوی، گونجانی کەشوهەوا و گەشەپێدانی گوندەکان بەهێز دەکات؛ بە تایبەتی لەو ناوچانەی بەهۆی وشکەساڵی و کەمبوونەوەی سەرچاوەکانەوە کاریگەرییان لەسەرە گرنگە.
بۆ گواستنەوەی وزە ١٠% (١٠٠ ملیۆن دۆلار) تەرخان کراوە. وەبەرهێنان لە وزەی خۆر و بادا، پشتبەستن بە سەرچاوە دەرەکییەکانی وزە کەم دەکاتەوە و بەردەوامیی بەرەوپێش دەبات.
بۆ گەشتیاری و کەرتی ڕۆشنبیری ١٠% (١٠٠ ملیۆن دۆلار) بە ئامانجی پێشخستنی میراتی کولتووری و ناسنامە و بینینی نێودەوڵەتی.
لە کۆتاییدا، ١٠% (١٠٠ ملیۆن دۆلار) بۆ بەدیجیتاڵیکردن کە فراوانکردنی باند، حکوومەتی ئەلیکترۆنی و پەروەردەی دیجیتاڵی لەخۆ دەگرێت بۆ پێکهاتە سەرەکییەکانی ئیدارەیەکی مۆدێرن و گشتگیر و شەفاف.

## بەهێزکردنی توانای دامەزراوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی بەردەوام و ڕەوا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەک تەنیا سەرچاوەی دارایی، بەڵکوو لە سەرووی هەمووشیانەوە دامەزراوەی بەهێز و خۆئاراستەکراوی خاوەن توانای ئیداریی بەرز و یەکپارچەیی پیشەیی دەوێت. بەبێ هێزی دامەزراوەیی، هەوڵەکانی گەشەپێدان، مەترسیی لەدەستدانی هەم کاریگەری و هەم متمانەی جەماوەری لەسەرە. بۆیە پێویستە دروستکردنی دامەزراوەی بەهێزی کوردی، هاوتەریب لەگەڵ وەبەرهێنان لە ژێرخان و کەرتەکانی بەرهەمهێناندا لە پێشینەی کارەکاندا بێت.

## مەترسی و ئاڵنگارییەکانی ئاوەدانکردنەوەی ئابووری و دامەزراوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای دیدگایەکی بەهێزی ئاوەدانکردنەوە و گەشەسەندنی ناوچەیی، ڕووبەڕووی چەندین مەترسیی پێکهاتەیی و سیاسی دەبێتەوە کە دەتوانێت هەم کاریگەری و هەم شەرعییەتی پرۆسەی گەشەپێدان تێک بدات. ئەم مەترسییانە دەبێت پێشوەختە دەستنیشان بکرێن و بە هەردوو پلانی ستراتیژی و ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوەی دامەزراوەیی، چارەسەر بکرێن.
یەکێک لەو ئاڵنگارییە هەرە بەرجەستانە، گرژییە سیاسییەکان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی لە تاران دەبێت. ئەمەش دەتوانێت لە گەمارۆی ئابووری، تێکدانی کارگێری، یان تەنانەت ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوەی توندوتیژدا خۆی دەربخات. سیناریۆیەکی لەم شێوەیە پێویستی بە نێوەندگیریی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسیی ناوچەیی و ئەرکی جەماوەریی بەهێز لە کوردستان هەیە.

ئاڵنگاریی دووەم مەترسیی سیستماتیکی گەندەڵییە، بەتایبەتی ئەگەر سندووقەکانی ئاوەدانکردنەوە بەبێ شەفافییەت و چاودێرییەکی پێویست بەڕێوەببرێن. لە غیابی سیستەمی وردبینیی کاریگەر و دامەزراوە سەربەخۆکاندا، مەترسییەکی نزیک هەیە کە سەرچاوەکان بە شێوەیەکی خراپ بەکاربهێنرێن یان خراپ بەکاربهێنرێن، ئەمەش دەتوانێت بە خێرایی هەم متمانەی ڕەوەند و هەم بڕوای دانیشتووانی ناوچەکە لە داهاتوودا تێک بدات. بۆیە دروستکردنی لێژنەیەکی وردبینی سەربەخۆ، بودجەی کراوە و چاودێریکردنی گشتیی دیجیتاڵی زۆر گرنگە.

ڕێگریکـــردن لەم مەترســـییانە پێویســـتی بە ڕێبازێکی گشـــتگیر هەیـــە: تێکەڵکردنی حوکمڕانیـــی باش، پێکهاتەکانی ســـەروەریی یاســـا و سیاسەتی گەشەســـەندنی گشتگیر، کلیلی گۆڕینی هەڕەشـــەکان بـــۆ دەرفەت. هەنگاوی یەکـــەم دامەزراندنی خۆبەڕێوەبەریی کوردییـــە لەگـــەڵ دامـــەزراوە کاراکان بۆ پلاندانان و بودجە و چاودێری و یاســـادانان. ئـــەم دامەزراوانـــە پێویســـتە کارمەنـــدی شـــارەزایان هەبێـــت، باشـــترە ئەزموونـــی نێودەوڵەتـــی و ڕەگ و ڕیشـــەی ناوخۆییيان هەبێت. بنەمایەکی دامەزراندنی شایســـتەیی دڵنیایی دەدات لەوەی ڕەچاوکردنی سیاســـی، بەڕێوەبردنی پیشـــەیی تێـــک نادات.

بۆ دڵنیابوون لە شـــەفافییەت و لێپرسینەوەی دارایی، پێویستە دەســـەڵاتێکی سەربەخۆی وردبینـــی دروســـت بکرێت. پێویســـتە ئەم دەزگایـــە وردبینی لە خەرجیيە گشـــتیيەکان بـــکات، دڵنیابێت لە بەکارهێنانی دروســـتی ڕەوەنـــد و پـــارەی هاوکارییـــەکان و وەک پارێزەرێک لـــە بەرانبەر گەندەڵیـــدا مامەڵە بکات. دامەزراوەیەکی لەم شـــێوەیە متمانەی وەبەرهێنـــەران زیاد دەکات و شـــەرعییەتی دیموکراســـی بەهێز دەکات.

جگە لەوەش، هاوبەشـــی ســـتراتیژی لەگەڵ ئەکتـــەرە نێودەوڵەتییەکانی وەک UNDP، OECD و بانکـــی نێودەوڵەتی، کە دەتوانن بەشداری لە پشـــتیوانی تەکنیکی، پراکتیکی بـــاش و شـــارەزایی دامەزراوەیـــی بکەن. هەروەها ڕاوێـــژکارە نێودەوڵەتییەکان دەتوانن یارمەتیدەر بـــن لە دارشـــتنی چوارچێوەی ڕێکخراوەیی، چاکســـازی لە کەرتی گشـــتی و ئەنجامدانی هەڵســـەنگاندنی کاریگەرییەکان. زۆرجـــار ڕەهەنـــدی دامەزراوەیـــی ئەوەیە کـــە جیاوازی لـــە نێـــوان ئاوەدانکردنەوەی کورتخایـــەن و گەشەســـەندنی درێژخایەندا دروســـت دەکات. بۆیە پێویســـتە ئیدارەی ئاینـــدەی کـــوردی، بنیاتنانـــی توانـــای دامەزراوەیـــی بخاتـــە ناوەنـــدی دیدگای سیاســـی و ئابووریـــی خۆیەوە.

## بەرەو ئاییندەیەکـــی خۆبەڕێوەبەری و بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان

ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان لەبـــەردەم دەرفەتێکـــی مێژووییدایـــە بـــۆ پێناســـەکردنەوەی داهاتـــووی ئابـــووری و سیاسیی خـــۆی لـــە دوای کۆماری ئیسلامی، ئـــەم پۆتانســـیلە خەونێکـــی یۆتۆپیایـــی نییـــە، بەڵکـــوو واقیعێکـــی ســـتراتیژییە کـــە لـــە ســـەرچاوە مرۆیـــی و کولتـــووری و داراییەکانـــی ناوچەکـــەدا زەمینەســـازی کـــراوە. کوردســـتان بـــە دیدگایەکـــی دروســـت و توانـــای جێبەجێکـــردن دەتوانێـــت لـــە پەراوێزخســـتنەوە بـــەرەو بـــوون بـــە مۆدێلێـــک بـــۆ گەشەســـەندنی دیموکراســـی و گشـــتگیر و بـــەردەوام لـــە ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا هەنـــگاو بنێـــت.

یەکێک لە ســـەرمایە هەرە چارەنووسسازەکان لـــەم چوارچێوەیەدا، ســـەرمایەی ئابووری و فیکریـــی ڕەوەندی کورد لـــە دەرەوەی وڵاتە. ڕەوەنـــدی کورد لـــە ڕۆژئاوا کە بـــە زیاتر لـــە ٢٠٠ هەزار کـــەس مەزنـــدە دەکرێت، بزوێنەرێکـــی بەهێـــز بـــۆ وەبەرهێنـــان و گواســـتنەوەی تەکنەلۆژیـــا و بنیاتنانـــی

توانای دامەزراوەیی پێک دەهێنێت. لە ڕێگەی میکانیزمی ستراکتۆر و شەفافەوە وەک سندووقی گەشەپێدانی کوردستان دەتوانرێت ئەم سەرمایەیە بە شێوەیەک کۆ بکرێتەوە کە بەهای درێژخایەن و ڕەگی ناوخۆیی دروست بکات.
وەدیهێنانی ئەم دیدە پێویستی بە سێ پایە هەیە: دامەزراوەی بەهێز، دیسیپلینی دارایی و خاوەندارێتیی ناوخۆیی. ئەو دامەزراوانەی بە شایستەیی، شەفافییەت و لێپرسینەوە تایبەتمەندن، بناغەی متمانە و حوکمڕانیی کاریگەر دابین دەکەن. پێکهاتەیەکی بودجەی بەڵام نەرم و نیان، دڵنیایی دەدات لەوەی سەرچاوەکان بە شێوەیەکی ستراتیژی تەرخان دەکرێن، لە کاتێکدا بەشداریکردنی فراوانی جەماوەری لە بڕیاردان، شەرعییەت و بەردەوامی دروست دەکات.
بەم پێیە کوردستان توانای ئەوەی هەیە ببێتە مۆدێلێک بۆ ئاوەدانکردنەوە و دیموکراسی، ناوچەیەک کە چارەنووسی نەتەوەیی لەگەڵ هاوکاریی جیهانیدا تێکەڵ کراوە. ڕێگاکە ئاڵۆزە، بەڵام ئامانجەکە لە دەستیدایە.

## سەرچاوەکان


* نۆرس، دی.سی.(١٩٩٠). دامەزراوەکان، گۆڕانی دامەزراوەیی و ئەدای ئابووری..
ئاسیمۆگلو، دی.، و ڕۆبنسن، ج.ئە. (٢٠١٢). بۆچی گەلان شکست دەهێنن: سەرچاوەی دەسەڵات و خۆشگوزەرانی و هەژاری..
* وەبەرهێنان و حەواڵەی ڕەوەند
دی هاس، هـ (٢٠٠٥). کۆچی نێودەوڵەتی و حەواڵە و گەشەپێدان: ئەفسانە و ڕاستییەکان. چارەگی جیهانی سێیەم، ٢٦(٨)، ١٢٦٩–١٢٨٤.
بانکی نێودەوڵەتی (٢٠٢٣). کورتەیەک لە کۆچ و گەشەپێدان ٣٨: حەواڵەکردن بە ڕێژەی ٥% لە ساڵی ٢٠٢٢ گەشە دەکات.
www.worldbank.org
* بنیاتنانی نەتەوە و گەشەپێدانی ناوخۆیی
بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (٢٠٢٢). حوکمڕانیی ناوخۆیی و گەشەپێدانی ئابووری لە شوێنەکانی دوای ململانێ. بەرنامەی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان.
* پەراوێزخستنی ئابووری و بودجەی گەشەپێدان لە ئێران
ناوەندی ئاماری ئێران (٢٠٢٣). ڕاپۆرتی ساڵانەی بودجە.
ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (٢٠٢١). هەڵاواردن لە دژی کەمینە نەتەوەییەکان لە ئێران.
تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان (KHRN). (٢٠٢٣). کەمتەرخەمی و نایەکسانی لە کوردستانی ئێران.

# ئێران؛ وڵاتێکی دەوڵەمەند و خەڵکێکی هەژار

**ئەمین عەبدی**

بوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی قۆرغکراو بەو مانایە نییە کە دەسەڵاتداران هەوڵی گەشەی ئابووری نادەن، بەڵکوو هۆکارەکەی ئەوەیە کە گەشەی ئابووری، پێویستیی بە داهێنانی نوێ هەیە، کە ئەمەش دژی بەرژەوەندیی ئەو تاک وگرووپانەن کە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە. لە سیستەمە دیکتاتۆرەکاندا، بەرژەوەندیی شەخسی و سیاسی کەسانی سەربە دەسەڵات لە پێش بەرژەوەندیی گشتییەوەیە. لەم سیستەمەدا، مافی خاوەندارییەتیی تاکەکانی کۆمەڵگە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە کەسەکان هەڵوێستییان لەسەر دەسەڵاتداران چییە. واتە ئەگەر هەر تاکێک یا گرووپێک لە کۆمەڵگە، دژی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی وڵات بێت، ئەوە ماڵ و سەرمایەکانیان دەکەوێتە مەترسییەوە و دەوڵەت بە بیانووی جۆراوجۆر دەست بەسەر سەروەت و سامانیاندا دەگرێت.

*بۆچی زیاتر لە ٣٠% ی خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، لەکاتێکدا ئەو وڵاتە لە ڕووی سەرچاوەی سروشتییەوە، یەکێکە لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان؟*

## دەستپێک:

ئێران وڵاتێکە نەک هەر خاوەنی گەورەترین یەدەگی نەوت و گازە لە جیهاندا، بگرە لە ئاستی کانزا وسەرچاوە سروشتییەکانی ترەوە بە پێنجەمین وڵاتی دەوڵەمەندی جیهان هەژمار دەکرێ و خاوەنی ٢٧ تریلۆن دۆلارە .[1] هەروەها لە ڕووی یەدەگی گازەوە، دووەمین وڵاتی گەورەی جیهانە. لە ڕووی نەوتیشەوە خاوەنی سێیەمین یەدەگی گەورەی نەوتی جیهانە. ئەمە وێرای بوونی چەندین کانگا و کانزای بەکەڵکی وەک زێڕ، ئاسن، فۆسفات، یۆرانیۆم و دەیانی تر لەو وڵاتە. [2]
بەڵام لەپاڵ ئەو هەموو سەرچاو سروشتییانەدا، ڕێژەی بێکاری، هەژاری، نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، نەبوونی خۆشبژێوی و گەشەی ئابووری بەرۆکی خەڵکی ئەو وڵاتەی گرتووە و وەزاڵەی هێناون.

ئەمەش بۆخۆی هەم جێگای پرسیارە و هەمیش جێگای تێڕامانە کە چۆن دەبێ وڵاتێک بەو هەموو دەوڵەمەندییەوە، خەڵکەکەی بەو شێوەیە بژین. داخۆ هۆکاری سەرەکیی کێشەکانی سەرەوە دەبێ چی بێت؟

بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، هەوڵ دەدەم لەم بابەتەدا هەم لە ڕێگای تیۆریی زانستییەوە و هەمیش بە کەڵکوەرگرتن لە کۆمەڵێک فاکتەوە، هۆکاری پشت نەهامەتییەکانی گەلانی ئێران ڕوون بکەمەوە.

بابەتەکەم دوای دەستپێکەکەی، بە تیۆری دەست پێ دەکات، پاشان بەکورتی باسی پێکهاتەی سیستەمی سیاسی و ئابووری لە ئێراندا دەکەم. دواتر بە وردی و لە برگەی کۆتاییی بابەتەکەدا، تیشک دەخەمە سەر دۆخی هەژاری، ڕێژەی بێکاری، هەڵاوسانی ئابووری، بێکارەبایی و بێئاوی لەو وڵاتە. لە دوایین بەشی بابەتەکەدا، گەشەی ئابووریی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و چینی ئێستا و دۆخی بژێوی ژیان لە کۆریای باکوور و باشوور لەگەڵ یەکدا بەراورد دەکەم. هەروەها ئاوڕێکی کورت لە دۆخی ئابووریی بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی و جیاوازیی سەروەریی یاسا لە نێوان تورکیا و ئەمریکا دەدەمەوە. پاشان پێشنیارێک بۆ ڕێگاچارەی بەردەم گەلانی ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ ڕزگاربوونیان لەم دۆخە نالەبارە ئابوورییەی ئێستادا، دەخەمە ڕوو.

## تیۆری:

( ئەسیمئۆغلو) و (ڕۆبینسن)، دوو ئابووریناسن، کە ساڵی٢٠٢٤ی زایینی خەڵاتی نۆبڵیان لە بەشی ئابووری وەرگرت، ئەوان پێیان وایە دامەزراوەکان و سیستەمی سیاسی و ئابووریی وڵاتان، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئاستی بژێو، گەشەی ئابووری، خۆشبژێوی، هەژاری و بێکاریی خەڵک هەیە.
ئەوان هەموو ئەو بیرۆکانەیان ڕەد کردەوە، کە پێشتر باسیان لەوە دەکرد هەڵکەوتەی جۆگرافیایی و کولتووری، کاریگەرن و هۆکاری دەوڵەمەندی و خۆشبژێویی هەندێک وڵاتن، لە چاو هەندێکی دیکە. ئەوان پێیان وایە، ئەوەی وا دەکات خەڵک لە هەندێک وڵات بژێوی ژیانیان و خۆشبژێوییان باشتر بێت بەراورد لەگەڵ خەڵکی هەندێک وڵاتی تر کە بەدەست هەژاری و بێکاری و بێبەشییان لە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانەوە دەناڵێنن، پەیوەندیی بە بوونی دامەزراوە

و شێوەی سیستەمی سیاسی و ئابووریی ئەو وڵاتانەوە هەیە. ئەوان ئەو سیستەم و دامەزراوانە بەسەر دوو بەرەدا دابەش دەکەن.

## The inclusive political and economic institutions
## (دامەزراوە سیاسی و ئابوورییە گشتگیرەکان)

**سیستەمی دیموکراسی:** ئەوان پێیان وایە، ئەو وڵاتانەی ئاستی بژێویی ژیان و خۆشبژێویی خەڵکەکەیان لەسەرێیە، خاوەنی دامەزراوە و سیستەمی سیاسی و ئابووریی کراوە و دیموکراتیکن، کە تێیدا هەموو هاووڵاتییان بەبێ جیاوازی، دەتوانن بەشداری لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بکەن. لەو سیستەمەدا، هەموو هاووڵاتییان مافی خاوەندارێتیی کەسێتی و ئازادیی ڕادەربڕینیان پارێزراوە. هاوکات هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە دەتوانن بەشداری لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بکەن.

لەم سیستەمەدا، نابێ کەس لەسەر ڕەخنەگرتن لە کەموکوڕییەکانی دەسەڵات یا خستنەڕووی ڕاستییەکان، تووشی ترساندن (تۆقاندن) و کێشەی یاسایی ببێتەوە، بە تایبەت میدیاکاران، کە ڕۆڵی چاودێرییان بەسەر دەوڵەتەوە هەیە.

هەروەها ئەرکی دەوڵەتە کە سیستەمی خوێندن، لەشساغی و هەموو ئەو دامەزراوانەی پەیوەندییان بە باشترکردنی دۆخی خەڵکەوە هەیە، دابین بکات. سیستەمی خوێندن، دەبێ بە جۆرێک بێت، هاووڵاتییان بە پێی توانایی خۆیان و مەیلی خۆیان، لەو بەشانەی پێیان خۆشە، بخوێنن. لە هەمان کاتیشدا ئەرکی دەوڵەتە کە بۆ باشترکردنی ڕەوشی تەندروستیی هاووڵاتییان، نەخۆشخانە و شوێنگەلی تایبەت، بە کوالێتیی بەرز دابین بکات.

## دامەزراوە ئابوورییەکان و بازاڕی ئازاد

لە ئاستی ئابووریدا وڵات ئابوورییەکی کراوەی هەیە و هەموو ئەو کەسانەی لە توانایاندایە کاری بازرگانی بکەن، دەبێ بەبێ دروستکردنی لەمپەر و لە کەشێکی ئازاددا کێبەرکێی یەکتر بکەن. بە کورتی تەنیا شتێک کە دەبێ وەک پێوەر چاوی لێ بکرێ، تواناییی کەسەکانە، نەک پلەوپایەی دەوڵەتی، بنەماڵەیی و پەیوەندیی دۆستایەتی یا هەر شتێکی تر.

لەم سیستەمە ئابوورییەدا هەموو کەسێک دەتوانێ بە پێی لێهاتوویی خۆی و بیری نوێ و ڕۆڵی کاریگەری لە داهێنان، پێگەی خۆی لە کۆمەڵگادا بدۆزێتەوە. بە گشتی ئابووریی وڵات لە خزمەت هەموو هاووڵاتییانە و هەموویان وەک یەک و بێ جیاوازی دەتوانن سەرمایە و تواناکانی خۆیان لەباشترکردنی ئابووریی وڵاتدا بە کار بهێنن. (هەمان سەرچاوە)

## Extractive and inclusive political institutions
## دامەزراوە سیاسی و ئابوورییە داخراوەکان/ دیکتاتۆرەکان
## سیستەمی دیکتاتۆری

لەم سیستەمە سیاسییەدا تاکێک یا کۆمەڵە خەڵکێکی دیاریکراو، لە پێناوی مانەوەی خۆیان لە دەسەڵات، هەوڵ دەدەن هەموو دەسەڵات و جومگە گرنگەکانی وڵات، وەک ئابووری، نیزامی، دەستگای زانیاری، یاسا و پەروەردە.. تاد، قۆرغ بکەن. واتە بەجۆرێک بێت لە خزمەت مانەوەی خۆیاندا بێت. بە واتایەکی تر هەوڵ دەدەن دەسەڵات و سەروەت و سامانی وڵات تەنیا لە بەرژەوەندیی تاقمێکی کەمدا بێت و باقیی کۆمەڵانی خەڵک لێی بێبەش بن. ئەوان هەر هەوڵێک بۆ کرانەوەی ئابووری

و بەشداریی خەڵکی ئاسایی لە بازرگانی و دەستڕاگەیشتن بە سەروەت و سامانی وڵات ڕەد دەکەنەوە. چونکە پێیان وایە بوونی کەسانی تر جگە لەوانەی کە وەک خۆیان بیر دەکەنەوە، مەترسییە بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان. هەروەها بەبێ دەستبەسەراگرتنی ئەو جومگانەی سەرەوە، مانەوەی خۆیان لە دەسەڵات بە مەحاڵ دەزانن. پێچەوانەوەی ئەمەش ڕاستە. واتە بەبێ بوونی سیستەمێکی سیاسیی داخراو، ئەوە بەردەوامیی دەستڕاگەیشتن بە ئابووریی داخراو، ئیمکانی نییە.
ئەوان ڕوونی دەکەونەوە کە بوونی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی قۆرغکراو بەو مانایە نییە کە دەسەڵاتداران هەوڵی گەشەی ئابووری نەدەن، بەڵکوو هۆکارەکەی ئەوەیە کە گەشەی ئابووری، پێویستیی بە داهێنانی نوێ هەیە، کە ئەمەش دژی بەرژەوەندیی ئەو تاک وگرووپانەن کە دەسەڵاتیان بە دەستەوەیە. لە سیستەمە دیکتاتۆرەکاندا، بەرژەوەندیی شەخسی و سیاسی کەسانی سەربە دەسەڵات لە پێش بەرژەوەندیی گشتییەوەیە. لەم سیستەمەدا، مافی خاوەندارێتیی تاکەکانی کۆمەڵگە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە کەسەکان هەڵوێستییان لەسەر دەسەڵاتداران چییە. واتە ئەگەر هەر تاکێک یا گرووپێک لە کۆمەڵگە، دژی سیاسەتی دەسەڵاتدارانی وڵات بێت، ئەوە ماڵ و سەرمایەکانیان دەکەوێتە مەترسییەوە و دەوڵەت بە بیانووی جۆراوجۆر دەست بەسەر سەروەت و سامانیاندا دەگرێت. بەپێچەوانەوە لە ژێر دەسەڵاتی سیستەمێکی دیموکراتیکدا، دەوڵەت ناتوانێ بەبێ ئیزنی دادگا (هەڵبەت دادگاکان سەربەخۆن و لە ژێر کاریگەریی هیچ هێزێکدا نین) دەست بەسەر موڵک و ماڵی هاووڵاتییاندا بگرن.

بە بۆچوونی ئەم دوو کەسە لەوەها سیستەمێکدا کە ئازادیی سیاسی نەبێ و کۆمەڵانی خەڵک بە شێوەیەکی یەکسان دەرفەتی ئەوەیان پێ نەدرێ کە لە کایەی ئابووریی وڵاتدا بەشدار بن و مافی خاوەندارێتییان لە مەترسیدا بێ، ئەوە وڵات لە گەشەی ئابووری دوا دەکەوێ و سیستەمی ئابووریی ئەو وڵاتەش هەردەم ناجێگیر دەبێت. لە هەمان کاتیشدا بە هۆی بەشداری نەکردنی زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگە، بیری نوێ و داهێنان لەو وڵاتە بەکەمی دەردەکەوێت.
ئەوان ئاماژە بەوە دەکەن بە هۆی ئەم سیاسەتەوە وڵات تووشی قەیرانی هەژاری، بێکاری، نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، نەبوونی خۆشبژێویی گشتی دەبێت. ئەمە جگە لەوەی لەو وڵاتە دیاردەی گەندەڵی سەر هەڵدەدات، بە تایبەت ئەگەر ئازادیی میدیا لە ئارادا نەبێت. هەروەها پێیان وایە، لە کۆتاییشدا سیستەمی سیاسی و ئابووریی وڵات، تووشی لەبەریەک هەڵوەشانەوە دەبێت.[٣]

## گریمانە

بەپێی ئەم تیۆرییە و ئەو زانیارییانەی لەسەر سیستەمی سیاسی و ئابووریی ئێراندا هەیە، مەزنەدەی ئەوە دەکەم کە ڕێژەی هەژاری، بێکاری، هەڵاوسانی ئابووری، گەندەڵی و نادادپەروەریی سیاسی لە ئێراندا، زۆر لەسەرەوە بێت. لە هەمان کاتیشدا بژێوی ژیانی خەڵک و ئامرازە سەرەتایی و گشتییەکانی وڵات، وەک ئاو و کارەبا لە ئاستی پێویست و خۆشبژێویی خەڵکدا نەبن.

## سیستەمی سیاسی و کاریگەرییەکانی سیستەمی حوکمڕانی لە ئێران

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم ئاوڕێکی کورت لەسەر سیستەمی سیاسی و ئابووریی

ئێران بدەمەوە. بۆ ئەوەی لەسەر چۆنیەتیی بە دەسەڵاتگەیشتن و حوکمڕانیی دەسەڵاتدارانی ئێستای کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرچاوڕوونییەک هەبێ.

## ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و ڕووخانی دەسەڵاتی حەمەڕەزاشا

ساڵی١٩٧٩ی زایینی، دوای ئەوەی گەلانی ئێران دژی سیستەمی دیکتاتۆریی پاشایەتیی حەمەڕەزاشای پەهلەوی ڕاپەڕین و کۆتاییان بە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکەی هێنا، دەسەڵاتێکی تری دیکتاتۆری دەرفەتەکەی قۆستەوە و نیزامێکی تیۆکراتی، واتە دیکتاتۆریی ئایینیان دامەزراند، کە ڕێبەری ئەو نیزامە، واتە "ئایەتووڵڵا خومەینی"، وەک نوێنەری خوا لەسەر زەوی، قسەی ئەوڵ و ئاخری دەکرد.

ئەم سیستەمە بەپێچەوانەی ویست و خەون و ئارەزووەکانی بەشێکی زۆری گەلانی ئێران بوو. یەکێک لەو گەلانە، خەڵکی کوردستان بوو، کە لەکاتی ڕیفراندۆم بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە ڕوونی دەنگی نایان بەو یاسایە دا.

ئامانجی گەلانی ئێران لە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، هێنانەدیی سیستەمێکی سیاسیی دادپەروەر بوو کە بتوانێ جێگای سیستەمی پێشوو بگرێتەوە.[4] سیستەمێک کە ببووە هۆکاری نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هەژاری، نەبوونی ئازادیی ڕاگەیاندن و گرتنی دژبەرانی سیاسی.

لەسەرەتای شۆڕشەوە، کەسی یەکەمی ئەو نیزامە، ئایەتووڵڵا خومەینی، بەڵێنی بە خەڵکی ئێران دا، کە پارەی نەوت دەهێنێتە سەر سفرەی خەڵک و وا دەکات لەسایەی دەسەڵاتەکەیدا کەس هەست بە برسێتی و نادادپەروەری نەکات و خۆشبژێوی ڕوو لە هەموو ماڵێک بکات و ئێران بکات بە بەهەشتی سەر زەوی. سەرانی ئەو ڕێژیمە دواتر لەگەڵ قایمکردنی پێگەی دەسەڵاتی خۆیان، هەوڵیان دا ئەوانەی دەنگی نارەزایەتی دژ بە ڕێژیمەکەیان هەڵدەبڕن، ڕووبەڕووی گرتن، ئەشکەنجەدان و کوشتن بکەنەوە. تەنانەت خودی ئایەتوڵڵا خومەینی فتوای جیهادی دژی گەلی کورد لەو وڵاتە ڕاگەیاند.

ئەو فتوایە بووە هۆی شەهید و برینداربوونی هەزاران کەسی بێگوناح لە خۆرهەڵاتی کوردستان. تەنانەت بووە هۆی کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان.[5]هەروەها گرتن و کوشتنی هەزاران کەسی دژبەری ئەو ڕێژێمە، لە بەشەکانی تری ئێرانی لێ کەوتەوە.

هۆکاری جینایەتەکانی ڕێژیم دژ بە خەڵکی کوردستان ئەوە بوو، کە خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان داوای خۆبەڕێوەبەرییان( خودموختاری) بۆ کوردستان و دیموکراسییان بۆ ئێران دەکرد. ئەم داخوازییانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە، بەتایبەت خودی خومەینییەوە، بە دژی ئایینی ئیسلام لەقەڵەم دران و لەو سۆنگەیەوە فتوای گەلی کوردیان دا.

لە مانگی ئاگۆستی ١٩٧٩ی زایینی، خومەینی لە وتەیەکیدا، زۆر بەڕاشکاوانە باسی ئەوە دەکات کە ئەو ئیزن بە جموجۆڵی هیچ ڕێکخراوێکی کوردی یا هەر لایەنێکی تر نادات و ئەوانەی ئەو کارە بکەن دژ بە بڕیارەکانی خودا لە قەڵەم دەدرێن و دەبێ بکوژرێن.[6,7,8]

## پێکهاتەی سیستەمی دەسەڵات لە ئێران

پێکهاتەی سیستەمی سیاسی لەژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەم شێوەیەیە:

ڕێبەری ئێستای کۆماری ئیسلامیی ئێران، خامنەیییە، کە لەسەرەوەی هەموو دەسەڵاتەکانەوەیە. ئەو بەرپرسی دانانی هێزی نیزامی، یاسایی، میدیا، ئابووری و هەموو جومگە گرنگەکانی وڵاتە. هەروەها لەدوای ڕێبەری باڵا، ئەنجومەنی پاراستنی

یاسـای بنەڕەتی(شـورای نگهبـان قانون اساسـی) دێت کـە لە ١٢ کـەس پێک هاتووە، کە شەشـیان کەسـانی ئایینین و لەلایـەن خودی ڕێبەرەوە دیـاری دەکرێن. ئـەو شـەش کەسـەکەی تر کەسـانی شـارەزای یاسـای ئیسلام و کۆمەڵگەن، کە لەلایەن بەرپرسـی دەسـەڵاتی دادوەریی وڵاتـەوە دیاریی دەکرێـن. هەڵبەت خودی بەرپرسـی دەسـەڵاتی دادوەری لەلایـەن ڕێبەرەوە دیـاری دەکرێت.

پاشان ئەنجومەنی شارەزایان دێت کە لە ٨٨ کەس پێک هاتووە. هەمووشیان دەبێ پیاو بن و لە هەمان کاتیشدا کەسانی ئایینیی بن. هەموو ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە دەبێ لەپێشدا لەلایەن ئەنجومەنی پاراستنی یاسای بنەڕەتییەوە ناوەکانیان شەنوکەو کرابێ و ڕەزایەتیان لەسەر درابێ. ئەو ئەنجومەنە هەشت ساڵ جارێک لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێت.

دوای ئـەوان سـەرۆککۆمار و پارلەمانی ئـەو وڵاتەیـە کـە چوار سـاڵ جارێـک لـە لایـەن خەڵـکەوە هەڵدەبژێردرێـن. هەم سـەرۆککۆمار و هەمیش ئەو کەسـانەی خۆیان بـۆ پارلەمان هەڵدەبژێـرن، دەبـێ لـە پێشدا ناوەکانیان لەلایـەن ئەنجومەنـی پاراسـتنی یاسای بنەڕەتییـەوە قەبـووڵ کرا بێت. بەگشـتی وەک دەردەکـەوێ ئـەوەی لـە ئێـران دەسـەڵاتی ڕاسـتەقینەی بەسـەر هەمـوو جومگەکانـی دەسـتەڵاتدا هەیـە، خامەنەییـە.[٩]

## سیستەمی ئابووریی ئێران

هـەروەک دەسـەڵاتی سیاسـیی ئێران، ئابووریـی ئەو وڵاتەش لەلایـەن کۆمەڵێک کـەس و گرووپـی دیاریکـراوی نـاو دەسـەڵاتەوە لە پێناوی کۆمەڵێک ئامانجی سیاسـی و شەخسـیدا دەسـتی بەسەردا گیـراوە. بەتایبەت بەشـی نـەوت، گاز، بانـک، پەیوەندیگرتن، هاتوچـۆ و هەروەها کانـگا و کانـزا گرنگەکانـی وەک پـۆڵا، یورانیـۆم، ئاڵتوون، مس و دەیان و سـەدان سـەرچاوەی گرنگـی دیکە کـە لەلایەن سـوپای پاسـدارانەوە، کە بە دەوڵەتی ناو دەوڵـەت ناودەبرێت، دەسـتیان بەسـەردا گیـراوە کە دواتر لەخوارەوە باسـی دەکەم.

## ئەو کێشـانە چین گەلانـی وەزاڵەهاتووی ئێران بەدەسـتیانەوە دەناڵێنن؟

لەم بەشـەدا هەوڵ دەدەم ئاورێک لەسـەر دۆخی خاوەندارییەتـی، گەندەڵی، هەژاری، بێکاری، هەڵاوسـانی ئابـووری، بێئاوی و بێکارەبایـی لە ئێرانـدا بدەمەوە.

## نەبوونی مافی خاوەندارییەتی لە ئێران

هەرچەنـدە لـە یاسـای بنەڕەتیـی کۆماری ئیسلامیـی ئێرانـدا، لـە مـادەی ٢٢ و ٤٧ ئامـاژە بـەوە کـراوە کـە هەمـوو هاووڵاتییـەک مافـی خاوەندارییەتیـی پارێـزراوە، بـەڵام بـە مەرجێـک دژی یاسـاکانی ڕێژیمـی کۆماری ئیسلامـی و شـەریعەتی ئیسـلام نەبێـت. بـە واتەیەکـی ترهەرکاتێـک تۆمەتـی دژە یاسـایی بەسـەر کەسـێکدا سـەپێنرا، ئـەوە دەسـەڵاتدارنی ئـەو ڕێژیمـە مافـی ئەوەیـان هەیـە دەسـت بەسـەر سـەرووەت و سامانی ئـەو کەسـەدا بگـرن. بەکورتـی ئـەم دوو برگەیـە ئامرازێکـە بـۆ کۆنترۆڵکردنـی نەیارانـی ڕێژیـم و لەهەمـان کاتیشـدا هەڵاواردنـی فکـری، نەتەوەیـی و ئایینـی.

بـۆ دەستبەسـەرداگرتنی سـەرووەت و سـامانی هاووڵاتییانی دژبـەری ڕێژیمەوە دەسـەڵاتدارانی ئێـران کۆمیتەیەکیـان بەنـاوی ناوەندی جێبەجێکردنـی فەرمانی ئیمام خومەینی (سـتاد اجـرای فرمان امام خمینی) دروسـت کـردووە.

لە مێـژووی کۆماری ئیسلامیـدا، زۆرن ئەو کەسـانەی بە تۆمەتی دژایەیتی ڕێژیم یان بەهـۆی بوونی ئایینێکی جـودا لە ئیسلام، لە سایەی ئەم سیسـتەمەدا، دەست بەسەر

مولْک ومالْیاندا گیراوە. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەم.

زۆرێک لەو کەسانەی ئایینیان بەهاییە، بە هۆی باری نایاسایی ئایینەکەیان لە ئێران، وێڕای هەڕەشەی کوشتن، دەست بەسەر سەروەت و سامانیشیاندا گیراوە. لە بزووتنەوەی کوردیشدا زۆرن ئەوانەی لەبەر کوردبوون و داکۆکی و بەرگریکردن لە مافی نەتەوەکەیان، مولْک و مالْیان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستی بەسەردا گیراوە. لێرەدا دەکرێ ئاماژە بە موستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بابا عەلی مێهرپەروەر، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتیی هەمان حیزب بکەم. هەڵبەت زۆر کەسی تر لە کوردستان و ئێراندا هەن کە بەهۆی نارەزایەتییان لە بەرانبەر شێوەی حوکمڕانیی دەسەڵاتدارانی تاراندا، مافی خاوەندارییەتیی مولْک و مالْیان لێ سێنراوەتەوە. ستادی ئیجرایی کە ڕاستەوخۆ سەر بە عەلی خامەنەییە، بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین دامەزراوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی هەژمار دەکرێ و سەرمایەکەی نزیک بە ٩٥ ملیارد دۆلارە. بۆیە هەندێک ناوەندی لێکۆڵینەوە باس لەوە دەکەن کە ئەو دامەزراوەیە بووەتە مەکینەی دەوڵەمەندکردنی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، خامنەیی، ئەویش لەسەرحیسابی خەڵکی ئێران. تەنانە هیچ ڕێکخراو و دەزگایەکی تر مافی ئەوەی نییە چاودێری و لێپێچینەوە لەو دامەزراوەیەی ئێران بکات، جگە لە شەخسی ڕێبەر نەبێ.[١٠]

نەبوونی ئازادیی مافی خاوەندارییەتی، یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی نەبوونی گەشەی ئابووری و داهێنانە، چونکە لە نەبوونی مافی خاوەندارییەتی، هاووڵاتییان و بەتایبەت سەرمایەداران ناوێرن سەرمایەکانیان لەو وڵاتە وەگەڕ بخەن. سەرمایەداران لە شوێنێکدا سەرمایەگوزاری دەکەن دەکەن کە دڵنیا بن ئاسایشی تێدایە. بۆیە لە نەبوونی پاراستنی مافی خاوەندارییەتی، دۆخی ئابووریی وڵات پاشەکشە دەکات. (ئەسیمئۆغڵوو و ڕۆبینسن ٢٠١٢).

## ئێران و دیاردەی گەندەڵی

گەندەڵییش یەکێکی تر لەو دیاردانەیە کە لەژێر دەسەڵاتی سیستەمە تۆتالیتار و دیکتاتۆرکاندا بڕەوی هەیە. چونکە لەو سیستەمەدا سەروەریی یاسا و میدیای ئازاد لە ئارادا نییە، بۆیە لێپرسینەوە لە کەسە باڵادەستەکانی ناو ڕێژیم ناکرێ، کە ئەمەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ زیادبوونی دیاردەی گەندەڵی. بوونی گەندەڵی لە وڵات وا دەکات، پرۆژە گرنگەکانی ئەو وڵاتە، قەرزی زۆر لە بانک، لەگەڵ کۆمەڵێک ئیمتیازاتی تر، تەنیا بۆ کەسانێک بێت کە یا لەناو دەسەڵاتدان یان وەفادارن بەو ڕێژیمە، یاخود ئەو کەسانەن کە کەسی دەسترۆیشتوویان لەناو دەسەڵاتدا هەیە. ئەمەش وا دەکات ئەوانەی سەرمایەگوزاری لەو وڵاتەدا دەکەن، کەسانی کارامە و شیاو نەبن و ئەوانەش کە کارامەن و خاوەنی بیر و داهێنانی نوێن، پەراوێز بخرێن. ئەمە لە کۆتاییدا وا دەکات وێڕای ڕێگری لە داهێنانی نوێ، لە هەمان کاتیشدا ئاستی بەرهەمهێنان لەو وڵاتە کەم بکاتەوە.

لە هەمووی ئەمانە بەرچاوتر ئەوەیە، بێبڕوایی لای هاووڵاتییان و سەرمایەگوزاریە ناوخۆیی و بیانییەکان دروست دەکات، کە ئەمش هۆکارە بۆ ئەوەی سەرمایەگوزارە بیانییەکان ڕوو لەو وڵاتە نەکەن و لە کۆتاییدا ئابووریی وڵات تووشی کیشە یا دارمان بێت، وەک ئەوەی ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە.

لە کۆی ١٨٠ وڵاتی جیهان، ئێران

لە ریزی ۱۵۱ەمین وڵاتانی گەندەڵی جیهاندایە. واتە ۱۵۰ وڵات لە جیهان ئاستی گەندەڵییان کەمترە، بەراورد لەگەڵ ئێران. لەناو ئەم وڵاتانە، بەشێکی زۆریان لە ئەفریقا هەوڵکەوتوون کە لە ریزی هەژارترین وڵاتانی جیهاندا هەژمار دەکرێن. دانیمارک و فینلەند پلەی یەکەم و دووەمیان هەیە کە گەندەڵی و بەرتیلیان تێدا نییە.[11]

## ئاستی هەژاری لە ئێران

هەژاری یەکێکە لە ئاماژەکانی بوونی ئابوورییەکی خراپ. ئەو وڵاتانەی رێژەی هەژارییان بەرزە، ئەو راستییە دەردەخەن کە ئاستی نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی، دزی و کوشتن، لە سەرێیە و لەهەمان کاتیشدا رەخساندنی دەرفەت بۆ هاووڵاتیانیان لەیەک ئاستدا نییە.

زیاتر لە ۳۰% خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. واتە لە سێ کەس، کەسێک لەو وڵاتە لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژی. هەڵبەت ئەم داتایانە هیی خودی رژیمن. هەروەها بە پێی ماڵپەری "ئێران فۆکس" لە نێوان ساڵەکانی ۲۰۱۱ بۆ ۲۰۲۳ زیاتر لە ۱۰ ملیۆن کەس لە ئێران هەژار بوونە و چوونەتە ریزی ئەو کەسانەی لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

ئەو رێژە بەرزەی هەژاری لەو وڵاتە لە کاتێکدایە کە ئێران لە بواری سەرچاوە سروشتییەکان، بەتایبەت لە بواری نەوت و گازەوە، بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی جیهان هەژمار دەکرێ.

ئەو دوو سەرچاوە سروشتییە ئەمڕۆ دەکرێ وەک سەرچاوەی گرنگی داهات بۆ ئێران چاویان لێ بکرێت. هەڵبەت ئەگەر بە شێوەیەکی دروست مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و داهاتەکەیان بۆ خەڵکی ئەوڵاتە روون بێت.

ئێران لە بواری گازدا دوای رووسیە لە پلەی دووەمدایە[12] و لە نەوتدا، لە دوای هەریەک لە وڵاتانی فەنزۆئیلا و عەرەبستان، لە پلەی سێیەمدا دێت.[13] ئەو ئامارانەی سەرەوە، تیۆرییەکانی ئەسیمئۆغڵوو و رۆبینسن، پشتراست دەکەنەوە کە لەو وڵاتانەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری لەلایەن کەسێکەوە یا گرووپێکەوە بەرێوە دەبرێ، ئاستی بژێوی ژیان و خۆشبژێویی خەڵکەکەی لە خوارەوەیە و هەژارییش لەو وڵاتانە رێژەکەی زۆرترە.

## دیاردەی هەژاری لە کوردستان و خووزستان و بەلووچستان

بەپێی ئامارەکان، رێژەی زۆرترین هەژاری لە ئێران، لە پارێزگای سیستان و بەلووچستانە. لەو پارێزگایە زیاتر لە ۵۱% خەڵکەکەی لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و توانای دابینکردن و کرینی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی رۆژانەیان نییەن. داهاتی خەڵکەکەی لە ساڵێکدا نزیک بە ۹۰۰ دۆلارە. ئەم داهاتە بەراورد بە شوێنەکانی تری ئێران ۵۵،۳% کەمترە.[14]

هەروەها بە پێی راپۆرتێک کە لە لایەن رێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤەوە لە ئێران بڵاو کراوەتەوە، نزیک بە چوار ملیۆن کەس لە پارێزگای خووزستان دەژین. لەو رێژەیە زیاتر لە ۸۵۰۰۰۰ کەس لە ژێر هێڵی هەژاریدا ژیان بەسەر دەبەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە زیاترلە ۸۰%ی کۆی گشتیی نەوت و ۶۰% گازی ئێران لەو پارێزگایەدایە.[15]

لە پەیوەندی لەگەڵ خۆرهەڵاتی کوردستان، ئەوە وێرای ئەوەی ئامارێکی دروست لەبەر دەستدا نییە، بەڵام ئاستی هەژاری بە تایبەت لە ئیلام و کرماشان، لەچاو شارەکانی ناوەند وخۆرهەڵاتی ئێران کە پێکهاتەی دانیشتوانەکەیان زۆرینەی

فارسن، زۆر لەسەرترە.
بە پێی هەندێک سەرچاوە، لە بواری نەوت و گازدا، یەدەگی، گازی ئیلام لە هی قەتەر زیاترە و لە ڕووی کانگای کانزاییشەوە، یەکێک لە دەوڵەمەندترین پارێزگاکانی ئێرانە.
ئیلام خاوەنی زیاتر لە ١١٥ کانگایە کە ٦٥ دانەیان ماتریاڵی کانزایین، کە لەوانە بۆ نموونە دەتوانم ئاماژە بە گەچ، چیمەنتۆ و قیرِی سروشتی بکەم. هەروەها کرماشان، سنە و ورمێ بە دەوڵەمەندترین پارێزگاکانی ئێران هەژمار دەکرێن، بەتایبەت سنە و ورمێ کە ڕێژەیەکی زۆر ئاڵتوونیان هەیە. سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە نیوەی پاشەکەوتی زێڕی جیهان کە ١٠٠٠٠٠ تەنە لە پارێزگای ورمێیە. سنەش خاوەنی ٤٦١ کانگایە و زۆرترین ئاڵتوونی عەیار ٢٤ی هەیە کە لە شارەکانی قوروە و سەقز هەڵکەوتووە.
بەگشتی خۆرهەڵاتی کوردستان نەک هەر لە بواری نەوت و گاز و ئاڵتوون و کانزا بەسوودەکان دەوڵەمەندە، بگرە لە ئاویشدا یەکەمی هەموو ناوچەکانی تری ئێرانە، کە دواتر لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەکەم. سەرباری ئەم هەموو دەوڵەمەندییە، خۆرهەڵاتی کوردستان بەدەست ڕێژەی بەرزی بێکاری، هەژاری و نەبوونی خزمەتگوزاریی گشتییەوە وەزاڵە هاتووە.

## بێکاری

## Structural Unemployment

لە زانستی ئابووریدا دوو دەستەواژەی گرنگ هەن، کە ئابووریناسان، کاتێک دەیانهەوێ پێناسەی بێکاری لە وڵاتێکدا بکەن، کەڵکیان لێ وەردەگرن.
یەکەمیان پێی دەڵێن "ستراکچر ئەن ئیمپلۆیمینت". ئەم پێناسەیە بۆ ئەو بێکارییە دەگەڕێتەوە کە هاووڵاتییان وێڕای ئەوەی خاوەنی بڕوانامە یا پیشەی تایبەتن، بەڵام دەرفەتی کارکردنیان نییە، یا دەوڵەت هەلی کاریان بۆ نارەخسێنێ؛ کە دیارە زۆرجاریش بە "میس ماچ" ناو دەبرێ. بۆ نموونە کەسانێک هەن بڕوانامەی پەرستارییان هەیە، بەڵام ناتوانن لە پیشەکەی خۆیان کار پەیدا بکەن. یان کەسگەلێک لەدوای لەدەستدانی کارەکەیان کە خاوەنی پیشەیەکی تایبەتن، ناتوانن لە پیشەیەکی تردا دەستبەکار بن. چونکە بەهۆی نەبوونی ئەزموون، زەحمەتە بتوانن کاری تر پەیدا بکەن.
بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی ئەم بەشەی دوایی، لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا، دەوڵەت کۆرسیان بۆ دابین دەکات، بۆ ئەوەی فێری پیشەی نوێ بکرێن.

## Cyclical unemployment

ئەمەی دووەمیان ئەو ڕێژە بێکارییەیە کە بەهۆی کێشەی ئابووری، کە دەکرێ سەرچاوەکەی جیهانیی بێ، دروست دەبێ. لێرەدا خراپبوونی دۆخی ئابووریی وڵات کاتییە و دەکرێ دەوڵەت لە ڕێگای سیاسەتی ئابوورییەوە بە زووترین کات دەرفەتی کار بۆ هاووڵاتیانی بڕەخسێنێت. وەک نموونە دەتوانم ئاماژە بە کێشەی دارایی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ساڵەکانی ٢٠٠٨ و٢٠٢١ بکەم.
ئەسیمئۆغڵوو ورۆبینسن ئاماژە بەوە دەکەن کە بە هۆی نەبوونی گەشەی ئابووری لەو وڵاتانەی سیستەمی سیاسی و ئابوورییان لەلایەن چەن کەسێکەوە قورخ کراوە، ئەوە چاوەڕوان دەکرێ کە ڕێژەی بێکاری و گەندەڵی تا ئاستێکی زۆر لەسەر بێ. بە چاوخشاندێک بەو داتایانەی بانکی جیهانی بڵاوی کردوونەتەوە، ڕێژەی

بێکاری لە ئێران ساڵی پار ٩،٢% بووە. لەو ڕێژەیە ٤٢،٨%ی ئەو کەسانەن کە خاوەنی بڕوانامەن و لەهەمان کاتیشدا زیاتر لە ٧٠%یان گەنجن کە تەمەنیان لە نێوان١٨بۆ ٣٥ ساڵە.[١٦]
ئەو ئامارانە لە کاتێکدایە کە نزیک بە ٢٠٠٠ کەس کە تازە خوێندنی پەرستارییان لە ئێران تەواو کردووە، بە هۆی نەبوونی هەلی کار لە وڵاتی خۆیان، داوای کاریان لە وڵاتی دانیمارک کردووە و لەو وڵاتە دامەزراون.
ئەوە وێڕای ئەوەی هەزاران خاوەن بڕوانامەی تر بۆ بەدەستهێنانی هەلی کار ڕوویان لە وڵاتانی تر کردووە. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئەو ڕێژیمە توانای ڕەخساندنی هەلی کاری، نەک هەر بۆ خەڵکی ئاسایی، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە خاوەنی بڕوانامەن، نییە.
هەڵبەت ڕێژەی بێکاری لە ناوچە جیاجیاکانی ئێران جیاوازە. ئەو ڕێژەیە لە کوردستان، خووزستان و بەلووچستان زۆر لەسەرترە. بۆ نموونە ئەو ڕێژەیە لە کرماشان و ئیلام نزیک بە ٢٠%ە. ئەوە لە کاتێکدایە وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێ داوە، کوردستان و خووزستان دوو لە دەوڵەمەندترین شوێنەکانی ئێرانن.
ئەگەر دەستەڵاتێکی خەڵکی حوکمی ئێرانی کردبا، ئەوە ئێستا خەڵکی کوردستان و خووزستان نەک هەر ناچار نەدەبوون لە پێناوی بژێوی ژیانیان ڕوو لە شارەکانی ناوەند و خۆرهەڵاتی ئێران بکەن، یا بۆ دابینکردنی پاروە نانێک گیانیان لەسەر دەستیان دانێن و کاری کۆڵبەری بکەن، ئەوە خەڵکی ناوەند و خۆرهەڵاتی ئەو وڵاتە دەبوو بۆ پەیداکردنی کار، ڕووو لە کوردستان و خووزستان بکەن.
بەڵام وەک ئەسیمۆغڵوو و ڕۆبینسن تیشکیان خستووەتە سەری، لەبەر بوونی دەستەڵاتێکی دیکتاتۆر، داهات و سەروەت و سامانی وڵات لە پێناوی قازانجی شەخسی و مانەوە لە دەسەڵات پاوان دەکرێ. بۆیە بەهۆی بوونی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆرە، ئەوە کوردستان، نەک هەر خێر لەو هەموو سەرچاوە سروشتییانەی هەیەتی، نابینێ، بگرە بە شێوەیەکی سیستەماتیکیش برسی دەکرێ. هەروەها لەپاڵ ئەوەشدا خەریکە سروشتەکەشی کاول دەکەن، ئەویش تەنیا بە مەبەستی دۆزینەوە و هەڵکەندن و گەڕان بە دوای کانزا گرنگەکانیدا.
بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، ساڵی ٢٠٢٤، ٥١ کەس بەهۆی کاری کۆڵبەرییەوە گیانیان لەدەست داوە. لەو ٥١ کەسە ٣٧ کەسیان بە تەقەی ڕاستەخۆی هێزەکانی سەر سنووری نێوان خۆرهەڵات و باشووری کوردستان کوژراون. ئەم ڕووداوانە، بەتایبەت لە سێ پارێزگای ورمێ، سنە و کرماشان ڕوویان داوە.[١٧]

## هەڵاوسانی ئابووری

هەڵاوسانی ئابووری، یەکێکی تر لەو پارامیترانەیە کە ئابووریناسان دۆخی ئابووریی وڵاتێکی پێ دەپێون. چونکە هەڵاوسان یا گرانبوونی نرخی کاڵا، نەک تەنیا کاریگەریی لەسەر هاووڵاتییانی ئاسایی دەبێ، بگرە زیانیش بە بەشێکی زۆری بازرگان وخاوەنکارەکانیش دەگەیەنێ و جۆرێکیش لە ناسەقامگیریی ئابووری لە وڵات دروست دەکات. هەربۆیە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان، هەوڵ دەدەن ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووری لە وڵاتەکانیان لە ٢%  زیاتر نەبێت.
بە پێی داتاکانی سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، ڕێژەی هەڵاوسانی ئابووری لە ئێران نزیک بە ٤٤%ە. هەرچەندە ئەم ڕێژەیە دەکرێت زیاتر بێ، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا ئەم ڕێژەیە زۆرە. بە واتایەکی تر نرخی زۆربەی کاڵاکان لە چاو ساڵی پێشوو ٤٤% گرانتر بووە.[١٨]
هەربۆیە لە ئەگەری بەرزنەبوونەوەی

حەقدەستی کرێکاران، فەرمانبەران و خانەنشینان، ئەوە هێزی کرینیان دادەبەزێ. چونکە لەگەڵ هەڵاوسانی ئابووری، دراوی ئەو وڵاتە بەهای خۆی لەدەست دەدا. بۆ نموونە ئەگەر مامۆستایەک، ساڵی پار ١٢ملیۆن تمەن مووچەی مانگانەی وەرگرتبێ، لەگەڵ بەرزبوونەی نرخەکان بە ٤٤%، ئەوە حەقدەستی ئەو مامۆستایە بەراورد بە ساڵی پار، لە راستیدا نزیک بە ٧ ملیۆن و سێسەد هەزار تمەنە. بۆیە ئەم گرانییە وای کردووە بەشێکی زۆری نەک هەر فەرمانبەران و خانەنشینان، بگرە بازرگانانیش لە زۆربەی شارەکانی ئێران، بە تایبەت لە تاران، مەشهەد، ئیسفەهان، ئەهواز، بەلووچستان و کرماشان، خۆپیشاندان بکەن و داوای باشکردنی دۆخی ئابووریی وڵات و لە هەمان کاتیشدا مووچەکانیان بکەن.[١٩]

## هۆکارەکانی پشت هەڵاوسانی ئابووریی ئێران

کۆمەڵێک هۆکار هەن کە لە پشت هەڵاوسانی ئابووریی ئێرانن. گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

کاتێک دەوڵەت کورتهێنانی بودجەی ساڵانەی وڵاتی هەیە، لە جیاتیی ئەوەی بەدوای چارەسەرکردنی ریشەی کێشەکەدا بگەڕێت، کە دەوڵەت بۆ خۆی سەرچاوەکەیەتی، داوا لە بانکی ناوەندی دەکات پارەی زیاتر چاپ بکات. کاتێک بانکی ناوەندی سەربەخۆ نەبێ و دەسەڵاتی رێژەی چاپکردنی پارە و سوودی بانکی لە دەستدا نەبێ، ئەوە لەگەڵ زۆربوونی پارە لە بازاڕدا، بەبێ بوونی گەشەی ئابووریی پێویست، نرخی دراوی ئەو وڵاتە دادەبەزێ. کاتێک نرخی دراوی ئێرانی دادەبەزێ، بەراورد بە دۆلار یا هەر دراوێکی تر کە

ئەو وڵاتە زۆرتر مامەڵەی پێوە دەکات، ئەوە نرخی کاڵای هاوردە لەدەرەوە بۆ ئێران گران دەبێ. بەم شێوەیە فرۆشیار ناچارە نرخی کاڵاکانیان بەرز بکەنەو. بۆ نموونە کاڵاکانی وەک دەرمان، ئامرازی ئەلەکترۆنیک و خواردەمەنی کە ئێران ناچارە لەدەرەوە هاوردەیان بکات، زۆر گرانتر دەبن. ئەم گرانبوونە بەشێکی زۆری بەهۆی دابەزینی نرخی دراوی ئەو وڵاتەوەیە و بەشێکیشی پەیوەندیی بە ئابڵووقە ئابوورییەکانەوە هەیە.

وەک ئەوەی ئەسیمئۆغڵوو و رۆبینسن تیشکیان خستووەتە سەری، ئەو کەسانەی جومگە گرنگەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورییان بە دەستەوەیە، ئیزن نادەن نوێگەرایی لە ئامێرە کۆنەکاندا بکرێ. چونکە وەک ئەو دوو ئابووریناسە باسی دەکەن، کەسە دەستڕۆیشتووەکانی ناو سیستەمی ئابووریی وڵاتانی دیکتاتۆر لەوە دەترسن کە ئەو سەروەت و سامانەی خەرجی ئەو ئامێرە کۆنانەی کراون، لەدەست بدەن. چونکە لە کاتی کردنەوەی بازاڕی ئابووری بەرووی کەسانی شیاو و لێهاتوودا، دەسەڵاتی ئابووریی ئەو تاقمەی بازاڕی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتیان قورخ کردووە، دەکەوێتە مەترسییەوە. لەبەرئەوەی دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی نەک هەر گرێدراوی یەکن، بگرە تەواوکەری یەکتریشن. بە واتایەکی تر دیکتاتۆرکان بەبێ پاوانکردنی جومگە گرنگەکانی ئابووری، ئیمکانی بەردەوامبوونیان مەحاڵە. پێچەوانەکەشی راستە. بۆیە ئابووریی ئەو وڵاتانەی دیموکراسییان تێدا نییە، هەمیشە ناکارامە، ناسەقامگیر و لەرزۆکە. هۆکارێکی تری هەڵاوسانی ئابووری، پەیوەندیی بە داخوازیی کریار و خستنەبازاڕی کاڵاوە هەیە. واتە ئەگەر کاڵا

لەبازاڕ زۆر بێ، ئەوە نرخەکەی هەرزان دەبێ. بە پێچەوانەوە، ئەگەر کاڵا لە بازاڕ کەم بێ لە چاو داخوازیی لەسەر ئەو کاڵایە، ئەوە نرخەکەی بەرز دەبێتەوە. ئەگەر لە دۆخی بازاڕ و ئابووریی ئێران بڕوانین، ئەوە بە ڕوونی دیارە، گرانبوونی نرخی کاڵاکان پەیوەندیی بەو هۆکارانەوە هەیە کە لەسەرەوە ئاماژەم پێ کردوون، نەک داواکاریی زۆری هاووڵاتیان لەسەر کاڵاکان. بە پێچەوانەوە لە ئێران زۆربەی کاڵاکان هەن، بەڵام کڕیار نییە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو داهاتەی خەڵک دەستیان دەکەوێ، ناتوانێ وەڵامدەری گرانیی نرخی کاڵاکان بێ. بە واتایەکی تر کەلوپەل لە بازاڕدا هەیە، بەڵام کڕیار بە هۆی بەرزیی نرخەوە توانای کڕینی نییە.

## قوربانیکردنی بەرژەوەندیی گشتی خەڵکی ئێران لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی خودی ڕێژیم

وەک دیارە بەشی زۆری ئەو هەڵاوسانە ئابوورییەی لە ئێراندا هەیە، سەرچاوەکەی خودی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتەیە. چونکە هەموو داهاتی وڵات لەژێر دەستی کۆمەڵێک کەسدایە کە بۆ مەرامی ئایدولۆژی و سیاسی و سەربازیی خۆیان، (وەک پەرەپێدانی تیرۆر لە جیهان، بە تایبەت لە سوریا، لوبنان، یەمەن، عێراق) کەڵکی لێ وەردەگرن. بوونی ئەو داهاتە زۆر و زەبەنە لە دەست کۆمەڵەکەسێکی دیاریکراودا، وا دەکات دەسەڵاتدارانی ڕێژیم کەمتر گوێڕایەڵی دەنگی خەڵکی ئێران بن. هەربۆیە لەو وڵاتە ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک خوێندنگا و زانکۆکان، لە ڕەوشێکی خراپی تەندروستیدایە و داهێنان و وەگەڕخستنی ئەو سەرمایەیە بە ئامانجی گەشەی ئابووریی وڵات بوونی نییە و تەنیا لەو بەشانە نەبێت کە خزمەت بە مانەوەی دەسەڵات و سەرکوتکردنی خەڵکی ئاسایی دەکات. ئەمە وا دەکات ڕێژەی بێکاری و هەژاری بەرز بێتەوەو و ئاستی بەرهەمهێنان روو لە کەمی بکات. هەروەها کەسە دەستڕۆیشتووەکانی ناو دەسەڵات لەمپەر بۆ کۆمپانیا بیانییەکان دروست دەکەن و ئیزن بە کێبەرکێی ئازاد نادەن، چونکە ئەوان بوونی ئەو کۆمپانیایانە وەک مەترسی بۆ سەر دەسەڵاتی خۆیان دەزانن. هەر بۆیە کاتێک ئەو داهاتە بەشێوەیەکی هەڵە بەکاردەهێنرێت، لە کۆتاییدا وێڕای ئەوانەی سەرەوە، کێشەی دابەزینی نرخی دراوی ئەو وڵاتە و هەڵاوسانی لێ دەکەوێتەوە.

ئێران تەنیا لە ساڵی ٢٠١٢ بۆ ٢٠٢٤ نزیک بە ١٦ ملیارد دۆلاری لەو شوێنانەی سەرەوە خەرجی تیرۆر کردووە. ئەوە وێڕای ئەوەی بڕی نزیک بە ٣٠ ملیارد دۆلاری لە سووریا سەرمایەگوزاری کردووە. بە هۆی سیاسەتە هەڵەکانی ڕێژیمەوە دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٢٣ و ڕووخانی دەسەڵاتی ئەسەد لە سووریا، ئەو پارە زۆرەی لە بنەڕەتدا هی گەلانی ئێرانە و ئەگەر لە ژێر دەسەڵاتی سیستەمێکی دیموکراتیک و خەڵکیدا بوایە، ئەوە دەیتوانی هەلی کار بۆ هەزاران کەس برەخسێنێت، بووە بڵقی سەر ئاو.[٢٠]

هەروەها دوای ئەوەی سەرانی کۆماری ئیسلامی و وڵاتانی زلهێز لە سەر ڕەشنووسێک ڕێک کەوتن، کە بە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی پێنج کۆ یەک، ناونرا (واتە پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتی ئەڵمان)،

لەو ماوەیەدا بە سەدان ملیارد دۆلار پارەی بلۆککراوی ئێرانیان لە وڵاتانی تر ئازاد کرد و لە هەمان کاتیشدا لەپاڵ ئەو پارەئازادکراوانەشدا، سەرانی ئەو ڕژێمە بەبێ هیچ ڕێگرییەک نەوت و گازی ئێرانیشیان فرۆشتووە. کەچی هەژاری لەو وڵاتە نەک هەر کەمی نەکردووە، بگرە زیادیشی کردووە.
تەنانەت وێڕای سەپاندنی ئابلۆقەی توندی ئابووری لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەسەر ئێراندا، بەهۆی پابەندنەبوونی دەسەڵاتدارانی ئەو ڕژێمە بە ڕێککەوتننامەکە، دەسەڵاتدارانی ئەو ڕژێمە، بە تایبەت سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە قاچاغ نەوت و گازی ئێرانیان فرۆشتووە.
بەپێی ڕاپۆرتێک کە لەرویتەرز بڵاو کراوەتەوە، ساڵی ۲۰۲۴ ئێران ساڵانە نزیک بە ۵۰ ملیارد دۆلار داهاتی نەوت و گازی هەبووە. لەو ۵۰ ملیارد دۆلارە زیاتر لە ۵۰٪ی لەلایەن سوپای پاسدارانەوە دەستی بەسەردا گیراوە، بەبێ ئەوەی کەس بزانێ ئەو پارەیە بۆ کوێ دەچێ و لە پێناوی چیدا خەرج دەکرێ. چونکە جگە لە خامنەیی، کەس ناتوانێ لێکۆڵینەوە لەگەڵ سوپای پاسداراندا بکات.[۲۱]
ئەسیمۆغلوو و ڕۆبینسن ئاماژەیان بەوە کردووە لەو وڵاتانەی سیستەمی سیاسییان دیکتاتۆرییە و ئابوورییەکەیان لەلایەن چەن کەسێکەوە دەستی بەسەردا گیراوە، ئەوە گەشەی ئابووری زۆر خراپە و ئاستی هەژاری، نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو وڵاتانە زۆر لەسەرترە، لە چاو ئەو وڵاتانەی دەسەڵات بە دەست خەڵکەوەیە. چونکە لە سیستەمی دیکتاتۆریدا، ئەو کۆمەڵە کەسەی دەست بەسەر ئابووری و داهاتی ئەو وڵاتەدا دەگرن، داهاتەکەی لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیی و قایمکردنی دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان و بێدەنگکردنی دژبەرانی ئەو دەسەڵاتە، بەکار دێنن.
بۆیە بە کورتی ئەوەی ئێستا لە ئێران ڕوو دەدات، هۆکاری دەرەکیی نییە. بەڵکوو ئەوەی سەرچاوەی ئەو نەهامەتییانەیە، بوونی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و گەندەڵ و تاکڕەوە کە دەستی بەسەر سەروەت و سامانی ئەو وڵاتەدا گرتووە.[۲۲]

## ئاو

کێشەکانی خەڵکی ئێران هەر بە تەنیا هەژاری، بێکاری و هەڵاوسانی ئابووریی نەگرتووەتەوە، بگرە بەشێکی زۆری شارەکانی ئێران و کوردستان، وەک ئیسفەهان، یەزد، شیراز، ئەهواز، بەلووچستان، ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ، بە دەست بێئاوی و بێکارەباییەوە دەناڵێنن. تەنانەت کێشەی بێئاوی گەیشتووەتە ئاستێک کە خەڵکی ئیسفەهان ئەو بۆرییەی ئاوی بۆ یەزد دەگواستەوە، بشکێنن.[۲۳]
کەمئاوی لە پارێزگای ئیلام وای کردووە بەڕێوەبەری ئاو و ئاوەڕۆی ئەو پارێزگایە، محەممەد محەممەدی، بێتە دەنگ. ئەو باس لەوە دەکات نزیک بە۵۷۷ گوند لە ئیلام بە هۆی وشکەساڵییەوە ڕووبەڕووی کێشەی کەم ئاوی بوونەتەوە.[۲۴]
هەروەها خەڵکی ئەهواز و بەلووچستانیش لەمێژساڵە بە دەست کەم ئاوییەوە دەناڵێن. بەڵام ئەوەی بە لای سەرانی ئەم دەسەڵاتەوە گرنگ نییە، ئاوردانەوەیەکی جددی و دانانی پلان وبەرنامەی درێژخایەن بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی وشکەساڵی لەو وڵاتەدایە. لە هەمان کاتدا هیچ پلانێکی باشیان بۆ چۆنیەتیی پاراستنی ئاوی ژێرزەوی کە بۆ خواردنەوە، کشتوکاڵ و پیشەسازی

کەڵکی لێ وەردەگیرێ، نییە.
ئەوەی پەیوەندیی بە ناوچەکانی تری ئێرانەوە هەیە، لەوانەیە شتێکی نوێ نەبێ. چونکە ئەو ناوچانە لە مێژە بەهۆی کەمبارانی و هەڵکەندنی زۆری بیری ئاو لە پێناوی کشتوکاڵ، بەدەست بێ ئاوییەوە دەناڵێن و لەمێژیشە لە ڕێگای بۆرییەوە، ئاوی کوردستان دەبەن و ڕەوانەی ناوەند و ڕۆژهەڵاتی ئێرانی دەکەن، ئەوە وای کردووە کێشەی کەمئاوییش لە کوردستان دروست ببێ.
کۆماری ئیسلامی، بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمئاوی لە ناوچەکانی تری ئێران، بە تایبەت ناوەند و ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە کە زۆرینەیان فارسنشینن، زیاتر لە ١٣٢ بەنداوی لە کوردستان دروست کردووە. کە ١٨ دانەیان لە سنە، ٥٢یان لە ورمێ، ٢٢یان لە کرماشان و ٤٠یشیان لە ئیلامن.
ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە، لەو برە ئاوەی ئەم بەنداوانە گلی دەدەنەوە، تەنیا نزیک بە ١٠%ی بۆ خەڵکی خۆجێیی ئەو شارانە کەڵکی لێ وەردەگیرێ، باقی ئاوەکە بۆ ناوەند و خۆرهەڵاتی ئێران دەنێردرێت. ئەوە لە کاتێکدایە وێڕای ئیلام و ورمێ، سنەش کە خۆی خاوەنی ١٨ بەنداوە، خەڵکەکەی بەدەست کەمیی ئاوی خواردنەوە وەزاڵە هاتوون.[٢٥]
وەک ڕوون و ئاشکرایە، دەسەڵاتدارانی ئەو ڕێژیمە نەک نەوت و گاز و کانزابەنرخەکانی کوردستان، بگرە ئاویش کە یەکێک لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی سروشت و مانەوەی مرۆڤە لە سەر زەوی و هیچیش دوور نییە کە شەڕی داهاتووی مرۆڤایەتی لە سەر ئاو نەبێ، بە تالان دەبەن.

## کارەبا

خەڵکی ئێران نەک تەنیا کێشەی کەمیی ئاو، بەڵکوو، ڕۆژانە کێشەی پچڕان یا کەمیی کارەباشیان هەیە. ئەم پچڕانی کارەبایەی ڕۆژانە نەک هەر بووەتە کێشە بۆ هاووڵاتییانی ئەو وڵاتە، بگرە کەرتی پیشەسازی و بەرهەمهێنانی ئێرانیشی گرتووەتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیاتر لە ٥٠٠ ملیارد دۆلاریان لە دروستکردنی چەندین پێگەی ئەتۆمیدا خەرج کردووە. ڕێژیم بانگەشەی ئەوە دەکات ئەو پێگە ئەتۆمییانە بەمەبەستی دابینکردنی وزەی کارەبا و تیکنۆلۆژیی پزیشکی و کارگەلی مرۆیی بەکار دەبرێن، نەک دروستکردنی چەکی ئەتۆمی!
هەروەها دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هۆکاری پچڕانی کارەبا، کەمیی گازە.[٢٦] لە کاتێکدا کە ئێران خۆی گاز هەناردەی دەرەوە دەکات. (تێبینی. لە کات و کۆتاییەکانی نووسینی ئەم بابەتە، بەهۆی سیاسەتی ئەتۆمیی ئێران، ئیسرائیل هێرشی کردووەتە سەر ئێران و تا ئێستاش بەردەوامە). تەنانەت بە پێی داتاکان کێڵگەهاوبەشەکانی گازی ئێران لەگەڵ قەتەر، کە بە کێڵگەکانی پارسی باشوور ناسراوە و لە باشووری پارێزگای بووشەهر هەڵکەتووە، بە گەورەترین یەدەگی گازی جیهان هەژمار دەکرێ، دەتوانێ نەک هەر کارەبای ئێران[٢٧]، بگرە بۆ ماوەی ٣٥ ساڵ کارەبای تەواوی وڵاتێکی وەک ئەمریکا بدات. لە کاتێکدا لەوانەیە کۆمپانیای واهەبێ لە ئەمریکا کە بە تەنیا بە قەد شارێک پێویستیی بە کارەبا هەبێ. بەڵام بەهۆی سیاسەتە شەڕانگێزانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە و جیهان و دەستبەسەراگرتنی کەرتی نەوت و گاز

لەلایـــەن کۆمەڵەکەســـێکی دیاری نـــاو ڕژێمەوە، نەتوانـــراوە وەک پێویســـت کەڵک لەو کێڵگانـــە و کەرتـــی نـــەوت و گازی ئێران بەگشـــتی وەرگیرێ.

بـــەڵام ئەوەی ڕێژیم خۆی لـــێ دەدزێتەوە، نەبوونـــی پلانێکی ســـتراتیژیی دوورمەودایە بۆ چارەســـەرکردنی ئەو کێشـــەیە. نەبوونی ئامێری پێشـــکەتوو، بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بە پێی ڕێژەی حەشـــیمەتی وڵات، کێشـــەیەکی بەرچاوە. چونکە وەک لـــەم وێنەیەی خوارەوە (ژمـــارە٢) دەردەکەوێ، لە ســـاڵی ٢٠١٤ ئێران نـــەک هەر کەمیی کارەبـــای نەبووە، بگرە بەشێکیشـــی هەناردەی دەرەوە کردووە، بەڵام لە ســـاڵی ٢٠٢٣ گەیشـــتووەتە ئاستی سفر.




وێنەی ژمارە ٢

## کۆبەند و چەند بەراوردێک لە نیوان دەسەڵاتی دیموکراسی و ئاوتۆکراتی

لەم بەشـــەی کۆتاییدا باســـی جیاوازی و کاریگەرییەکانی سیســـتەمی سیاســـیی هەندێک وڵات دەکـــەم وهـــەوڵ دەدەم بە کورتـــی بەراوردێک لـــە نێوان دەســـەڵاتی دیکتاتۆری و دیموکراسیـــی جیهان لەسەر گەشـــەی ئابووری بکەم.

لەوانەیـــە خوێنـــەری ئەم بابەتە ئەو پرســـیارە لە خـــۆی بکات، کە ئاخـــۆ بۆچی هەندێک وڵات وێڕای ئـــەوەی دەســـەڵاتێکی دیکتاتۆریان هەیە، بـــەڵام لەپاڵ ئەوەشـــدا ئابووریی وڵاتەکەیان گەشـــەی کردووە، بـــۆ نموونە وڵاتێکـــی وەکوو چین.

حیزبـی کۆمۆنیسـتی چیـن دەیـان سـاڵە بەشـێوەیەکی تاکڕەوانـە دەسـەڵاتی بەدەسـتەوەیە و هەمـــوو جومگـە گرنگەکانـی وڵاتـی لەوانـە، دەسـەڵاتی سیاسـی، ئابـووری، سـەربازی، هەواڵگـری، دادگاکان و تەنانـەت میدیاکانیشـی قـورخ کـردووە و هـەر دەنگێکـی ناڕازییـش دژ بـەو سیسـتەمە هەڵوێسـت بنوێنـی، ڕاپێچـی بەندیخانـە دەکـرێ.

بە پشتبەســـتن بـــە فاکتگەلی مێژوویـــی، ئەو وڵاتانەی سیســـتەمی سیاســـیی داخراویان هەیـــە، دەتوانن لە ڕووی ئابوورییەوە گەشـــە بکەن، بەڵام ئەو گەشـــەکردنە کاتییە و ئەگەر داهێنـــان و بیری نوێ پـــەرەی پێ نـــەدرێ، ئەوە لە کۆتاییدا تووشـــی دارمـــان دەبێت. ئەگـــەر چاو لە بەرهەمەکانـــی وڵاتی چین بکەین، دەبینین بەشـــی زۆری ئـــەو بەرهەمانە بەشـــێوەیەک لە شـــێوەکان کۆپیی وڵاتانی ڕۆژاوایی، بە تایبـــەت ئەمریکان.

بـۆ پشتراسـکردنەوەی ئـەو بۆچوونـە، دەکـرێ وەک نموونـە باسـی یەکێتیـی سـۆڤیەت بکەیـن کـە لـە سـاڵەکانی دوای شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری١٩١٧، گەشـەی ئابووریـی بـە خۆیـەوە

بینی، بەڵام ئەو پێشکەوتنە تا کۆتاییی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەوامی هێنا. چونکە لە سایەی ئەو سیستەمە سیاسییە دیکتاتۆرییەی ئەو کاتی سۆڤیەت، نەتوانرا پەرە بە داهێنان و تیکنۆلۆژیای نوێ بدرێت، تەنیا کەرتی پیشەسازی نەبێت. ئەمەش وای کرد لە کۆتاییدا یەکێتیی سۆڤیەت تووشی دارمان بێ و لەبەریەک هەڵبوەشێتەوە. هەربۆیە دەکرێ نموونەی لەم جۆرە، بۆ چینیش ڕاست بێ. (ئەسیمئۆغلوو و ڕۆبینسین ٢٠١٢)

زۆرێک لە ئابووریناسان لەو باوەڕەدان کە ئەگەر ئەم دەسەڵاتەی چین وەک خۆی بمێنێتەوە و نوێگەرایی لە سیستەمی سیاسیی خۆیدا نەکات و پەرە بە دیموکراسی نەدات، ئەوە لە کۆتاییدا گەشەی ئابووریی ئەو وڵاتە پەکی دەکەوێت. هەڵبەت هەم سیستەمی سیاسی و هەمیش ئابووریی چین وەک سەردەمی یەکێتیی سۆڤیەت نییە.

فۆکۆیاما پێی وایە ئەم سیستەمە سیاسییەی لە چیندا هەیە، زۆر تایبەتە و هیچی لە دەسەڵاتی ئاوتۆکراتەکانی تر ناچێ. لەبەرئەوەی هاووڵاتییانی چین بەشێوەیەک لە شێوەکان، لەڕێگای تێبینییەکانیان بەشداری لە حوکمڕانیی ئەو وڵاتەدا دەکەن. فۆکۆیاما ناوی ئەم شێوە حوکمڕانییەی چینی ناوە، ئاوتۆکراتیی نەرم. لەپاڵ ئەمەشدا دەسەڵاتدارانی چین باش دەزانن شانسی مانەوەیان لە دەسەڵات گرێدراوە بەوەی دۆخی ئابووریی وڵات چۆنە.[٢٨]

ئەسیمئۆغلوو و ڕۆبینسنیش پێیان وایە ئەگەر دەسەڵاتێکی ناوەندیی کارامە هەبێ کە بەباشی کەڵک لە داهات و سەرچاوە سروشتییەکانی وڵات وەرگرێ، ئەوە وڵات گەشەی ئابووری بەخۆیەوە دەبینێ. ئەوەش لە چیندا هەیە و دەسەڵاتی ناوەندیی چین بەباشی سوودی لەو سەرچاوانە وەرگرتووە.

ئابووریی ئەو کاتی یەکێتیی سۆڤیەت، ئابووریی کۆمۆنیستی یا پلان ئیکۆنۆمی بوو. بەڵام ئابووریی ئەمڕۆی چین ئابوورییەکی تێکەڵە لە نێوان بازاڕی ئازاد و دەستتێوەردانی دەوڵەت. (سەرچاو ئەسیمۆغلوو و ڕۆبینسین ٢٠١٢)

ئاخۆ گۆڕینی سیستەمی دیکتاتۆری بۆ دەسەڵاتی دیموکراسی کاریگەریی لە سەر بژێوی و خۆشبژێویی خەڵک هەیە؟ مرۆڤ دەکرێ ئەو پرسیارەش لە خۆی بکات، ئاخۆ بە نەمانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو وڵاتە دەتوانێ گەشەی ئابووری بەخۆیەوە ببینێ و خەڵکەکەی لەو هەموو نەهامەتییە ڕزگاریان بێ.

بە ئاوڕدانەوە لە دۆخی چەند وڵات لە مێژووی دوور و نزیک، ئەوە وڵامی ئەو پرسیارە ئەرێنییە. واتە ئەگەر دەستەڵاتێک لە دیموکراسییەوە بگۆڕدرێت بۆ دیکتاتۆری، ئەوە گەشەی ئابووریی ئەو وڵاتە پەکی دەکەوێت. وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە ئەرجەنتین بکەین کە سەردەمانێک واتە تا ساڵەکانی ١٩٢٠ بە یەکێک لە دەوڵەمەندترین وڵاتانی ئەمریکای لاتین هەژمار دەکرا، بەڵام دوای ئەوەی لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا، دەسەڵاتی سیاسیی ئەو وڵاتە بۆ سیستەمی دیکتاتۆری دەگۆڕدرێت، دۆخی ئابووری و بژێویی ژیانی خەڵکەکەی خراپ دەبێ و تەنانەت ئاستی هەڵاوسانی ئابووریی ئەو وڵاتە، لەوەی ئێران خراپتر بووە. (ئەسیمئۆغلوو و ڕۆبینسن ٢٠١٢)

بە پێچەوانەوە ئەگەر سیستەمی سیاسی و ئابووریی وڵاتێک لە دیکتاتۆرییەوە ببێ بە دیموکراسی، ئەوە ئەو وڵاتە بووژانەوەی

ئابووری بە خۆیەوە دەبینێ.

سەردەمانێک کۆریای باشوور و کۆریای باکوور یەک وڵات بوون، بەڵام بە هۆی دەستتێوەردانی دەرەکی و ناکۆکیی ناوخۆیی، بوون بە دوو وڵات. کۆریای باکوور کە یەکێتیی سۆڤیەت پاڵپشتیی دەکرد، دەستەڵاتێکی دیکتاتۆریی کۆمۆنیستیی تاک حیزبی، یا تاکە کەسیی دامەزراند، لە کاتێکدا سیستەمی سیاسیی کۆریای باشوور، کە ئەمریکا یارمەتیی دەدا، دیموکراسیی هەڵبژارد. ئێستا ئاستی بژێوی ژیان و گەشەی ئابووری و داهاتی هەر تاکێکی کۆریای باشوور زیاتر لە دە قاتی کۆریای باکوورە.[29]

## وڵاتانی عەرەبی و کێشەی نرخی نەوت

وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت ئەوانەی کەنداو، بەوە ناسراون کە بە نەوت و گاز دەوڵەمەندن، بەڵام چونکە خاوەنی سیستەمێکی دیکتاتۆریی بنەماڵەیین، وێڕای بوونی ئەو سەرچاوە سروشتییانەش، هێشتا خاوەنی ئابوورییەکی سەقامگیر و کارامە نین. بە واتایەکی تر بودجەی ساڵانە و بژێویی ژیانی خەڵکەکەیان پەیوەندیی بە نرخی نەوتەوە هەیە. وەک نموونە لە کاتی سەرهەڵدانی نەخۆشیی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت، زۆرێک لەو وڵاتانە، نەک هەر توشی کێشەی بودجەی ساڵانە بوونەوە، بگرە مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانیشیان پێ دابین نەکرا. هەروەها خەڵکی وڵاتانی میسر، ئۆردن و سوریاش بە هۆی بوونی دەسەڵاتێکی خۆسەپێن، خاوەنی ئابوورییەکی ناسەقامگیر و لەرزۆکن و خەڵکەکەیان لە هەژاریدا دەژین.

## جیاوازیی نێوان سەروەریی یاسا لە تورکیا و ئەمریکا

ئەگەر زۆر دووریش نەڕۆین و ئاوڕێکی کورت لەسەر دۆخی ئابووریی تورکیا بدەینەوە، بە روونی دەردەکەوێ کە تورکیا لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ئاک پارتی لە ساڵی ٢٠٠٣ بە ڕێبەرایەتیی ڕەجەب تایب ئەردۆغان، بووژانەوەیەکی ئابووریی خێرا و باشی بە خۆیەوە بینی، بەڵام دوای کودەتاکەی ساڵی ٢٠١٦ و گۆڕینی یاسای بنەڕەتیی تورکیا و دەستتێوەردانی ئەردۆغان لە دادگاکان، بانکی ناوەندی، میدیا و گرتنی کەسانی دژبەری خۆی، وای کرد ئابووریی ئەو وڵاتە ساڵ لە دوای ساڵ پاشەکشە بکات. تەنانەت دەستتێوەردانەکانی ئەرۆغان لە بانکی ناوەندی، هۆکارێکن بۆ دابەزینی نرخی لیرەی تورکی و هەروەها بەرزبوونەوەی هەڵاوسانی ئابووری لەو وڵاتە تا ئاستی ٨٠٪. چونکە لە کاتێکدا هەڵاوسانی ئابووری لە تورکیا رووی لە بەرزبوونەوە کرد، ئەردۆغان بۆ مەرامی سیاسیی خۆی، سوودی بانکی دادەبەزاند، کە ئەمەش دۆخی هەڵاوسانی ئابووریی خراپتر دەکرد. هەروەها ئاستی ڕێژەی بێکاری، هەژاری و نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە تورکیا لەم ساڵانەی دواییدا بەرزبوونەوەی بە خۆیەوە بینیوە.[30]

دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ئەمریکا لە ماوەی چەن حەوتووی رابردوودا هەوڵێکی لەو شێوەیەی دا تا سەرۆکی بانکی فیدراڵی ئەمریکا ناچار بکات سوودی بانکی دابەزێنێ، بەڵام لەبەر سەربەخۆبوونی

بانکی فیدراڵی و کۆمەڵێک یاسای تایبەت بە بانکی فیدراڵی، ملی بۆ داواکەی ترامپ نەوی نەکرد و سوودی بانکی دانەبەزاند. هەروەها لە پەیوەندی لەگەڵ ترامپ، دادگای باڵای فیدراڵی ئەمریکا، کۆمەڵێک باجی سەر کاڵا بیانییەکانی کە لەلایەن ترامپەوە سەپێنرابوون، بە نایاسایی ناساند و داوای کرد ترامپ ئەو بڕیارە ڕابگرێ.[٣١]

## ڕێگاچارەی بەردەم گەلانی ئێران

کەوابوو وەک چاوەڕان دەکرا، سیستەمی سیاسیی دیکتاتۆری ناتوانێ درێژە بە گەشەی ئابووری بدات و خۆشبژێوی بۆ خەڵک دابین بکات. هەروەها گۆڕینی دەسەڵات لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر گەشەی ئابووریی وڵاتدا هەیە.

ئەمە هەمان شتە کە ئەسیمۆغلوو و ڕۆبینسن دوای توێژینەوەیەکی زۆر پێی گەیشتن و ڕاستیی گریمانەکەی منیش دەردەخات کە چاوەڕوانی دۆخی خراپی بژێویی ژیانی خەڵکی و ئابووریی ئێرانم کردبوو.

هەربۆیە بە پشبەستن بەو داتا و ئامار و شیکردنەوەیەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین هۆکاری سەرەکیی هەژاری، بێکاری، هەڵاوسانی ئابووری، خراپی ئاستی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک ئاو و کارەبا، سیستەمێکی سیاسیی دیکتاتۆرییە لە ئێراندا، کە کۆمەڵە کەسێک لەو وڵاتە بە تایبەت شەخسی یەکەمی ئەو ڕێژیمە، خامەنەیی و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەستیان بەسەر هەموو جومگە گرنگەکانی وڵاتدا گرتووە و داهاتی ئەو وڵاتە لە پێناوی بەهێزکردن و پاوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان بەکار دەهێنن.

بوونی سیستەمێکی دیکتاتۆریی ئایینی لە ئێران، وێڕای ئەوەی وا دەکات کە لە سەروەت و سامان و توانا مرۆڤییەکانی گەلانی ئێران بە دروستی کەڵک وەرنەگیرێ، لەهەمان کاتیشدا بە نەبوونی کێبەرکێیەکی ئازاد و دادپەروەرانە بۆ کۆمپانیاکان، بیری نوێ و داهێنان لەو وڵاتە نایەتە کایەوە، ئەمەش وا دەکات ناکارامەییی ئابووری دروست بێت و ئاستی بەرهەمهێنان کەم بێتەوە. ناکارامەییی ئابووری، خەڵکی ئەو وڵاتە تووشی دۆخێکی نالەباری ئابووری، هەژاری، بێکاری، هەڵاوسانی ئابووری، نادادپەروەریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەکات.

هەربۆیە بۆ ئەوەی گەلانی ئێران لە دەست ئەو هەموو نەهامەتییە ڕزگاریان بێ، پێویستییان بە سیستەمێکی سیاسیی دیموکراسییە کە هەموو چین و توێژ و گەلانی ئەو وڵاتە بەبێ هەڵاواردن بەشداریی تێدا بکەن. چونکە باشبوونی دۆخی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و خۆشبژێویی بەردەوام، بەبێ بوونی دەسەڵاتێکی دیموکراتیک ئیمکانی نییە.

## سەرچاوەکان

١. کانگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن تاڵان دەکرێ؟
2. Oil Reserves by Country 2025
3. DARON ACEMOGLU AND JAMES A. ROBINSON, THE ORIGINS OF POWER, PROSPERITY, AND POVERTY-WHAY NATIONS FAIL
4. A History of Modern Iran |

Higher Education from Cambridge
5. Abdurrahman Boroumand Center: The 1983 Collective Punishment of Kurds: The Forgotten Stories
6. Iran Between Two Revolutions | Princeton University Press
7. A Modern History of the Kurds: : David McDowall: I.B. Tauris
8. https://www.facebook.com/share/v/16XmES2c3p/
9. Who Rules Iran: The Structure of Power in the Islamic Republic | The Washington Institute
10. Reuters Investigates - Assets of the Ayatollah
11. Corruption Perceptions Index 2024 - Transparency.org
12. Oil Reserves by Country 2025
13. Proven Natural Gas Reserves by Country (2025)
14. Iran's Sistan-Baluchestan Province Is Country's Poorest | Iran International
15. 850,000 residents of oil-rich Khuzestan province live in slums
16. Unemployment Rate Among University Graduates Higher Than National Average
Unemployment, total (% of total labor force) (modeled ILO estimate) - Iran, Islamic Rep. | Data
17. Kurdistan Human Rights Network's Annual Report – 2024
Kurdistan Human Rights Network's Annual Report – 2024
18. IMF forecasts economic improvement for Iran by 2026 - Tehran Times
19. Iran's labor protests grow as workers, retirees demand economic action | Iran International
20. ran Spends $16bn Funding Terror Across the Middle East – National Security News
21.Iran's Revolutionary Guards extend control over Tehran's oil exports, sources say | Reuters
22. The Escalating Poverty Crisis in Iran: A Grim Reality - Iran Focus
23.Isfahan-Yazd tensions underscore Iran's deepening water crisis | Iran International
٢٤. بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی ئیلام: ٥٧٧ گوند کێشەی... | رووداو.نێت
٢٥. کانگاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن تاڵان دەکرێ؟
26.Iran enforces rolling power blackouts as fuel shortages bite
27. Qatar says its output at gas field shared with Iran is steady, following Israeli strike | Reuters
28. International Politik NU- Systime
29. Economics ACEMOGLU | LAIBSON | List
30.Turkey Overview: Development news, research, data | World Bank
31.Domstol blokerer toldsatser: 'Et alvorligt tilbageslag for Donald Trump' | Udland | DR

# بەراییەک بۆ یەکەمین هەوڵی جینۆسایدی ئاماریی لە باشووری کوردستاندا (سەرژمێری ساڵی١٩٢٠ ) وەک نموونە

عومەر عادڵ

”

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، باسکردنی جۆرێکی تر لە جینۆسایدە، کە نووسەران و توێژەرانی تر پەیان پێ نەبردووە، ئەوەیش جینۆسایدی ئامارییە، پاشان بەستنەوەی ئەم جینۆسایدە، بەو سەرژمێرییەی کە لە ساڵی (١٩٢٠) لە تەواوی خاکی عێراقدا ئەنجام دراوە. ئامانج لە باسکردنی لێکەوتەکانی ئەم سەرژمێرییە، بۆ ئەوە بوو، ڕێگری بکرێت، لەوەی لە داهاتوودا جینۆسایدێکی تر لەم شێوە دووپات بکرێتەوە.

“

## پێشەکی:

لە ئاستی ناوخۆی کوردستان و لە ئاستی دەرەوەشدا، چەندین پەرتووک و توێژینەوە لە چاپ دراون، کە باس لە کێشەی موسڵ دەکەن، زۆرێک لەوانەش لە ڕوانگەی مێژووییەوە، کاریان لەسەر کراوە. لە ڕاستییدا کێشەی موسڵ جگە لە چوارچێوە مێژووییەکەی، ئەگەر لە دیدگای ترەوە لێی بڕوانین، گەلێک خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت، بە جۆرێک کە کاریگەرییەکانی تا هەنووکەش بەردەوامن. مەبەستی سەرەکی ئێمە لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، باسکردنی چەمکێکی نوێیە، پاشان ئاوێزانکردنی ئەم چەمکە، بەو سەرزمێرییەی کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ویلایەتی موسڵ ئەنجام درابوو، کە لە کۆتاییدا لە ژێر پاڵەپەستۆی دەوڵەتی بەریتانیا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی، ویلایەتەکەی خستەسەر وڵاتی عێراق.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، باسکردنی جۆرێکی تر لە جینۆسایدە، کە نووسەران و توێژەرانی تر پەیان پێ نەبردووە، ئەوەیش جینۆسایدی ئامارییە، پاشان بەستنەوەی ئەم جینۆسایدە، بەو سەرزمێرییەی کە لە ساڵی (١٩٢٠) لە تەواوی خاکی عێراقدا ئەنجام دراوە. ئامانج لە باسکردنی لێکەوتەکانی ئەم سەرزمێرییە، بۆ ئەوە بوو، ڕێگری بکرێت، لەوەی لە داهاتوودا جینۆسایدێکی تر لەم شێوە دووپات بکرێتەوە.

## کێشەی توێژینەوە:

ئەم سەرزمێرییەی کە لە پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق ئەنجام درا، وەک کێشەیەک سەیر دەکرێت، کە ئامانج لە سەرزمێرییەکە یەکلا کردنەوەی پرسی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراق یان تورکیە بوو. لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، ئەم ویلایەتەش، خرایە سەر ئەم دەوڵەتە. لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، چەندین جار کورد ڕووبەڕووی ستەم و نادادیی بووتەوە، کە کۆمەڵێک کێشەی زنجیریی بەدوای خۆیدا هێنا کە تا ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت، ئەو کێشە و گرفتانە بەردەوامن.

## میتۆدی توێژینەوە:

هەرچی پەیوەستە بە میتۆدی توێژینەوە، دەتوانرێت بوترێت میتۆدی مێژوویی - شیکاری لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێنراوە، چونکە جگە لە پەسند کردنی چەمک و زاراوەی جینۆسایدی ئاماریی، لە هەمان کاتدا، شیکاریمان بۆ ئەم چەمکە لە چوارچێوەی ئەو سەرزمێرییەی کە لە ساڵی ١٩٢٠ ئەنجامدراوە، کردووە.

## کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە جوگرافیای ویلایەتی موسڵ لە کۆندا، بەو پێیەی ئەم سەرزمێرییە، لەم کۆمەڵگەیەدا ئەنجام دراوە و کۆمەڵێک لێکەوتەی نەرێنی بە دوای خۆیدا هێناوە.

## پەیکەربەندیی توێژینەوە:

پەیکەربەندی ئەم توێژینەوەیە، بەسەر چوار بابەتدا دابەشکراوە و هەموو بابەتەکان پەیوەستن بە یەکترەوە، بەشێوەیەک کە هەر بابەتێک دەبێ بە تەواوکەری ئەوی تر؛ لە بابەتی یەکەمدا چەمک و دەستەواژەی جینۆسایدی ئامارییمان باسکردووە، پاشان لە بابەتی دووەمدا بەراوردێکمان کردووە لە نێوان جینۆسایدی ئاماریی و جینۆسایدی

جەستەییدا، بۆ ئەوەی جینۆسایدی ئاماریی بەلای خوێنەرانەوە ڕوونتر بێ، پاشان لە بابەتی سێیەمدا ئەم جینۆسایدەکەمان لە چوارچێوەی ئەو سەرژمێرییەدا باسکردووە کە لە ساڵی (١٩٢٠) لە خاکی عێراقدا ئەنجام دراوە، پاشان لە بابەتی چوارەم و کۆتاییدا، باسمان لە لێکەوتە خراپەکانی ئەم جینۆسایدە کردووە.

## چەمک و دەستەواژەی جینۆسایدی ئاماریی:

جینۆسایدی ئاماریی، چەمکێکی نوێیە. لە ڕووی ڕۆنانەوە، ئافرێنراوی دوو دەستەواژەیە، یەکەم دەستەواژە جینۆسایدە، کە مەبەست لەم دەستەواژەیە، "پێکهاتوو لە دوو وشە، یەکەمیان (genos)ی یۆنانی بە واتای ڕەگەز و دووەم (cide)ی یۆنانییە، کە واتای کوشتن دەگەیەنێ. بەسەریەکەوە، دەبێتە کوشتنی ڕەگەزی مرۆڤ و لە چەمکە بنەڕەتییەکەیدا مەبەست کوشتنی بە کۆمەڵ یان قڕکردنە" (سلێمان، ٢٠١٧، ل. ٣١٢). لەم شیکردنەوەدا، دەگەین بەم ئاکامە کە جینۆساید لە ناوبردنی کۆمەڵێک مرۆڤە پێکەوە. گونجاوترین پێناسەی وشەی ئامار ئەوەیە کە بوترێت: "بریتییە لە شێوازێک یان ئامرازێک بۆ کۆ کردنەوەی ڕاستییەکان و زانیارییەکان بۆ دارشتنەوە بە شێوەی ژمارەیی، یان مەزندە کردنی لە ئاستێکی گونجاو لە وردەکاری و کۆکردنەوەی ڕاستی و زانیارییەکان بە شێوەی خولی ڕێکخراو، بۆ هەر مەبەستێکی دیاریکراو و ڕێکخستنیان بە شێوەیەک کە پەیوەندیی نێوانیان ڕوون بکرێتەوە" (عەلی، بادوارەیی، ٢٠١٥، ل. ١٣).

لە ڕێگەی ناساندنی هەریەک لە دەستەواژەکانی ئامار و جینۆساید، دەتوانین بگەین بەم باوەڕە کە جینۆسایدی ئاماریی، جۆرێکە لە جۆرەکانی جینۆساید و لە ئاستی کەم کردن و زیاد کردنی ژمارەی تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو بەڕێژەیەکی زۆرە، کە کاریگەرییەکی مەزن لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێت.
کە واتە ئەم نادادپەروەرییەی لە سەرژمێرییەکاندا ئەنجام دەدرێ، کاتێک ژمارەی نەتەوەیەک یان ئاینیکی دیاریکراو کەم دەکرێتەوە تا ژمارەی نەتەوەیەکی دیکە زیاد بکرێ، بە جینۆسایدی ئاماریی ناوزەد دەکرێ.

## بەراورد کردنی نێوان جینۆسایدی جەستەیی و جینۆسایدی ئاماریی:

مەبەست لە جینۆسایدی جەستەیی، هەموو ئەو جینۆسایدانەیە کە لە ڕێگەی ئازار پێگەیاندن بە جەستەی مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێن، "واتە کوشتنی ئەندامانی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراو بە هەر جۆرێک" (گوڵ، ٢٠٠٢، ل. ١٠).
جینۆساید تەنیا ئەم تاوانانە ناگرێتەوە کە بەرانبەر بە جەستەی مرۆڤ دەکرێن، بەڵکو دەکرێ جینۆساید بە چەند جۆر و شێوەی جیاواز ئەنجام بدرێ، بەڵام ئەوەی هەیە، دەکرێ بوترێ جینۆسایدی ئاماریی، لە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تری جینۆساید، نوێترین جۆرە، لە بەراورد لەگەڵ جینۆسایدی جەستەیی، چونکە مرۆڤ لە کۆنەوە لە ڕێگەی هێز و توندوتیژییەوە هەوڵی چارەسەر کردنی کێشەکانی داوە.
ئامانجی سەرەکی جینۆسایدی جەستەیی لەناوبردنی تەواوەتی، یاخود کەمکردنەوەی ڕێژەی نەتەوەیەک، یان کەسانی خاوەن ئایدیۆلۆژییەکی دیاریکراوە، بە هەمان شێوە ئامانجی جینۆسایدی ئاماریی کەمکردنەوەی ژمارەی نەتەوەیەک یان

خاوەنانی ئایدیۆلۆژییەکە.
ئەوەی جینۆسایدی جەستەیی و جینۆسایدی ئاماریی لێک جیا دەکاتەوە، تەنیا شێوازی ئەنجامدانی پرۆسەکەیە، بەو پێیە لە جینۆسایدی جەستەییدا، کەمکردنەوە یان قڕکردنەکە لە ڕێگەی کۆمەڵکوژییەوە جێبەجێ دەکرێ، بەڵام لە جینۆسایدی ئامارییدا، لە ڕێگەی تۆمار نەکردنی ژمارەی ڕاستەقینەی تاکەکانەوە جێبەجێ دەکرێ. لێرەدشدا کۆمەڵێک پاساو دەهێنرێتەوە، یەکێکە لەو پاساوانە ئاینییە، کە هەوڵ دەدرێت بە هۆی جیاوازیی ئاینییەوە، نەتەوەیەک پەرتەوازە بکرێت، چونکە دەکرێ لە نێو نەتەوەیەکدا زیاتر لە ئاینێک بوونی هەبێت.

## خوێندنەوەیەک بۆ سەرژمێریی ساڵی ١٩٢٠ی عێراق لە چوارچێوەی جینۆسایدی ئامارییدا:

جینۆسایدی ئاماریی، بەشێکە لەو جینۆسایدانەی لە چوارچێوەی خاکی عێراقدا ئەنجام دراوە، بەمشێوەیە دەتوانین جینۆسایدی گەلی کورد لە خاکی عێراقدا بەسەر دوو قۆناغدا دابەش بکەین. جینۆسایدێک پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، ئەمە هەموو ئەو جینۆسایدانە دەگرێتەوە کە پێش دروستبوونی دەوڵەتەکە بەرانبەر بە نەتەوەی کورد ئەنجام دراوە، پاشان قۆناغی دووەم دێت کە دەگەڕێتەوە بۆ پاش دروستبوونی دەوڵەتەکە، وەک زانراوە، "هاتنی "سێر پێرسی کۆکس" وەک کۆمیساری باڵای بەریتانیا بۆ عێراق لە ئۆکتۆبەری ١٩٢٠ کۆتایی بە ئەرکی سەربازیی هێنا، ئەمەش ئاماژەیەکە بە نیازی بەریتانیا کە دەیهەوێت دەوڵەتێک لەسەر خاکی میزۆپۆتامیا دامەزرێنێ. فۆرمی دەوڵەتەکە بریتی بوو لە پاشایەتییەکی دەستووری، کە لە کۆنفرانسی قاهیرە لە بەهاری ساڵی ١٩٢١ بڕیاری لەسەر درا، پاشان "مەلیک فەیسەڵ" وەک پاشای عێراق لە ٢٣ی ئابی ١٩٢١ دیاریکرا" (داویشە، ٢٠١٩، ل. ١٧).
کە واتە، ئەم جۆرە جینۆسایدە، دەگەڕێتەوە بۆ پێش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و مەبەست لەم سەرژمێرییە، کە ئامانج لە سەرژمێرییەکە یەکلا کردنەوەی پرسی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عێراق یان تورکیە بوو، کە سەرەنجام لە ژێر کۆمەڵێک پاڵەپەستۆی وڵاتە زلهێزەکاندا و بەبێ گوێدان بە ویست و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد، ویلایەتەکە خرایە سەر دەوڵەتی عێراق.
"دوای سەرهەڵدانی کێشەی ویلایەتی موسڵ، تورکیا و عێراق و بەریتانیا دەستیان کرد بە سەرژمێریی ویلایەتی موسڵ، هەر سێ لایەن، بە پێی بەرژەوەندیی خۆیان ژمارەی گەلانی ناوچەکەیان خەملاندووە، هەرسێ لایەنیش ژمارەی کوردیان کەمکردووەتەوە، هەروەها لەو خەملاندنانەدا تەنیا کوردە موسڵمانەکانیان بە کورد داناوە و هەرچی ئێزیدی، مەسیحی، کاکەیی و شەبەکیان بە کورد دانەناون" (ناوخۆش، ٢٠٠٠، ل. ٧٩).
چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا، ئەم پێکهاتە ئایینیانە بەشێکی دانەبڕاو لە پێکهاتە و ناسنامەی نەتەوەی کوردن.
وەکوو ئاماژەی پێ کراوە، سەرژمێرییەکەی بەریتانیا لەسەر بنەمای ئایینی دانرابوو، لەمەشدا مەبەستی خۆیان هەبووە، هەرچ نەبێ بۆ ئەوەی کوردە ئێزیدی و کاکەیی و مەسیحی و شەبەکەکان بە کورد دانەنێن، هەروەها بە حوکمی ئەوەی بەریتانیا دەیویست ویلایەتەکە بە عێراقی عەرەبییەوە بلکێنێ، هەربۆیە ژمارەی کورد و تورکمانی کەم کردووەتەوە و ژمارەی عەرەبی بە جۆرێک زیاد کردووە. بە جۆرێک لە خەملاندنەکەی عێراقدا ژمارەی عەرەب ١٦٦،٩٤١ بەڵام لە هی بەریتانیادا

۷۳۶،۱۸۵ کەسە! " (ناوخۆش ۲۰۰۰، ل. ۸۱). ئەگەر لەو سەرژمێرییەی سەرەوەدا ورد ببینەوە، تێدەگەین کە یەکێک لەو تاوانە گەورانەی بەرانبەر بە کورد کراوە، لێسەندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردە لە ئێزیدییەکانە، کە دەبوایە لە لیستی سەرژمێرییەکەدا بوترێت (کوردانی ئێزیدی)، نەک تەنها بنووسرێ: ئێزیدی. پاشان ئەژمار نەکردنی شەبەک و کاکەییەکان لە پرۆسەی سەرژمێرییەکەدا، دیسان ستەم و جینۆسایدێکی ترە.

هەروەها ئەوەی پەیوەستە بە جوولەکەوە، دەبوایە ژیرانەتر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە ئەو جوولەکانەی لە ناوچە کوردییەکاندا ژیاون، مۆرک و ناسنامەی نەتەوەیی کوردیان وەرگرتووە و "ئایینی جوولەکە تەنیا تایبەتی نەتەوەی مووسا نییە، بەڵکو لە نێو هەموو کۆمەڵگاکاندا بڵاوبووەوە. لەمانەش گەلی کورد، ئەو جوولەکانەی لە کوردستاندا ژیاون و جلوبەرگی ئێمەیان لەبەرکردووە، بە زمانی ئێمە دواون، زۆر داب و نەریتی ئێمەیان پەیڕەوکردووە، تاکە جیاوازی نێوان جوولەکەکان و ئێمە جیاوازی لە ئایینەکەماندا بووە (کوردە ۲۰۱۹، ل. ۵۳). بێگومان ئەو جوولەکانەش، ناسنامەی نەتەوەیی کوردیان وەرگرتووە و دەبوو لە سەرژمێرییەکەدا، بە کورد ئەژمار بکرێن، کەچی لە هەرسێ سەرژمێرییەکەدا، جوولەکە بە جیا ئەژمارکراون.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەو مەبەستەی سەرەوە، دەتوانین سوود لە بۆچوونێکی «مارف خەزنەدار» وەرگرین، کە دەڵێ: "بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناو کورددا بە جارێک و بە بێ گرێ نەبوو، ماوەیەکی زۆری خایاند، هەر لە سەرەتاوە بەرەبەرە ئایینی ئیسلام زیاتر پەرەی دەسەند و ئایینە کۆنەکان گرژ دەبوونەوە و دەچوونەوە ناو قەپیلکی خۆیانەوە، بەڵام بەشێکی کورد لە سەر ئایینە کۆنەکانی خۆیان هەر مانەوە، بە هەندێکیان - لەبەر گەلێ هۆی دیاریکراو - هەوڵیشیان دابێ ئایینەکانیان بخەنە قاڵبی ئیسلامی ڕەسمییەوە بە ناوی مەزهەبێک لە مەزهەبەکانی ئیسلام یا سۆفیزم" (خەزنەدار ۲۰۰۱، ل. ۵۰).

لەم بۆچووندا، دەگەین بەو ڕاستییە کە پاش ئەوەی زۆرێک لە نەتەوەی کورد موسڵمان بوون، کەچی کۆمەڵە کەسانێکی تر، هەر لەسەر ئایینەکانی خۆیان مانەوە، وەک ئێزیدی و کاکەیی و مەسیحی، ئەمەش ئەوە نەبێت، کە ئەو وڵاتە زلهێزانە، شارەزاییان لە بارەی ئایینە جیاوازەکانی نەتەوەی کوردەوە نەبێت، بەڵکو بۆ هێنانەدی پلان و بیرۆکەکانی خۆیان بەو شێوەیە، پرۆسەکانیان ئەنجام داوە. کە واتە دابڕینی هەریەک لە کاکەیی و ئێزدی و شەبەک و کوردە مەسیحییەکان لە چوارچێوەی جینۆسایدی ئامارییدا پۆلێن دەکرێت، چونکە بە جیاکردنەوەی هەریەک لەو پێکهاتە ئاینییانە، ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوەی کورد، بە کورد ئەژمار ناکرێن، بەڵکو بە کەمینەیەکی ئایینی دێنە ئەژمار.

هەر بۆیە، "هەندێک جار سیاسەتی بە کەمینەکردن، لە چوارچێوەی سەرژمێری دانیشتوواندا ئەنجام دەدرێ، واتە پاش ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتووان لە وڵاتێکدا، ڕێژەی ڕاستەقینەی ئەو نەتەوەیەی مەبەستیانە ژمارەکەی کەم بکەنەوە، بەڵکوو ڕێژەیەکی زۆر کەمتر لەو ڕێژەیەی لە سەرژمێرییەکەدا دیاری کراوە، دادەنرێت" (عەبدوڵڵا ۲۷۲۶، لاپەڕەکانی ۲۷۲-۲۷۱) بە کەمینە کردنیش چەقی پرۆسەی جینۆسایدە،

بەو پێیەی ئامانجی سەرەکی جێنۆساید کەمکردنەوەی ڕێژەی لایەنێکی دیاریکراوە بە هەر شێوەیەک بێ.

پێویستە دوو لایەنی تریش لە بیر نەکەین، کە ڕۆڵیان هەبوو لەم جینۆسایەدا، "تورکەکان، ژمارەی کورد و عەرەبیان لە ویلایەتەکەدا بە جۆرێک خەملاندووە کە لە ڕاژەی بانگەشەکەیدا بێت، لەو لاشەوە ژمارەی تورکمانەکانیان بە جۆرێک زیاد کردووە کە نزیک بێت لە ژمارەی کوردان، عەرەبەکانیش ژمارەی کورد و تورکمانیان کەم کردووەتەوە، لە بەرامبەردا، ژمارەی عەرەبیان زیاد کردووە بۆ ئەوەی نزیک بێت لە ژمارەی کورد" (ناوخۆش، ٢٠٠٠، لاپەرەکانی ٨١-٨٠).

کە واتە جگە لە بەریتانیا کە وڵاتێکی زلهێزی جیهانی بوو، تورکیا وەکوو نوێنەری تورک و عێراق وەکوو نوێنەری عەرەب، پشکێکی گەورەیان هەبووە لەم جینۆسایەدا، بەڵام زیاتر سەرەنجەکە لەسەر بەریتانیا چڕ بووەتەوە، چونکە بەریتانیا ڕۆڵگێری سەرەکییە.

ئەگەر جێنۆساید بەوە پێناسە بکرێت کە "تاوانێکی درندانەیە، دژ بە مرۆڤایەتی، بۆیە نەک هەر وڵاتانی تاوانکار بەڵکو ئەو کەسانەش بە ئەنجامدانی جێنۆساید تاوانبار دەکرێن، لێپرسینەوەی یاسایی - نێونەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆیان" ( گوڵ ٢٠٠٧، ل. ١٧). ئەم وڵاتانەی وەکوو بەریتانیا و تورکیا و عێراق دەستیان لە جێنۆسایدی ئاماریی ئەم سەرژمێرییەدا هەبووە، تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتییان ئەنجام داوە.

ئەم جێنۆسایدە بە تەواوەتی پلاندارێژراو بوو، لە ڕاستیدا "هیچ جێنۆسایدێک بەبێ پلان بەرێوە ناچێ. جێنۆساید پێویستی بە ناوەندێکی سەرپەرشتیار و پرۆژەیەکی گشتگیر هەیە بۆ ڕێکخستنی هەموو ئەو ئامرازانەی کە بۆ کوشتاری بەکۆمەڵ بەکار دەهێنرێن. جێنۆساید تاوانێکی دەوڵەتییە، چونکە ئەم چەشنە ڕێکخستنە تەنیا لە توانای دەوڵەتاندایە (مزویری ٢٠١٣، ل. ٥). هەموو ئەم پلانانەش بەریتانیا دایڕشتبوون، بۆ مسۆگەر کردنی بەرژەوەندییە ئابووری و ڕامیارییەکانی خۆی.

ئەگەر بمانهەوێ ئاماژە بە سەرەتای مێژووی جێنۆساید لە لایەن دەوڵەتی عێراق بکەین، ئەوە ڕاستەوخۆ سەرەنج بۆ ئەو سەرژمێرییە چڕ دەکەینەوە، کە لە ساڵی ١٩٢٠ لە ویلایەتی موسڵدا ئەنجام دراوە، چونکە خواستی جێنۆساید بەشێوەیەکی ئاشکرا لەو سەرژمێرییەدا دەبینرێ.

## لێکەوتە نەرێنییەکانی پاش جێنۆسایدی ئاماریی لە سەرژمێری ساڵی ١٩٢٠:

ئەو جێنۆسایدە ئامارییەی لە چوارچێوەی سەرژمێری دەوڵەتی عێراقدا ئەنجام درا ، تەنیا کەمکردنەوەی ژمارەی کورد نەبوو لە پێناو کۆمەڵێک بەرژەوەندی بەریتانیادا، بەڵکو ئەو جێنۆسایدە، کۆمەڵێک لێکەوتەی نەرێنی تری بەدوای خۆیدا هێنا، کە لەم بابەتەدا ئەو لێکەوتە نەرێنیانە هەڵدەسەنگێنین:

### ١ بێبەشبوونی کورد لە چالاکییە ڕامیارییەکاندا:

لە پاش دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، کورد بوو بە نەتەوەی دووەم لەم وڵاتە، بەمشێوەیە، کورد لە زۆر ڕووەوە مافی ئەوەی نەبوو بەشداری هەندێک چالاکی نەتەوەیی و ڕامیاری بکات، ئەگەر بەشداریشی کردبێ ئەوە لە ژێر سێبەری دەوڵەتی عێراقدا بەشداری کردووە، ئەم تاکفەرمانڕەواییەی عەرەب لە دەوڵەتی عێراقدا، هەر لە سەرەتای نووسینی یەکەم دەستووری وڵتەکەدا دەبینرێ، بۆ نموونە لە دەستووری ساڵی ١٩٢٥ کە بە هیچ شێوەیەک ناوی کوردی تێدا نەهێنراوە، بەڵام پاش ڕووخانی حکومەتی

بەعس، لە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کورد بەشێک لە مافە نەتەوەیی و رامیارییەکانی بە دەستهێنا.

### ٢ دژایەتیکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد:

دەوڵەتی عێراق، هەمیشە چاوی لە ناوچە کوردییەکان بوو و دەیهەویست بە هەر شێوەیەک بێ رێژەی عەرەب لەو ناوچانەدا زیاد بکات و ناسنامەی نەتەوەیی بگۆڕێت، بۆ ئەم مەبەستەش، سیاسەتی دژایەتیکردنی کوردی گرتەبەر، دەرەنجامی ئەم سیاسەتەش، لە ناوچە کوردییەکاندا دەبینرێ.

ناسنامەی نەتەوەیی کورد بریتین: لە (جلوبەرگی کوردی، زمان، خاک، دروشمی نەتەوەیی) هەر لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراق و سەرکەوتنی ئەمجۆرە جینۆسایدە، قۆناغێکی تر لە دژایەتی کردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد دەستپێکرد. بۆ نموونە لە دەستووری ساڵانی ١٩٢٥دا ئەم جۆرە دژایەتیکردنە، بەرانبەر بە زمانی کوردی هەست پێدەکەین. "لە دەستووری هەمیشەیی ساڵی ١٩٢٥، بە شێوەیەکی راستەوخۆ ناوی نەتەوەی کورد و زمانەکەی نەهاتووە و هیچ ماددەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە (خۆشناو ٢٠١٣، ل. ٢٢٧).

### ٣ فراوانبوونی جوغرافیای رامیاریی دەوڵەتی عێراق:

پێش سەرژمێری ساڵی (١٩٢٠)، خاکی عێراق لە ویلایەتی بەغداد و بەسرە پێکهاتبوو، بەڵام پاش سەرژمێری (١٩٢٠) و لە ژێر گوشاری بەریتانیادا، ویلایەتی موسڵیش خرایە سەر دەوڵەتی عێراق، بەمشێوەیە، لەسەر پشکی خاکی کوردستان، جوغرافیای رامیاریی دەوڵەتی عێراق فراوانتر بوو.

### ٤ زنجیرە جینۆسایدەکان دژی نەتەوەی کورد:

پاش ئەوەی دەوڵەتی عێراق، لەلایەن بەریتانیایەوە دروست کرا، لەو کاتی بەدواوە، دەوڵەتی عێراق بە هەموو شێوازێک دەستی بە دژایەتیکردنی نەتەوەی کورد کرد و دەیهەویست بە هەر شێوەیەک بێ، رێژەی کورد لەم وڵاتەدا کەم بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک جینۆسایدی جەستەیی و کلتووری ئەنجام دان.

" پاش لکاندنی خوارووی کوردستان پێوەی، کێشەی کورد بەردەوام کێشەی سەرەکی عێراق بووە. رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق نکوڵیان لە مافی گەلی کورد بۆ دیاریکردنی چارەنووسدا کردووە و سیاسەتی دژ بە مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد بەرنامەرێژ کراوە، هەر بۆ جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتەش ئەندازەی تاوانی ئەو رژێمانە گەیشتووەتە پلەیەکی بەرز و لە هیچ شتێک سڵ نەکراوەتەوە. بۆیە کە بە وردی سەیری جۆری ئەو تاوانانە دەکەین، پێکهاتەی تاوانی جینۆساید بە تەواوی دیارە (گوڵ ٢٠٠٧، ل. ٢٩). گرنگترینی ئەو جینۆسایدانەش، ئەنفال (بە هەموو قۆناغەکانییەوە)، کیمیاباران و هتد بوون.

### ئەنجامی توێژینەوە:

لە ئەنجامدا گەیشتین بەوەی کە جینۆسایدی ئاماریی، یەکێکە لە جۆرەکانی جینۆساید و لە ئاستی چەواشەکاری ئاماریدا خۆی دەبنێتەوە، بەو پێیەی ئامارەکان وەکو ئەوەی هەن ناخرێنە روو و بە پێی خواستی لایەنە بەهێز و خاوەن بڕیارەکان، ئامارەکان دەخرێنە روو، ئەم جۆرە جینۆسایدە، یەکەمین جینۆسایدە لە مێژووی

دەوڵەتـــی عێراقـــدا کـــە بەرانبـــەر بـــە نەتـــەوەی کـــورد کـــراوە.ە لـــە ســـەرژمێری ســـاڵی (١٩٢٠)دا، کـــە کۆمەڵێـــک لێکەوتـــی نەرێنـــی بـــە دوای خۆیـــدا هێنـــا، وەکـــوو بێبەشـــبوونی کـــورد لـــە چالاکییـــە ڕامیارییەکانـــدا، دژایەتیکردنـــی ناســـنامەی نەتەوەیـــی کـــورد، فراوانبوونـــی جوغرافیـــای ڕامیاریـــی دەوڵەتـــی عێـــراق، زنجیـــرە جینۆســـایدەکان دژی نەتـــەوەی کـــورد.

## سەرچاوەکان:


## سەرچاوە کوردییەکان:

١. بـــاوەڕ، ئەحمـــەد،(٢٠٠٠) جوولەکەکانی کوردســـتان، چ١، چاپخانـــەی وەزارەتـــی ڕۆشـــنبیری، کەلار.

٢. ســـلێمان، تەها،(٢٠١٧) جینۆســـاید لە باشـــووری کوردســـتان، گۆڤـــاری زانکۆی گە ر میا ن.

٣. خەزنـــەدار، مـــارف،(٢٠٠١) مێـــژووی ئەدەبـــی کـــوردی ب١، چ١، بڵاوکراوەکانی ئـــاراس، هەولێر.

٤. خۆشـــناو، نەریمان عەبـــدوڵڵا،(٢٠١٣) زمانی ســـتانداردی کوردی، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٥. عەلی و باداوەیی، تەها حوســـێن، سەردار عوسمان، بنەماکانی زانســـتی ئامار،(٢٠١٥) چ٣، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٦. عەبدوڵڵا، عومەر عادل، (٢٧٢٦) هەوڵێکی نـــوێ لە سیاســـەتی بـــە کەمینەکردن لە بەرانبەر کوردانی ئێزدی، گۆڤاری تیشـــک، ژمارە(٧٠).

٧. ڕێـــکاری مزویـــری، (٢٠١٣)مێـــژووی جینۆســـایدی گەلی کـــورد،چ١، چاپخانەی کارۆ، هەولێر.

٨. ناوخۆش، ســـەلام، (٢٠٠٠) هۆکارەکانی لکاندنـــی ویلایەتی موســـڵ بـــە عێراقی عەرەبییـــەوە،چ١، چاپخانەی ژیـــان، هەولێر.

٩. کوردە، بەرزان ئەحمـــەد،(٢٠١٩) کورتە مێـــژووی جەولەکەکانی کوردســـتان، چ١، چاپخانەی ( )، ســـلێمانی

١٠. گـــوڵ، مـــارف عومـــەر،(٢٠٠٧)، جینۆســـایدی گەلی کورد- لەبەر ڕۆشـــنایی تـــازە نێودەوڵەتانـــدا،چ٤، بڵاوکراوەکانی ئـــاراس، هەولێر.

١١. گـــوڵ، مـــارف عومـــەر،(٢٠٠٢) پۆلێنکردنـــی تاوانەکانی ئەنفـــال و بە پێی جۆرەکانی جینۆســـاید، زەنجیـــرەی کتێبی بیر(١٣) بڵاوکراوەکانی (ی.ن.ک)، ســـلێمانی

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

١٢. داویشـــە، عضیـــد، ت: ســـامر طالب، (٢٠١٩) العـــراق تاریـــخ سیاســـی مـــن الاســـتقلال إلـــی الاحـــتلال، ط١، مرکز الرافدیـــن للحـــوار، بیروت.

# دەروێشی هیندی لە کوردستان چییان دەکرد؟

ئەنوەر سوڵتانی

”

لێرەدا هەوڵدەدرێت کونجکۆڵییەک لە هاتنی چوار دەروێشی هیندی بۆ ناوچەکانی کوردستان و شوێندانانیان لەسەر بیر و باوەڕی خەڵک و ڕەوتی تەریقەتەکان، تەنانەت بنیاتنانی هەندێ لق و فەرع بۆ تەریقەتە جێگەی باوەڕەکانی خەڵک بکرێت کە بەشێکیان تا ئەمڕۆش هەن و مورید و سەرسپاردەیان هەیە. لەکۆتاییشدا هەوڵدەدرێت هەنگاوێکی هەرچەندە بچووک بەرەو ناسین و ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی هاتنی ئەو دەروێشانە هەڵێنرێتەوە.

“

## سەرەتا

### هیندوستانی سەدەی ١٨ و ١٩

لە سەدەی ١٨ دا، هێشتا حکوومەتی پاکستان دانەمەزرابوو و ئەفغانستانیش بەشێک بوو لە ئێران، بەوپێیە، ئێران و هیند دوو وڵاتی هاوسنووری یەکتر بوون. نادرشای ئەفشار لە ساڵی ١٧٣٩ دا لەشکری بردە سەر هیندوستان و حکوومەتی گورەکانیانی هیندی تێکشکاند.[١] شکستی حکوومەتی هیند و لاوازبوونی باری سیاسی و ئابووریی وڵاتەکە، ڕێگەی بۆ ئورووپاییەکان خۆش کرد کە هەرکام لەلایەکەوە بەشێک لە خاکی هیند داگیر بکەن.[٢] حکوومەتی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیی بریتانیاییەکان تەنیا ١٨ ساڵ دوای شکستی هیند لە سپای ئێران، لەو وڵاتەدا دەستی بە کار کرد و ١٠١ ساڵ دواتر، لە ١٨٥٨ دەسەڵاتی خۆی ڕاستەوخۆ بە حکوومەتی بریتانیای ڤیکتۆریایی ئەسپارد کە تا سەرکەوتنی بزاڤی سەربەخۆیی هیند لە ساڵی ١٩۴٧ درێژەی کێشا.

هیندوستانی ئەودەم، شوێنی ژیانی هیندوو و موسوڵمانێکی زۆر بوو بە سوننە و شیعەوە.[٣] ئەو موسوڵمانانە چ بۆ کاری بازرگانی و چ بۆ ڕێو ڕەسمی ئایینی هاتوچۆی ئێران و میزۆپۆتامیا و خاکی عوسمانییان دەکرد. بە هەمان شێوە لە ئێران و وڵاتانی عەرەبی و ناوچەکانی ئاسیای بچووکەوە خەڵک دەچوونە بەشە جیاوازەکانی هیندوستانی پان و بەرین.[۴]

### کوردستانی سەدەی ١٨ و ١٩

کوردستانی ئەودەم لەباری سیاسییەوە بەسەر دوو وڵاتی ئێران و عوسمانیدا دابەشکرابوو؛ لەباری ئابوورییەوە زوربەی هەرەزۆری خەڵکەکەی، گوندنشین و وەرزێر یا ئاژەڵدار بوون و لەلایەنی ئایینیشەوە سوننە و شیعە و تەنانەت تا ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم و ماوەیەک دواتریش سەر بە تەریقەتێکی باو- بەتایبەت قادری یا نەقشبەندی بوون. هەر بەو بۆنەیەوە میوانداریکردنیان لە دەروێش و سۆفی و موریدانی خانەقاکان، سەر بە هەر میللەتێک بوویێتن (کورد و تورک و تاجیک و هیندی و ئەفغان) و بەخێر هێنانی زیارەتکارانی ڕێبواری مەرقەدی پێشڕەوانی تەریقەت، دیاردەیەکی ئاسایی و هەمیشەیی ناو کۆمەڵگا بوو. درێژەی دیاردەی مورید و مورادی لە کوردستان، ئاوەدان مانەوەی تەکیە و خانەقا لە شار و دێ، ژیانی سۆفی و شێخ و خەلیفە و دەروێش بەتەنیشت مزگەوت و مەلاوە، بەردەوامیی ئاڵقەی زیکر لە خانەقا و مزگەوتەکان، هەروەها وانەبێژی و ئامۆژگاریی فێرکاران لەلایەن مورشید و پیری دەستگیر و بەگشتی شێخەکانەوە، کە زوربەی هەر زۆریان کورد و نیشتەجێی کوردستان بوون، ناوچەکەیان کردبووە شوێنێکی گرنگ بۆ ڕووتێکردنی سۆفیان و ئەویندارانی عیرفانی ئیسلامی لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان، دۆخێک کە تا ئەمڕۆش کەموزۆر لە شوێنی وەک خانەقای بیارە بەردەوامە. هەر لەو پەیوەندییەشدایە کە هاتنی دەروێشی هیندی بۆ کوردستان و ناوەڕۆکی ئەم وتارە واتای عەینی پەیدا دەکەن.

بەڵام لە یەکدوو سەدەی ڕابردوودا بەتایبەت دوای جێگیر بوونی ئورووپاییەکان لە هیند و میزۆپۆتامیا، هەواڵی هەندێ هاتوچۆی جێگەی پرسیار لە نێوان هیند و ئێران و ئاسیای بچووک (بەکوردستانەوە) بیستراوە، کە شایانی

ســـەرنج و لێکۆڵینەوە لـــە هۆکارەکانیانە. ‘ئاقاخانی مەحەلاتـــی’(١٨٠٤ تا ١٨٨١)، ڕێبەری شیعەکانی ئیســـماعیلییەی ئێران و زاوای فەتحعەلیشـــای قاجار دوای شەڕی پلەوپایە لەگـــەڵ فەتحعەلیشـــا، هەڵات و چـــووە هیندوســـتانی ژێر دەســـەڵاتی بریتانیـــا، لـــەوێ پایەی شـــازادەی پێ بەخشـــرا و تا کۆچـــی دواییەکەی، خۆی و ئیســـماعیلیەکانی پەیـــڕەوی، لە چەند شـــەڕو پێکداداندا یارمەتـــی حکوومەتی بریتانیایانـــدا. هاتوچۆی نێـــوان خەڵکی دوو وڵات بـــە ئاقاخـــان کۆتایی پێنەهات؛ هەر لـــە ســـاڵانی حکوومەتـــی بریتانیا لـــە هیندوســـتاندا، چەنـــد ‘دەروێش’ و گەڕیـــدەی موســـوڵمان لـــە هیندەوە هاتنـــە ئێران و کوردســـتان و تـــا بەغدا و ئەســـتەمولیش چوون. ئەو دەروێشـــە موســـوڵمانانە لە چەند شـــاری ڕۆژهەڵات و باشـــووری کوردســـتان مانەوە و لەوێوە چوونـــە زیارەتـــی مەرقەدی غەوســـی گەیلانـــی (١٠٧٨ -١١٦٦) لـــە بەغـــدا. دەروێشـــەکان لـــە مـــاوەی مانەوەیان لە کوردســـتان، چ وەک میـــوان و چ وەک ڕێبـــواری زیارەتکاری مەرقـــەدی غەوس، ڕێزیـــان لێگیـــراوە و لەگـــەڵ شـــێخ و مەلا و کەســـانی دەسترۆیشـــتووی شار و گوندەکاندا پەیوەنـــدی و وتووێژیان بووە، هەروەها ڕێباز و هەڵوێســـت و بیروباوەڕیان لەســـەر ژیانـــی کۆمەڵایەتـــی و ئایینیی خەڵکی خۆجێ یی شـــوێنی دانـــاوە. کار وکردەوەی ئـــەو دەروێشـــانە تارادەیەک ســـنووری دەروێشـــایەتی و فەقیـــری و کەشـــکۆڵ هەڵگرتنی ئاسایی و زیارەتکاریی تێدەپەڕاند. دەروێشـــەکان، لەجیاتی چوونە ناو کۆمەڵانی خەڵکی ئاســـایی و خەڵکانی هاوشـــانی خۆیان لـــە کوردســـتان، لە کەسایەتیە دەســـەڵاتدارەکانی کوردستان نزیـــک دەبوونەوە و شـــوێنیان لەســـەر ڕەوتی تەریقـــەت و لە ڕێگـــەی ئەوەوە، هەلومەرجـــی کۆمەڵایەتـــی و سیاســـی دادەنا.

## یەکـــەم، شـــێخ ئەحمـــەدی هینـــدی و تەریقەتـــی قادریـــی تاڵەبانـــی لـــە دەوروبـــەری کەرکـــووک

هەڵبژاردەیەک لە دوو کتێبی ”جذبه عشق“ و ”مقامات پیران طالبان از محمود تا عبدالرحمن“ لە سەر بنەمای نووسینەکانی مـەلا صبغةاللە ڕووباریی سنەیی:

“دەگێڕنـــەوە و دەڵێن ڕۆژێکیـــان [مەلا مەحمـــوودی زەنگنـــە] لـــە مـــەزرای گوندەکـــەی خـــۆی خەریکـــی کاری کشـــتوکاڵ بـــوو[٥]. چاوی بـــە قافڵەیەکی گەورە کەوت کە بەرەوبەغدا دەرۆیشـــتن. ســـەیری کـــرد کوڕەلاوێک بە ســـواری وشـــتر لەخەڵکەکەی دیکە جیـــا بووەوە، هاتـــە نزیک ئـــەو و گوتی: ”ئـــەی مەلا مەحمـــوود، مزگێنیـــت لـــێ بـــێ کە ســـاڵێکی دیکە لەم ڕۆژە و لـــەم وەرزەدا دەچییـــە ڕیـــزی ئەولیـــا.“ حەزرەتی ئەو لەوەڵامدا لێپرســـی ئەوە بەچیدا دەزانی؟ پیـــاوە گەنجەکە گوتی “لە موشـــاهەدەدا[٦] حەزرەتـــی غەوســـی ئەعزەمـــی قوتبی گەیلانیـــم بینی، ڕەزای خـــودای لێبێت، کـــە لە ڕیـــزی ئەولیادا وەســـتابوو، تۆ لە پشتەســـەری ئـــەو بـــووی و هەنگاوێکت مابوو بچیە نـــاو ڕیزی ئەوانـــەوە؛ بەوەدا’ زانیم ئـــەو هەنگاوەی تۆ ماوەی ســـاڵێکی پێدەچی بۆئـــەوەی بچییە نـــاو ڕیزەکەی ئەوانـــەوە.” ئـــەو دوو کەســـە [واتە مەلا مەحموود و کابرای وشترســـوار] پێشینەی یەکتر ناســـینیان نەبوو....”

[ساڵێک دواتر]:

“لـــە هەمـــان ڕۆژدا [مـــەلا مەحمـــوود] ژنەفتـــی کـــە شـــێخێکی گـــەورەی خـــاوەن ڕێـــز لەگـەڵ چەنـد دەروێشـێک لەبەغـداوە هاتـوون و گەیشـتوونەتە نزیـک

گوندەکەی ئەو... چووە پێشوازیکردنیان، لە دەروێشێکی پرسی ئەو شێخە کێیە؟ لەوەڵامدا گوتیان ئەوە جەنابی قوتبی عارفان 'شێخ ئەحمەدی لاهووریی هیندی' یە.... پێکەوە چوونە ناو گوندەکە و مەلامەحموود خزمەتی شێخی گەورە و دەروێشەکانی کرد، پاش یەکدوو رۆژ [شێخ ئەحمەدی هیندی] بەیعەتی پێدا و تەربیەی کرد.... کاری تەربیەت ماوەی ساڵێکی کێشا و [مەلا مەحموود] مەقاماتی سلووکییەی بەجێهێنا هەتا ئەوەی بە تەواوەتی لە چەپەڵییەکانی مرۆڤ داماڵدرا و بەرگی ئەخلاقی چاک و تەبعی چاکی لەبەر کرد.... ئەوەدەم، شێخی هیندی گوتی برۆ و جیهانێک بە نووری ئیرشاد رووناک بکەرەوە..... پاشان شێخ ئەحمەد و موریدەکانی بەجێیانهێشت و رۆیشتن..." (مقامات پیران طالبان، لل ١٠٨ تا ١١٣) [٧]

دوای ئەو دیدارە، کە زۆر وەکە لەساڵی ١١٦٥ ی کۆچی[١٧٥١-١٧٥٢ز] دا رووی‌داوە، شێخ مەحموودی تاڵەبانی بۆتە دامەزرێنەری لقی تاڵەبانی لە تەریقەتی قادریدا و کور و کورەزاکانی ئەو[٨] تا ئەمڕۆ یەک لەدوای یەک شێخی خانەقای تاڵەبانین و لە زۆر بەشی کوردستان هەندێ شوێنی دەرەوەی کوردستانیش موریدیان هەیە. هیچ نیشانەیەکیش بەدەستەوە نییە پێمان بڵێ پێش شێخ مەحموود، کەسێک لەو بنەماڵەیەدا شێخ و موراد و پێشەوای ئایین یا تەریقەت بووبێت. ئەو رووداوانە و دەسپێکی شێخایەتی شێخ مەحموودی تاڵەبانی، دەکەونە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەم و ساڵانی دوای ئەو.

### دووەم، میرزا دەروێش ڕەحیمەڵڵای

### هیندی و تەریقەتی نەقشبەندی لە سلێمانی

سەرچاوەی هەواڵ: مامۆستایان مەلا عەبدولکەریمی مودەرس، سەید تاهیر هاشمی، هەڵکەوت حەکیم.

ئەوەی خوارەوە کورتەی ئەو هەواڵانەیە وا نەمر سەید محەمەد تاهیری هاشمی سەبارەت بە هاتنی دەروێشێکی هیندی بۆ کوردستان[٩] و هاندانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٧٩ – ١٨٢٧) بۆ چوونە هیندوستان، زیارەتی شا عەبدوڵڵای دیهلەوی و تەریقەت وەرگرتن لەدەست ئەو، نووسیویەتی و بە جیاوازییەکی کەمەوە مەلا عەبدولکەریمی مودرسیش هەمان هەواڵی پێداوین: [١٠]

"لە سەنەی هەزار و دووسەد و بیست وچوار [١٢٢٤ی کۆچی بەرانبەرە لەگەڵ ١٨٠٩-١٨١٠ز]، لەپڕ مزگێنیدەرێکی شادی، راوێژکارێکی خوێن شیرنی لەبەردڵان، و چاوکراوەیەکی ئاگا ..... دەروێش محمەد ناوێک[١١]، لە لایەن شاهێکی پایەبەرزەوە، ... پەناگەیەکی دەوڵەت و دین، .... قوتبی حەق ..... شاه عەبدوڵڵای دیهلەوی قدس اللە سرە و افاض اللە برە الی یوم القیامە، هاتۆتە سلێمانی و حەزرەتی مەولای ئێمە [مەولانا خالید] قدس سرە دوای هاتنی ئەو یارە گیانییە، چاوی دڵی رووناک و دیماغی گیانی بۆنخۆش بووە .... دەروێشە دڵ بریندارەکە ئاماژەی بە کەعبەی مەقسوود کردو گوتی: ئەو شاهبازە بەرزەفڕەی کە تۆ نێچیری ئەوی، شایەکە نشینگەی گەورەیی لە وڵاتی هیندوستانە و ناوی شا عەبدوڵڵایە و لەبەر ئەوەی تۆش بەشوێن دەستراگەیشتن بە ئەستێرەی کەڵکوەرگرتندا دەگەڕێی، منیش تا ئێرە کە هاتووم، جگە لەتۆ هیچ زاتێکم نەبینیوە بەرگی ئەو سیفەتانەی لەبەردا بێت؛ جا ئەگەر لەگەڵ مندا بێی،

دەبـی بـە شـا و ئەگـەر ئێسـتا ئەسـتێرەیت، ئـەودەم دەبـی بە مانـگ. ئیتر ئـەو بولبولەی باخچـەی لاهـووت... پشـتێنی هیممەتـی بەسـت و هـاوڕێ لەگـەڵ ئـەو دەروێشـە ڕووی کردە هیندوسـتان، لە سـەنەی ١٢٢٢ ی مانگـی [١٨٠٧ز]دا[١٢] لـە ڕێگـەی تـاران و خۆراسـانەوە بـەرەو دیهلـی کەوتـە ڕێگا.... بـە نیشـابوور و تـووس و مەشـهەدی ئیمـام ڕەزا و جـام و هـەرات و لاهـوور و پەنجابـدا تـا شـاری جیهان ئابـادی دیهلی ڕۆیشـت.... یـەک سـاڵی ڕەبەق بەرێگاوە بوو تا گەیشـتە ‘دەروازەی خانەقـای حەزرەتـی شـای دیـن پەنـا، شـا عەبـدوڵلای ناسـراو بـە غولامعەلی قـدس اللە سـرە.

دوای سـێ ڕۆژ چـووە خزمـەت شـا عەبـدوڵلا و داوێنـی پیـرۆزی ماچ کرد ...سـێ داواکاریـی ئاراسـتەی خزمەتی کـرد: یەکەم بە غولامیی خـۆی قەبووڵی بفەرمـوێ و تەنیـا بە نـاوی خالیدەوە بانگـی بکات نەک بە ناسـناوی مەولەوی و شـتی لەوچەشـنە؛ دووەم لە خواردنی خانەقـادا وەک زیارەتکارێکـی ئاسـایی حیسـابی بۆ بکات نەک زیاتر؛ و سـێیەم خزمەتکردنـی ئاودەسـتی خانەقا بخاتە ئەسـتۆی ئەو. بەڵام خواجەی نەقشـبەند داواکاریـی سـێیەمی دایـە دواوە و لە جیاتییـان، خزمەتـی سـەقاخانەی پێ ئەسـپارد. مەولانـا خالید مـاوەی پێنج مانگ بە ئاوکێشـان خزمەتـی خانەقای کـرد، بەشـێوەیەک کە هەردوو شـان وملـی جەوەبـووو.... پـاش تێپەڕبوونی سـاڵێک یا زیاتر و سـەیر و سـلووک کـردن،[١٣] تەریقەتـی نەقشـبەندیی لە شـاعەبدوڵلا وەرگرت." (لـل ٢٨ تا ٥٢)

پاشـان شـێخ عەبـدوڵلا ئیجـازەی گەڕانەوەی پێـدا و ئەویش لە سـاڵی ١٢٢٦ [١٨١١ی زایینـی] دا، وەک خەلیفەی شـا عەبـدوڵلا لە سـەرجەم ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانیدا، گەڕایـەوە شاری سـلێمانی. سـەرجەم سەفەرەکەی چوارسـاڵی پێچـوو و هـەر لە سـاڵی گەڕانەوەشـیدا چووە بەغدا و ماوەی پێنج مانگ لە دراوسـێیەتی مەرقەدی شـێخ عبدالقـادری گەیلانـی نیشـتەجێ بوو، پاشان لە بەرگی مورشـیدێکی تەریقەتدا بە جەلال و شـەوکەتێکی زۆرەوە گەڕایەوە سـلێمانی و دەسـتی کرد بە ئیرشادی موسـوڵمانان.... لە سـاڵانی نێوان ١٢٢٦ [١٨١١ز] تا ١٢٤٢ [١٨٢٧ز] کە "بەهۆی ڕۆژگاری ناتەباوە"[١٤]. بۆ هەمیشـە سلێمانی بەجێهێشـت و بە نەخۆشـیی تاعوون لە شـام کۆچـی دوایـی کرد. سـێ جار سـەفەری بەغدای کردبوو." (ل. ٣٢ تا ٣٦ هەروەهـا مدرس، لـل. ٥٠ تا ٥٣)

وەک گوتـرا، گێڕانـەوەی مودەریـس لـە چۆنیەتـی سـەفەری مەولانـا و گەڕانـەوەی بـۆ سـلێمانی تەفسـیلی زیاتـر بـەڵام جیاوازییەکـی کەمـی لـە هەواڵەکانـی سـەرەوەی هاشـمی هەیـە.[١٥] ئـەوەی لـەو دوو سـەرچاوەیە، هەروەهـا لـە لێکۆڵینەوەیەکـی هەڵکـەوت حەکیـم[١٦] دەردەکەوێـت، بـە بۆچوونـی مـن ئەوەیـە مەولانـا خالیـد یـەک لـە ڕیبەرانـی ئایینی-سیاسـیی ڕۆژهەڵاتـی ناویـن بـووە کـە لـە سـەردەمی دوای ڕێنیسانسـی ئورووپاییەکانـدا، هـەرکام بـە گوێـرەی دۆخـی کۆمەڵـگا و بیروباوەڕی تاکەکەسـی، هەوڵـی جێگیرکردنـی بیـری نـوێ و شـکاندنی قاڵبـە کۆنـە نەریتییەکانیـان دەدا. چەنـد کـەس لەوانـە بریتـی بـوون لـە محەمـەد عەبدولوەهـاب(١٧٠٣-١٧٩٢) لـە سـعوودیا، شـێخ ئەحمـەدی ئەحسـایی (١٧٥٣-١٨٢٦) و عەلیمحەمـەدی بـاب (١٨١٩-١٨٥٠) لـە ئێـران و مەولانـا خالیـدی شـارەزووری (١٨٢٢ -١٧٧٩) لـە

کوردستان. هەموو ئەوکەسانە، کەموزۆر هاوسەردەم بوون و لە فەزایەکی هزریدا دەژیان کە زۆر پێش ئەوان نوێخوازیی بوێرانەی مارتین لوثەری ئاڵمانی (١٤٨٣ – ١٥٤٦) ئاسمانی مەسیحییەتی پێ روون کردبووەوە و لە رێگەی وەرگێڕانی ئینجیل بۆ سەر زمانی ئاڵمانی، دەروازەیەکی فراوانی بۆ خەڵکانی تینووی گۆڕان و ئازادبوون لە پابەندە کۆنەکان لە سەرانسەری جیهان کردبووەوە، بەشێوەیەک کە سیاسەت و کۆمەڵگا چووبوونە ناخی ئایینەوە، و نوێکردنەوەی کۆن و گۆڕانکاری لە بەشێکی بەرچاوی جیهاندا بووبووە هەوێنی بزووتنەوە ئایینی و سیاسییەکان. ئەو گۆڕانکارییانە نەک هەر رێبەرانی کۆنسێرڤاتیوی ئایینی، بەڵکوو دەسەڵاتدارییە سیاسییە پشتیوانەکانی ئەوانیشی دەگرتەوە و لە بەرانبەریدا ناچار بە هەڵوێستگرتن دەبوون. بۆ نموونە، نوێخوازی سەرجەم وڵاتانی ئیسلامیی گرتبووەوە بەر و ئاڵای گۆڕانکاریی تەریقەت و تەنانەت ئایین[١٧] لە کوردستانیش بەدەست مەولانا خالیدی نەقشبەندییەوە بوو.[١٨] مەولانا، دوای گەڕانەوە لە سەفەری دیهلی، وەک 'مجدد' واتە نوێکەرەوەی تەریقەتی نەقشبەندی و بنیاتنەری 'لقی خالیدی' لە تەریقەتەکەدا، بانگەوازی بڵاو کردەوە. ئەوە هۆکارێک بووە بۆ نێوان ناخۆشی لەگەڵ گەورەپیاوانی تەریقەتی قادری، بەتایبەت مەلا مارفی نۆدێ (١٧٥٣ – ١٨٣٨) وەک رێبەری تەریقەتەکە و خەتیبی مزگەوتی گەورەی سلێمانی و تۆمەتبارکرانی بە 'بیدعەت هێنان و لادان لە بنەماکانی ئیسلام، بە شێوەیەک کە تەنانەت دەگوترێ هەوڵی کوشتنی درابێت.[١٩] هەربۆیە چەندجارێک سلێمانی بەجێدەهێڵێت و دەچێتە بەغدا و شام، پاشان دەگەڕێتەوە سلێمانی. لە شام کێشەی نێوان پەیڕەوانی عبدالوهاب لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەت هەیە و مەولانا ئاگاداری هەڵوێستەکانیانە.

لە سلێمانیش تەریقەت تێکەڵاوی سیاسەت دەبێت و پاشاکانی بابان بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان، جارێک لایەنی مەولانای نەقشی و جارێکیش لایەنی شێخ مارفی قادری دەگرن. دەوری بازارییەکانی سلێمانی لە پەیوەندی پەرەسەندنی دەسەڵاتی مەولانادا گرنگایەتی تایبەتی هەیە.[٢٠] سەرمایەداریی لاوازی کوردستان کە لە پەیوەندی دوور و نزیکی بازاڕی ئەستەمول و تاراندا بوو، خوازیاری هەندێ ئازادی بازرگانی و کەمبوونەوەی باجی بابانەکان بوو و ئەو ئازادییانە، بەپێچەوانەی باوەڕە سوننەتییەکانی شێخ مارف و قادرییەکان، تا رادەیەک خۆیان لە هەڵوێستەکانی مەولانا دا دەدۆزییەوە هەربۆیەش لە ڕیزی مورید و لایەنگرانی نەقشیدا دەوەستان. هەموو ئەو ڕووداوانە دەکەونە نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩. بەڵام لە ئەنجامی کێشەی نێوان لایەنگرانی دوو تەریقەتدا، کە بەگوێرەی بنەمای هزریی خۆیان دەبوایە لە ژووری سیاسەت یا لایکەم لە دەرەوەی ئەو بوایە، بەهۆی دەستتێوەردانی سیاسەتوانان لەلایەک و هەوڵی ڕێبەرانی هەردوو بەرە لەپێناو کۆکردنەوەی زیاتری جەماوەر لە دەوری خۆیان و دوورخستنەوەیان لە تەریقەتی ڕەقیب، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر ڕەنگی سیاسیی بەخۆیەوە گرت و ساڵانێک دوای ئەوە، لە بۆچوونی توندڕەواندا بە شێوازی دژایەتیی شاری سلێمانی (وەک پێگەی نەقشبەندیی نوێخواز) لەگەڵ هەولێر

(وەک پێگــەی قادریــی موحافیز) خۆی دەرخســت و هــەر بەو شــێوەیەش لە ســاڵانی ســەدەی ١٩وەوە پێینایە سەدەی بیســتەم وتەنانەت باڵی کێشــایە ســەر شۆڕشــی ئەیلوول (١٩٦١)یــش. دوور لە راســتی نابێ ئەگــەر لەپەنــای فاکتەرە ســەرەکییەکانی ئەو ناتەباییە، هۆکارێکی ســەرهەڵدانی دووبەرەکیی نێوان مەلایی و جەلالــی لەو دوو جوغرافیایە و پشــت لەیەکتر و رووکردنــە داگیرکەرانی عیراق و ئێران، بــە زیندووමانــەوەی میکرۆبی هــەر ئــەو دووبەرەکییە کۆنــە بزانرێت. وەک دەبینین، بەداخــەوە دوای دامەزرانی حکوومەتــی هەرێمــی کوردســتانیش، رەنگی ئــەو ناکۆکییــە تۆختــر بووەوە بە چەشــنێک کــە ســەرەرای هەموو خواســتێکی خەڵکی کوردستان و دۆست و هاوپەیمانانــی لاوەکــی، ئێســتاش دەســەڵاتدارانی سیاســیی ئەو دوو شارە خۆ لە تــۆری جاڵجاڵۆکەی دژایەتیکردنی کــۆن رزگار ناکەن و لەســەر پێکهێنانی حکوومــەت و پەرلەمان رێــک ناکەون! ئەمرۆ هاتوچــۆ لەگەڵ بەغــدا و تاران و ئەســتەمول بۆ رێبەرانی سیاســیی حزبە دەســەڵاتدارەکانی هەرێم زۆرئاســاییتر و بێ کێشــەترە لە ســەردانیکردنی یەکتر لە هەولێر و ســلێمانی؛ دەڵێی رۆحانیەتی مەولانــا خالید و شــێخ مارفــی نۆدێ ئێســتاش بە ئاســمانی ئەو دوو شــارەدا دەسوورێتەوە!

## ســێیەم، شادەروێشــی هینــدی لــە ســابڵاغ (مەهابــادی ئەمــرۆ)

ماموّســتا ســەید محەمەدی سەمەدی لە 'پاشــکۆی کتێبی مێژووی مەهاباد' دا، لە زمان عومەرئاغای عەلیارەوە نووســیویەتی: "گوایــە لــە ســەردەمی بــوداق خــان [ی موکــری][21] ســێ عــارف و دەروێــش کــە ناویــان شــاصەفی و شاحوســەین و شــادەروێش بــووە، لــە وڵاتــی هینــدەوە دێنــە ناوچــەی مەهابــاد. ئــەوەی ئــەو سێ کەســە بــە دڵنیایــی هاوســەردەمی بــوداق خــان بــوون یــان نــا، جێگــەی لێکۆڵینەوەیە. دواتــر شــاصەفی لــە گونــدی ئاڵیکەنــد و شاحوســەین لــە گونــدی حەســەن نــووران دەمــرن و دەنێژرێــن؛ بــەڵام ســێیەمیان لــە حەوشــی مزگەوتێــک [ی نــاو شــاری مەهابــاد] کــە ئەمــرۆ بەنــاوی مزگەوتــی شادەروێشــەوە دەناســرێ ئەســپەردەی خــاک دەکــرێ. حاکمــی ئەودەمــی مەهاباد خانەقایــەک بۆ شــادەروێش دروســت دەکات و محەمــەد پاشــاخانی مظفرالدولــە (شــجاع الملــک) [کــوری فــەروخ خانــی براگــەورەی عەزیزخانــی ســەرداری کولــل][22]، خانەقاکــە دەکاتــە مزگــەوت - گەرمــاوی شــوجاعیش (کــە بــە حەمامــی شــۆڕ دەناســرێ)، دەکاتــە وەقفــی مزگەوتەکــە. رێکەوتــی وەقفــی حەمــام ســاڵی ١٢٨٤ [١٨٦٧-١٨٦٨ز] و رێکەوتــی بنیاتنانــی خانەقــا یــا مزگەوتەکــەش، کــە لەســەر دەرگانــەی مزگــەوت نووســراوە، ١٢٠٤[١٧٨٩-١٧٩٠ز] ە بــەڵام نازانــرێ ئــەوە ســاڵی بنیاتنانــی خانەقــای شادەروێشــە یــان مزگەوتــی شــادەروێش." [23]

تا ئێــرە نووســینی ســەید محەمەدی ســەمەدی و بیــرەوەری گێڕانــەوەی لــە عومەرئاغــای عەلیار بــوو. هەردوو ســەرچاوەی هەواڵەکــە واتــە عومەرئاغا و ســەمەدی جێگــەی بــاوەڕن. ئەوان ســاڵی هاتن و مردنی دەروێشــەکانیان لــێ روون نەبــووە و بۆیە لەپرۆپێســتدا هێشــتوویانەتەوە، کە زۆر واهەیە درەنگتر بووبێ. بەڵام ئەو ئاماژە ناراســتەوخۆیانەی وا بــە ســاڵی وەقفــی حەمامی شــۆڕ و نووســراوی ســەر دەرگای مزگەوتــی شــادەروێش کردوویانــە، دەتوانن کلیل

بن بۆ کردنـــەوەی قفڵی پرســـیار لەمەڕ ســـەردەمی هاتنی دەروێشـــەکان.

## ئەنجام:

ئەگەر شـــادەروێش لەســـەردەمی بوداق خانـــدا هاتبێتـــە مەهابـــاد و حاکمـــی ســـەردەم یا نزیک لەوســـەردەمە خانەقای بـــۆ دروســـت کردبـــێ، ئەوانـــە هەموو دەکەونە ســـەرەتاکانی ســـەدەی ١٨ بەڵام ئەگەر ساڵی دروستکرانی خانەقا و گۆڕانی لە خانەقاوە بۆ مزگەوت زۆر لەیەکتر دوور نەبن، ئەودەم دەتوانین بڵێین گونجاو نییە کەس یا کەسانێک ١٥٠ ساڵ دوای شادەروێش خانەقای بۆ دروست کردبێ؛ بەوپێیە، دەبێ هاتنی شادەروێش و دوو دەرویشەکەی دیکە بۆ مەهاباد لە ساڵی دروستکرانی خانەقا و وەقفی حەمامەکە دوور نەبێت، کە هەمووی لە ناوەڕاستەکانی سەدەی ١٩دا بووە.

چـــوارەم، دەروێش قەهـــروڵڵای هیندی، عەلی محەمـــەدی باب و قـــەڵای چاری قەڵا و گوندی چاری (چەهریق) لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا ئاوێتەیە لەگەڵ ناوی سمایل ئاغای سمکۆ کەسایەتیی شۆڕشگێڕی کورد(١٨٨٧ – ١٩٣٠) کە بۆ خەباتی چەکدارانەی دژ بە حکوومەتی ڕەزاشای پەهلەوی[٢٤] لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا کەڵکی لێوەرگرتووە. بەڵام قەڵاکە مێژوویەکی دووروودرێژی هەیە کە تەنانەت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی زووتر و سەردەمی ئورارتوورییەکان (٨٦٠ تا ٥٩٠ی پێش زایین). هەروەها ٧٠-٨٠ ساڵێک پێش سمکۆ، لە هاوینی ساڵی ١٨٥٠دا عەلیمحەممەدی باب پێشەوای ئایینی بابی(١٨٥٠ – ١٨١٩)، لە زیندانی ماکۆوە براوەتە ئەوێ و لەو قەڵا ئەستەمە زیندانیکراوە.

ئایینـــی بەهایـــی درێـــژەی بابیگەرییـــە. کتێبـــی "عنقـــای بقـــا در قـــاف وفـــا" کـــە کتێبـــی ســـەربهوردەی بەهائـــوڵڵا ڕێبـــەری بەهائیـــەکان (١٨١٧ – ١٨٩٢) لـــە کوردســـتان و مـــاوەی مانـــەوەی لـــە ئەشـــکەوتی ســـەرگەلوە، هەنـــدێ ئامـــاژەی بـــە ژیانـــی علیمحەمـــەدی بـــاب تێدایـــە. لەوێـدا دەســت نیشـانی نـاوی دەروێشـێکی هینـــدی دەکات کـــە نـــاوی قەهـــروڵڵا و بـە گوتـەی ئـەو "یـەک لـە شـازادەکانی هینـد" بـووە. گوایـە دەروێشـی گۆڕیـن لـە خـەودا بابـی بینیـوە و مەجزووبـی کەسـایەتی و بانگەوازەکـەی بـووە، و هـەر لـە خەونەکـەدا پێـی گوتـراوە بچـێ بـۆ قـەڵای چەهریـق لـە ئازەربایجـان و لـەوێ چـاوی بـە بـاب بکـەوێ. ئەویـش لـــە هیندوســـتانەوە وەڕێ کەوتـــووە و گەیشـــتۆتە چەهریقـــی نزیـــک شـــاری ســـەڵماس و ســـەر ســـنووری عوســـمانی، لـەو قـەڵا ئەسـتەمەدا چـاوی بـە بـاب کەوتـــووە و ئیمانـــی پێهێنـــاوە. تەنانـــەت دواتـــر، کاتـــێ بابیـــان بردۆتـــە شـــاری تەورێـــز بـــۆ ئـــەوەی لـــەوێ ئیعدامـــی بکـەن، دەروێـش قەهـروڵڵاش بـە پێیـان وەڕێکەوتـــووە، لەگەڵیـــان تـــا تەورێـــز چـــووە و لـــە ڕۆژی ئیعدامەکـــەدا لـــەوێ ئامـادە بـووە. پاشـان مەئموورانـی ئێرانـی گرتوویانـــە و پرســـوجۆیان لێکـــردووە، لەوەلامـدا باسـی دەروێشـایەتی و عیشـق بـە حەقیقەتـی بـۆ کـردوون، ئەوانیـش ئازادیـان کـردووە بـەڵام لـە ڕێگـەی چـوون بـەرەوە تـاران و گەڕانـەوە بـۆ هینـد، کـووژراوە."[٢٥] ئـەو ڕووداوانـە دوو سـێ سـاڵ پێـش و دوای ئیعدامـی بـاب لـە سـاڵی ١٨٥٠ ڕوویانـداوە کـە دەکاتـە ناوەڕاســـتی ســـەدەی ١٩.

## کۆتایی

دیـــارە دەبێ دەروێشـــی هیندیـــی لەو چەشـــنانە زۆر بە کوردســـتاندا وەربووبێتن

و دوور نییە لەسەرچاوەی دیکەشدا شوێنی زۆرێکیان هەڵبگیرێت.[26] هەروەها دەروێشی غەیرە هیندیش روویان لە کوردستان کردووە و لەوانە دەرویش محەمەدی ئێرانییە کە ناوی ڕاستەقینەی میرزا حوسەین عەلی نووری ناسراو بە بەهائوڵڵا (١٨١٧ – ١٨٩٢) پێشەوای بەهائیانی جیهان بوو و حکوومەتی ئەوکاتی ئێران بە هۆی هاندانی مەلایانی شیعەوە لە ئێران دووری خستبووەوە. بەهائوڵڵا ماوەی دوو ساڵی نێوان ١٨٥٤ و ٥٦ لە کوردستان ژیا. ئەو دوو ساڵە، ماوەیەکی لە خانەقای بیارە و زیاتری لە ئەشکەوتێکی گوندی سەرگەلوو لە ناحیەی سورداشی سلێمانی تێپەڕ بوو. پاشان حکوومەتی عوسمانی ناردیە بەغدا و ئەستەموول و ئەدرنە، ئینجا زیندانیک لە فەلەستین، تا کۆچی دواییەکەی لە دەوروبەری شاری عەکا و نێژرانی لەوێ. بەهائوڵڵا لە کوردستان ناو و کەسایەتیی خۆی ئاشکرا نەکردبوو و تەنیا بەناوی دەرویش محەمەدی ئێرانییەوە دەناسرا. مانەوەی بەهائوڵڵا لە کوردستان لە ناوەڕاستەکانی سەدەی ١٩دا بوو.

ئەوانە شەرحی ڕووداوەکان بوون و ئەوەی ماوە هەوڵێکە لە پێناو دۆزینەوەی هۆکار و ئەنجامی هاتنی دەرویشەکان لە هیندوستانەوە بۆ کوردستان. لەو پەیوەندییەدا هەوڵدەدەم بێ ئەوەی لە فەکتە مێژووییەکان لابدەن، بۆچوونی خۆم ڕابگەیەنم:

دوای پەرەسەندنی شیعایەتی لە ناوەندی ئێران (سەدەی ١٦)، تەریقەتی قادری نفووز و دەسەڵاتی خۆی لەناو کوردی سوننەی ڕۆژئاوای ئێراندا پاراست و پەرەی پێدا؛ بە هەمان شێوە تەریقەتەکە لە نێو موسوڵمانانی سوننەی بەلووچ و ئەفغان و هیندوستان لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەش، بەوپەری هێزەوە مایەوە. بە پێچەوانە، قوتبی زیندووی تەریقەتی نەقشبەندی واتە شێخ عەبدوڵڵای دیهلەوی لە شاری دیهلیی هیندوستان لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بوو، بەڵام بەشێکی بەرچاوی پەیڕەوانی تەریقەتەکە، پێکهاتوو لە کورد و عەرەب و تورک، کەوتبوونە بەری ڕۆژئاوای ئێران. ئەو دۆخە دەکرێ وەک هۆکارێک بۆ هاتنی دەرویشی قادری لە ئەفغانستان و هیندوستانەوە بۆ کوردستان و بەهەمان شێوە چوونی زیارەتکارانی نەقشی لە کوردستانەوە بۆ هیند سەیر بکرێت.

بەڵام جیا لەو پەیوەندییە ئایینی و عیرفانییە بێ گرێوگۆڵانە، خاڵێکی سەرنجڕاکێشی دیکەش هەیە کە نابێ لە هەڵسەنگاندنی هۆکارەکاندا چاوی لێ بپۆشرێت، ئەویش تێکەڵاویی هەندێک لەو دەرویشانە لەگەڵ سیاسەت و نزیکبوونەوەیان بووە لە قوتبی دەسەڵات یا هەوڵدانیان بۆ کردنەوەی لقی نوێ لە تەریقەتەکان لە بەرانبەر تەریقەتی ڕەقیبدا. بۆ نموونە، حاکمی مەهاباد خانەقا بۆ شادەرویش دەکاتەوە و دەروێشێکی دیکە دژ بە ئایینی زاڵی شیعایەتی لە ئێران لایەنگری لە بابییەکان دەکات و بە خەون بینینێکی ساکار لە هیندەوە دەگاتە زیندانی قەڵایەکی تەریک کەوتووی کوردستان و دەچێتە لای عەلیمحەمەدی باب کە لەژێر حوکمی ئیعدامدایە. یا ئەوی دیکەیان لە ناوچەی کەرکووک فەرعێک بۆ تەریقەتی قادری دەکاتەوە و چوارەمیان هێز و دەسەڵات دەبەخشێتە تەریقەتی نەقشی لە شاری وەک سلێمانیدا، کە خەتیبی مزگەوتەکەی و بەشێکی بەرچاوی دانیشتووانی سەر بە قادرییەکان بوون.

ئەو چەشنە کارانە لە دەرەوەی

دەسەڵاتی دەروێشێکی هەژاری زیارەتکاری مەرقەدی غەوس و خەڵکانی هاوشێوەی ئەودایە و شیاری و لێزانییەکی ئامانجدار یا مەئمووریەتێکی تایبەتیان پێویستە. لەو پەیوەندییەدا دروستتر دەبێ ئەگەر بارودۆخی سیاسیی ئەودەمی ئێرانی قاجاری و هیندوستانی ژێر دەسەڵاتی بریتانیا، هەروەها چاوبڕینی رووسیای قەیسەریی ڕەقیبی بریتانیا لە وڵاتی ئەفغانستان و پەیوەندیی ئەو دوو دەسەڵاتدارییە لەگەڵ یەکتر بگیرێتە بەرچاو. ئەفغانستان بە شەڕی هەرات و پەیمانی پاریس لە ساڵی ١٨٥٧ دا بە تەواوەتی لە ئێران جیا بووبووەوە و سەربەخۆ بوو، پاشان کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتیش دوای شەڕی گەورەی ساڵی ١٨٨٠ دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەفغانستاندا سەپاندبوو. رووسیا دوای شەڕی چەند ساڵە لەگەڵ ئێران، بەگوێرەی دوو پەیمانی گوڵستان و تورکمانچای (١٨١٣ و ١٨٢٨) بەشێکی خاکی ئێرانی خستبووە سەر خاکی خۆی و بەگشتی ئەو دوو زلهێزە ئورووپاییە ناوچەکەیان کردبووە گۆرەپانی تەراتێن و شەڕی نادیاریان لەگەڵ یەکتر و هەرکام دەیانویست بەشێکی زیاتر لە بەژنی ئەو وڵاتە لاواز و نەخۆشانە بپچڕن.

دیارە هەموو شار و وڵاتێک چ ئێستا و چ لە ڕابردوودا میوان و سەردانیکەری بووە و کوردستانیش لەو یاسایە بەدەر نییە. بەڵام هەندێ فەکتی مێژوویی هەن بۆ ئەوەی ئورووپاییەکان، بەتایبەت بریتانیا، فەڕەنسا و ئاڵمانیا لەبرگەی زەمەنی سەدەکانی ١٨ و ١٩ دا چاویان بڕیبووە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەند و یەک لەوان کوردستان وەک دەروازەیەک لەنێوان هیند و ئاسیای بچووک و میزۆپۆتامیا. هەر لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ژاک دو مۆرگان زەویناسی فەرنسی لە سەفەرێکی پێنج ساڵەدا بۆ ئێران و ناوچەکە، لە خاک و بەرد و چیاکانی زاگرۆسی کۆڵیوەتەوە و دەگوترێ یەکەم کەس بووبێ پەی بەوە بردبێت کە لە ئێراندا نەوت هەیە و پێنج بەرگ کتێبی قەوارە گەورەی سەبارەت بە 'مەئمووریەتی زانستی' ی خۆی نووسیوە. سەدساڵ پێش ئەویش کاتێ جەیمز کلۆدیوس ریچ هاتۆتە کوردستان، سەفەرەکەی تەنیا بۆ سڵاو و ئەحواڵپرسی پاشای بابان یا بۆ وەرگرتنی بەرگێک کتێبی شەرەفنامە لە خانی ئەردەڵان نەبووە! جیا لە بردنی خێر وبێری ماددی، ئورووپاییەکان دەیانویست کۆمەڵگاکەش بناسن، قورسایی ڕێبەرەکانیان بزانن و لەڕێگەی ئەوانەوە جێ پێیەک بۆ خۆیان بکەنەوە جا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە لە هەموو شێوازێکی نفووز کردنە ناو کۆمەڵگا کەڵکیان وەردەگرت.

هەربۆیەشە ناکرێ بەسانایی باز بدرێت بەسەر هاتنی ئەو میوانە نەخوازراوانە لە هیندوستانی بندەستی ئورووپاییەکانەوە بۆ بەشە جیاجیاکانی کوردستان. لەبەر ئەوەی سەردەمەکە ڕاست ئەو ساڵانەبوو کە ئورووپاییە چاوچنۆکەکان پەلیان بۆ هەموو شوێنێکی ئاسیا و ئەفریقا هاویشتبوو و زۆرێک لە وڵاتەکانیان خستبووە ژێر پۆستاڵی ئیستیعماری خۆیانەوە؛ سەدەی نۆزدەش لووتکەی سیاسەتی ئیستعماریی ڕۆژئاواییەکانە.

ئەوان مەئموور و هەواڵگر و جاسووسیان بە هەموو بیچم و شێوەیەک و لە هەموو پلە وپایەیەکدا، هەر لە سەرەوەی دەسەڵاتە خۆجێییەکان هەتا خوارەوە، بە ناوچەکەدا بڵاو کردبووەوە و کەمیش نەبوون ئەوانەی

وا خۆیان پێوە هەڵدەواسین و شانازییان دەکرد کە لە ژێر ئاڵای بریتانیا یا رووسیادا بژین. سەرەکوەزیرانی ئێران میرزا ئاقاخانی نووری (١٨٠٧ – ١٨٦٥) نەک هەر دەستنێژی بریتانیا بوو بەڵکوو لە ١٨٣٢ دا بوو بە هاوڵاتیی فەرمیی بریتانیا لە ئێران و لەگەڵ ئەوەشدا کرایەوە سەرەکوەزیران و ٧ساڵی دیکە بەو ناسنامە ئاشکرایەوە لە پۆستی سەرەکوەزیریی ئێراندا مایەوە! نموونەیەکی دیکە لەو چەشنە مەئموورە سیاسییانە واهەیە مێجەرسۆن بێت کە پێش ساڵی ١٩١٨ و هاتنی بریتانیاییەکان بۆ کوردستان، لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا ماوەیەک بەناوی میرزای شیرازییەوە لە کوردستان ژیابوو و هەلومەرجی وڵات و ژیانی خەڵکی تاقی کردبووەوە، جا درەنگتر وەک ئەفسەری سیاسیی بریتانیا لە سلێمانی حکوومەتی کرد. ئەوان مەئمووریان لە بیچمی سواڵکەر و فەقیر و دەروێشیشدا کەم نەبوون کە هەندێکیان خۆیان لە کەڕ ولاڵی دەدا بۆئەوەی کەس پرسیاریان لێ نەکات بەڵام خۆیان هەمووشت ببینن و بژنەون!

ئەوانەی خوارەوە هەندێ فەکتی مێژوویی- سیاسین سەبارەت بە ناوچەکە و دەروێشی جێگەی باسی ئەم وتارە:

**١** هەلومەرجی تایبەتی سیاسیی هیندوستان و شەڕە دندووکەی ئوروپاییەکان بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان لەوێ و راکێش کردنی خێروبێری وڵاتەکە بۆ خۆیان

**٢** گرنگایەتی ئەفغانستان بۆ بریتانیا وەک دیوارێک لە نێوان رووسیای رەقیب و هیندوستاندا. گرنگە بزانین کە بەشێک لەو دەروێشانە خەڵکی ئەفغانستانی ژێر دەسەڵاتی بریتانیا بوون

**٣** ژیئۆپۆلیتیکی کوردستان وەک پردێک لە نێوان هیند و میزۆپۆتامیا بوو، کە بریتانیا لە هەردوو شوێندا دەسەڵاتی یەکەمی هەبوو

**٤** نەبوونی هۆکارێکی روونی بازرگانی وەک کڕین و فرۆشتنی بەرهەمێکی خۆجێ یی بۆ هاتنی دەروێشەکان

**٥** لەوانە گرنگتر، دەرئەنجامی سەفەری دەروێشەکان لە کوردستان بۆ نموونە، کرانەوەی لقی شێخانی تاڵەبانی لە ناو تەریقەتی قادریدا، کە دەزانین تا ئەمڕۆش پایەدارە. هەروەها پەرەسەندنی تەریقەتی نەقشبەندی لە ناوچەی سلێمانی و ململانیکردنی لەگەڵ خانەقای قادری، دیاردەیەک کە ئەویش کە دواتر ڕەنگی سیاسیی بەخۆیەوە گرت و ئەو تێکەڵاوییەی لەگەڵ سیاسەت تا ئەمڕۆ بەردەوام ماوەتەوە.
کارتێکەرییەکی لاوەکی بەڵام گرنگی هاتنی دەروێشی هیندی بۆ سلێمانی وبەرز بوونەوەی پلە وپایەی مەولانا خالیدی نەقشبەندیی دوای سەفەری دیهلی، واهەیە بەرەوپێدارن بێت بە زاراوەی کرمانجیی خواروو (سۆرانی) و پاشەکشە پێکردن بە زاراوەی هەورامی، کە تا سەردەمی ئەو وەک زاراوەیەکی گشتگیری ئەدەبیی لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا پێی دەنووسرا.
هەروەها مەولانا شاعیر و زمانپاراوێکی کەم وێنەی زمانی فارسی بوو و لامایە لەناو شاعیرانی کوردی فارسی وێژی ئەو سەردەمانەدا ئەو و شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی و شێخ ڕەزای

کـــوری، ســـێ لووتکـــەی بـــەرزی ئەو بـــوارەن کە کەمتـــر کـــەس دەیانگاتێ.
هەرســـێک ئەو کەسانە ناراســـتەوخۆ لە باکوور و باشـــووری کوردســـتاندا یارمەتی بڵاوبوونـــەوەی زمانـــی فارســـییان لەناو خوێندەوارانی کورددا داوە. بە شـــێوەیەک کـــە شـــیعرەکانیان چۆنـــە نـــاو زیکر و ویردی دەروێشـــان و ســـۆفییانی کوردەوە و تەنانـــەت وەک مناجـــات لـــە منارەی مزگەوتەکانـــەوە بەگوێی خەڵکـــدا دراوە.

## پەراوێزەکان:

١. دوای ئەو شـــەڕە، ســـپای ئێـــران بۆ ماوەی چەنـــد ڕۆژ شـــاری دیهلی تاڵان کـــرد و ٢٠ ملیۆن ڕوپییـــەی وەک خەراج لـــە خەڵکەکـــەی ســـەند، پاشـــان ئەو ســـەرەت و ســـامانە گەورەیەی خەڵکی هـــەژاری وڵاتەکـــەی لەگـــەڵ تەختی تـــاوس و دوو ئەڵماســـی گـــران قیمەتی 'کێـــوی نـــوور' و 'دەریای نـــوور' لەگەڵ خۆی بـــردەوە پایتەختـــی ئەودەمی ئێران کە شـــاری مەشـــهەد بوو. نادر ئەوەندەی تاڵانیی خەڵکی ئاشـــتیخوازی هیندوستان هێنابـــووەوە کە باجی ســـێ ســـاڵی بە هەموو خەڵکی ئێران بەخشـــی! ئێســـتا کێوی نـــوور بەشـــێکە لـــە جەواهیراتی پادشـــایی بریتانیا و دەریـــای نووریش لە ئێرانە.
٢. هیندی هۆڵەندی، هینـــدی دانمارکی، هیندی فەرەنســـی، هینـــدی پورتوگالی و ســـەرئەنجام کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی و هینـــدی ڕاج(ڤیکتۆریایی) بریتانیا
٣. دیارە دوای دابەشـــبوونی هیندوســـتان بەســـەر پاکســـتان و بەنگلادیـــش و ســـریلانکادادا ڕادەی موســـوڵمان لـــە جوغرافیـــای هینـــد دا کەمتـــر بۆتەوە.
٤. بەڵام مێژووی کۆنـــی پەیوەندیی هیند لەگـــەڵ ناوچـــەی ئێمە دەگەڕایـــەوە بۆ چەند هەزارە پێـــش زایین و بازرگانیکردنی خەڵکی ســـومەر و میســـر و فەلەســـتین و یەمـــەن لەگـــەڵ خەڵکی بـــێ ئازاری وڵاتەکە. دەدەشزانین لە ســـەفەرنامانەکانی عـــەرەب و ئێرانیـــدا باس لـــە خەڵک و کۆمەڵگاکانی هینـــد زۆرن، گەرچی زیاتر هەواڵی بازرگانی و ســـەیاحەتنامە، گەورە و بچووکیی شـــارەکان، جیاوازیی ئایینیی خەڵکەکەی و ژمـــارەی مزگەوت و بابەتی لەوچەشـــنەن. بۆ نموونە، ســـفرنامە ابن بطوطە مەراکیشـــی یا ســـەعدی شیرازی (لە کتێبی بۆســـتاندا).
٥. ئـــەو گوندە بـــە گوێـــرەی ژیننامەی مەلامەحمـــوود دەبێ 'ڕەمـــەزان مامکە'ی ڕۆژهەڵاتـــی کەرکووک و بـــە ئەگەرێکی لاوازتر، ' قـــرخ'ی دەوروبەری چەمچەماڵ بووبێت، کـــە مەودای نێوانیـــان زۆر نییە.
٦. موشـــاهەدە یـــا شـــهوود، بریتییە لە دیتنـــی حەقیقەتێک کە چاوی کەســـانی غەیری ئەهلـــی ســـلووک و مەعریفەت، ناتوانـــێ ببینێـــت. موشـــاهەدە تەنیا لە قۆناغێکـــی ســـلووکدا بۆ ســـۆفی گونجاو دەبێت.
٧. ئـــەو ڕاگەیاندنـــە، لـــە زمان شـــێخ عبدالرحمـــن تاڵەبانـــی کوڕەزای شـــێخ مەحموودەوە ســـەرەتا لە کتێبی فارسیی "جذبە عشق" نووســـینی مەلا صبغةاللای ڕووباریی ســـنەییدا هاتووە، پاشان کتێبی "مقامـــات پیـــران طالبـــان از محمود تا عبدالرحمن"یـــش بـــە بـــێ گۆڕانکاریی ڕایگواســـتووە. بڕوانە، صبغة الله ڕوودباریی "کتاب جذبە عشـــق" کە نووســـینەوەی دەســـتخەتێکی شـــێخ عبدالرحمانـــی تاڵەبانییە، ناشـــر محمـــد صدیق محمدی، چـــاپ چهـــارم، ١٣٧٣ [١٩٩٤ز]، صص ٧-١٧
هەروەها، اســـتاد ملا صبغة الله ڕوودباریی ســـنندجی "مقامـــات پیـــران طالبان از

محمود تا عبدالرحمن"، مقدمه تحلیلی، تنظیم، بررسی مجدد و شرح عرفانی دکتر محمدعلی سلطانی، چاپی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ۲۰۱۶، لل. ۱۰۷ تا ۱۱۰

٨. شێخ مەحموود، شێخ ئەحمەد، شێخ عبدالرحمن (باوکی شێخ ڕەزای شاعیر)، شێخ عەلی، شێخ محەمەدعەلی، شێخ جەمیل، شێخ عەلی دووەم و شێخ یوسف .

٩. دەگوترێ ئەو دەروێشە ناوی میرزا ڕەحیموڵڵا بووە. بڕوانە: https://www.peyserpress.com/detail/۵۵۶۸

١٠. سەید محمد طاهر هاشمی، "تحقیق پیرامون سلسله نقشبندیه و مقدمەای بر دیوان شیخ عبدالرحمان نقشبندی (وفا)"، مقدمه و ویرایش محمد عبدلی، ناشر میراث مانا، مهاباد ۱۴۰۲ [۲۰۲۳]، لل. ۵۲ تا ۷۳؛ هەروەها مەلا عبدالکریمی مدرس، "یادی مەردان، بەرگی یەکەم،مەولانا خالیدی نەقشبەندی"، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا،۱۹۷۹، لل. ۲۷ -۵۳"

١١. نووسەر لە لاپەڕە ۲۸ ی کتێبەکەدا ناوی ئەو دەروێشە بەم شێوەیە دەنووسێت: "میرزا رحیم الله بەگ ناسراو بە محمد دەرویش عظیم آبادی"، یەک لە خەلیفەکانی شێخ عەبدووڵای دیهلەوی ناودار بە شاعەبدوڵڵا.

١٢. لە لاپەڕە ۲۸ ی کتێبەکەدا نووسەر ساڵی ۱۲۲۲ ی بۆ دەسپێکی سەفەری مەولانا خالید ڕاگەیاندووە بەڵام لە هەردوو لاپەڕەی ۵۲ و ۵۶ دا سەنەی ۱۲۲۴ ی نووسیوە کە دەکاتە ۱۸۰۹ ی زایینی. هەر لەوێشدا گوتوویەتی لە ڕێگەی ئازەربایجانەوە کەوتۆتە ڕێگا. هەروەها لە لاپەڕە ۳۲ دا گوتوویەتی مەولانا خالید لە سەنەی ۱۳۲۶ [۱۸۱۱ز] دا دوای چوارساڵ درێژایی سەفەرەکەی، گەڕاوەتەوە سلێمانی و ئەوە دەریدەخات کە دەسپێکی سەفەرەکە ۱۲۲۲ [۱۸۰۷] بووبێ، نەک ۱۲۲۴ [۱۸۰۹ز].

١٣ . صبغةالله ڕووباری، پێشتر

١٤. دەبێ ئاماژە بێ بە کێشەی نەقشی و قادری لە سلێمانی و لایەنگریکردنی میری ئەودەمی بابانەکان لە دووەمیان.

١٥. مەلا عبدالکریمی مدرس، هەمان، هەمان لاپەڕە.

١٦. هەڵکەوت حەکیم، "مەولانا خالید-سەرهەڵدانی ڕێباز و ڕێکخەر"، ناوەندی ڕۆشنبیریی دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، سلێمانی ۲۰۲۳

١٧. مدرس هەندێک لەو نوێخوازییانەی تەریقەتی نەقشبەندیمان پێ دەناسێنێ. بڕوانە هەمان سەرچاوە، پەراوێزی لاپەڕەکانی ۴۴ و ۴۵. سپاس بۆ د. سەباحی غالیب بۆ دەستەبەر کردنی کتێبەکانی مدرس و هەڵکەوت حەکیم.

١٨. محمد بن سعود بناغەدانەری حکوومەتی ئالی سعوود (۱۷۵۶-۱۷۱۰) پەیمانێکی ئایینی-سیاسیی لەگەڵ محمد بن عبدالوهاب بەست کە تا سەردەمی ئێمەش ڕێبازی گشتیی سیاسەتی دەوڵەتی سعوودیا بوو. فەتحعەلیشای قاجار (۱۸۳۴-۱۷۶۹) شێخ ئەحمەدی ئەحسایی بانگهێشتی تاران کرد و ماوەیەک لەوێ هێشتیەوە؛ عەلیمحەمەدی بابیش ئەگەر فەتوای مەلای شیعە نەبوایە (ئەحمەد کەسرەوی، "بهائیگری، شیعیگری، صوفیگری"، انتشارات مهر،سال؟، لل۲۶-۴۹)، حکوومەتی محەمەدشای قاجار نەدەیگرت و نە دەیکوشت. بەهەمان شێوە، سوڵتانی عوسمانی و میرانی بابان لە کوردستانیش خۆیان لە مەولانا نزیک دەکردەوە و ئەگەر هەستیان بە

مەترسییەک لە لایەن ئەوەوە بکردایە، شوێنی مانەوە لە سلێمانییان پێ لێژ دەکرد.
19.https://knwe.org/KU/Details/7649
هەروەها دەگوترێ لە سەفەری هیندوستاندا، دووجار لە ئێران هەوڵی کوشتنی درابێت. هەڵکەوت حەکیم، پێشتر، ل.٦٠. سپاس بۆ د. سەباحی غالیب بۆ دەستەبەر کردنی کتێبەکانی مدرس و هەڵکەوت حەکیم.
٢٠. "هەر لە سەرەتاوە نەقشبەندی لەناو چینی دەوڵەمەند و [توێژی] ناوەراستدا شوێنی خۆی کردووە". هەمان. ل.٢٧
٢١. بوداق خانی موکری کە لە دەوروبەری ساڵی ١١١ی ک [١٧٠٠ز] دا کۆچی دوایی کردووە، یەک لە ئەمیرانی موکریی ناوچەی سەردەشت و مەهاباد و بۆکان بوو، کە زنجیرەیان لە ئەمیر سەیفەدین (١٤٤٦–١٤٩٥ز)ەوە دەست پێدەکات.
٢٢. دوای شکست و گەڕانەوەی شێخ عوبەیدیللای شەمزینی بۆ ناو خاکی عوسمانی (١٨٨٠)، محەمەد خان کە نازناوی پاشای پێدرابوو، خۆی و هێزە سوپاییەکەی دەکەونە شوێن هەمزاغای مەنگوڕ تا ئەوەی دەچێتە عوسمانی و بەوبۆنەیەوە دەسەڵاتدارانی ئێرانی نازناوی مظفرالدولەشی پێدەدەن! (یادداشتی مامۆستا ڕەحمان وەهابزادە بۆ نووسەر). هیچکەس ناتوانێ چاکتر لە کورد بەگژ کورددا بچێت و تێکی بشکێنێت! بە سپاسی زۆرەوە بۆ مامۆستا ڕەحمان وەهابزادە.
٢٣. سید محمد صمدی، "ضمیمه نگاهی به تاریخ مهاباد"، صص ٢٢ و ٢٣ ئەو لاپەڕانە ساڵانێک پێش ئێستا نەمر ڕەحمانی مودەڕیسی بە دەستخەتی خۆی لەبەر سەرچاوە چاپکراوەکە نووسیبوویەوە و بۆی ناردبووم؛ یادی بەخێر بێت.
بۆ زانیاریی زیاتر، شاعیری ناسراوی کورد، مەلا مارفی کۆکەیی (١٨٧٤ – ١٩٤٥) ماوەیەک پێشنوێژی ئەو مزگەوتەی شادەروێش بووە.
٢٤. ڕەزا شا لە نێوان ساڵانی ١٩٢٥ و ١٩٤١ دا شای ئێران بووە.
٢٥. بروانە، امیر فرهنگ ایمانی، "عنقای بقا در قاف وفا- هجرت حضرت بهاءاللە به سلیمانیە و کوه سرگلو و وقایعی کردستان و بغداد"، چاپی مۆڵتی پرینت -موساکۆ ٢٠٠٧، لل. ١٨٥ بەدواوە. من کتێبەکەم پێشتر لە نەمر خانم مەجیدی بە ئەمانەت وەرگرتبوو، سپاسی ڕێزدار عەلی کەریمی دەکەم کە ئەمساڵ لەسەر داواکاریی من، کۆپیی چەند لاپەڕەی کتێبەکەی بۆ ناردم کە بتوانم لێرەدا وەک ڕیفرەنس کەڵکی لێوەربگرم.
٢٦. بروانە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕس، پێشتر .

# سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی توودەی ئێران سەبارەت بە بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**ناسرساڵحی ئەسڵ**

”بیری چەپی کلاسیک و شێوەی دەسەڵاتداریی یەکیەتیی سۆڤیەت لە لایەن ڕووناکبیرانی حیزبی توودەی ئێرانی بە شێوەیەک شرۆڤە دەکرا و لێک دەدرایەوە کە سیستەمێکی هاوشێوەی دەسەڵاتداریی یەکیەتیی سۆڤیەت، دەیتوانی پرسە سیاسی و نەتەوایەتییەکان، مافی یەکسانیی ڕەگەزی، ئازادییەکان، پێشکەوتنی هەمەلایەن و جیاوازییەکانی کۆمەڵگای نەتەوەکانی ئێران چارەسەر دەکات. ئەو شێوە تێڕوانینە، فەزای زاڵی چەپی کلاسیکی ئەو سەردەمی کۆمەڵگای ئێران بوو. ئەو شێوە تێڕوانینەی چەپی کلاسیک لە ئێراندا کاردانەوە و کاریگەریی لە سەر ڕووناکبیرانی کوردیش دانابوو.“

## بەرایی:

لە بەراییدا بە پێویستی دەزانم بەستێنی مێژوویی پێوەندیدار بە بابەتەکە روون بکەمەوە، چونکە رووداوە مێژووییەکانی ئێران کتوپڕ و لە ناکاو نەبوون، بەڵکوو بەستێنی ئەو رووداوانە بەشێوەی جیاواز لە کۆمەڵگای نەتەوەکانی ئێراندا هەبووە و هەنگاو بە هەنگاو چەکەرەیان کردووە و بەرەو پەرەگرتن و پێشکەوتن چوون، تا ئەو کاتەی دەرفەتیان بۆ لواوە و لە کۆمەڵگادا پراکتیزە کراون.

داگیرکردنی وڵاتی ئێران لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە لە رێکەوتی ٣ی خەرمانی ١٣٢٠ ی هەتاویدا، بە خاڵێکی وەرچەرخان و قۆناغێکی نوێ لە مێژووی هاوچەرخی ئێرانی دادەنرێت. گرنگترین دەرهاویشتەکانی ئەو وەرچەرخانە هەڵوەشاندنەوەی ئەرتەشی شای ئێران و وەلانانی رەزاشا پەهلەوی بوو، کە بۆ ماوەی نزیک بە ٢٠ ساڵ لە ئێراندا دەسەڵاتدار بوو. بە رووخانی دەسەڵاتی دیکتاتوری رەزا شا و ئازادبونی زیندانییە سیاسییەکان، گەرانەوەی دوورخراوەکان لە دەرەوەی وڵات، دامەزاندنی حیزب و رێکخراوەی سیاسیی دەستی پێ کرد. بزاڤی ئازادیخوازی و رزگاریخوازیی نەتەوەکان لە وڵاتی فرەنەتەوە و ئایینزای ئێراندا سەریان هەڵدا، کە بوو بە هۆکارێک بۆ تێکۆشانی بیری ئازادیخوازانەی نەتەوەکانی ئێران. لەم قۆناغەدا حیزبی توودەی ئێران، یەکێک لە سەرەکیترین حیزبە چەپەکانی ئێران بوو. لە ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، باسی سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزبی توودەی ئێران، لە سەر بزاڤی رۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند قۆناغی هەستیاردا دەکەم. دیارە لەم لێکۆڵینەوەیدا مەبەست ئاوڕدانەوە و شرۆڤەکردنی میژوویی حیزبی توودە نییە، بەڵکوو تەنیا باسکردنی گوشەنیگایەکە سەبارەت بە کارتێکەریی سیاسەت و بۆچوون و هەڵویستەکانی رێبەرایەتیی حیزبی توودەی ئێران، سەبارەت بە خەباتی رەوای نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا.

## دامەزرانی حیزبی توودەی ئێران:

حیزبی توودەی ئێران لە لایەن ژمارەیەک کەسایەتیی رووناکبیر، سۆسیال دیموکرات و مارکسیستەوە کە بە گرووپی ٥٣ کەس ناسرابوون و تازە لە زیندانی رەزاشا ئازاد کرابوون، وەک، میرزا سلێمان ئەسکەندەری، ئیرج ئەسکەندەری، رەزا روستا، ئیحسان تەبەری، عەبدولحوسێن نووشین، دوکتۆر رەزا رادمەنش، بوزورگ عەلەوی، فەرەیدوونی کەشاورز و خەلیل مەلەکی و چەندین کەسایەتیی دیکە، "لە١٠ی رەزبەری ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی"دا، لە ماڵی میرزا سولەیمان ئەسکەندەری لە تاران، دامەزرا. [1] "ئیرەج ئەسکەندەری" (١٣٧٨)

حیزبی توودە سەرەتا وەک حیزبێکی دیموکرات و ریفۆرمیست، نەک رادیکاڵ و کۆمۆنیست هاتە مەیدان و خۆی بە نوێنەری تاقە چینێکی کۆمەڵایەتی دانەدەنا، بەڵکوو وەک حیزبی تێکرای چین و توێژە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازەکانی ئێران، دامەزرانی خۆی راگەیاند. سیاسەت و بەرنامەکانی لە سەر ئاستی نێوخۆی ئێراندا بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی ئێران و وەدیهێنانی دیموکراسی و ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوو و، لە سەر ئاستی دەرەوەش، خەبات دژ بە فاشیزم و نازیزم بوو. ئەم قۆناغە لە مێژووی خەباتی سیاسیی حیزبی توودەی ئێران، بە قۆناغی زێرینی حیزبی توودە ناسراوە، کە توانیی بە سەدان هەزار کەس لە خەڵکی ئێران و بە تایبەت زۆربەی هەرە

زۆری ڕووناکبیران، نووسـەران، شـاعیران، کەسـایەتییە ناودارەکان لە دەوری بەرنامە و سیاسـەتەکانی خـۆی کۆ بکاتـەوە. لەو سـەردەمە زێرینەدا حیزبی توودەی ئێران، توانیی وەک حیزبێکی یاسـایی ئۆپۆزیسیۆن لە سـەر شـانۆی سیاسـیی ئێرانـد، بە کاندیدکردنـی (٦٢) ئەندامـی خۆی، کە (١٠)یان لـە ڕێبەرایەتیی حیزبـدا بوون، بەشـداری لـە هەڵبژاردنەکانـی خولـی چاردەهەمی "مەجلیسـی شـووڕای میللیی ئێران" بـکات. ئەو هەڵبژاردنـە لە پاییزی سـاڵی ١٣٢٢ی هەتاویدا، کـرا و حیزبی توودە توانیـی ١٣%ی کـۆی دەنگەکانی خەڵکـی ئێـران وەدەسـت بهێنـێ و ٨ نوێنەر بنێرێتە مەجلیسی شـووڕای میللی. (هەمان سـەرچاوە "١").

نفووز و دەسـەڵاتی حیزبی توودەی ئێران، بـە وەرگرتنـی ٣ پۆسـتی وەزارەتەکانی (فەرهەنگ، تەندروسـتی، پیشـە و هونەر)، لـە حکوومەتەکـەی قەوامولسـەڵتەنەدا گەیشـتە چڵەپۆپەی قۆناغی کار و تێکۆشانی سیاسـیی ئەو حیزبە. بۆیە ئـەم قۆناغە لە مێژوویی سیاسـیی حیزبی تـوودەی ئێراندا بـە چاخی زێڕیـن لە مێژووی سیاسـیی ئـەو حیزبـە ناسـراوە. بـەڵام حیزبی تـوودە، لەم چاخـە زێڕینـەی خۆیدا لە ئاسـتی پرسە سیاسـی و نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکانـی ئێران بە گشـتی و بە تایبەت سـەبارەت بە پرسی سیاسـی و نەتەوەیی گەلی کـورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتانی بە تەواو بێهەڵوێسـت و بێدەنگ بـوو، چونکە نە لـە یەکەمیـن بەیاننامـەی دامەزرانی حیزبی تـوودەی ئێران و، نە لـە مەرامنامە و کۆنفراسـی یەکەمـی سـاڵی ١٣٢١ی هەتـاوی و نە لەو گەڵاڵەیـەدا کە لە لایەن فراکسـیۆنی حیزبی توودەوە پێشـکەش بە مەجلیسـی چاردەهـەم کرابوو، باسـێکی لە سـەر پرسـی سیاسـی و نەتەوایەتی و خواسـت و ویسـتە ڕەواکانی نەتەوەکانی ئێرانـی تێـدا نەبـوو. کە وا بـوو حیزبی توودە بە چەسـپاندن و خۆحەشـاردان لە ژێر عینوانی "پاراسـتنی یـەک پارچەیی خاکـی ئێران" وەک ئامانجـی بەرژەوەندیی سیاسـی و باسـنەکردن لە پرسە سیاسی و نەتەوایەتییەکانـی نەتەوەکانی ئێران، لەگەڵ شۆڤێنیسـتەکانی نەتـەوەی باڵادەسـتیی فارسـدا لە سـەنگەرێکدا بووە. بەو شکڵ و شـێوازە خۆی لە مەزنترین پرسـە سیاسی و نەتەوایەتییەکانـی نەتەوەکانـی ئێـران دزیبووەوە. ئـەوەش کە لە ئەساسـنامەی حیزبـی تـوودەی ئێراندا سـەبارەت بە "ئـازادی کەمینـەکان لـە ڕووی ئاینی و فەرهەنگییـەوە" یـا خود "یەکسـانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لـە نێوان هەموو ئەندامانی "میللەتی ئێـران"دا بێ جیاوازیی ئاینـی و نەژادیـی تاکەکان قسـەی لێ کرابوو. مەبەسـت لە کەمینـە ئاینییەکانی وەک جـوو، زەردەشـتی، ئاسـووری بوو، نەک نەتـەوە غەیـرە فارسـەکانی وەک کورد، ئازەر، بەلووچ، عـەرەب و تورکەمەن. کە وابوو بێهەڵوێسـتیی حیزبـی توودەی ئێـران، لە ئاسـتی پرسـە سیاسـی و نەتەوایەتییەکانـی نەتەوەکانـی ئێـران و جووڵانـەوەی مافویسـتانەی نەتەوەی کورد لـە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، ڕاسـتییەکی مێژووییـە. چونکـە میـژووی سیاسـیی حیزبـی تـوودەی ئێـران، لێوانلێـوە لە دوژمنایەتـی، چەواشـەکاری و نکوڵیکردن لـە بزاڤـی مافویسـتی و ئازادیخوازیـی نەتـەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، بـە تایبەت لەگـەڵ ڕێبـەر و ڕێکخەری جووڵانـەوەی مافخوازانـەی گەلـی کورد، واتە حیزبی دێموکراتی کوردسـتانی ئێران. چونکـە حیزبی توودەی ئێران، لە ڕاسـتیدا هەڵگری بیری چەپی یەکیەتیی سـۆڤیەتە و، داپۆشـراوە بە بیری شۆڤێنیسـتیی ئێرانی

و نەتەوەی باڵادەستی فارس. واتە لە سەر بنەمای بیرۆکەی یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک وڵات بووە. لەو ڕوانگە و تێڕوانینەوە، بیری چەپی دواکەوتوویی لە دووتوێی دەیان کتێب و ڕۆژنامە و نامیلکەدا بڵاو دەکردەوە.

## سیاسەتکردنی حیزبی توودەی ئێران، لە کۆماری کوردستانەوە تا سەرەتای شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران:

بیری چەپی کلاسیک و شێوەی دەسەڵاتداریی یەکیەتیی سۆڤیەت لە لایەن ڕووناکبیرانی حیزبی توودەی ئێرانی بە شێوەیەک شرۆڤە دەکرا و لێک دەدرایەوە کە سیستەمێکی هاوشێوەی دەسەڵاتداریی یەکیەتیی سۆڤیەت، دەیتوانی پرسە سیاسی و نەتەوایەتییەکان، مافی یەکسانیی ڕەگەزی، ئازادییەکان، پێشکەوتنی هەمەلایەن و جیاوازییەکانی کۆمەڵگای نەتەوەکانی ئێران چارەسەر دەکات. ئەو شێوە تێڕوانینە، فەزای زاڵی چەپی کلاسیکی ئەو سەردەمی کۆمەڵگای ئێران بوو. ئەو شێوە تێڕوانینەی چەپی کلاسیک لە ئێراندا کاردانەوە و کاریگەریی لە سەر ڕووناکبیرانی کوردیش دانابوو. نەمر مامۆستا هەژار لە شێعرێکدا دەڵێ: "ستالین پێشەوایە، بۆ کوردان وەک باب وایە." [٢]."عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی" (٢٠٠٤)

پێداهەڵگوتنی ڕووناکبیرانی ئێرانی و کورد بە سیستەمی دەسەڵاتداریی یەکیەتیی سۆڤیەت، بۆ ژیانێکی ئازاد و پڕ لە بەختەوەری، گەیشتبووە ئاستێک کە بە ڕزگاریدەری مرۆڤایەتی و بە باشترین نموونەی دەسەڵاتداریان دەزانی. بەڵام لە وەها کەشوهەوایەکدا سیاسەت و هەڵوێستی حیزبی توودە بەرامبەر بە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی و نەتەوەیی واتە (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) ژ.کاف کە وەک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی و کوردستانی کە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ی هەتاویدا لە مەهاباد دامەزرا، حیزبی توودە موخالیفی سەر سەختی کۆمەڵەی ژێکاف بوو و، بەردەوام بە دژی ژێکاف هەڵوێستی دەگرت و بە دەستکردی ئینگلیسی دەزانی و لە لای بەرپرسانی باڵای یەکیەتیی سۆڤیەت بۆ (ژ.ک)ی تێ دەچاند. بۆیە حیزبی توودە زۆری هەوڵ دا ژێکاف لاواز بکا و بیتوێنێتەوە. کەوابوو ئەو شێوە ڕوانینەی حیزبی توودەی ئێران، هەڵقوڵاوی بیری شۆڤێنیستیی نەتەوەی باڵادەست واتە فارس بوو، نەک بیری چەپێکی پێشکەوتوو. چونکە خۆبەزلزانی و لوتەرزیی حیزبی توودە وەکوو ڕێکخراوێکی سەرانسەری لە ئێراندا، مافی بە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەدەدا. مامۆستا هەژار لە کتێبی "چێشتی مەجێور"دا ئاوا باسی ڕۆڵی تێکدەرانەی حیزبی توودە دەکات: "حیزبی توودە کە سەر بە رووسان بوو، لە ئێراندا زۆر بەهێز بوو، نەیتوانیبوو لە موکریان خۆی دیار بدا". لە درێژی باسەکەیدا مامۆستا هەژار دەڵێ: ڕۆژێک قازی لە تەورێز گەڕاوە و کۆی کردینەوە و گوتی: "قولی یوف (لێپرسراوی شووڕەوی لە تەورێز) گوتوویە، ئێمە جگە لە توودە هیچ حیزبێک قبووڵ ناکەین، دەبێ خۆتان حەل کەن و ببنە توودە". [٣]. (عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی). (٢٠٠٧). کاتێک ڕێبەرانی بزاڤی ئازادیخوازیی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، "حیزبی دێموکراتی کوردستان"یان لە سەر بناغەی تەشکیلاتی ژێکاف، لە ساڵی

١٣٢٤ی هەتاویی دامەزراند، نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، توانیی لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویدا کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد دابمەزرێنێت. بەڵام لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا حیزبی توودەی ئێران نفووز و جەماوەری لە ناوەندی ئێراندا چەند بەرامبەر بوو. هەر بۆیە لە هەموو ڕێگەیەکەوە تێدەکۆشا و هەوڵی دا کۆماری کوردستان بە حکوومەتی میللیی ئازەربایجان ببەستێتەوە و بیخاتە ژێر ڕکێفی ئەو حکوومەتەوە. هەروەها ڕێبەریی حیزبی توودەی ئێران هەوڵی دەدا کە هەموو پێوەندییەکانی کۆماری کوردستان لەگەڵ تاران و یەکیەتیی سۆڤیەت لە ڕێگای فیرقەی دێموکراتی کوردستانەوە بێت تا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک لقی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان کار و تێکۆشانی سیاسی بکات. بەڵام ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە تایبەت بە هیمەتی پێشەوا قازی محەممەد توانیی سەربەخۆیی سیاسیی کۆماری کوردستان بپارێزێت و کار و کردەوەکانی بە ئەمر و فەرمانی کەسانی دەرەکی نەبێت. چوونەدەری ئەرتەشی سۆڤیەت لە ئێران و بادانەوەی قەوامولسەڵتەنە لە بەڵێنیەکانی بە یەکیەتیی سۆڤیەت و ئیمتیازی نەوتی شیمالی ئێران، ڕووخانی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجان لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە گەڕانەوەی ئەرتەشی حەمەڕەزاشای بۆ تەوریز و مەهاباد لێ کەوتەوە. هەروەها لە جیهانی دووجەمسەریدا پشتیوانیی دەوڵەتی ئەمریکا لە حکوومەتی حەمەڕەزاشای پەهلەوی، پەلکێشکردنی خێرای ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەوی بۆ ناو بازنەی ململانێی جەنگی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو، کە لە مێژووی سیاسیی هاوچەرخی ئێراندا بە وەرچەرخانێک لە سەر هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەو کاتی ئێران دادەنرێت. هەلومەرجێک کە تێیدا زەمینەیەکی لەباری بۆ زیندووکردنەوەی حوکمی دیکتاتۆری و باڵادەستیی نەتەوەی باڵادەست لە سەر شانۆی سیاسیی وڵاتی ئێراندا ڕەخساند و پاشەکشەیەکی مەزنی بە بزاڤی میللی دێموکراتیکی نەتەوەکانی ئێران کرد، بۆیە پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی لە چوارچرای مەهاباد، حیزبی توودەی ئێران بە باوەڕی وا بوو، ڕووخاندنی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و پاشەکشەی ئەرتەشی یەکیەتیی سۆڤیەت لە ئێران، لە پێناو سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەی حیزبی کۆمۆنیستی چین بە ڕێبەری مائۆ بووە. هەروەها حیزبی توودە لە پاش ڕووخانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستانەوە، هیچ هەڵوێستێکی ئاشکرا و ڕەسمییان سەبارت بەم قۆناغەی خەباتی نەتەوەکانی کورد و ئازەری لە ئێراندا نەبووە.

غەنی بلووریان دەگێڕێتەوە، "کاتێک چەند لاوێکی شاری مەهاباد لە سەرەتای ساڵی ١٣٢٧ی هەتاویدا خوازیاری ژیاندنەوەی "حیزبی دیموکراتی کوردستان" بووین، بە هیوای ئەوەی حیزبی توودە هاوکاریمان بکات تا بەیاننامەیەک بە زمانی کوردی چاپ و بڵاو بکەینەوە و تێیدا بڵێین، حیزبی دیموکرات نەمردووە و زیندووە و بۆ وەدەستهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد درێژە بە خەبات دەدا، کەچی حیزبی توودەی ئێران خۆی تێنەگەیاندین و هیچ هاوکارییەکی نەکردین". (٥). "مامە غەنی بلووریان". (١٣٦٤).

هەروەها شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان

قاسملوو لە کتێبی چل ساڵ خەباتدا نووسیویەتی "بەڕێوەبەری حیزبی توودە ئەو کاتە لەو بڕوایەدا بوو کە هەم لە باری تەشکیلاتی و هەم لە باری سیاسییەوە ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکرات لە کوردستان دەبێ بە گشتی پەیڕەوی بەڕێوەبەریی حیزبی توودە بێ، لە ڕاستیدا بەشێک بن لە تەشکیلاتی حیزبی توودە، بەڵام ناوی حیزبی دیموکرات بپارێزن و هەر بەو ناوەش درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن کە بە کردەوەش هەر وای لێ هات". [٦]. "د.عەبدولڕەحمان قاسملوو"(١٣٦٤).

هەر بۆیە لەو سەردەمدا کومیتەی "کاک" دامەزرا. مەبەست لە کومیتەی کاک ئەوە بوو کە هەر ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان چووبا بۆ تاران، ئوتوماتیک دەبوو بە ئەندامی حیزبی توودە و ئەگەر گەڕاوە بۆ کوردستان دەبووەوە بە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

حیزبی توودە پاش کۆنگرەی دووهەمی خۆی، دانی بە فرەگەلیی ئێراندا نا و باسی لە مافی خودگەردانی بۆ نەتەوەکانی ئێران و بە تایبەت نەتەوەی کورد کرد و، دژایەتیی خۆی بۆ هەر شێوازێکی ستەمی نەتەوەیی لە ئێراندا ڕاگەیاند. هەر بۆیە بۆ یەکەم جار لە مێژووی حیزبی توودەدا شتێک بە ناوی پرسی سیاسی و نەتەوایەتی لە لایەن ڕێبەرێکی حیزبی توودە، وەک (اردشیر اوانسیان)ەوە قسەی لە سەر دەکرێت. ئۆڤانیسیان لە وتارێکدا چەمکی نەتەوەی بە شێوە ستالینیەکەی پێناسە کردووە، کە لە کۆمەڵە کەسانێک پێک دێن: زمان، فەرهەنگ، ئابووری و زەویی هاوبەشیان هەیە. [٧]. " د.عەبدولڕەحمان قاسملوو"(١٣٦٤)، بێ ئەوەی هیچ باسێک لەوە بکات کە ئایا لە ئێرانی فرەنەتەوە، ئێتنیک و ئایینزادا پرسێکی سیاسی و نەتەوەیی هەیە یان نییە! هەر بۆیە حیزبی توودەی ئێران لە پراکتیکدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نە شتێکی لەو بارەیەوە ڕەچاو کرد، نە تاقە هەنگاوێکی کردەیی هەڵگرت، کە لە ڕووی زمان و فەرهەنگەوە، یا لە بارەی مافە سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان، خزمەت بە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات. نەک هەر خۆی، بگرە حیزبی دیموکراتی کوردستانیشی لەو ئەرکە گرینگە هەڵپەساردبوو. کەریم حیسامی لە بیرەوەرییەکانیدا لەم بارەیەوە دەڵێ: "ئێمە بە ناوی حیزبی دیموکرات کار و تەبلیغاتمان دەکرد، بەڵام لە واقیعدا وەک بەشێک لە ڕێکخراوی حیزبی توودەی ئێران بووین، بە تایبەت کادری بەڕێوەبەری خۆیان بە توودەیی دەزانی، برادەرانمان بە تاوانی توودەیی دەگیران". [٨]. "کریم حیسامی" (٢٠١٨).

لەو برگەیە لە مێژوویی حیزبی توودەدا باسی ویستە ڕەواکانی جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکان، هەر نەکراوە. چونکە ئەساس و بناغەی تێکۆشانی حیزبی توودە لە سەر بنەماکانی مارکسیزم و خەباتی چینایەتیی کرێکاران دامەزرابوو. چونکە ڕێبەرایەتیی حیزبی توودە پرسی چارەسەرکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردیان لە ئێراندا بۆ گرینگ نەبوو. هەر بۆیە لە بەهاری ساڵی ١٣٣٤ی هەتاویدا ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بڕیاری دا پێوەندییە تەشکیلاتییەکانی لەگەڵ حیزبی توودەی ئێران بپچڕێنێ. ئەو بڕیارەی بە هیمەتی

عەبدولڕەحمان قاسملوو و چەند کادری بەتوانای حیزب لە یەکەمین کۆنفرانسی حیزبی دیموکراتدا کە لە بەهاری ١٣٣٤ی هەتاویدا لە ناوچەی مەنگوڕایەتیی مەهاباد لە گوندی (کەوتەر) پێک هات. [٩]. "د.عەبدولڕەحمان قاسملوو" (١٣٦٨)، هەنگاوێکی ئازایانە و بوێرانە بوو. هەر بۆیە ئەندامانی کۆنفرانس پاش دابەشکردنی ئەرک و ڕێکخستنەوەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات، چالاکییەکانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەرە پێدا و سەرلەنوێ ڕۆژنامەی (کوردستان) ئۆرگانی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستانیان، بە زمانی چاپ و بلاو کردەوە. کار و چالاکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش کۆنفرانسی یەک، لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاویدا پەرەی گرتەوە. چونکە حیزبی دێموکرات بڕیاری دابوو هەم سەربەخۆیی سیاسی بپارێزێ و هەم ڕێکخراوەکان زیندوو بکاتەوە و کاروباری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر خۆی بەڕێوەی ببات.

حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە ساڵی ١٣٣٤ەوە بڕیاری پچڕانی پەیوەندییە تەشکیلاتییەکانی خۆی لەگەڵ حیزبی توودەی ئێراندا و توانیی لە پاش هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان، خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شێوەی نهێنی و ڕێکخراوەیی درێژە- بدات. تا لە ساڵانی ٤٧-١٣٤٦ی هەتاویدا ئەم خەباتە نهێنییە بەشێوەی چەکداری دەرکەوت و ورە و هێزێکی نوێی بە خەباتگێران و ئازادیخوازان نەتەوە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا. باسکردن و ئاوڕدانەوە لە خەباتی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی و چەکدارانە، لە نێوان ساڵەکانی ١٣٤٦___٤٧ ی هەتاوی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە لە مێژووی هاوچەرخی خەباتی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی خەڵکی کورددا جێگەو پێگەی تایبەتی هەیە، ڕووداوێک و برگەیەکی مێژوویی دەروشاوە و گرینگە لە خەباتی پڕ لە شانازیی چەکداریی ڕۆڵە خەباتگێر و شۆڕشگێڕەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆ، لەخۆبایی حەمە ڕەزاشای پەهلەوی. چونکە لەو سەردەمەدا حەمەڕەزاشای پەهلەوی دەیگوت ئێران دوورگەی ئارامییە. ڕاپەڕین و بەرخودانی ڕۆڵە خۆنەویستەکانی نەتەوەی کورد لەو ساڵانەدا، هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە و لاپەڕەیەکی زێڕین لە خەباتی چەکداری بۆ مافی نەتەوایەتی و مێژوویەکی پڕ لە شانازی لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. حیزبی توودەی ئێران لەو سەردەمدا کە چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی باڵای ئەو حیزبە لە بەغدا بوون و هاتوچۆی عێراقیان دەکرد، لە ئاست ئەو برگەیە لە خەباتی حیزبی دیموکراتدا بێدەنگ بوون و هیچ یارمەتییەکی ئەو شۆڕشەیان نەک هەر نەکرد، بەڵکوو زۆر کات بە دژی خەباتگێرانی حیزبی دیموکرات لەو برگەیە لە خەبات دەیانخوێند. هەروەها لە ڕادیو "پەیکی ئێران" کە بەشێک لە بەڕێوەبەرانی ئەو ڕادیویە کورد بوون، لە ئاست خەباتی خوێناوی و ١٨ مانگ بەرخودان و خۆڕاگری متەقیان لێوە نەهات. بەڵام بە داخەوە ڕەگ و ڕیشە و بیروباوەڕی حیزبی توودەی ئێران بە دوور لە هەستی نەتەوایەتی تا ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی و پاش کونگرەی ٤ی حیزبی دێموکرات، بە سەر بەشێک لە ڕێبەرایەتی و کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا هەر زاڵ بوو کە ڕووداوی ئینشعاب و لێکترازانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیرانی لێ کەوتەوە.

## سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی توودەی ئێران لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا:

حیزبی توودەی ئێران لە سەرەتاکانی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا پلینۆمی ١٦ی خۆی گرت. لەو پلینۆمەدا

نورەدیـن کیانـووری، بـە جێـگای ئیرج ئەسـکەندەری وەک سـکرتێری حیزبـی تـوودە هەڵبژێـردرا. چونکـە لـە هەیئەتـی ئیجرایـی حیزبـی توودەدا لـە نێـوان ئەسـکەندەری و کیانـووری لـە سـەر پشـتیوانیکردن یـان نەکردن لـە خومەینی لـە چڵەپۆپەی ناکۆکییەکاندا بوو و لایەنی پشـتیوانی لە خومەینـی، کیانوورییان وەک کەسـی یەکەمـی حیزبـی تـوودە دیاری کـرد. بە سـەوکەتنی شۆڕشـی نەتەوەکانی ئێـران و ڕووخانی ڕێژیمی حەمە ڕەزاشـای پەهلـەوی لـە ٢٢ی ڕێبەندانـی سـاڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان گـۆڕان و وەرچەرخانێکـی مەزنـی بـە سـەردا هـات. لـە وەها بارودۆخێـکدا جووڵانـەوەی ڕێکخراوەیـی و ئازادیخوازیـی نەتەوەیـی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـە ڕادەیـەک بووژایـەوە کـە سـەرەتای قۆناغێکـی نوێی بـۆ وەدیهێنانی مافـە سیاسـی و نەتەوایەتییەکانی گەلـی کـوردی هێنایـە کایـەوە. هەروەها سـەرکەوتنی شۆڕشـی نەتەوەکانـی ئێـران و ڕووخانـی ڕێژیمـی شاهەنشـاهی، و دامەزرانـی "کۆمـاری ئیسـلامـی" قۆناغـی ململانێـی هێـزە سیاسـییەکانی ناوەندگەرا لـە پێنـاوی گرتنەدەسـتی دەسـەڵاتی سیاسـی لـە ناوەنـدی ئێـران بـوو. ئـەم قۆناغـە بـە دامەزرانـی دیکتاتۆریـی ئایینی وەلایەتـی فەقیهـ و هێرشـی بەرفراوانـی دەزگا سـەرکوتکەرەکانی ڕێژیمـی کۆماری ئیسـلامـی بـۆ سـەر حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی نەتەوەکانـی ئێـران و بـە تایبـەت بـۆ سـەر کوردسـتان دەسـتی پێ کـرد. کـە لە ئاکامدا بە هـەزار ئەندامی ئەو حیـزب و ڕێکخراوانـە زیندانـی و ئیعـدام و یـان لە دیفاع لە دەسـکەوتەکانی شۆڕشـی نەتەوەکانـی ئێـران شـەهید کـران.

لـە سـەردەمی بـە دەسـتەوەگرتنی دەسـەڵاتداریی سیاسـی لـە لایـەن لایەنگرانـی خومەینییـەوە، حیزبـی تـوودەی ئێـران لەگـەڵ ڕێکخـراوی فیدائیانـی گـەل "زۆرینـە"، لـە سـەر شـانۆی سیاسـیی ئێران خۆیـان وەک ئۆپۆزیسـیۆنێکی وەفـادار بـە خەتـی (ئیمـام) نیشـان دا. بۆیـە سیاسـەت و هەڵوێسـتەکانی حیزبـی تـوودەی ئێـران، سـەبارەت بـە مافـە سیاسـی و نەتەوایەتییەکانـی خەڵکـی کـورد دووفاقیانـە بـوو. هەروەهـا دژ بـە تێکۆشـانی حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێـران و بزووتنـەوەی میللـی دێموکراتیکـی نەتـەوەی کـورد لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، هەڵوێسـت و سیاسـەتی نەرێنیی هەبوو. چونکـە وێڕای پشـتیوانی لـە هەڵوێسـت و سیاسـەتەکانی کۆمـاری ئیسلامـی لـە کوردسـتان، تێدەکۆشـا لـە ڕێـگای سـیخوڕەکانی لـە ڕیزەکانـی حیزبـی دێموکـرات، زانیاریـی تـەواو لـە سـەر لایەنگـر و ئەندامانـی حیزبـی دێموکـرات و سـەرچاوەی ماڵـی و دارایـی و چـەک و چۆڵـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و...هتـد، کـۆ بکاتـەوە و بیخاتـە بەردەسـت دەزگا سـەرکوتکەرەکانی کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران، ئـەو کارەشـی بـە باشـی بـۆ خوشـخزمەتی بەڕێـوە بـرد. دیـارە حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتانی ئێـران کـە پـاش سـی و دوو سـاڵ خەباتـی نهێنـی و ژیانی ئاوارەیـی سـەرلەنوێ خەباتـی ئاشـکرا خـۆی ڕاگەیانـد و خەڵکـی کـوردی لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان لـێ کـۆ بـووەوە. ڕێکخـراوی دیکـەش وەک سـازمانی زەحمەتکێشـانی کوردسـتانی ئێـران "کۆمەڵـە"، سـازمانی خەباتـی نەتەوایەتـی ئیسلامیـی کوردسـتانی ئێـران و لقـی کوردسـتانی ڕێکخـراوەی فیدائیانـی گەل،

هاتنە سەر شانۆ و دەستیان کرد بە کار و چالاکیی سیاسی لە پێناوی دیمۆکراتیزەکردنی ئێران و وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد. هەروەها لەم قۆناغەدا دروشمی (دیمۆکراسی بۆ ئێران وخودمختاری بۆ کوردستان)دروشمی ستراتیژی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

### ئا) فتوای جیهادی خومەینی دژی خەڵکی کوردستان و هەڵوێستی حیزبی توودە

فتوای جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاویدا بە لەشکرکێشی و هێرشی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ کوشتاری خەڵکی ڕاپەڕیوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەستی پێ کردو کە لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کورددا بە "شەڕی سێ مانگە" ناو دەبرێت. لەو هێرش و پەلامارەدا بە هەزاران کەس لە خەڵکی مەدەنیی کورد بە دەستی پاسدارانی ڕێژیم لە شار و گوندەکانی کوردستان و بە تایبەت لە ئاواییەکانی قارنێ و قەڵاتان، هەروەها دادگاییە سەرپێییەکانی (خالخاڵی) سەرۆکی دادگای شۆڕشی ئیسلامی لە پارێزگاکانی کرماشان و سنە و ورمێ، ئیعدام کران.

ئەوەی جێگای سەرنجە ڕاگەیەنەکانی حیزبی توودە و ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبە بە هەموو شێوەیەک لە ژێر ناوی خەبات بە دژی ئامپریالیسم هێرشیان دەکردە سەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چونکە حیزبی توودە لە لایەک خۆی وەک حیزبێکی وەفادار بە خەتی ئیمام دەناساند و لە هەوڵی ئەوەدا بوو خۆی لە خومەینی و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نزیک بکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە لە ڕێگای سیخوڕەکانییەوە لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەوڵی دەدا نفووزی سیاسی و کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکرات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کەم بکاتەوە یان حیزبی دێموکرات هەڵوەشێنێتەوە.

ڕۆژنامەی "مردم"ی ئۆرگانی ناوەندی حیزبی توودەی ئێران، کە لەو قۆناغەدا بە کوردی دەستی بە بڵاوکردنەوە کردبوو، لە وتارێکیدا بە ناونیشانی (براکوژی لە کوردستان) نووسیویە:

"وەکوو دەزانین حیزبی توودەی ئێران یەکەم ڕێکخراوی سیاسی بوو، کە نادروستبوونی ڕێگای چارەسەرکردنی نیزامیی هێنا گۆڕێ و تێکۆشا کە بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکەمان لەو کارەساتە خوێناوییەی کە بە دەستی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم و کۆنەپەرەستی لە کوردستان هەڵگیرساوە، یارمەتیی ڕابەرایەتیی شۆڕش و دەوڵەتی کاتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بدات، ئەوا جارێکی دیکەیش بە گیانێکی پڕ لە خۆشەویستی و پەیوەندییەوە لەگەڵ شۆڕشی ئێران و پتەوکردن و بەهێزکردنی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەرنجی بەر پرسیارەکانی وڵات بۆ لای ئەم مەسەلەیە ڕادەکێشین. ئێمە دەزانین کە هێزەکانی ئیمپریالیستی و سەهیۆنیستی و پاشماوەی ڕێژیمی ڕووخاوی پەهلەوی کارەسات لە کوردستان دنە دەدەن و ئاگرەکەی خۆش دەکەن. [١٠]. (ڕۆژنامەی مردم ـــ ١٠ مهرماه ١٣٥٨)".

هەروەها کیانووری سکرتێری یەکەمی حیزبی توودە دەڵێت: "لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە، ئیمپریالیزم لە وڵاتەکەماندا بە

سوودوەرگرتن لە جۆرە (کۆنترا)یەک، بەرەنگاربوونەوەی چەکدارانەی بە دژی کۆماری ئیسلامی خولقاندووە و دەیبینین، واتە مەبەست لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، حیزبی دیموکراتی کوردستان، تاقمی کۆمەڵە.... کە لە دەرەوەی مەرزەکانی وڵات و لە ژێر سایەی دەوڵەتی عێراقدا و لە خاکی ئەو وڵاتەدا شوێنیان بۆ کراوەتەوە و لەوێوە ئۆپەراسیۆنی تێکدەرانە و هێندێک کاری تیرۆریستی دەکەن.[(۱۱)]. (ڕۆژنامەی مردم ــ ۱۰ مهرماه ۱۳۵۸)".

هەروەها کەسێکی وەک "احسان طبری" لە ڕێبەرانی هەڵبژێردراوی پلینۆمی ۱۶ی حیزبی توودە، لە توێی کتێبێک بە ناوی لاڕێیەکان(کژراهەها) حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران "بە دارودەستەی قاسملوو، خائینان، ئاژاوەگێر، خۆپەرەست، نامەسئوول و دژی شۆرش ... هتد ناو دەبات". هەروەها لە ئاهەنگێکدا کە ڕێکخراوی مەهابادی حیزبی توودە لە نەورۆزی ساڵی ۱۳۵۸ی هەتاویدا لە قوتابخانەی ناوەندی (شەهید عەزیزی یوسفی) پێک هاتبوو، عەلی گەلاوێژ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی توودە لە وتارێکیدا گوتی: "مەسەلەی گرنگی ئەوڕۆی ئێران نەجاتدانی شۆرش و شکاندنی ئیمپریالیزمە، مەسەلەکانی دیکە لەچاو ئەم دووە ناگرنگن! مەسەلەی ئەمڕۆکەی ئێمە یەکیەتییە، یەکیەتیی ئوسووڵی لە سەربنچینەی هاوکاریی تەواوی هێزەکانی مەردمی لە ژێر ڕابەرایەتیی ئیمام خومەینیدا، کە سەلماندوویەتی دەتوانێ تەواوی میللەت لە دژی شەیتانی گەورە یەک بخات." [(۱۲)]. "احسان طبری" (۱۳۷۱).

هەروەها دەڵێ، "ئەمڕۆ کە حیزبی توودەی ئێران، حیزبی چەشنی نوێی چینی کرێکاری ئێران بە مێژووی پڕ لە شانازیی خۆیەوە بە هەموو توانایەوە، پشتیوانی لە خەتی مەردمی و دژە ئیمپریالیستیی ئیمام خومەینی دەکات، دەبێ هەمووومان دەست بدەینە دەستی یەکترەوە و پشتیوانی لەم خەتەی ئیمام بکەین". [(۱۳)]. "احسان طبری". (۱۳۷۱).

ئەوە لە کاتیکدایە ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری لە ڕێکەوتی ۲۶ی ڕەزبەری ساڵی ۱۳۵۸ی هەتاویدا دەڵێ: دوکتۆرعەبدولڕەحمان قاسملوو لە تەوریز سەردانی کردم و داوای لێ کردم ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەرکردنی پرسی مافی خەڵکی کوردستان بدۆزمەوە. [(۱۴)]. ( ڕۆژنامەی کیهان ــ ۵ مهر ۱۳۵۸).

هەروەها دوکتۆر سادق زیبا کەلام نوێنەری دەوڵەتی بازرگان لە ۲۵ی ڕەزبەری ۱۳۵۸ی هەتاویدا ڕایگەیاند کە پاش دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێبەرانی کورد لەوە دڵنیا بووم کە ڕێگاچارەی پرسی سیاسیی کوردستان، ڕێگاچارەیەکی ئاشتیخوازانەیە. هەروەها کاتێک حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژێر تیشکی ڕێبەرایەتی و ڕێنوێنییەکانی دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوودا گرتنی باڵیۆزخانەی ئامریکای لە لایەن تاقمێک بە ناوی خوێندکارانی پەیڕەوی خەتی ئیمام لە ۱۳ی خەزەڵوەری ۱۳۵۸ی هەتاویدا مەحکووم کرد و، هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئامریکای بە هێرشکردنە سەر خاکی ئەو وڵاتە شوبهاند، کە ئیستاش هەموو هێزێکی سیاسی لە ئێران و کوردستان شانازی بە ئەو هەڵویستە ئازا و بوێرانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەکەن، بەڵام حیزبی توودە هێرشی کردە سەر ڕێبەریی ناوداری نەتەوەی کورد و ڕۆژنامەی (مردم) لە یەکێک

لـــە ژمارەکانیدا "دوکتۆر قاســـملووی بە وەرگرتنـــی ٩ ملیـــۆن دۆلاری لە ناتۆ تاوانبـــار دەکـــرد.[١٥]. (ڕۆژنامەی مردم، ١٠ مهـــری ١٣٨٥ )".
کـــە ئـــەو هەواڵـــە لـــە بڵاوکراوەکانـــی ڕێژیمـــی کۆمـــاری ئیسلامـــی بـــە مانشـــێتی گـــەورە بڵاویـــان دەکـــردەوە و وایـــان نیشـــانی خەڵکـــی ســـادە دەدا کـــە گوایـــە جووڵانـــەوەی نەتەوەیـــی کـــورد لـــە ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان دەســـکردی ناتـــۆ و ئیمپریالیزمـــی ئامریکایـــە. هەروەهـــا ڕۆژنامـــەی "مـــردم" ئۆرگانـــی فەرمیـــی حیزبـــی تـــوودە هەواڵێکـــی دیکەیـــان بڵاو کـــردەوە کـــە گوایـــە "دوکتـــۆر قاســـملوو و شـــاپوور بەختیـــاری دواییـــن ســـەرۆکوەزیرانی حەمـــە ڕەزاشـــای پەهلـــەوی لـــە شـــاری قـــەڵادزێ لـــە کوردســـتانی عێـــراق، یەکتریـــان بینیـــوە و دژی شۆڕشـــی ئیسلامـــی پیلانیـــان دارشـــتووە.[١٦]. ( ڕۆژنامـــەی مـــردم ـ ١٠ی مهـــر ١٣٥٨)".
هەروەهـــا کاک فاتح ڕەســـووڵ ئەندامی حیزبی شـــیوعیی کوردســـتانی عیراق لـــە کتیبی "چـــەپ لە کوردســـتان"دا دەنووســـێت: "ڕۆژنامەی (مردم) ئۆرگانی حیزبـــی تـــوودەی ئێران بە فارســـی و بە کـــوردی گەلێک لـــە خومەینییەکان گەرموگوڕتـــر بەرگرییـــان لـــە ڕژێمی ئاخوندەکان و پەیـــڕەوی ئیمام دەکرد." "فاتح ڕەســـووڵ". (٢٠٠١)"[١٧].
لە لایەکی دیکەوە، بە هـــۆی بێئاکامیی گفتوگۆی نێـــوان نوێنەرانی گەلی کورد و ڕژێمـــی کۆمـــاری ئیسلامـــی، پاش ئەوەی ڕێژیـــم بە تەواوی دەســـەڵاتی خۆی چەســـپاند و بڕیاری دا کێشـــەی کوردســـتانی لـــە ڕێگای ئاگر و ئاســـن و پەلامارێکـــی سەرتاســـەرییەوە یەکلا بکاتەوە، لـــە بەهاری ســـاڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا هێرشـــێکی بەرفراوانی ئەرتەش و ســـپای پاسداران بۆ ســـەر کوردستان دەســـتی پێ کرد و لـــە هەموو لایەکەوە شـــەڕە هەڵگیرساویەوە.

## ب) هەوڵی حیزبی توودە بۆ لەمەیدانبەدەرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوەکانی دیکە

حیزبـی توودە بە مەبەسـتی خۆنزیکردنەوە لـە خومەینی و سـەلماندنی خۆشخزمەتی بـە ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسلامـی لـە لایـەک و لـە پێنـاو وەدیهێنانـی پایـە و نفـووزی کۆمەڵایەتـی و مشـەخۆری لـە سـەر حیسـابی دەرپەڕاندنـی حیـزب و ڕێکخراوەکانـی ئۆپۆزسـیۆنی ڕێژیـم لـە لایەکـی دیکـەوە، هەوڵـی دەدا ڕۆڵی چالاکانەتـر بگێڕێـت. ئـەو حیزبـە دەمێـک بـوو تاکتیکی دروسـتکردنی سـتونی لاری سـەر بـە خـۆی لـە نێـو ئـەو ڕێکخراوانەدا گرتبـووە بـەر، کـە جگـە لـە سـازمانی چریکـە فیدایییـەکان، حیزبـی دیموکرتـی کوردسـتانی ئێرانیشـی گرتبـووەوە. لـە ئاکامدا تاقمی ٧ کەسـی بە سـەروکایەتیی مامـە غەنـی بلووریـان کـە حیزبـی تـوودە بـە لارێیـدا بردبـوون لـەو قۆناغە ناسـکەدا دووبەرەکـی و ئاڵۆزییەکـی مەزنیـان لە نێو ڕیزەکانـی حیزبـی دیموکراتی کوردسـتان ئێرانـدا پێـک هێنـا و ئاکامەکەشـی بـە جیابوونـەوەی تاقمـی حـەوت کەسـی لـە حیزبـی دێموکـرات بـە سـەرۆکایەتیی مامـە غەنـی بلووریـان کۆتایـی هـات. ئـەو ڕووداوەی کـە لـە مێـژووی سیاسـیی نەتـەوەی کورد لـە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان و حیزبـی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێرانـدا بـە خیانەتـی تاقمـی حـەوت کەسـی نـاو دەبرێـت. ئـەم قۆناغـە بـە دوا قۆناغی ژیان و چالاکیـی سیاسـیی حیزبـی تـوودە لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دێتـە ژمـاردن.

هەروەها هەڵویست و سیاسەتی ڕێبەرانی حیزبی توودە لە هەمبەر مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر ئاڵۆزکردنی دۆخەکە بوو. چونکە خەڵکی کورد و ڕیبەرانی سیاسیی خەڵک پێداگرییان لە سەر مافی خودموختاری دەکرد، بەڵام لە وەها بارودۆخێکدا ڕیبەرانی حیزبی توودە و بەتایبەت کیانووری، سکرتێری یەکەمی حیزبی توودە، دروشمێکی دیکەی بە ناوی "خودگەردانی" بۆ چارەسەرکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردی لە ئاستی ئێراندا بەرز کردەوە. ئەو "خودگەردانی"یەی حیزبی توودە کە تەنانەت پاشان دەوڵەتی کاتیی مێهدی بازرگانیش باسی دەکرد، بە بەراورد لەگەڵ یاسا "ئەیالەتی و وەلایەتی"یەوکانی سەردەمی مەشرووتییەت کەمتر و لە خوارتر بوو. هەر بۆیە خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەڵاڵەی خودگەردانیی حیزبی توودەیان ناونا گەڵاڵەی "سەرگەردانی".

قۆناغی سەردەمی شۆرشی نەتەوەکانی ئێران لە ژیانی سیاسی حیزبی توودەی ئێراندا، بە قۆناغی مەرگ و کەوتنی یەکجاریی حیزبی توودە پێناسە دەکرێت، چونکە لە ساڵی ١٣٦١ی هەتاویدا ڤلادیمیر کوزیچکین دیپلۆماتی یەکیەتیی سۆڤیەت و ئەفسەری سیخور لە دەزگای کاگابێ لە باڵیوزخانەی یەکیەتیی سۆڤیەت لە تاران، لە ڕێگای تورکیاوە پەنای بردە بەریتانیا و لیستێکی لە ناوی ڕێبەرایەتی حیزبی توودەی ئێرانی کە بۆ یەکیەتیی سۆڤیەتی لە ئێراندا جاسووسی دەکەن، لە ڕاگەیەنە گشتییەکاندا بلاو کردەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە

لە بیانوو دەگەڕا بۆ زەربەی کۆتایی لە حیزبی توودە، لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویدا، گورزێکی گورچکبڕی سەرەوانە حیزبی توودە و زۆربەی بە تەواوی ئەندامانی ڕێبەری قۆڵبەست کران و مەرگی هەتاهەتایی حیزبی توودە لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا ڕاگەیاندرا.

**ئەنجام:**

لە مێژوویی هاوچەرخی سیاسی کۆمەڵایەتیی ئێراندا حیزبی توودەی ئێران، یەکێکە لە گرنگترین ڕێکخراوە چەپەکانی ئێران، چونکە حیزبی توودەی ئێران هەر لە ساڵەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی تا سەردەمی سەرۆکوەزیریی محەممەد موسەدیق مەزنترین و ڕێکخراوترین حیزبی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران بوو. بەڵام لە ئەنجامی کێشەی ناوڕێکخراوەیی و نفووزی دەزگا ئەمنییەتییەکانی حەمەڕەزاشای پەهلەوی و بە تایبەت هەڵە لە هەڵویست و سیاسەتدا لە ڕووداوە گرینگەکانی ئێراندا، حیزبی توودە نفووز و پایەیەکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی لە ناو نەتەوەکانی ئێراندا بۆ نەماوە. چونکە ڕێبەرانی حیزبی توودە وا ڕاهاتبوون هەر لە بازنەی سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤیەتدا دەخوڵانەوە و هەڵویست و سیاسەتیان لە بەر تیشکی بەرژەوەندییەکانی حیزبی کۆمونیستی یەکیەتیی سۆڤیەت لە مەسەلە جیهانی و نێوخۆییەکان وەردەگرت. حیزبی توودەی ئێران لە لایەک لە بەشێک لە ڕووداوە سیاسییە گرنگەکانی مێژووی هاوچەرخی ئێراندا جێ پەنجەی دیارە و لە لایەکی دیکەوە وەک حیزبێکی چەپی لە مێژوویی سیاسیی ئێران و کوردستاندا ڕۆڵی خراپ و تێکدەرانەی سەبارەت بە بزاڤی ڕەوای نەتەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە. هەر بۆیە هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزبی توودە سەبارەت بە کێشە سیاسییەکانی کۆمەڵگای

ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات کارتێکەریی نەرێنی لە سەر ڕەوتی جووڵانەوەکان هەبووە. هەروەها لە لایەکی دیکەوە حیزبی توودە لە سەر ئاستی ئێراندا کە وەک حیزبی دایکی ڕێکخراوە مارکسیستی و چەپەکان لە ئێراندا ڕۆڵی تێکدەرانی لەو ڕێکخراوانەشدا هەبووە.
بەگشتی، سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزبی توودە سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە سەردەمی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان و چ لە سەر دەمی شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران لە سالی ١٣٥٧ی هەتاویدا ڕۆڵی دەستتێوەردانە و بەلاڕێدابردنی بزووتنەوەی ڕەوای میللی – دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی هەبووە. هەر بۆیە نوورەدین کیانووری سکرتێری حیزبی توودە لە سەردەمی شۆڕشی نەتەوەکانی ئێران لە سەر ئەو باوەڕە بوو، چونکە خومەینی و لایەنگرەکانی دژی ئیمپریالیستی ئامریکا بوون، لە لایەک دەیویست سەرەنجی خومەینی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، و درێژە بە کاروباری سیاسیی حیزبەکەی بدا، لە لایەکی دیکەوە لە سەر ئەو باوەڕە بوو کە چونکە خومەینی دژی ئیمپریالیستی ئامریکایە و لە ڕێگای دژایەتیی خۆمەینی لەگەڵ ئامریکا دەتوانی گەشە بە بیر وباوەڕی غەیرە سەرمایەداریی لە ئێران بدا و لە ئاکامدا خومەینی هیچ ڕێگایەکی بۆ نامێنێ، جگە لەوەی بکەوێتە داوێنی یەکیەتیی سۆڤیەتەوە، هەرچەند ناوی ئیسلامی بە خۆیەوە گری بدات.
هەر بۆیە ڕێبەرانی حیزبی توودە لەو سەردەمدا لە ڕۆژنامەی "مردم" ئۆرگانی فەرمیی حیزبی توودە دا دروشمی "چەسپاندن، قووڵکردنەوە و بەرفراوانکردنەوەی "شۆڕش"یان دووپات دەکردەوە. هەر بۆیە سەبارەت بە پرسە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا حیزبی توودەی ئێران بە درێژایی تەمەنی سیاسیی خۆی، هیچ هەڵویستێکی سیاسی و بە کردەیی و لێبڕاوانەی لە هەمبەر ستەمی سیاسی و نەتەوایەتیی نەتەوەکانی ئێران و بە تایبەت پرسە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد نیشان نەداوە. کەوابوو حیزبی توودە چ لە برنامە و ئەساسنامە و چ لە هەڵوێستەکانیدا باوەڕی بە مافی نەتەوایەتیی نەتەوەکانی فرەنەتەوەی ئێران و بە تایبەت نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەبووە و ئەگەر جاروبار باسی نەتەوەکانی ئێران و بە تایبەت نەتەوەیی کوردی کردووە لە دۆخی لاوازیدا بووە و زۆرتر حاڵەتی فێڵبازانەی پێوە دیار بووە. بە کورتی ڕۆڵی حیزبی توودەی ئێران لە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دامەزرانییەوە تا مەرگی ئەو حیزبە هەمیشە ڕۆڵی تێکدەرانە و بەلاڕێدا ردنی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە.

## سەرچاوەکان:


١. د. قاسملوو. (١٣٦٥). "چل سال خەبات لە پێناوی ئازادی". چاپخانەی ک. چاپەمەنیی حدکا.
٢. کەریم حیسامی. (٢٠١٨). "بیرەوەرییەکانم". چاپخانەی هەرێمی کوردستان
٣. "ڕۆژنامەی کوردستان (٢٠٠٢). " بیری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. چاپخانەی سەردەم. سلێمانی.
٤. "سایتی حیزبی توودەی ئێران" ___ https://www.tudehpartyiran.org/

٥. روزنامه کیهان ـــــ ٥ی مهر ١٣٥٨
٦. احســـان طبـــری. (١٣٧١). "کژ راههها". انتشـــارات اطلاعات. تهران.
٧. نوردیـــن کیانـــوری.(١٣٧١). "خاطرات کیانـــوری". انتشـــارات اطلاعـــات. تهران
٨. مەســـعوود بێهنوود. (١٣٧٧). "٢٧٥ روز با بـــازرگان" . چاپخانەی تـــاران. تهران
٩. کاوە بەهرامـــی. (١٣٨٦). "کتێبی تاقگەی حەقیقـــەت". بەرگـــی یەکـــەم. چاپخانەی ســـلێمانی. سلێمانی
١٠. د. قاســـملوو. (١٣٦٨). کورتە مێژووی ڕێبەرایەتـــی . حدکا . PDF .
١١. مســـتەفا هیجری. (٢٠١٥). "نســـکۆ و دابڕان" . چاپخانەی ســـەردەم . کوردستان
١٢. ناصر. (نام مســـتعار). (١٣٥٩). تلاش در راه تفاهم. چاپخانەی کوردســـتان
١٣. مامـــە غەنـــی بلوریـــان. (١٣٨٤). "ئاڵەکـــۆک". چاپخانـــەی . تـــاران
١٤. ایـــرج اســـکندری . (١٣٧٨). خاطرات. انتشـــارات نی . تهران.
١٥. عەبدولڕەحمان شـــەرەفکەندی. (٢٠٠٤). هەژار بۆ کوردســـتان. چاپخانـــەی دەزگای موکریان. هەولێر.
١٦. عەبدولڕەحمان شـــەرەفکەندی. (٢٠٠٧). چێشـــتی مەجێـــور. چاپخانـــەی موکریان. هە و لێر .
١٧. مجلـــەی کوهســـتان. (١٣٢٥). چاپخانە ایـــران. تهران
١٨. "روزنامـــە مـــردم". ارگان کمیتـــەی مرکـــزی حـــزب تـــوودەی ایران
١٩. فاتـــح ڕەســـوڵ. (٢٠٠١). بنچینـــەی مێـــژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردســـتاندا. چاپخانەی ســـتۆکهۆڵم. ســـوئید.

# له نێوانی ڕابردوو و داهاتوودا

ئارام کەیخوسرەوی

”

ئارگیۆمێنتی سەرەکیی ئەم وتارە ئەوەیە بەبێ ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە ڕابردوو هیچ ئاشتییەک مسۆگەر نابێت. بەڵام ئەمە ئاوڕدانەوەیەکی ئاسایی نییە؛ واتە لە گەڵ خۆیدا کۆمەڵێک پرسی دیکە دەهێنێتە ئاراوە. پرسی فەرامۆشکردن و وەبیرهێنانەوە، چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مێژوو و ئەوەی بەسەر چووە، پرسی لێبووردن و سزادان و هەروەها ئەم ئاوڕدانەوەیە دەکرێت هەم لایەنی تاکی و هەم لایەنی پێکهاتەیی لە خۆی بگرێت. دەبێت ئاوڕێک لەو تاکانە، لەو ژیانانە بدرێتەوە کە ئازاردراون، کوژراون، زیندانی کراون و هەروەها ئاوڕێکی پێکهاتەیی، واتە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لەو پێکهاتەیە بڕوانین کە هاوکێشەی باندەست و بندەست یان داگیرکەر و داگیرکراوی ساز کردووە.

“

## لەبری پێشەکی

فریدریش نیچە ئیدەیەکی هەیە کە لە کتێبی «زانستی شاد»دا ئاوا باسی دەکات: «ئەگەر شەویک لە تەنیاترین تەنیاییەکانتدا ئەهریمەنێک لێت نزیک بووبایەوە پێتی وتەبا: ئەم ژیانەی کە ئێستا دەژیی، دەبێ دیسان جاریکی دیکە و بێژمار جاری دیکەش بژیتەوە و هەموو ئازار و چێژ و بیر و ئاخ و حەسرەتانەی چێشتووتە یەک بە یەک بە هەمان شێوەی ژیانی یەکەم تووشت ببنەوە...” (نیچە، ١٣٧٧: ٣٤١). چی دەکەیت؟ واتە هیچ شتێکی نوێی تێدا نەبێت، بە پێچەوانەوە! هەر ئازارێک، هەر شادییەک، هەر بیرکردنەوەیەک و هەر ئارەزووکردنێک، هەموو شتە ورد و درشتەکانی ژیانت بگەڕێنەوە بۆت .ئەم ئیدەیە نیچە پێی دەڵێت «گەڕانەوەی هەتاهەتایی هەمان» بۆ چرکەیەک وێنای ئەوە بکەیت کە ژیانت بۆ هەتاهەتایە بە هەموو خۆشی و دەرد و ئازارەکانی و هەموو بڕیارە دروست و هەڵەکانت بۆ هەتاهەتایە بە هەمان شێوە دووپات ببێتەوە. وەک بازنەیەک کە بەردەوام دەسووڕێتەوە و هەمان بڕیار و هەمان دەرد و ئازار و خۆشی ئەزموون دەکەیت. نیچە پێی وایە قبووڵکردنی ئەم ئیدەیە جۆرێک ڕزگاربوون لە ڕابردوو و چەشنێک خۆشویستنی چارەنووس و ئەرێ‌گوتن بە ژیانە بە هەموو دەرد و ئازارەکانییەوە. وێڕای ئەمە ئەم ئیدەیە وات لێ دەکات کە جۆرێک بژیت کە بەردەوام هیوای هەمتەر بوونەوەی بخوازیت و لە دووپاتبوونەوەی نەترسی. ئاگامبن لە کتێبی «پاشماوەکانی ئاشوویتس»دا ئاماژەیەک بەم ئیدەیە دەکات و دەڵێت با لە ڕزگاربوویەکی ئاشوویتس بپرسین: دەتەوێت ئەم ژیانە کە ژیاوی، ئەم کەمپە و ئەو چرکانەی نێو کەمپ چرکە بە چرکە بۆت دووپات بێتەوە؟» (ئاگامبن، ١٣٩٣). ئاگامبن خۆی وڵام دەداتەوە بێگومان هیچ کەس ئامادە نییە ئەوە قبووڵ بکات. ئاشتی لە نێوان دووکەس، دوو لایەن پێویستی بە ورووژاندنی ئەم پرسیارە هەیە. ئەم دوولایەنە ژیانێک کە ژیاون دڕئەنجامەکەی شەڕ و لێک جیابوونەوە بووە. ئاشتی واتا دوو کەس یان دوولایەن دەیانەوێت پەیوەندییەکەیان گۆڕانێکی بنەڕەتیی بەسەردا بێت. بگەڕێنەوە بۆ پەیوەندیی پێش شەڕ یان پەیوەندییەکی نوێ دابمەزرێنن. بێگومان ئاشتی لە نێوان بندەست و باندەستیش پێویستی بەم پرسیارە هەیە. ئاگامبن ئەم پرسیارە لە قوربانییەکی ئاشوویتس دەپرسێت بەڵام لە چرکەی ئاشتیدا پێویستە باندەست ئاورێک لەم پرسیارە بداتەوە. ئەم پرسە دوولایەن گرێ دەدات بە ڕابردوو و داهاتوو. واتە ئەم پرسە، دەموچاوێکی ژانووسی هەیە، هەم لە ڕابردوو دەڕوانێت و هەمیش لە داهاتوو. ڕابردوویەک کە بریتییە لە شەڕ و ئازار و خوێنڕشتن و داهاتوویەک کە دەکرێت بە شێوازێکی دیکە دابڕێژرێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پرسیارە، لەم وتارەدا ئاشتی وەک چرکە یان وچانێک پێناسە دەکرێت لە نێوان ڕابردوو و داهاتوودا. یان خاڵی بە یەکگەیشتنی ڕابردوو و داهاتوو، واتە چرکەیەک کە ڕابردوو دەخوێنرێتەوە و داهاتوو وێنا دەکرێت. (lederach, ١٩٩٧). لەم پێناسەیەدا ئاشتی تەنیا کاتێک مسۆگەر دەبێت کە باندەست، ئاورێکی ڕەخنەگرانە لە ڕابردووی خۆی بداتەوە. شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی باندەست لەگەڵ ڕابردووی یان ئەو ژیانەی کە ژیاوە چارەنووسی ئاشتی ڕوون دەکاتەوە. ئارگیومێنتی سەرەکیی ئەم وتارە ئەوەیە

بەبێ ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە ڕابردوو هیچ ئاشتییەک مسۆگەر نابێت. بەڵام ئەمە ئاوڕدانەوەیەکی ئاسایی نییە؛ واتە لە گەڵ خۆیدا کۆمەڵێک پرسی دیکە دەهێنێتە ئاراوە. پرسی فەرامۆشکردن و وەبیرهێنانەوە، چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مێژوو و ئەوەی بەسەر چووە، پرسی لێبووردن و سزادان و هەروەها ئەم ئاوڕدانەوەیە دەکرێت هەم لایەنی تاکی و هەم لایەنی پێکهاتەیی لە خۆی بگرێت. دەبێت ئاوڕێک لەو تاکانە، لەو ژیانانە بدرێتەوە کە ئازاردراون، کوژراون، زیندانی کراون و هەروەها ئاوڕێکی پێکهاتەیی، واتە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لەو پێکهاتەیە بڕوانین کە هاوکێشەی باندەست و بندەست یان داگیرکەر و داگیرکراوی ساز کردووە. ئاشتی لەم پێناسەیەدا دەبێت توانایی ڕووبەڕووبوونەوەی لە گەڵ ڕابردوو هەبێت و هەروەها دەبێ توانایی شکاندنی ئەو پێکهاتەیەی هەبێت کە هاوکێشەی باندەست و بندەستی ساز کردووە. ئەزموونی ئەفریقای باشوور و هەروەها ئەزموونی ئەڵمانیەکان، کۆمەڵێک خاڵی گرنگمان پێ نیشان دەدەن.

لەم چوارچێوەیەدا ئەم وتارە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی سەبارەت بە پرسی ئاشتی لە نێوان کورد و تورک هەیە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسیارە خەیاڵییەکەی ئاگامبن، دەبێت بپرسین ئایا نەتەوەی تورک لەم پرسەدا دەیەوێت ڕێگای خۆی بگۆڕێت و داهاتوویەکی دیکە بنیات بنێت؟ دەیەوێت بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە ڕابردووی خۆی بخوێنێتەوە؟ ئەوەی تا ئێستا دیارە هیچ کام لە مانە لە لایەن نەتەوەی تورک و نوێنەرانییەوە ڕووی نەداوە. بەڵکوو تەنانەت ئەم پرسە لە جیهانی تورکیدا وەک پرسی کۆتاییهاتنی تیرۆر ناو دەبرێت. بە پێچەوانەوە لایەنی کوردی کە بەردەوام لە ڕیتۆریکی سیاسیی خۆیدا ئاماژەی بە «بەرخۆدان ژیانە» کردووە، کە چەشنێک وڵامدانەوەی ڕۆژانە بووە بەو پرسیارەی ئاگامبن، وا دیارە لەم پرسەدا بە تەواوی پاشەکشەی کردووە. هەڵوەشاندنەوەی یەک لایەنە و دڵخوازانەی پارتی کرێکارانی کوردستان دەرخەری ئەم ڕاستییەیە. بۆیە ئەم پرسە سەرەڕای ئەوەی وەک ئاشتی پێناسە کراوە، بەڵام بەشێک لە کۆمەڵگای کوردستانیش وەک ئاشبەتاڵێکی سواخدراو پێناسەی دەکەن. لەم نێوەدا پیرۆزکردنی لە ڕادەبەدەری ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان و گرێدانی چارەنووسی سیاسی و نەتەوەییی گەلی کورد لە باکوور بە بڕیارەکانی ئۆجەلان کە هێشتا لە زیندانی دەوڵەتی تورکیا دایە، پرسەکەی دوو هێندەی دیکە ئاڵۆز کردووە و زۆر پرسی بێ‌وەڵام هێشتووەتەوە.

پێویستە خوێنەرانی ئەم وتارە ئاگادار بن، ئەم وتارە باسی گۆڕانکارییە ناوچەییەکانی نەکردووە، بێگومان ئەم گۆڕانکارییانە بە تایبەت ئەوەی پاش ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ هاتووەتە ئاراوە، دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەرۆژڤکردنی ئەم پرسە لە تورکیا هەبێت. بەڵام باسی ئەم وتارە تەنیا لەسەرچۆنیەتی و دۆخ و پێشمەرجەکانی ئاشتییە. هەروەها دەبێ ئەوەش بوترێت تا ئێستای لەگەڵ بێت زانیارییەکی بەرفروان لە ئارادا نییە، بۆیە بەشێکی بەرچاوی وتارەکە بۆ باسی تییۆری تەرخان کراوە. بۆیە ناوهاسەنگییەک لە وتارەکەدادەبینرێت، کە ئەوەش دەیسان دەگەڕێتەوە بۆ ناڕوونیی ئەم پرسە.

## لاکردنەوە لە ڕابردوو

شاخەوانان کاتێک بە سەر شاخێکدا سەر دەکەون، ناوبەناوە وچانێک دەگرن و لایەک لە پشتی خۆیان دەکەنەوە و ئاوڕێک لەو ڕێگایە دەدەنەوە کە بڕیویانە. ئەم لاکردنەوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ئێستا و هەڵسەنگاندنی ئەو ڕێگایە کە تێپەڕیان کردووە. لەم لاکردنەوە خێرایەدا، کۆسپ و تەگەرەکان، هەوراز و نشێوەکان، شەکەتی و ماندوویەتییەکان و خۆشی و ناخۆشییەکان بەسەر دەکەنەوە. ئەم وچانە یان ئەم ئاوڕدانەوەیە دەبێتە هۆی ناسین و تێگەیشتن لە بڕیارە هەڵە و دروستەکانی نێو ڕێگا. هەندێک جار لەم وچانگرتنەدا شاخەوانان تێدەگەن ئەو ڕێگایە کە بڕیویانە هەڵە بووە و دەبێت ڕێگەی خۆیان بگۆڕن. لە ڕاستیدا ئەم لاکردنەوەیە هەوڵێکە بۆ ئەوەی لە درێژەی ڕێگاکە هەڵەکان کەم بکرێنەوە و بڕیاری دروستتر بدرێت. مرۆڤ لە ژیانی ئاساییشدا ڕۆژانە بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە و بەردەوام لایەک لە ژیانی تێپەڕبووی خۆی دەکاتەوە. لە ڕاستیدا مرۆڤ کاتێک دەڵێت «من»، من بەرهەمی ئەو ڕێگایەیە کە تێی پەڕاندووە. مرۆڤ ئەمەی لە ڕێگای تەمەنەوە و ئاوڕدانەوە لە تەمەنی جەوانی و مێرمنداڵی و بە گشتی ئەو ڕەوتەی بڕیویەتی، دەردەبڕێت.

هەندێک جار مرۆڤ خۆزگە بۆ ڕابردوو یان بۆ تەمەنێکی تایبەت دەخوازێت و هەندێک جار هەڵەکانی و بڕیارە دروستەکانی دەستنیشان دەکات و وەبیر خۆی دەهێنێتەوە و هەندێک جاریش کورد گوتەنی دەڵێت: ”خودا نەیهێنێتەوە.“ ئەم ئاوڕدانەوەیە لە ئاستی کۆیشدا ڕوو دەدات. حیزبێکی سیاسی بەردەوام لایەک لە مێژوو و بڕیارەکانی پێشووی دەکاتەوە. جاری وایە بە تەواوی ڕێگاکەی دەگۆڕێت، ڕەخنە لە خۆی دەگرێت و هەندێک جاریش بە شانازییەوە باس لە بڕیارەکانی و بەسەرهاتەکانی دەکات. ئەمە بۆ نەتەوەش دەتوانێت ڕوو بدات. نەتەوە وەکوو کۆ خاوەنی ڕابردوویەکە کە کەم و زۆر لە یادگەی تاکەکانی ئەم نەتەوەیەدا هەیە و وەک یادگەی کۆیی یان نەتەوەیی نێوی لێ دەبردرێت. ئێستای نەتەوە، بەرهەمی ڕێگایەکە کە لە درێژایی مێژوودا بڕیویە. ڕێگایەک کە هەم دەرفەت، هەم هەڕەشە، هەم ڕووداوی خۆش و هەمیش بەسەرهات و ڕووداوی تاڵی تێدا بووە.

ئاشتی لە نێوان دوو نەتەوەش پێویستی بە لاکردنەوە لە ڕابردوو هەیە. ڕابردووی ململانێکان، شەڕەکان و پەیوەندییەکان. لە مێژووی ئاڵماندا بە تایبەت پاش بەسەریەکخستنەوەی وڵاتی ئاڵمان، زیاتر لەوەی لە وشەی «ئاشتی» کەڵک وەربگرن لە زاراوەی «سەرقاڵبوون بە ڕابردوو» کەڵک وەردەگرن، چونکە بە مانای پرۆسەیەکە بۆ قووڵبوونەوەیەکی فیکری لە ڕابردوو بۆ ڕزگارکردنی داهاتوو لە ژێر باریدا.” (Wuestenberg, ٢٠٠٨)

ئاشتی لە نێوان دوو نەتەوەی جیاوازدا پرسەکە بڕێک ئاڵۆز دەکات، بەڵام ئاشتی ئەگەر وەک وچانگرتن پێناسە بکەین، دیسان لێرەش پێویستی بە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو هەیە. لەم وچانەدا دوو نەتەوە کە مێژووی نێوانیان مێژوویەکی خوێناوی و کارەساتبارە، بیر لەوە دەکەنەوە، دەیانەوێت درێژە بە شەڕ و ململانێ بدەن یان ڕێگایەکی دیکە هەڵبژێرن؟ دەیانەوێت پێکەوە بژین؟ یان لێک جیا ببنەوە؟ گەیشتن بە هەر کام لەمانە بەبێ خوێندنەوەی ڕابردوو ئیمکانی نییە. واتە ئەو پرسیارە خەیاڵییەی ئاگامبن کە دەڵێت: “دەتەوێت ئەم ژیانە، ئەم ڕێگایە

کە پێیدا هاتووی دووبارە ببێتەوە" زەق دەبێتەوە. درێژەدانی ئەم ڕێگایە واتە درێژەدانی شەڕ و ململانێ، بەڵام درێژەنەدانی بۆ دوو نەتەوەی جیاواز دوو ئاراستە دەستنیشان دەکات: یان دەبێت پێکەوە بژین بەڵام نە وەک پێشوو، یان دەبێت جیا ببنەوە. پێکەوەژیانی ئاشتیانە یان جودابوونەوە، هەر دوو پێویستیان بە خوێندنەوەی ڕابردوو هەیە. بەڵام ئاوڕدانەوە لە مێژوو و کۆمەڵێک باس و بابەتی دیکەی لێ دەکەوێتەوە. سوود و خەسارەکانی ئەم لاکردنەوەیە چییە؟ پێویستی ئەم ئاوڕدانەوەیە لە چییە؟ ئەم پرسیارانە زۆر جار دوو جەمسەری جیاوازی لێ دەبێتەوە. جەمسەرێک کە پێی وایە ئاوڕدانەوە و باسکردنی ڕووداوەکانی پێشوو، کولاندنەوەی برینە و لە بەرژەوەندیی داهاتوودا نییە و جەمسەرێک کە پێی وایە، ئاوڕنەدانەوە لە ڕابردوو بابەتێکی نائەخلاقییە و لە هەمان کاتدا ڕێگە خۆشکەرە بۆ دووپاتبوونەوەیان لە داهاتوو. گرنگە بزانین کاتێک باسی ڕابردوو دەکەین، باسی چ ڕابردوویەک دەکرێت؟ هەموو ڕابردوویەک شیاوی ئاوڕدانەوە نییە، بەڵام هەندێک ڕووداو و بەسەرهاتیش هەیە کە ئاوڕ نەدانەوە لێیان هەم نائەخلاقییە هەمیش کۆی پرسی ئاشتی دەباتە ژێر پرسیارەوە.

## ڕابردوویەک هەیە کە نایەوێت تێپەڕ بێت

لە زمانی ڕۆژانە و باودا زۆر جار بۆ ئاشتیی نێوان دوو کەس یان دوو بنەماڵە یان بۆ تێپەڕین لە قەیرانێک دەگوترێت: «ڕابردوو تەواو بووە.» تەواوبوونی ڕابردوو بە مانای نەگۆڕبوونیەتی، واتە بە هەموو ڕووداوە خۆش و خراپەکانیدا گوزەراوە و بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە. هیچ هێزێک توانای گۆڕینی ڕابردووی نییە. بۆیە ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو کارێکی گۆترەیە. «ئێستا» وەک کات و وەک دۆخی ئاشتی پێویستی بە لێبووردن هەیە. لێبووردن واتە فەرامۆشکردنی ئەوەی ڕووی داوە. بەڵام ڕابردوویەکیش هەیە کە بەردەوام زاڵێتیی خۆی بۆ ئێستا و داهاتووش ڕادەگرێت. ئێرنست نۆڵتە لە وتارێکدا ئەم ڕابردووە ئاوا پێناسە دەکات: «ڕابردوویەک هەیە، کە نایەوێت تێپەڕ بێت.» لە دۆخی ئاساییدا هەموو ڕابردوویەک تێپەڕ دەبێت، بەڵام ئەم ڕابردووە کە نۆڵتە باسی لێ دەکات بابەتێکی ئاوارتەیە، بەو مانایە کە بە شێوەیەکی ڕوون، گوشاری ڕەوانیی ئەم ڕابردووە بەردەوام بۆ نەوەکانی داهاتووش دەمێنێتەوە و بەردەوام زیندوو و بەهێز دەبێتەوە.(Nolte, ١٩٨٧) ئەم ڕابردووە و باندۆڕەکانی بەردەوام بەشێکن لە ئێستا. ئەمە ئەو ڕابردووەیە کە پۆل ڕیکۆر وەک تارمایی نێوی دەبات، ڕابردوویەک کە لە هەموو شوێنێک هەیە و لە هیچ شوێنێکیش نییە. کەمپەکانی ئاشوویتس، ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە، ڕووداوگەلێکن یان ڕابردوویەکن کە بۆ قوربانییان و بەجێماوەکانی ئەم ڕووداوە هەرگیز فەرامۆش ناکرێن. بەم مانایە لە نێوان کورد و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش بووە، ڕابردوویەک هەیە کە تێپەڕ نابێت. ئێستا و داهاتووی هەر دوو لایەنی داگیر کردووە. هەر چەشنە ئاشتییەک لە ڕاستیدا ئاوڕدانەوە لەم ڕووداوانە یان ئەم ڕابردووە کارەساتبارەیە. داهاتوو بۆ ئەوەی لە ژێر باری ئەم ڕابردووە ڕزگار بێت، دەبێت لایەکی ڕەخنەگرانەی لێ بکرێتەوە. کە وابوو کاتێک باسی ڕابردوو دەکرێت، مەبەست ئەم ڕابردووە کارەساتبارەیە. هەندێک کەس پێی وایە ئاوڕدانەوە لەم ڕابردووە خەساری زیاترە، تەنانەت وەک نەخۆشی

پێناسەی دەکەن. بۆیە ئەوان بەردەوام باس لە فەرامۆشی دەکەن. واتە ئاشتی پێویستی بە فەرامۆشی هەیە. بەڵام لایەنی قوربانی پێی وایە وەبیرهێنانەوە و بەفەرمی ناسینی ڕەنج و ئازاری، پێشمەرجی ئاشتی و هەروەها ڕێگایەکە بۆ دووپات نەبوونەوەی لە داهاتوودا. ئەم چرکەیە، چرکەیەکە کە دوو لایەن بە دوو ڕوانگەوە بەریەک دەکەون. ڕوانگەیەک کە زۆرجار باندەست لاینگریی دەکات، واتە فەرامۆشکردن و ڕوانگەیەک کە بندەست باوەڕی پێی هەیە واتە وەبیر هێنانەوە. لاینگرانی فەرامۆشی لە ڕاستیدا لاینگرانی لێبووردنن، بەڵام بندەست پێی وایە بە بێ ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو، لێبووردن مانایەکی نییە. وەک پۆل ڕیکور دەڵێت؟ ئەگەر ڕابردوو فەرامۆش کرابێت، شتێک نامینێت بۆ لێبووردن(هەمان،١٣٧٣).

## بەریەککەوتنی فەرامۆشی و وەبیرهێنانەوە

خۆرخە بورخس چیرۆکێکی خەیاڵیی هەیە بە نێوی ڤنووس و یادگە، ڤنووس کەسێکە کە هەموو شتێک بە وردەکاریی تەواوەوە وەبیر دەهێنێتەوە. ئەو توانای لەبیرکردن و فەرامۆشکردنی نییە. بورخس پێی وایە سەرەڕای ئەوەی کە ڤوونس هەموو شت بە وردەکارییەوە لە یادگەیدا ماوەتەوە، بەڵام توانای فیکرکردنی نییە، چونکە بیرکردنەوە، فەرامۆشکردنی جیاوازییەکان و گەشتی کردن و ئابستراکتکردنە. لە لای بورخس، نەبوونی توانایی بۆ لەبیرکردن، چەشنێک نەخۆشی و ئیفلیجییە. واتە فەرامۆشکردن چەشنێک دەرمان و سلامەتیی ڕۆح و ڕەوانە (بوورخس، ١٣٧٨). وەک نیچە کە لە زانستی شاددا لە کۆپلەیەکدا دەنووسێت:

ئا: ئایا من نەخۆش بووم؟ چاک بوومەوە؟ کێ منی دەرمان کرد؟ چۆن ئەم هەموو شتەم لە بیر کردووە!

ب: ئەها، ئێستا دەزانم کە چاک بوویتەوە. چونکە هەر کەس فەرامۆشی کرد، چاک دەبێتەوە (نیچە, ١٣٧٧).

تەواوبوونی ڕابردوو و ڕابردوویەک کە نایەوێت تێپەڕ بێت، لە ڕاستیدا بەریەککەوتنی فەرامۆشکردن و وەبیرهێنانەوەیە. لە ئاشتیدا لایەنێک دەیەوێت فەرامۆشی بسەپێنێت و لایەنێک دەیەوێت وەبیربهێنێتەوە. لایەنگرانی فەرامۆشی پێیان وایە ئەوەی نەتوانێت فەرامۆش بکات ناچار ئێستا و داهاتووی لە دەست دەدات. ئێستا و داهاتوو دەخاتە ژێر باندۆری ڕابردوو و خۆشی لە ڕابردوودا دەمێنێتەوە. فەرامۆشکردن لە ڕاستیدا ئازادبوون و ڕزگاری لە دەستی ڕابردوویە. تەنیا بە فەرامۆشی دەکرێت درێژە بدەیت. لەم پێناسەیەدا فەرامۆش نەکردن چەشنێک نەخۆشییە. ڕۆدۆلف بورگر فەرامۆشکردن وەک ڕێگەچارە و دەرمان دەبینێت. فەرامۆشکردن سەرچاوەی ژیانە و بەبێ فەرامۆشی ژیان و درێژەدان ئەستەمە. بۆ ئەم مەبەستە بۆرگر باس لە چۆمی لێتە دەکات کە لە یۆنانی کەونارا هێمای فەرامۆشی بوو، یۆنانییەکان پێیان وا بوو هەرکەس لەو چۆمە بخواتەوە، ڕابردووی خۆی لە بیر دەکات. بۆرگر ئەمە بە دەستکەوتێکی گەوەری شارستانیەت دەزانێت، بەڵام بە قسەی ئەو ساڵی ١٩٤٥ی زایینی، پاش کۆتاییهاتنی شەڕی جیهانیی دووهەم، ئەم دەستکەوتە لەکیس چوو و گۆڕدرا بۆ ئامۆژگارییەکی ئایینی واتە «تۆ هیچ کات نابێت فەرامۆش بکەیت» (Assmann, ٢٠٠٦)

لەم سۆنگەیەدا سالمبوون جێی خۆی دەدات بە نەخۆشی، بەڵام ئالیدا ئاسمان

باس لە دۆخیکی ئاوارتە دەکات. واتە دۆخ و پەیوەندیی نێوان باندەست و بندەست. بە بۆچوونی ئاسمان لە باسەکەی بۆرگر، پەیوەندیی ناهاوسەنگی باندەست و بندەست لە بیر دەکریت. باندەست هەمیشە لە پێگەی فەرامۆشکردندایە، بەڵام ڕەنگە تەنیا چەکی بندەست وەبیرهێنانەوە بێت. بۆ باندەست هیچ ڕابردوویەک نییە کە تێپەڕ نەبێت، بەڵام لە لای بندەست ڕووداو و بەسەرهاتی زۆر هەیە کە بەبێ ئاوڕدانەوە لێیان ناتوانێت باس لە داهاتوو بکات. باندەست پاش گۆڕانکاریی سیاسی دەتوانێت فەرامۆش بکات، لە حاڵێکدا بندەست یان قوربانی، وەبیرهێنانەوە وەکوو پڕبایەخترین دارایی خۆیان دەپارێزن. ئەو پێی وایە لەبیرکردنی هاوبەش لە نێوانی باندەست و بندەست ناتوانێت ئەم نایەکسانییە بسڕێتەوە، تەنیا وەبیرهێنانەوەی هاوبەشە لە نێوان باندەست و بندەست کە دەتوانێت ئەم نایەکسانییە کەم بکاتەوە."(ibid,٢٠٠٦) هەمیشە گوتراوە کە ئەوە سەرکەوتووەکانن کە مێژوو دەنووسن، بەڵام دەشکرێت بڵێین سەرکەوتووەکان مێژوو فەرامۆش دەکەن، چونکە لە پێگەیەکن کە دەتوانن فەرامۆش بکەن، بەڵام بندەستەکان ناچارن ڕووداوەکان وەبیربهێننەوە و زیندوویان بکەنەوە و ئیمکانە جیاوازەکانیان هەڵسەنگێنن. وەبیرهێنانەوە یان تۆمارکردن لە یادگەدا چەکی بندەستەکانە، بندەست بە تۆمارکردنی ڕووداوە تاڵ و ناخۆشەکان و ئازارەکانی، پێویستیی خەبات و تێکۆشان زیاتر هەست پێ دەکات. بۆیە ئالیدا ئاسمان بیرمەندی ئاڵمانی دەڵێت: "وەبیرهێنانەوە لە لای بندەست ئامرازێکە بۆ درێژەدانی خەبات. وەک شکستی کەمینەی فەرەنسی زمانی کەبەک لە بەرانبەر کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا لە ساڵی ١٧٥٩دا، ئەم کەمینەیە لەسەر شوێنە گشتی و جۆراوجۆرەکانی وڵات ئەم دروشمەیان دەنووسی: «من لەبیرمە.» ئەم دروشمە لە ڕاستیدا بزوێنەری خەبات لە ڕووبەڕێکی ئینگلیزی زمان بوو."(ibid,٢٠٠٦) لە ئاشتیدا پێویستە وەبیربهێنینەوە، نەک بۆ ئەوەی لە ڕابردوودا بمێنینەوە. وەک لیدراخ دەڵێت: "ئاشتی دەبێت بتوانێت لایەک لە ڕابردوو بکاتەوە، بەڵام لەوێ قەتیس نەمێنێتەوە، خەڵکی پێویستە فەزا و دەرفەتێکیان هەبێت، تا دەرد و ئازار و بیرەوەری و تووڕەییەکانیان باس بکەن. ئەم فەزایە جۆرێک وەرگرتن و بە فەرمیناسینی ڕابردوو و ئازارەکانیانە." (Lederach, ١٩٩٧)

## ئەزموونی ئەفریقای باشوور: بەبێ لێبووردن هیچ داهاتوویەک نییە.

ئەفریقای باشووری یەک لەو وڵاتانەیە کە ئەزموونێکی باشی لەم پەیوەندییەدا هەیە. لەوێش لە چرکەی ئاشتیدا دوو ڕوانگە بەریەک دەکەون، ڕوانگەیەک کە دەیەوێت فەرامۆشی وەک ئامرازی ئاشتی پێناسە بکات و ڕوانگەیەک کە زیاتر ڕەشپێستەکان لایەنگرین دەیهەوێت بە لاکردنەوەیەک لە ڕابردوو ڕەنج و ئازارەکانی بگێڕێتەوە. دۆزمۆند تۆتۆ بەرپرسی کۆمیتەی حەقیقەت و ئاشتی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی: "ڕێگای ئاشتی لە دیکتاتۆرییەوە بەرەو دیموکراسی"، بە ڕوونی باسی ئەم لێکدژییە دەکات. تۆتۆ وەک بەرپرسی کۆمیتەی حەقیقەت و ئاشتی، لایەنگری تەواوی ئاوڕدانەوە لە ڕابردوو بوو. لە ڕوانینی تۆتۆدا ڕووداوەکانی ڕابردوو وەک جێی ئاوڵە بە دەموچاوی مێژووی ئێمەوە دیاربوون و نیشانی دەدا کە ئێمە دەبێت نیسبەتی خۆمان لەگەڵ ئەم ڕابردووە کارەساتبار و توندوتیژە ڕوون

بکەینــــەوە. نەماندەتوانـــی وا لـــە خۆمان بکەیـــن کە هیچ شـــتێک ڕووی نـــەداوە. بەشـــێکی بەرچـــاو لـــەم ڕووداوە ناخۆش و تاڵانــە لە بیــر و زەینـــی هاوولاتییاندا مابووەوە و وەک تارماییيــەک بە زەینیانەوە هەڵواســـرابوو. ئەگەر بمانەوێت سەردەمێکی نوێ دەســـت پێ بکەین، بــە ناچار دەبێت لەگەڵ ڕابـــردووی خۆمان ڕووبـــەڕوو ببین (تۆتـــۆ، ۱۴۰۱). بـــۆ تۆتۆیش باســـکردنی ڕابـــردوو بـــە دوو مانا گرینگـــە. یەکەم بۆ بنیاتنانـــی داهاتوویەکـــی نوێ پێویســـتە ڕابـــردوو بگێڕێتـــەوە، بۆیە تۆتـــۆ دەڵێت: "کەســـانێک کە لە بـــارەی داهاتووی ئێمە وتووێژیـــان دەکرد، بە تەواوی وشـــیاربوون کە دەبێت بە شـــێوازێکی گونجـــاو لەگەڵ ڕابـــردوو هەڵســـوکەوت بکـــەن، دەنـــا لە داهاتوودا دەبێت تێچووی قورس و ســـەخت بدەین. دووهـــەم ڕوانگەیەکـــی ئەخلاقییە؛ واتـــە دیتـــن و ئاوڕدانەوە لـــەو قوربانییانە کـــە ژیانیان لێ ئەســـتێندراوە یـــان ئازار دراون. فەرامۆشـــی لێرە لـــە ڕوانگەی تۆتۆوە بابەتێکـــی نائەخلاقییە، چونکـــە قوربانییانی ئاپارتاید بـــۆ جارێکی دیکە بـــە نەدیتن و پشتگوێخســـتن و ئاوڕنەدانەوە لە ئەزموون، ڕەنج و ئازارەکانیـــان دەبنە قوربانی (هەمان، ۱۴۰۱). بـــۆ ئەم مەبەســـتە، کۆمیســـیۆنی حەقیقـــەت و ئاشـــتی لـــە سەرانســـەری ئەفریقـــای باشـــووریدا ۱۴۰ کۆبوونەوەی بۆ بیســـتنی دەنگ و گێڕانـــەوەی قوربانییان و هەروەهـــا ســـەرکوتکەران بەڕێـــوە برد. ۲۱۴۰۰ قوربانـــی بە شـــێوەی نووســـراوە ئـــازار و ڕەنجەکانـــی خۆیانیـــان باس کرد، ۲۷ هەزار کەس لەم کۆمســـیۆنە ناونووسی کران و ۷۱۲۴ کەســـیش لە کەســـانی سەر بە ڕژێمی ئاپارتایـــد داوای لێبووردنیان کرد (Wuestenberg ۲۰۰۸).

گرینگتریـــن تەوەری پرســـی ئاشـــتی لە ئەفریقای باشـــوور، پرســـی لێبووردن بوو. بە گوتـــەی تۆتۆ بەبـــێ لێبـــووردن هیچ داهاتوویەک نییـــە. بەڵام لێبـــووردن لێرە بە واتـــای فەرامۆشـــکردن نییـــە. بەڵکوو لـــە ئەفریقـــای باشـــووردا لێبـــووردن لە ڕێگـــەی وەبیرهێنانەوە، بە فەرمیناســـینی ڕەنـــج و ئازار باســـی لێـــوە دەکرێت. ئەم شـــێوازە لە ئاشـــتی لـــە بنەڕەتـــدا وەک تۆتـــۆ دەڵێت لـــە خزمەتی نەتەوەســـازیدا بـــوو. ئەفریقای باشـــووری پـــاش ئاپارتاید دەیویســـت نەتەوەیەکـــی پێکهاتـــوو لـــە ڕەشپێست و سپیپێســـت بنیات بنێت. واتە بـــە گێڕانـــەوەی ڕەنج و ئـــازاری ڕابردوو و هێنانەئـــارای دەرفەتێـــک بۆ لێبـــووردن، بازنـــەی توندوتیـــژی بپچڕێنـــن. بـــەڵام لێبـــووردن بەبـــێ گێرانەوەی ئـــازار، بەبێ ناسـاندنی کارەســـاتەکانی ڕابردوو ئیمکانی نەبوو. وەک پۆل ڕیکـــۆر دەڵێت: لەبیرکردنی ڕابـــردووی تـــاڵ ڕەنگە ســـوودێکی خێرا و ڕواڵەتیـــی هەبێت، بەڵام هیچ کێشـــەیەک چارە نـــاکات. ڕێگای دروســـت، بیرکردنەوە لە ڕابـــردوو و تێگەیشـــتن لە ڕابـــردووە، بەم شـــێوەیە دەتوانین ڕێگا بـــۆ لێبووردن بکەینـــەوە، لەبیرکردنـــی زۆرەملـــی هیچ شـــتێک چارە نـــاکات.(Ricoeur, ۲۰۰۴)

تۆتـــۆ لـــە کتێبەکەیدا باس لـــە فیلمێکی ڕۆمان پۆلانســـکی دەکات بە ناوی Death and the Maiden کـــە لەوێدا پیاوێک بە هەڵکـــەوت ڕێی دەکەوێتـــە ماڵی ژنێک کـــە کاتی خۆی لـــە زینداندا ئـــازاری داوە و دەســـتدرێژیی کردووەتە ســـەری. ژنەکە بـــە چەک هێـــرش دەکاتە ســـەری، بەڵام پیاوەکـــە نکۆڵـــی لە گێرانـــەوە و چیرۆکی ژنەکە دەکات کـــە دەڵێت دەســـتدرێژیی کراوەتە ســـەری. بەڵام دواجـــار دانی پێدا دەنێت. پاش دانپێدانانـــی پیاوەکەوە، ژنەکە ئازادی دەکات و ئیزنـــی چوونەدەرەوەی پێ دەدات. تۆتۆ دەڵێـــت: نکۆڵیکردنی پیاوەکە، ناســـنامە و شەرەف و ڕاســـتگۆیی و یادگە و

ئەزموونی تاڵی ژنەکەی بە هیچ دەگرت. بەڵام دانپێدانان و بەفەرمیناسینی ئەم ڕەنجە، چەشنێک قبووڵکردنی ناسنامە و دیتنی قوربانی بوو، قوربانییەک کە بەردەوام نکۆڵیی لێ دەکرا (تۆتۆ، ١٤٠١). ئەم دانپێدانانە و بەفەرمی ناسینە، لە ڕاستیدا بەفەرمی ناسینی ڕەنج و یادگەی قوربانی و قبووڵکردنی ئەویدییە، کە ڕێگایەکە بۆ دروستکردن و دامەزراندنی نەتەوە. نەتەوەسازی یان پێکەوەبوون لەم پرۆسەیەدا لە ئاکامی دیالێکتیکی نێوان لەبیرکردن و وەبیرهێنانەوەدا دەستەبەر دەبێت. وەک ئێرنست ڕێنان دەڵێت، نەتەوەکان هەندێک جار لە ڕێگای فەرامۆشکردنی هەندێک شتەوە و تۆمارکردنی هەندێک شتی دیکە لە یادگەدا، دروست دەبن. هەم فەرامۆشکردن و هەم وەبیرهینانەوە، هەر دوو لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا گرینگن. ڕێنان دەڵێت هەر فەرەنسییەک پێویستە کوشتاری شەوی جەژنی بارتلمە و کۆمۆلکوژییەکانی سەدەی سێزدەم لە باشووری فەرەنسای لە بیر کردەبێت (ڕێنان، ١٣٧٣). ئەفریقای باشووری پاش ئاپارتاید، ئەزموونێکی نوێی لە ڕێگای وەبیرهێنانەوەی ڕابردوو بۆ دووپاتنەبوونەوەی لە داهاتوو، بە فەرمی ناسینی ڕەنج و و پاشان لێبووردنەوە هێنایە ئاراوە.

## ئەزموونی ئاڵمان: ئێمە لە نێو زمانی دایکی دەژین

ساڵی ١٩٤٥ی زایینی پاش هەرەسهێنانی ڕژێمی ناسیۆنال-سۆسیالیست لە ئاڵمان، پۆستەرێک لە وڵاتی ئاڵمان بە چڕی لە سەر دیوار و بینا و شەقامەکانی شارە جۆراوجۆرەکانی ئاڵماندا بڵاو کرایەوە. پۆستەرەکە وێنەی قامکێک بوو کە ئاماژەی بۆ بینەر دەکرد و لە سەری نووسرابوو:«ئێوە تاوانبارن.» ئەمە تاوانبارکردنی کۆیی و تاک بە تاکی نەتەوەی ئاڵمان بوو. ئەڵمانییەکان دەستپێکەری شەڕی جیهانیی دووهەم بوون، بانگەوازی شەڕیان دژی بەشێکی بەرچاو لە جیهان دەرکردبوو، خوڵقێنەری کارەساتێک و جینۆسایدی جووەکان بوون. جیهان لەو سەردەمەدا بە جۆرێکی دیکە چاوی لە ئەڵمانییەکان دەکرد، ئەوان وەک هاوکار و پشتیوانی ڕژێمی ناسیۆنال-سۆسیالیست دەناسران. ئەمەش فەزایەکی قورس و گرانی بۆ هاووڵاتییانی ئاڵمانی دروست کردبوو. پرسی تاوانباری و پەیوەندیی نێوان نەتەوەی ئاڵمان لەگەڵ ڕژێمی سیاسیی ئاڵمان پانتایی سیاسەت، ڕۆشنبیری و تەنانەت زانکۆ و کۆمەڵگەی ئاساییی ئاڵمانیشی گرتەوە. ئەم باسە بووە هۆی مشتومڕێکی بەردەوامی ئەڵمانییەکان. ئایا ئەڵمانییەکان بە شێوەی کۆیی تاوانبارن؟ چۆن دەکرێت پاش ئاشوویتس و چارەنووسی تراژیکی جووەکان، ئاڵمان جارێکی تر وەک فەرهەنگێک و نەتەوەیەک لە جیهاندا بمێنێتەوە و شەرمەزار نەبێت؟ ئەم فەزا و ئەم پرسیارانە بوونە هۆی ئەوەی بیرمەندانی ئاڵمانی و کۆمەڵگای ئاڵمانی لایەک لە ڕابردووی خۆیان بکەنەوە، تاکوو بتوانن ئاڵمانیکی دیکە و داهاتوویەکی نوێ بۆ ئاڵمان دەستەبەر بکەن و ئەگەر بکرێت ڕوانین و ڕوانگەی جیهان لە بارەی خۆیانەوە بگۆڕن.

کارل یاسپێرس یەک لەو بیرمەندە ئاڵمانییانە بوو کە کتێبێکی لەم بارەیەوە لە ژێر ناوی ”پرسی تاوان“ بڵاو کردەوە. یاسپێرس ئەم پرسە بە پرسێکی نێوخۆیی ئاڵمانییەکان دەزانێت و دەڵێت: “هیوادارم ڕۆژێک بێتە ئاراوە کە تێڕوانینی جیهان لە بارەی ئێمەوە چاک ببێتەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا بۆ ئێمە گرینگە، چۆنیەتیی

ڕووبەڕووبوونەوە و پاڵاوتنی خۆمانە لەو ڕابردووەیە." یاسپێرس لەم کتێبەیدا چوار جۆر تاوان دەستنیشان دەکات: ١- تاوانی جەزایی ٢- تاوانی سیاسی ٣- تاوانی ئەخلاقی ٤- تاوانی مێتافیزیکی (یاسپێرس، ١٣٩٣). یاسپێرس جیاوازییەک کە زیاتر جیاوازییەکی لیبراڵییە لە نێوان پانتایی کەسی و گشتیدا دادەنێت، واتە تاوانی جەزایی و سیاسی دەخاتە نێو پانتایی گشتییەوە و تاوانی ئەخلاقی و مێتافیزیکی لە پانتایی کەسیدا پۆلێنبەندی دەکات (Schaap, ٢٠٠١). تاوانی جەزایی و سیاسی لە پانتایی گشتیدا باس دەکرێن واتە دەکەونە بەر داوەریی خەڵکی و دادگا و.. هتد. بەڵام تاوانی میتافیزیکی و ئەخلاقی لە پانتایی کەسیدا دەمێننەوە و مرۆڤ لە ڕێگەی ویژدانییەوە لەگەڵیان هەڵسوکەوت دەکات، واتە پەیوەندییان بە ویژدانی مرۆییەوە هەیە.

تاوانی جەزایی ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ لە کردەوەکانی ڕژێمی ناسیۆنال-سۆسیالیستدا بەشدار بوون. سنووری ئەم تاوانە بەرتەسکە و تەنیا کاربەدەستانی ڕژێمی هیتلەر دەگرێتەوە کە بەشێکی بەرچاویان لە دادگای ناسراو بە دادگای نۆرێنبێرگ لێپرسینەوەیان لێ کرا. تاوانی ئەخلاقی زیاتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بەشداری حکومەت بوون، ئەو کەسانەی کە پاسیڤ بوون، دەیانتوانی کارێک بکەن و نەیانکرد یان خۆیان لە کوێری دا و لە بەرانبەر چارەنووسی خەڵکانی تردا بێ‌موبالات بوون یان ئەو کەسانەی تەنیا بە ڕواڵەت لەگەڵ هیتلەر کەوتبوون و لە دڵەوە لەگەڵی نەبوون. لە ڕوانگەی یاسپێرسەوە هەموو ئەمانە تاوانباری ئەخلاقین و دەبێت خۆیان نۆژەن بکەنەوە. یاسپێرس هەروەها پێی وایە هەست بە تاوانکردنێک لە ناخی هەر مرۆڤێکدا هەیە کە سەرچاوە و بنەڕەتێکی دیکەی هەیە و پێی دەڵێت تاوانی مێتافیزیکی. یەکێتی یان گرێدراوییەکی نێوان مرۆڤەکان وەک مرۆڤ (بە ماهو ئینسان) هەیە کە هۆکارێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە بەرانبەر ڕەنج و ئازاری خەڵکانی دیکە یان هەر چەشنە نادادپەروەرییەک هەست بە تاوان بکات. بۆ نموونە یاسپێرس دەڵێت: ئەگەر تاوانێک لە شوێنێک ڕوو بدات کە من تێیدا هەم و من زیندوو بمێنمەوە و خەڵکانی تر بکوژرێن، دەنگێک لە ناخمدا دەبیستم: ئەوەی کە تۆ زیندووی خەتا و تاوانی تۆیە." هەم تاوانی ئەخلاقی و هەمیش تاوانی مێتافیزیکی، جۆرێک پەیوەندیی مرۆڤە لەگەڵ خۆی بە نێونجیی ویژدان، واتە بابەتێکی کەسییە (یاسپێرس، ١٣٩٣). ئەوەی لێرەدا و زیاتر لە باس و بابەتی ئاشتی گرینگە، تاوانی سیاسییە. لە ڕوانگەی یاسپێرسەوە تاوانی سیاسی چەشنێک بەرپرسیارییەتیی سیاسییە. ناکرێت نەتەوەیەک بە گشتی و لە ئاستی کۆیی تاوانباری ئەخلاقی بێت، بەڵام لە بارەی تاوانی سیاسییەوە هەر ئەڵمانییەک سەرەڕای بەشداریکردن یان بەشدارینەکردنی لە کردەوەکانی ڕژێمی هیتلەردا بەرپرسیارە. واتە ئاڵمان وەک نەتەوە بەرپرسیارە. لێرە جیاوازییەک هەیە لە نێوان بەرپرسیارییەتیی کۆیی و تاوانی کۆیی. تاوانباریی کۆیی دادپەروەرانە نییە، چونکە بەبێ گرینگیدان بە کردەوەکانی تاک، هەموو تاکێک مەحکووم دەکات، بەڵام بەرپرسیارییەتیی کۆیی دادپەروەرانەیە. چونکە تەنیا ئاماژە بە بەرپرسیارێتییەک دەکات کە بناغەی لەسەر ئەرکی هاووڵاتییەوە دانراوە. یاسپێرس دەڵێت:" کاتێک ئەم جینایەتانە لە لایەن حکوومەتەکەمانەوە ڕوویان دەدا، ئێمە

هاووڵاتیی ئاڵمان بووین. یەک نەتەوە، بەرپرسی حکوومەتی خۆیەتی. تەنانەت ئەو کەسانەش کە خۆیان لە سیاسەت بە دوور دەگرن و تەنانەت ئەو کەسانەش کە بە دڵ دژی ناسیۆناڵ- سۆسیالیست بوون بەرپرسیارن و خۆدوورگرتن لە سیاسەت بەرپرسیارییەتیان لێ ناسێنێتەوە (هەمان، ١٣٩٣). تاوانی سیاسی لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە هەموو هاووڵاتییەک بەشێکن لە پەیکەرێکی سیاسی کە بە ناوی ئەوانەوە ئەم کارەساتانە روویان داوە. بۆیە لێرە باس لە تاوانێکی کۆیی یان بەرپرسیارێتییەکی کۆیی دەکرێت، ئەگەرچی ئەم تاوانە رەهەندی جەزاییی نییە (Ricoeur, ٢٠٠٤).

ئەم بەرپرسیارەتییە لە راستیدا پەیوەندییەکە کە هەر "من"ێک لە گەڵ "ئێمە"یەکی گەورە تر هەیەتی. وەک ئالیدا ئاسمان دەڵێت: مرۆڤەکان وەک تاکەکەس ئەگەرچی دابەشکراو نین، بەڵام بە هیچ شێوەیەک یەکەیەکی سەربەخۆ نین، ئەوان هەمیشە بەشێکن لە تۆرێکی گەورەتر. هەر منێک لەگەڵ ئێمەیەک لە پەیوەندیدایە. هەندێک لەم پانتاییە گەورانەی وەک "ئێمە" دەناسرێن، بەپێی هەڵبژاردنێکی ئاگایانە هەڵنەبژێردراون. بنەماڵە، ئێتنیک، نەتەوە کە تاکێک لە نێویدایە، بەرهەمی هەڵبژاردنێکی ئاگایانە نین. هەندێک گرووپیش هەن کە مرۆڤ ئازادانە و دڵخوازانە هەڵیاندەبژێرێت، وەک حیزبێکی سیاسی یان رێکخراوەیەک و هتد. بەشداری لەم گرووپانە لە رەهەندی زەمانییەوە دەتوانێت جیاواز بێت، کەسێک دەتوانێت دوای چەند ساڵ لە گرووپێک نەمێنێت بەڵام هەندێک گرووپ ئاسۆیەکی زەمانیی دوور و درێژیان هەیە. فەرهەنگەکان، کۆمەڵگەی ئایینی، نەتەوەکان لە ئاسۆیەکی زەمانیی دوور و درێژدا هەن، ئەندامیەتیی تاک لەم گرووپانە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە پانتاییەکی زەمانیی بەرفراوانتردا بژیت (Assmann, ٢٠٠٦) ئەم رووبەرە بەرفراوانە بۆ یاسپێرس زمانی دایکییە. یاسپێرس دەڵێت: "ئێمە لە نێو زمانی دایکیدا دەژین" (یاسپێرس، ١٣٩٣: ١٠٥). لێرە یاسپێرس زیاتر باس لە رووبەرێکی فەرهەنگی و کەلتووری دەکات کە ئاڵمانییەکان وێڕای جیاوازییەکان لە نێویدا دەژین. واتە پەیوەندییەک کە مرۆڤ یان تاک دەبەستێتەوە بە پانتاییەکی گەورەترەوە. بۆ یاسپێرس زمان تەنیا کەرەستەیەک بۆ پەیوەندی نییە، بەڵکوو پانتاییەکی فەرهەنگی و کەلتووری و هەڵگری ناسنامەیەکە کە مرۆڤ تێیدا دەژیت، بیر دەکاتەوە و جیهان دەبینێت. بەم جۆرە مرۆڤ لە رێگەی ئەم پانتاییەوە گرێ دەدرێتەوە بە رابردوو و داهاتوو و کەسانێک کە لەم پانتاییەدا ژیاون و دەژین. بۆیە دەڵێت: "ئێمە نەک تەنیا خۆمان لە بەرانبەر ئەو شتانەی ئێستا روو دەدەن، بەڵکوو لە بەرانبەر نەریتێک کە بە دەستی ئێمە گەیشتووە بەرپرسیارین، ئێمە دەبێت تاوانی باوکانمان لە ئەستۆ بگرین" (هەمان، ١٣٩٣). ئەوەی لە سەردەمی ناسیۆناڵ- سۆسیالیست رووی دا، لە نێو ئەم پانتاییەدا رووی داوە. ئاڵمانییەکان بە شێوەیەکی هاوبەش لەم پانتاییەدا دەژین، بۆیە لە بەرانبەر ئەو رووداو و کردەوانە کە لەم پانتاییەدا روویان داوە بەرپرسیارن.

ئاشتی وەک دەرفەتی نێوان رابردوو و داهاتوو، لە راستیدا بیرکردنەوە لە پاشخانی فەرهەنگی و سیاسیی نەتەوەیەکە لە رابردوو و هەروەها چۆنیەتیی وێناکردنی داهاتوو. ئەمەش زیاتر ئەرکی رووناکبیران و دەستەبژێرانی نەتەوەی زاڵە،

وەک یاسپێرس وەک هابێرماس کە خۆیان بەرپرسیار دەزانن لە بەرانبەر پاشخانی سیاسیی نەتەوەکەیان. لەم ڕووەدا لە باسی نێوان کورد و ئەوی ترەکانی دەبێت بگوترێت، هەموو تورکەکان یان هەموو عەرەبەکان و هەموو فارسەکان لە کۆمەڵکوژی، ئەنفال و هەڵەبجە و فەتوا دژی کورد، بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەشدار نەبوون، کەواتە هەموو تاکێکی ئەم نەتەوانە تاوانبار نین، بەڵام هەموو تورکێک و عەرەبێک و فارسێک، لە ڕووبەڕێکی فەرهەنگی و کولتووری بە پاشخانێکی سیاسییەوە دەژیت، پاشخانێک کە ئەنفال، کۆمەڵکوژی و فەتوای جیهادی تێدا دەرکراوە. کەم بیرمەند و ڕووناکبیری ئەم وڵاتانە هەیە کە ئاوڕی لەم پرسە دابێتەوە. ئەوان یان بە بێدەنگی یان بە پشتیوانی، بەشداری ڕابردوویەکی کارەساتبارن کە نەتەوەکانیان بە داگیرکردنی کوردستان بە سەر نەتەوەی کوردیاندا هێناوە. گوتاری زاڵی ڕووناکبیران و تەنانەت جەماوەری ئەم وڵاتانە، گوتاری نکۆڵیکردن، بێدەنگی، پاساوهێنانەوە و زۆر جاریش تەئیدکردنی ئەم مێژوو و ڕابردووە بووە. بۆیە لە پرسی ئاشتیدا یەکەم پرسیارێک کە زەق دەبێتەوە هەمان پرسیارە کە لە سەرەتای ئەم وتارەدا ئاماژەی پێ کرا: "ئایا باندەست، ڕووناکبیران و جەماوەری ئەم وڵاتانە، دەتوانن چاوێکی ڕەخنەگرانە لە ڕابردووی خۆیان بکەنەوە؟"

### لە دوای کوشتنی ڕووناکی هەموو داوای لێبووردنێک دەخرێتە تا ر یکییە و ە

پەیوەندیی سولتە، هاوکات پەیوەندیی بەرخۆدانیشە (ئێسکات, ١٣٩٦). مێژووی سەد ساڵەی داگیرکردنی کوردستان مێژووی سولتەیە، بەڵام هاوکات مێژووی بەرخۆدانیش بووە. ئەمە دیالێکتیکی نێوان دەسەڵات و بەرخۆدانە. لایەک لە هەوڵی سڕینەوەی ئەوی دیکە و ئەویش لە هەوڵی بەرگری و داکۆکی کردن لە خۆی بووە. دیالێکتیکی نێوان دەسەڵات و بەرگری، لە هەمان کاتدا مێژووی شەڕ و خوێن و ئازاریش بووە. کانت لە کتێبی «گەڵاڵەیەکی فەلسەفی ڕوو بە ئاشتی هەتاهەتایی»دا دەڵێت: تەنانەت لە شەڕەکانیش نابێت شتانێک ڕوو بدەن کە ئاشتیی گریمانەیی لە داهاتوودا پەک بخەن (کانت, ٢٠١٥: ١٠). لە شەڕ و بەرخۆدانی کورد و داگیرکەرانی کوردستاندا، شتانێک ڕوویان داوە کە هەر چەشنە ئاشتییەکی هەم لە باری سیاسییەوە و هەم لە باری ئەخلاقییەوە تووشی گێچەڵێکی بنەڕەتی کردووە. "دەوڵەتی تورک بۆ ئەوەی کورد، لە کوردبوونی خۆی وەرگەڕێت، ئەشکەنجەیەکی لە ڕادەبەدەری بە سەر کورددا سەپاندووە تاکوو کورد، کوردبوونی خۆی وەکوو تاوان بزانێت و بچێتە ژێر پێناسەی تورکبوون و ئەمە وەکوو حەقیقەتێک بدرکێنێت. بەرخۆدانی کورد لە بەرانبەر ئەم ئەشکەنجەیەدا، بۆ دانپێدانان بەوەی کورد نییە و تورکبوونی خۆی بدرکێنێت، سەدان کارەسات و توندوتیژیی وەک دێرسیم، زیلان، شرناخ و ڕوبوسکیی لێ کەوتووەتەوە" (حەقمورادی, ٢٠٢٥:٣). ئەم کردەوانە هەمان کردەوەن کە هانا ئارێنت پێی وایە نە دەخرێنە چوارچێوەی سزادانەوە و نە لێبووردنەوە (ئارێنت, ١٣٩٠). یان وەک شێرکۆ بێکەس لە دێرێکدا ئاماژەیەکی لەم چەشنەی هەیە: «لە دوای کوشتنی ڕووناکی هەموو داوای لێبووردنێک دەکەوێتەوە تاریکاییەوە». ئەنفال، هەڵەبجە، کۆمەڵکوژیی دێریسم و

دەیان تاوانی دیکە لەو کردەوانەن کە باس و بابەتی لێبووردن و ئاشتییان تووشی گێچەڵێکی گەورە کردووە یان بە گوتەی کانت پەکیان خستووە. ئەوەی ناخرێتە بازنەی سزادان و لێبووردنەوە، ئاشتی دەکاتە بابەتێکی بەربڵاوتر لە ڕێککەوتنێکی سیاسی. پێش ڕێککەوتنی سیاسی دەبێت دوو لایەن بگەن بە ئەنجامێکی ئەخلاقی. ئەمەش مسۆگەر نابێت مەگەر ئیرادەیەک بۆ خوێندنەوەی ڕابردوو لە ئارادا بێت. لێرە ئاشتی پرسێکی ئەخلاقی-سیاسییە. ئەخلاق بەو مانایە کە هەر کات باسی ئاشتی دەکرێت، ئەوانەی بێ‌هۆ کوژراون یا ئازار دراون وەبیر دەهێنرێنەوە. لە راستیدا ئاشتی لەم کۆنتێکستەدا دەبێت توانای بانگهێشتکردنەوەی ڕابردوو بۆ ئێستای تێدا بێت. بانگهێشتکردنەوەیەک کە بتوانین وەک هابێرماس دەڵێت بە سەریدا زاڵ ببین (Schaap, ۲۰۰۱).
ئەگەر گوتەکەی کارڵ یاسپێرس بە بنەما بگرین واتە: "ئێمە لە نێو زەمانی دایکیدا دەژین." بەو مانایە کە لە ڕووبەرێکی فەرهەنگی و کولتووریدا دەژین کە ئێمە گرێ دەداتەوە بە ڕابردوو و داهاتوو. مرۆڤی تورک لە پانتاییەکی فەرهەنگی و کولتووریدا دەژیت کە بریتییە لە نکۆڵیکردن، سڕینەوە، کۆمەڵکوژی، پاوانخوازی. بۆیە ئاشتی لە نێوان کورد و تورک پێش هەموو شتێک دەبێت مرۆڤی تورک لەگەڵ ئەم پانتاییەدا ڕووبەڕوو بکاتەوە. بە پێشگریمانەگرتنی نەگۆڕانی دەوڵەت-نەتەوەی زاڵ و پێکهاتەی سیاسی و فەرهەنگی سیاسی کە بە شوناسی ئێتنیکی تەنراوە، هەر پرۆژەیەکی فکری و سیاسی لە سەر بنەمای ئاشتی و یەکسانی و برایەتی هەر لە خاڵی دەستپێکدا، هەڵدەوەشێتەوە" (حەقمورادی، ۲۰۲۵: ۱۵). ئەم ڕوانگەیە ڕەنگە وەک بۆچوونێکی خەیاڵی و فەنتازیا ببینرێت، بەڵام مێژووی دانوستاندن یان ئاشتی لە نێوان کورد و تورک، کە ئەم شێوە ڕوانینەی لەگەڵ نەبووە و زیاتر جەختی لەسەر ئیمکانە کردەییەکان کردووە، هەر هەموو تووشی شکست هاتوون. پرسیاری بنەڕەتی ئەوەیە چ شتێک ئەم هەوڵانەی تووشی شکست کردووە؟
بێجگە لەوەی دەبێت دان بەوەدا بنێین پەیوەندیی نێوان داگیرکراو و داگیرکەر، پەیوەندییەکی ئانتاگۆنیستی یان بە واتایەکی دیکە پەیوەندیی دۆست و دوژمنە کە گومان دەخاتە سەر هەر ئیمکانێک بۆ ئاشتی، دەبێت بە جۆرێکی دیکەش ئەم پرسە لێک بدەینەوە.ئەم مێژووە پێمان دەڵێت ئەوەی بە ناوی ئاشتی نێوی لێ براوە، زیاتر لەوەی هەڵقولاوی ویست و داخوازییەکی نێوخۆیی کۆمەڵگای تورکیا بێت دەرهاویشتەی پرسێکی دەرەکی بووە. واتە ئاکامی کەڵکەڵەیەکی فیکریی ڕووناکبیرانی تورک نەبووە. بۆیە هیچ کات ئاشتی وەک دەرفەتێک بۆ خوێندنەوەی ڕابردووی کارەساتبار و گرتنە بەری ڕێگایەکی دیکە سەیر نەکراوە. ڕووناکبیرانی تورک وەک هەموو دامەزراوەکانی کۆماری تورکیا بەشێکن لە گوتاری گشتیی نکۆڵیکردن و سڕینەوەی نەتەوەی کورد. بێشکچی کە بۆخۆی دەکرێت وەک کەسێکی ئاوارتە لە جیهانی تورکیدا ئاماژەی پێ بدەین، لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی "کوردستان کۆلۆنییەکی نێونەتەوەیی"، باسێکی چڕوپڕ لەسەر هەڵوێست و کردەوەکانی ڕووناکبیران و ناوەندە ئەکادیمییەکانی تورک لە بەرانبەر پرسی کوردستان دەخاتە ڕوو. بێشکچی پێی وایە ڕووناکبیرانی تورک و ناوەندە ئەکادیمییەکانی تورکیا، وەک هۆبەیەک لە دامەزراوە ئەمنی و

هەواڵگرییەکانی تورکیا ڕەفتار دەکەن. هەموو توێژینەوەکانی زانکۆکانی تورک بۆ بە تورککردنی نەتەوەی کورد و نکۆڵیکردن لە زمانی کوردییە. ئەو تەنانەت پێی وایە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕۆژنامەکانیش هەڵوێستیان لەسەر پرسی کورد بە هەمان شێویە. بە گوتەی بێشکچی ڕووناکبیری تورک بەشێکن لە ئاپاراتووسی دەوڵەتی تورکیا بۆ سڕینەوە و نکۆڵیکردن لە ناسنامە و هەبوونی نەتەوەی کورد (بێشکچی, ٢٠٠٢). هەرچەند ئەم نکۆڵیکردنە لە بەرگە جیاوازەکانی مێژووی کۆماری تورکیا شێواز و مێتۆدی جیاوازی بە خۆیەوە بینیوە. بەڵام لێرە تەنیا لەگەڵ گۆڕانی فۆرم ڕووبەڕووین نەک ناوەڕۆک. ئەم گۆڕانە فۆرمییە کە لە ژێر کاریگەریی پرسێکی دەرەکیدا هاتووەتە ئاراوە زۆر جار وەک هەوڵدانێک بۆ ئاشتی پێناسە کراوە.

لە ساڵی ١٩٩٠ تورکیا بە گرینگیدان بە بازاڕە جیهانییەکان لە بری بازاڕە نێوخۆییەکان و گەشەکردنی لە ڕووی تەکنۆلۆژیا و پلاندارێژیی درێژخایەن بۆ بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری، جێگە و پێگەیەکی گرینگی لە ئابووریی جیهانیدا بۆخۆی مسۆگەر کرد. پەرەسەندنی خێرای ئابووری خەونی بە ئەورووپییبوون لە لای تورکیادا زیندوو کردەوە. تورکیا لە ئەپریلی ١٩٨٧ داوای ئەندامبوون لە یەکیەتیی ئابووریی ئەورووپای کرد. هەر ئەمەش وای کرد تا ساڵی ١٩٩٩ سمایل جەم وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی کۆماری تورکیا، لە ژێر کاریگەریی گوشارە دەرەکییەکان و بۆ ڕەچاوکردنی پێوەرە دیمۆکراتیکەکانی یەکیەتیی ئەورووپا، باس لە مافە فەرهەنگییەکانی کورد بە تایبەت گەشەپێدانی زمانی کوردی لە میدیا بکات و هەروەها قەدەخەکردنی وەشانی زمانی کوردی وەک بەربەستێک بۆ دیمۆکراسی و مافی مرۆڤ لە قەڵەم بدات و بڵێت هەر کەس لە تورکیا دەژیت دەبێت مافی وەشان بە زمانی خۆی هەبێت (ئۆزکاهرامان, ٢٠١٩). ئەم پرسە دەرەکییە بووە هۆی ئەوەی ناوەندە ئەکادیمییەکان و توێژەرانی تورکیش ڕێبازێکی دیکە بگرنە بەر. توێژەرانی تورک بە هۆی ترس لە پشتیوانیی دەرەکی لە کوردەکان، لە بەرانبەر نێونەتەوەییبوونی پرسی کورد لە نەوەدەکاندا، هەوڵیان داوە لە توێژینەوەکانیاندا پرسی کورد لە چوارچێوەی نەتەوەگەراییی تورکدا وڵام بدەنەوە. خاڵی هاوبەشی نێوان ئەکادیمیسیەن و ڕووناکبیرانی تورک بە هەموو ڕەوتەکانییەوە لە ڕاستەوە بگرە تا لیبراڵ-دیموکراتەکان و هەتا ئیسلامییەکان وەخوگرتنی کوردەکان لە دەوڵەتێکی نەتەوەییە کە بە ڕواڵەت بەتاڵە لە ئیتنیک بۆ سڕینەوەی ناسنامەی ئیتنیکی و نەتەوەییی کوردەکان (Ahmadi, ٢٠٢٤). خاڵی گرنگی هەموو ئەم هەوڵانە بە پێشگریمانەگرتنی پێکهاتەی ئیتنیکیی دەوڵەتی تورکیایە. ئاشتی و کرانەوە لەم ڕووەدا بۆ باندەست بە مانای تواندنەوەی ئەوی دیکەیە بە ئامرازێکی تر. واتە سوڵتە و زاڵیتیی مێژوویی نەتەوەی باندەست بە ڕەمزی ئاشتی و کرانەوە بەرهەم دەهێنێتەوە. کەواتە لە بنەڕەتدا پرسی ئاوردانەوە لە ڕابردوو و ئەو کارەساتانە کە لە مێژووی نێوان کورد وتورک ڕوویان داوە، بۆ باندەست بابەتێکی لاوەکی و پەراوێزییە. ئەمەش گومان دەخاتە سەر سیاسەتی ئاشتیخوازانەی باندەست.

گرینگە بزانین ئاشتی لە نێو چ گوتارێکدا پێناسە دەکرێت. ئاشتییەک کە نەتوانێت هاوکێشەی نێوان داگیرکەر و داگیرکراو شی بکاتەوە، بە گوتەی کاترین لۆ،

پرسێکە لە نێو سیاسەتی کۆلۆنیالیستی، واتە ئامانج لەم ئاشتییە درێژەدان و سەپاندنی نەزمی کۆلۆنیالیستییە بە شێوازێکی دیکە (Lu, ٢٠١٧). لە باسی نێوان داگیرکراو و داگیرکەردا ئاشتییەک دەکەوێتە دەرەوەی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی کە باس لە پێکهاتەکان بکات، واتە پێکهاتەیەک کە لایەنێک دەکات بە بندەست و لایەنێک بە باندەست. کەوابوو لێرە لا کردنەوە لە رابردوو نەک تەنیا ئاوڕدانەوە لەو تاک و گرووپانەیە کە ئازاردراون و کوژراون، بەڵکوو ئاوڕدانەوە لە پێکهاتەکانی بەرهەمهێنەری بندەستی و باندەستییە. وەک لۆ دەنووسێت نکۆڵیکردن لە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە ئێستا، بەبێ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی تواندنەوەی نەتەوەیەک لە نێو دەوڵەت-نەتەوەیەکی دیکە لە رابردوودا، فام ناکرێت (Lu, ٢٠١٧). لە کۆنتێکستی کوردی-تورکیدا دەتوانین لە خوازەیەک کەڵک وەربگرین و بڵێین ئاشتی کاتێک واتادارە کە تورکیا ببێت بە بێشکچی. ئەم خوازەیە واتە بەفەرمیناسینی نەتەوەیەک کە لە درێژاییی مێژوودا بەکۆلۆنی کراوە، بەبێ رەزامەندیی خۆی لە نێو پێکهاتەی دەوڵەت-نەتەوەی تورکیادا جێگیر کراوە و هەوڵی تواندنەوەی دراوە. ئاشتی لەم چوارچێوەیەدا دەکەوێتە دەرەوەی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی. بەڵام ئەوەی لە پەیامی عەبدوڵلا ئۆجەلاندا دەردەکەوێت ئاشتییەکە لە نێو پێکهاتەی کۆلۆنیالیستیی دەوڵەتی تورکدا.

## ئاشتی یان تواندنەوە؟

لە گوتاری ئاشتی یان لاکردنەوە لە رابردوودا دوو مەبەست یان ئاراستەی جیاواز هەیە. زیندووکردنەوە یان دامەزراندن. بۆ میناک زۆر جار لە تەمەنی سیاسیی حیزبێک یان رێکخراوەیەکی مەدەنیدا لێکترازان و دووبەرەکی روو دەدات. حیزب دەبێت بە دوو کەرتەوە، رەنگە لە نێوانی ئەم دوو بەشەشدا شەڕ و خوێنیش دروست ببێت. ئەم دوو بەشە ساڵان و مانگانی دواتر دەتوانن ناکۆکییەکانیان چارەسەر بکەن و ببنەوە بە یەک. لێرە ئاشتبوونەوە روو دەدات نەک ئاشتی. واتە دوو لایەن بڕیار دەدەن پەیوەندی و پێکەوەبوونێک کە پێشتر لە خۆشی و تاڵییەکاندا ئەزموونیان کردووە زیندوو بکەنەوە. لە ئاستی وڵاتیشدا ئەم چەشنە ئاشتییە هەندێک جار روو دەدات. ئاڵمانی رۆژهەڵات و ئاڵمانی رۆژاوا ساڵی ١٩٨٩ لەسەر ئەساسی زیندووکردنەوەی پەیوەندی و یەکبوونیان، یەکیان گرتەوە. لێرە ئاوڕدانەوە لە رابردوو بە مەبەستی گەڕانەوە یان زیندووکردنەوەی پەیوەندیی پێش شەڕ و دابڕان روو دەدات. بەڵام لاکردنەوە لە رابردوو، هەندێک جار بە مەبەستی دامەزراندنی شتێکی نوێیە. دوو دوژمن، دوو نەیار کە هەموو تەمەنی خۆیان لە پێناوی دژایەتیی یەک داناوە، ناتوانن باس لە زیندووکردنەوە بکەن. دوو دوژمن، ئەگەر بیانەوێت دوژمنایەتیی نێوانیان کۆتایی پێ بێت، دەبێت شتێکی نوێ دابمەزرێنن. رابردووی نێوان کورد و تورک بابەتێکی دڵخۆشکەری تێدا نییە تاکوو دوو لایەن بە لاکردنەوە لە رابردوو بیانەوێت ئەو پەیوەندییە زیندوو بکەنەوە. ئاوڕدانەوە لە رابردوو لەم کۆنتێکستەدا تەنیا بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەو پەیوەندییە خوێناوییەیە کە بەردەوام لە نێوان ئەم دوو نەتەوەیەدا بووە. بۆ بینین و دانپێدانان بە رەنج و ئازارێکە کە دوولایەن و بەتایبەت لایەنی بێهێز ئەزموونیان کردووە. پەیوەندیی نێوان کورد و تورک پەیوەندیی بندەست و باندەست بووە. پەیوەندیی

داگیرکراو داگیرکەر بووە، پەیوەندیی بەرگری و سوڵتە بووە. کەوا بوو شتێک لەم ڕابردووەدا نییە کە زیندوو بکرێتەوە، بەڵکوو ئەم ئاوردانەوەیە دەبێت بە مەبەستی دامەزراندنی پەیوەندییەکی نوێ و داهاتوویەکی نوێ بێت، واتە بتوانێت گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر ئەم پەیوەندییە مێژووییەدا بێنێت.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان، پەیامی ئاشتیی خۆی لە چوارچێوەی زیندووکردنەوەدا دادەڕێژێت. ئەو باس لە برایەتیی هەزار ساڵەی نێوان کورد و تورک دەکات و پێی وایە هێزە هێژمۆنەکان کە مەبەستی مودێرنیتەی کاپیتالیستییە، ئەم پەیوەندییەیان تێک داوە (ئۆجەلان, ٢٠٢٥). بۆیە دەنووسێت: "ئەم پەیوەندییە مێژووییە کە ئەمڕۆ کەوتووەتە دۆخێکی تا بڵێی خراپەوە، پێویستە سەرلەنوێ لە چوارچێوەی ڕۆحی برایەتیدا ڕێک بخرێتەوە." (هەمان، ٢٠٢٥). واتە ئۆجەلان لە ئاشتیدا بە دووی دامەزراندن نییە، بەڵکوو بە دووی زیندووکردنەوەی پەیوەندییەکی مێژووییە. بەڵام خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە ئۆجەلان وڵامی ئەوە ناداتەوە لە کام برگەی مێژووییدا، ئەم پەیوەندییە مێژووییە لە ئارادا بووە. مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی نێوان کورد و تورک بریتی بووە لە نکۆڵیکردن و سڕینەوە. ئەم زیندووکردنەوەیە، ئەم گەڕانەوەیە بۆ پەیوەندییەکی مێژوویی، گەڕانەوە بۆ کام برگەی مێژوویە؟ لە هەمان کاتدا ناڕاستەوخۆ لایەنی باندەست و جینایەتەکانی سپی دەکاتەوە، چونکە پێی وایە ئەوە هێزە هێژمۆنەکانن پەیوەندیی مێژوویی کورد و تورکیان تێک شکاندووە. واتە خۆی لە پێشدا لاکردنەوە لە ڕابردوو و کارەساتەکانی ڕابردوو بە تاوانبارکردنی لایەنی سێهەم پشتگوێ دەخات.

ئۆجەلان لە پەیامەکەیدا چوارچێوەی جوگرافیایی-نەتەوەییی کۆماری تورکیا، وەک پێشگریمانە دادەنێت و دەڵێت: داواکاریی دەوڵەتی نەتەوەیی، جودا کە ئەنجامی حەتمیی سەرلێشێواویی نەتەوەگەرایی پەڕگرانەیە، لەگەڵ داخوازی بۆ فیدراڵییەت و خۆسەریی کارگێڕی و چارەسەرە کولتوورییەکان، هیچیان ناتوانن ببن بە وڵامێک بۆ سۆسیۆلۆژیی مێژوویی کۆمەڵگە" (هەمان، ٢٠٢٥). ئۆجەلان بە ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ئۆتۆنۆمییەک لە ڕاستیدا پێش بە دامەزراندنی شتێکی نوێ لە نێوان کورد و تورک دەگرێت. ڕێگەچارەیەک کە ئۆجەلان باسی دەکات تەنیا دیموکراسییەتە، بەڵام ئەم دیموکراسییە لە پێشدا پێکهاتەی کۆماری تورکیا وەک پێشگریمانە دادەنێت. بۆیە دەڵێت: کۆماری تورکیا لە سەدەی دووهەمیدا تەنیا کاتێک پتەو و بەهێز دەبێت، کە لە چوارچێوەی برایەتییەکی بەردەوامدا، تاجی دیموکراسییەت بخرێتە سەری و هیچ ڕێگایەکی تر بێجگە لە دیموکراسییەت نییە" (هەمان، ٢٠٢٥). لێرە ئۆجەلان پرسی مێژوویی نەتەوەیەک کە بەبێ دڵخوازی خۆی خراوەتە نێو پانتاییی دەوڵەت-نەتەوەیەکی تورکی لە بیر دەکات. واتە ئاشتییەک یان وچانێک لە نێوان شەڕدا کە بڕیارە ئەم پرسە یەکلایی بکاتەوە و بە جۆرێکی دیکە ئەم پەیوەندییە بخوێنرێتەوە، بە پێشگریمانەگرتنی کۆماری تورکیا پشتگوێ دەخرێت و لەباری دەبات. ئەمە ئەو هەوڵانەیە کە کاترین لۆ پێی وایە مکانیزمێکی دیکەیە بۆ بەکۆلۆنیکردن لە ڕێگای ئاشتییەوە. لە ڕوانگەی "کاترین لۆ"وە لە دۆخێکی لەم چەشنەدا ئاشتی یان دادپەروەری دەبێ ئاشتییەکی پێکهاتەیی بێت، واتە ئاشتی دەبێت

بەربڵاوتر لە پێکهێنانی دیموکراسی بێت. ئاشتیی پێکهاتەیی، دەبێت هەوڵێک بێت بۆ بە فەرمیناسینی خودموختاریی کۆیی (Lu, ٢٠١٧). مەرج نییە بندەست هەمیشە داوای خودموختاری، یان جودایی یان هەرچەشنە ئۆتۆنۆمییەک بکات، بەڵام ئاشتییەک کە لە دەرەوەی سیاسەتی کۆڵۆنیالیستی بیچمی گرتەبێت، دەبێ دەرفەتێک بۆ ئەم ویست و داخوازییە بێنێتە ئاراوە. بەڵام لێرە لە نێوان کورد و تورک بە شێوەیەکی دەگمەن ئەوە لایەنی بندەستە کە لە پێشدا خۆی هەموو ئەو ئیمکان و دەرفەتانە ڕەت دەکاتەوە.

ئۆجەلان بێجگە لەوەی هەر چەشنە ئۆتۆنۆمییەک ڕەت دەکاتەوە، لە بنەڕەتدا هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ ئەم مەبەستە دەدرێت و لە ڕابردوودا دراوە، بە هەوڵدانێکی شکستخواردوو دەزانێت. ئۆجەلان هەموو مێژووی پێش خۆی ڕەت دەکاتەوە، کەوابوو دەرفەتێک بۆ ئاوردانەوە لە ڕابردووی کارەساتبار و تاوانەکانی دەوڵەتی تورکیا ناهێڵێت. مێژوو بۆ ئۆجەلان لە خۆیەوە دەست پێ دەکات. ئەو پێی وایە ئەوەی پێش خۆی کراوە یان لە چوارچێوەی سیاسەتی زلهێزەکان بووە یان هەوڵدانێکی کۆنەپەرستانەی شکستخواردوو بووە. ڕفیق سابیر لە کتێبی کولتوور و ناسیۆنالیزمدا یەک لە دەرئەنجامەکانی دابڕانی جوگرافیایی کورد کە دابڕانی کولتوورییشی لێ کەوتۆتەوە، بە نەبوونی بەردەوامبوونێک لە زەمانی ئیپیستمۆلۆجی و فیکری دەزانێت. واتە هیچ شتێکی ئێستا وەک بەردەوامبوونێکی ئورگانیکی دوێنێ ناناسرێت. بۆیە لە ڕوانگەی ڕەفیق سابیرەوە ئێستای کورد هەمیشە ئێستایەکی بێ ڕابردووە. هەر دیاردەیەکی نوێی سیاسی، فیکری و کولتووری، خۆی بە سەرەتای سەرەتایان دەزانێت. ڕەوایی و دەرکەوتنی خۆی بە شکست و پووکانەوەی دیاردەکانی پێش خۆی دەبەستێتەوە. هەمیشە حەز دەکات خۆی وەک سەرەتای سەرەتایان، وەک دیاردەیەکی نوێی جیاواز و تەواو دابڕاو لە مێژووی فیکری، کولتووری یان سیاسیی کورد، پیشان بدات (سابیر، ٢٠٠٨).

ئۆجەلان پێی وایە ئەوە یەکەکە بوو ڕاستیی کورد و کوردستانی سەلماند و بێجگە لە یەکەکە بزووتنەوە کوردییەکانی دیکە هێزێکی ئەوتۆیان نییە و کۆمەڵێک ناو وناتۆرەی کۆنەپەرست و...یان لێ دەنێت. ئۆجەلان بۆ ئەوەی خۆی بکات بە سەرەتای سەرەتایان، بەمەش ڕاناوەستێت و تێکۆشەرانی پێشووی گەلی کورد کە هەر هەموو لە یادگەی مێژووی کورددا ڕێز و حورمەتێکی تایبەتییان هەیە تاوانبار دەکات. ئەو بنەماڵەی شێخ سەعید پیران و بەدرخانییەکان و بارزانییەکان و تەنانەت بنەماڵەی شێخ ڕەزای دێریسم وەک یۆدنرات دەناسێنێت. با وای دابنێین ئەم ڕوانگەیەی ئۆجەلان ڕاستە، بەڵام ڕاستبوونی ئەو ڕوانگەیە، هەموو هەوڵەکان و تیۆرییەکانی خودی ئۆجەلانیش دەباتە ژێر پرسیارەوە، واتە ئۆجەلان تێکۆشەرانی پێشووی کورد بە هاوکاریی تورک تۆمەتبار دەکات، بەڵام بۆ خۆی لە ئێستادا خەریکی بەرینتر کردنەوەی پەیوەندی لە گەڵ تورک و کۆماری تورکیایە و لە بیست ساڵی ڕابردووشدا باسی لە برایەتیی نێوان کورد و تورک کردووە. کەوابوو ئەگەر لۆژیکی ئۆجەلان قبووڵ بکەین، دەبێ قبووڵی بکەین بە پێی ئەو لۆژیکە ئۆجەلانیش بۆ خۆی یۆدنراتێکی کوردە.

لە پارادایمی ئاپۆییدا، ڕابردوویەک نییە کە بکرێت ئاوڕی لێ بدرێتەوە. مێژوو

بە ئۆجەلانەوە دەستی پێ کردووە، پێش ئەو هەموو شکست و خەیانت بووە. لە روانینی ئۆجەلاندا ئەم شکستە، شکستی کوردایەتیی نەریتییە. کوردایەتیی نەریتی، لە روانینی ئۆجەلاندا لە نێو پارادایمی دەوڵەتخوازیدا پێناسە دەکرێت. لە بەرانبەردا، پارادایمی خۆی واتە پارادایمی ئاپۆیی لە بەرانبەری دادەنێت.. سەرەکیترین پێناسەی پارادایمی ئاپۆیی، دژایەتی لەگەڵ دەوڵەتخوازییە. لەم پارادایمەدا دەوڵەت جێی خۆی دەدات بە پێکهێنانی کۆمۆن و مودێرنیتەی دیموکراتیک. بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە لەم پارادایمەدا پێکهاتەی دەوڵەت-نەتەوەی تورکیا وەک پێشگریمانە دادەنرێت (ئۆجەلان، ٢٠٢٥).

ئەم هەوڵانە تەنیا تایبەت بە ئۆجەلان نین، بەڵکوو بەشێکی دیکە لە دەستەبژێری کورد ئەم وتانە بە شێوەیەکی دیکە دووپات دەکەنەوە. سەلاحەدین دەمیرتاشیش لە وتارێکدا باس لە پارادایمی نوێ دەکات. لە پارادایمی نوێی دەمیرتاشیش پێکهاتەی دەوڵەت-نەتەوەی تورکیا بە پێشگریمانە دەگیرێت. لە روانگەی دەمیرتاشەوە، کورد و تورک ئەوەندە ئاوێتەی یەکترن کە جوداکردنەوەیان لە ئێستادا ئەستەمە (دەمیرتاش, ٢٠٢٥). دەمیرتاش باس لە چۆنیەتیی ئەم ئاوێتەبوونە ناکات. واتە نایەوێت ئاوڕ لە رابردوو بداتەوە، رابردوویەک کە بە شێوازێک داڕێژراوە تا لە ئێستادا جوداکردنەوە و وەک بابەتێکی ئەستەم پێناسە بکرێت و پەیوەندیی باندەست و بندەست وەک بابەتێکی سروشتی بنوێنێت. ئەو پێی وایە نە تورکەکان توانیان کورد بە تەواوی بتوێننەوە و نە کوردیش توانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی دابمەزرێنێت، کەوا بوو پێویستمان بە پارادایمێکی دیکە هەیە.

لەم پارادایمە نوێیەی دەمیرتاشدا بڕیار وایە دەوڵەتی تورک ببێت بە دەوڵەتی کوردەکانیش (هەمان، ٢٠٢٥). دیار نییە دەوڵەتی تورک چۆن بڕیارە ببێت بە دەوڵەتی کورد؟ واتە پێناسەی ئیتنیکیی ئەم دەوڵەتە دەگۆڕێت؟ زمانی فەرمیی دەوڵەت دەگۆڕێت؟ باس لە دوو نەتەوە لەم جوگرافیا دەکرێت؟ ئەگەر ئەم پارادایمە نوێیە بڕیار وایە ئەم گۆڕانکارییە دەستەبەر بکات، چما نێوی دەوڵەتی تورکیا نەبێت بە یەکیەتیی دیموکراتیکی کورد و تورک؟

هیچ کام لە کاربەدەستانی کورد تا ئێستا وەڵامێکی روونیان بەم پرسانە نەداوەتەوە. ئەوەی تا ئێستا روونە، پاشەکشەکردن و خۆهەڵوەشاندنەوەی لایەنی کوردییە. لە بەرانبەردا هیچ هەنگاوێکی کردەیی لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە هەڵنەگیراوە، بێجگە لەوەی باسیان لە کۆتایی هاتنی تیرۆر و بەهێزبوونی کۆماری تورکیا کردووە.

## ئەنجام

ئەوەی لەم وتارەدا ئاوڕی لێ دراوە، چۆنیەتیی گەیشتن بە ئەنجامێکە کە دوو لایەن لە پێگەیەکی یەکساندا بتوانن کێشە و ململانێ مێژووییەکانیان چارەسەر بکەن، یان بە پێکەوەژیان یان بە جوودا بوونەوە لە یەک. بۆ ئەم مەبەستە، بە ورووژاندنی پرسیاری: دەتەوێت ئەم ژیانەی کە ژیاوی، سەرلەنوێ دووپات ببێتەوە؟ ئاشتی وەک چرکەیەکی مێژوویی لە نێوان رابردوو و داهاتوودا پێناسە کرا. چرکەیەک کە دوو لایەن وچانێک دەگرن. لەم وچانگرتنەدا ئاوڕێک لە رابردووی خۆیان دەدەنەوە. ئاوڕدانەوەیەک بە مەبەستی داهاتوویەکی نوێ و دەستپێکێکی دیکە. لەم پەیوەندییەدا ئەزموونی ئەفریقای

باشوور و ئەڵمانییەکانمان تاوتوێ کرد. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم دوو ئەزموونە، پێویستی ئاوردانەوە و لا کردنەوە لە ڕابردوو وەک پێشمەرجی ئاشتی خوێنرایەوە. لایەن یان نەتەوەی سەردەست کە لە درێژایی مێژووی خۆیدا کۆمەڵێک کارەساتی بۆ بندەست هێناوەتە ئاراوە، دەبێت بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لە ڕابردووی خۆی بڕوانێت. ئەم پرسە، پرسی جەماوەر و ڕووناکبیرانی نەتەوەی سەردەستە.

تا کاتی نووسینی ئەم دێرانە، هیچ هەوڵێکی لەم چەشنە لە نێوان کورد و تورک نەهاتووەتە ئاراوە. بە پێچەوانەی ئەزموونی ئەفریقای باشوور و ئەڵمانییەکان، لە بنەڕەتدا پرسی ئاوردانەوە لە ڕابردوو و خوێندنەوەی کارەساتەکانی ڕابردوو، نەبووەتە ڕۆژەڤ. تەنانەت ئەم پرسە لە دوو جیهانی کوردی و جیهانی تورکیدا دوو ناوی جیاوازی لێ نراوە. لە جیهانی کوردیدا زیاتر وەک پرسی ئاشتی دەخوێنرێتەوە، بەڵام لە جیهانی تورکیدا وەک پرۆسەی کۆتایی هاتن بە تیرۆر. نەبوونی زانیاریی تەواو و ناڕوونی، ئەم پرسەی کردووەتە پرسێکی ئەمنی و هەواڵگری. بۆیە ئەوەی لەم وتارەدا سەرنجمان خستە سەری ئەوەیە کە پرسی ئاشتی نەبووەتە کەڵکەڵەیەکی فیکری و نیوخۆیی جیهانی تورکی. لانیکەم تا ئێستای لەگەڵ بێت، ڕوناکبیران و پانتاییی ڕۆشنبیریی ئەم وڵاتە ڕەخنەیەکیان لە سوڵتەی مێژوویی و نکۆڵیکردن لە ناسنامەیەکی کۆیی وەک نەتەوەی کوردی تێدا نەبینراوە. بێدەنگی و تەنانەت هاوڕابوونی بەشێکی بەرچاو لە ڕووناکبیران و جەماوەری نەتەوەی باڵادەست لەگەڵ سەرکوتی مێژوویی نەتەوەی کورد، هەر چەشنە داهاتوویەکی نوێ و دەستپێکی جیاوازی بێ مانا کردووە. کەواتە تا ئێستای لە گەڵ بێت وڵامێکی جیاوازی بە پرسی: دەتهەوێ ئەم ژیانەی کە ژیاوی بدەیتەوە؟ نەداوەتەوە یان وا دەردەکەوێت کە دەیەوێت درێژە بەو ژیانەی بدات. ژیانێک لە ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا لە سەر سوڵتە، داگیرکەری و سەرکوتی کورد بنیات نراوە.

خاڵێکی گرنگ و جێی سەرسوورمانی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە لایەنی بندەست واتە لایەنی کوردی، لە پێشدا بۆخۆی هەموو دەرفەت و ئیمکانەکانی بەردەمی خۆی لە بار بردووە. بە تاوانبارکردنی ڕابردوو و تێکۆشەرانی کورد و ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە ئۆتۆنۆمییەک، هەم ڕێگای لە خوێندنەوەی ڕابردوویەک گرتووە کە باندەست بۆ کوردی پێک هێناوە و هەمیش هەموو ماف و ویستێکی بەکۆمەڵی بۆ کورد لە داهاتوودا لەبار بردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە هەموو ئەم هەوڵانەدا پێکهاتەی دەوڵەتی تورکیا وەک پێشگریمانە دانراوە. لەم ڕووەدا ئەوەی بە ناوی پرۆسەی ئاشتی نێوی لێ دەبرێت، پرسێکە لە نێو سیاسەتی کۆلۆنیالیستیی دەوڵەتی تورکیا، بۆ درێژەدان بە سوڵتە، بەڵام لە چوارچێوەیەکی نوێدا.

بۆیە دەکرێت بڵێین باندەست دەیەوێت ئەو ژیانەی کە ژیاوە، درێژە بدات، ئەگەرچی ڕەنگە شێوازەکەی بگۆڕێت. بەڵام بە شێوەیەکی دەگمەن و چاوەڕوان نەکراو، ئەوە لایەنی کوردییە کە دەیەوێت ڕەهەندی بەرخۆدان و بەرگری لە ژیانەکەی بسڕێتەوە و بە تەواوی ئاوێتەی نەزمی نوێی تورکی و سەردەمی کۆتاییهاتنی "تیرۆر" بێت.

## منابع انگلیسی:

1. Ahmadi, I. (2024, June 12). The intellectual justification of sovereign power: Representations of the Kurds in Turkish scholarship. Critical Policy Studies.
2. Assmann, A. (2006). Der lange Schatten der Vergangenheit. Muenchen: C. H. Beck.
3. Lederach, J. P. (1997). Sustainable reconciliation in divided societies. Washington, DC: United States Institute of Peace Press.
4. Nolte, E. (1987). Historikerstreit. München: Piper.
5. Ricoeur, P. (2004). Memory, history, forgetting (K. Blamey & D. Pellauer, Trans.). Chicago: University of Chicago Press.
6. Schaap, A. (2001). Guilty subjects and political responsibility: Arendt, Jaspers and the resonance of the 'German Question' in politics of reconciliation. Political Studies, 49(4), 749–766.
7. Wüstenberg, R. K. (2008). Aufarbeitung oder Versöhnung? Brandenburg: Brandenburgische Landeszentrale fuer politische Bildung.

☒

## منابع فارسی و کردی:

8. آرنـت، ه. (۱۳۹۰). وضع بشـر (ترجمهٔ مسـعود علیا). تهران: نشـر شمشاد.
9. اسـکات، ج. س. (۱۳۹۶). سلطه و هنر مقاومـت (ترجمهٔ افیـن خاکبـاز). تهران: نشر مرکز.
10. آگامبـن، ج. (۱۳۹۳). باقی‌مانده‌هـای آشـویتس (ترجمـهٔ مجتبـی گل‌محمدی). تهران: نشـر بیدگل.
11. بیشـکچی، ئ. (۲۰۰۲). کوردسـتان: کولونییەکـی نێودەوڵەتـی (ترجمـهٔ حەمە ڕەشید). سـلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
12. بورخـس، خ. ل. (۱۳۷۸). کتابخانه بابل (ترجمهٔ کاوه سیدحسـینی). تهران: انتشارات نیلوفر.
13. توتـو، د. (۱۴۰۱). مسـیر آشـتی، از اسـتبداد به دموکراسـی؛ اگر فراموش کنیم عدالـت چـه می‌شـود؟ (ترجمـهٔ بهمن احمدی امویـی). تهران: مهر و مـاه، بنگاه ترجمه و نشـر کتاب پارسـه.
14. یاسـپرس، ک. (۱۳۹۳). مسئله تقصیر (ترجمـهٔ فریـده فرنودفر و امیـر نصری). تهران: نشـر چشمه.
15. حەقمـوردای، م. (۲۰۲۵). ژیـان و سیاسـەت لە نێوان ترۆما و خەیاڵدا. گۆڤاری کۆمار.
16. رنـان، ا. (۱۳۷۳). ملـت چیسـت؟ (ترجمـهٔ عزت‌الله فولادونـد). پرتال جامع علوم انسـانی.
17. ریکـور، پ. (۱۳۷۳). خاطـره، تاریخ، فراموشی (سـخنرانی). پژوهشکدهٔ حکمت و ادیان، سـایت پرتال جامع علوم انسـانی.
18. کانـت، ا. (۲۰۱۵). طرحـی فلسـفی بەسـوی صلح ابـدی. آموزشـکدهٔ توانا.
19. نیچـه، ف. (۱۳۷۷). حکمت شـادان (ترجمهٔ سـعید کامران و حامـد فولادوند). تهـران: چاپخانهٔ نیل.
20. اوزکاهرامـان، ج. (۲۰۱۹). شکسـت مبـارزات صلح میـان ترکیـه و پ.ک.ک: قربانی سیاسـت سـنتی ترکیه یـا تغییرات ژئوپولیتیـک در خاورمیانـه؟ (ترجمهٔ کمال نگهدار). مجلـهٔ پولیتیـا، ۱۰۴-۱۱۸.

Demirta☒, S. (2025, March 13). Korkma! Barı☒. QAD Institute. https://qad.institute/index.php/korkma-baris/297 ()

ئۆجـــەلان، ع. (٢٠٢٥). روانگـــەی ئۆجەلان بـــۆ کۆنگـــرەی دوازدەهەمـــی پ.ک.ک. بایگانیشدە در: https://archive.fo/nr86F

ئوجەلان، ع. (٢٠٢٥، ٢٧ی شـــوبات). دەقی پەیامەکـــەی عەبدوڵڵا ئۆجـــەلان: بانگەوازی ئاشـــتی و کۆمەڵگەی دیموکراتی [پیام صلح و جامعه دموکراتیـــک]. کوردیپێدیا. https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20250301212146625208&lng=1

# ماهیت دموکراسی، خاورمیانه متشنج و آینده جنبش ملی و رهایی‌بخش کردستان

**خانی گالبات**

چرا باید دموکراسی را نقد کرد؟ دموکراسی به‌عنوان یک شیوهٔ حکمرانی، فرایندی نسبی و پویا است. باید همواره خواهان تداوم انقلاب دموکراتیک بود. مارکس، به‌عنوان بنیان‌گذار اندیشه‌های چپ معاصر، از آزادی‌های دموکراتیک حمایت می‌کرد و به تأثیر آن‌ها باور داشت. او تنها بر محدودیت‌های تاریخی این شکل‌ها تأکید می‌ورزید. از دیدگاه او، رهایی سیاسی یا به‌بیان دیگر، رهایی در قالب حقوق شهروندی، پیشرفتی مهم محسوب می‌شود، اما رهایی سیاسی را پایان راه رهایی انسان نمی‌دانست.

## تیــــرگی و ابهـــام در تعریـــف دموکـــراسی

از آنجـــا کـــه دموکـــراسی، همچون مبـــانی حقوق بشـــر، هنـــوز جهانی نشـــده اســـت، در آغاز باید به آن از زوایـــای مختلف نگریســـت و آن را با شـــرایط بـــومی تطبیق داد.
در عصـــر حاضر، همـــه از دموکراسی ســـخن می‌گوینـــد، اما یـــا در بیان ماهیـــت و محتـــوای آن ناتوان‌اند یا آگاهانـــه از تبیینِ آن طفـــره می‌روند. آنچـــه معمـــولا مـــورد نظـــر قرار می‌گیرد، مـــدل دموکـــراسی لیبرال اســـت. اما آیـــا لیبرالیســـم زمینه‌ای فراهـــم می‌آورد کـــه همهٔ اقشـــار جامعـــه، از جملـــه ملت‌هـــای تحت ســـلطه، بتوانند از آن بهره‌مند شوند؟ در بیشـــتر موارد، تعریـــف دموکراسی بـــه ســـطحی‌ترین شـــکل آن یعنی «اکثریـــت و اقلیـــت» تقلیـــل یافته اســـت. دموکـــراسی به‌عنـــوان نوعی شیـــوهٔ حکمرانی یـــا ادارهٔ امور مردم، همچون هـــر پدیدهٔ اجتمـــاعی دیگر، فراینـــدی نســـبی اســـت و نمی‌توان آن را امـــری ثابت و مطلق دانســـت. توســـعهٔ دموکـــراسی به‌مثابـــهٔ یک انقلاب دموکراتیک دائـــمی، ضرورتی اجتناب‌ناپذیر اســـت.
ژاک رانسیـر از «رسوایی دموکراتیـک» سخن می‌گویـد. امـا چـرا دموکـراسی بایـد رسـواکننده باشـد؟ به بـاور او، زیرا ادامـهٔ حیات دموکـراسی در گـرو فاصله گرفتن همیشـگی از وضـع موجود، عبور مـداوم از اشـکال نهادمنـد و گسـترش افـق امر جمعی است. بایـد برابری را در بوتـهٔ آزمایـش آزادی قـرار داد. به همین دلیل اسـت کـه در دموکـراسی، مرزهای نامطمئـن سیاسـت و اجتمـاع دگرگـون می‌شـود و بـا تعـدی مالکیـت خصوصی و دخالـت دولـت در عرصه‌هـای عمومی و دارایی‌هـای مشـترک مقابله می‌شـود.
در نهایـت، تکیـه بـر دموکـراسی بایـد بـه افزایـش دائـمی و فراگیـر برابـری و دسترسی به حقوق شـهروندی بینجامد.
از همیـن روسـت کـه رانسیـر می‌گویـد: «دموکـراسی، دموکـراسی نیسـت مگر آن‌کـه تـا پایـان، رسـواکننده باشـد.» منظـور او آن اسـت که دموکـراسی باید پیوسـته در معـرض نقـد و اصلاح قـرار گیـرد تـا بتوانـد ارتقـاء یابد.
اوجـالان نیـز می‌گویـد: «دموکـراسی همچـون گیـاهی اسـت کـه همـواره بـه آبیـاری (آمـوزش) نیـاز دارد.» در واقـع، بـدون آزادی سیـاسی یـا دموکـراسی سیـاسی، بحـث از دموکـراسی اجتماعی دشـوار خواهـد بـود. پیش‌شـرط دموکـراسی اجتمـاعی، برخـورداری از آزادی سیاسی اسـت. در شـرایط کنـونی، دسـتیابی بـه دموکـراسی سیـاسی زمینهٔ تحقق دموکـراسی اجتمـاعی را فراهـم می‌کنـد. بـا ایـن حـال نبایـد فرامـوش کـرد کـه آزادی سیـاسی نیـز پایـان راه نیسـت. زنده‌یـاد دکتـر قاسـملو نیـز همـواره بـر ایـن نـکات تأکیـد داشـت.
بـــرای آن‌کـــه دموکـــراسی معنایِ واقـــعی پیـــدا کنـــد، بایـــد عمیقا با آنچـــه ســـاختار قدرت را شـــکل می‌دهد، درگیر شـــود. اگـــر اقتصاد بر سیاســـت و اجتماع غلبـــه یابد و مهار نشـــود، قـــدرت دموکراتیک چه معنایی خواهد داشـــت؟ وندی براون، متفکر آمریـــکایی، می‌پرســـد: «چه چیـــز خیال‌پردازانه‌تـــر از این تصور اســـت که یک اقتصاد جهانی‌شـــده، بـــا تمـــامی تأثیراتـــش بـــر زندگی اجتمـــاعی، سیـــاسی، فرهنـــگی و

زیست‌محیطی، تابع قواعد سیاسی دموکراتیک یا حتی هر قاعدهٔ سیاسی دیگری باشد؟»
در مجموع، برای تحقق هرچه بیشتر دموکراسی، علاوه بر قدرت دولتی، باید سرمایه و همچنین مجموعه‌ای از قدرت‌های هنجاری کمتر اقتصادی را نیز مد نظرَ قرار داد. با این حال، در تاریخ تاکنون تجربه‌ای موفق از دموکراتیزه‌سازی واقعی ثبت نشده است. به همین دلیل، برای حفظ ایمان به دموکراسی سیاسی به‌مثابه تحقق آزادی انسان، باید آگاهانه از قدرت‌هایی فاصله گرفت که در برابر دموکراتیزاسیون مصون مانده‌اند؛ قدرت‌هایی که تاکنون در هیچ الگویی از دموکراسی به‌طور جدی مورد نقد، نظریه‌پردازی یا مهار قرار نگرفته‌اند. به قول وندی براون، نمی‌توان گسستی آشکارتر از این میان «دموکراسی» و انحصار آن تصور کرد.

در علم سیاست، تعریف مشترک و جامعیِ از دموکراسی وجود ندارد. عموماً، انتخابات آزاد، رقابتی و دوره‌ای را شاخص دموکراسیِ می‌دانند؛ اما این تعریف، صرفاً به تغییر چهره‌ها در هیئت حاکمه بدون کوچک‌ترین تغییر در محتوای قدرت منجر می‌شود. حکومتی که از حقوق اقلیت‌های قومی ــ یا به بیان دقیق‌تر، ملت‌های تحت سلطه ــ حمایت نکند و «حق جدایی» را به رسمیت نشناسد و اجرا نکند، به هیچ عنوان دموکراتیک نیست. یکی از مهم‌ترین شاخص‌هایی که برای سنجش دموکراتیک‌بودن یک کشور به کار می‌رود، به رسمیت شناختن «حق تعیین سرنوشت» برای ملت‌های تحت ستم است.

دموکراسی لیبرال، دموکراسی وکالتی است، حال آن‌که مشارکت، بنیان سیاست دموکراتیک است. دموکراسی مشارکتی، که از آن به‌عنوان درس نخست در مدرسهٔ دموکراسی یاد می‌شود، توان آن را دارد که شهروندانی مسئول از طریق تعامل و توانمندسازی تربیت کند. دموکراسی اکثریت‌محور، افزون بر آن‌که تهدیدی برای حقوق اقلیت‌هاست، موجب افت کیفیت تصمیم‌گیری نیز می‌شود. این مسئله، به‌ویژه در کشورهایی که در آغاز راه دموکراتیک‌سازی هستند، بسیار چالش‌برانگیز است.

دانیل بن سعید، فیلسوف و مبارز فرانسوی، معتقد است که اکثریت عددی با حقیقت نسبتی ندارد و فاقد ارزش اثباتی است. اکثریت می‌تواند بر اساس توافق، به بحثی پایان دهد، اما پرونده اعتراض همچنان باز می‌ماند: پرونده اقلیت امروز در برابر اکثریت امروز؛ پرونده فردا در برابر امروز؛ مشروعیت در برابر قانون‌مداری؛ اخلاق در برابر حقوق. بدیل رادیکال برای اصل اکثریت، قرعه‌کشی است که گاه به‌عنوان آخرین راه‌حل مطرح می‌شود.

بنابراین، هیچ منطق قابل قبولی وجود ندارد که ترجیحات اکثریت را از اساس عقلانی‌تر بدانیم. ملت کرد در چهار کشور، به‌ویژه در ایران و ترکیه، تجربه‌های تلخی در این زمینه دارند. در بسیاری از جوامع، ممکن است اقلیت‌ها نخبه‌تر از اکثریت باشند. از این‌رو، باید سازوکارهای تصمیم‌گیری دیگری نیز

وجود داشته باشد که نظرات اقلیت را به‌درستی تنظیم و تعدیل کند. نظریه‌های مشارکتی و شورایی، در واقع فضاهایی را برای تبادل استدلال و شکل‌گیری تعاریف مشترک از خیر عمومی فراهم کرده‌اند؛ تعاریفی که مبنای مشروعیت مردمی تصمیمات قرار می‌گیرند.

در اینجا، مشروعیت و کارایی تصمیم‌ها نه بر پایه کمیت، بلکه بر اساس کیفیت فرآیند تصمیم‌گیری استوار است. شهروندان از طریق ارتباط با یکدیگر، شناخته‌شدن و شناسایی دیگری، می‌توانند استدلال‌های متفاوت را درک کنند و آن‌ها را با معیارهای عدالت بسنجند. ارتباطات نه‌تنها با فراهم‌کردن امکان تعامل میان متخصصان، راه را برای تدوین راه‌حل‌های بهتر هموار می‌سازد، بلکه درک افراد را از اولویت‌های خود نیز دگرگون می‌سازد و نگرانی‌های شخصی و مادی را کمرنگ‌تر و دغدغه‌های جمعی را برجسته‌تر می‌کند.

مشارکت و مشورت، از ویژگی‌های اصیل دموکراتیک‌اند که در تعارض با دموکراسی مبتنی بر نمایندگی و تصمیم‌گیری اکثریت قرار می‌گیرند. این ویژگی‌ها در عین حال، بخشی از تعادل ناپایدار مدل‌های مختلف و نمونه‌های نهادی دموکراسی به‌شمار می‌روند. قرارداد در این میان، تعهدی دوطرفه بر پایه آزادی انتخاب است.

تجربهٔ تاریخی بشر نشان داده است که دموکراسی در سایهٔ سلطه سرمایه‌داری، که با استثمار انسان از انسان همراه است، نمی‌تواند شکوفا شود. انباشت ثروت‌های بزرگ و مالکیت ابزار تولید مدرن، نه حاصل تلاش فردی، بلکه نتیجهٔ بهره‌کشی از نیروی کار دیگران است.

امروزه، بی‌تفاوتی و سرخوردگی از دموکراسی موجود، به یکی از ویژگی‌های فرهنگ سیاسی در کشورهای دموکراتیک تبدیل شده است. در نظم جهانی معاصر، هیچ نهاد رسمی دولت‌ها را کنترل نمی‌کند، اما دولت‌ها تحت تأثیر شبکه‌ای از نیروهای غیررسمی و قدرتمند قرار دارند که به درون ساختار سفت و سخت دولت‌ها نفوذ می‌کنند. این وضعیت هم در مرزهای ملی و هم در سطح بین‌المللی صدق می‌کند. دولت‌ها ظرفیت‌های متفاوتی برای تأثیرگذاری بر نهادهای بین‌المللی‌ای دارند که خود بخشی از آن هستند.

سودهای غیر اخلاقی، نابرابری‌های فاحش درآمدی، افزایش بیکاری و به حاشیه‌راندن توده‌های فقیر، از پیامدهای دموکراسی لیبرال و نئولیبرال‌اند. در مقابل، دموکراسی مشارکتی و شورایی، شهروندان را در بستر فعالیت مدنی و در قالب شیوه‌ای از تفکر جمعی تربیت می‌کند و موجب پویایی اجتماعی می‌شود. هرچه مشارکت بیشتر باشد، توانمندی افراد برای مشارکت نیز افزایش می‌یابد. افزایش مشارکتِ گروه‌های به‌حاشیه‌رانده‌شدهَ برای طرح مسائل نو و اساسی در سپهر سیاست، ضرورتی انکارناپذیر است.

در دموکراسی، بخشی از اعمال قدرت در جهت جلوگیری از طرح مسائل حساس مربوط به منافع گروه‌های قدرتمند صورت می‌گیرد. تصمیمات کلان و استراتژیک، اغلب در جلسات محرمانه اتخاذ می‌شوند؛ در حالی که جلسات عمومی به مسائل بی‌اهمیت‌تری اختصاص می‌یابد و هیچ تصمیمی در خصوص تضادهای اصلی اتخاذ نمی‌شود.
از این رو، افزایش مشارکت گروه‌های به‌حاشیه‌رانده‌شده برای طرح مسائل مهم و تازه در سپهر سیاسی حیاتی است. اقلیت‌ها و گروه‌های قومی در برابر مدعیان دموکراسی ــ که سابقه درخشانی در این زمینه ندارند، باید آگاهانه و جدی ایستادگی کنند.
دموکراسی مشارکتی بر خودسازمان‌دهی شهروندان تأکید دارد. مشارکت گروه‌های به‌حاشیه‌رانده‌شده ابزاری برای کاهش نابرابری‌هاست، چرا که حوزهٔ عمومی دموکراتیک باید سازوکارهایی فراهم آورَد که صدای ستمدیدگان و دیدگاه‌های آنان را به رسمیت شناخته و بازنمایی کند.

## استراتژی ملل ایران، نقش و جایگاه آنان در آیندهٔ ایران

صرف‌نظر از مواضع دولت مرکزی در قبال حقوق اساسی ملل ایران، اپوزیسیون مخالف تئوکراسی حاکم بر ایران معاصر نیز، در خصوص حقوق و آیندهٔ ملل، تفاوتی با رژیم پهلوی و حاکمیت مذهبی ندارد. این جریان‌ها دارای نگرش‌هایی ارتجاعی‌اند و موضوع تجزیه را همچون شمشیر داموکلوس بر سر ملل ایران آویزان کرده‌اند. آنان یا از تعریف حقوق ملت‌ها در کشوری چندملیتی عاجزند، یا اصولاً این مسئله در نگرش‌شان جایگاهی ندارد. مواضع بیشتر آن‌ها در خصوص حقوق ملل در ایران، غیر اصولی، گنگ، مبهم، فاقد استراتژی روشن، و مغایر با مبانی حقوق بشر و جامعه دموکراتیک است. آنان نه توان درک و نه ظرفیت تحمل هیچ سطحی از دموکراسی را دارند.
در هر بحثی مرتبط با این موضوع، نسبت به مفاهیم و اصطلاحاتی همچون ملت، ملل، «حق تعیین سرنوشت»، جنبش ملی رهایی‌بخش، خودمختاری، فدرالیسم، کنفدراسیون، یا فدراسیون، به‌ویژه اگر از سوی ملت کرد مطرح شود، با عصبانیت، هراس و حساسیت شدید واکنش نشان می‌دهند و به هیچ‌وجه حاضر به پذیرش این واقعیت نیستند که ایران سرزمینی با تفاوت‌ها، فرهنگ‌های گوناگون و قومیت‌های متنوع است. حتی آموزش به زبان مادری را برای ملل ایران غیرقابل‌قبول می‌دانند و منکر وجود نمونه‌های مشابه در جهان می‌شوند.
ملت‌هایی که خود به زندگی آزاد و استقلال عادت نکرده‌اند، عادت‌دادن آنان به مبارزه برای دستیابی به آزادی، کاری است دشوار. کسانی که آزادی را تجربه نکرده‌اند، نمی‌توانند آزادی دیگران را درک یا تحمل کنند.
در جهان امروز، ابزار موفقیت، نه پیروزی بر نهادهای رسمی دولت، بلکه غلبه بر عادات و باورهای کهن مردمان است.
تمام این سفسطه‌ها و مغالطه‌ها، در بهترین حالت، تلاشی است برای تضعیف مشروعیت مبارزات ملل تحت سلطه در ایران و سایر کشورها.

دربارۀ تمامیت ارضی و انسجام اجتماعی ایران باید گفت: حفظ تمامیت ارضیِ، منوط به ایجاد جامعه‌ای واقعا دموکراتیک است. دیگر نمی‌توان در بندگی دیکتاتورها زیست. قرار نیست همواره تحت سلطه قوانین تغییرناپذیر «ولایت فقیه مطلق» یا «سلطنت مطلق» باشیم. هر حرکت باید به‌سوی پیشرفت و خلق شکلی نو و متعالی‌تر باشد. بازگشت‌گرایی، برای هر ملتی، بزرگ‌ترین فاجعه است. جهان کهن هم محکوم به نابودی است و هم ارزش حفظ‌کردن ندارد. راه نجات ملل، تنها در درهم‌شکستن ساختارهای معنوی کهنه (یعنی ذهنیت حاکم) نهفته است.

نقطۀ آغاز این مسیر، آزادی فردی، آزادی مطبوعات، آزادی بیان، آزادی انجمن‌ها، سندیکاها و اجتماعات، آموزش به زبان مادری، آزادی مذاهب و فرقه‌ها، برابری حقوق ملت‌ها، «حق ملت‌ها در تعیین سرنوشت خود» و سایر حقوق دموکراتیک است. قانون اساسی هر ملت باید تضمین‌کنندۀ این موارد باشد تا از آسیب مصون بماند. هیچ جامعه‌ای نمی‌تواند بدون دگرگونی بنیادین، به اهداف خود دست یابد؛ و این تغییر، تنها از طریق جنبش عملی یا انقلاب ممکن است. آزادی را نمی‌توان قیمت‌گذاری کرد، زیرا راهی حیاتی برای رشد و تکامل است.

کسان و ملت‌هایی که خواهان حفظ وضع موجود و تداوم اسارت ملت کرد و دیگر ملل ایران‌اند، باید بدانند که، به‌قول فیلسوفان، تاریخ چون جوی روان است که نمی‌توان دو بار در آن گام نهاد؛ شکل‌های کهن دیگر تکرارپذیر نیستند. تا زمانی‌که یک ملت نتواند تمام خرافات گذشته و بازمانده‌های ایدئولوژیک نظام‌های اجتماعی کهن را جارو کند، نه به آزادی می‌رسد و نه می‌تواند حقوق دیگر ملت‌های تحت ستم را به رسمیت بشناسد. مردم تازه درک سازوکار حکومت و دولت را آغاز کرده‌اند و هنوز تجربۀ اندکی در تصمیم‌گیری‌های کلان، به‌ویژه دربارۀ روابط میان ملل در کشورهای چندملیتی و چندمذهبی دارند. نباید ذهن آن‌ها را با خرافات ناسیونالیستی مشوش کرد.

علت مخالفت امروز اپوزیسیون با فدراسیون ملل ایران، یا ناشی از درک نادرست آن‌ها از فدرالیسم است یا برخاسته از تضاد این ایده با منافعشان. دولت باید تابع ارادۀ جمعی باشد، نه حاکم بر آن.

کانت بر این باور بود که توان بالقوۀ انسان، تنها از راه تغییر نگرش فرد و پیوند دولت‌ها در قالب انواع فدراسیون‌ها محقق می‌شود. از این رو، حق حاکمیت ملت‌ها باید بر پایۀ فدراسیون دولت‌های آزاد استوار باشد. فدراسیون ملل به معنای صلح دموکراتیک و پایان نفرت‌های ملی است. صلح دموکراتیک، تنها در شرایط برابری حقوقی قابل تحقق است.

هیچ قانونی وجود ندارد که بتواند ملتی را در سراسر تاریخ، به یک شیوۀ زندگی خاص محکوم کند. دیگر همگان می‌دانند که یک

حکومت نمی‌تواند تا ابد روشی را دنبال کند که دهه‌ها یا سده‌ها پیش اتخاذ کرده است. یکی از ریشه‌های اختلاف دولت ترکیه با جنبش کرد در باکور کردستان نیز دقیقا همین موضوع است.

در واقع، «کلیت» تنها از دل «تفاوت» معنا می‌یابد. از سوی دیگر، اگر ایران‌زمین یا دیگر کشورهایی که در آن‌ها ملل بدون حقوق و تحت سلطه زیست می‌کنند، صرفا مجموعه‌ای از اجزای پراکنده بدون کلیت باشند، نه متقاعدکننده خواهند بود و نه کارآمد. به‌همین ترتیب، اگر این کشورها یکپارچه‌ای بسیط، یعنی کلیتی بدون اجزا تلقی شوند، نمی‌توانند حقیقت هستی ملت‌های خود را بازتاب دهند.

بنابراین، تنها راهی که در پایان قرن بیست‌ویکم باقی می‌ماند، به رسمیت شناختن هویت فرهنگی، قومی، تاریخی و مذهبی ملت‌های ایران و کشورهایی با وضعیت مشابه است؛ به همراه رعایت کامل حقوق سیاسی، فرهنگی، اجتماعی و اقتصادی آنان. در یک کلام: به رسمیت شناختن «حق تعیین سرنوشت» برای یکدیگر. این به‌معنای بیشترین سطح دموکراسی و کم‌ترین سطح ناسیونالیسم است. چنین راهبردی لزوما به معنای جدایی ملل نیست، بلکه تضمینی است برای رعایت حقوق، مزایا و تعهدات برابر میان همگان.

سنت‌های تاریخی گواه آن‌اند که کثرت، امری اجتناب‌ناپذیر است. کلیتی که اجزایش را به رسمیت نشناسد، به حیات تک‌بُعدی محکوم است و سرانجام دچار فروپاشی خواهد شد. کشورهای خاورمیانهٔ معاصر، و به‌ویژه دولت‌هایی که بخش‌هایی از کردستان را اشغال کرده‌اند، باید چنان گسترش یابند که بتوانند سنت‌های تاریخی، اجتماعی، قومی، فرهنگی، سیاسی، زبانی، مذهبی و... را در بر گیرند. تنها در این صورت است که می‌توان احساس تعلق ملت‌ها را به این سرزمین‌ها تقویت کرد. نگاه تک‌بُعدی به ملت‌ها با عناوینی چون اقلیت مرزی، قومی، عقیدتی، مذهبی و... بازتاب نگرشی استعماری، تفرقه‌افکنانه و شوونیستی است.

در ایران، هنوز هم بسیاری از روشنفکران، دگراندیشان و نیروهای سیاسی یا قادر به درک این واقعیت نیستند یا مایل به پذیرش آن نمی‌باشند که رعایت حقوق دموکراتیک ملت‌ها امری غیرقابل مذاکره است؛ حقی که باید از پیش به رسمیت شناخته شود. حمایتی که از یک حق به‌دست صاحب آن صورت می‌گیرد، قابل مذاکره یا صرف‌نظر کردن نیست. یک حق یا از طریق چشم‌پوشی داوطلبانه از آن، و یا از طریق تبدیل به حقی دیگر پایان می‌یابد. حق ملت‌هایی مانند کردها، آذری‌ها، بلوچ‌ها، عرب‌ها، فلسطینی‌ها و... به حق صیانت نفس یا «مقاومت برای بقا» مربوط می‌شود.

اصول دموکراتیک، به‌جز ارزش ذاتی و مستقل خود، به چیز دیگری نیاز ندارند. اگر این اصول معتبر

و صحیح باشند، خود را حفظ و تقویت خواهند کرد. اما اگر حفظ آن‌ها وابسته به قدرت اشخاص، نظامیان یا احزاب باشد، ارزش‌شان محل تردید است. کسانی یا نیروهایی که تنها برای منافع حزبی به مطالعه اصول دموکراسی می‌پردازند، هرگز به معنای واقعی «ملت» نیندیشیده‌اند. ملت‌ها در چنین سیاستی چیزی نمی‌یابند که توجه‌شان را جلبِ کند.

وظیفهٔ حکومت‌ها صرفاً تدوین و اجرای قانون است. هیچ عذر و بهانه‌ای در این خصوص پذیرفته نیست.

تمامی تلاش جنبش کرد، پایان‌دادن به میلیتاریسم، اشغالگری، قوانین آهنین و تغییرناپذیر، استثمار و انواع نابرابری اجتماعی و سیاسی، و دستیابی به «دولت آزاد» در برابر دولت مستبد است. منظور از دولت آزاد، دولتی است که از شکل تحمیلی ــ نظیر آنچه بر کردستان تحمیل شده ــ به ارگانی تحت سلطهٔ کامل جامعه تبدیل شود. به گفتهٔ فلاسفه، دولت‌ها تنها به‌اندازه‌ای آزادند که توانسته باشند «آزادی دولت» را محدود سازند.

اپوزیسیون ایرانی، به‌ویژه در خارج از کشور، تشکیل ائتلاف علیه جمهوری اسلامی را مشروط به اعلام پایبندی احزاب کردستانی به تمامیت ارضی کرده‌اند. آنان معتقدند تا زمانی‌که توافقی بر سر روایات واقعی از تاریخ ایران، به‌عنوان یک واحد بنیادین ملی و اجتماعی حاصل نشود، نمی‌توان بحثی مؤثر درباره لزوم به رسمیت‌شناختن جایگاه کثرت‌ها داشت. آنانی که خود را متولی کثرت‌ها می‌دانند، برای مشارکت در گفت‌وگوی ملی، ابتدا و بی‌قید و شرط باید «وحدت ملی» را بپذیرند.

این یک تهدید است علیه ملل تحت سلطه در ایران، و به‌طور خاص علیه ملت کرد. از منظر فلسفی، تاریخی و هستی‌شناسی، نخست باید اجزایی وجود داشته باشند تا بتوان دربارهٔ کلیت آن‌ها بحث کرد. هر مرکبی از عناصر بسیط شکل می‌گیرد؛ بنابراین ابتدا باید عناصری وجود داشته باشد تا ترکیبی پدید آید. از این‌رو، اجزا مقدم بر کلیت‌اند.

تا زمانی که تیره، طایفه و قبیله در تاریخ باستان شکل نگرفته بودند، اتحادیه قبایل به‌عنوان نهادی انسانی و بنیان شکل‌گیری دولت به‌وجود نیامده بود. تیره، قبیله و سپس اتحادیه قبایل، مراحل ضروری و منطقی در روند رشد ایدهٔ حکومت به‌شمار می‌آیند. در یک جامعهٔ تیره‌ای، اتحادیه‌ای از قبایل بدون وجود همان قبایل که پایه‌های آن‌اند ممکن نبود. ملت نیز زمانی شکل گرفت که چند قبیله تحت حاکمیت واحد با یکدیگر ائتلاف یافتند. در واقع، اتحادیهٔ قبایل نزدیک‌ترین شکل به مفهوم ملت است.

هرگونه گذار به سوی حاکمیتی مبتنی بر پلورالیسم، از مسیر انتخابات آزاد و عادلانه، نیروی اصلی خود را از جنبش‌های ملی-محلی کسب می‌کند. نباید هویت سیاسی بنیادی ملت‌ها را زیر سؤال برد. مسئلهٔ ملی، به‌عنوان هویتی تغییرناپذیر، باید پیش از هر تغییر سیاسی حل‌وفصل

شده باشد. در جوامع چندفرهنگی یا چندملیتی، این مسئله ممکن است با دشواری‌هایی همراه شود.

در کشورهایی مانند ترکیه، سوریه، عراق و ایران که رقابت حزبی و گروهی بر اساس تفاوت‌های فرهنگی، قومی یا مذهبی شکل می‌گیرد، این رقابت‌ها اغلب به مبارزه‌ای انحصارطلبانه تبدیل می‌شوند که در جهت منافع یک گروه فرهنگی خاص بوده و به زیان کلیت جامعه خواهد بود. چنین منازعاتی در نهایت به این پرسش ختم می‌شود که: کدام گروه «ملت» را شکل می‌دهد؟ و در درون ملت، کدام گروه است که شایستگی تشکیل دولت را دارد و چه سیاستی را باید در پیش گیرد؟

سیاست غالب دولت‌های حاکم بر مردم کرد، در شرایط کنونی، بر مبنای انکار و به حاشیه‌راندن استوار است. این رویکرد نه‌تنها موجب عقب‌ماندگی و محرومیت برای مردم کرد شده، بلکه تمام جامعه از آن زیان می‌بینند. از این‌رو، حل مسئلهٔ بنیادین ملت‌های تحت ستم، برای هر کشوری که از ترکیب قومی و فرهنگی همگن برخوردار نیست، ضرورتی اجتناب‌ناپذیر است.

وضعیت کنونی کردستان، بدون هرگونه قرارداد اجتماعی یا توافق اصولی با مردم کُرد است. میلیتاریزه‌بودن آن، نشانگر وضعیت اشغال است و جنبش آن، جنبشی ملی برای رهایی است. هیچ‌یک از قوانینی که از سوی اشغال‌گران بر کردستان تحمیل شده‌اند، برآمده از ارادهٔ مردم کرد نیستند؛ و این خود گویاترین نشانهٔ وضعیت استبدادی است که ملت کُرد در آن به سر می‌برد.

اساساً، بحث از آزادی یک ملت، در شرایطی که سرزمینش در اشغال است، بی‌معناست. آزادی، در شرایط اشغال، ممکن نیست؛ زیرا ملتی که تحت اشغال باشد، نمی‌تواند ویژگی‌های هویتی خود را آشکار و متجلی سازد. در این زمینه می‌توان گفت: یک قوم یا ملت زمانی در صحنهٔ تاریخ موفق خواهد بود که بتواند تمامی ویژگی‌های شخصیتی خود را به شکلی هماهنگ و کامل بروز دهد. این یعنی دین، اخلاق، فرهنگ، زبان، ادبیات، سیاست، اقتصاد و قدرت نظامی آن ملت باید سازگاری و انسجامی درونی داشته باشند. اما ملتی که سرزمینش در اشغال است، از تمام این ابعاد محروم می‌ماند.

اگر آزادی را در یک توالی تاریخی شامل آزادی ملی، آزادی سیاسی، آزادی مدنی و آزادی انسانی بدانیم، آنگاه برای ملت کُرد، با توجه به شرایط خاصش، رهایی ملی پیش‌شرط دستیابی به سایر آزادی‌ها خواهد بود. بر این اساس، دستیابی به هر نوع آزادی، در وهله اول مستلزم شناخت شکل‌های گوناگون بردگی است.

اساس حاکمیت دولت‌های اشغالگر بر کردستان، بر نوعی سلطهٔ قهرآمیز و مبتنی بر تقسیم غالب-مغلوب استوار است؛ این حاکمیت بر بنیان تهاجم مسلحانه به کردستان شکل گرفته است. دولت‌هایی که در وضعیت توحش به‌سر می‌برند، همیشه در حال جنگ با مردم خود هستند. آن‌ها موهبت‌های

زندگی در جهان متمدن را نابود می‌کنند تا بخش غیرمتمدن را به اوج بربریت و ویرانی بکشانند.

ملل ایران، برای تحقق وظیفهٔ حیاتی بقای خود، تمامیت ارضی و وحدت ملی، باید با رعایت حقوق، مزایا و تعهدات برابر، و با به رسمیت شناختن «حق تعیین سرنوشت» برای یکدیگر، راه همزیستی در این جهان بحرانی پیش‌رو را هموار سازند؛ تا تمرکزگرایی انگیزه‌های خود را از دست بدهد و نیروهای اخلاقی مبتنی بر انتخاب و داوری فردی، بتوانند در میانه تحریف و تباهی دوباره قدرت‌مند شوند.

اکنون باید پذیرفت که با بازآفرینی اشکال منسوخ و کهنهٔ سازماندهی تحت عناوینی همچون «اصلاحات»، یا با روش‌های شورشی تجربه‌شدهٔ پیشین، نمی‌توان به آزادی و رفاه رسید. میراثی که بنیادگرایی مذهبی، اجتماعی و سیاسی برای خاورمیانهٔ نوین به‌جای خواهد گذاشت، چیزی جز خاطره‌ای تلخ از بدبختی، هذیان‌های سیاسی، نفرت، خشونت و جنایاتی نخواهد بود که به نام خدا یا خدایان مرتکب شده‌اند.

جنبش ملل ایران، همچون گیاهی صحرایی، فصل‌ها و حتی سال‌ها در سکوت و رکود زیسته، اما چشم‌به‌راه بارانی است تا دوباره سبز شود و بارور گردد.

# ”ڕوانگە“

# دوکتور قاسملوو و چەپ لە کوردستاندا:
# سۆسیالیزم بەرەو کوێ دەڕوا؟

**فاتح سەعیدی**

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم بە ئاوڕدانەوە لە مێژووی سازبوونی سیاسەتی چەپ و ڕاست، بەتایبەت لەنێوان حیزبەکانی ڕۆژاوای ئەورووپادا، باس لەو گۆڕانکارییانە بکەم کە بەسەر چۆنیەتیی جێبەجێکردنی فەلسەفەی سۆسیالیزمدا هاتووە. هەروەها بە سەرنجدان بە بەشێک لەو حیزبانە، ئەو بابەتە شی دەکەمەوە کە چۆن لە دەیەی ١٩٨٠ تا ٢٠٢٠ حیزبەکان لە هەر دوو بەرەی چەپ و ڕاستدا بەرەو ناوەندی شەبەنگی سیاسی ڕۆشتوون. لە درێژەدا باسی ڕوانگەی دوکتور قاسملوو بۆ سۆسیالیزمی دێموکراتیک و چۆنیەتیی چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوەیی، چینایەتی و سیاسی دەکەم. هاوکات لەمپەرەکانی بەڕێوەبردنی بەرنامەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە دەیەی ١٩٨٠ لە فەڕانسە شرۆڤە دەکەم و ڕێکارەکانی حکومەتی میتێران بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە نیشان دەدەم. لە کۆتاییدا، بە سەرنجدان بە دۆخی هەنووکەییی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، توانای جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی سۆسیالیستی شرۆڤە دەکەم.

## پێشەکی

بیری چەپ کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر دنیای سیاسی-کۆمەڵایەتیی کورد هەبووە و ناوبەناو مشتومڕێکی لەمێژینە سەبارەت بە بابەتی چەپ و ڕاست لەناو چالاکانی سیاسیی کوردستاندا دەوروژێتەوە. بۆ دوورکەوتنەوە لە گرژییەکانی ڕابردوو، لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم ئاوڕ لە ئەندێشەی یەکێک لە شوێندارەکانی سیاسەتی چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو بدەمەوە، هەروەها بە سەرنجدان بە دۆخی ئێستای پرسی چەپ لە جیهاندا، بیر لەوە بکەمەوە کە سۆسیالیزم بۆ ئێستاکەی پرسی کوردستان و کورد چی پێیە. باسکردن لەم ئیمکانە هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە یەکێک لە ڕێگەکان بۆ پەرەپێدان بە ئەندێشەی دوکتور قاسملوومان بۆ تاقی دەکاتەوە، دەتوانێ دەلاقەیەکی نوێ بێ بۆ ئەوەی کە چۆن دەکرێ ئەم ڕوانگەیە بۆ مەبەستی ڕزگاری بەکار بێت.

جێی ئاماژەیە لە ساڵانی ڕابردوودا و بەتایبەت دوای ١٩٩١، زۆربەی کات دابەشکاریی دنیای هزر و دووانەی چەپ و ڕاست بەو شێوەیە بوو کە چەپ وەک ناکۆکییەکی نەساز بۆ چارەسەریی پرسی نەتەوەیی سەیر کراوە، بەڵام لایەنگرانی ئەم بیرۆکەیە نیشانیان نەداوە کە مەبەستیان لە کامە چەپە و لەبەرانبەردا چ بیرۆکەیەک دەتوانێ بە ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەییمان بگەیەنێت. بەشێک لەو ناکۆکییانە بۆ چەند دەیە لەمەوبەر دەگەڕێتەوە کە بەشێک لە حیزبەکانی وەک شیوعی و کۆمەڵە، بیری ناسیۆنالیزمی کوردیان (کە حیزبی دیکەی وەک پارتی و حدکا پشتگیرییان لێ دەکرد)، وەک نوێنەری بورژاوازی پیشان دەدا و لەسەر ئەوە سوور بوون کە ئەم تێگەیشتنە خۆی دەبێتە هۆی چەوساندنەوە. تەنانەت، کاتێک مارکسیزمی کلاسیک بە چاویلکەی جیهان سێیەمیی کەسانێک وەک مەنسوور حیکمەتەوە سەیر دەکرا، ئەم گرژییە تۆختر دەبوویەوە و مەخابن جاروبار ئەنجامەکەی دەبووە دژایەتی لەگەڵ سەروەریی نەتەوەییی کورد. لەم بەستێنەدا، دوکتور قاسملوو هەر لە دەیەی ١٩٧٠وە هەوڵی دا ئەم گرژییە چارەسەر بکا و پرسی نەتەوەیی لەگەڵ سۆسیالیزمی دیموکراتیدا بگونجێنێ. ئێستاش لە لایەکەوە، هەندێک لایەنی چەپی ڕادیکاڵ لە فۆرمی برایەتیی گەلان و ئانارشیزمدا هەر جۆرە سەروەرییەکی نەتەوەیی (لە چوارچێوەی فیدراڵیزم یان سەربەخۆیی) و بەدەستەوەگرتنی دەوڵەت ڕەت دەکەنەوە، و لەلایەکی دیکەشەوە بەشێک لەوانەی بەرگری لە مافی نەتەوەیی دەکەن، پێیان وایە ڕێگەچارە ئەوەیە هەر باسی چەپ نەکرێ. ئەم تێروانینە هەندێک جار بە کاریگەری وەرگرتن لە دەسەڵاتی حیزبی پارتی لە باشووری کوردستان گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە چی تر کورد پێویستی بە ڕوانگەی چەپ نەماوە.

بۆ لێکدانەوەی پرسی چەپ و سۆسیالیزم، لە دەستپێکدا باشترە ئاماژە بە میتۆدی شیکردنەوەی ئەم وتارە بدەم. لە کاتێکدا زۆربەی مشتومڕە هزری و سیاسییەکان زیاتر بۆ لایەنی دەرهەست و ڕەخنەی فەلسەفی دەگەڕێنەوە، من زیاتر دەمەوێ بزانم پرسی چەپ بەشێوەیەکی زیندوو چۆن لەناو حیزبە سیاسییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. ئەم بەرجەوەندە هزرییە ڕێگەمان پێ دەدا بزانین کە چۆن ئایدیۆلۆژییەکان خۆیان لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیدا دەگونجێنن، بەشێوەیەکی ستراتێژیک بابەتەکان لێک دەدەنەوە و ڕوانگەی خۆیان بەکردەوە ڕێک دەخەنەوە. هەر بۆیە

سەرەتا بەپوختی نیشانی دەدەم ١ کاتێک لە پانتایی سیاسیی ڕۆژاوادا، باسی چەپ و ڕاست دەکەین، مەبەستمان چییە و لە ئەنجامدا ٢ ئێستاکە دۆخی چەپ و ڕاست چۆنە؟ دواتر لەگەڵ ئەوەی ڕوانگەی بەشێک لە حیزبە بەناوبانگەکانی ڕۆژاوای ئەورووپا لەگەڵ دوو حیزبی پارتی و حدکا بەراورد دەکەم، باس لەو گۆڕانکارییانە دەکەم کە لە دەیەی ١٩٨٠ تاکوو ئێستا بەسەریاندا هاتووە. دوابەدوای ئەمە ٣ شرۆڤەیەک لە ڕوانگەی دوکتور قاسملوو سەبارەت بە پرسی چەپ و سۆسیالیزم بەدەستەوە دەدەم کە بنەمای ئایدیۆلۆژیی حدکای ساز کردووە و ٤ بەپێی گۆڕانکارییەکانی جیهان باس لەوە دەکەم سۆسیالیزمی دیموکراتیک چی بۆ ئێستا و داهاتووی کوردستان پێیە.

## چەپ و ڕاست لە کەیەوە سەری هەڵداوە؟

چەمکی چەپ و ڕاست وەک پۆلێنبەندییەکی سیاسی، دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی فەرانسە لە ساڵی ١٩٧٨. لە ئەنجومەنی نەتەوەییی ئەو سەردەمەدا، لایەنگرانی گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ داوای هەڵوەشانەوەی پاشایەتی و نەهێشتنی ئیمتیازەکانی فیۆداڵەکانیان دەکرد و لە لای چەپی تالارەکەوە دادەنیشتن و لە هەمان کاتدا ئەوانەی بەرگریان لە پاشایەتی، ئەریستۆکراسی (چینی خانزادەکان)، و کلێسەی کاتۆلیکی ڕۆما دەکرد، لە لای ڕاست دادەنیشتن. دوابەدوای ئەمە و بەشێوەی سیمبولیک جیاوازییەکی ئایدیۆلۆژیک و دابڕانێکی سیاسی ساز بوو کە تیایدا چەپبوون بە مانای بیرێکی پێشکەوتووخواز دێ بە مەبەستی یەکسانی، پشتگیری لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکا. هەروەها ڕاسترەوی، لایەنگری لە مانەوەی نەزمی هەنووکەیی، پارێزگاری لە نەریتەکان، و سیستەمی هیرارشی (پلەبەندی؛ بەپێی پلە و پایە) دەکا.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا و کاتێک ئایدیۆلۆژیی سیاسیی نوێ ساز بوون، هەر دوو چەمکەکە گۆڕانکارییان بەسەردا هات. چەپی سیاسی بەرەبەرە خۆی وەک بەرگریکاری مافی کرێکاران، دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەی سامان، و دژایەتی لەگەڵ چەوساندنەوە و سەرمایەداری پێناسە دەکرد. ئەم جۆرە بیرکردنەوە سەرنجی زۆر لایەنی بەرەو خۆی ڕاکێشا، لە ڕیفۆرمیستە لیبراڵەکانەوە بگرە تا مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان. لە هەمان کاتدا، ڕاستەکان بەرەو داکۆکیکردن لە سیستەمی پاشایەتی، مەحافزەکاری، و نەریتی ئایینی و نەتەوەیی هەنگاویان دەنا. لە سەدەی بیستەمدا، بەتایبەت لە دوای شۆڕشی ١٩١٧ی ڕووسیا، چەپ گرێدراوی بزووتنەوەی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی بوو، و ڕاست بە مانای مەحافزەکاریی دیموکراتیک و هەندێک جار تەنانەت ڕژیمە سەرەڕۆکانی وەکو ڕژیمە فاشیستییەکانیشی لەخۆ دەگرت. جەنگی دووەمی جیهانی زیاتر لە جاران دنیای سیاسەتی بەرەو دوو جەمسەریبوون برد و تیایدا وڵاتی ئامریکا و هاوپەیمانەکانی خۆیان وەک لایەنگری لیبراڵ دیموکراسی (ناوەند – ڕاست) پێناسە دەکرد، و یەکیەتیی سۆڤییەت و هاوپەیمانەکانی پەرەیان بە کۆمۆنیزم و خەباتی چینایەتی (چەپ) دەدا.

جێی ئاماژەیە هەندێک جار لایەنە فاشیستییەکان بە ڕواڵەت نیشانی دەدەن کە سیاسەتی ئابووریی سۆسیالیستی پەیڕەو دەکەن (بۆ وێنە لە سەردەمی موسۆلینی لە ئیتالیا) و هەر بۆیەش بەشێک لە توێژەران فاشیزم وەک ڕێگەیەکی سێیەم لە دەرەوەی دووانەی سەرمایەداری و سۆسیالیزمەوە سەیر دەکەن. بەڵام ئەم شێوازە وەک زەرەسۆسیالیزم دەناسرێ، چونکە لە بنەڕەتدا فاشیزم باوەڕی بە یەکسانیی مرۆڤەکان نییە و سیستەمی ئابووریی بۆ زاڵبوونی

دەستەبەژێر و نوخبەیەک لە حکومەتدا قۆرغ دەکا. هەڵبەت هیچ کات پۆلینبەندیی چەپ و ڕاست نەگۆڕ نەبووە و لە بەستێنی مێژوویی و ناوچەییی جیاوازدا مانای جۆراوجۆریان بۆ ساز کراوە. لە هەندێک قۆناغدا کێشەی ئابووریی، دابەشکارییەکەی تۆخ کردووەتەوە و لە سەردەمانێکدا لایەنی کولتووری و ئایینی کاریگەریان داناوە. بەڵام بە هەموو ئەمانەشەوە جیاکاریی نێوان چەپ و ڕاست چوارچێوەیەکی بۆ تێگەیشتن لە ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکان و حیزبەکان لە جیهاندا ساز کردووە.

## چەپ و ڕاست لە دنیای ئەمڕۆدا

چەپ و ڕاست لە ئێستادا دووانەیەکی تۆکمە و سەخت نین و هەندێک جار بە لای یەکدا دەچەمێنەوە و بەپێی مژارەکانی دابەشکاریی ئابووریی، هیرارشی و دەسەڵات، بایەخی کولتووری، ناسنامە، و دەوری حکومەت لە بازاڕدا ڕوانگەکانیان لێک دوور و نزیک دەبنەوە. لە تیۆریی سیاسی زۆربەی کات دابەشکاریی چەپ و ڕاست وەکو پێکهاتەیەکی بنەڕەتی بۆ ڕێکخستنی ئایدیۆلۆژیی سیاسی سەیر دەکرێ. کاکڵی ئەم دابەشکارییە پەیوەندی بە مشتومڕێکی فەلسەفی لەسەر یەکسانی و هیرارشییەوە هەیە. لایەنی چەپ بەگشتی گرنگی بە بایەخی یەکسانی دەدا و بەرژەوەندیی بەکۆمەڵی لەلا گرنگترە تا هیی تاک؛ پێی وایە حکومەتەکان دەبێ لە بەرژەوەندیی خەڵکدا دەست لە بازاڕ وەربدەن. هەر بۆیە ڕەخنە لە پێکهاتەکانی دەسەڵات (ئابووریی، سیاسی و کولتووری) دەگرن و بە شوێن ئەوەدان کە لە پێناوی بەرنامەیەکی یەکسانیخوازدا یان بیگۆڕن یان چاکسازی تێدا بکەن. لایەنی ڕاست پێداگری لەسەر سەقامگیری، نەریت و بەرپرسیارەتیی تاک (لەجیاتیی گرنگیدان بە کۆمەڵگا) دەکا، هەر بۆیە بەرگری لە دامەزراوە سەقامگیربووەکانی ناو کۆمەڵگا (وەکو بنەماڵە و کلێسە) دەکا و پێی وایە هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لەناو کۆمەڵگا و سیاسەتدا دەبێ لەسەر بنەمای بەردەوامییەکی مێژوویی بێ، و لەجیاتیی شۆڕش دەبێ بەرەبەرە گۆڕانکاری یان چاکسازی ئەنجام بگرێ.

لەم ڕوانگەوە، نۆربێرتۆ بۆبیۆ لە کتێبی ”چەپ و ڕاست: جیاکارییەکی سیاسیی گرنگ،“ باس لەوە دەکا کە گرنگترین خاڵی جیاکەرەوەی چەپ و ڕاست ئەوەیە بزانین هەر لایەنێک چ هەڵوێستێکیان سەبارەت بە نایەکسانی هەیە. لە ڕوانگەی چەپەوە پرسی نایەکسانی وەکو نەهامەتییەکی کۆمەڵایەتی دێتە بەرچاو کە دەبێ کەم بکرێتەوە یان بەگشتی بسڕدرێتەوە. بەڵام ڕاستەکان پێیان وایە نایەکسانی کێشەیەکی سروشتییە کە هیچکات کۆمەڵگا لێی دەرباز نابێ، و تەنانەت هەندێک جار دەگوترێ بۆ ڕاگرتنی نەزمی کۆمەڵایەتی و بۆ هاندانی کەسانی لێهاتوو، پێویستە. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەم باسە، لە درێژەدا بەکورتی باسی ڕەهەندە سەرەکییەکانی ئابووریی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیی شەبەنگی چەپ و ڕاست دەکەم هەتا لە ڕێگەیانەوە بتوانین باشتر لە جیاوازییە سەرەکییەکانیان بگەین.

## ڕەهەندی ئابووریی

بۆ ئەوەی لە جیاکاریی سیاسەتی چەپ و ڕاست بگەین، گرنگترین خاڵ ئەوەیە بزانین لە ڕووی ئابوورییەوە هەر دوو لایەن چۆن بیر دەکەنەوە. چەپەکان بەگشتی لایەنگری سیاسەتی دابەشکردنەوەی سەرچاوەکان، خاوەندارییەتیی گشتیی پیشەسازییە گرنگەکان، سیستەمی باجی (مالیات) پێشکەوتوو، و سیستەمی دەرمان و تەندروستیی گشتگیرن، و هەروەها پشتیوانی لە هێزی کرێکار دەکەن. ئەم بیرۆکانە لەسەر بنەمای تیۆریی عەدالەتی کۆمەڵایەتی،

خەباتی چینایەتی، و ڕەخنە لە سەرمایەداری وەستاون.

لە ئاستی جیهانیدا حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دێموکراسییەکان وەکو حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئاڵمان، حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوید، حیزبی کرێکاری بریتانیا، و حیزبی کرێکارانی سۆسیالیستی سپانیا، خۆیان لە بازنەی چەپدا دەبینن و پشتگیری لە ئابوورییەکی تێکەڵاو (Mixed Economy) دەکەن کە تیایدا بازاڕی سەرمایەداری لە بەرژەوەندیی کەمکردنەوەی نایەکسانی و دابینکردنی خزمەتگوزاریی گشتی هاوسەنگ (تعدیل) دەکرێتەوە. چەند حیزبی دیکە وەک لافرانس ئاسۆمیز (فەڕانسەی نەچەمیو) و دی لینک (چەپ) لە ئاڵمان شێوەی ڕادیکاڵی گۆڕانی ئابوورییان مەبەستە، وەکو: دەستنیشانکردنی ڕادەیەکی دیاریکراو بۆ سامان، بەنیشتمانیکردنی پیشەسازییەکان، و دێموکراسییەکی بەشدارییانە لە شوێنی کار.

لە بەرەی ڕاستدا، سیاسەتی ئابووریی پێداگری لە بازاڕی ئازاد، باجی کەم، سنووردارکردنی دەستێوەردانی حکومەت و نەهێشتنی یاساکانی کۆنترۆڵی بازاڕ دەکات. ئەم بیرۆکانە لە لایەن حیزبە لیبراڵ مەحافزەکارەکانەوە پشتیوانی دەکرێ وەکو: حیزبی کۆماریخوازی ئامریکا، حیزبی مەحافزەکاری بریتانیا، و حیزبی دێموکراتی ئازادی ئاڵمان. ئەم حیزبانە کاریگەرییان لە بیری نیولیبراڵ و بەتایبەت تیۆرییەکانی فرێدریش هایەک و میلتن فریدمەن وەرگرتووە. ئەوان پێیان وایە کە ئازادیی تاک بە باشترین شێوە گەرەنتیی کێبەرکێی ناو بازاڕ دەکا، بە مەرجێک دەوڵەت کەمترین دەستێوەردانی هەبێ. چەند حیزبی باڵی ڕاست، بەتایبەت ئەوانەی پۆپۆلیستن، لەم ڕێکارە نیولیبراڵە لا دەدەن و بەرەو شێوەیەک لە پشتیوانیخوازیی ئابووریی دەڕۆن کە تیایدا حکومەتەکان بۆ پشتیوانی لە کار و پیشەسازیی نێوخۆیی، هاوردەکردنی شتومەک سنووردار دەکەن. هەروەها هەندێک سیاسەتی شۆڤێنیستی لە بواری خۆشبژێویدا پەیڕەو دەکەن کە تەنیا بۆ خەڵکی ڕەسەنی ئەو وڵاتە ڕەچاو دەکرێ، و هەندێک جار بە بیانووی ناسیۆنالیستی دەست لە بازاڕ وەردەدرێ. بۆ وێنە حیزبی فیدس (یەکیەتیی مەدەنیی هەنگاریا) لەژێر دەسەڵاتی ڤیکتۆر ئۆرباندا پشتیوانی لە کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر ناسنامەی نەتەوەییدا دەکرد و لە هەمان کاتدا دژی تێکەڵبوونی ئابووریی لەگەڵ جیهانی لیبراڵدا بوو.

## ڕەهەندی کولتووری و بایەخی کۆمەڵایەتی

هەرچەند زۆر جاران سیاسەتی ئابووریی پێناسەی دابەشبوونی چەپ و ڕاست دەکا، بەڵام لە چەند دەیەی ڕابردوودا بابەتی کولتووریی وەک جێندەر، نەژاد، پەنابەری، ئایین، و پرسی سێکسوالیتە کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگری لەسەر ئایدیۆلۆژیی حیزبەکان داناوە. چەپی کولتووری بەرەو ئەوە دەڕوا کە پلۆرالیزم، سێکۆلاریزم، ژینگەپارێزی، فێمینیزم، و پرسی مافەکانی کۆمەڵگەی پەلکەزێڕینە (LGBTQ+) لەخۆ بگرێ. هەر بۆیە چەپەکان داکۆکی لە کۆمەڵگەیەکی فرەکولتووری دەکەن و لەگەڵ هیرارشیی نەتەوەیی، نەژادی و ئایینی کێشەیان هەیە. ئەم ئاراستەیە دەکرێ لەناو حیزبەکانی وەکو هاوپەیمانیی سەوزەکان – ئەورووپای ئازاد لە پارلەمانی ئەورووپا، حیزبی سەوزی بریتانیا و وێلز، باڵی پێشکەوتووخوازی حیزبی دێموکراتی ئامریکا (بۆ وێنە بێرنی سەندێرز) ببیندرێ.

بەپێچەوانەوە، ڕاستی کولتووری زۆربەی کات هەڵگری پێکهاتەی نەریتیی بنەماڵە، نۆرمی ئایینی، ناسنامەی نەتەوەیی

و نەزمی کۆمەڵایەتیی هەنووکەییە. ڕاستەکان بەگومانەوە سەیری گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەکەن و لە هەمان کاتدا داکۆکی لە کولتووری نەتەوەیی و نیشتمانی دەکەن. بەشێک لە حیزبە پۆپۆلیستییەکانی باڵی ڕاست وەکو بەرەی نەتەوەیی لە فەڕەنسە، فۆکس لە سپانیا و حیزبی یاسا و عەداڵەت لە پۆڵەند (لەهێستان) پێداگری لە ڕیتۆریکێکی دژەپەنابەری و بایەخەکانی ئایینی مەسیحییەت دەکەن، و لەگەڵ مژاری جێندەری دژایەتییان هەیە. هەندێک جار ئەم باسانە لەنێوان دەنگدەراندا دەبێتە هۆی مشتومڕی توند: بۆ وێنە دەکرێ کەسێک پشتگیری لە سیاسەتی ئابووریی حیزبێکی چەپ بکا، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕوانگەی بۆ بابەتی کۆمەڵایەتی، مەحافزەکارانە بێ یان بە پێچەوانەوە.

## هەڵوێست لەبەرانبەر دەوڵەت، دەسەڵات و حکومەتدا

چەپەکان زۆربەی کات دەوڵەت وەک کەرەسەیەک بۆ گەیشتن بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی سەیر دەکەن کە توانای ئەوەی هەیە سەرچاوەکان لەناو کۆمەڵگادا دابەش بکاتەوە و گەرەنتیی مافە گەردوونییەکان بکات. هەر بۆیە ئەوان داوا لە دەوڵەت دەکەن کە لە بواری پەروەردە، تەندروستی و ژێرخانی گشتیدا سەرمایەگوزاری بکات. ڕاستەکان بەپێچەوانەوە، پێیان وایە دەوری دەوڵەت دەبێ سنووردار بێ و دەستێوەردانەکەی تەنیا بۆ بواری یاسا، ڕاگرتنی نەزم، پاراستنی سنوورەکان و ڕێکخستنی گرێبەستەکان بگەڕێتەوە. ئەم شێوە لیبراڵییە لە چەند حیزبی وەکو کۆماریخوازەکانی ئامریکا و پارتی لیبراڵی ئۆسترالیادا دەبینرێ.
هەرچەند باڵی ڕاست دەتوانێ لایەنێکی زۆردارانەی پۆپۆلیستی بەخۆیەوە بگرێ کە دەرکەوتەکەی بەم شێوەیە دەبێ کە پشتگیری لە دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندگەرا بکەن کە بە ناوی پاراستنی بەشێک لە خەڵکەوە دژایەتیی هەندێکی تر لە ناوخۆ و دەرەوە بکەن. بۆ وێنە لە هەنگاریا، ڤیکتۆر ئۆربان و حیزبی ئازادیی نەمسا هەمان پەیڕەویان هەیە. ئەوان نەک هەر پشتگیری لەوە دەکەن کە دەوڵەت دەبێ دابەشکردنەوەی سەرچاوەکانی وەئەستۆ بێ، بەڵکو کولتوور لە ناوخۆدا یەکدەست بکاتەوە و ئەمنییەتی سنوورەکان بپارێزێ.

## ئینترناسیۆنال یان ناسیۆنالیزم

تەوەرێکی گرنگی دیکەی باسەکان ئەو دابەشکارییەیە کە لەنێوان لایەنگرانی ئینترناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزم ساز بووە. بەشێوەی مێژوویی چەپ باس لە یەکڕیزییەکی نێونەتەوەیی دەکا کە بەتایبەت لەنێو چینی کرێکاردا بەدی دەکرێ. تیۆریی مارکسیستی باس لەوە دەکا کە لەودیوی سنووری وڵاتەکانەوە کرێکارانی جیهان یەک بگرن. ئەم بەرپرسیارەتییە بۆ عەداڵەتی ئینترناسیۆنال لە هەندێک بزووتنەوەی وەک کەشوهەوای جیهانی، هاودەنگی لەگەڵ جووڵانەوەی دژەکۆلۆنیالیستی، و پشتیوانی لە پەنابەران ڕەنگ دەداتەوە. ئەم شێوازە کاریگەریی لەسەر چەند حیزبی وەک بزووتنەوەی چەپ-سەوزی ئیسلەند و بلۆکی چەپی پۆرتۆگاڵ داناوە. بەپێچەوانەوە، لایەنی ڕاستی سیاسی پێداگری لەسەر حاکمییەتی نەتەوەیی، نیشتمانپەروەری و پاراستنی سنووری نەتەوەیی دەکات. بەشێک لەو حیزبە دەستی ڕاستییانەی کە ئەورووپاتەوەرن وەکو حیزبی ئالتێرناتیڤ لە ئاڵمان، حیزبی براکان لە ئیتالیا، و حیزبی ئازادی لە نەمسا دڵڕاوکێیان سەبارەت بە

پرسی پەنابەری، بەجیهانیبوون و گۆڕانی کولتووری ساز کردووە. تەنانەت لەناو حیزبی دێموکراتی ئامریکا، گرژییەک لەنێوان ئەوانەی لە ناوەندا دەوەستن و لایەنگری بەجیهانیبوونن و، ئەوانەی چەپن و ڕەخنە لە سیاسەتی ئابووریی نیولیبراڵ دەگرن. لەبەرانبەردا حیزبی کۆماریخواز و بەتایبەت لە ڕوانگەی ترامپەوە پەیوەندیی چەندلایەنەی وەلا ناوە تا ناسیۆنالیزمی "ئامریکا فێرست" بخاتە ناو هەموو بەرنامەکانییەوە و بەتەواوی بەرەو سیاسەتی مێرکانتەلیزم هەنگاو بنێ.
لەگەڵ ئەوەیدا لەنێوان چەپ و ڕاستدا چەمکەکان جیاوازن، بەڵام لە جیهانی ڕاستەقینەدا زۆر جار سیاسەتی ڕۆژانە لەگەڵ ئایدیۆلۆژییەکاندا ڕێک یەک ناگرنەوە. زۆربەی حیزبەکان لە هەردوو لای شەبەنگی چەپ و ڕاستدا هەندێک توخمی سەرەکی هەڵدەبژێرن. بۆ وێنە حیزبی دێموکراتی ئامریکا هاتووە هەندێک بایەخی کۆمەڵایەتیی چەپی وەکو مافی لەباربردن و کۆنترۆڵی بەکارهێنانی چەکی لەگەڵ سیاسەتی ئابوورییەک ئاوێتە کردووە کە لەژێر کاریگەریی نیولیبراڵیزمدایە. یان حیزبی کۆماریخوازی ئامریکا کە بەشێوەی نەریتی لە بەرەی ڕاستدا پۆلێن دەکرێ، چونکە پێداگری لەسەر بچووککردنەوەی حکومەت، بازاڕی ئازاد و بایەخی کۆمەڵایەتیی نەریتی دەکا، بەڵام لە هەمان کاتدا، بێ ئەوەی ناسنامەی مەحافزەکارانەی خۆی لەبیر بکا، پشتگیری لە سیاسەتی پێشکەوتووخوازانە لە بواری پەروەردە و پەرەپێدان بە ژێرخانی وڵات بە مەبەستی دابینکردنی خۆشبژێوی بۆ هاووڵاتییانی کردووە.

## ڕوانگەی ئابووریی کۆمەڵایەتیی حیزبەکان

بە مەبەستی تێگەیشتن لە ڕەفتاری ئابووریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی حیزبەکان هەوڵم داوە ئەوان لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و وڵامی بەکردەوەی ئەوان بە هەندێک پرسیار و کێشەی ڕوون پۆلێن بکەم و بەم شێوەیە گرافیک (هێڵکاری) بۆ ڕوانگەی سیاسیی ئەوان بەدەست بهێنم. لێرەدا بەکورتی باسی شێوازی هەڵسەنگاندنەکەم دەکەم: لێکۆڵینەوەکەی من لەسەر بنەمای دوو هێڵی سەرەکییە کە بریتین لە هێڵی ئابووریی (چەپ – ڕاست) و هێڵی کۆمەڵایەتی (سەرەڕۆیی ئازادیخوازی). بۆ سازکردنی کۆئۆردینێت بۆ هەر حیزبێکی سیاسی، شەش کۆمەڵە پرسیارم بە بنەما وەرگرتووە بۆ ئەوەی بتوانم لێکدانەوەیەکی چۆنایەتییان لەسەر ئەنجام بدەم. هەر کۆمەڵەپرسیارێک لە بۆچوونی ئایدیۆلۆژیکی حیزبەکان سەبارەت بە تەوەری ئابووریی، کۆمەڵگا، حکومەت، کولتوور و ئەخلاق دەکۆڵێتەوە. کاتێک لەسەر بنەمای ڕەفتاری ئایدیۆلۆژیکی حیزبەکان وڵامەکانم کۆ کردووە، جێگەی لێکدراوی هەر حیزبێک لەسەر شەبەنگی سیاسی دەردەکەوێ.
یەکەم کۆمەڵەپرسیار سەبارەت بە جیهانیبوون، نیشتمانپەروەری، میلیتاریزم و میدیاکان بوو کە بۆچوونی بنەڕەتیی حیزبەکانی سەبارەت بە سەروەریی نەتەوەیی، سەرمایەداریی بان-نەتەوەیی، گوێڕایەڵیی مەدەنی و میلیتاریزەکردنی حکومەتی شی دەکردەوە. ئەم پرسیارانە هەم پێگەی ئابووریی حیزبەکانیان (وەکو ڕەشبینی لە ئاستی دەسەڵاتی کۆمپانیاکان) شرۆڤە دەکرد و هەم ئاوریان لە ڕیزبەندیی کۆمەڵایەتییان (وەکو ناسیۆنالیزمی سەرەڕۆیانە لەبەرانبەر جیهان نیشتمانیبوونێکی ئازادیخوازانە) دەدایەوە. کۆمەڵەپرسیاری دووەم بۆ فەلسەفەی

ئابووریی تەرخان کراوە و هەندێک بابەتی وەکو شێوازی دابەشکردنەوەی سامان، ڕێکخستنی کۆمپانیاکان، سیاسەتی ژینگەیی و مافی کرێکاریان تێدا بەرجەستە دەبوویەوە. وڵام بەم پرسیارانە دیاری دەکا کە هێڵی ئابووریی چەپ – ڕاست چۆن ساز دەبێ و ئایدیۆلۆژییەکانی لایەنگری بازار لەوانەی کە لایەنگری عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، یەکسانیخوازی و خاوەنداریەتیی گشتین، جیا دەکاتەوە. کۆمەڵەپرسیاری سێیەم سەبارەت بە ئاستی دەسەڵات و سەرەڕۆیی، عەداڵەت، جۆراوجۆری و نەزمی ناو کۆمەڵگا بوون. وڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەری دەخا کە حیزبەکان بەرەو کام لایەنی ئازادیخوازیی کۆمەڵایەتی کە لەسەر سەربەخۆییی تاک و پلۆرالیزمی کولتووری مەیلان دەکەن یا بەرەو سەرەڕۆیییەک هەنگاو دەنێن کە لەسەر بنەمای هیرارشییەکی نەریتی، عەداڵەتێکی سزادەرانە و گونجانێکی کۆمەڵایەتی ساز کراوە. هەروەها هەندێک پرسیار سەبارەت بە پەروەردە، تاوان و کۆچبەری، پێگەی هەر حیزبێک لەسەر هێڵی کۆمەڵایەتی زیاتر نیشان دەدا. کۆمەڵەپرسیاری چوارەم و پێنجەم ڕوانگەی حیزبەکان سەبارەت بە ئازادیی مەدەنی، چاودێریکردن، دەوری جێندەر و ئەخلاقی ژینگەیی دەخاتە ژێر وردبینییەوە. ئەم پرسیارانە هەڵیدەسەنگێنن کە چۆن حیزبێک هەوڵ دەدا لە دنیای ڕاستیدا چەمکەکانی دەسەڵات، نەزم، و بەرەنگاربوونەوە لەبەرانبەر دامەزراوە زاڵەکاندا جێبەجێ بکات. بۆ وێنە، حیزبێک کە لایەنگری چاودێریکردن و دەستنیشانکردنی دەورێکی جێندەریی توندوتۆڵ و نەگۆڕن لە هێڵی سەرەڕۆیانەدا ئاستێکی بەرزتریان هەیە، لە کاتێکدا حیزبێک کە لایەنگری لە بابەتی کەشوهەوا و بەرهەڵستکاریی مەدەنی دەکا، خاڵی زیاتر لەسەر هێڵی ئازادیخوازانە بەدەست دێنێ.

لە کۆتاییدا کۆمەڵەپرسیاری شەشەم بۆ هەڵسوکەوتی جێندەری و مافەکانی کۆمەڵگەی پەڵکەزێڕینە (LGBTQ+) تەرخان کراوە و باسی هەڵوێستی هەر حیزبێک سەبارەت بە ئەخلاق لە ژیانی شەخسی و ئاستی ڕێکخستن و یاسا حکومەتییەکان لەسەر ژیانی شەخسی دەکات. ئەم پرسیارانە دەرخەری ئەوەن کە حیزبەکان لە چ ئاستێکدا بایەخی سێکۆلاریزم و فرەچەشنی لەبەر چاو دەگرن یان ئەوەی کە خۆیان بە چوارچێوەیەکی مەحافزەکارانەوە دەبەستنەوە. بەم شێوەیە ئەم هێڵکارییە وەکو کەرەسەیەک بەکار دێ کە بەشێوەی شیکارانە ئاستی دوور و نزیکیی ئایدیۆلۆژیی حیزبەکان لە یەک دەردەخا. لەسەر ئەم بنەمایە، هێڵکارییەکە ڕێگەمان پێ دەدا تەنیا خۆمان بە شێوەی نەریتیی هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای هێڵێکی چەپ و ڕاست نەبەستینەوە و نەخشەیەکی چەند ڕەهەندیمان بۆ خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژیی حیزبەکان لەبەردەست بێ.




بۆ تێگەیشتن لەم هێڵکارییە کە پێگەی پازدە حیزبی سیاسیی نیشان داوە، سەرەتا با سەیری هەردوو هێڵی ئاسۆیی و ئەستوونییەکەی بکەین. هێڵی ئاسۆیی، ئاراستەی ئابووریی لە چەپی ئابوورییەوە ( - ) بۆ راستی ئابووریی ( + ) ئەندازە گرتووە. هێڵی ئەستوونی ئاراستەی کۆمەڵایەتی لە ئازادیخوازییەوە ( - ) بەرەو سەرەرۆیی ( + ) پێواوە. جێگەی هەر حیزبێکم لەسەر بنەمای ولامێکی شیمانەیی کە بۆ شەش کۆمەڵەپرسیارە دەکرێ هەیانبێ، دیاری کردووە. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێ درا، ئەم ٦٢ پرسیارە کە لە شەش بەشدا ئامادە کراون (وەک نموونەیەک دەتوانن سەیری سایتی Political Compass بکەن) و جەختیان لەسەر مژاری وەکو عەدالەتی ئابووریی، ئازادییە مەدەنییەکان، شێوازی حکومەتداری، بایەخی کولتووری و تێگەیشتنی جێندەری کردووە.

لێرەدا باس لە دوو حیزب لە کوردستان دەکەم بۆ ئەوەی زیاتر روونی بکەمەوە کە پێگەی هەر کام لە حیزبەکان بە چ مانایەکە. جێگای حدکا لە هێڵکارییەکەدا بەروونی نیشانی دەدا کە ئەم حیزبە خاوەنی ئایدیۆلۆژییەکی چەپی ئازادیخوازە. ئەم پێگەیە دەرخەری بەرپرسیارەتیی مێژوویی و ئایدیۆلۆژیکی ئەم حیزبە بۆ یەکسانیخوازیی ئابووریی، بەرپرسیارەتیی دەوڵەت بۆ دابینکردنی خۆشبژێوی، پلۆرالیزمی مەدەنی و کولتوورییە، هەروەها لەسەر بنەمایەکی سێکۆلار و مافتەوەر بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان دامەزراوە. هەڵوێستی حدکا

لە بۆچوونی هەندێک حیزبی دیکەی وەکو حیزبی چەپی ئاڵمان و حیزبی سەوزی سوید زۆر نزیکە و بەگشتی دەکەوێتە ژێر چەتری ئەو حیزبە چەپانەی کە زیاتر وەک بەرەی سۆسیال دێمۆکرات لە ڕۆژاوای ئەورووپا خۆیان دەناسێنن.
لەبەرانبەردا حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە کوردستان بە پارتی ناسراوە، جێگەیەکی زۆر جیاوازی لە هێڵکارییەکەدا هەیە. ئەگەرچی دەستپێکی مێژوویی و تەنانەت ناوی هەر دوو حیزبی حدکا و پارتی زۆر لێک نزیکە، بەڵام دەبینرێ کە ئەوان لە دوو جەمسەری تەواو جیاوازدا چالاکن. لە هێڵکارییەکەدا پارتی دەکەوێتە چارەکەی ئەوپەڕ ڕاست – سەرەڕۆدا کە تیایدا وەک یەکێک لە مەحافزەکارترین حیزبەکان لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە دەردەکەوێ. ئەم پێگەیەی پارتی نیشانی دەدا کە ئاراستەکەی بەرەو لیبراڵیزمی بازار، ناسیۆنالیزمی کولتووری، بایەخی کۆمەڵایەتیی نەریتی، و حکومەتی هیرارشی دەڕوا. هەر بۆیە لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە ئەم حیزبە هاوشێوەی کۆمەڵێک حیزب وەکو ئاکپارتی لە تورکیا و حیزبی فیدس (یەکیەتیی مەدەنیی هەنگاریا) هەڵوێستی هەیە کە دەیانەوێ لە بەستێنی ئابووریدا کەرتی تایبەت بگەشێننەوە، سیاسەتێکی ئەمنیەتییان هەبێ و لە ڕووی ئەخلاقییەوە ژیانی خەڵک ڕێک بخەن.
شایانی باسە مەودایەکی زۆر لەنێوان حدکا و پارتیدا هەیە، ئەگەرچی هەردووکیان ریشەیەکی هاوبەشی گرێدراو بە ناسیۆنالیزمی کوردییان هەیە و بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی کورد تێدەکۆشن، بەڵام لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە زۆر لێک جیاوازن. ئەم لێکدووربوونەوە تەنیا بابەتێکی تاکتیکی نییە یان لەبەر ئەوە نییە کە کامیان حکومەتیان لە کوردستان بەدەستەوەیە، بەڵکو دەرخەری دوو ڕوانگەی لەبنەڕەتدا جیایە کە بەشێوەی جیاواز بۆ کۆمەڵگا، حکومەت و عەداڵەت دەڕوانن. حدکا نوێنەری نەریتی چەپی-میللی لە کوردستانە و لە بەستێنی دێموکراسیی کۆمەڵایەتییەکەدا سەری هەڵداوە کە دژەسەرەڕۆیی و زۆرداریيە، بەڵام پارتی زۆرتر بەرەو ئاراستەیەکی ناوچەیی لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە ڕۆیشتووە کە گرنگی بە ڕیتۆریکی ناسیۆنالیستی دەدا، بەڵام لە بنەڕەتدا فۆرمەکانی جیاوازی چینایەتی بەرهەم دەهێنێتەوە و بەشێوەیەکی مەحافزەکارانە بۆ بابەتی ئەخلاق دەڕوانێ و پشتگیری لە فۆرمی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی پێشمۆدێرن دەکا.
لێرەدا خاڵێکی گرنگ دەبێ لەبەر چاو بگیرێن، بەپێچەوانەی چوارده حیزبەکەی دیکە کە لە هێڵکارییەکەدا جێگەیان دیاری کراوە، جێگەی حدکا نەک لەسەر بنەمای حکومەتکردن یان کێبەرکێ بۆ گەیشتن بە حکومەت نەبووە، چونکە ئەم حیزبە لەو کاتەوە هەڵگری ئایدیۆلۆژیی سۆسیالیزمی دێموکراتیکە، ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخساوە لەو پێگەیەدا خۆی تاقی بکاتەوە. هەر بۆیە بۆ ئەوەی بتوانم جێگەی حدکا دەستنیشان بکەم، وڵامی شەش کۆمەڵەپرسیارەکەم لەسەر بنەمای ئەندێشەی دوکتور قاسملوو داوەتەوە. کەواتە پێویستە دەکا ئاوڕێکی خێرا لە ئەندێشەی دوکتور قاسملوو بدەینەوە، چونکە لانی کەم لە ساڵی ۱۹۸۳ بەدواوە ئایدیۆلۆژیی حدکا لەسەر بنەمای هزرێک داڕێژراوە کە ئەو ئەندازیارەکەیەتی.

## سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە ئەندێشەی دوکتور قاسملوودا

بۆ تێگەیشتن لە هزری دوکتور قاسملوو سەبارەت بە ستراتێژیی سۆسیالیستی

کە زۆرترین کاریگەریی لەسەر حدکا داناوە، باشترین سەرچاوە نامیلکەی بەناوبانگی کورتەباسە (کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزم) کە لە گەلاوێژی ۱۹۸۳دا بڵاو کراوەتەوە و، دواتر دەقی وانەکانی دەورەی ئابووریی سیاسییە کە لە ساڵی ۱۹۸۴ بۆ پێشمەرگەکانی بە دەرس وتووەتەوە. دوکتور قاسملوو هەر لە کۆنگرەی سێهەمی حدکاوە لە ساڵی ۱۹۷۳ هەوڵی دارشتنی بنەمایەکی فیکری بۆ حدکا داوە کە بەپێی گۆڕانکارییەکانی بیری سیاسی لە ڕۆژاوا هەندێک مژاری بەرەی سۆسیالیستی تێدا نوێ بکاتەوە و بەرەو سۆسیالیزمی دیموکراتیکی ببات. بەڵام تا کۆنگرەی شەشەم نەیتوانیوە مەبەستی سەرەکیی خۆی جێگیر بکا، چونکە بەشێک لە ئەندام و کادرەکان کە نزیکایەتییان لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران هەبووە (و جاروبار وەک حیزبی دایک ناویان لێ بردووە) پێشنیارەکەیان وەک لادان لە سۆسیالیزمی مەوجوود لێک داوەتەوە. هەر بۆیە لە کۆنگرەی سێیەمی حدکادا (۱۹۷۳) باس لەوە کراوە کە "ئامانجی دوارۆژی حیزب کۆمەڵێکی دادپەروەر و سۆسیالیستییە." لە کۆنگرەی چوارەمدا (۱۹۸۰) ئامانجی دوارۆژ دەبێ بە "پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی کە بناخەکەی لەسەر بنچینە زانستییەکانی دروستکردنی سۆسیالیزم دامەزرا بێ" و لە کۆنگرەی پێنجەمدا (دیسامبری ۱۹۸۱) دەگۆڕدرێ بۆ "پێکهێنانی کۆمەڵێکی سۆسیالیستی کە وەڵامدەری هەلومەرجی تایبەتیی وڵاتەکەمان بێ."

لە ڕێبەندانی ساڵی ۱۹۸۴ لە کۆنگرەی شەشەمی حدکادا باسێکی گەرموگوڕ لەسەر نامیلکەی کورتەباس ساز دەبێ و لە ئەنجامدا بابەتی سۆسیالیزمی دیموکراتیک پەسەند دەکرێ، ئەگەرچی بە لای هەندێک لە ئەندامانی حدکاوە لکاندنی پاشگری دیموکراتیک وەک ئەوە سەیر کراوە کە حیزبەکەیان لە نێوەرۆکی شۆڕشگێڕانە بەتاڵ دەبێ. لە هاوینی هەمان ساڵدا، دوکتور قاسملوو بۆ شیکردنەوەی زیاتری کورتەباس وتارێک دەنووسێ، چونکە پێی وایە ئەم بەرنامەیە تەنیا بۆ ئەندامان و پێشمەرگەکانی حدکا نییە، بەڵکو بۆ خەڵکی کوردستانە. بە باوەڕی دوکتور قاسملوو، ئایدیۆلۆژیی حیزبەکەی دوگم و وشک نییە و دەبێ سۆسیالیزمێک پیادە بکرێ کە لەگەڵ هەلومەرجی کوردستان ڕێک بکەوێ، بەو شێوەیەی کە "خۆی بەمەسڵەحەتی دەزانێ" تەنانەت دوکتور قاسملوو هێندە لەسەر بابەتی دیموکراتیکبوونی بەرنامەکە پێداگرە کە دەڵێ سۆسیالیزم نەک نابێ دیموکراسی ڕەت بکاتەوە، بەڵکو دەبێ پەرە بە ئازادییە دیموکراتییەکان هێندە بدا کە لەو ئاستەی ئێستا لە وڵاتانی ڕۆژاوایی هەیانە، واوەتر بچێ.

دوکتور قاسملوو تێدەکۆشێ چوارچێوەی سۆسیالیزمێک دابڕێژێ کە ڕەنگی کوردستانیبوونی پێوە دیار بێ، چونکە بە باوەڕی ئەو دەبێ بەکەڵک وەرگرتن لە تیۆری و ئەزموونی شۆڕشگێڕانەی وڵاتانی دیکە و دەرسەکانی جووڵانەوەی مێژووی گەلی کورد، تیۆرییەکە بە جۆرێک ڕێکوپێک بکرێ کە "وەڵامدەری واقعییەتی هەڵقوڵاو" لە وڵاتی کوردستان و نەتەوەی کورد بێ. بۆ گەیشتن بەم مەبەستە، ئەو پێی وایە کە خەباتی حیزبی دیموکرات (کە ئەو لەگەڵ جووڵانەوەی میللی دیموکراتیکی گەلی کورد وەک یەک پێناسەیان دەکا) بۆ وەدیهێنانی سێ ئامانجی گەورە پێک هاتووە: یەکەم، لابردنی ستەمی نەتەوایەتی، دووهەم، سڕینەوەی ستەمی چینایەتی یان چەوساندنەوەی مرۆڤ، سێیەم، لابردنی ستەمی سیاسی. چونکە بیری دوکتور قاسملوو لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای خەبات بۆ سڕینەوەی ستەم بیچمی گرتووە، بە باوەڕی ئەو سۆسیالیزم دەتوانێ چوارچێوەیەکی هزری بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دوو دانەی

یەکەمدا ساز بکا و کاتێک پێداگری لەسەر دێموکراتیکبوونەکەی بکرێ، ئەوسا خەبات دژی ستەمی سیاسی مانا پەیدا دەکا.

هەر کام لەم ستەمانە هەندێک تایبەتمەندییان هەیە. لە روانگەی دوکتور قاسملوودا حیزبی دێموکرات بۆ لابردنی هەموو چەشنە زۆردارییەک تێدەکۆشێ. بۆ لابردنی ئەم زۆردارییانە پێویستە بە تیۆرییەک دەکا کە لە رێگەیەوە بتوانێ بەوردی واقیعی کۆمەڵایەتی هەڵسەنگێنێ و بخوێنێتەوە، نەک واقیعی کۆمەڵایەتی بۆ خزمەتی تیۆرییەکە دەستکاری بکا. لەسەر ئەم بنەمایە، ئەو پێی وایە بۆ گەیشتن بە سەروەریی نەتەوەیی سێ رێگەچارەمان هەیە: سەربەخۆیی، فیدرالیزم و خودموختاری، و لە نێوانیاندا خودموختاری هەڵدەبژێرێ. بۆ شرۆڤەی زیاتری ئەم باسە، دەکرێ ئاماژە بە سێ خاڵ بکەم: ١ دوکتور قاسملوو دوو بژاردەی یەکەم رەت ناکاتەوە، بەڵکو پێی وایە بۆ یەکەمیان گیروگرفتی نێودەوڵەتی بۆ دەستکاریکردنی سنوورەکان زۆرن و لە رووی ناوچەیی و ناوخۆییشەوە کورد ئەو ئیمکانەی ئیستا لەبەردەست نییە. بۆ دووەمیشیان پێی وایە نەتەوەکانی دیکەی ئێران ئەو توانایەیان تێدا نییە کە لەو خەباتە جەماوەرییەدا بەشدار بن، ئەگەرچی کورد پشتگیری لە مافی ئەوان دەکا، بەڵام باشترە بە شوێن خودموختارییەوە بێ بۆ کوردستان. ئەگەرچی ئەم شێوە خودموختارییە لە روانگەی ئەودا مانایەکی بەرفراوانتر لە ئیدارەیەکی خۆجێیی هەیە. دوکتور قاسملوو باوەری بە سەروەریی (حاکمییەت) نەتەوەیی هەیە. هەر بۆیەش کاتێک دەیەوێ درووشمی بنەرەتیی حدکا شی بکاتەوە (هاوینی ١٩٨٥) بەروونی باس لەوە دەکا کە: "خەڵکی کورد بۆ ئەوە شەڕ ناکا کە رێگای ئاسنی بکێشرێ، کارخانەی هەبێ. نا. ئەوەی دەوێ کە بۆخۆی هەست بکا کە لە وڵاتەکەیدا بێجگە لە خۆی هیچ کەسێکی دیکە بە سەریدا حاکم نییە. ئەو لە پێش هەموو شتێکدا ئەوەی دەوێ و ئەوە ئەساسە. ئەگەر ئەوەی دەست بکەوێ ئەوانی دیکە بۆخۆی بەرەبەرە جێبەجێ دەبن و دروستی دەکا. بەڵام ئەگەر ئەوەی دەست نەکەوێ، هەرچی لەباری ئابووریی و فەرهەنگیشەوە ئیعتباری بدرێتێ، نەتیجەیەکی ئەوتۆی نابێ."

٢ بە باوەری دوکتور قاسملوو کورد مافی (حەق) جیابوونەوەی هەیە. ئەو بە نموونەیەک مەبەستەکەی روون دەکاتەوە کە لە زۆربەی وڵاتان خەبات بۆ ئەوە کراوە کە ژن مافی تەڵاقی هەبێ. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە ژنان دەبێ تەڵاق وەرگرن، بەڵکو بەو مانایە دێ کە ژن هەر کات ویستی، لەو مافەی خۆی کەڵک وەرگرێ. هەر بۆیە دوکتور قاسملوو بەروونی باس لەوە دەکا کە "بوونی حەق لەگەڵ جێبەجێکردنی حەق دوو شتی جیاوازن،" کەوابوو کورد ئەو حەقەی هەیە کە جیا بێتەوە. هەر بۆیەش پێی وایە نەسڵی داهاتووی کورد خۆی بریار دەدا کە ئایا هەر خودموختاری دەوێ یان شێوازێکی دیکە لە سەروەریی نەتەوەیی.

٣ چونکە مافی دانانی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد بە مانای ئەوە دێ کە بیر لە کورد لە پانتاییی بەرفراوانتری کوردستاندا بکرێتەوە، هەر بۆیە هەنگاو بۆ سەربەخۆیی هەر پارچەیەک بە مانای جیابوونەوەوە لە یەکێک لەو چوار وڵاتە نایەت کە کوردستانیان داگیر کردووە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە مانای یەکگرتنەوە لەگەڵ کوردستانی پارچەکانی دیکەیە. بە باوەری دوکتور قاسملوو، ئەگەر مافی دانانی چارەنووس بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان رۆژێک

جێبەجێ ببێ، ئەوە بەو مانایە دێ کە ئەوان یەک دەگرنەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، "پێکەوە یەکگرتنەوە پەیوەندی بە مافی جیابوونەوە نییە، بەڵکو مافی یەکگرتنەوەیە." ئەگەرچی ئەمە وەک جیابوونەوە لە میللەتانی دیکە سەیر دەکرێ، بەڵام لە واقیعدا حەقی یەکگرتنەوەیە، کە گرنگییەکەی تەنانەت لە مافی جیابوونەوە زیاترە. کەوابوو نەتەوەی کورد ئەو مافەی هەیە کە یەک بگرێتەوە. چونکە "دابەشبوونی کوردستان لە واقیعدا دابەشبوونێکی دەستکردە و سروشتی نییە."

پاش ئەمە دەبێ باس لەوە بکەم کە هونەری دوکتور قاسملوو لەوەدایە کە بە سازکردنی بنەمایەکی تیۆری دەتوانێ کێشە و پرسە جۆراوجۆرەکان لە کوردستان هەڵسەنگێنێ و بخوێنێتەوە و بەشێوەیەک ئەم ڕێگەچارەسەرانە ئەندازیاری بکا کە لەگەڵ یەکتردا تووشی دژایەتی نەبن. بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی باس لەوە دەکا کە "سۆسیالیزم ئامانجی دوارۆژمانە." ئاشکرایە تا حیزبێک حکومەتی بەدەستەوە نەبێ، ناتوانێ بەرنامە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی جێبەجێ بکا. سۆسیالیزم لەم ڕوانگەدا بە مانای ئەوە دێ کە حدکا هەوڵ دەدا لە بەرنامەیەکی درێژخایەندا بەرەو کۆمەڵگایەکی بێچەوساندنەوە هەنگاو بنێ. دوکتور قاسملوو لە کورتەباسدا ئەگەرچی باس لە بەرنامەی چەندین وڵات دەکا، بەڵام بەروونی دیارە کە چاوی لە بەرنامەی پێشکەوتووخوازانەی حیزبی سۆسیالیست و حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسەیە کە بەشێوەی هاوبەش لە ساڵی ١٩٧٢ پێشکەشیان کرد و بووە هۆی ئەوەی ساڵی ١٩٨١ فرانسوا میتێران بە دەسەڵات بگا.

دوکتور قاسملوو وەک ناسیۆنالیستێکی چەپ (سۆسیالیست) پێی وایە ئەگەر حدکا تەنیا حیزبێکی ناسیۆنالیستی (نەتەوەیی) تەواو بێ، واتە تەنیا چارەسەریی پرسی نەتەوەیی لەبەرچاو بگرێ، ئاکامی ئەوە دەبێ کە گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی بەبێ چارەسەرکردن دەمێنێتەوە، و بەم جۆرە "وەرگرتنی مافی نەتەوەیی کارێکی بێسوود دەبێ." بەڵام کەڵکوەرگرتن لە سۆسیالیزم نابێتە هۆی ئەوەی کە گرێدراوی هەندێک لایەنی دوگمی مارکسیزم (بەتایبەت مارکسیزم - لێنینیزم) بێتەوە. ئەم ڕوانگەیە لەو قۆناغەدا تا ڕادەیەکی زۆر بۆ لایەنگرانی مارکسیزم و کۆمۆنیستەکان جێی پەسەند نەبووە. بەتایبەت ئەو پێی وابووە چونکە حدکا لایەنگری دێموکراسییە، کەواتە دیکتاتۆری لە هەموو شێوازەکانیدا ڕەت دەکرێتەوە. ئەمە بووەتە جێی نیگەرانیی ئەو ئەندامانەی حیزب کە بەشێوەی تۆختر مارکسیست بوون و تەنانەت لە دەرەوەی حدکاشدا، بۆ وێنە لەناو حیزبی کۆمەڵەدا، دوکتور جەعفەر شەفیعی لە بڵاوکراوەی پێشڕەودا (ئۆرگانی سازمانی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران) بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە باس لەوە دەکا "بەرنامەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک هەوڵێکە بۆ ڕەتکردنەوەی دیکتاتۆریی پرۆلتاریا، کەواتە حدکا وەفاداریی خۆی بۆ سیستەمی سەرمایەداری دووپات کردووەتەوە."

نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە لە بەرنامەی سۆسیالیستیدا بەرەبەرەکانی لەگەڵ سەرمایەداری وەک بنەمای سەرەکی سەیری دەکرێ. لەو سەردەمەدا دوکتور قاسملوو وەک هەموو بەرەی چەپ باس لە ڕەتکردنەوەی سەرمایەداری دەکات. هەڵبەت دیارە بابەتی ڕەتکردنەوەی سەرمایەداری لە هیچ شوێنی دنیا بە ئەنجامێک نەگەیشت کە بتوانێ بەردەوام بێت. هەر بۆیەش دوکتور قاسملوو دوو گۆڕانکاری لەسەر تیۆریی سۆسیالیزم ساز دەکا تا لەگەڵ دۆخی کۆمەڵگای کوردی بیگونجێنێ.

یەکەمیان، ئەوەیە کە لە سەرەوە باسی لێکرا و ئەم تیۆرییە وەک بنەمایەکی دژە ستەمی نەتەوەیی لەگەڵ جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی کورد تێهەڵکێش دەکا تا مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەی کورد دەستەبەر ببێ. دووەمیان، تێپەڕینە لە سیستەمی سیاسی – ئابووریی سۆسیالیزمی ڕاستەقینە (Real) یان هەمان سۆسیالیزمی مەوجوود (Actually Existing Socialism) کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە یەکیەتیی سۆڤییەت و زۆربەی وڵاتانی بلۆکی شەرق باو بوو. لەجیاتیی ئەم تیۆرییە دوکتور قاسملوو باسی سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەکا کە دەکرێ بەکورتی هەردووکیان بە شێوەی خوارەوە شرۆڤە بکەین.
پێناسەی سەرەکیی سۆسیالیزمی مەوجوود خاوەندارییەتیی (مالکییەت) دەوڵەتیی کەرەسەری بەرهەمهێنانە و تیایدا پلان و بەرنامەدارشتن لە ناوەندێکەوەیە کە لە لایەن حکومەتێکی یەک حیزبییەوە بەڕێوە دەچێ و زۆر بەکەمی پلۆرالیزمی سیاسی پەسەند دەکا. حکومەتە سۆسیالیستییەکان، ئەگەرچی باسیان لە سۆسیالیزم دەکرد، بەڵام لە بنەڕەتدا تووشی هیرارشی و سیستەمێکی ئاڵۆزی بوروکراتیک ببوونەوە و دەسەڵات تەنیا بەدەست تاقمێک نوخبەی فەرمانڕەواوە بوو. دەوڵەت تەنیا دەوری ڕێکخستنی یاساکانی نەبوو، بەڵکو بەشێوەیەکی تۆتالیتەر چاودێریی کولتوور و کۆمەڵگای مەدەنی و تەنانەت ژیانی تایبەتیی خەڵکی دەکرد. لەبەرانبەردا سۆسیالیزمی دێموکراتیک دەیهەوێ خاوەندارییەتیی کۆمەڵایەتی و دێموکراسیی ئابووریی لەگەڵ ئازادیی سیاسی و دامەزراوەی فرەچەشن ئاوێتە بکات. لەم جۆرە فەلسەفە سیاسییەدا، لەجیاتیی ئەوەی بازاڕەکان لەنێو ببردرێن، سەرمایەداری ڕێک دەخرێ، گرنگی بە گەشەی کاڵای گشتی لە بواری تەندروستی، پەروەردە و خانووبەرەدا دەدرێ. لەم شێوازەدا دەوری دێموکراسی بەرجەستە دەکرێتەوە و هاوکات تۆتالیتاریزم و نیولیبراڵیزم ڕەت دەکرێتەوە. ئەگەرچی لە ئاستی تیۆریکدا ئامانج ئەوەیە کە دیسان سەرمایەداری نەمێنێ، بەڵام لە ئاستی کردەییدا، وەکو وڵاتانی سکەندیناڤیا، بەرەو مۆدێلی سۆسیال دێموکراسی دەڕوات.
دوکتور قاسملوو کە ئەزموونی تاڵی تۆتالیتاریزمی لە بلۆکی شەرقدا دیبوو، پێداگرییەکی بێوێنەی لە دێموکراسی و ئازادیی سیاسی دەکرد و تا ئەو شوێنەش دەڕواتە پێشەوە کە پێی وایە ئەگەر تەنانەت ڕۆژێک بێ خاوەندارییەتیی تایبەت لەسەر ئامرازی بەرهەمهێنان نەمێنێ، کۆمەڵگاکە هێشتا هەر ئایدیال نییە. کەواتە پێناسەی سەرەکیی خەبات، تێکۆشان بۆ وەدیهاتنی ئازادییە. ئەم ڕوانگەیە لەو سەردەمەدا دەکەوێتە بەر ڕەخنەی مارکسیستە بەناوبانگەکانی کوردەوە. بۆ وێنە کاک عەبدوڵڵا موهتەدی لە چەندین وتوویژ لەگەڵ بڵاوکراوەی کۆمۆنیست کە دواتر لەژێر ناوی سۆسیالیزم و پارلمانتاریزم چاپ بوونەتەوە، باس لەوە دەکا کە ئەم شێوەیە لە دێموکراسییە "شێوازێکی تایبەتیی حکومەتی بۆرژوازییە" و هەر بۆیەش مانای ڕاستەقینەی دێموکراسی پارلمانی بریتییە لە "دێموکراسییە بۆ چینی دەسەڵاتدار."
ئەگەر لەم ڕیتۆریکە سیاسی و فیکرییانەی ئەو سەردەمە تێپەڕین، دوکتور قاسملوو بۆخۆی تەنانەت لەمەڕ بەئەنجام گەیشتنی بەرنامەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک هەندێک گومان و بۆچوونی ڕەخنەگرانەی هەیە کە بە ئاوردانەوە لە سێ بابەتیان دەتوانین پەرە بە باسەکەمان بدەین. یەکەم، ئەوەیە کاتێک ئەو کورتەباس دەنووسێ گەرمەی

ئەو بەرنامە هەرە پێشکەوتووخوازانەیە کە حکومەتی سۆسیالیستیی فرانسوا میتێران لە فەرانسە لە رێگەی پشتبەستن بە ئابووریی تێکەڵاو، سەرقاڵی جێبەجێ کردنیەتی کە دواتر بۆمان دەردەکەوێ ناتوانن هەموو بەرنامەکە بەرێوە ببەن و ناچار دەبن لە هەندێک پلانی بنەرەتی و سۆسیالیستیی بەرنامەکە دەست بکێشنەوە. بەرنامەیەک کە دوکتور قاسملوو لە کورتەباسدا چاوەروانی دەکا لە داهاتووی کوردستاندا سەرکەوتووانە بەرێوە بچێ. لە کورتەباسدا دوکتور قاسملوو ئەم باسەی بەم شێوە ورووژاندووە کە "لە فەرانسە تاقیکردنەوەیەکی تازە دەستی پێ کراوە. دیارە جارێ ناتوانین چاوەروان بین کە بەم زووانە کۆمەڵی فەرانسە لە بنەرەتەوە تووشی گۆران بێ. یەک مەسەلە لەم تاقیکردنەوەدا بۆ ئێمە جێگای سەرنجە و ئەویش ئەمەیە کە ئەگەر سەرکەوێ دەبێتە نموونەیەک لە سۆسیالیزمی دێموکراتی." دواتر بەکورتی شی دەکەمەوە کە بۆچی ئەم بەرنامەیە سەر ناگرێ و بە ئەنجامی دڵخواز ناگا، بۆیە دەکرێ هەر لێرەدا بەو دەرەنجامە بگەین کە بەشێک لە خەونی کورتەباس لێرەدا کۆتایی پێ دێ.

بابەتی دووەم ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو زانیویەتی کە ئابووریی سەرمایەداری و سۆسیالیستی بەرەبەرە زیاتر لێک نزیک دەبنەوە، هەر بۆیە دەنووسێ: "پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی جەوهەری لێکنزیکبوونەوەی ئابووری سەرمایەداری و سۆسیالیستی تێدایە کە دەکرێ بە کوردی پێی بڵێین بەرەو یەک رۆیشتن. ئەو کۆمەڵەی کە لە دوارۆژدا پێک دێ لەباری تەکنۆلۆژییەوە نەتیجەی پێشکەوتنی سۆسیالیستی و سەرمایەدارییە و ئەگەر واقیع بین زیاتر هی سەرمایەدارییە یا سۆسیالیزم." ئەگەرچی ئەو دەزانێ لە داهاتوودا رەنگە لۆژیکی سەرمایەداری دەست بەسەر هەموو بازاردا بگرێ، بەڵام ئەو بیر لەوە دەکاتەوە کە "هێشتا ئیمکانی ئەوە هەیە کە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە هەموو بەرەو یەکتر رۆشتندا دەبنە پەیوەندی سۆسیالیستی." بابەتی سێیەم هەڵگرتنی سنوورەکانی بازار لە سیستەمی سۆسیالیستیدایە کە دوکتور قاسملوو وەک پرسیارێک لە کورتەباسدا ئاراستەی دەکا: "ئایا دەکرێ مەحدودییەتی بازار لە سۆسیالیزمدا هەڵبگیرێ بۆ ئەوە نەخشی زیاتر بێ، بێ ئەوەی زەربە لە مالکیەتی سۆسیالیستیی ئامرازی بەرهەمهێنان بدا؟" بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارە دەبێ سەیری ئەو رێگەچارانە بکەین کە دواتر حیزبە هاوشێوەکانی حدکا لە ئەورووپا رەچاویان کردووە. ئەو ئەزموونانەی کە مەخابن بە شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو نەیتوانی خۆیان لە دووتوێی پێداچوونەوە بەسەر کورتەباسدا ببیننەوە.

## دۆخی ئێستای حیزبە سۆسیالیستییەکان لە رۆژاوا

بۆ ئەوەی بزانین ئەزموونی دوای دەیەی ١٩٨٠ لەنێوان حیزبە سیاسییەکانی ئەورووپادا چۆن بووە، من ئاورم لە سێ حیزبی هاوشێوە یا نزیک لە حدکا داوەتەوە کە لەو سەردەمەوە تاکو ئێستا بەشێوەیەکی رێژەیی چ گۆرانکارییەک بەسەر لایەنی ئایدیۆلۆژییەکەیاندا هاتووە. سمایل بازیار پێی وایە ئەگەر سەیری ئەم گۆرانکارییە بکەین بۆمان دەردەکەوێ هەندێک لایەنی وەک حیزبی سۆسیال دێمکراتی ئاڵمان چۆن توانیویانە لەم ماوە درێژەدا بمێننەوە. چونکە لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەمەوە تا کۆتاییی سەدەی بیستەم گۆرانکارییەکی فکریی زۆری بەسەردا هاتووە و ئەمە بە مانای "خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی نوێدایە."

ئەو، لە وتاری خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتیک، پێی وایە خاڵی سەرەکیی ئەم گۆڕانکارییە دەبێ ڕەخنە لە ئابوورییەکی پلانمەند و سێنترالیزە بێ و سۆسیالیزم وەکو سیستەمی ئابووریی – کۆمەڵایەتی سەیر بکرێ کە گرنگی بە سێ خاڵی سەرەکیی ئازادی، دیموکراسی و یەکسانی دەدا.

بەپێی ئەو شیکارییەی کە لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دەیبینن، بەڕوونی دەردەکەوێ کە حیزبەکانی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان، حیزبی کرێکاری بریتانیا و حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە دەستیان لە بەشێک لە بەرنامەی سۆسیالیستیی خۆیان هەڵگرتووە و لە چەپەوە بەرەو ناوەند ڕۆیشتوون.

لە هەمان کاتدا، ئەگەر سەیری سیاسەتی حیزبەکانی دیکە بکەین، وەک حیزبی مەحافزەکاری بریتانیا، بۆمان دەردەکەوێ لانی کەم هەندێک لەوانیش بەرەو ناوەند هاتوون. ئەگەرچی ئەو مژارە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بەم وتارەوە نییە، بەڵام دەکرێ بوترێ کە لەبەر بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریی کۆمەڵگا لە ئاست پرسە کۆمەڵایەتییەکاندا، حیزبێکی دەستی ڕاستیی وەک حیزبی مەحافەزەکاری بریتانیا هەندێک لە بایەخەکانی بەرەی چەپیان پەسەند کردووە. ئەگەرچی ڕەنگە ئەمە ڕەوتێکی گشتگیر نەبێ، چونکە بەرەبەرە لە دوای قەیرانی پرسی کۆچبەران و داگیرسانی شەڕ لە ئەورووپا، حیزبە دەستە ڕاستییەکان دیسان لە فۆرمی نوێدا هێز و لایەنگریان گرتووەتەوە.




هەر وەک لە هێڵکاریی دووەمدا دەتوانن سەیری بکەن، لەنێوان ساڵانی ۱۹۸۰ تا ۲۰۲۰، سیستەمە دیموکراتیکەکانی ڕۆژاوا ڕیزبەندییەکی نوێی میانەڕەویان بەخۆیانەوە بینیوە. لە کاتێکدا ئەم حیزبانە سەردەمانێک کەوتبوونە ئەم بەری شەبەنگی ئایدیۆلۆژییەوە (لە سۆسیالیزمی دیموکراتیکەوە تا مەحافزەکارییەکی نیولیبراڵ)، بەڵام هەنووکە وا دێتە بەرچاو هەموویان بەرەو ناوەندێکی سیاسی مەیلانیان کردووە کە دەکرێ وەک سیاسەتی چەپی ناوەند و ڕاستی ناوەند ناویان بەرین. ئەم گۆڕانکارییە لە ئایدیۆلۆژیدا و بەرەو ناوەند ڕۆیشتن، دەرکەوتەی گۆڕانکارییەکی قووڵ کە ئابووریی سیاسی، دارمانی جەمسەربەندیی ئایدیۆلۆژی لە دوای جەنگی سارد و گۆڕانکاری لە کۆمەڵناسیی سیستەمی حیزبەکاندایە.

دەرکەوتنی هێژموونی نیولیبراڵ هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی سیاسەتەکانی دەستبەخۆوەگرتن (Austerity Policies) کە بە مەبەستی کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی حکومەتەکان و قەرزی نیشتمانی پەیرەو دەکرێن. گرنگترینی ئەم سیاسەتانە بریتین لە کەمکردنەوەی خەرجییەکانی حکومەت و زیاترکردنی باجەکان. ئەم سیاسەتانە زیاتر لە کاتی قەیرانی ئابووریی و یا ئەو کاتانە بەڕێوە دەچن کە وڵاتێک بڕێکی زۆر قەرزدارە. لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی تا ناوەڕاستی ۱۹۷۰ زۆربەی دیموکراسییەکانی ڕۆژئاوا لەسەر ئابووریی کێنزی هاودەنگ بوون و هەوڵیان دەدا بۆ گەشەی ئابووریی حکومەتەکانیان دەست لە بازاڕ وەربدەن تا خۆشبژێوی پەرە بستێنێ، هەروەها لە ڕێگەی دابینکردنی کار بۆ هەمووان، یەکسانیی کۆمەڵایەتی وەدی بێ. ئابووریی کێنزی تیۆرییەکە بە مەبەستی سەقامگیری و بەتایبەت لە کاتی بێبازاڕیدا (کەسادی)، پشتگیری لە دەستێوەردانی حکومەت لە ئابووریدا دەکات. گریمانەی سەرەکیی ئەم تیۆرییە بریتییە لەوەی کە کۆی گشتیی خواستی بازاڕ (کە لە ڕێگەی خەرجییەکانی حکومەت و سەرمایەگوزارییەوە دەجووڵێ) هێزی سەرەکیی ئاستی بەرهەمهێنان و ڕێژەی کار دەستنیشان دەکەن. کاتێک خواستی بازاڕ ناتەواو و کەمە، دەستێوەردانی حکومەت لە ڕێگەی ئەوەی خۆی خەرجی زیاتر دەکا، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئابووری جووڵەی تێ بکەوێ و نەهێڵێ قۆناغێکی درێژی بێبازاڕی و بێکاری ساز ببێ. بەڵام لە دەیەی ۱۹۷۰دا کە هاوکات هەڵاوسان و سستیی بازاڕ (Stagflation) پێکەوە ڕوویان دا و هەروەها ئۆپێک بڕیاری بەرزکردنەوەی نرخی نەوتی دا، ئەم سیاسەتانە تووشی شکست هاتن.

دوابەدوای ئەمە دەکرێ بوترێ کە دابڕانێکی نیولیبراڵ لە نەزمی سیاسیی ئابووریی وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕووی دا و بە پێشەنگایەتیی مارگارێت تاچێر لە بریتانیا (۱۹۷۹-۱۹۹۰) و ڕۆناڵد ڕەیگان (۱۹۸۹-۱۹۸۱) لە ئامریکا سیاسەتی بازاڕی ئازاد و دەستبەخۆوەگرتن جێبەجێ کران، سیاسەتی خاوەنداریی تایبەت پەرەی پێدرا، واز لە ڕێکخستنی بازاڕ هێندرا (Deregulation). لەم ڕێڕەوەدا تەنانەت حیزبە سۆسیالیست و سۆسیال دیموکراتەکان بەرەو ئەم کۆدەنگییە نوێیە هاتن و پلاتفۆرمە ئابوورییەکانی خۆیان ڕێک خستەوە و خولیای دابەشکاریی سامانیان تا ڕادەیەکی بەرچاو پشتگوێ خست. مەیلانی ئەم حیزبانە بەرەو ڕێگەیەکی ناوەندی (وەک ئەوەی گیدێنز ناوی ڕێگەی سێهەمی لێ نابوو) لە سیاسەتەکانی تۆنی بلێر لە حیزبی کرێکاری بریتانیادا دەبیندرا.
تاچێر خاوەندارییەتیی ئەو پیشەسازییە مەزنانەی وەک بریتیش تێلێکۆم، بریتیش گاز، فرۆکەوانیی بریتش و ... هتد کە دەوڵەت خاوەنیان بوو، گۆڕی بۆ کەرتی تایبەت؛ دامەزراوە کرێکارییەکانی تێک شکاند و ئازادیی زیاتری بە بازاڕی بۆرسەی لەندەن دا. ڕەیگان بە درووشمی ”حکومەت نەک چارەسەر نییە، بەڵکو خۆی کێشەیە،“ خەرجییەکانی حکومەتی فێدڕاڵی لە بواری خۆشبژێوی، دابینکردنی خانووبەرە بۆ خەڵک و بواری پەروەردە لە ئامریکا ئێجگار کەم کردەوە. کەمکردنەوەی باجەکان زیاتر لە بەرژەوەندیی دەوڵەمەندەکان بوو، هەروەها وازی لە ڕێکخستنی بازاڕ هێنا و ئەو یاسا حکومەتییانەی وەلا نا کە لە ڕێگەیانەوە چاودێریی پیشەسازییەکانی وەک بانک و هێڵە ئاسمانییەکانی دەکرد.

هەر بۆیە ئەو حیزبانەی هەڵگری ئایدیۆلۆژیی سۆسیالیزم یا سۆسیال دیموکرات بوون، ناچار بوون لەگەڵ ئەم نەزمە نوێیە جیهانییەدا خۆیان بگونجێنن. چونکە سیاسەتە نوێیەکانی نیولیبراڵیزم لە ڕێگەی دامەزراوەکانی سەندووقی نێودەوڵەتیی پارە، بانکی جیهانی و کۆمیسیۆنی ئەورووپا بە سەریاندا دەسەپا. وای لێهات کە یەکێک لە سیاسەتمەدارە ناودارەکانی بریتانیا، پیتەر مەندلسن (ئیستا باڵوێزی بریتانیایە لە ئامریکا) باسی لەوە کرد "ئیتر ئێمە هەموومان تاچێرین!" لە ڕاستیدا حیزبەکانی بەرەی چەپ دەیاندی کە بەرەبەرە ژمارەی دەنگدەرانیان کەم دەبێتەوە و ئەگەر نەزمی نوێی بازاڕ پەسەند نەکەن، توانای کێبەرکێیان نابێ. هەر بۆیە، ئەگەرچی دەستیان لە ئایدیۆلۆژیی خۆیان هەڵنەگرت، بەڵام زانییان کە چی تر سنووره سیاسییەکان وەک ڕابردوو تۆخ نەماوە و حیزبێک دەتوانێ براوە بێ کە باشتر بتوانێ یاساکانی بازاڕ جێبەجێ بکا. ئەمە بۆ بەشێک لە حیزبەکانی بەرەی ڕاست وەک حیزبی مەحافزەکاری بریتانیاش ڕووی دا کە هەوڵیان دەدا لەگەڵ ئەو بایەخانەی کە بەرەی چەپ هێندە لەسەریان پێداگر بوون تا وەکو بەشێک لە بایەخەکانی عەقڵی باو سەیر بکرێن، خۆیان هەماهەنگ بکەن.

لە کۆتاییی ئەم بەشەدا باس لەو گۆڕانکارییە سەرنجڕاکێشە لە حیزبی سۆسیالیستی فەرانسە دەکەم کە لەو قۆناغەدا ڕووی دا. لە ساڵی ١٩٧٢ حیزبی سۆسیالیست و حیزبی کۆمۆنیستی فەرانسە بەرنامەیەکی هاوبەشیان واژۆ کرد (The Program commun) کە وەک بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵ سەیر دەکرا. ئەم ئەجێندا هاوبەشە بووە هۆی ئەوەی کە میتێران لە ساڵی ١٩٨١ بەدەسەڵات بگا. میتێران هەندێک لە بەشە گرنگەکانی ئابووریی فەرانسەی نیشتمانی کرد کە ٣٦ بانکی گەورە و ١١ پیشەسازیی مەزنی لەخۆ دەگرت و ئامانج ئەوە بوو کە بەرزترین ئاستەکانی ئابووریی فەرانسە بەپێی دۆکترینی سۆسیالیزمی کلاسیک بکەونە ژێر کۆنترۆڵی کەرتی گشتییەوە. هەروەها لەم بەرنامەیەدا خەرجییەکانی حکومەت زیادی دەکرد، چونکە حکومەت خۆی لەبەرانبەر ژیانی هاووڵاتیان بە بەرپرسیار دەزانی. بۆ وێنە ئاستی لانی کەمیی مووچە ١٠٪ زیادی کرد، بڕەپارەیەکی زیاتر بۆ لایەنی خۆشبژێویی خەڵک خەرج دەکرا، تەمەنی خانەنشینی بۆ ٦٠ ساڵ کەم کرایەوە، و سەدان هەزار هەلی کار لە بەشی حکومی ساز کرا، هەروەها یارمەتییەکانی حکومەت بۆ دابینکردنی خانووبەرە و پەروەردە زیادی کرد.

ئەگەرچی ئەم بەرنامەیە لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا؛ بەتایبەت هەندێک یاسای پێشکەوتوو سەبارەت بە بیمەی بێکاری و دۆخی کارکردن بە قازانجی کرێکارەکان ڕێک خرایەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەکارهێنانی شتومەک زیادی کردبوو (چونکە مووچەکان هەڵکشابوون و ئاستی خۆشبژێوی بەرز ببوویەوە) بێ ئەوەی لەو ئاستەدا بەرهەمهێنان و هەناردەکردن گەشەی کردبێ، بازرگانی لاسەنگ ببوو. ئاستی هەڵاوسان بوو بە ١٤٪و فەرانسە لەوە نیگەران بوو لە ئەورووپادا نەتوانێ لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا کێبەرکێ بکات. ڕێگەچارەی حکومەتی میتێران سیاسەتی لەبەرکێشان (Expansionary Policy) بوو. لەم جۆرە سیاسەتەدا حکومەت بۆخۆی لە ڕێگەی بانکەکانەوە لە پرۆژەکانی ژێرخانی وڵاتدا سەرمایەگوزاری دەکا و هەلی کار دەرەخسێنێ، پارەیەکی زیاتر دابین دەکا و نرخی قازانجی پارە کەم دەکاتەوە. بەم شێوەیە حکومەت دەیەوێ جووڵە لە بازاڕدا ساز بکا تا

خواست لەسەر کالاّ ساز ببێ. بەلاّم حکومەتی میتێران نەیتوانی بە گرتنەبەری سیاسەتی لەبەرکێشان سەرکەوتوو بێ و دوای ماوەیەک دەوڵەمەند و بازرگانەکان سەرمایەی خۆیان لەبەر بوونی باجی زیاتر لە بازاڕی فەرانسە کشاندەوە. هەر بۆیە حکومەتی میتێران بەرەبەرە ناچار بوو سیاسەتە نیولیبراڵییەکانی بازاڕی ئازاد پەسەند بکا. ئێستا پرسیار ئەوەیە لە کاتێکدا ئەو بەرنامەیە کە دوکتور قاسملووش ئۆمێدی پێ بەستبوو نەیتوانی سەرکەوتوو بێ، پێگەی حدکا لەو گۆڕانکارییانەدا چی بەسەر دێ؟ ئایا بە ئاوڕدانەوە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ ئەویش بەرەو ناوەند هەنگاو بنێ؟

## دەرەنجام: دۆخـــی کۆلۆنیال و ڕزگاریی نەتەوەیی

دیارە حـدکا وەک هەمـوو حیزبێکـی دیکـە پێویسـتییەتی لـە بەرنامـە و پەیـڕەوی خۆیـدا گۆڕانـکاری بـکا، هـەر بۆیـە لـە کۆنگرەکانی پێشـوودا بـەرەو ئـەوە هەنـگاوی نـاوە کـە زیاتـر لەسـەر بنەمـای سۆسـیال دێموکراسـی پەیـڕەوی خـۆی ئامادە بـکا. هـەر بۆیـە لـەم بارەوە سـمایل بازیار پێـی وایـە ”حـدکا لـە ڕێبـازی نوێـی خـۆی کـە لـە کـردەوەدا بـەرەو سۆسـیال دێموکراسـی ڕۆیشـتبوو لـە ڕووی سیاسـی-تیۆرییەوە بەدێکۆمێنـت نەکـرد، ئەگـەر مـەرگ مەجالـی بە قاسـملوو دابا، ئەم کارەی دەکـرد.“ بـۆ وێنـە دەکـرێ سـەیری پەیـڕەوی ناوخۆیـی کۆنگـرەی حەڤدەیـەم (٢٠٢٥)ی حـدکا بکەیـن کـە لەوێـدا باسـی سـڕینەوەی سیسـتەماتیکی نەتـەوەی کـورد لـە ئێـران دەکـرێ؛ حـدکا بـۆ وەدەسـتهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کـورد لە ڕێگەی مافی دیاریکردنی چارەنـووس و فیدراڵیزمێکی ئارەزوومەندانەوە تێدەکۆشـێ. هەروەها لە ڕووی کۆمەڵایەتییـەوە سۆسـیالیزمی دێموکراتیـک بەبنەمـا دەگیـرێ و لەگەڵیدا هاتـووە کە هەوڵ بـۆ بنیاتنانـی کۆمەڵگەیـەک دەدرێ کە لەباری

ئابوورییـەوە ئـازاد و پێشـکەوتوو بـێ و لەبـاری کۆمەڵایەتییـەوە ئاسـوودە و دادپـەروەر. لێـرەدا ناڕوونییـەک دەبینـرێ و دیـار نییـە چـۆن بنەماکانـی سۆسـیالیزمی دێموکراتیـک لەگەڵ بـازاڕی ئـازاددا یـەک دەگرێتـەوە.

پێشـــتر لەنـــاو بیرمەندانـــی کـــورددا نووســـەرانێک وەک ئیدریـــس ئەحمەدی و بیریار ژاوەرۆیی باســـیان لـــەم بابەتە کردبوو کە مۆدێلی سۆســـیال دێموکراســـی ئیمکانی گونجانـــی زیاتـــری لەگەڵ ســـەرمایەداریدا هەیـــە و تەنانـــەت هەوڵێکـــی جیددیان بۆ شـــیکردنەوەی ئـــەم بابەتـــە داوە. ئیدریس ئەحمـــەدی لە لێکۆڵینەوەیـــەک بە ناوی ”لە هێگلەوە هەتا قاســـملوو“، بەوردی باســـی جیاوازییەکانی سۆســـیالیزمی دێموکراتیک و سۆســـیال دێموکراســـی (و ڕوانگەی ڕێگای ســـێهەم) دەکا و پێی وایـــە هەوڵی دوکتور قاســـملوو ڕزگاریی ئایدیۆلۆژیـــی حدکا بووە لە مێتافیزیکـــی مارکســـیزمی ئۆرتۆدکس. لـــە درێـــژەدا ئەویـــش خوێندنەوەیەکـــی ڕەخنەگرانـــە بـــۆ ئایدیۆلۆژیـــی بەشـــێک لـــە حیزبـــە سۆسیالیســـتییەکانی ئەورووپا و گۆڕانکارییەکانـــی دەکا، و پێـــی وایـــە کـــە سۆســـیالیزمی دێموکراتیـــک چی تر ســـەرمایەداری ڕەت ناکاتـــەوە، بەڵکو هەوڵ دەدا لـــە چوارچێـــوەی ئەو سیســـتەمەدا دادپەروەریـــی کۆمەڵایەتی دابیـــن بکا. ئەو لـــە هەمان وتاردا ســـێ ڕێـــکاری ڕوون بۆ سیستەمی خۆشبژێوی کوردســـتان پێشنیار دەکا: ”**١** مافـــی یارمەتـــی بـــۆ دابینکردنی شـــوێنی مەســـکەن؛ **٢** مافـــی وەرگرتنی تیمـــاری تەندروســـتی لە ڕێگـــەی بیمەوە و **٣** مافـــی خوێنـــدن بەبێ دانـــی هەزینە تاکـــوو دیپلـــۆم.“ بیریـــار ژاوەرۆیـــی، لە وتـــاری ”لە سۆســـیالیزمی دیمۆکراتیکەوە بۆ سۆسیال دێموکراســـی“، باس لەوە دەکا کە لە چەند دەیـــەی ڕابـــردوودا جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێـــوان سۆســـیالیزمی دێموکراتیک

و سۆسیال دیموکراسیدا نەماوە. ئەو کە زیاتر گرنگی بە لایەنی سیاسیی باسەکە دەدا، لە کۆتاییدا بەو ئەنجامە دەگا کە "داهاتووی کوردستان پێویستی بە دیمۆکراسییەکی سێکیولار، پلورال و دادپەروەر هەیە کە ڕەنگە لە هەمووی گونجاوتر سۆسیال دیمۆکراسی بێت کە تێیدا هەم دیمۆکراسی تەوەرەی سەرەکییە و هەم سەرنجی لایەنی سۆسیال دەدرێت."
ئەگەر بمانەوێ لەسەر بنەمای گۆڕانکاریی جیهانی و دۆخی هەنووکەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیر لە ئیمکانەکانی گەشەی بیری سۆسیالیزمی دیموکراتیک بکەین، باشترە بەشێوەی بابەتیانە کێشە سەرەکییەکان دەستنیشان بکەین و هەوڵ بدەین لە چوارچێوەیەکی سۆسیالیستیدا ڕێکارەکان لێک بدەینەوە. بۆ ئەم مەبەستە، لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەم بەرنامەیە سۆسیالیستییە چ توانایەکی بۆ ڕزگاریی وڵاتێکی کۆلۆنیال هەیە و هەروەها بە سەیرکردنی هەرێمی کوردستان و ئەو کێشانەی لە ڕووی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە بەرەوڕووی بووەتەوە، باس لە سێ تەوەری سەرەکی دەکەم.

**١** دوکتور قاسملوو (و هەروەها حدکا) فەلسەفەی سیاسی- ئابووریی سۆسیالیزم زیاتر بۆ قۆناغی دوای ڕزگاری بەکار دێنێ و وەک ئامانجی دوارۆژ سەیری دەکا. واتە قورساییی باسەکە زیاتر لەسەر ئەوەیە کاتێک کورد بە سەروەریی نەتەوەیی (لە هەر کام لە فۆرمەکانیدا) گەیشت، بۆ سازکردنی سیستەمێکی دادپەروەرانە چۆن دەبێ تێبکۆشی. هەڵبەت، حیزبی کۆمەڵەش چوارچێوەی مارکسیزم-لێنینیزمی وەکو باسکردن لە شۆڕشێکی سۆسیالیستی بەکار هێناوە، تاکو لە ڕێگەیەوە کرێکار و زەحمەتکێشەکان بە سازکردنی دیکتاتۆریی پرۆلتاریا ڕزگاریان بێ. بەڵام من پێم وایە ئیستاکە ئەگەر دۆخی کوردستان وەک وڵاتێکی کۆلۆنیکراو سەیر بکەین، دەکرێ ئەم دوو تێروانینە بەشێوەیەک لەگەڵ یەک ئاشت بکەینەوە. واتە ڕوانگەی سۆسیالیستی هەر لە ئێستاوە بۆ بابەتی کۆمەڵایەتی و یەکگرتوویی خەبات لە کوردستان بەکار بێنین و باس لەوە بکەین کە بە هۆی دۆخی کۆلۆنیبوونی کوردستانەوە چین و توێژە جیاوازەکانی کوردستان دەچەوسێنەوە و ئەمە تەنیا سنووردار نییە بە چینی کرێکار. بۆیە بۆ ڕزگاربوون لە جۆرەکانی ستەمی نەتەوەیی، چینایەتی، جێندەری و ژینگەیی دەکرێ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای کوردستان بەشێوەی ستراتێژیک یەکدەنگ بن.
بەم شێوەیە، زیاتر لە جاران گرنگی بە زنجیرەیەک لە خەباتی جۆراوجۆری دیموکراتیک دەدرێ کە دژی شێوازەکانی ملکەچییە و لە یەک ئاستدا بایەخیان پێ دەدرێ. واتە چی تر قورسایی شۆڕش تەنیا لەسەر شانی پێشمەرگە نییە، بەڵکو بۆ دابەشکردنی هاوسەنگیی خەبات لەو ئاستانەدا کە ستەم ساز بووە، بەشێکی گرنگی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بۆ گەیشتن بە ڕزگاری تێدەکۆشێ. بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە گەیشتن بە وشیاریی کۆمەڵایەتی خەباتێکی درێژخایەنە و بنەمای سەرەکیی سازکردنی سیستەمێکی دیموکراتیکە. هەر بۆیە دوکتور قاسملووش لە کورتەباسدا بەڕوونی باس لەوە دەکا کە "هەرگیز خەبات بۆ دیموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یا خەباتی چینایەتی و تا حیزبی دیموکرات ماوە دیموکراسی مەبەست و ئامانجیەتی."

**٢** هەندێک جار ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە باشتر نییە لەجیاتیی سۆسیالیزم، ڕوانگەی لیبرالیستی پەسەند بکرێ؟ من

پێم وایە سۆسیالیزم بە بەراورد لەگەڵ فەلسەفەی لیبراڵیدا توانای جماندن و بەرخۆدانی زیاترە، لە هەمان کاتدا زیاتر لەگەڵ مەبەستی حدکا بۆ خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگونجێ. ئەگەرچی وەک شانتال موف باسی لێ دەکا بایەخەکانی لیبراڵ دێموکراسی (وەکو ئازادی، یەکسانیی مرۆڤەکان، مافی مرۆڤ و سەروەریی یاسا) یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی مۆدێرنیتەن و نابێ وازیان لێ بێنین. بەڵام لە هەمان کاتدا لیبراڵ دێموکراسی بۆ دانانی ڕێگەچارە بۆ نایەکسانیی کۆمەڵایەتی و ئابووریی توانای نییە. هەر بۆیە سۆسیالیزم دێموکراسی پەسەند دەکا، بەڵام ئالەنگاریی سیاسەتی بازارتەوەری لیبراڵیزم و پێشخستنی تاک بەسەر کۆمەڵگادا دەبێتەوە. ئەمە ئەو ڕوانگەیەیە کە وەک قووڵترکردنەوەی دێموکراسی لەناو کۆمەڵگادا سەیر دەکرێ. هەروەها بۆ پرسی کوردستان نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە هێشتا ئێمە لە دۆخی بندەستیداین. دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە کامە چوارچێوەی هزری ئیمکانی جماندنی خەڵکی زیاترە. سۆسیالیزم چوارچێوەیەکی بەهێزتر بۆ ڕزگاریی ئەو نەتەوانە دابین دەکا کە داگیر کراون، چونکە ڕاستەوخۆ بەرەورووی دۆخی پێکهاتەیی و ماددیی سوڵتە دەبێتەوە. لیبراڵیزم کە لە بنەڕەتدا بۆ تاکباوەڕی دەگەڕێتەوە، پێداگری لەسەر یەکسانیی یاسایی و وەدیهاتنی مافە سیاسییەکان لە چوارچێوەی دەوڵەتەکاندا دەکا. لە چوارچێوەی ئێراندا و لە باشترین حاڵەتدا ناسیۆنالیزمی ئێرانی باس لە ناسیۆنالیزمی مەدەنی دەکا کە شێوازێکی لیبراڵییە بۆ چارەسەرکردنی ئێتنیکە جیاوازەکان و لە ئاکامدا سەروەریی نەتەوەیی کورد تیایدا دەسڕدرێتەوە. چونکە هەر جۆرە ناسیۆنالیزمێکی مەدەنی لە بنەڕەتدا بۆخۆی لە بەرژەوەندیی ناسیۆنالیزمێکی قەومیدا (لێرەدا قەومی فارس) دەجووڵێتەوە. لە لایەکی دیکەوە، کۆلۆنیالیزمی ئێرانی نەتەنیا شێوازێک لە چەوساندنەوەی سیاسییە، بەڵکو شێوازێکە لە سەپاندنی مۆدێلێکی ئابووریی کە بە مەبەستی چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد پلانی بۆ دارێژراوە. بەشێک لە مێکانیزمەکانی ئەم چەوساندنەوەیە بریتین لە: دەستڕاگرتن بەسەر سەرچاوە سروشتی و کانزاکانی کوردستان و تالانکردنیان، گواستنەوەی هێزی کاری کورد بۆ ناوەند، بەئەنقەست دواخستن و ڕاگرتنی کوردستان لە دۆخی ناپێشەسازیدا، پەرەپێدان بە دۆخی کشتوکاڵیی کوردستان بە مەبەستی بەکارهێنانی ئاو و دەغڵودانی کوردستان بۆ ئاوەدانەکردنەوە و دابینکردنی خواردەمەنی بۆ ناوەندی ئێران، ڕاگواستنی ئاوی کوردستان بۆ ناوچە وشک و نیوەوشکەکانی ناوەندی ئێران.

**٣** ئەگەر سەیری باشووری کوردستان بکەین کە مۆدێلی فیدراڵیزم تیایدا تا رادەیەکی زۆر لە بەرانبەر ناسنامەی (شوناس) عێراقیدا پشتگیری لە ناسنامەی کوردی دەکا، دەبینین لە ڕووی ئابووریی و کۆمەڵایەتییەوە نارەزایەتییەکی زۆر لەئارادایە. ئەگەرچی بەشێکی کێشەکان بۆ پەیوەندیی کۆلۆنیالیستیی نێوان عێراق و هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، هەروەها تاکو ئێستاش بەشێکی بەرچاو لە خاکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدایە. بەڵام لە هەمان کاتدا ناکرێ چاوپۆشی لە سیاسەتە بەناو نیولیبراڵییەکانی پارتی (وەک حیزبێک کە لە هەموو سی و چوار ساڵی ڕابردوودا حکومەتی بەدەستەوە بووە) بکرێ کە نەک بووەتە هۆی زیادبوونی جیاوازیی چینایەتی، بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵک زیاتر نیگەرانی ئاستی خۆشبژێوی خۆیانن. ئەگەر بەکورتی سەیری دۆخی پەروەردە و تەندروستی بکەین، بۆ ئەوەی هاووڵاتییەک دەستی بە خزمەتگوزارییەکی شیاو ڕابگا، ناچارە پەنا بۆ کەرتی تایبەتێک ببا کە

ژێربەژێر هیی دوو حیزبی دەسەڵاتدارە یان لە خزمەت پاراستنی بەهاکانی ئەواندان. ئەم بابەتانە هەر لەخۆوە رووی نەداوە و شتێکی سروشتی نییە، بەڵکو ئاکامی هەڵبژاردنی ئەو سیستەمە بەناو نیولیبراڵییەیە کە لەگەڵ مەحافزەکاریی کولتووری و هیرارشیی کۆمەڵایەتیی دڵخوازی حیزبی پارتی وەک حیزبێکی دەسەڵاتدار دەگونجێ.

هەروەها دەبینین کە لە هەرێمی کوردستان زەوی و سەرچاوە سروشتییەکان بوونەتە بەشێک لە موڵکی کەرتی تایبەت. بەڵام ئەم کەرتی تایبەتە لەڕاستیدا بوونی نییە، چونکە لۆژیکی کێبەرکێی بازاڕ بەسەریاندا زاڵ نییە و دوو حیزبی سەرەکی (پارتی و یەکیەتی) شەبەکەیەکی ئاڵۆزیان لە کۆمپانیاکان بۆ قۆرغکردنی بازاڕ ساز کردووە. بۆ هێشتنەوەی بەرژەوەندیی ئەم دوو حیزبە، پەیوەندییە عەشیرەییەکان بەهێز کراونەتەوە و پێکهاتەی پێشمۆدێرنی وەفاداری بە عەشیرە لە کاتی دەنگداندا مەشروعییەت بۆ دەسەڵاتیان ساز دەکا. لە هەمان کاتدا بۆ هێشتنەوەی یەکگرتوویی، کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و سازنەبوونی ناڕەزایەتی، ئایین وەک ئامرازێک بەکار دێ. لە کاتێکدا چەندین دەیە لەمەوبەر ئەم دوو حیزبە باسیان لە سێکۆلاریزم دەکرد، ئێستاکە بۆ ئەوەی لە دەسەڵاتدا بمێننەوە، لەسەر پشتگیریکردن لە سەلەفیزم پێکەوە کێبەرکێ دەکەن.

ئەم نیگەرانییە بۆ رۆژهەڵات باسێکی جیددییە کە لە داهاتوودا وەک باشوور بەرەو شێوەیەک لە سەرمایەداریی هاوڕێیانە (Crony Capitalism) نەڕوا. چونکە لە ئێستادا جومگە سەرەکییەکانی بازاڕ بە دەست سوپای پاسدارانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوەیە. لە نەبوونی ئەو هێزە کۆلۆنیالیستییەدا ئەگەر حکومەتێکی سۆسیالیستی چاودێریی دۆخی گواستنەوەی رۆژهەڵات لە کۆلۆنیالیزمەوە بەرەو سەربەخۆییەکی جێگیر نەکا، ئەگەری ئەوە هەیە ئەو دەستە و تاقمانەی کە خۆیان بە حیزبەکانەوە گرێ دەدەنەوە، بە ناوی کەرتی تایبەتەوە دەست بەسەر سەرچاوەکان و بازاڕدا بگرن. واتە دوور و نزیکی لە حیزبەکان دەستنیشانی دەکا کە جووڵەی بازاڕ چۆن دەبێ و ئامرازی بەرهەمهێنان دەکەوێتە قۆرغی هەندێک مافیاوە، هەر بۆیە گەندەڵی لەناو سیستەمدا زۆر دەبێ. لەم شێوازەدا متمانەی گشتی بە یاساکان لاواز دەبێ و هەر بۆیەش لە کاتێکدا حکومەتی کوردستان دەیهەوێ پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا قورس بکا، بەرەورووی کێبەرکێی ناتەندروستی کۆمپانیا حیزبییەکان بۆ قۆرغکردنی سەرچاوەکان دەبێ. لەم شێوازەدا هەر وەک ساڵی ٢٠١٧ و دوای ڕێفراندۆم بینرا، بە سەدان بازرگانی ساختە کە تەنیا دەوری بورژوازییەکی کۆمپرادۆریان دەبینی، توانای بەرهەمهێنان و یارمەتیدانی هەرێمی کوردستانیان نەبوو کە خۆی لە ئابلۆقەی ئابووریی دەرباز بکا. چونکە بازرگانە حیزبییەکان بەشێوەیەکی ساختە تەنیا ببوونە بریکاری گواستنەوەی شتومەک بۆ باشووری کوردستان و هەناردەکردنی نەوت و گاز بەشێوەی قاچاخ بۆ دەرەوە.

بە ئاوڕدانەوە لەم سێ بابەتەی سەرەوە و هەروەها ئەو کێشانەی کە لە لۆژیکی بازاڕی سەرمایەداریدا هەیە، ولامدانەوە بە پرسیاری سەرەکیی ئەم وتارە قورستر دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بوترێ کە خوێندنەوەی نوێ بۆ سۆسیالیزمی دیموکراتیک دەتوانێ (١) یارمەتیدەری بەرفراوانترکردنی خەباتی دژەستەم لە رۆژهەڵاتی کوردستان بێ، (٢) گەرەنتی ئەوە دەکا کە لە دواڕۆژدا هێزی قۆرغکەری حیزبی نەتوانێ پێش بە

دیموکراسی بگرێ، (٣) مەترسیی سازبوونی کەرتی تایبەتی ساختە کەم دەبێتەوە، کەواتە هیچ حیزبێک ناتوانێ سەرچاوە سروشتییەکانی کوردستان لە بەرژەوەندیی خۆی یان گرووپێکی تایبەت بەکار بێنێ، (٤) کاتێک خەڵکی کوردستان هەست بە هەوڵی سیستەمی سۆسیالیستی بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی چینایەتی بکەن، بۆخۆشیان پشتیوانی لە سەربەخۆییی کوردستان دەکەن و دەیپارێزن.

ئەگەرچی سیستەمی سۆسیالیستی بۆ ڕێکخستنی بازار چی تر کارامە نییە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە یەکسەر دەبێ لۆژیکی بازار پەسەند بکرێ. حکومەت لە دابینکردنی خزمەتگوزاریی ئاستبەرز لە کەرتی پەروەردە و تەندروستیدا دەبێ بەرپرسیار بێ. بۆ کەرتی سەرچاوە سروشتییەکان و وزە، حکومەتی داهاتووی کوردستان دەبێ بەرنامەیەکی کارای پێشکەوتووخوازانەی لە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان هەبێ. بۆ وێنە ئەگەر سەیری گەورەترین کۆمپانیای نەوتی نۆروێژ واتە کۆمپانیای ئێکۆنۆر (Equinor) بکەین کە جگە لە نۆرویژ لە ٣٦ وڵاتی دیکەش چالاکی هەیە، دەبینین ٦٧٪ی خاوەندارێتییەکەی بەدەست وەزارەتی نەوت و وزەی نۆروێژەوەیە و باقیی پشکەکانی هیی خاوەندارێتیی گشتییە. ئەمە وانەیەکی گرنگە کە چۆن دەوڵەتی داهاتووی کوردستان دەتوانێ بەشێوەیەک کۆنترۆڵێکی نەتەوەیی بەسەر سەرچاوە ستراتێژیکەکانی کوردستاندا هەبێ کە یارمەتیدەری دابەشکردنێکی عادڵانەی سامان لە وڵاتدا بێ، بێ ئەوەی ناچار بێ لۆژیکی نیولیبراڵی بازاڕی ئازاد پەسەند بکا. دوای ڕزگاری، کوردستان دەکەوێتە قۆناغێکی هەستیارەوە: یان دەبێ بناخەی ئابوورییەکی یەکسانیخواز ساز بکرێ کە لە سەرورییەکی دیموکراتیکدا ڕیشەی هەبێ، یان بەرەورووی مەترسیی سیستەمێکی نیولیبراڵی پارێزراو (Neoliberal clientelist system) دەبێتەوە کە لەژێر سوڵتەی مافیای ئۆلیگارشییەکاندایە. زۆربەی جاران و لە دۆخی پاش داگیرکاری، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە لە رووی سەرچاوەکانەوە دەوڵەمەندن، کاتێک بەخێرایی بەرەو کەرتی تایبەت دەڕۆن، لەجیاتیی ئەوەی کەرتە یەکجار پێویستەکانی نەوت، گاز، وزە و کانزاکان بەرەو بازاڕی ئازاد بڕۆن، سەر لە سەرمایەداریی هاورێیانەوە دەردێنن کە تیایدا حیزبە سیاسییەکان یان ئەو نوخبانەی گرێدراوی حیزبەکانن، کۆنترۆڵی سامانی گشتی بەدەستەوە دەگرن. ئەم پرۆسەیە زۆربەی جار پاساوی کارامەیی و سەرمایەگوزاریی بیانی بۆ دەهێندرێتەوە، بەڵام لە کردەوەدا سامان تاڵان دەکرێ. مافیاکان چونکە پشتیان بە دەسەڵاتی حیزبی و ئۆلیگارشی بەستووە، پێویستییان بە مەشرووعییەتی دیموکراتیک نییە و لەبەرانبەر کۆمەڵگادا وەڵامدەر نین. واتە ئەو هێزانەی سەردەمانێک بۆ گەیشتن بە ئازادی خەباتیان دەکرد، ڕەنگە چینێک ساز بکەن کە خەریکی ڕاورووتی نێوخۆیی وڵات بن. بەرەبەرە ئەگەر ئەو سامانە ڕووی لە کزی بێ، چونکە خەڵکیشیان لە داهاتەکەی بێبەش کردووە، سەروەریی نەتەوەیی یان بەدی نایەت یان بەرەورووی دارمان دەبێتەوە. بۆ ئەوەی نەکەوینە داوی ئەم مەترسییەوە، دەکرێ باسی سیستەمێک بکەین کە بەشێوەیەکی گەشەسەندوو لە سۆسیالیزم بڕوانێ و تێکەڵاوێک بێ لە خاوەندارێتیی کۆمەڵایەتی، حکومەتێکی دیموکراتیک و پلاندانانی ستراتێژیکی دەوڵەتی. ئەمە بە مانای گەڕانەوە بۆ چاودێریکردنی ئابووریی نییە کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی باو بوو، بەڵکو باسکردن لە سیستەمێکی

دامەزراوەیی و شەفافە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵێکی گشتی بەسەر سەرچاوە سروشتییەکاندا هەبێ، بۆ وێنە لە کۆمپانیا دەوڵەتییەکانی نۆرویژ بۆ بەڕێوەبەریی نەوت کەڵکی لێ وەردەگیرێ. ئەو کۆمپانیایانەی کە لە لایەن ئاژانسە سەربەخۆکانەوە ڕێک دەخرێن و لەبەرانبەر پارڵماندا وڵامدەرن و ئیمکانی ئەوەشیان هەیە کە لەگەڵ بازاڕی ئازاددا خۆیان بگونجێنن. داهاتەکان دەچنە ناو سەندووقی سامانی نیشتمانییەوە کە هیی هەمووانە و بەشێوەیەکی شەفاف بۆ خەڵک و نەوەکانی داهاتوو بەکار دەهێندرێ. ئەم سیستەمە لە ڕێگەی دێموکراتیزەکردنی ئامرازی بەرهەمهێنانەوە لەگەڵ ئارمانجەکانی سۆسیالیزم هاوڕێیە و گەرەنتیی ئەوەمان پێ دەدا کە سامانە سروشتییەکان لە ڕێگەی چینێکی ئۆلیگارشییەوە تاڵان نەکرێ، بەڵکو بە مەبەستی قازانجی خەڵک لە سیستەمی تەندروستی، پەروەردە و خانووبەرەدا دیسان سەرمایەگوزاریان پێ بکرێ.

ئەگەرچی پێشتر بینیمان مۆدێلی ئابووریی تێکەڵاو کە دوکتور قاسملووش بەوردی باس لە تایبەتمەندییەکانی دەکا سەرکەوتوو نەبوو، بەڵام لە دوای قەیرانی کۆرۆنا و کاریگەرییەکانی لەسەر ئابووریی جیهانی دیسانەوە باسی شێوەیەکی دیکە لە ئابووریی تێکەڵاو دەکرێ. لە ئابووریی تێکەڵاودا مەبەست ئەوەیە کە هەندێک توخمی سەرمایەداری (خاوەنداریەتیی تایبەت، نرخدانان بەپێی لۆژیکی بازاڕ و هاندانی سەرمایەگوزاری لەسەر بنەمای قازانج) لەگەڵ هەندێک لایەنی سۆسیالیزم (وەکو خاوەنداریەتیی گشتی، پرۆگرامەکانی خۆشبژێوی و یاسادانانی دەوڵەتی) تێکەڵاو بکرێ. واتە هەم کەرتی تایبەت و هەم دەوڵەت لە بەرهەمهێنانی کاڵادا دەور بگێڕن و خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن. هەر بۆیە دەوڵەت ناچار دەبێ دەست لە هەندێک شوێنی پێویست وەکو پەروەردە، کەرتی تەندروستی و سازکردنی ژێرخان وەربدات. ئەم شێوازە لە ئابووریی تێکەڵاو زیاتر لەگەڵ سۆسیال دێموکراسیدا دەگونجێ تا سۆسیالیزمی دێموکراتیک. دەکرێ بوترێ هەر ئابوورییەکی سۆسیالیزمی دێموکراتیک تا رادیەک هەر تێکەڵاوە، بەڵام هەر ئابوورییەکی تێکەڵاو سۆسیالیستی نییە. واتە ڕێک ئەمە ئەو نیگەرانییەیە کە من پێشتر لە کاتی شیکردنەوەی باسی ئەو نووسەرانەدا هەمبوو کە دوورکەوتنەوە لە سۆسیالیزم بەتایبەت لە قۆناغی گواستنەوە لە کوردستانێکی کۆلۆنیال بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ تووشی ئەو گرفتانەی هەرێمی کوردستانمان دەکا. واتە نیگەرانبوون لە مەترسیی ئەوەی کە بازاڕ بکەوێتە دەستی چینی ئۆلیگارشیی حیزبییەوە و دژی ئامانجی لەمێژینەی کورد بەکار بهێندرێ. نابێ ئەوەش لەبیر بکەین هەنووکە، تەنانەت سەندووقی نێودەوڵەتیی پارە و بانکی جیهانی (کە سیاسەتەکانی ئەوان سەبارەت بە پارە و قەرز هۆکاری سەرەکیی ئابووریی سەرمایەدارین) دان بەوەدا دەنێن کە ناکرێ هیچ چاودێرییەک بەسەر بازارەکاندا نەبێ. گرنگیی ئەم باسە هەم لە قەیرانی ئابووریی ٢٠٠٨دا دەرکەوت و هەم لە کاتی پاندێمی کۆرۆنادا. پێم وایە مشتومڕی چەند دەیەی داهاتوو لەسەر ئەم خاڵە دەوەستێ کە لە کاتی بەکارهێنانی ئابووریی تێکەڵاودا دەوری دەوڵەتەکان دەبێ چۆن و چی دەبێ.

**پێزانین:**
زۆر سپاسی هاوڕێیانی هێژام کاک داود عوسمانزادە، دوکتور ئیدریس ئەحمەدی و کاک ناسر مورادی دەکەم کە وتارەکەیان هەڵسەنگاند و بە تێبینییە

ورد و زانستییەکانیان یارمەتییان دام کە باشتر لە بابەتەکە بگەم. هەروەها سپاسی ماموٚستا ڕێبوار ڕوٚژهەڵات دەکەم کە بە هەڵەچنییی وتارەکەوە ماندوو بوو.

## سەرچاوەکان:


ئەحمەدی، ئیدریس. ٢٠٠٨. لە هێگڵەوە هەتا قاسملوو: بەرەو کوٚنگرەی ١٤ و تازەکردنەوەی سوٚسیالیزمی دێموکراتیک.
ئەردەڵان، سارۆ. ٢٠٢٣. چل ساڵ پاش کورتەباس: بوٚچی سوٚسیالیزمی دێموکراتیک هێشتا کارامەیە؟ گوٚڤاری تیشک ٢٥، ژ. ٦٧-٦٨: ١١٦-١٢٣.
بازیار، سمایل. ١٣٩٩. سوٚسیالیزمی دێموکراتیک و هەنگاوەکانی حیزبی دێموکرات بەرەو سوٚسیال دێموکراسی. لە حیزبی دێموکراتی کوردستان: قەڵای خوٚڕاگری ناسنامەی نەتەوەیی، کوٚیە: کوٚمیسیوٚنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان.
بازیار، سمایل. ١٣٩٧. خوێندنەوەیەکی نوێ بوٚ سوٚسیالیزمی دێموکراتیک، تیشکی نوێ ۴: ٦١-٩٠.
حەسەنزادە، عەبدووڵا. ١٣٧٦. نیوسەدە تێکوٚشان: ئاوڕێک لە خەبات و تێکوٚشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەرگی دووەم.
ژاوەڕوٚیی، بیریار. ٢٠١٩. لە سوٚسیالیزمی دێموکراتیکەوە بەرەو سوٚسیال دێموکراسی. گوٚڤاری تیشک ٢١، ژ. ٥١: ٢٦-٣٥.
شەفیعی، جەعفەر (١٣٦٣) حیزبی دێموکرات: سوٚسیالیزم یا سەرمایەداری؟ بڵاوکراوەی پێشڕەو ژمارەی ١٠.
قاسملوو، عەبدولڕەحمان. ١٣٨٤. ئابووری تێکەڵاو. لە تاقگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، کوٚکردنەوەی کاوە بەهرامی. ٢٠٧-٢١٨.
قاسملوو، عەبدولڕەحمان. ١٣٨٤. دروشمی بنەڕەتیی حیزبەکەمان. لە تاقگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، کوٚکردنەوەی کاوە بەهرامی. ٢٨٥-٣١٤.
قاسملوو، عەبدولڕەحمان. ١٣٨٤. سوٚسیالیزم و ئابووری سیاسی. لە تاقگەی هەقیقەت، بەرگی یەکەم، کوٚکردنەوەی کاوە بەهرامی. ١٥٧-٢٠٥.
قاسملوو، عەبدولڕەحمان. ٢٠٠٣ [١٩٨٣]. کورتەباس و شیکردنەوەیەکی کورتەباس (ستوٚکهوٚڵم: کتێبی ئەرزان).
قاسملوو، عەبدولڕەحمان. ١٣٧٨. چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی.
قاسملوو، عەبدولڕەحمان. ٢٠٠۴ [١٩٧٣]. کوردستان و کورد. وەرگێڕانی عەبدووڵا حەسەنزادە
مهتدی، عبدالله. سوسیالیزم و پارلمانتاریزم. وەرگێڕانی ناسر حسامی. پاشکوٚی بڵاوکراوەی پێشڕەو، ژمارەی ۴٣
Bobbio, Norberto. 1996. Left and Right: The Significance of a Political Distinction. Translated and introduced by Allan Cameron (Chicago: The University of Chicago Press).
Mouffe, Chantal (2018). For a Left Populism (New York: Verso books).
Political Typology Quiz. Available at https://www.pewresearch.org/politics/quiz/political-typology/
The Political compass. Available at https://www.politicalcompass.org/

# "وتووێژ"

# وتووێژ لەگەڵ
# هزرین سنه

*پرسی چەوساندنەوەی کورد لە ئێران، وەک د. قاسملوو ئاماژەی پێ داوە، «پۆلی ستەم»ە. واتە لەچەند ڕەهەندەوە کورد لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا دەچەوسێتەوە؛ بۆ نموونە چەوساندنەوەی کولتوری-زمانی، ئابووری و سیاسی. بەشێک لە ئێلیتی کورد کە نزیک لە ئیستلاحتەڵەبەکانن، پێداگری لەسەر چەوساندنەوەی ئایینزایی دەکەن و ڕەهەندەکانی دیکەی چەوساندنەوە یا بەهەند ناگرن، یان پێیان وایە دەستی دەرەکی و تەمای دەسەڵاتخوازانەی حیزبەکانی کوردستان، ڕۆڵی هەیە لە هێنانەگۆڕی وەها چەوساندنەوەگەلێک. بە بەراورد لەگەڵ ئامارەکانی ڕێژیم، ڕێژەی بێکاری و هەژاری لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە ئەو بەشەی کە هاوئایینزان لەگەڵ ئاینزای فەرمیی حکوومەت، لە ئاستێکی بەرزدایە و زۆرجار وەک هۆکار بۆ خۆکوژی و تەنانەت ژنکوژی لەو ناوچانەدا ناسراوە. جەنابت چۆن ئەم بارودۆخە هەڵدەسەنگێنی و دۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسی و ئابووری لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن شرۆڤە دەکەی؟*



لە هەر شوێنێکی جیهاندا هاوکێشەکان لە سەر هۆکار یان فەکتەرێکی بنەماییدا دادەمەزرێن و هۆکاری بنەمایی هاوکێشە و ململانێیەکانی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا و ئەو وڵاتانەی کوردستانیان داگیرکردووە، هاوپێوەندیی داگیرکاری-داگیرکراوییە. ئەم هاوکێشەیە دەبێتە هۆی چەوساندنەوەیەکی بنەمایی کە چەوساندنەوەی بنیادی لەسەر بنەمای پێوەندییەکانی داگیرکەر- داگیرکراویدا دروست دەبێت و ئەم پێوەندییە بنەماییە ئەبێتە هۆی ئەوەی جۆرگەلێکی تر لە ستەم وەکوو **ستەمی چینایەتی**، ڕەگەزی، گەشەسەندنی، لە نێو ئەم ستەمە بنەماییەدا فریز بن؛ چونکە داگیرکەری ئێرانی دەرەتان و توانای دەربازبوون لەم ستەمەی نییە و لە بنەڕەتەوە دەربازبوونی لەم ستەمە بە مانای دەربازبوون لە خۆیە؛ کەواتە لە خوارووی کوردستانیشدا ئەم یاسایە هەر جێگیرە و بە هۆی فۆرماسیۆنی کۆمەڵایەتی کە ئەم بەشە هەیەتی (بۆ نموونە عەشیرەبوون لە مێژە لەم ناوچەیە ڕەگی داکوتاوە) و بەبۆنەی هەبوونی ئەو پێوەندیی داگیرکەر – داگیرکراوییەوە نەیتوانیوە ئەم کۆمەڵگایە لەو پێوەندییە دەرباز بێت و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی دەرهاویشتەی ئەم موناسباتەن.

لەساتەوەختی بیچمگرتنی دەوڵەت – نەتەوەی ئێرانی کە زمان و ئایینی کرد بە دالە گرینگەکانی گوتاری ناسیۆنالیستیی خۆی، هاوکات کرماشان کە یەکێک لە ناوچە ستراتژیکەکانی کورردستان بوو کە لە بواری ئایینی و فەرهەنگییەوە پێگەیەکی بەهێزی بوو، چونکە وێڕای ئایینزاکانی ئیسلام،ناوەندی سەرهەڵدانی ئایینی یارسان وەکوو ئایینێکی ڕەسەنی کوردستانی و هەروەها ناوەندی چەندین زاراوەی زمانی کوردی واتا کوردی خوارووو، ناوەڕاست و هەورامییە. کۆی ئەم تایبەتمەندییە گرنگ و ستراتژیکانە لەم ساتەوەختەدا، بوون بە هۆی هەڕەشە و بزاڤی نەتەوەیی کوردستانیش بەهۆی نائامادەبوونی خۆی و نەبوونی دەسەڵات لە بەرانبەر ناسیۆناڵیسمی ئێرانیدا، نەیتوانی ئەم تایبەتمەندییانە بکاتە دەرفەت.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندین نەریتی فکریی تێدایە کە لە ململانێی یەکتردان. لە لایەکەوە سوننەتگەلێک کە هەڵقوڵاوی

ناوخۆی کوردستانن، بەو مانایە کە هاوکێشە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و گەشەییەکان لە ئەمڕۆی کوردستاندا ئەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤی کوردستانی تێگەیشتنی لە دۆخی خۆی هەبێت و لەم سوننەتەوە هەوڵ بۆ دەرباز بوون و ڕزگاری بدات.

لە دەرەوەی کوردستانیش کە دەسەڵات پێوەندیی داگیرکەر- داگیرکراوی لە بەرژەوەندیی خۆیدا دادەڕێژێت، بەردەوام هەوڵ بۆ ئەندازیاریی هزریی کوردستان دەدات، کە ئەم ئەندازیاریکردنە بەشێکی لە فۆرمی ڕیفۆرمخوازیدا خۆی دەنوێنێ کە لایەنی ڕیفۆرمخواز پێی وایە دەتوانێ بە گۆڕینی هاوکێشەی داگیرکەر- داگیرکراوی بۆ هاوکێشەی دژایەتیی ئایینی، پرسی کوردستان لە پرسی ئێتنیسیتە خاکەوە بەرەو پرسی ئایینی ببات.

*لە کۆنەوە تێبینییەکی سەلبی لە ئارادا بووە لەمەڕ ڕۆڵی پاسیڤی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی لەهەمبەر ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا. بەڵگە یا توێژینەوەیەکی ئاکادیمیک لە بەر دەستدا نییە کە وەها گوزارەیەک بسەلمێنێت. تێبینی و تەجرەبە مەیدانییەکانی ئێوە وەک کارناسێک، چین بۆ وەها گوزارەیەک؟*



لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا پێویستە خوێندنەوەیەکی بووناسانەمان لە خەباتی کوردستان هەبێت کە بتوانێ یارمەتیدەرمان بێت بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارەی بۆچی ئەم خەباتە نەتەوەییە لە بەشێکی کوردستاندا پڕڕەنگە و لە بەشێکی تر کەمڕەنگ. لێرەدا پێویستە باس لەسەر توخمە سەرەکییەکانی ناسیۆناڵیزمی ئێرانی بکەین وەکوو خاک، زمان، مێژووی هەتایی و ئایینزا و هاوکات ئەوی ترەکانی ئەم ناسیۆناڵیزمە.

لێرەدا کوردستان لەدوو لێنزی نەزەرییەوە کوللێکی یەکگرتووە؛

یەکەم؛ لە ڕوانینی خۆیەوە، بەو مانایە کە تاکێکی پارسانی (ئایینی) و تاکێکی هەورامی (زاراوە) هاوکات خۆیان بە کورد زانیوە؛ ئەمە بە مانای هەبوونی گێڕانەوەیەکی یەکگرتووە لە کوردستاندا.

دووهەم، لە ڕوانینی ناسیۆناڵیزمی ئێرانییەوە کوردستان ئەو کانتێکستەیە کە وەکوو کوللێک ئەوی تری ناسیۆناڵیزمی ئێرانییە.

ئێستا پێویستە ئەم بابەتە لەچەند لایەنەوە ڕوون بکەینەوە.

یەکەم بابەت، ئاخێزگەی کۆماری کوردستان بەشی ناوەڕاست و ژووروی ڕۆژهەڵاتە کە ئەم بەشە لە باری زاراوەوە سۆرانییە و لە باری ئایینەوە سوننییە و ئەمە لەکاتێکدایە کە هێشتاکوو ناسیۆناڵیزمی کوردی توخمە سەرەکییەکانی خۆی دیاری نەکردووە، بۆیە وا دەکات کە ئایین و زاراوەکانی تری کوردستان ببنە پەراوێزەکانی ئەم ناسیۆناڵیزمە و لە ڕاستیدا تەمەنی کۆمار ئەوەندەی نەخایاند کە لە بواری پانتاییی دەسەڵاتدارییەتییەوە خۆی بکێشێتە بەشەکانی تری کوردستان.

لێرەدا دەسەڵاتی ئێرانی بە ئاگامەندی لەم تەنشگەلەی نێو ناسیۆناڵیزمی کوردی لە ڕێگەی دامەزراندنی بنکەگەلی وەکوو پەروەردە و بارهێنان و هەروەها بنکەی سەربازی هەوڵ بۆ ئەندازیاریی ئەم ناوچەیە دەدات.

دەنا یەکەمین شوێنێک کە دەکەوێتە بەر هێرشی نیزامیی ناسیۆناڵیزمی ئێرانییەوە، ناوچەی خوارووی کوردستانە. ئەو جنایەتانەی ئەمیری ئەحمەدی

له لورستاندا دەیكات و بە قەساوی لورستانیش دەناسرێت! یان نیشتەجێكردنی سەرۆک هۆزەكان لەم ناوچانەدا.

*هابزباوم قسەیەكی هەیە كە دەڵێ لە دایكبوونی چاخە مێژووییەكان (فیۆدالیزم، كاپیتالیزم و...)، لە ڕاستیدا لە دەركەوتنی ویست و بەرزبوونەوەی تواناییەكانی مرۆڤەوە دەست پێ دەكات. كەوایە دەبێ ویست یا تواناییەک لە ئارادا هەبێت كە پێمان بڵێ مرۆڤێكی نوێ لەدایک بووە و بەرەو قۆناخێكی نوێ هەنگاو دەنێت. لە ڕۆژانی شۆڕشی ژینا و بەتایبەت لە بۆنەكانی نەورۆزی ١۴٠۴، بەشداربوونی ناوچەكانی باكوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی كوردستان زۆر جێگای سەرنج بوون، تەنانەت بۆنەكانی نەورۆز وەک ڕێنێسانسێكی نەتەوەیی پێناسە دەكرا. ئەم دەركەوتنە چ لە باری گوتاری و چ وەک پێرفۆرمانس بە مەبەستی زیندووڕاگرتنی هێما ئێتنۆ-سیمبولیكەكانی كورد، زۆر بەهەند گیرا و لە لایەكی دیكەوە هەم دەسەڵاتی ناوەندیی تووشی شۆک كرد، هەم ئیلیتی ئێرانشارییان تۆقاند كە دەركەوتەكەی ئەو نامەیە بوو كە لە لایەن ٨٠٠ كەس لە ئاكادیمیسیەن، نووسەر، هونەرمەند و چالاكی سیاسیی و ڕۆژنامەگەریی ناوەندەوە بڵاو كرایەوە. سەبارەت بە باشووری ڕۆژهەڵاتی كوردستان پێتان وایە نەوەیەكی نوێ لە دایک بووە كە هەم وەک توانایی و هەم وەک ویست لە خۆی ڕادەبینێت كە بەرەو قۆناخێكی نوێی ناسیۆنالیزمی كوردی هەنگاو بنێت؟*



ڕاپەڕینی ژینا یەكێک لە ساتەوەختە گرینگەكانی كوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین بوو كە دەكرێت لە بواری فرەڕەهەندی، پانتایی و ڕادیكاڵبوونیەوە هاوتای ڕاپەڕینە سیاسی-كۆمەڵایەتییەكانی جیهان وەكوو ١٩٦٨ی فەرەنسا خوێندنەوەی بۆ بكرێت. بزووتنەوەیەک كە لە چەند ڕەهەندی كۆمەڵایەتی-سیاسییەوە بانگەوازی ڕزگاریی دەكرد و بوو بە هەوێنی گۆڕانكاریگەلی بنەڕەتی لەوانە جێندەری، ژینگەیی، ئایینی و مانا وجوودییەكانی هەڵتەكاند و كۆمەڵگای باز دا بەرەو قۆناغێكی تر. دوای شۆڕشی ژینا، كۆمەڵگا نەگەڕایەوە بۆ پێش شۆڕش،چونكە ئەزموونی وجوودیی ڕاپەڕینی ژینا، وەكوو هەموو ئەزموونێكی تری وجوودیی مرۆڤ، بوو بە هۆی گواستنەوەی پلەی ئەندێشەیی ڕێكخستنیی مرۆڤی كوردستان. مرۆڤ كاتێک شتێک فێر دەبێت ناتوانێ وای دابنێت كە هێشتاكوو ئەو شتە نازانێت، بۆیە مرۆڤ ناگەڕێتەوە بۆ پێش فێربوونی ئەلفبێ. نەورۆزەكانی كوردستان یەكێک لە نموودەكانی ئەو ئاڵوگۆڕە هەناوییانەن كە بە سەر كوردستاندا هاتووە. دەركەوتنی جیاوازییەكانی كۆمەڵگای كوردستان و ویستی كوردستانی لەگەڵ كۆمەڵگای داگیركەرانیدا، لوتكەی لە شۆڕشی ژینادا خۆی نواند و دوای شۆڕش هەر مەیدانێک بوو بە بەستێنێک بۆ دەرخستنی جیاوازییە چەند ڕەهەندییەكان و درێژەی ئەم ڕەوتە لە نەورۆزەكانی ڕۆژهەڵاتدا خۆی نواند. نەورۆزگەلێک كە ساتەوەختی دەربازبوون و ڕزگاریی زەینیی مرۆڤی كوردستانی و هەڵتەكاندنی ئیدئۆلۆژیی ئێرانی بوو كە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە چەند بوار بكەین؛ گەڕانەوەی مانای هەڵپەڕكێ بۆ مانا كوردستانییەكەی (هەڵپەڕكێ لە ژێر كاریگەریی ئایینی ئیسلامیدا بۆ هەڵپەڕكێی ڕەشبەڵەكی كوردستانی) كە لە تەواوی پانتاییی

ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەڵپەڕکێ وەکوو ئەکتێکی سیاسی-شوناسخوازانە بە پاراستنی هەموو ئێتنۆ سیمبۆڵەکانی کوردستان، گرێدەرەوەی تەواوی کوردستانییان لە جوگرافیای ڕۆژهەڵات، لە ماکۆ هەتا دیلوران بوو. ئەمانە ئەتوانێ ئێمە بەرەو ئاکامگیرییەک ببات کە بتوانین و بکرێت بڵێین نەورۆزەکان ڕێفراندۆمێک بوون بۆ یەک نەتەوەبوونی کوردستان.

هەروەها لە نەورۆزکانی کوردستاندا وەکوو ڕاپەڕینی ژینا، حوزووری ژنان نەک بە شێوەی هێماییـن، بەڵکوو حوزوورێکی کاریگەر و شوێندانەر بوو. دەزانین کە مانا لە نەزمی هێماییندا بەدیهی یان هەناوی نییە؛ بەڵکوو بە شێوەی بەردەوام لە بواری فەرهەنگی و زمانشناختییەوە لە ڕێگەی پۆلێنکارییەوە لە حاڵی بەرهەمهێنانەوە و خولقاندنی جیاوازییەکانە و بە شێوەی ڕوون لە چوارچێوەی دووانەگەلی دژبەیەک سازماندهی دەکرێن و چەمکێک لە هەر جووتێکدا سەرتر یان ئەرێنی ناو دەبرێت. هەر لەم ڕەوتەدایە کە ژن ئەویتربوونی خۆی قەبووڵ دەکات و دان بە بەهێزبوونی پیاو و چەمکی پیاوەتیدا دەنێت، بەڵام ڕاپەڕینی ژینا و نەورۆزەکانی کوردستان، ساتەوەختی گۆڕینی مانا لە نەزمی هێماییندا بوو. ئەم دیاردەگەلە بوونە هۆی ئافراندنی مەیدانێک کە تێیاندا ئەو بەشە لە کۆنەستی پیاوەزنانەی کۆمەڵگای کوردستانی تێک دا و بەرەو نەزمی نوێی، واتا بەرابەری، هەنگاوی نا. دەربازبوونی ژنان لە سیستەمی زمانیی پیاوەزنانە کە ئەم سیستەمە، پلەبەندیی جنسییەتی بەرهەم دەهێنێتەوە، ئاسایی دەکاتەوە و سەقامگیری دەکات و ژنان ئەیانەوێ سیستەمێکی زمانی کە پیاوسالاری لەقاوئەدات بەرهەم بهێنن.

ئەم لایەنانە کە نیشاندەری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتیی ماناکان و هەوێنێک بۆ یەکویستیی کوردستان بوون، بوون بە هۆی دژایەتیی عەقڵییەتی ئێرانی لە گوتاری ئێرانیدا. گوتار و عەقڵییەتێک کە پتر لە ١٠٠ ساڵە لە سەر بنەمای وەهم ساز کراوە و بەردەوام هۆی مانەوەی خۆی لە لاوازیی ئەویترەکانیدا دەبینێت. ئێستا کە ئەویتری ئەم گوتارە خۆی لە مانا سەپاوەکانی دەرباز کردووە، ساتەوەختی لاوازییەکانی گوتاری زاڵ و دەرخستنی وەهمیبوونی ئەم گوتارەیە. بۆیە بۆ مانەوەی خۆی دژ بەم ڕاسانی هزری و ماناییە ڕادەوەستێت، هەر لە گوتارەکەی شەهرزاد موجابەوە هەتا هەڵویستی ٨٠٠ کەسی فارس. (کە بە بڕوای من ئەوە تەنیا ٨٠٠ کەس نەبوون، بەڵکوو زەینی گشت نەتەوەی فارس بوو) هەتا سەرکوتی نەورۆزەکان لە لایەن بنکە ئەمنییەکانەوە بەرەورووی ئەم دەربازبوون و ڕاسانی هزری-گوتارییە بوونەوە و داگیرکەری ئێرانی ناچار بە لابردنی دەمامکەکانی بوو و لێرەدا ئاپاراتووسی نەرم (ئەکتەری دەستەبژێر و ڕووناکبیر) و ئاپاراتووسی سەخت( بنکە ئەمنییەکان) بۆ سەرکوتی بزاڤی نەتەوەیی لەپێناوی پاراستنی گوتاری ناسیونالیزمی ئێرانیدا یەک دەگرن.

حکوومەت و ئاپاراتووسەکانی(نەرم و سەخت) لە هەمبەر توندوتیژی و سەرکوت، تووشبوونێکی دوولایەنیان هەیە، لە لایەکەوە ئەیانەوێ ژێردەستە، مرۆڤێکی شارستانی بێت و ڕوو نەکەنە توندوتیژی، لە لایەکی ترەوە پاساوی توندوتیژییەکانی خۆیان دەگەڕێنێتەوە سەر ناشارستانیبوونی

ژێردەستەکان کە لێرەدا شارستانیبوون لە روانینی داگیرکەرەوە پێناسەی مرۆڤە باشەکەیە. هەر بۆیە مرۆڤی بەکەسایەتی، نۆکەرەکەی نەبەز گۆران و هەر مرۆڤێکی سەرکوتکراوی ژێردەستەی داگیرکراو، خۆی لەو مانایانە رزگار بکات، لە تەمەدون دوور بووە و لە لایەن حکوومەتەوە بە پاساوی ئیقتداری یاساییەوە و لە لایەن دەستەبژێرەوە بە پاساوی ناشارستانیبوون و لادان لە پێناسە نۆرماتیڤەکانی داگیرکەر سەرکوت دەکرێت. کەواتە بە بڕوای من حزووری ئەم ناوچانە لە شۆڕشی ژینا و پاش ئەوە نەورۆزەکانی کوردستاندا، نیشان لە هەبوونی بەستێنی نەتەوەخوازی لەم ناوچانە بوو و ناسیوناڵیزمی کوردی هەموو پەراوێزە کانی پێشتری خۆی وەخۆگرت و ئەمجارە ناسیوناڵیزم لە ئیلام، کرماشان و ورمێدا نوێنەرایەتی کرا و ئەم ناوچانە بوون بە تەوەر و رۆڵی سەرەکییان هەبوو. بەڵام لێرەدا ئەبێ ئاماژە بەوە بکەم کە لەم ناوچانە، هەست بە بۆشایی رێکخستنی، گوتاری و مەیدانی دەکرێت؛ بۆیە لێرەدایە کە ئەرکی سەرەکیی بزاڤی نەتەوەیی، رێکخستنی گوتاری و مەیدانیی ئەم هەستی نەتەوەخوازییە و پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەیە.

*لە ساڵەکانی ١٣٢٠ی هەتاوییەوە و بەتایبەت دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان، خەسڵەت و نۆرمە نەتەوەییەکانی ناسیۆناڵیزمی کورد، کارتێکەریی نەریت و هەروەها دەغدەغەی ناوچەکانی ناوەندی رۆژهەڵاتی کوردستانی پێوە دیارە و بەشێک لە ئێلیتی کوردیش لەو بڕوایەدان کە لە ناسیۆناڵیزمی کوردییشدا، وەک ناسیۆناڵیزمی تورک و فارس و عەرەب، تەمای سێنتەراڵیستیی تێدا زۆر بەهێزە و رەچاوی پۆلۆراڵیزمی کولتووری، بن زمانی و ئایینزایی کوردستان ناکات. بە بۆچوونی جەنابت بزووتنەوەی کوردایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ چی بکات کە سنوورەکانی ئایین و زاراوە و ئایینزاکان، نەبێتە لەمپەر و ناسیۆناڵیزمێکی هەمەگیر و تۆکمە دابین بکات؟*



پێش هەموو شتێک دیسان دەبێت لە کانتێکستی داگیرکەر-داگیرکراویدا هەموو بابەتەکانی کوردستان لێک بدەینەوە و دوو چەشنی ناسیوناڵیزم لە یەک جودا بکەینەوە. ناسیوناڵیزمی وڵاتانی داگیرکەر لەگەڵ ناسیوناڵیزمی نەتەوەی داگیرکراودا جیاوازە. لە ناسیوناڵیزمی ئێرانیدا هەڵەیە ئەگەر لەو باوەڕەدا بین کە ناسیوناڵیزمی ئێرانی پلۆرالیزمی زمانی-ئایینی لەبەرچاو ناگرێت، چونکە لە بنەڕەتەوە باسەکە هەڵەیەکی جەوهەریی تێدایە. ناسیوناڵیزمی ئێرانی لەسەر بنەمای زمانی فارسی بۆ سەرکوتکردن و تواندنەوەی نەتەوەکانی تر دانراوە. لە ناسیوناڵیزمی ئێرانیدا زمان کەرەسەی سەرکوتە، "غەیر" لە ناسیوناڵیزمی ئێرانیدا نەتەوەکانی ترن کە لێرەدا مەبەست نەتەوەی کوردە. لە ناسیوناڵیزمی ئێرانیدا نەتەوەکانی تر سەرکوت دەکرێن و دەتوێنرێنەوە؛ نەتەوە بە تەواوی تایبەتمەندییەکانییەوە. ئەگەر لەو باوەڕەدا بین کە ناسیوناڵیزمی ئێرانی ئایینزا و زمانەکانی تر ڕەچاو ناکات، ئەوە دانمان بە یەکپەیکەرەبوونی کورد و فارس لەیەک جوگرافیادا ناوە و لەم پەیکەرەدا، زمانی فارسی زمانە پارێزراوەکە و زمانی کوردی زمانە نەپارێزراو و ستەم لێکراوەکەیە. بەڵام لە حەقیقەتدا لە ناسیوناڵیزمی ئێرانیدا غەیر یان ئەوی تر پێش هەموو شتێک نەتەوەکانی ترن. نەتەوەکانی تر کە مەترسین بۆ سەر ئەو خاکەی کەوا ناسیوناڵیزمی ئێرانی لە سەری ڕاوەستاوە. ئەم ناسیوناڵیزمە ئێرانییە وەکوو پارادایمێک کە هەموو بوارەکانی نەتەوە دەگرێتە خۆ لەوانە زمان، مێژوو، ئایین و ... لە

روانینی ئەم ناسیونالیزمەوە نەتەوەی ژێردەستە ئەبێ مولکی سووژەی زاڵی ناسیونالیزمی فارس بێت. لێرەدایە کە ئێمکانی هیچ جۆرە دەرخستنێک بە نەتەوەکانی تر نادات؛ چونکە هەر ئیمکانێکی خۆدەرخستن لە نەتەوەی ژێردەستە، یەکسان دەبێت لەگەڵ سڕینەوەی یەکێک لە ئێمکانەکانی بوون و بەردەوامیی ناسیونالیزمی زاڵ. بۆ نموونە ئێمکانی دەرخستن و گەشەکردنی زمانی نەتەوەکانی تر، یەکسانە لەگەڵ لاوازکردنی ئێمکانێکی ناسیونالیزمی ئێرانی واتا زمانی فارسی. ساختی مێژوویەکی وەهمی لە ناسیونالیزمی ئێرانیدا یەکێکی تر لەو ئێمکانانەیە کە بوونی مرۆڤی فارس هەتایی کردووەتەوە و هەر جۆرە دابڕانێک و سەرهەڵدانێکی زانستیانەی مێژووی نەتەوەکانی تر، ئەم وەهمە دەخاتە مەترسییەوە.

بەکورتی هۆی بوونی ئێران، یەکیەتیی خاک و وەهمی مێژوویییە و هۆی مانەوە و بەردەوامبوونی، سەرکوتە. سەرکوتی سەخت و نەرم(سەرکوتی زمانی-ئایینی و ...). هەندێک لە دەستەبژێری فارس لە سەر ئەو باوەڕەن کە ناسیونالیزمی کوردی، لە نەشتەکانی ناسیونالیزمی ئێرانییە و ئاکامی ناسیونالیزمی بناژۆخواز و پاشقەڕۆخوازی ئێرانییە کە زمانەکانی تر لەبەرچاو ناگرێت. چما ئەگەر ناسیونالیزمی ئێرانی بناژۆخواز و پشقەڕۆخواز نەبوایە و لانیکەم مافەکانی زمانی-ئێتنیکی لەبەرچاو بگرتبایە، ئەوە ئیدی نە ناسیونالیزمی کوردی سەری هەڵدەدا و نە جوداییخوازی. لەم ڕوانینەدا خاک بۆ ناسیونالیزمی کوردی و سەروەری لەسەر خاک مانا و جێگەیەکی نییە.

با بپەرژینە سەر ناسیونالیزمی کوردی؛ تاکە نموونەی دەسەڵاتداریێتیی ناسیونالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کۆماری کوردستانە. یازدە مانگ نموونەی حکوومەتداریی کوردستان کە بە شێکاریی ویژمانیی ڕۆژنامەی کوردستان (زمانحاڵی کۆمار)، ڕاگەیێندراوەکان و دامەزراوەکان، دەتوانین بڵێین حکوومەتێکی دێموکراتیک بوو. بە ئاماژە بە چەن نموونە وەکوو: لەبەرچاوگرتنی ناوچەکانی تر وەکوو ئەوەی نوێنەری کرماشان بانگهێشت دەکرێت یان گرینگیدان بە پرسی ژنان کە بنکەی بۆ دادەمرزێت، دەتوانین بڵێین کۆماری کوردستان خەریکی بنیادنانی ناسیۆنالیسمێکی فرەچەشن بوو بە دوور لە هەرچەشنە پەراوێزسازییەک.

گرینگیدان بە بابەتی زمان لە هەر دوو لایەنی کۆمەڵناسیی ورد و گرد، نیشان لە گرینگیی ڕۆڵی زمانە لە هەر کۆمەڵگا و سیستەمێکدا. لە ڕوانینی کۆمەڵناسیی وردەوە لە بابەتی تێگەیشتنی دوو لایەنە، زمان یان نەمادی مانادار، دەورێکی گرینگی هەیە. نەمادی مانادار جۆرێک لە مانای هاوبەشە و ئەم مانا هاوبەشە لە ڕەوتی کونشی دوو لایەنە دروست دەبێت واتا کونشی دوو لایەنەی کۆمەڵایەتی، ماناکان دروست دەکەن و ماناکانیش جیهانی ئێمە. زمان یان نەمادی مانادار ئەو تواناییە بە مرۆڤ دەدات کە بەرپەرچدانەوەی خۆی ڕابگرێت و بە جۆرێکی داهێنەرانە ئاوڕ بداتەوە سەری. لە ڕوانینی کۆمەڵناسیی گردیشەوە، باس لە واقعییەتی کۆمەڵایەتی(social fact) دەکرێت کە تێیدا تاک دەکەوێتە بەر گوشار و هێزی واقێعییەتەوە و ناچار بە ملدان دەکرێت. یەکێک لەو ماکانەی ئافرێنەری واقعییەتی کۆمەڵایەتین، زمانە. لێرەدا زمان دەبێتە هۆی بنیاتنانی جیهان و ساختی بە واتاکان و جیهان دەدات. بە تێگەیشتن لەم ڕۆڵە گرینگەی زمان، داگیرکەران زمان دەکەنە گرینگترین کەرەسەی سەرکوت و سڕینەوەی نەتەوەکانی تر و مانەوەی خۆیان. کەواتە بە کورتی دەتوانین بڵێین ناسیونالیزمی

کوردی لەگەڵ چەندین زاراوە تووشە نەک چەندین زمان و ئەمە یەکێک لە بابەتە گرینگەکانە کە نابێ لەگەڵ ناسیونالیزمی ئێرانیدا تێکەڵ یان بەراورد بکرێت. لەبەر ئەوەی گرفتەکانی ئەو فرە زاراوەییە بە سیاسەتی پلورالیزمی زمانی چارەسەر دەکرێت و ئاسانکاری بۆ یەکپارچەییان دەکرێت (و لەبەرچاونەگرتنی هەر کام لە زاراوەکان تووشی خەسار و لێکترازانمان دەکات).

لە ڕاستیدا ئەوەی ناسیونالیزمی کوردیی تووشی کێشە کرد، بێتوانا بوون لە گەڵاڵەمەندکردنی چوارچێوە بیرییەکانی کۆماری کوردستان لە بزاڤی پاش کۆماری کوردستاندا بوو، کە لە هۆکارەکانی ئەکرێت ئاماژە بکرێت بۆ هاتنی چەپ بۆ کوردستان، کە هەر لە سەرەتاوە بزاڤی نەتەوەییی وەکوو هەڕەشە لە بەرانبەری خۆیدا دەدی و بزاڤی نەتەوەییش بەهەمان شێوە ئەندێشەی چەپی وەکوو هەڕەشە بۆ سەر خۆی دەدی. هەروەها بێچمگرتنی سیستەمی دەسەڵاتداریتی و دامەزراندنی پەروەردە و بارهێنان و ... . کەواتە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، کورد ئەبێ خۆی لە نەزمی ناسیونالیزمی ئێرانی دەرباز بکات و هەروەها کار لە سەر حوزووری بووناسانەی پەراوێزەکانی ناسیونالیزمی کوردی بکات وەکوو پێناسەکردنەوەی سیاسەتی جێندەری و وازهێنان لە حوزووری هێمایینی ژن لە گۆڕەپانە جیاوازەکاندا بە تایبەت گۆڕەپانی سیاسی. هەروەها لە باسی زاراوەکاندا زاراوەکان بنیادنەر بن نەک لە پەراوێزدا پێناسە بکرێنەوە وەکوو ئەوەی گۆڤارێکیان بۆ تەرخان بکرێت، یان لە گشتایەتیی میدیادا تەنیا بەرنامەیەکیان بۆ دیاری بکرێت.

*لە گوتار و لێکدانەوەی بەشێک لە ئێلیتی کورد باس لە دووانەی کۆمەڵگای مەدەنی – حیزبی سیاسی دەکرێت کە هێندێ جار وەک دوو پێکهاتەی ناتەبا پێناسەی دەکەن. لەباری کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، حیزبی سیاسی بەشێکە لە کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵام لە لێکدانەوەی بەشێک لە ئێلیتی کورددا، نەک سەرنج بەم گوزارەیە نادرێت، بەڵکوو وەک دوو پێکهاتەی نامۆ بە یەک و تەنانەت دژ بەیەک شرۆڤە دەکرێت. حیزبی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیاردەیەکی عەینییە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە هەشتا ساڵ، بەڵام کاتێ باس لە کۆمەڵگای مەدەنی دێتە ئاراوە، خەسڵەتێکی سوبژەکتیڤی هەیە. واتە ئێلیت و لایەنە جیاوازەکان گرەو لەسەر دیاردەیەک دەکەن کە بەرهەمی زەینی ئەوانە و تەنانەت هەوڵ دەدەن ئایدیالۆژیزەی بکەن. ئێوە چۆن ئەم دۆخە هەڵدەسەنگێنن و پێتان وایە وەها هەڵاواردنێک چ کاریگەرییەکی لەسەر ناسۆنالیزمی کورد دەبێت؟*



سەرەتا ئەگەر ئاماژەیەکی کورت بە پێناسە جیاوازەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بکەین، باشتر یارمەتیمان ئەدا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە. لە خوێندنەوەیەکی گرامشیاییدا بۆ کۆمەڵگای مەدەنی کە ئاخێزگەیەکی مارکسی_هێگێلیی هەیە، ئەنتگراڵ ئستەیت یان دەوڵەتێکی گشتگیر هەیە کە باڵی کشاوەتە سەر کۆمەڵگای مەدەنی و کۆمەڵگای مەدەنی وەکوو سەنگەرێک لە لایەن دەوڵەتی سەرمایەدارییەوە داگیرکراوە و لەم ڕێگەیەوە خەریکی بەرهەمهێنانەوەی خۆیەتی. لای گرامشی کۆمەڵگای مەدەنی حەوزەیەکە کە دەستگاگەلی ئیدئۆلۆژیک بە

مەبەستی دروستکردنی هێژمۆنیی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن. واتا کۆمەڵگای مەدەنی کەرەسەی بەرهەمهێنانەوەی سەرمایەدارییە. لە خوێندنەوەکانی کۆمەڵناسیی سیاسیدا، کۆمەڵگای مەدەنی بە دەوڵەتەوە پێناسە دەکرێتەوە؛ دەوڵەت وەکوو حەوزەیەکی گشتی و بنەماڵە وەکوو حەوزەیەکی ورد و کۆمەڵگای مەدەنی وەکوو حەوزەی بەیەکگەیشتنی ئەم دوو حەوزەیەیە. کۆمەڵگای مەدەنی واتا تەواوی ئەو حەوزانەی کە دوای دیاریکردن و دابەشبوونی حەوزەی دەوڵەت دەمێنێتەوە و کۆمەڵگای مەدەنی حەوزەیەکە بۆ دەرخستنی جیاوازیگەلی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئیدۆلۆژیک و دەوڵەت تێدەکۆشێت ئەو جیاوازییانە یان لە ڕێگەی نێوندگیری یان لە ڕێگەی سەرکوتەوە چارەسەر بکات.

لەم ڕوانینەوە کۆمەڵگای مەدەنی، هێزەکان، چینەکان، گرووپەکان، بزووتنەوەگەلی کۆمەڵایەتی و بنکەکان و سازمانگەل و گرووپگەلی فشار و ئەنجومەنەکان دەگرێتە خۆ و لێرەدا حیزبە سیاسییەکان لە نێوان حەوزەی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەتدان و پایەکیان لە کۆمەڵگای مەدەنی و پایەکیان لە دەوڵەتدایە. کەواتە لە بنەڕەتدا کۆمەڵگای مەدەنی زەروورەتی دەوڵەتگەلی دێموکراتیک و لیبراڵ یان لە حاڵەتی لانیکەمیدا کۆمەڵگاگەلێک کە لە حاڵی پەرینەوە بۆ دیموکراسین و لە دەوڵەتگەلی سەرەڕۆ و دیکتاتۆریدا، کۆمەڵگای مەدەنی زۆر کزتر خۆیان دەنوێنن و لەم وڵاتانەدا دەوڵەتەکان لەمپەری سەرەکیی چالاکیی ئازادانەی کۆمەڵگای مەدەنین. بەڵام لە هەمووی ئەمانە جیاوازتر کە لەگەڵ هەموو چەشنە حکوومەتێک جیاوازە، شێوەی مودیرییەتی کۆمەڵگا لە دەوڵەتی داگیرکەرە.

ئایا لە دەوڵەتی داگیرکەردا کۆمەڵگای مەدەنی بە پێناسە سەرەکییەکەی خۆیەوە بیچمی گرتووە؟

ئێستا ئەگەر باسەکە بێرینەوە سەر کوردستان، لە کوردستاندا کاتێک ئیمکانی دیاردەیەک بەناو دەوڵەت دروست نەبووە (واتا لە کوردستانی بێدەوڵەتدا) ئیمکانێک بەناوی کۆمەڵگای مەدەنی دروست نییە. کەوابوو لێرەدا کۆمەڵگای مەدەنی لە دوو کاناڵەوە حزووری ئەبێت، یەکەم کۆمەڵگای مەدەنییەک کە لە لایەن داگیرکەرەوە بۆ کوردستان داڕێژراوە و ستەیتێک ئەنتگراڵ کراوە بۆ بەدەستەوەگرتنەوەی حەوزە جیاجیاکانی کوردستان و مەیدانێکە بۆ چاودێریی زۆرتر و بەلاڕێدا بردنی پێناسە و شوناسی داگیرکراو و زاڵبوونی پێناسەکانی داگیرکەر و مەیدانێک بۆ ڕەوایی.

دووهەم لە کاناڵی کوردستانەوە، داگیرکراو وەکوو مەیدانێک چاوی لێ دەکات بۆ چەسپاندنی پێناسەکان و خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆی. بەڵام لەم بەربەرەکانێیەدا کامەیان سەر دەکەون و دەتوانن بۆ بەرەوپێش چوونی ئامانجەکانی خۆیان، کەڵک لەو مەیدانە وەربگرن؟ لە دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانیدا کە ئیمکانی هیچ جۆرە چالاکییەکی ئازادانە بۆ سووژەی داگیرکراو نادرێت، ئایا ئیمکانی بە مەیدانبوونی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ خەباتی سیاسی هەیە؟ یان داگیرکراو چۆن دەتوانێ ئەم مەیدانە وەکوو هەلێک ببینێتەوە بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەی خۆی؟ بە ئاماژەدان بەوەی دووانەی کۆمەڵگای مەدەنی و حیزبی سیاسی، دووانەیەکی ساختە بوو بۆ دروستکردنی مرۆڤی پێملی مەدەنی کە واز لە خواستە ڕایکاڵەکانی بهێنێت و لەم ڕێگەیەوە لەمپەری سەرەکی دروست کراوە بۆ بڵاوبوونەوەی ناسیۆنالیزم لە بەدەنەی کۆمەڵگا؛ ئەگەر کۆمەڵگای مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا

سیاسەتتارێنی بکرێت بە چەن هۆکار دەبێتە لەمپەرێکی جدی بۆ پرۆژەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان: یەکەم، ئەوەی دەبێتە مەیدانێک بۆ خاڵیکردنەوەی پۆتانسییێلی نارەزاتی و دژایەتییەکان بە بێ ئاکامی دڵخواز. دووهەم، دەبێتە مەیدانێک بۆ بەلاڕێدابردنی پرسی کورد (لە سیاسیبوونەوە بۆ فەرهەنگی کردنەوەی پرسەکان) سێهەم، دەبێتە ئامرازێک بۆ سەقامگیری و بەردەوامیی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی و یەکێک لە مێکانیزمەکانی درێژکردنەوەی کۆمەڵگای کورتخایەن بە وتەی کاتووزیان.

*کاتێ بزووتنەوە سیاسی -کۆمەڵایەتییەکان تووشی تەنگانە دەبن، ڕێبەرانی بزووتنەوەکە و تەنانەت چالاکانی سیاسی و مەدەنییش تووشی ئەم پرسیارەی لێنین دەبنەوە: «دەبێ چی بکەین؟». بە لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی نۆرماتیڤی ئەم پرسیارە، حیزبەکانی کوردستان لەم دۆخە ئاڵۆزەدا کە بە ناوی پلانی دیزاینکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناسراوە، دەبێ چی بکەن کە نەهێڵن ناسیۆنالیزمی کورد، واز لە تایبەتمەندییە «کوردستانی»یەکەی بهێنێت و نەچێتە نێو پرۆژەیەک کە بە ناوی «کوردی کولتوری» ناسراوە و بەتەمان لە یاسای شارومەندیی داگیرکەرەکانیدا بیگونجێنن؟ ڕێگەم بدەن وەک کۆتاپرسیار ئەم پرسیارەش بکەم: چۆن لە دوارۆژی ناسیۆنالیزمی کوردی دەڕوانن و هەروەها ناسیۆنالیزمی کوردی چ وەک ئێپیسمە و چ لە باری ئانتۆلۆژیکەوە، دەبێ چی بکات کە لەگەڵ هەلومەرجەکانی سەردەم بێتەوە؟*



سەرەتا ئەمەوێ لەوێوە دەسپێبکەم، لە وڵامی دەبێ چی بکەین؟ ئایا ئێمە لێمان ڕوونە کە چیمان ناوێ و چیمان ئەوێ؟ ئایا ناسیوناڵیستی کورد وێنایەکی ڕوونی لە وڵامی ئەم دوو پرسیارەدا هەیە؟ ڕێککەوتن و یەکگرتنێک (ئجماعێک) لە نێو ناسیوناڵیستە کوردەکاندا لە ئارادایە لەمەڕ چیمان دەوێ؟ بە بڕوای من ئێمە تەنانەت لێمان ڕوون نییە چیمان ناوێ، تا بگات بەوەی چیمان ئەوێ! ناسیوناڵیزمی کوردی ئەبێ لە کانتێکستی داگیرکەر-داگیرکراودا خوێندنەوە بۆ بابەتەکان بکات و لە پارادایمی ڕەخنەییەوە (واتا گۆڕانی ڕادیکاڵ) چارەسەری بۆ پرسی کوردستان بدۆزێتەوە.

ناسیوناڵیزمی کوردی ڕەخنە لە دۆخی هەنووکەیی دەگرێت، سیستەمی دەسەڵاتداریەتیی زاڵ و خۆسەپێن لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە دەڕووخێنێت، بەڵام بیرێکی تۆکمە بۆ چارەسەری و جیهانی دڵخوازی خۆی ناکات، پرۆژەی ڕزگاری لێڵ و نارِوونە و تاکوو ئێستا ئەو کوردستانە سەربەخۆیە وێنا و پێناسە نەکراوە و وێنای دەوڵەتی کوردی وێنایەکی تەماوییە.

ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە بێ دەوڵەت هیچ پرۆژەیەک سەرناکەوێ و تەنانەت ئەگەر پرۆژەیەکیش پێناسە کرابێت زۆر کز و نارِوونە و هەرکات گۆڕانێکی بە سەردا بێت، بە پێی بۆچوونە جیاوازەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت؛ واتا ئەو پرۆژەیە خاوەن چەمشتێکی غەیرعەقڵانییە. دیارە هەر پرۆژەیەک ئەتوانێ کراوە بێت بۆ ئەوەی کەم یان زیاد بکرێت بەڵام ناکرێت هێندە چەمشتی لە سەرەوە بێت کە ئاڵوگۆڕ بە سەر ستراتێژی و ئامانجیدا بێت. ئەم نارِوونییە جۆرێک سەرلێشێواویی دروست کردووە کە بە ئاسانی ئیلیتی کوردستانی دەکەوێتە داوی پرۆژەگەلی خوشکایەتی و برایەتی، چاکخوازی و (دیموکراتیککردنی

داگیرکەران) بۆ نوقمبوونی خواستی کورد و بەلاڕێدا بردنی بیری سەربەخۆییخوازی یان سەروەریخوازیی کوردستان. کەواتە بە بڕوای من حیزبەکانی کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی ئەم کەلێنانە، پرۆژەیەکی ڕوون و نەگۆڕ(بەڵام خاوەن چەمشتی عەقڵانی) پێناسە بکەن و لە پێناو ئەو پرۆژەیەدا هەنگاو بنێن لە سێ کوچکەی، داگیرکەرناسی (دۆخی کوردستان لە چوارچێوەی داگیرکەر-داگیرکراوی) ڕزگاری، عاملییەتی نەتەوەیی. باسمان لە سەر دوو کوچکەی یەکەم واتا داگیرکەرناسی و ڕزگاری کرد، بەڵام عاملییەتی نەتەوەیی، باوەڕمەندبوون بە عاملییەتی نەتەوەیی لە بەرانبەری ڕێئاڵ پۆلۆتیکدا، عاملییەتی نەتەوەیی لە سەر بنەمای خولیاکانیەوە کاریگەری لە سەر ڕێئاڵ پۆلۆتیک دادەنێ نەک پێچەوانەی. لێرەدا ئەمەوێ باسەکەم بەو بابەتەوە کۆتایی پێبێنم، کە لە ڕاستیدا عاملییەتی کوردستان کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر خۆڕێکخستنی داگیرکەران لە نێو جەمسەرە سەرەکییەکان لە جیهاندا بوو و شۆڕشی ژینا وەکوو نوێترین ڕێکخستنی کوردستان لە ڕەوتی بزاڤی نەتەوەیی، کاریگەریی لەسەر دارشتنی نەزمی ناوچەیی دانا ، هەر بۆیە ئەرکی ئێلیت و حزبی کوردستانی بە تایبەت ئێلیت و حزبی ناسیۆنالیستی کورد ئەوەیە کە لە دەلاقەی عاملیەتی کوردستانەوە بۆ بابەتەکان بڕوان و پلانی بۆ دابڕێژن و ڕێکخستنی بۆ بکەن.

چەکدار و لەبەینبردنی سەروەریی کوردی، ناوەندەکە بە ئێعمالی کاری ئیداری وەکو دانی ناسنامە، بەڵگەی هۆویەتی وەکو ئێعمالی هێز، لەناوبردنی دەسەڵاتی کوردی، وەکو ئێعمالی سیستەمی دادوەری هەوڵی بەرهەمهێنانەوەی شوناسی یەکپارچەی ئێرانی و لەناوبردنی شوناسی کوردی دەدات. هاوکاتیش ئەو گێڕانەوەیەی کە باسمان لێوە کرد دەوری خۆی دەگێڕێ و وردە وردە لە سەردەمی پەهلەویی دووهەم و لە سەرەتاکانی کۆماری ئیسلامیشدا تەنانەت دوای ئەویش لەژێر کاریگەریی ئینقلاب، شوناس گۆڕانی بەسەردا دێ و ڕەهەندی ئێرانی وەردەگرێت. هەربۆیە کوردی ئێرانی چەمکێکە کە زۆر دێتە کایەوە، ناوە ئێرانییەکان لەناو ئەو جیلە کە ئێستە لەنێوان چل تا شەست ساڵن، زیاد دەکات و لاوانی ئەو سەردەمی کورد لایەنگری یانەی تۆپی پێی ئێران دەکەن و ... بەڵام هێدی هێدی لەگەڵ ئەوەی کە هیواکان بۆ ئەوەی کە ئێرانییەکان یان فارسەکان کورد وەکو نەتەوەیەکی بەرانبەر لە ئێراندا ببینن لەناو ئەچن، لە ئاکامی شۆڕش و خەباتدا، شوناسی کوردی دەگۆڕێ و ئێمرۆ دەبینین کە بە شێوازێکی بەرچاو لە جیلی سی و چل ساڵ بەرەو خوار، بەتەواوی ئەو دوو شوناسە، واتا شوناسی کوردی و شوناسی ئێرانی لە دژبەیەکی و تەقابول لەگەڵ یەکدان و هێدی هێدی خەریکە شوناسی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەگەڵ شوناسی ئێرانی مەودا دەگرێت و شوناسی ئێرانی دەکەوێتە پەراوێزەوە و کوردی ڕۆژهەڵات ئیتر خەریکە مەودا دەگرێت لەو شوناسە ئێرانییە.

ئەمە هەمووی ئاکامی ئەوەیە کە لە ڕاستیدا شوناس مەسەلەیەکی جیایە لە سەروەریی سیاسی، بەڵام لەژێر کاریگەریی سەروەری و کۆمەڵێک فاکتەری تردایە. شوناس ئەمریکی سەیاله و گۆڕانی بەسەردا دێ و بەو شێوازە نییە کە ئێمە بتوانین بڵێین دیاردەیەکی موتڵەق و ئەزەلی و ئەبەدییە. سەروەریی دەوڵەت و پەیوەندیی دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگا،

کاریگەرییەکی زۆر زۆری لەسەر شوناس بە دوو شێواز هەیە. یەکەم دەتوانێ شوناسێکی یەکپارچە شکڵ بدات. بۆ وێنە ئەگەر سەروەرییەکی دیموکراتیکی کوردی لە ئارادا بێت یان لە ڕێگەی فالس نەرێتیڤەوە کە لە مێژووی خۆماندا دەیبینین. دووهەم دەتوانێ شوناسی ئێرانی لە شوناسی کوردی و کوردستانی لە ڕۆژهەڵات جیا بکاتەوە و شوناسی کوردستانی شکڵ بدات. بۆ وێنە دەوڵەتی ئێران لە ڕێگەی شێوازی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کوردەکانەوە لە ڕێگەی ئەوەوە کە نەتەنیا دەوڵەت، نەتەنیا ساورن، بەڵکو ئۆپۆزیسیۆنیش وەکو بەشێک لە دەسەڵات، وەکو بەشێک لەو بە ئیستلاح چوارچێوەیەی کە ئێمە وەکو دەسەڵاتی ئێران دەیناسین، دەتوانن بە شێوازی هەڵسوکەوتیان کە دەیکەن هیوا لەناو بەرن و هێدی هێدی شوناسی کوردی یا شوناسی کوردستانی لە ڕۆژهەڵات بەهێزتر بکەن.

”

# وتووێژ لەگەڵ
# عەدنان حەسەنپوور

“

*پرسی چەوساندنەوەی کورد لە ئێران، وەک د. قاسملوو ئاماژەی پێ داوە، «پۆلی ستەم»ـە، واتە لە چەند ڕەهەندەوە کورد لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا دەچەوسێتەوە. بۆ نموونە چەوساندنەوەی کولتووری-زمانی، ئابووریی و سیاسی. بەشێک لە ئێلیتی کورد کە نزیک لە ئیسلاحتەڵەبەکانن، پێداگری لەسەر چەوساندنەوەی ئایینزایی دەکەن و ڕەهەندەکانی دیکەی چەوساندنەوە یا بەهەند ناگرن، یان پێیان وایە دەستی دەرەکی و تەمای دەسەڵاتخوازانەی حیزبەکانی کوردستان ڕۆڵیان هەیە لە هێنانەگۆڕی چەوساندنەوەگەلێکی وەهادا. بەگوێرەی ئامارەکانی ڕێژیم، ڕێژەی بێکاری و هەژاری لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە ئەو بەشەی کە هاوئایینزان لەگەڵ ئایینزای فەرمیی حکومەتدا، لە ئاستێکی بەرزدایە و زۆرجار وەک هۆکار بۆ خۆکوژی و تەنانەت ژنکوژی لەو ناوچانەدا ناسراوە. جەنابت چۆن ئەم بارودۆخە هەڵدەسەنگێنی و دۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسی و ئابووریی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن شرۆڤە دەکەی؟*



بێگومان قەت ستەمەکانی سەر کۆمەڵگەی کوردستان و نەتەوەی کورد تاکڕەهەند نەبووە، واتە ناتوانین بڵێین تاکە یەک هۆکار سەرچاوەی هەموو ئەو ستەمانەیە کە خەڵکێکی دیاریکراو بەناوی «کورد» بەدرێژاییی سالانی دوورودرێژی پاش نەمانی میرنشینەکان و بەتایبەت دوای پێکهێنانی دەوڵەت-نەتەوە لە ئێراندا ئەزموونی کردوون. بەڵام هاوکاتیش ئەگەر لەسەر هەمان ئەم قۆناغەی پاش پێکهاتنی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی چڕ ببینەوە، دەتوانین بڵێین کە بەپێی سروشتی ئەو دیاردە مۆدێرنە کە جەخت لەسەر تاکشوناسبوونی دەوڵەت وەک زەرووڕەتێک دەکاتەوە، سەرەکیترین هۆکاری چەوساندنەوە و ستەم، پرس و جیاوازیی نەتەوەیی بووە. واتە هیچ کام لە جیاوازییەکانی تر، بۆ وێنە جیاوازی ئایین و ئایینزا یاخود جوگرافیا، پنتی سەرەکی و بونیادی نەخشاندنی ستەم لە ئێرانی مۆدێرندا نەبوون، بەڵکوو دەستنیشانکردنی «زەرووڕەتی شوناسی سەرتاپاگیری نەتەوەیی بۆ دەوڵەت» بنچینەی فۆرمە جیاوازەکانی ستەمکاری لەو جوگرافیایەدا بووە. بۆ سەلماندنی ئەمەیش دەتوانین سەیرێکی «پلانەکانی گەشەپێدان» لە یەکەم ساتەکانی خۆیەوە لە ئێراندا بکەین؛ دەستپێکردنی قۆناغی پیشەسازی و دروستکردنی ژێرخانەکان بەتەواوی لە ناوەندی جوگرافیای ئێرانەوە بوو، واتە لەو ناوچانەوە کە بە ڕەچەڵەک فارسیان تێدا دەژین، گەورەترین کارگە و پیشەسازییەکان (بەتایبەت ئەوانەی پێیان دەوترێت پیشەسازیی دایک) هەروەها زیادترین ڕێژەی ڕێگاوبان و ژێرخانەکان هەر لەو ناوچانە دروست کران. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئەو ناوچانە لە ڕووی جوگرافیاوە بە هیچ شێوەیەک بۆ ئاوا پلانێک گونجاو نەبوون، چونکە نزیک بە هەموویان دەڤەری وشک و کەمئاون، ئاشکرایە ئاو بنچینەییترین مادەی سروشتییە بۆ پیشەسازیی گەورە. ئەمەیش بە مەبەستی ئەوەی سەرمایە و سەرچاوەکانی سەرمایە لە دەستی فارس خۆیدا بێت تاکوو بتوانێت لە ڕێگای کۆنترۆڵکردنیەوە دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەمووواندا بسەپێنێت. کاتێک بنەمای دەوڵەتێک لەسەر شوناسی نەتەوەیەک و

بە ئاوا ئامانجێکەوە دادەمەزرێت، ئیدی باسکردن لەوەی کە سەرەکیترین ستەم ستەمی مەزهەبییە، قسەیەکی تەواو بۆش و لێکدژ و بێمانایە و لەگەڵ مێژوودا بە هیچ شێوەیەک تەبا نایەتەوە. هەر هەموو ڕەوت و ڕووداوەکانی پاش پێکهێنانی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێراندا ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن کە لە پرسیارەکەی ئێوەیشدا ئاماژە بە لانیکەم یەکێکیان کراوە. ئەگەر ستەمی سەر کورد تەنها ستەمی مەزهەبییە، ئەی چۆنە کە کوردی شیعەیش هەمان ستەمی کوردی سوننەی ئەزموون کردووە و دەیکات؟! تەنانەت با واز لە کوردیش بهێنین، ئەی بۆچی لە دەیان ناوچەی شیعەی دیکەی ئێرانیشدا کە فارس نین، بۆ وێنە گیلان و مازەندەران، ئەو ئاستە لە گەشەپێدان و کۆبوونەوەی سەرمایە ڕووی نەداوە؟!

ئالێرەوە دەتوانین بەدڵنیاییەکی زۆرەوە بڵێین ئەگەرچی شیعەگەری یەک لە توخمەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بووە، بەڵام بنەڕەت و بنەچەی ئەم ئایدیۆلۆژیایە «شوناسی نەتەوەییی فارس» بووە و هەر کەس لە دەرەوەی ئەو نەتەوەوە بوو بێت، خراوەتە پەراوێزەوە. پەراوێزکەوتنی شیعە نافارسەکان گەورەترین بەڵگەیە بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە. باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان هەمان کرماشان و ئیلامیش لەم پەراوێزکەوتنە بێبەری نەبوون و سەرەرای هاوئایینزابوون لەگەڵ فارسەکاندا قەت نەیانتوانیوە دەستیان بە سەرچاوەکانی سەرمایە ڕابگات یاخود مافە کولتوورییەکانیان پارێزراو بێت. ئەمە هەم لە دەوڵەتی پەهلەوی و هەم لە کۆماری ئیسلامیدا دەقاودەق ڕووی داوە و تەنانەت بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسلامی سیاسیی شیعەیش نەیتوانی ئەو بەربەستانە بشکێنێت و شێوازی مامەڵەکردنی ستەمکارانەی دەوڵەت لەگەڵ کوردی شیعەدا بگۆڕێت یاخود هیچ نەبێ گرنگایەتییەکی زیادتریان پێ بدات. وەک لە پرسیارەکەیشدا بە دروستی ئاماژەی پێ کراوە، ئەو دوو پارێزگایە لە ڕیزی هەژارترین پارێزگاکان لەسەر ئاستی هەموو ئێراندان و هەر ئەم هەژارییە کە هاوتەریب بووە لەگەڵ ئاسەوارە قووڵەکانی شەڕی ئێران و ئێراق و نەبوونی بزووتنەوەیەکی سیاسیی ئەکتیڤیشدا، وای کردووە کە ڕێژەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەراورد بە ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵات، لەو ناوچانەدا گەلێ زیادتر بێت.

*لە کۆنەوە تێبینییەکی سەلبی لە ئارادا بووە لەمەڕ ڕۆڵی پاسیڤی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی لەهەمبەر ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا. بەڵگە یان توێژینەوەیەکی ئاکادێمیک لەبەردەستدا نییە کە گوزارەیەکی وەها بسەلمێنێت. تێبینی و تەجرەبە مەیدانییەکانی ئێوە چین بۆ گوزارەیەکی وەها؟*



بێگومان بەشێکی گەورە لە کێشەی تێکەڵنەبوون یان ئامادەبوونی کەمتری کرماشان و ئیلام لەناو شۆڕشی کورددا دەگەڕێتەوە بۆ کورد خۆی و بۆ هۆکارە ناوخۆییەکان، ئەگینا هەمان ئەو خەڵکە لەودیوی سنوورە دەستکردەکانەوە لە باشووری کوردستاندا بەشدارییەکی بەرچاوی هەمیشەییان لە شۆڕشی کورددا هەبووە. ڕەنگە ئەم قسانە تارادەیەک دووبارە بن، بەڵام ناچارین بەردەوام بیانڵێینەوە تاکو ببێتە پرسێکی سەرەکی بۆمان و چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە. مخابن بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕووی زاراوە

و ناوچەوە تارادەیەکی زۆر تاکرەهەند بووە و لە سنوورەکانی ناوچەکانی زاراوەی سۆرانیدا قەتیس ماوە. ئەمە تارادەیەکی زۆر تەنانەت لە ئاست کرمانجەکانی پارێزگای ورمێیشدا دەبینین، لە کاتێکدا جوگرافیای ئیداریی پارێزگاکەی ئەوان لەگەڵ ناوەندی کلاسیکی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، مەهاباد و موکریان، یەک پارێزگایە و هاوبەشە. هۆکاری ئەم تاکرەهەندییە هەرچی بێت و تا چەندیش بۆ تێگەیشتن بشێت و پاساوهەڵگر بێت، دیسان هیچ لە کێشەکە ناگۆڕێت؛ مادام لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا کە مەبەست و ئامانجی بزووتنەوەیەکی سیاسییە خەڵکێکی فرەرەنگ بژین، پێویستە هەموو ئەو خەڵکانە دەنگ و رەنگی خۆیان لەناو بزووتنەوەکەدا بدۆزنەوە تاکو بتوانن بە هیی خۆیانی بزانن و بەشداریی تێدا بکەن. پێویستە ددان بەو راستییەدا بنێین کە بزووتنەوە و شۆڕشی ئێمە بەدەگمەن نەبێ نەپەرژاوەتە سەر ئەم پێویستییە. هاوکات نابێ شتێکی گرنگی دیکەیشمان بیر بچێت: ئاستی هەوڵ و پلانەکانی دەوڵەتەکانی ئێران بۆ ئاسیمیلەکردنی ئەو ناوچانە، بەتایبەت شاری کرماشان وەکو گەورەترین شاری رۆژهەڵات، بەراورد بە ناوچەکانی تر ئێجگار بەربڵاوتر و قووڵتر بووە، بە جۆرێک کە لێکەوتەی ئەم سیاسەتانە تەنانەت تا دروستبوونی زمانێکی ساختە بەناوی فارسیی کرماشانییش چووە کە هیچ بنەمایەکی زمانەوانی یان پێشینەیەکی مێژوویی نییە و تا چەند دەیەیەک لەمەوپێش هەر بوونیشی نەبوو. هەروەها ئەو راستییەیش لەبەرچاو بگرین کە کرماشان هەر لە پێشتریشەوە لە هەندێ هاوکێشە و رووداوی مێژوویی نزیکی ئێراندا دەوری گرنگی گێڕاوە، بۆ وێنە ئەو دەورەیەی لە شۆڕشی مەشرووتەدا هەیبوو، هەر بۆیە تێکەڵبوونێکی زیادتری بە ناوەندەوە هەبوو.

کەچی سەرەڕای هەموو ئەمانەیش، شۆڕشی کورد قەت ئاوڕێکی جیددیی لەو ناوچانە نەدایەوە و بە جۆرێک لە جۆرەکان وازی لێ هێنان بۆ دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران. لە کاتێکدا دەبوو پێچەوانە بوایەت، واتە دەبوو زۆر زیادتر لە ناوچەکانی ناوەراستی رۆژهەڵات گرنگی بە کرماشان و ئیلام بدرایەت کە زیادتر لە بەردەم مەترسیی تواوەدا بوون. ئێمە نابێ ئۆباڵی کێشەکان، لێرەدا بەشدارینەکردن لە شۆڕشی کورددا، بخەینە ئەستۆی خەڵکی ئەو ناوچانە، ئەوە نە رەوایە و نە لەگەڵ واقیعە مێژووییەکانیشدا دێتەوە. بەکورتی دەتوانین بڵێین دوو هۆکاری سەرەکیی دەرەکی و ناوخۆیی لەم بابەتەدا دەوری سەرەکییان هەبووە؛ بە ئاستی یەکەم پلانی دەوڵەتەکانی ئێران (هەردوو رژێمەکە) بۆ لەخۆنامۆکردنی ئەو بەشە لە خەڵکی کوردستان و بە ئاستی دووەمیش کەمتەرخەمی و بگرە بێتەرخەمیی کورد خۆی لە ئاست چارەنووسی ئەو ناوچانەدا و «پێشکەشکردن»یان بە دەوڵەتی ئێران.

*هابزباوم قسەیەکی هەیە کە دەڵێ لەدایکبوونی چاخە مێژووییەکان (فیۆدالیزم، کاپیتالیزم و...)، لە راستیدا لە دەرکەوتنی ویست و بەرزبوونەوەی تواناییەکانی مرۆڤەوە دەست پێ دەکات. کەوایە دەبێ ویست یا تواناییەک لە ئارادا هەبێت کە پێمان بڵێ مرۆڤێکی نوێ لەدایک بووە و بەرەو قۆناخێکی نوێ هەنگاو دەنێت. لە رۆژانی شۆڕشی ژینا و بەتایبەت لە بۆنەکانی نەورۆزی ١٤٠٤، بەشداربوونی ناوچەکانی باکوور و باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر جێگای سەرنج بوون، تەنانەت بۆنەکانی نەورۆز وەک رێنیسانسێکی نەتەوەیی پێناسە دەکرا. ئەم دەرکەوتنە چ لە باری گوتاری و چ وەک پێرفۆرمانس بە مەبەستی زیندووراگرتنی هێما ئێتنۆ-سیمبولیکەکانی کورد، زۆر*

*بەهەند گیرا و لە لایەکی دیکەوە هەم دەسەڵاتی ناوەندیی تووشی شۆک کرد، هەم ئیلیتی ئێرانشاریان تۆقاند کە دەرکەوتەکەی ئەو نامەیە بوو کە لە لایەن ٨٠٠ کەس لە ئاکادیمیسیەن، نووسەر، هونەرمەند و چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەگەریی ناوەندەوە بڵاو کرایەوە. سەبارەت بە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێتان وایە نەوەیەکی نوێ لەدایک بووە کە هەم وەک توانا و هەم وەک ویست لە خۆی ڕادەبینێت بەرەو قۆناخێکی نوێی ناسیۆنالیزمی کوردی هەنگاو بنێت؟*



ڕەنگە بەبێ توێژینەوەیەکی مەیدانی و زانستیی جیددی ئەستەم بێ بتوانین ئاوا ئەنجامگیرییەکی یەکلاکەرەوە دەستنیشان بکەین. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی و بەپێی ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕەکانی لانیکەم ٢٠ ساڵی ڕابردوو دەتوانین ئاماژە بە هەندێ سەرەداو بکەین کە دەشێت ببنە بنەمایەک بۆ تێگەیشتنی زیادترمان لەو دۆخە دیاریکراوە.

لە پاش دەستپێکردنی شەپۆلی بەربڵاوی چالاکیی کولتووری و مەدەنییەوە کە هاوتەریب بوو لەگەڵ پەرەسەندنی خوێندنی باڵا لە ئاستە هەموو کوردستاندا، تێکەڵبوونەوەی ناوچەکانی خواروو و سەرووی ڕۆژهەڵات وردەوردە ڕووی لە زیادبوون کرد. هاوکات کە گۆڤار و کتێبە کوردییەکان کە زیادتر لە سنە بەرەوژوور چاپ دەکران، دەچوونە خوارەوە، لە زانکۆکانیشدا خوێندکارە کوردەکانی شوێنە جیاجیاکانی کوردستان یەکیان دەدۆزییەوە و پێوەندییەکانیان دەستی پێ دەکرد، سەرەتا بە هاوڕێیەتی و پاشان بە چالاکیی کولتووری و سیاسیی هاوبەش. ئەم ڕووداوانە یەکانگیر بوون لەگەڵ دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە ئەویش بۆخۆی دەورێکی جیددیی هەبوو لە زیندووکردنەوە و کاراکردنەوەی توانستە نووستووەکانی ڕۆژهەڵاتدا. هەرچی ئاستی ئەو ڕووداو و چالاکییانە زیادتر و قووڵتر دەبوویەوە، ڕێژەی تێکەڵبوونەوەی دەڤەرە جیاجیاکانیش پەرەی دەسەند. ڕووخانی حکومەتی سەدام و پاشتریش ڕووداوی کۆبانێ و ڕۆژاوای کوردستانیش بوونە هۆی ئەوەی کورد ببێتە سووژەیەکی سەرەکی لە ئاستی میدیاکانی جیهاندا، هاوکاتیش میدیای کوردی لە هەموو ئاستەکاندا گەشەی چەندێتی و چۆنێتیی کرد. هەموو ئەمانە زەمینەیەکی گونجاوتریان ڕەخساند بۆ پەرەسەندنی شوناسی کوردی لە واتا گشتییەکەیدا.

ڕاستە کە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ لە بزووتنەوە و شۆڕشی کوردی دوور بوون، بەڵام وەک دەوترێت، نەریت کۆتایی پێ نایەت، لە شوێنێک خۆی دەشارێتەوە و دیسان لە ساتەوەختێکی گونجاودا دەخزێتەوە ناو مەیدانەکە. بەپێچەوانەی هەندێ بۆچوونی ڕووکەشییانە لە ڕابردوودا کە گومانی قووڵیان دەخستە سەر زیندوومانەوەی شوناسی کوردی لەو ناوچانەدا، کرماشان و ئیلام قەت لە شوناسی خۆیان دانەبرابوون تاکوو گەڕانەوەیەکی دووبارەیان بۆی کردبێت! بەڵکو بەهۆی هەلومەرجە ئۆبژێکتیڤ و مێژووییەکانەوە تەنها غیابیان لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان کردبوو و لە ئێستەدا کە هەلومەرجەکە گونجاوترە، بە وزەیەکی گەورەوە خەریکن خۆیان تێکەڵ بەو بزووتنەوەیە دەکەن. بە واتایەکی تر، ئامادەنەبوونیان لە شۆڕشدا قەت بە واتای لەدەستدانی شوناسی

نەتەوەییان نەبووە، ئەو دوو گوزارەیە بە هیچ شێوەیەک هاوتا و گرێدراوی بێ ئەملاولای یەکتر نین. هەر بۆیە ئەو نواندنەوە و ئامادەبوونە وێناچی پێوەندییەکی بە قەڵشی نێوان نەوەکان یان پێگەیشتنی نەوەیەکی نوێوە هەبێت، بەڵکو هەڵگری بەردەوامێتییەکی مێژووییە کە لە هەناوی یادەوەریی گشتی و تەنانەت ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا هەمیشە زیندوو بووە و ئێستە بووەتە سەرچاوەی جووڵەیەکی کۆمەڵایەتیی گەورە. لە ڕاستیدا ئەو دەرکەوتنە بەرچاوەی کرماشان و ئیلام لە ڕووداوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی و بەتایبەت لە بۆنەکانی نەورۆزدا، بۆ کەسانێک کە کەمێک لە نزیکترەوە ئاگاداری ئەو ناوچانە بوون بە هیچ شێوەیەک سورپرایزێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو، بەڵکو دەقاودەق ئەو شتە بوو کە دەبوو ڕووی دابا. ئەمەیش بە گەڕانەوە بۆ بزۆزییەکانی ناو کۆمەڵگا خۆی و ڕەوتی گۆڕانکارییەکان و هاوکاتیش لەبەرچاوگرتنی حەقیقەتە مێژووییەکان. بیرمان نەچێ شوناس، لێرەدا شوناسێکی گشتی وەک شوناسی نەتەوەیی، دیاردەیەکی ساکار و سادە و ڕووکەش نییە کە لەخۆوە پێک هاتبێت و بەئاسانیش بکرێ بسڕدرێتەوە. بەڵکو ڕێک بەپێچەوانەوە، شوناس لە کۆنتێکستی مێژوویەکی دووروردرێژدا و لەسەر بنەمای ماکە بەرهەستەکانی ژیانی مرۆڤ دێتە بوونەوە و هەر بۆیە دەشێت بڵێین خاوەنی بنەمایەکی پتەوی بابەتییانەیە و لە واقیعێکی کۆمەڵایەتی-مێژووییەوە سەرچاوە دەگرێت. کەوایە بە فەرمان و پلانی دەوڵەتان ئەگەر کاڵیش بێتەوە یان بۆ ماوەیەک بزر بێت، بەڵام هەروا بەئاسانی ناسڕێتەوە و هەرچەندیش پاشەکشەی پێ بکرێت، دیسان دەشێت ڕۆژێک سەر هەڵبداتەوە و بگەڕێتەوە شوێنی خۆی. کرماشان و ئیلام ئاوا ئەزموونێک ژیاون و هەر بۆیە ئەوەی ئێستە ڕوو دەدات تەنها وەرگرتنەوەی پێگە و دەورە ڕاستەقینەکەی خۆیانە.

*لە ساڵانی ۱۳۲۰ی هەتاوییەوە بەتایبەت دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان، خەسڵەت و نۆرمە نەتەوەییەکانی ناسیۆنالیزمی کورد، کارتێکەریی نەرێت و هەروەها کەڵکەڵەی ناوچەکانی ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێوە دیار بووە و بەشێک لە ئێلیتی کوردیش لەو بڕوایەدان کە لە ناسیۆنالیزمی کوردیشدا، وەک ناسیۆنالیزمی تورک و فارس و عەرەب، تەمای سێنتەرالیستی زۆر بەهێزە و ڕەچاوی پلۆرالیزمی کولتووری، بنزمانی و ئایینزایی کوردستان ناکات. بە بۆچوونی جەنابت بزووتنەوەی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبێ چی بکات کە سنوورەکانی ئایین، زاراوە و ئایینزاکان نەبێتە لەمپەر و ناسیۆنالیزمێکی هەمەگیر و تۆکمە دابین بکات؟*



لە وەڵامی دووەم پرسیاردا ئاماژەیەکی سەرپێییم بەو ڕاستییە کرد کە بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتدا بیچمێکی ناوچەیی و تاکڕەهەندی هەبووە، هەر ئەم دیاردەیەیش گەورەترین ڕێگر بووە لەبەردەم گەورەبوونەوە و بەهێزبوونەوەی ئەو بزووتنەوەیەدا. وەک ئێوەیش ئاماژەتان پێ کردووە، ئەمە دەقاودەق هاوشێوەی ناسیۆنالیزمی سەردەستی تورک و فارس و عەرەبە کە بە دیاریکراوی فۆرمی ناوەند-پەراوێز بەرهەم دەهێننەوە. ڕەنگە بتوانین بڵێین

ناسیۆنالیزمی کوردیش بەشێک لە سەرچەشنە سەرەکییەکانی خۆی لەو ناسیۆنالیزمانەوە وەرگرتووە کە دژیان وەستاوەتەوە و شەڕیان لەگەڵ دەکات. ڕەنگە ئەمە لە خۆیدا دژواز بنوێنێت، بەڵام ئاوا دیاردەیەک، واتە هاوشێوەبوون یان لێکچوون لەگەڵ «دوژمن»دا، دیاردەیەکی ئاشنای مێژووی مرۆڤە (خراپ نییە لێرەدا وەکو شتێکی لاوەکی ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە لە چەندین ئاستی دیکەیشدا ئەم جۆرە هاوشێوەیی و لێکچوونە دەبینین. هەر تەنها وەک نموونە، هەندێ جار میتۆدی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە لەگەڵ یەکتر لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەقاودەق وەک میتۆدی پاشاییخوازەکانی ئێرانە لە کاتی بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەوانەی دەرەوەی خۆیاندا!).

ئەگەر لە دەستنیشانکردنی ئەو خەسارە واوەتر بڕۆین و بمانەوێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە، دەبێ بڵێین کە ئەم دیاردە خەسارئامێزە بەدەر و سەربەخۆ نییە لە کێشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کوردستان، کەوابوو هەر خوێندنەوەیەک بۆ کۆی پرس و کێشەکان کرابێت، دەشێت ببێتە ناوکۆیەک بۆ توێژینەوە لەم دیاردەیەیش. بەڵام بە دیاریکراوی و لە ئاست دیاردەی باسکراودا، پێشەکی پێویستیمان بە شکاندنی ئەو کلێشانەی ناو گوتار و ڕیتۆریکی سیاسی و ڕۆژنامەمان هەیە کە وایان کردووە ناسیۆنالیزمێکی تاکرەهەند و ناتەواو بەرهەم بهێنین. بۆ وێنە بەسەرترزانینی ناوچە یان زاراوەیەک لە بەرانبەر ناوچە و زاراوەکانی تردا کە بە خەستی لە ڕۆژهەڵاتدا ڕووی داوە و ئەگەرچی ئێستە تا ڕادەیەکی زۆر کەم بووەتەوە، بەڵام هێشتا پاشماوە و لێکەوتەکانی دەبینرێن. لە لایەکی ترەوە بڕەودان بە سیکۆلاریزمێکی ڕاستەقینە و ناوەکی دەتوانێت کاریگەر بێت لە سڕینەوەی هەرجۆرە درزێکی مەزهەبیدا، لە ئێستەدا و بە هۆی نسکۆی ئیسلامی سیاسییەوە کە لە لای ئێمە زیادتر بەرهەمی شکستهێنانی کۆماری ئیسلامییە، زەمینەیەکی زۆر گونجاوتر لە بەردەستدایە بۆ فرێدانی هەرجۆرە مەزهەبگەراییەک و ناخگیرکردنی سیکۆلاریزم لە هەناوی کۆمەڵگە و بزاڤی کوردستاندا.

ئەڵبەت بەشێک لەو کەمتەرخەمییەی حیزب و ئینتیلیجنسییای ڕۆژهەڵات لە ئاست ناوچەکانی خوارێندا دەگەڕێتەوە بۆ ناهۆشیاربوون لە دوو شت: بە ئاستی یەکەم تایبەتمەندییە جیاوازەکانی ئەو ناوچانە و بە ئاستی دووەم بێ ئاگابوون لە دەوری گرنگیان لە هەرجۆرە پلانێکی درێژماوە و ستراتیژیکی گەورەدا بۆ نەخشەکێشکردن و دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی کوردی لە ڕۆژهەڵاتدا.

ئێلیتی سەرەوە زۆرجار چاوەڕوانییەکانیان لە کرماشان و ئیلام بە ڕەبەی مەهاباد و سنە دەپێون و هەر بۆیە پلانەکانیشیان لە هەمان ئەو گۆشەنیگایەوە دادەڕێژن. لە کاتێکدا کۆمەڵەجیاوازییەک لەنێوان ناوچە جیاوازەکاندا هەیە کە ڕەنگە لێرەدا نەکرێت بەوردی بخرێنە بەر باس، بەڵام هەر خودی ئەوەی کە حیزب و شۆڕشی کوردی زۆر کەم توانیویەتی بچێتە ئەوێوە، خۆی هۆکارە بۆ زەرووەرەتی جیاوازبوونی چاوەڕوانی و بەو پێیەیش پلانەکان. کاتێک پلان یان ستراتیژێک دۆخی لۆکاڵیی کۆمەڵگەی مەبەست لەبەرچاو نەگرێت و بگەڕێتەوە بۆ پێشگریمانە هەمیشەییەکان، بێگومان لە مەیدانی کردەوەدا تووشی شکست دەبێت.

لە لایەکی ترەوە، ئێمە تا ئێستایش پلانێکی ستراتیژیکی ئاسایشی

نیشتمانیمان نییە و بەشی هەرەزۆری گوتاری سیاسیمان لە ڕووبەری بەرتەسکی هەست و سۆزی نیشتمانیدا دەسووڕێتەوە. ئەگەر ئاوا پلانێکمان هەبایەت، بێگومان دەبوو لەوە تێگەیشتباین کە کرماشان و ئیلام گەورەترین دەوریان هەیە لە دروستکردنی قووڵایی ستراتیژیکدا بۆ هەرجۆرە ستاتۆیەکی سیاسی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێک بهێنرێت. ئەو دەڤەرانە هاوسنوورن لەگەڵ ئەو ناوچانەدا کە لوڕیان تێدا نیشتەجێن، ژمارەی زۆری لوڕەکان لەگەڵ نزیکایەتیی کولتوورییان لەگەڵ کورددا و هەروەها بەربڵاویی ناوچەکانیان، «لوڕستان» لە واتا گشتییەکەیدا نەک تەنها وەک پارێزگایەک، دەکاتە بەرینترین قووڵاییی ستراتیژیک بۆ کوردستان. پێویستە پلانی ئاسایشی نیشتمانیی کورد گەلێ دوورتر لە سنووره ناسراوەکانی خۆی بپێکێت و کۆی ناوچەکانی زنجیرەچیای زاگرۆس وەک ڕووبەری ئەو پلانە دەستنیشان بکات (دیارە بە هیچ شێوەیەک مەبەست دەستگرتن بەسەر هەموو ئەو ناوچانەدا یان هەوڵدان بۆ خستنە ژێرڕکێفی لوڕ و خەڵکانی دیکە لە ڕێی زۆر و چەکەوە نییە، بەڵکو مەبەست بەرینکردنەوەی مەیدانی نفووز یان دروستکردنی هاوپەیمانیی ستراتیژیکە لەگەڵ ئەو خەڵکانەدا). لەم بابەتەدا کرماشان و ئیلامن کە دەوری سەرەکی دەگێڕن، بەڵام چونکە خودی پلانەکەمان نییە لەم بابەتە ئێجگار گرنگەیش نەگەیشتووین.

یەک ڕاستیی دیکەیش لەبیر نەکەین؛ بەشێک لەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ ترسی ئێمە لە فرەچەشنێتی و ڕەنگاوڕەنگییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستان. کەسانێک پێیان وایە ئەم فرەزاراوەیی و فرەڕەنگییە ڕێگرن لەبەردەم دروستبوونی ناسیۆنالیزمی گشتگیری کوردیدا، هەر بۆیە هەوڵی نکۆڵیکردن لەو ڕاستییانە و تیۆریزەکردنی زەروورەتی یەکڕەنگبوونی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دەکەن. بەدەر لەوەی کە ئاوا بۆچوونێک بەتەواوی ستەمکارانە و هاوشێوەی هەڵسوکەوتی فارس و تورک و عەرەبەکانە لە بەرانبەر کورد خۆیدا، هەڵەبوونیشی هێندە ئاشکرایە کە ڕەنگە پێویست بە هیچ ئارگیۆمێنتێک نەکات. هەر بە نموونەیەکی زۆر سادە دەتوانین پووچەڵبوونی ئەم جۆرە قسانە بخەینە ڕوو: ئایا دەتوانین چاوەڕوان بین ژنان بەشداری لە ڕێکخراوەیەکدا بکەن کە نکۆڵی لە مافی ژنان دەکات؟!

*لە گوتار و لێکدانەوەی بەشێک لە ئێلیتی کورددا باس لە دووانەی کۆمەڵگای مەدەنی – حیزبی سیاسی دەکرێت کە هێندێ جار وەک دوو پێکهاتەی ناتەبا پێناسەی دەکەن. لە باری کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، حیزبی سیاسی بەشێکە لە کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵام لە لێکدانەوەی بەشێک لە ئێلیتی کورددا نەک سەرنج بەم گوزارەیە نادرێت، بەڵکە وەک دوو پێکهاتەی نامۆ بە یەک و تەنانەت دژ بەیەک شرۆڤە دەکرێن. حیزبی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دیاردەیەکی عەینییە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیادتر لە هەشتا ساڵ، بەڵام کاتێ باسی کۆمەڵگای مەدەنی دێتە ئاراوە، خسڵەتێکی سۆبژەکتیڤی هەیە. واتە ئێلیت و لایەنە جیاوازەکان گرەو لەسەر دیاردەیەک دەکەن کە بەرهەمی زەینی ئەوانە و تەنانەت هەوڵ دەدەن ئایدیالۆژیزەی بکەن. ئێوە چۆن ئەم دۆخە هەڵدەسەنگێنن و پێتان وایە هەڵاواردنێکی وەها چ کاریگەرییەکی*

*لەسەر ناسیۆنالیزمی کورد دەبێت؟*



ئێمە ناچارین ئەم چەمک و دەستەواژانە کەمێک ژێلاتینی و بە تەسامحەوە بەکار بهێنین، چونکە دۆخی کوردستان بڕێک ئاوارتەیە و دەقاودەق وەک ئەو کۆمەڵگایانە نییە کە ئەم چەمکانەیان تێدا بەرهەم هاتووە. حیزبی ئێمە حیزبی شۆڕشگێڕە و لەناو کۆمەڵگەکەی خۆیدا ئیمکانی چالاکیی ئاشکرا و یاسایی نییە، کۆمەڵگەکەیشمان بندەستە و ئەوەی لەژێر ناوی چالاکیی مەدەنیدا دەکرێت، درێژەدانە بە هەمان خەبات و بەرگریی حیزبەکان، بەڵام لە فۆرمگەلێکی دیکەدا. هەر بۆیە ناتوانین پێناسەکانی ئەم چەمکانە لە زانستە مرۆییەکاندا ڕێک وەک خۆیان بۆ کوردستانیش وەربگرین. ئەگینا بێگومان کۆمەڵگەی مەدەنی کە بە کۆمەڵگەی سیاسیش ناوی لێ دەبرێت، کۆی ئەو ڕێکخراوانە دەگرێتەوە کە لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەن و چالاکن.

ڕوون و ئاشکرایە کە چالاکییەکانی ناوخۆی کوردستان نەک تەنها ناکەونە هەمبەر چالاکی و خەباتی حیزبەکانەوە، بەڵکو ڕێک درێژەی هەمان ئەو چالاکییانەیشن، کەوایە ئەگەر ئەو جیاکارییە بەو مەبەستە بێت کە بوترێت ئەم دووانە دەکەونە هەمبەر یەکدییەوە، بەدڵنیاییەوە تێگەیشتنێکی هەڵە و ناتەواوە. بەڵام هاوکات دەشێت لە هەندێ قۆناغدا تارادەیەک دەور و ئەرکی جودا و جیاواز بکەوێتە ئەستۆیان. با لە نموونەی توونیسی دوای بەهاری عەرەبییەوە سەیری یەکێک لە دەرکەوتە شیمانەکراوەکانی ئەم ئەگەرە بکەین:

پاش ڕووخاندنی دەسەڵاتی بین عەلی لە توونیس، حیزب و لایەنە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکان هاتنە نێو مەیدانی سیاسەتی کردارییەوە، لەناو ئەو لایەنانەدا لە ئیسلامی سیاسییەوە بگرە هەتا لیبراڵ و چەپ و سیکۆلار چالاک بوون و هەوڵی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتیان دەدا. دوای زیادتر لە ٢٣ ساڵ دەسەڵاتدارێتیی تاکەکەسێک و نەبوونی ئەزموونی دیمۆکراتیک، کەوتنەسەرپێی کەشێکی دیمۆکراتیک یان تەنانەت پێکهێنانی جۆرێک لە سەقامگیری، زیادتر لە ئەفسانە و مەحاڵ دەچوو. لەم نێوانەدا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دووتوێی ڕێکخستنێکی بەربڵاودا بوون بە نێوەندگیر لەنێوان ئەو هەموو هێزە دژبەیەکەدا و توانییان کەشێکی جێگیر و نیمچەدیمۆکراتیک بخوڵقێنن کە بۆ چەندین ساڵ درێژەی کێشا و ئەزموونی توونیسی لە وڵاتانی تری بەهاری عەرەبی جیاواز کردەوە. لە داهاتووی ڕۆژهەڵاتیشدا دەکرێت ئەو دامەزراوانەی ئێستە لە ناوخۆ چالاکن دەورێکی هاوشێوە بگێڕن، بەتایبەت کە ئێمە چەندین حیزبی جیاوازمان هەیە کە هەندێکیان لە ڕابردوو و لە بەرانبەر یەکدیدا پەنایان بۆ چەکیش بردووە و لە ئێستەیشدا بە دەستەواژەی سووک باسی یەکتر دەکەن یاخود هەر لە بنەڕەتەوە نکۆڵی لە ڕەوایەتی یەکدی دەکەن. ئەمەیش ساڵانێکە بووەتە مایەی نیگەرانییەکی گەورە لەلای خەڵکی ناوخۆ و تەنانەت خودی حیزبەکانیش کە لە ئەگەری گەڕانەوەدا بۆ ناوخۆ نەکا ئێمەیش تووشی شەڕی ناوخۆ ببینەوە و بە هەمان ئاقار و چارەنووسی باشووردا بڕۆین. هەر بۆیە ئەوەی پێی دەوترێت کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاوا ساتەوەختێکدا دەتوانێت هاوسەنگیکاری دۆخێکی مەترسیدار بێت. کەوابوو باسکردن لە زەرووەتی سەربەخۆبوونی ڕێکخراوەکانی ناوخۆی کوردستان لە حیزبە شۆڕشگێڕە سیاسییەکان نەک تەنها بە واتای دروستکردنی دوالیزمێکی

ئانتاگۆنیستی لەنێوان ئەم دووانەدا نییە، بەڵکو بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک تەواوکردن و هاوسەنگکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەوێتەوە و یارمەتیدەر دەبێت لە ڕەواندنەوەی مەترسییەکانی هەرجۆرە بەریەککەوتنێکی چاوەڕوانکراو. بۆیە باشترە لەباتیی وردبوونەوەی بەردەوام لە واتای زانستیی چەمکەکان بەو جۆرەی لەناو زانستە مرۆییەکاندا هاتووە، لە ئەرک و فانکشێنی ڕێکخراوەکان ورد ببینەوە کە وەک وترا لە نموونەی دیاریکراوی کوردستاندا شوناسی ئەو ڕێکخراوانە تارادەیەک جیاوازە لەو شوناس و پێناسە چەسپاوانەی لە ئەکادیمیادا دەوترێنەوە.

*کاتێک بزووتنەوە سیاسی -کۆمەڵایەتییەکان تووشی تەنگانە دەبن، ڕێبەرانی بزووتنەوەکە و تەنانەت چالاکانی سیاسی و مەدەنیش تووشی ئەم پرسیارەی لێنین دەبنەوە: «دەبێ چی بکەین؟». بە لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی نۆرماتیڤی ئەم پرسیارە، حیزبەکانی کوردستان لەم دۆخە ئاڵۆزەدا کە بە ناوی پلانی دیزاینکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناسراوە، دەبێ چی بکەن کە نەهێڵن ناسیۆنالیزمی کورد واز لە تایبەتمەندییە «کوردستانی»یەکانی بهێنێت و نەچێتە نێو پرۆژەیەک کە بەناوی «کوردی کولتووری» ناسراوە و بەتەمان لە یاسای شارۆمەندیی داگیرکەرەکانیدا بیگونجێنن؟ ڕێگەم بدەن وەک کۆتاپرسیار ئەم پرسیارەش بکەم: چۆن لە دوارۆژی ناسیۆنالیزمی کوردی دەڕوانن و هەروەها ناسیۆنالیزمی کوردی چ وەک ئێپیسمە و چ لە باری ئانتۆلۆژیکەوە، دەبێ چی بکات کە لەگەڵ هەلومەرجەکانی سەردەم بێتەوە؟*



ڕاستییەکەی کورد تارادەیەکی زۆر ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە کە نیگەرانی توانەوە لەناو گوتاری نەتەوەی سەردەستدا بێت یاخود تایبەتمەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی لە دووتوێی پلانێکدا تووشی سوان و کاڵبوونەوە بێت. کورد دەبێ بتوانێت لە ڕیال پۆلەتیک و هاوکێشە جیهانی و هەرێمییەکانیشدا یاری بکات و هاوکات نەشبێتە ئۆبژەیەکی تەسلیم، واتە مەرج نییە بەشداریکردن لە گەڵاڵەیەکی وەک دیزاینکردنەوەی ناوچەکە هاوتا بێ لەگەڵ تەسلیمبووندا بە هەر مەبەستێک کە ئەویدی دیاریی کردووە. ئەم ترسە لە تێکەڵبوون بە یارییە سیاسییەکان نیشانەی بێ متمانەییمان بە خۆمان یان لە ئاستێکی تردا بێ پلانیمان بۆ دۆخ و دەرفەتە تازەکانە، بەشێکی زۆر لە هۆکاری پەراوێزکەوتنمان لە هاوکێشەکانی دونیای ڕیال پۆلەتیک هەر لەم ترس و خۆدوورگرتنە لە دەرفەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئێستە بە دیاریکراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەردەم جۆرێک لە دیزاینکردنەوەی دەسەڵاتدایە، پێویستە جەخت بکەینەوە کە ئەوەی لەم ساتەوەختە دیاریکراوەی هەنووکەدا ڕوو دەدات، نەخشەکێشکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەوڵەتەکانە نەک جوگرافیاکان و سنوورەکان. ئێمە زیادتر لە سەدەیەکە خەبات دەکەین و ئەنجامی ئەم خەباتە سەلماندن و سەپاندنی ئەو ڕاستییە بووە کە لەم ناوچەیەدا هیچ پلانێک بەبێ بەشداریی کورد ناگاتە ئەنجام، واتە ئەوە ئێمە خۆمان بووین کە خۆمان سەپاندووە نەک ئەوەی کە زلهێزان لە ڕووی خێرخوازییەوە بیریان لە چارەنووسی ئێمەیش کردبێتەوە. لێرە بەدواوەیش دیسان هەر خۆمانین کە دەتوانین ئاستی قورسایی و کاریگەریی خۆمان دیاری بکەین نەک ئەوانیدیی دەرەوەی خۆمان.
ئەگەرچی وەڵامدانەوە بە کۆی ئەم پرسیارە گەلێ قورسە و پێویستی بە توێژینەوە

و وردبوونـەوەی قـووڵ هەیـە و لـە توانـای تاکەکەسێکیشدا نییە و دەبێ تیمێکی توێژەر و شـارەزا لێـی بکۆڵنەوە، بەڵام هـەر بەکورتی و لـە ئاسـت ڕۆژهەڵاتی کوردسـتاندا دەتوانین تەنهـا ئامـاژە بـە دوو خاڵ وەک پێشـمەرجی سـەرەکیی ئـەم بابەتـە بکەین:

بە ئاسـتی یەکەم، ئەگەرچـی یەکریزی هەمیشـە مەرجێکـی سـەرەکییە بـۆ هەرچەشـنە سـەرکەوتنێک، بـەڵام لەم قۆناغە دیاریکراوە پـڕڕووداوەی هەنووکەدا بەتەواوی بووەتە پنتی سـەرەکی و ڕەمزی تێکەڵبوون بە سیاسـەت و هاوکێشـەکان. فرەحیزبـی لە دۆخی مەدەنیـدا دەتوانێت نیشـانەی بزۆزیی کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام لە دۆخی شۆڕشـی ڕزگاریدا زۆرجار دەبێتە هۆی لێکدابڕان و شـپرزەیی و پەرتەوازەیی. ئەگـەر حیزبەکانـی ئێمـە نەتوانن لە چوارچێـوەی فۆرمێکـی ڕێکخراوەییـدا جۆرێک لـە یەکریزی دروسـت بکەن و تواناکان لەتەنیشـت یەک کـۆ بکەنەوە، تەنانـەت لە ئەگـەری ڕووخانی حکومەتی ئێرانیشـدا ڕەنگە نەتوانین دەستکەوتێکی ئەوتـۆ مسـۆگەر بکەین. وەک هەمیشـە ئەزموونی باشـووری کوردسـتان بۆ ئێمە زۆر گرنگ و بەهادارە؛ «بەرەی کوردسـتانی» لە پێـش ڕاپەریندا دروسـت کـرا و لە سـاتەوەختی شـەری یەکەمی کەنداودا بوو بە یـەک لە هۆکارە سـەرەکییەکانی پێکهاتنی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان، هەروەهـا لـە دوای ڕووخانی بەعسـیش هاوپەیمانیی هەردوو حیزبە سـەرەکییەکە هۆکار بوو بـۆ پتەوکردن و چەسـپاندنی دەسـەڵاتی کـورد لـە ئاسـت هەموو ئێراقـدا و گونجاندنـی ویسـتەکان لەناو دەسـتووردا. لەولاوەیش شـەری ناوخۆ و دووئیدارەیی لە ١٩٩٤ بـەدواوە گەورەترین زەبر و خەسـاری لەو ئەزموونە دا، هەروەک چـۆن لێکترازانی ئەم سـاڵانەی کۆتاییش سـەرتابەری ئەزموونەکەی خستووەتە بەر مەترسـییەوە. ناتەباییی نێوان هێزەکان لە ژینگەیەکی سیاسـی وەک کوردستان و لە دۆخی بندەستیدا هەمیشـە کارەساتی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام مخابن سـەرەڕای ویست و داخوازیی بەردەوامـی خەڵک، حیزبەکان تـا ئێسـتایش نەیانتوانیـوە هەنـگاوی جیددی بۆ ئەم مەبەسـتە هەڵبگرن، بگرە کۆمەڵەکەسـانێکی ناو حیزبەکان و بەشێک لە ئینتیلیجنسیای دەرەوەی حیزبەکانیش دژ بە هەرجۆرە یەکریزییەکیش دەوەستنەوە و بـە ڕیتۆریکـی بـێ مانا و بـێ بنەما بوونەتـە ڕێگر لەبەردەم بەرەوپێشـچوونی هەوڵەکانـی یەکریزیدا.

بە ئاستی دووەم، پێویسـتمان بە دارشتنی گەورەدەقێکی سـەرووحیزبی بۆ وەڵامدانەوە بەو «چیکردن»ـە هەیە کـە تێیدا هەموو جومگەکانـی سـتراتیژیی گشـتگیری نیشـتمانی دیـاری کرابێـت. ئەگەرچی بە شـێوەی سروشـتی دەبێ ئـەم بابەتە پێـش هەموو شـتی تر بکەوێـت، بەڵام بـەو پێیەی کـە لایەنە سیاسـییەکانی ئێمە بە هیچ شـێوەیەک ئامـادە نین بە دڵێکی کـراوەوە لە پلان و سـتراتیژەکانی یەکتـر بڕوانن، هـەر بۆیە «سـتراتیژیی گشـتگیری نیشتمانی» دەشـێت یەک لە بەرهەمەکانی یەکریزیـی بەرێکخراوەکراوی هێـزە سیاسـییەکان بێت. واتـە کاتێک یەکریزییەکـە فۆرمـی دامەزراوەیی پەیدا بکات، ئـەوکات دەشـێت ڕێکخراوەیەکی توێژینەوەیی سـەرووحیزبی دروست بکرێت کە ئەرکی لێکۆڵینەوە لـە هەموو بابەتێکی پەیوەندیدار بە کوردەوە بگرێتە ئەسـتۆ. ئاوا بەڵگەیـەک دەتوانێ دەوری دەسـتووری وڵاتـان بگێرێـت و هـاوکات لەگـەڵ پێناسەکردنی بەرژەوەندی و زەرورەتەکاندا، بونیادەکانـی یاریی سیاسـیش لە هەردوو ڕووبـەری ناوخۆ و دەرەوەدا نەخشـەکێش

بـــکات. ئـــاوا بەڵگەیەکی نیشـــتمانی لای هەمـــوو لایـــەن و حیزبـــەکان قبووڵکراو دەبێت، چونکە بەرهەمی کاری هاوبەشـــی خۆیـــان بووە و هەســـت بـــەوە ناکەن لە لایەکی ترەوە بەســـەریاندا ســـەپاوە.

لە ڕاســـتیدا ئەوەی لە ئێســـتەدا زیادتر پێویســـتمانە لە ڕووبـــەری میتۆددا ڕەنگ دەداتەوە نەک لە ڕووبـــەرووی ناوەڕۆکدا، واتە شـــێوازی هەڵســـووڕان لـــە هەموو شـــتێکی دیکە گرنگتـــرە، چونکە دواجار داواکاری و پلانەکانـــی لایەنە جیاوازەکان بۆ داهاتـــووی کوردســـتان دژایەتییەکی بونیادییـــان پێکـــەوە نییە و دەشـــێت هەموویان لـــە دووتوێـــی گەورەپلانێکی نیشـــتمانیدا کۆ بکرێنەوە. ئەوەی ڕێگر و لەمپەرە لەبـــەردەم کارابوونەوەی زیادتری بزووتنەوەی کوردســـتاندا، پۆلاریزەبوون و لێکپاترانی چـــالاکان و ئێلیتە سیاسـی و ڕووناکبیرییەکانـــە نـــەک جیاوازیـــی مەعریفی و فیکریـــی حیزبەکان! بێگومان نکۆڵـــی لە بوونی جیـــاوازی لەنێوان هێزە سیاســـییەکاندا ناکەم، بەڵام جیاوازییەکە جیاوازییەکـــی بونیادی و ئانتاگۆنیســـتیی مەعریفـــی نییە بـــەو جـــۆرەی هەندێ کەس پێناســـە و بانگەشـــەی بۆ دەکەن.

ســـەردەمانێک یەکیەتیی نیشـــتمانی و پارتی دیموکراتیش ئاوا بانگەشـــەیەکیان هەبـــوو و دەیانوت ئێمـــە لەبنەوە لێکدی جیاوازیـــن، لـــە ســـەروبەندی ڕووخانی ڕژێمی بەعســـدا جارێکیـــان ئەندامێکی مەکتەب سیاســـیی یەکیەتـــی وتی ئێمە و پارتـــی هەڵگـــری دوو دونیابینیی تەواو جیاواز و دژبەیەکین و هەر بە سروشـــت بە هیـــچ شـــێوەیەک ناتوانیـــن لەگەڵ یـــەک کۆ ببینـــەوە. با واز لـــەوە بێنین کە هەمان ئەو کەســـە خـــۆی دواتر وازی لە یەکیەتـــی هێنا و چووە نـــاو پارتی!، بەڵام ئایا لە ڕاســـتیدا پارتـــی و یەکیەتی هەڵگـــری دوو دونیابینیـــی دژبەیـــەک بـــوون؟! وەڵامەکە دەهێڵمـــەوە بۆخۆتان.

ئـا لێرەوەیـە کـە فووکـردن بـە لێکترازانەکان لەژێـر هـەر ناوێکـدا بێـت، نـەک کارێکـی دروست نییە، بەڵکو تا سەرئێسقان کردارێکی نانیشـتمانی و پرخەساریشە. پێشمەرجی هەر جووڵەیەکـی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتاندا دەبـێ پێکهێنانـی ژینگەیەکـی سیاسـیی تەندروسـت بێـت کـە تێیـدا کەسـێک بـە خزمەتـکاری گـەل و ئەویـدی بـە دوژمنـی گـەل ناوزەد نەکرێـت، لە کەشـێکی وەهادایە کـە کێشـە و گرفتـی نێـوان حیزبـەکان نابنە مەترسـی بەسـەر کۆمەڵگا و چارەنووسمانەوە. ئەگینـا دەیـان و سـەدان پلان و خوێندنـەوە و توێژینـەوەی زانسـتیش لـە ژینگەیەکـی ناتەندروستدا تەنها دەبنە کۆمەڵەکاغەزێک کە هیچـکات گەڕانەوەیان بۆ ناکرێت و سـوودێک بـە جووڵانـەوەی کـورد نابەخشـن.

”

## وتووێژ لەگەڵ
## ئارام ڕۆژهەڵات

“

*پرسی چەوساندنەوەی کورد لە ئێران، وەک د. قاسملوو ئاماژەی پێ داوە، «پۆلی ستەم»ـە، واتە لە چەند ڕەهەندەوە کورد لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا دەچەوسێتەوە. بۆ نموونە چەوساندنەوەی کولتووری-زمانی، ئابووریی و سیاسی. بەشێک لە ئێلیتی کورد کە نزیک لە ئیسلاحتەڵەبەکانن، پێداگری لەسەر چەوساندنەوەی ئایینزایی دەکەن و ڕەهەندەکانی دیکەی چەوساندنەوە یا بەهەند ناگرن، یان پێیان وایە دەستی دەرەکی و تەمای دەسەڵاتخوازانەی حیزبەکانی کوردستان ڕۆڵیان هەیە لە هێنانەگۆڕی چەوساندنەوەگەلێکی وەهادا. بەگوێرەی ئامارەکانی ڕێژیم، ڕێژەی بێکاری و هەژاری لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە ئەو بەشەی کە هاوئایینزان لەگەڵ ئایینزای فەرمیی حکومەتدا، لە ئاستێکی بەرزدایە و زۆرجار وەک هۆکار بۆ خۆکوژی و تەنانەت ژنکوژی لەو ناوچانەدا ناسراوە. جەنابت چۆن ئەم بارودۆخە هەڵدەسەنگێنی و دۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسی و ئابووریی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن شرۆڤە دەکەی؟*



پێش ئەوەی بێینە سەر وڵامی ئەو پرسیارەتان و تەرکیز لە سەر دۆخی کۆمەلایەتی و ئابووریی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، وا باشە سەرنج بدەینە سەر نواندنەوەی دەسەڵاتی ناوەند لەم بەشە لە کوردستان. هەر لە سەرەتای سازبوونی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێران تاکوو ڕۆژگاری ئێستا، نواندنەوەی کوردستان بە پێی ئەو خوێندنەوە و مێژووسازییە بووە کە نەتەوەخوازیی ڕەسمی و داسەپاوی ئێرانی بوویەتی. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم ڕوانگەیە لە کتێبەکەی ڕەشید یاسەمیدا ئەبینرێت. یاسەمی لە سەر داخوازیی دەسەڵات هەوڵی داوە کورد لە گەڵ فارس و لە گەڵ شوناسی نوێی ئێرانی گرێ بدات. بە وتەی خۆی ریشەکانی وابەستەییی نەژادی و مێژوویی کورد ڕوون بکاتەوە! لەم گوتارەدا کورد بەشێکە لەو مێژوویە کە ڕۆژهەڵاتناسەکان بۆ نەتەوەی تازە دروستکراوی ئێرانی هەڵیان بەستبوو و سازیان کردبوو. لەم نواندنەوەیەدا باشووری ڕۆژهەڵات و بە تایبەت کرماشان، بایەخی زۆر بوو و گرینگایەتیی پێ ئەدرا. چون کرماشان ناوەندی چەند ئاسەواری پڕبایەخی وەکوو تاقوەسان و بێستوون بوو. دوو شوێنی زۆر گرینگ بۆ نەتەوەخوازە ئێرانییەکان تا درەوشاوەیی و پێشکەوتوویی شارستانییەت و مێژووی ئێران نیشان بدەن. زۆر ڕوونە لە وەها نواندنەوەیەکدا کرماشان دەبوو بە بەشێکی گرینگ لە شوناسی نوێی ئێرانی وەکوو هەڵگر و ڕاگری سیمبولە هەرە بە نرخەکانی نەتەوەخوازیی ئێرانی.

دوای شۆڕشی ٥٧ و زاڵبوونی خومەینیزم و شیعیزم، شیمانەی ئەوە دەکرا جێگە بە گوتاری نەتەوەیی چۆڵ بکرێت و گوتاری ئایینی جێگرەوەی بێت. ئەو کات و ئێستاش

لە هەندێک لێکدانەوەی هەڵەدا ئەوە ئەبینرێت کە دوای زاڵبوونی خومەینیزم و شیعیزم، گوتاری نەتەوەیی بە تەواوی لاواز کرا. بەڵام سەرنجدان و وردبونەوە لە بیر و بۆچوون و هەڵوێستی سەرکردە و ڕێبەرە ئایینییەکان، ئەوە پێشانی ئێمە ئەدا کە گوتاری نەتەوەیی، تەنیا لە خیتابی سیاسیدا لاواز بوو، چون دەسەڵاتی نوێ بە خیتابی نوێ، پارێزگاریی لە هەمان بەها نەتەوەییەکان دەکرد و بە توندی بەرەنگاری جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانە و ئاشتیخوازانەی کوردستان بووەوە. دەسەڵاتی نوێ ویستی زۆر بەرتەسک کراوی خودموختاریی قەبووڵ نەکرد و لە ژێر ناوی جیهاددا، ڕووبەڕووی مافخوازیی نەتەوەی کورد بووەوە. لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشدا، ئیتر کرماشان بوو بە باختەران و تاقوەسان و بیستون، بەها و بایەخی خۆیان، بە شێوەیەکی کاتی، لە دەست دا. هاوئایینیی بەشێک لە کوردستانییان لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ، بەستێنی ئەو بیرۆکە هەڵەیەی دروست کرد کە کرماشان و ئیلام سەرەڕای کوردبوون، ناکەونە بەر غەزەب و نەفرەتی جیهادیستەکانی ناوەند و دەکەونە ناو سنوورەکانی ئوممەتی تازە دروستکراو. بەڵام وردبوونەوەیەک لە دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئیلام و کرماشان لە چەند دەیە دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئیسلامی، زۆر ڕاستیی تاڵ و پڕناخۆشیی پێشانی ئێمە ئەدا. ئەو ناوچانە لە گشت بەشەکان و لە گشت بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، لە دوایین پلەکانی هەر ریزبەندییەکدا ئەبینرێن. باشووری ڕۆژهەڵات بە پێی هەموو پێوەر و پێوانەکان لە پلەی ئاخری هەر جۆرە گەشەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتیدایە. بەڵام لە نواندنەوەکاندا ئەو ناوچەیەی تاقوەسان و بیستوونی بۆ نەتەوەخوازیی ئێرانی لە باوەش گرتووە، فارسی کرماشانیی بەرهەم هێناوە. هەر وەها یەکێک بووە لە بەرە سەرەکییەکانی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران. بە واتایەکی تر ئەوان لە نواندنەوەکان سنووڕپارێزانی کوردی شیعەی خاوەن تاقوەسان و فارسی کرماشانین، بەڵام لە ڕاستیدا کوردستانییانی ژێر ستەم و کۆلۆنیالیزمی فارسین.

*لە کۆنەوە تێبینییەکی سەلبی لە ئارادا بووە لەمەڕ ڕۆڵی پاسیڤی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی لەهەمبەر ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا. بەڵگە یان توێژینەوەیەکی ئاکادێمیک لەبەردەستدا نییە کە گوزارەیەکی وەها بسەلمێنێت. تێبینی و تەجرەبە مەیدانییەکانی ئێوە چین بۆ وەها گوزارەیەک؟*



ئەتوانین بڵێین لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستاندا پرسی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو تابۆیەک سەیری دەکرێت. بە گشتی هەوڵ ئەدرێ ئەم باسە و ئەم پرسە بخرێتە پەراوێزەوە یا لە بنەڕەتەوە وەکوو پرس سەیری نەکرێت. ناتوانین حاشا لەم ڕاستییە

بکەین کە هەر لە سەرەتاکانی لەدایکبوونی جوولانەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باشووری ڕۆژهەڵات ئەگەرچی لە ژێر کاریگەریی بزووتنەوەکاندا بووە، بەڵام نەبووە بە بەشێک یا ناوەندێکی سەرەکی لە جوگرافیا و مەیدانی بزووتنەوەکان. بەڵام بوونی ئەم ڕاستییە نابێ وەکوو لایەنێکی نەرێنی لێکدانەوەی بۆ بکرێت و باشوور لە جوگرافیای ڕزگاری بخرێتە پەراوێزەوە، بەڵکوو دەبێ هەوڵی تێگەیشتنی باشووری ڕۆژهەڵات بدرێت.

تێگەیشتن لە باشووری ڕۆژهەڵات مومکین نابێ مەگەر ئەوەی هەندێک تێگەیشتنی هەڵە و هەندێک گریمانەی نادروست وەلا بنێین. ئەو تێگەیشتنە هەڵانە یا لە ژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژیا فارس تەوەرەکاندان یا لە چوارچێوەی ڕوانگەی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان دا فورمولیزە کراون. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە پرسی باشووری ڕۆژهەڵات چۆن خوێندنەوەی بۆ بکرێت؟

*هابزباوم قسەیەکی هەیە کە دەڵێ لەدایکبوونی چاخە مێژووییەکان (فیۆدالیزم، کاپیتالیزم و...)، لە ڕاستیدا لە دەرکەوتنی ویست و بەرزبوونەوەی تواناییەکانی مرۆڤەوە دەست پێ دەکات. کەوایە دەبێ ویست یا تواناییەک لە ئارادا هەبێت کە پێمان بڵێ مرۆڤێکی نوێ لەدایک بووە و بەرەو قۆناخێکی نوێ هەنگاو دەنێت. لە ڕۆژانی شۆڕشی ژینا و بەتایبەت لە بۆنەکانی نەورۆزی ١٤٠٤، بەشداربوونی ناوچەکانی باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر جێگای سەرنج بوون، تەنانەت بۆنەکانی نەورۆز وەک ڕێنێسانسێکی نەتەوەیی پێناسە دەکرا. ئەم دەرکەوتنە چ لە باری گوتاری و چ وەک پێرفۆرمانس بە مەبەستی زیندووڕاگرتنی هێما ئێتنۆ-سیمبۆلیکەکانی کورد، زۆر بەهەند گیرا و لە لایەکی دیکەوە هەم دەسەڵاتی ناوەندیی تووشی شۆک کرد، هەم ئیلیتی ئێرانشارییان تۆقاند کە دەرکەوتەکەی ئەو نامەیە بوو کە لە لایەن ٨٠٠ کەس لە ئاکادیمیسیەن، نووسەر، هونەرمەند و چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەگەریی ناوەندەوە بڵاو کرایەوە. سەبارەت بە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێتان وایە نەوەیەکی نوێ لەدایک بووە کە هەم وەک توانا و هەم وەک ویست لە خۆی ڕادەبینێت بەرەو قۆناخێکی نوێی ناسیۆنالیزمی کوردی هەنگاو بنێت؟*



لە شۆڕشی ژینا و لە جوولانەوەی ژن، ژیان، ئازادی، بەشێک لە باشووری ڕۆژهەڵات هاتە ناو جوگرافیای سیاسەتی ڕزگاریی نەتەوەیی. ئەم تێکەڵبوونە بۆ بۆنە و مەراسیمەکانی نەورۆزیش درێژ بووەوە. دەکرێ بڵێین گوتاری نەتەوەیی تا ڕادەیەک هاتە ناو فەزای سیاسیی باشووری ڕۆژهەڵات و هەندێک دروشم و بەهای سیاسەتی ڕزگاری، جێگەی بە دروشم و بەهای سیاسەتی

داگیرکاری لەق کرد. سەبارەت بەو گۆرانکارییە نوێیە هەندێک لێکدانەوە، وەکوو ئەوەی لە ناوەرۆکی پرسیارەکەی ئێوە داهاتووە، لەئارادایە کە بە بڕوای من زۆر خۆشبینانەن و ئاوێتەی جۆرێک لە خولیا و حەزی نەتەوەیی هەمیشەییی ئێمەن. ئایا بەڕاستی دەکرێ باس لە قۆناغێکی نوێ و هاتنەمەیدانی نەوەیەکی نوێ بکەین؟ ئایا باشووری ڕۆژهەڵات بە تەواوی کەوتووەتە ناو جوگرافیای سیاسەتی ڕزگاری و مەیدانی گوتاری نەتەوەیی؟ پێم وایە دەبێ لەم بارەیەوە زۆر بە پارێزەوە قسە بکەین و زور وردبینانە شیکاریی دۆخەکە بکەین.

یەکێک لەو کێشانەی ئێمە بۆ تێگەیشتن لە دۆخێکی وەکوو دۆخی باشووری ڕۆژهەڵات هەمانە، هەبوونی گێڕانەوە و نواندنە جیاوازەکانە. ئەگەر مەجالم پێ بدەن سەرنجتان بۆ لای چەند نموونەیەک ڕادەکێشم: لە ڕۆژانی شۆڕشی ژینا هەموو هەوڵی میدیای وەکوو ئینتێرناشناڵ ئەوە بوو شۆڕشەکە وەکوو شۆڕشێکی ئێرانی نیشان بدات کە لە هەموو جوگرافیای ئێران بە دروشم و سیمبولی یەکسان پەرەی سەندووە. ئەوان تەنانەت لە هەوڵی ئەوەدا بوون وا نیشان بدەن کە دروشمی سەرەکیی شۆڕش واتا ژن، ژیان، ئازادی تەنیا "بە جانم فدای ایران" مانادار و واتادار دەبێت. ئەوان بە گرتە ڤیدیۆی سازکراو، یا لە ڕێگەی زەقکردنەوەی هەندێک دروشم بۆ لایەنی سەڵتەنەتخواز، ویستی سڕینەوەی جەوهەری دژەداگیرکەرانە و ڕزگاریخوازانەی ئەو بزاڤە کەم وێنەیەیان هەبوو.

بەڵام گێڕانەوە و نواندنەوەی ئایدئولۆژییک، تەنیا لە لایەن میدیای فارسەوە نەبوو، بەشێک لە میدیای کوردییش خەریک بوو بە پێی حەز و خولیای سیاسیی خۆی، نواندنەوەی بۆ بزاڤەکە دەکرد. بۆ نموونە لە کاتێکدا میدیای کوردی باسی گشتگیر بوونی بزاڤەکەی دەکرد، لە سەر ئەو گشتگیربوونە بە تایبەت لە ناوەندی باشووری ڕۆژهەڵات گومانی زۆر جیددی هەبوو. هەر بۆیە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە لەو نواندنەوانە مەرجێکی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە دۆخی باشوور و گۆرانکارییەکانی سەردەمی شۆڕشی ژینا و بۆنەکانی نەورۆز.

بەڵام لە بابەت ئەو بەشە لە باشووری ڕۆژهەڵات کە هاتە ناو جوگرافیای ڕزگاری، دەبێ بڵێین دابرانێک ڕووی داوە؛ دابڕان لە سیاسەتی داگیرکاری و پەیوەستبوون بە بزاڤی ڕزگاری. بەڵام ئایا ئەو پەیوەستبوونە تەنیا جۆرێک لە شوناسخوازیی فەرهەنگییە یا شوناسخوازییەکی سیاسییە؟ ئایا قەبووڵکردنی هەموو بەها و مانا و سیمبولەکانی سیاسەتی ڕزگاری بوو یا دابڕانێکی کاتی لە سیاسەتی داگیرکاری؟ ئێمە دەبێ بە وردی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینە. هەر بۆیە باسی قۆناغێکی نوێ یا بوونی نەوەیەکی نوێ جۆرێک پەلەی تێدایە. سەرنجی ئێوە بۆ مێژوویەک ڕادەکێشم کە باشووری ڕۆژهەڵات لە گەڵ ناوەند و ڕەوتە سیاسی

و مێژوویەکانی ناوەندی داگیرکار بوویەتی. هەر لە سەردەمی بەشیعە بوونی ئەو ناوچەیە تا شۆڕشی ٥٧ و شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق. لە پەراوێزدا بوونی شاری کرماشان لە جوگرافیای سیاسەتی ڕزگاریی کوردستان دەگەڕێتەوە سەر ئەو مێژووە هاوبەشەی داگیرکراو و داگیرکار بوویانە. ئێوە سەرنج بدەنە ڕۆڵێک کە ئایینی شیعە لەو ناوچانە بوویەتی، ئەم ئایینە و ئەو هاوبەشییە ئایینییە بووەتە هۆی نیزیکبوونەوەی ئیلیت و هێزی سیاسیی ناوچە لە گەڵ ئیلیت و هێزە سیاسییەکانی داگیرکەر لە تاران. یا سەرنج بدەنە ڕۆڵێک کە چینی مەلای کوردی شیعە یا بەشێک لە مەلا شیعە ناکوردەکان، لەو ناوچەیە گێڕاویانە. ئەوانە و دەیان فاکتەری تر بوونە هۆی ئەوەی باشووری ڕۆژهەڵات لە سەر هێڵی سیاسەتی داگیرکاری و ناوەندگەرا بێت و بکەوێتە پەراوێزی سیاسەتی ڕزگارییەوە. بەڵام نابێ ئەو ڕاستییە لە بیر بکەین کە سەرەڕای ئەو دۆخە، پەیداگری لە سەر شوناسی کوردی لەو ناوچانە کەمتر لە ناوچەکانی تری کوردستان نەبووە، بەڵام ئەم شوناسخوازییە کەمتر ڕەنگی سیاسیی بە خۆیەوە گرتووە. جموجۆڵێکی زۆر کەم لە سەردەمی کۆماری کوردستان و هەروەها شۆڕشی ٥٧، نەبوو بە هۆی لادانی باشووری ڕۆژهەڵات لە هێڵەکانی سیاسەتی ناوەندگەرا. بەڵام لە شۆڕشی ژینا و لە بۆنەکانی نەورۆز نیشانەگەلی دابڕانی جیددی دەرکەوتن. بەشێک لە باشووری ڕۆژهەڵات لە شوناسخوازیی فەرهەنگییەوە خۆی دەرباز کردووە بۆ لای شوناسخوازیی سیاسی، بۆ لای سیاسەتی ڕزگاری و دابڕان لە هێڵی سیاسەتی داگیرکاری.

*لە ساڵانی ١٣٢٠ی هەتاوییەوە بەتایبەت دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان، خەسڵەت و نۆرمە نەتەوەییەکانی ناسیۆنالیزمی کورد، کارتێکەریی نەریت و هەروەها کەڵکەڵەی ناوچەکانی ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێوە دیار بووە و بەشێک لە ئێلیتی کوردیش لەو بڕوایەدان کە لە ناسیۆنالیزمی کوردیشدا، وەک ناسیۆنالیزمی تورک و فارس و عەرەب، تەمای سێنتەرالیستی زۆر بەهێزە و ڕەچاوی پلۆرالیزمی کولتووری، بنزمانی و ئایینزایی کوردستان ناکات. بە بۆچوونی جەنابت بزووتنەوەی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبێ چی بکات کە سنوورەکانی ئایین، زاراوە و ئایینزاکان نەبێتە لەمپەر و ناسیۆنالیزمێکی هەمەگیر و تۆکمە دابین بکات؟*



زۆربەی هەرە زۆری ئەزموونەکانی ناسیۆنالیزم لە جیهاندا تووشی گرفتێکی سەرەکین، ئەویش گرفتی "ناسەرکەوتوویی پرۆسەی ئیدغامی هەموو جیاوازییە ئایینی و ئێتنیکییەکان لە نەتەوەی مۆدێرندا"یە. ئێمە زۆر دوور نەڕۆین، هەر سەیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین ئەبینین کە ئەم گرفتە لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەدا هەیە.

لەم وڵاتانە پرۆسەی ئیدغام سەرکەوتوو نەبووە و گرووپێکی ئایینی و ئێتنیکی بە سەر گرووپەکانی تردا زاڵ بووە و زمان و کەلتووری خۆی داسەپاندووە. ئێتنیکی سەردەست، کۆنترۆڵی دەزگای سیاسیی بە دەستەوە گرتووە و زمان و کەلتووری خۆی وەکوو زمان و کەلتووری نەتەوەی سازکراو داسەپاندووە. ئەزموونی ئەو چەند وڵاتەی کوردستانیان داگیر کردووە، بە باشی ئەم راستییە دەردەخەن. بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ناسیونالیزمی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بە سەرنجدان بە دۆخی بێ دەوڵەتی، تا چ رادەیەک تووشی ئەو گرفت و کێشەیە بووە؟

ئەو پرسیارە پەیوەندی هەیە بەو باسەی ئێستامان لە سەر باشووری رۆژهەڵات. ئایا لە پەراوێزدابوونی ئەو بەشە لە کوردستان و پەرەنەسەندنی ناسیونالیزمی کوردی لەو بەشە دەگەڕێتەوە سەر گرفتی ئیدغام و ناسەرکەوتوویی ئەو پرۆسەیە؟ ئایا بۆ دۆخێک وەکوو دۆخی رۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانین باس لە پرۆسەی ئیدغام بکەین؟ ئەگەر سەرنج بدەین، ئەبینین دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان لە پرۆژەی ئیدغام شکستیان خوارد، بەڵام خۆ لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە دۆخی بێ دەوڵەتیدا ناکرێت باس لە پرۆژەی ئیدغام بکەین. کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە سەردەمی کۆمار بۆ ماوەیەکی کەم دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت، لەم ماوە کەمە لە بەر زۆر هۆکار جوگرافیای دەسەڵاتی کوردی تەنیا چەند شار و ناوچە بوو. بەڵام هەر ئەو کات باشووری رۆژهەڵات وەکوو بەشێک لە کوردستان گرینگیی پێ دەدرا و لە گوتاری نەتەوەیی جێگەیەکی گرینگی هەبوو. هەر بۆیە دەبێ جەخت لە سەر ئەو راستییە مێژووییە بکەین کە باشووری رۆژهەڵات لە گوتاری نەتەوەیی گرینگایەتیی زۆری هەبووە و هیچکات لە گوتاری نەتەوەیی پەراوێز نەخراوە، بەڵام لە جوگرافیای سیاسەتی رزگاری ناوەندێتیی پەیدا نەکردووە. ئایا بوونی ئەو راستییە، نیشاندەری هەڵەی بزووتنەوەکان و سەرکردەکان و حیزبەکان و ئێلیت و رەوشنبیری کوردییە؟ ئەوە باسێکی ستراتێژیکە و پێم وایە دەبێ لە شوێنی خۆی بخرێتە بەر باس و خەسارناسیی بۆ بکرێت.

*لە گوتار و لێکدانەوەی بەشێک لە ئێلیتی کورددا باس لە دووانەی کۆمەڵگای مەدەنی – حیزبی سیاسی دەکرێت کە هێندێ جار وەک دوو پێکهاتەی ناتەبا پێناسەی دەکەن. لە باری کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، حیزبی سیاسی بەشێکە لە کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵام لە لێکدانەوەی بەشێک لە ئێلیتی کورددا نەک سەرنج بەم گوزارەیە نادرێت، بەڵکە وەک دوو پێکهاتەی نامۆ بە یەک و تەنانەت دژ بەیەک شرۆڤە دەکرێن. حیزبی سیاسی لە رۆژهەڵاتی*

*کوردستاندا دیاردەیەکی عەینییە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیادتر لە هەشتا ساڵ، بەڵام کاتێ باسی کۆمەڵگای مەدەنی دێتە ئاراوە، خسڵەتێکی سۆبژەکتیڤی هەیە. واتە ئێلیت و لایەنە جیاوازەکان گرەو لەسەر دیاردەیەک دەکەن کە بەرهەمی زەینی ئەوانە و تەنانەت هەوڵ دەدەن ئایدیالۆژیزەی بکەن. ئێوە چۆن ئەم دۆخە هەڵدەسەنگێنن و پێتان وایە هەڵاواردنێکی وەها چ کاریگەرییەکی لەسەر ناسیۆنالیزمی کورد دەبێت؟*



ئەو باسە لە باری تیۆرییەوە قسە زۆر هەڵدەگرێت. بەڵام دەکرێ دوو لێکدانەوەی ئەرێنی و نەرێنیمان لە لێکدانەوەی بەشێک لەو ئێلیتە بێت:

لە لێکدانەوەیەکی ئەرێنی ئێمە دەڵێین ئەم جۆرە هەڵوێستانە هەڵقولاوی نیگەرانییەکان لە دووپاتبوونەوەی ئەزموونی باکوور و باشووری کوردستان. هەموومان باش دەزانین باکووری کوردستان چۆن لە لایەن پ.ک.ک.وە بە بارمتە گیراوە، بە شێوەیەک کە کۆمەڵگای مەدەنی بوونی نەماوە. باکووری کوردستان لە واقیعدا لە نێوان پ.ک.ک و دەسەڵاتی تورکدا دابەش کراوە. ئەم دوو دەسەڵاتە هیچ دەرفەتێکیان بۆ کار و چالاکیی مەدەنی نەهێشتووەتەوە، مەگەر ئەوەی لە ژێر چەتری ئەواندا بێت و لە چوارچێوەی ئەجێندای ئەوانەوە بکرێت. لێرەدا ناکرێت باس لە کۆمەڵگای مەدەنی بکەین. ئەوەی هەیە کۆمەڵگایەکی بەحیزبیکراوە. لە باشووری کوردستانیش هەمان کێشە ئەبینرێت: کۆمەڵگا لە نێوان دوو لایەنی سیاسیدا دابەش بووە، دوو حیزب دەستیان بە سەر هەموو کۆمەڵگادا داگرتووە. دیارە لێرەشدا کۆمەڵگای مەدەنی بوونی نەماوە. لەم ڕوانگەیەوە ئیتر حیزب بەشێک لە کۆمەڵگای مەدەنی نییە، بەڵکوو خۆی لە جێگەی کۆمەڵگەی مەدەنی داناوە و خۆی بە هاوتای کۆمەڵگای مەدەنی دادەنێت. ئێمە دەبێ لەم مۆدێلە نیگەران بین، لەو مۆدێلە کە حیزب و ڕێکخراوەیەکی سیاسی، هەموو کۆمەڵگا دەگرێتە دەستی خۆی: لە یەکێتیی و ناوەنددانان بۆ ژنان و لاوان و منالانەوە تا سەندیکا و تەڤگەر و کۆمیتەدانان بۆ جووتیار و چەکدار و خانەنشین و هتد. ئەوە هەمان تەجروبەی ستالینیزم و سیستەمە یەک حیزبییەکانە. ئەگەر قەرار بێت حیزبی کوردی ئەو مۆدێلە پەیرەو بکات، پرسی نەتەوە و نەتەوایەتی بەو ئاقارەدا دەڕوا کە ئێستا لە باشوور دەیبینین.

بەڵام ئەو لێکدانەوەیە دەکرێت لە ڕوانگەیەکی نەرێنیشەوە سەیری بکرێت. ئەویش ئەوەیە کە وەها لێکدانەوەیەک تەنیا بە شوێن پەراوێزخستنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوەیە. ئەو لێکدانەوەیە ئەگەر بەو ئامانجەوە بێت، حیزبەکان وەکوو کێشە دەبینێت، نە وەکوو ئامرازێک یا ڕێگەیەک بۆ چارەسەری. دیارە وەها لێکدانەوەیەک زۆر ساویلکانەیە و ناسینێکی دروستی لە "هێز" نییە. ئەوە هەمان لێکدانەوە هەڵەکەی فیرقەی ڕیفۆرمخوازی ئێرانییە کە

پێی وابوو دەتوانێت کۆمەڵگەی مەدەنی ڕێک بخات و ببێت بە هێزێک بۆ داگیرکردنی هەموو جومگەکانی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی. بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە ئەوان چەند ساویلکانە و نەزانانە سەیری دەسەڵات و هێز دەکەن. ئەوانەی لە کوردستانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کۆمەڵگای مەدەنی جێگرەوەی حیزبەکان بێت، دیارە نە کۆمەڵگای مەدەنی دەناسن و نە ناسینێکی دروستیان لە هێز و دەسەڵات هەیە.

بە گشتی ئێمە نابێت بکەوینە داوی ئەو باسە بێ سوودانە. دەبێ نوخبەی کورد بیر لەوە بکاتەوە چۆن پارت و حیزبی بەهێزی هەبێت کە هەم لە خزمەت سیاسەتی ڕزگاریدا بن و هەم لە خزمەت دروستکردنی کۆمەڵگا و سیاسەتی دێمۆکراتیکدا. هەروەها کۆمەڵگایەکی مەدەنی کە لە خزمەت دێمۆکراسیدا بێت.

*کاتێک بزووتنەوە سیاسی -کۆمەڵایەتییەکان تووشی تەنگانە دەبن، ڕێبەرانی بزووتنەوەکە و تەنانەت چالاکانی سیاسی و مەدەنیش تووشی ئەم پرسیارەی لێنین دەبنەوە: «دەبێ چی بکەین؟». بە لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی نۆرماتیڤی ئەم پرسیارە، حیزبەکانی کوردستان لەم دۆخە ئاڵۆزەدا کە بە ناوی پلانی دیزاینکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناسراوە، دەبێ چی بکەن کە نەهێڵن ناسیۆنالیزمی کورد واز لە تایبەتمەندییە «کوردستانی»یەکانی بهێنێت و نەچێتە نێو پرۆژەیەک کە بەناوی «کوردی کولتووری» ناسراوە و بەتەمان لە یاسای شارۆمەندیی داگیرکەرەکانیدا بیگونجێنن؟ ڕێگەم بدەن وەک کۆتاپرسیار ئەم پرسیارەش بکەم: چۆن لە دوارۆژی ناسیۆنالیزمی کوردی دەڕوانن و هەروەها ناسیۆنالیزمی کوردی چ وەک ئێپیسمە و چ لە باری ئانتۆلۆژیکەوە، دەبێ چی بکات کە لەگەڵ هەلومەرجەکانی سەردەم بێتەوە؟*



پرۆژەی کوردی کەلتووری پێشینەیەکی زیاتر لە تەمەنی کۆماری ئیسلامیی هەیە. لە سەردەمی پەهلەویدا ئەو پرۆژەیە کوردبوونی لە چوارچێوەی فولکلۆر، گۆرانی و موزیک بەرتەسک کردبوووەوە. کوردی کەلتوری لە ڕادیۆ کرماشان و سنە و مهاباد نواندنەوەی بۆ دەکرا، بەڵام هاوکات لەگەڵ پرۆژەی کوردی کەلتووریی پەهلەوی، جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان لە ساڵەکانی ١٣٤٦- ١٣٤٧ بەربەرەکانێی لە گەڵ ڕێژیم دەکرد. هەر دوای ڕووخانی ڕێژیمی شا، گەورەترین بزاڤی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات دەستی پێ کرد. بەم جۆرە پرۆژەی کوردی کەلتووری هەر لە سەرەتاوە شکستی هێنا، تەنانەت کاریگەریی ئەرێنیی بوو لە سەر پاراستنی بەشێک لە میراتی نەتەوەیی. ئەم پرۆژەیەش لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە شەستەکانەوە دەستی پێ کرد، لە دەیەکانی

دواتریش بەردەوام بوو. بەڵام بزاڤی نەتەوەیی لە شەستەکانەوە تا ئێستا بە شێوازی جۆراوجۆر، شکستی ئەو سیاسەتەی نیشان داوە.
لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی قسە زۆرە. من بە جێی وەڵامدانەوەی راستەخۆ بەو پرسیارە هزرییە "ناسیۆنالیزمی کوردی چ وەک ئێپیسمە و چ لە باری ئانتۆلۆژیکەوە، دەبێ چی بکات کە لەگەڵ هەلومەرجەکانی سەردەم بێتەوە؟ پێم باشە سەرنجی لایەنی نەتەوەیی بۆ هەندێک پرس و بابەتی تر رابکێشم، بۆ نموونە: ناسیۆنالیزمی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان بەرەورووی کۆمەڵێک مەترسی و کۆمەڵێک دەرفەتی زێڕینە. نوخبەی کورد، حیزبە کوردییەکان و کۆمەڵگای کوردستان چۆن لە دەرفەتەکان کەڵک وەردەگرن و چۆن بەرەورووی مەترسییەکان دەبنەوە؟ بۆ نموونە باسی دەرفەتەکان ئەگەر بکەین، دەبێ ئاماژە بەو هێزە جەماوەرییە بکەین کە پرسی نەتەوەیی بە تەنیا پرسی خۆی دەزانێت و لە رۆژانی شۆرشی ژینا لە شەقامەکانی کوردستان باوەری قووڵی خۆی بە نیشتیمان و پرسی کوردستان پێشان دا. وەکوو مەترسییش دەبێ ئاگاداری هەموو ئەو هێزە دژە نەتەوەییانەی ناوخۆ بین کە لە ژێر ناوی چەپ و ئیسلامیزم، بەربەرەکانی لە گەڵ پرسی نەتەوەیی دەکەن.
ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئاستێکی جیهانییش بەرەورووی مەترسی و دەرفەتی زۆرە. لەم ناوەدا پشکی مەترسییەکان زۆر زیاترە. بە جیهانیبوون، شوناسە سەروو نەتەوەییەکان، کێشەی نابەرابەریی کۆمەڵایەتی و دەیان گرفت و کێشەی تر کە ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێ رێگەچارەیان بۆ بدۆزیتەوە.

”

# وتوویژ لەگەڵ
# هۆمر فەیزی

“

*پرسی چەوساندنەوەی کورد لە ئێران، وەک د. قاسملوو ئاماژەی پێ داوە، «پۆلی ستەم»ە، واتە لە چەند ڕەهەندەوە کورد لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا دەچەوسێتەوە. بۆ نموونە چەوساندنەوەی کولتووری-زمانی، ئابووریی و سیاسی. بەشێک لە ئێلیتی کورد کە نزیک لە ئیسلاحتەڵەبەکانن، پێداگری لەسەر چەوساندنەوەی ئایینزایی دەکەن و ڕەهەندەکانی دیکەی چەوساندنەوە یا بەهەند ناگرن، یان پێیان وایە دەستی دەرەکی و تەمای دەسەڵاتخوازانەی حیزبەکانی کوردستان ڕۆڵیان هەیە لە هێنانەگۆڕی چەوساندنەوەگەلێکی وەهادا. بەگوێرەی ئامارەکانی ڕێژیم، ڕێژەی بێکاری و هەژاری لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە ئەو بەشەی کە هاوئایینزان لەگەڵ ئایینزای فەرمیی حکومەتدا، لە ئاستێکی بەرزدایە و زۆرجار وەک هۆکار بۆ خۆکوژی و تەنانەت ژنکوژی لەو ناوچانەدا ناسراوە. جەنابت چۆن ئەم بارودۆخە هەڵدەسەنگێنی و دۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسی و ئابووریی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن شرۆڤە دەکەی؟*



پێش ئەوەی بێینە سەر وڵامی ئەو پرسیارەتان و تەرکیز لە سەر دۆخی کۆمەلایەتی و ئابووریی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانبەڵێ هەروەک د. قاسملوو زۆر زانایانە و شارەزایانە و بەدروستی باسی کردووە، کورد لە چەندین ڕەهەندەوە دەچەوسێتەوە و دۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسی-ئابووری لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ناوچەکانی وەک کرماشان و ئیلام و لوڕستان) نیشانەی کۆمەڵگەیەکە کە لە ژێر هەڕەشەی چەوساندنەوەی چەندلایەنەی کۆلۆنیالە. لەڕاستیدا دەوڵەتی ئێرانی، کوردەکانی وەک "ئەویتری خۆی" پێناسە کردووە و هەوڵی داوە بە پشتبەستن بە گوتاری ئێرانشاری، شوناسی کوردی بخاتە پەڕاوێزەوە. هەروەک دەزانن ئەم چەوساندنەوەیە لە ڕێگەی سەرکوتی کولتووری (وەک قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە خوێندن)، ئابووری (گەشەنەسەندنی کوردستان بەگشتی و ئەم ناوچانەی باشووری ڕۆژهەڵات بەتایبەتی) هەروەها چەوساندنەوەی ئایینی (دژ بە یارسانەکان) جێبەجێ دەکرێت. بە وتەی د.قاسملوو، ئەمە وەک پۆلیستەم (چەوساندنەوەی چەندلایەنە) پێناسە دەکرێت کە دەتوانین لە ڕێگەی چوارچێوەی تیۆریکی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی (internal co-lonialism) یەوە شیی بکەینەوە. ئەگەر لە تیۆری فۆکۆش کەڵک وەربگرین دەبێ بڵێین ئەم چەشنە چەوساندنەوەی چەند لایەنەیە وەک میکانیزمەکانی هێزی بەدسیپلینکراوە کە لەڕێگەی بێبەشکردنی بەئەنقەستی ئابووری ( بێکاری و هەژاری) و هەروەها لەڕێگەی سەرکوتی ناسنامەی تاکی و بەکۆمەڵەوە، کۆمەڵگەیەکی پارچەپارچە و پڕ قەیرانی خوڵقاندووە. کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەکوو خۆکوژی و ژنکوژی، کە بە تایبەتی ژنان و گەنجانی باشووری ڕۆژهەڵات دەکەنە ئامانج، بەرهەمی بایۆپۆلەتیکی دەسەڵات و میکانیزمەکانی گوشاری

کۆلۆنیالن، بەتایبەت ژن کوشتن کە زۆرجار هەوڵ دەدرێت وەکوو کێشە یان دۆزێکی کولتوری دابەزێنرێت، لە راستیدا تێکەڵەیەک لە هەڵاواردنی رەگەزی و کۆلۆنیالە کە ژنان دەخاتە دۆخێکی دووانەی ستەمەوە کە هەم لایەنی رەگەزی و هەم لایەنی نەتەوەیی لەخۆ دەگرێت. ئەمجۆرە کێشانە نەتەنیا بەرهەمی پۆلی ستەمە، بەڵکوو دەرخەری پێویستییەکی گرنگە کە ئەوەش بووژانەوەی شوناسی نەتەوەییە لە چوارچێوەیەکی گشتگیردا. نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە وەک جەیمز سکات دەڵێ، لەرێگەی بەرگریی رۆژانەوە دەکرێ تارادەیەکی زۆر هێزی میکانیزمەکانی کۆلۆنیال و بایۆپۆلەتیک کاڵ بکرێتەوە و وەک دەزانین ئەم ناوچانە دەتوانن بە پاراستنی زاراوەکانی باشووری رۆژهەڵات و بەشداری لە رێورەسمەکانی ئاینی یارسان و هەروەها بەشداریی بەرچاو لە جێژنی نەورۆزدا، رۆڵێکی کارا لە بووژانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردستانی بگێرن و لەهەمبەر سیاسەتە کۆلۆنیالیستییەکانی دەوڵەتی ئێرانی بەرەنگاری بکەن. بۆ روونکردنەوەی ئەوەی کە بۆچی هەندێ ئیلیتی کوردی نزیک لە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێرانی، هەموو توانای خۆیان دەخەنە گەڕ تا چەمکی پۆلی ستەم لەبیر بکرێت و تایبەتمەندیی چەند لایەنە و چەند رەهەندیی چەوساندنەوە بە سروشتی ئایینزایی ببەستنەوە، دەکرێ لە روانینی وردی هۆمی بابا کەڵک وەربگرین، بۆیە دەکرێ بڵێین گرێدانەوەی تایبەتمەندیی چەند رەهەندیی چەوساندنەوە تەنیا بە ئایینەوە، جۆرێک پەتەوکردنی گوتاری داگیرکارییە کە دەکرێ بە بەهێزکردنی گۆتارە هەمەلایەنەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی پووچ بکرێتەوە.

*لە کۆنەوە تێبینییەکی سەلبی لە ئارادا بووە لەمەڕ رۆڵی پاسیڤی ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان لە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی لەهەمبەر ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا. بەڵگە یان توێژینەوەیەکی ئاکادێمیک لەبەردەستدا نییە کە گوزارەیەکی وەها بسەلمێنێت. تێبینی و تەجرەبە مەیدانییەکانی ئێوە چین بۆ وەها گوزارەیەک؟*



بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێ لە روانگەی هەڵوشێنگەرایی دریدا، کۆمەڵگەی سەبئەلتێرنی سپیڤاک و دەسەڵات/زانینی فوکۆ کەڵک وەربگرین.
وەک دەزانین بەشێکی بەرچاوی کوردانی باشووری رۆژهەڵات بەهۆی ئەوەی هەڵگری ئایینی شیعەن و ئەمە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەتی ئێرانیدا هاوتەریبە، لەکاتی سەرهەڵدانەکانی دوای ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە پاڵەوییەوە بۆ خومەینی، نەک هەر بەشداری شۆڕشی کوردستان نەبوون، بەڵکوو بەشێوەی ناراستەوخۆ پاڵپشتی چوارچێوەی دژە کوردی حکومەت بوون و بەشێوەی راستەوخۆش بەشدارییان لە سەرکوتی ئەم سەرهەڵدانانەدا کرد. بەڵام سەرەڕای ئەم راستییە، هەرجۆرە خوێندنەوەیەک (جا بەشێوەی ئەوە بێت کە ئەوان دژایەتیی سەرهەڵدانی نەتەوەیی کوردانیان کردووە یان ئەوان بەشداریی

کەمیان هەبووە و زیاتر پاسیڤ بوون)، بەبێ ڕەچاوکردنی کانتێکستی داگیرکاری و لێکدانەوە بۆ دۆخی داگیرکاری، کارێکی نازانستیە. هێنانە گۆڕی ڕۆڵی پاسیڤی کوردانی باشووری ڕۆژهەڵات زیاتر لە بەسەنتەرزانینی ناسیۆنالیزمی کوردی لە مهاباد و سنەوە سەرچاوە دەگرێ کە بەرای من دەبێ ئەو جۆرە ڕوانینە هەڵبوەشێنرێتەوە و زیاتر جەختت لە سەر بەشداریی چالاکانەی کوردستانیانی ئەم ناوچانە لە نەورۆز و هەروەها بەشداری و پاڵپشتیی ئەوان لە شۆڕشی ژینا بەرجەستە بکرێتەوە. بۆیە هەرچەشنە دابەشکارییەکی دووانەی چالاک / پاسیڤ هەڵەیە و جەختکردن لە سەر ڕۆڵی پاسیڤی ئەوان، چوونە ناو گەمەی گوتاری داگیرکارییە کە بەرهەمەکەی شکستی گوتاری ناسیۆنالیستیی کوردستانییە. نەورۆز وەک ڕێوڕەسمێکی نەتەوەیی-سەمبۆلیک، هەم جۆرە بەرەنگارییەکی کولتوری لە بەرانبەر هژمونی دەوڵەتی ئێرانی بوو و هەمیش ئەکتێکی ناسنامەساز بوو کە بنیاتێکی بۆ بەهێزکردنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لەم بەشانەی کوردستان دانا. بۆیە بە کەڵک وەرگرتن لە ڕوانینی دریدا، دەکرێ پاسیڤبوون وەک سازراوێکی گوتاری Dis-cursive Construct پێناسە بکەینەوە و لە جیاتی ئەم سازراوە، بەشداریی چالاکانە لە ڕیوڕەسمەکانی نەورۆز، وەک جۆرێک ناسیۆنالیزمی نەرمی زیندوو ببینین (Dynamic Soft Nation-alism). ئەگەر لە ڕوانینی سپیڤاکیشەوە بۆی بچین، کۆمەڵگە سەبئەلتێرنەکانی باشووری ڕۆژهەڵات، بەتایبەت کوردانی یارسان و ئارادەیەکیش کوردانی شیعە، کەوتوونەتە پەراوێزەوە کە ئەمە بۆ خۆی لە دەرئەنجامی ناڕاستەوخۆی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردیدا بووە کە زۆرتر لە

ناوچە سوننیەکاندا پەرەی سەندووە و لە ژێر هژمونی گوتاری ئێرانشاریشدا بووە. بۆیە کوردانی ناسیۆنالیستی ناوچەکانی ناوەندی ڕۆژهەڵات، یانی ئەو بەشانەی کە بناغەی ناسیۆنالیزمی کوردستانی بووە، دەبێ هەلومەرجێک دروست بکەن تا کوردانی سەبئەلتێرن و ژێردەستەی باشووری ڕۆژهەڵات لە جیاتی خۆیان دەنگ هەڵبڕن و زیاتر لە جاران بەشداری لە بنیاتنانی ناسیۆنالیزمێکی هەمەچەشن و مۆدێرنی کوردستانیدا بکەن. لەراستیدا لەبری خستنەپاڵی ئاوڵناوی پاسیڤ بۆ ئەم کۆمەڵگەیانە، هەلومەرجی لەبار بۆ سەرهەڵدانەوە و بەشداریی چالاکانەی ئەوان برەخسێنن. دەبێ ئەم دەنگانە لە ناسیۆنالیزمی کوردیدا بەرجەستە بکرێنەوە تا شوناسێکی کوردستانیی گشتگیر و هەمەلایەنە بخوڵقێنین. کەوابوو پاسیڤبوون یان بەشداریی ئەم کوردانە لە سەرکوتی سەرهەڵدانەکانی دوای ساڵی ٥٧، دەرئەنجامی ستراتێژیی هەژمونیکی دەوڵەتی ئێرانی بوو کە لەرێگەی هاوئایینییەوە، درزی خستە ناو گوتاری لاوازی ناسیۆنالیزمی ئەو سەردەمەوە.
لە ڕوانینی فۆکۆوە دەکرێ بێژین دەوڵەتی ئێرانی لەرێگەی میکانیزمەکانی هێزەوە کە یەکێکیان هاوتەریبیی کوردانی باشووری ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای فەرمیی دەوڵەت بووە، هەمیشە هەوڵی داوە و هەوڵ دەدات تا بەشداریی چالاکانەی ئەم کوردانە لە پرۆسێسی سازدان و بنیاتنانی گوتاری ناسیۆنالیستیدا بەرتەسک و سنووردار بکاتەوە؛ بەڵام کوردستانیانیش دەتوانن بە بەرگریی ڕۆژانە و لەرێگەی چالاکیی کۆمەڵایەتی و کولتورییەوە دۆخی بەرەنگاری (Space of Resist-

ance)ی خۆیان بەهێزتر بکەنەوە و درز بخەنە ناو گوتاری هەژمۆنیکی ئێرانشارییەوە.

*هابزباوم قسەیەکی هەیە کە دەڵێ لەدایکبوونی چاخە مێژووییەکان (فیۆدالیزم، کاپیتالیزم و...)، لە ڕاستیدا لە دەرکەوتنی ویست و بەرزبوونەوەی تواناییەکانی مرۆڤەوە دەست پێ دەکات. کەوایە دەبێ ویست یا تواناییەک لە ئارادا هەبێت کە پێمان بڵێ مرۆڤێکی نوێ لەدایک بووە و بەرەو قۆناخێکی نوێ هەنگاو دەنێت. لە ڕۆژانی شۆڕشی ژینا و بەتایبەت لە بۆنەکانی نەورۆزی ۱۴۰۴، بەشداربوونی ناوچەکانی باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر جێگای سەرنج بوون، تەنانەت بۆنەکانی نەورۆز وەک ڕێنێسانسێکی نەتەوەیی پێناسە دەکرا. ئەم دەرکەوتنە چ لە باری گوتاری و چ وەک پێرفۆرمانس بە مەبەستی زیندووڕاگرتنی هێما ئێتنۆ-سیمبولیکەکانی کورد، زۆر بەهەند گیرا و لە لایەکی دیکەوە هەم دەسەڵاتی ناوەندیی تووشی شۆک کرد، هەم ئیلیتی ئێرانشارییان تۆقاند کە دەرکەوتەکەی ئەو نامەیە بوو کە لە لایەن ۸۰۰ کەس لە ئاکادیمیسیەن، نووسەر، هونەرمەند و چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەگەریی ناوەندەوە بڵاو کرایەوە. سەبارەت بە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێتان وایە نەوەیەکی نوێ لەدایک بووە کە هەم وەک توانا و هەم وەک ویست لە خۆی ڕادەبینێت بەرەو قۆناخێکی نوێی ناسیۆنالیزمی کوردی هەنگاو بنێت؟*



لە وڵامی ئەم پرسیارەدا دەبێ بڵێین شۆڕشی ژینا و بەشداری لە نەورۆزەکانی دوای ئەم شۆڕشە، بەتایبەت نەورۆزی ئەمساڵ، دەرخەری گۆڕانکاریی ئانتۆلۆژیکی بەرەیەکی تازەی کوردە کە دەتوانێ شوناسێکی کوردیی نوێ بخولقێنێ. هابزباوم ئەمە وەک هەڵاتنی ئیرادە و توانا و خواستی بنیاتنان دەبینێ. لیوتار پێی دەڵێ شکستی گێڕانەوە گەورەکانی ئێرانشاری و لە ڕوانگەی باتلێریشەوە دەکرێ بێژین جۆرە پێرفۆرمانسێکی شوناس پێکهێنەرە کە ژنان و لاوان لە ناوەندی ئەم ناسنامە نوێیە دان. لە ڕوانینی ئاندرسۆن و سکاتیشەوە دەتوانین بەشداریی بەرفراوان لە بۆنەکانی نەورۆزدا بەتایبەتی وەک ئامراز و کەرەستەی خولقاندنی کۆمەڵگەی خەیاڵیی کورد و بەرخۆدان و بەرەنگاریی ڕۆژانە لە بەرانبەر هێزە کۆلۆنیالەکاندا ببینین کە لە ئاکامدا هۆکاری سەرەکیی بەهێزتربوونی ناسنامەی نەتەوەییی کوردستانییە.

بەشداریی بەرچاوی کوردانی باکووری ڕۆژهەڵات بەتایبەت لە نەورۆزی ورمێدا، جۆرێک گەڕانەوەی ئیرادە و هێزی یەکگرتووی کوردان بوو کە ساڵانێکی دوور و درێژ لەم ناوچانەدا پەراوێز خرابوون. وەک دەزانن لەو بەشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تورکەکان خۆیان بە بەشێک لە گوتاری ئێرانشاری دەزانن و بەهۆی ئەوەی شیعەن، هەل و دەرفەتێکی زیاتریان بۆ ڕەخساوە و بەردەوام خۆیان بە خاوەنی ئەو ناوچانەی باکووری ڕۆژهەڵات زانیوە؛ بەڵام لەم نەورۆزەدا بەهۆی بەشداریی بەرچاو و پێرفۆرمانسی نەتەوەییی کوردان،

تورکەکانیش دژکردەوەیەکی توندیان هەبوو و هەر ئەوەش وای کرد درز بخاتە ناو گوتاری ئێرانچێتییەوە، بۆیە دژکردەوەی ئەم هەشتسەدە کەسە دەبێ لە چوارچێوەی لەدەستدانی هەژمۆنیی گوتاری دەوڵەتی ئێرانی لە کوردستاندا بخوێنرێتەوە. چونکە نەتەوەی کورد بە ئەکتەکانی پاشەکشەی بە گوتاری ئێرانشاری کرد و خستییە لێواری هەڵوەشاندنەوەی گوتارییەوە. بەڵام لەو گرنگتر، بەشداریی هەرە بەرچاوی کوردانی دانیشتووی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە بەجۆرێک سنووری جوگرافیکی کوردستانیشی لە ڕووی نەخشەوە دیاری کرد و بۆ یەکەم جار کوردەکان لە ڕێگەی بەرزراگرتن و بەشداری لە بۆنەی ئێتنۆ-سەمبۆلیکی نەورۆزەوە لە ماکۆ و چاڵدێرانەوە گەیشتنە بۆشار و سەر کەنداوی لور. بەکارهێنانی هێما نەتەوەییەکانی وەک ئاڵای کوردستان، جلوبەرگی ڕەسەنی کوردانە و بەدیاریکراوی بەستنی جامانە، دەرخەر و پیشاندەری نەورۆزێکی تەواو کوردستانییانە بوو. کەوابوو دەکرێ بڵێین بەڵێ نەوەیەکی تازەی کورد سەری هەڵداوە کە سەرەرای سەرکوت و داگیرکاری و سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و توانەوەی بەئەنقەست، بەتایبەت لە باشووری ڕۆژهەڵات، ئەم نەوەیە بەرەو ئاراستەی کوردستانیبوون هەنگاو دەنێت و بە ڕوانینی هابزباومیشەوە بۆی بچین دەکرێ ویست و خواستی ئەم نەوەیە وەک خواستی نەتەوەیی و دژە گوتاری داگیرکاری ببینین. بەڵام لە ئێستادا لە ئاستی هەستی نەتەوەییدا ماوەتەوە و ئەمە ئەرکی ڕۆشنبیران و کەسانی ئاکادمیکی سەر بە گوتاری کوردستانی و هەروەها ناوەندە هزرییەکانی پارتە سیاسییەکانی کوردستانە کە ئەو جۆرە هەستە ڕیفرەیم بکەن و لە قاڵبی گوتاری کوردستانیدا سەرلەنوێ بیسازێننەوە؛ چونکە وەک دەزانین هەستی نەتەوەیی هەستێکی سروشتی و کۆمەڵایەتییە کە لەسەر بنەمای پەیوەندیی کولتووری، زمانی و مێژوویی دروست دەبێت. لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کرماشان، ئیلام، لورستان)، هەستی نەتەوەیی کوردی لە ڕێگەی زمان (شێوەزارەکانی کوردی باشووری)، کولتوور (فۆلکلۆر، ئەدەبیات) و مێژووی خەبات (وەک شۆرشی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ٢٠٢٢) بوونی هەیە، بەڵام بەهۆی سەرکوتی دەوڵەتی ئێران و سیاسەتەکانی گونجاندن، ئەم هەستە زۆرجار لاوازە یان پارچەپارچەیە. لەحاڵێکدا گوتاری نەتەوەیی دروستکراوەیەکی فکری و سیاسییە کە هەستی نەتەوەیی وەک بناغە وەردەگرێت و بە شێوەیەکی ڕێکخراو دەیگۆڕێت بۆ خواستێکی سیاسی (وەک فیدرالیزم یان سەربەخۆیی). گوتارەکان لە ڕێگەی زانینەوە دروست دەبن و گوتارێکی نەتەوەیی کوردستانی، پێویستی بە ڕۆڵی ڕۆشنبیران و ئاکادیمیستەکان هەیە بۆ پێناسەکردنی کوردەکان وەک نەتەوەیەک کە مافی سیاسی و کولتووریی هەیە، دژ بە گوتارە هەژمۆنییەکانی دەوڵەتی ئێرانی.

*لە ساڵانی ١٣٢٠ی هەتاوییەوە بەتایبەت دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان، خەسڵەت و نۆرمە نەتەوەییەکانی ناسیۆنالیزمی کورد، کارتێکەریی نەریت و هەروەها کەلکەڵەی ناوچەکانی ناوەندی*

*ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێوە دیار بووە و بەشێک لە ئێلیتی کوردیش لەو بڕوایەدان کە لە ناسیۆنالیزمی کوردیشدا، وەک ناسیۆنالیزمی تورک و فارس و عەرەب، تەمای سێنتەرالیستی زۆر بەهێزە و ڕەچاوی پلورالیزمی کولتووری، بنزمانی و ئایینزایی کوردستان ناکات. بە بۆچوونی جەنابت بزووتنەوەی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبێ چی بکات کە سنوورەکانی ئایین، زاراوە و ئایینزاکان نەبێتە لەمپەر و ناسیۆنالیزمێکی هەمەگیر و تۆکمە دابین بکات؟*



ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێ پاڵپشتی لە گوتارێکی هەمەچەشن بکات تا لەرێگەی ڕەخساندنی هەلی بەشداریکردنی کۆمەڵگە سەبئەلتێرنەکان و هەروەها پەروەردەکردنی هەستی نەتەوەیی هاوبەشەوە، چوارچێوەیەکی دێمۆکراتیک پێک بێنێ کە توانای بەرەنگاریی لەهەمبەر گوتاری ئێرانشاریدا هەبێ. هەر بۆ ئەم مەبەستە ناسیۆنالیزمی کوردستانی لە ڕۆژهەڵات بەگشتی و بەتایبەت لە باشووری ڕۆژهەڵات دەبێ خۆی لە ناوەندخوازیی نەریتی کە لە ژێر کاریگەریی بزاوت و جووڵانەوە نەتەوەییەکانی وەک کۆماری کوردستاندا بووە، جیا بکاتەوە و شوناسێکی پۆلۆرالیستی بخوڵقێنێ کە فرەزاراوەیی و فرەئایینی، وەک سەرچاوەی هێز و توانای ئەم ناسنامە نوێیە ببینرێن.

ئەگەر بەراستی گوتاری ناسیۆنالیستیی کوردستانی، دانی بە فرەییەکانی کوردستاندا نەنابێ (پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و ڕوونکردنەوەیە) و تەنیا تایبەتمەندییەکانی ناوچەیەکی دیاریکراویی بەرجەستە کردبێتەوە، ئەوە ئەگەر لیۆتاری بۆی بچین، پێویستی بە شکاندنی گەورە گێڕانەوەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی و لەهەمان کاتیشدا خوڵقاندنی جۆرە وردە گێڕانەوەگەلێکە کە دان بە فرەزاراوەیی و فرەئایینی و هەندێ جار فرەکولتووریی کۆمەڵگەی کوردستانیدا بنێت. هەرچەند بەراستی کە ناسیۆنالیزمی کوردستانی لە ڕۆژهەڵات، هەر لە سەرەتاوە خاوەن ئاوەها تایبەتمەندییەک بووە و هەمیشە فرەیی خاڵی ناوەندی ئەم گێڕانەوەگەلە بووە، بەڵام پێویستە خەسڵەتی فرەیبوونی زیاتر لە جاران پەرە بستێنێ و پشتگیری بکرێت. وەک پێشتریش باس کرا سپیڤاک خوازیاری بەرجەستەکردنی دەنگی کۆمەڵگە سەبئەلتێرنەکانە و ئەمەش ڕوونە کە بە ڕەخساندنی هەلی بەشداری بۆ هەڵبڕینی دەنگی ئەم کۆمەڵگەیانە، توانا و پۆتانسییەلی ئەوان لە دووبارە خوڵقاندنی ناسنامەیەکی نوێی کوردستانی زیاتر دەخاتە ڕوو. وەک دەشزانین هۆمی بابا کاتێک باسی ناسنامەی هایبرید دەکات دەڵێت کە شوناسی هایبرید ئەو شوناسەیە کە فرەیی دەکاتە خاڵی بەهێزی خۆی بەتایبەت لەکاتی ڕووبەڕووو بوونەوەی هێزە کۆلۆنیالەکاندا، دەردەکەوێ کە چەنێک ئەو فرەییە یارمەتیدەری درزخستنە ناو گوتاری داگیرکەرە. کەوابوو دەکرێ ئاوا بۆی بچین کە ناسیۆنالیزمی کوردی کە هەر لە کۆماری کوردستانەوە

فرەیی کۆمەلگەی کوردی بەبنەما گرتووە، دەبێ زۆر زیاتر لەجاران پەرە بەتایبەتمەندی لەخۆگرتنی جیاوازییەکانی کوردستان بدات.

*لە گوتار و لێکدانەوەی بەشێک لە ئێلیتی کورددا باس لە دووانەی کۆمەڵگای مەدەنی – حیزبی سیاسی دەکرێت کە هێندێ جار وەک دوو پێکهاتەی ناتەبا پێناسەی دەکەن. لە باری کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، حیزبی سیاسی بەشێکە لە کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵام لە لێکدانەوەی بەشێک لە ئێلیتی کورددا نەک سەرنج بەم گوزارەیە نادرێت، بەڵکە وەک دوو پێکهاتەی نامۆ بە یەک و تەنانەت دژ بەیەک شرۆڤە دەکرێن. حیزبی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دیاردەیەکی عەینییە و مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ زیادتر لە هەشتا ساڵ، بەڵام کاتێ باسی کۆمەڵگای مەدەنی دێتە ئاراوە، خەسڵەتێکی سۆبژەکتیڤی هەیە. واتە ئێلیت و لایەنە جیاوازەکان گرەو لەسەر دیاردەیەک دەکەن کە بەرهەمی زەینی ئەوانە و تەنانەت هەوڵ دەدەن ئایدیالۆژیزەی بکەن. ئێوە چۆن ئەم دۆخە هەڵدەسەنگێنن و پێتان وایە هەڵاواردنێکی وەها چ کاریگەرییەکی لەسەر ناسیۆنالیزمی کورد دەبێت؟*



یورگن هابرماس لە کتێبی "گۆرانی پێکهاتەییی گۆرەپانی گشتیدا" The Structural Transformation of the Public Sphere, (١٩٨٩) تێگەی گۆرەپانی گشتی وەک شوێنێک پێناسە دەکات کە تاکەکان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان (لەوانە رێکخراوە ناحکومییەکان، گرووپە کولتوورییەکان و حیزبە سیاسییەکان) تێیدا گفتوگۆیەکی کراوە و ئازادانە لەسەر پرسە گشتییەکان دەکەن؛ کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ویستێکی گشتی (general will). لەم چوارچێوەیەدا، حیزبە سیاسییەکان بەشێکن لە کۆمەڵگای مەدەنی، چونکە وەک ئامرازێک بۆ رێکخستنی خواستە گشتییەکان و نوێنەراٞیەتیکردنیان لە نێو سیستەمی سیاسی رۆڵیان هەیە. بەڵام، هابرماس جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە گۆرەپانی گشتی دەبێ سەربەخۆ بێت و لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت یان هێزە ئابوورییەکاندا نەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە شێوەیەکی دیموکراتیک کار بکات. لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دۆخی سیاسی بە شێوەیەکی سەرەکی لەلایەن سیاسەتەکانی سەرکوتی دەوڵەتی داگیرکەر و تۆتالیتەری ئێرانەوە دیاری دەکرێت کە رێگە لە دروستبوونی گۆرەپانێکی گشتیی سەربەخۆ دەگرێت. رێکخراوە یاساییەکان کە بە مۆڵەتی دەوڵەت کار دەکەن، لە ژێر چاودێریی تونددان و زۆرجار دەبنە ئامرازی پێشخستنی گوتاری دەوڵەتی ئێرانی کە هەمان بەرهەمهێنانەوەی کوردی کولتووریە و خواستی ناسنامەی نەتەوەیی، بۆ گرووپێکی کولتووری دادەبەزێنێ کە هەڵگری هیچ جۆرە خواست و ئامانجێکی سیاسی نییە. ئەمەش وا دەکات کۆمەڵگای مەدەنی خەسڵەتێکی سوبژەکتیڤی (زەینی) هەبێت، چونکە زیاتر وەک ئایدیالێکی زەینیی ئێلیتی کورد دەردەکەوێت، نەک وەک پێکهاتەیەکی عەینی (ئۆبژەکتیڤ) کە بتوانێت گۆرەپانێکی گشتیی هابرماسییانە دروست بکات.بەڵام بەپێچەوانەوە حیزبە

سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە مێژوویەکی زیاتر لە هەشتا ساڵەیان هەیە، دیاردەیەکی عەینین کە لە خەباتی نەتەوەییی کوردەکان سەرچاوە دەگرن. ئەم حیزبانە، سەرەڕای کۆنترۆڵ و سەرکوتی دەوڵەتی ئێران، توانیویانە بە شێوەی نهێنی و ئاشکرا لە ناوەوە و دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شوێنەکانیتر (وەک لە باشووری کوردستان یان دیاسپۆرا) چالاکی بکەن و خواستە نەتەوەییەکان پێش بخەن. لە چوارچێوەی هابرماسییانەوە بۆی بچین، حیزبە سیاسییەکان بەشێکن لە کۆمەڵگای مەدەنی، چونکە وەک نوێنەری خواستە گشتییەکان و بە تایبەت خواستە نەتەوەییەکان کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرنگییەکی زۆریان هەیە، ڕۆڵیان دەگێڕن. کە ئاوا بۆ بابەتەکە بڕوانین، بەدڵنیاییەوە دووانەی نێوان حیزبە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی بوونی نییە بەڵام ئەوەی لێرە زیاتر مەبەستی پرسیارەکەیە، هەڵگری جۆرێک کێبڕکێی ئایدیۆلۆژیکییە کە هەوڵ دەدرێت لە درێژەدا زیاتر ڕوون بکرێتەوە.

وەک لە پرسیارەکەشدا هاتووە بەشێک لە ئێلیتی کورد، کۆمەڵگای مەدەنی وەک ئایدیالێکی دیموکراتیک و سەربەخۆ ئایدیالۆژیزە دەکەن و حیزبەکان وەک هێزێکی هەژموونخواز شرۆڤە دەکەن کە ئەمە دووانەییەکی زەینی دروست دەکات کە کۆمەڵگای مەدەنی و حیزبەکان وەک دوو پێکهاتەی ناتەبا پیشان دەدات. لەڕاستیدا دەکرێ بڵێین قایلبوون بە دووانەییی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و حیزبە سیاسییەکان کە لە لێکدانەوەی بەشێک لە ئێلیتی کوردەوە سەرچاوە دەگرێت، لە کێبڕکێی ئایدیۆلۆژیی نێوخۆیی و کاریگەرییەکانی دەوڵەتی ئێرانەوە دێت. ئێلیتی کورد کە دژایەتیی نفووزی حیزبەکان دەکەن، کۆمەڵگای مەدەنی وەک فەزایەکی سەربەخۆ و ”دێمۆکراتیک“ پێناسە دەکەن کە دەبێ لە کاریگەریی حیزبەکان ئازاد بێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕێکخراوە یاساییەکان کە وەک کۆمەڵگای مەدەنی دەبینرێن، لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتن و ناتوانن وەک شوێن و گۆڕەپانی گشتی، بە تێگە هابرماسییانەکەی، کار بکەن. ئەمە دووانەییە کە کۆمەڵگای مەدەنی وەک دیاردەیەکی سوبژەکتیڤ و حیزبەکان وەک دیاردەیەکی عەینی جیا دەکاتەوە، ناتەباییەکی زەینی دروست دەکات کە لەگەڵ تیۆریی هابرماس، کە جەخت لەسەر یەکبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و حیزبەکان دەکاتەوە، نایەتەوە. لەڕاستییشدا یەکبوونی کۆمەڵگای مەدەنی و حیزبە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێت بە مەرجی دروستبوونی فەزایەکی سەربەخۆ چاوەڕوان بکرێت کە هەلی گفتوگۆی کراوە و ئازادانە لە سەر خواستە گشتییە نەتەوەییەکان بڕەخسێنێ. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی سەرکوتی دەوڵەتی ئێرانی، دروستبوونی ئەو شوێنە گشتییە سەربەخۆیە ئاستەنگی زۆری لەبەردەمدایە. بۆ ئەوەی کۆمەڵگای مەدەنی و حیزبە سیاسییەکان وەک بەشێک لە یەکتر ببینرێن، پێویستە چەند هەنگاوێک هەڵبگیرێن کە گرنگترینیان دروستبوونی ڕێکخراوی کوردستانییە کە خوازیاری هێڵاننامە و مۆڵەتی یاساییی دەوڵەتی داگیرکەر نییە و ئامادەیە قەبووڵی تێچووەکانی خەباتی خۆیشی بکات. جگەلەوەش

دەکرێ لەڕێگەی ڕێکخستنی کۆمەڵگای مەدەنی بە شێوەی ژێرزەمینی و نهێنییەوە کار بکرێت. ئەگەر بەو شێوەیە لە خەباتی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕوانین، ئەوجار ئەو دووانەیە کە لە کرۆکیی پرسیارەکەدا خۆی دەردەخات، وردە نامێنێ و دەکرێ چاوەڕێی گۆڕەپان یان شوێن و فەزایەکی گشتی بین بەو جۆرەی هابرماس پێناسەی دەکات. بەهۆی ئەوەی ڕێکخراوە یاساییەکان لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتن، کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانێت بە شێوەی ژێرزەمینی گەشە بکات، وەک ئەو ڕێکخراوەگەلەی سەرقاڵی فێرکردنی زمانی کوردی بە شێوەی نافەرمین. جگەلەوەش ڕێکخستنی کۆبوونەوە کولتوورییەکان، یان بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتە کوردییەکان لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانی میدیای کۆمەڵایەتییەوە دەتوانێت کۆمەڵگای مەدەنی لە کۆنترۆڵی دەوڵەت ئازاد بکات و خەسڵەتی سووبژەکتیڤی کەم بکاتەوە. بەڵام ئەوەی بۆ نموونە لە زانکۆکانی کوردستان هەندێ ڕێکخراو و گرووپی کۆمەڵایەتی، فستیڤاڵی کوردی و بۆنەی جۆراوجۆر لە ژێر چاوەدێریی دەسەڵاتی ئێرانیدا ساز دەکەن، بە جۆرێک نوێنەرایەتی بەرهەمهێنانەوەی کوردی کولتوریی ئێرانی دەکەن و ناتەباییەکی هەمیشەیی لەگەڵ خواستە نەتەوەییەکانی حیزبە سیاسییەکاندا بەرهەم دەهێنن و بەدڵنیاییەوە ئەوەی لەڕووی نەتەوەییەوە بۆ ماوەی سەد ساڵ ڕێسراوە، زۆر بەئاسانی لەڕێگەی چالاکیی ئەو جۆرە ڕێکخراوەگەلەوە دەکرێتەوە بە خوری.

دیارە کە کاریگەرییەکانی لە سەر ناسیۆنالیزمی کوردی نەرێنی و قووڵە، چونکە وەک ئێرنست گێلنەر دەبێژێ، ناسیۆنالیزم پێویستی بە یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی هەیە تا بتوانێ کۆڵەکەکانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی بنیات بنێت. دووانەیی نێوان کۆمەڵگای مەدەنی و حیزبەکان، دابەشبوونی کۆمەڵگە دروست دەکات، کە ئەمە توانای کۆمەڵگە بۆ هەماهەنگی و یەکگرتنەوە لەسەر ئامانجە نەتەوەییەکان کەم دەکاتەوە. کاتێک کۆمەڵگای مەدەنی وەک ئایدیالێکی سەربەخۆ شرۆڤە دەکرێت، بەڵام لە ڕاستییدا لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتە، متمانەی کۆمەڵگە بە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان کەم دەبێتەوە، کە ئەمەش لەئاکامدا ناسیۆنالیزمی کوردی لاواز دەکات.

لە کۆتاییشدا ئایدیالۆژیزەکردنی کۆمەڵگای مەدەنی بەتایبەت بەو شێوەیە کە ڕێکخراوە یاساییەکان وەک کۆمەڵگای مەدەنی پیشان دەدات، بەدڵنیاییەوە گوتاری دەوڵەتی ئێرانی کە هەمان ”کوردی کولتووریە“ پتەوتر دەکات، چونکە ئەم ڕێکخراوانە ناتوانن خواستە نەتەوەییەکان پێش بخەن. بەپێی تیۆریی بنەدیکت ئاندرسۆن، ناسیۆنالیزم پێویستی بە ”کۆمەڵگەیەکی خەیاڵکراو“ هەیە. هەبوونی دووانەیی، کۆمەڵگە تووشی سەرلێشێواوی دەکات کە ئاخۆ گوتاری کامەیان دروستترە، حیزبە سیاسییەکان یان ڕێکخراوەگەلی یاسایی (بەناو کۆمەڵگەی مەدەنی) کە لە ژێر چاودێریی دەوڵەتدا چالاکی دەکەن و هەڵگری گوتاری کوردی دەستەمۆکراوی کولتورین و هیچ جۆرە خواستە و ئامانجی

نەتەوەییشیان نییە؟

*کاتێک بزووتنەوە سیاسی -کۆمەڵایەتییەکان تووشی تەنگانە دەبن، ڕێبەرانی بزووتنەوەکە و تەنانەت چالاکانی سیاسی و مەدەنیش تووشی ئەم پرسیارەی لێنین دەبنەوە: «دەبێ چی بکەین؟». بە لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی نۆرماتیڤی ئەم پرسیارە، حیزبەکانی کوردستان لەم دۆخە ئاڵۆزەدا کە بە ناوی پلانی دیزاینکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناسراوە، دەبێ چی بکەن کە نەهێڵن ناسیۆنالیزمی کورد واز لە تایبەتمەندییە «کوردستانی»یەکانی بهێنێت و نەچێتە نێو پرۆژەیەک کە بەناوی «کوردی کولتووری» ناسراوە و بەتەمان لە یاسای شارۆمەندیی داگیرکەرەکانیدا بیگونجێنن؟ ڕێگەم بدەن وەک کۆتاپرسیار ئەم پرسیارەش بکەم: چۆن لە دوارۆژی ناسیۆنالیزمی کوردی دەڕوانن و هەروەها ناسیۆنالیزمی کوردی چ وەک ئێپیسمە و چ لە باری ئانتۆلۆژیکەوە، دەبێ چی بکات کە لەگەڵ هەلومەرجەکانی سەردەم بێتەوە؟*



کە باسی دۆخی تەنگانە دەکەین، بەتایبەت کە پرسیارە نۆرماتیڤەکەی لێنین دێتە ئاراوە، دەزانین بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت ئەوەی کە لە ئێراندا ڕوو دەدات، لێکچوونێکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت لەگەڵ سەردەمی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧. لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، بەتایبەت وەک پارتی سیاسی لە ڕووسیای ئەو کاتەدا دابەشبوونێکی تەواو لە نێوان بلۆشێڤیک و مونشێڤیکەکاندا هەبوو وەک چۆن لە ئێستای کوردستاندا جۆرێک ناکۆکی لە نێوان پارتە سیاسییەکانی کوردستاندا هەیە. لەو سەردەمەدا ڕووسیای تزاری هەوڵی دەدا تا ناسنامەی چینە کرێکارەکان و هەروەها ئەوانەی سەر بە نەتەوەکانی تر بوون، وەک یوکرانییەکان، بۆ ناسنامەی ڕووسی بگۆڕێت. لەڕاستیدا دۆخی تەنگانەی ئەو سەردەمە، لێکچوونی لەگەڵ ئەو دۆخەی ئێستا هەیە کە ئێمەی کوردستانی تێی کەوتووین کە دابەشبوونی پارتی سیاسی و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەتێکی داگیرکەری تۆتالیتێر، تەنیا خاڵە بەرجەستەکانیەتی. بەڕاستی هێنانە ئارای ئەو پرسیارە کە ئێستا دەبێ چی بکەین، زۆر گونجاوە کە لە درێژەدا باسی لە سەر دەکەین: دەکرێ لە سەر پلانی دیزاینکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەم شێوەیە لە بابەتەکە نزیک ببینەوە کە پلانەکە ساڵی ٢٠٠٤ لە دانیشتنێکی وڵاتانی G٨دا لە لایەن دەوڵەتی جورج دەبلیۆ بووشەوە پێشنیار کرا و زیاتر جەختی لە سەر گۆڕانکاریی ناوخۆیی دەوڵەتەکانی ئەم ناوچەیە دەکردەوە وەکوو دیموکراتیککردنی سیستمی سیاسی، پەرەپێدانی ئابووریی بازاڕی ئازاد و مافەکانی مرۆڤ؛ هەرچەند زۆرن ئەو چاودێر و شرۆڤەکارە سیاسییانەی وەک پلانی دارشتنەوەی سنوورەکان و سەرهەڵدانی دەوڵەت نەتەوەی تازەی دەیبینن. ئەوان بەهاری عەرەبی، سەرهەڵدانی داعش، ڕووخانی

حکوومەتی سووریا، لەناوچوونی حەماس و لاوازبوونی بەرەی موقاوەمە بە سەرکردایەتیی ئێران و هەروەها ئەگەری رووخانی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و دواتر پارچەپارچەبوونی ئێران وەک بەشێک لەم پلانە دەبینن. هەرچەند لایەنگرانی هەردوو بۆچوونەوەکە بەڵگەی تایبەت بە خۆیان دەخەنە روو، بەڵام دەبێ بە وریاییەوە لە بابەتەکە نزیک ببینەوە و بە وردی هەردوو ئەگەرەکە رەچاو بکرێت و بەپێی هەرکامەیان پلانی تایبەتیش هەبێت. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە دەوڵەتانی زلهێزی رۆژئاوا لە سەروویانەوە ئامریکا و هەروەها دەوڵەتی زلهێزی ناوچەکە، ئیسرائیل، تا ئێستە هاوپەیمانی تاکتیکیی کوردەکان بوون نەک هاوپەیمانی ستراتیژیکی. ئەوان هیچ کات بەفەرمی پشتگیریی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردستانییان نەکردووە چونکە ئەمە دەتوانێ پەیوەندییان لەگەڵ تورکیا وەک هاوپەیمانی ناتۆ و هەروەها عێراق و وڵاتانی کەنداو تێک بدات. ئەگەر بە چاوی تیۆریی نیۆریالیزمیشەوە بۆی بروانین، لەراستیدا کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکان و سەقامگیریی ناوچەکە بۆ وڵاتانی زلهێز لە سەرووی خواستە نەتەوەییەکانی کوردەکانەوەن. زۆرێک لە زانایانی سیاسی پێیان وایە بوونی پلانێکی یەکگرتوو و دیزاینکراو بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست جێگای گومانە، چونکە گۆرانکارییەکانی ناوچەکە زیاتر لەسەر بنەمای داینامیکی ناوخۆیی (وەک ناکۆکییە نەتەوەیی و ئایینییەکان) و هەڵەی ستراتیژیی هێزەکانی رۆژئاوا روویان داوە، نەک پلانێکی یەکگرتوو. بۆ نموونە، بەهاری عەرەبی زیاتر وەک بزووتنەوەیەکی ناوخۆیی سەری هەڵدا، نەک وەک پلانێکی رۆژئاوایی. جگە لەوەش ناکۆکییەکانی نێوان دەوڵەتانی رۆژئاوا (وەک ئەمریکا و ئەورووپا) و دەوڵەتانی ناوچەکە (وەک تورکیا و سعوودیە) ئەوە دەردەخەن کە هیچ پلانێکی یەکگرتوو لە ئارادا نییە، بەڵکوو بەرژەوەندییە جیاوازەکان رۆڵی سەرەکی دەگێرن. هەندێک بەم شێوەیە شرۆڤەی دۆخەکە دەکەن کە پلانەکە ئامانجی دابەشکردنەوەی سنوورەکانی وڵاتانی وەک سووریا، عێراق، و ئێرانە بۆ دروستکردنی دەوڵەتە بچووکەکان کە کۆنترۆڵکردنیان ئاسانتر بێت. بۆ نموونە، ئەوان لەناوچوونی حکوومەتی بەشار ئەسەد (٢٠٢٤) و پشتگیریکردنی خۆبەرێوەبەریی کوردەکان لە رۆژئاوای کوردستان وەک بەشێک لەم پلانە سەیر دەکەن. بەڵام، هیچ بەڵگەیەکی فەرمی نییە کە ئەم پلانە بە شێوەیەکی ئاشکرا گۆرینی سنوورەکان یان دروستکردنی دەوڵەتە تازەکان (وەک دەوڵەتێکی کوردی) لەخۆ بگرێت. گۆرانکارییەکان زیاتر لەسەر بنەمای ناکۆکییە ناوخۆییەکان (وەک شەری ناوخۆیی سوریا) و بەرژەوەندییەکانی هێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان روویان داوە. لە چاوگەی تیۆریی نیوریالیزم (neorealism)، پلانی دیزاینکردنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەراست زیاتر جەخت لەسەر کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی نەوت و گاز و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا دەکات، نەک دروستکردنی دەوڵەتە تازەکان. بۆ نموونە، دەستوەردانی ئەمریکا لە عێراق و سووریا بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ کۆنترۆڵکردنی نەوت و دژایەتیکردنی هێزەکانی وەک ئێران و داعش بووە.

تەنیا ئەگەرێک کە دەبێ بەوردی کاری لە سەر بکرێت، ئەگەری رووخانی کۆماری ئیسلامی لە دەرئەنجامی هێرشی وڵاتێکی دەرەکی یان بە هۆی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕینی خەڵکی نەتەوە ژێردەستەکانی ناو جوگرافیای ئێرانە. لە ئەگەری وەهادا کورد و پارتە سیاسییەکانی دەبێ زۆر بەوریاییەوە لەگەڵ ئەو هەلەدا بەرەوروو ببنەوە کە بە کورتی چەندین هەنگاوی گرنگ لەخۆ دەگرێ کە کوردەکان دەبێ رەچاوی بکەن؛ ئەوانەش یەکگرتوویی سیاسیی پارتە کوردییەکانە کە بەهۆی دابەشبوونی سیاسی، زۆرجار ستراتیژی و پلانەکانیان لە یەکتر دوورە. بنیاتنانی گوتارێکی دژەهەژمۆنی بۆ بەرەنگاری لە هەمبەر گوتاری دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی و کوردی کولتورییە، پتەوکردنی هەستی هەبوونی نەتەوەیی و کەڵکوەرگرتن لە ناسەقامگیریی سیاسی و برەوپێدان بە دیپلۆماسیی نێونەتەوەیی لەچوارچێوەی پاراستنی تایبەتمەندییە کوردستانییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردییە. بۆ ئەوەی یەک بە یەک ئەو هەنگاوانە جێبەجێ بکرێن دەبێ لە پێشدا پارتە سیاسییەکان وازلە ناکۆکییە ئایدیۆلۆژیکییەکانی خۆیان بێنن.

لە سەر دۆخی ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە لە چوارچێوەی ئیپستمۆلۆژیدا، ناسیۆنالیزم پەیوەندیی بە دروستکردنی گوتارێکی نەتەوەیی هەیە کە لەسەر بنەمای مێژوو، زمان، کولتوور و خاک پێناسە دەکرێت. بەپێی تیۆریی ئەنتۆنی سمیت (١٩٨۶)، ناسیۆنالیزم پێویستی بە زانیارییەکی کۆمەڵایەتی (social knowledge) هەیە کە شوناسی نەتەوەیی دروست بکات و لە دەرەوەی هەژمۆنی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بمێنێتەوە. بۆ نموونە، گوتاری ناسیۆنالیزم دەبێت ئەو پرسیارە وڵام بداتەوە کە “کورد کێیە؟” و “کوردستان چییە؟” لە رێگەی دروستکردنی رەوایەتیکی یەکگرتوو کە لەسەر بنەمای مێژوو و کولتووری کوردی دروست بوویێت. لە رووی ئیپستمۆلۆژیکییەوە، دروستکردنی زانستێکی نوێ سەبارەت بە ناسنامەی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستی بە چوارچێوەیەکی سەردەمیانە هەیە کە لەگەڵ هەلومەرجەکانی گلۆباڵیزەیشن، میدیای دیجیتاڵ و کێبرکێی گوتارە سیاسییەکان بگونجێت. ئەم زانستە دەبێ ناسنامەی کوردی لە رێگەی مێژوو، کولتوور، زمان و خواستە سیاسییەکان (وەک سەربەخۆیی یان فیدراڵیزم) پێناسە بکات، و دژایەتیی گوتارە داگیرکەرەکانی دەوڵەتی ئێران بکات، کە هەوڵ دەدات کوردەکان بە گرووپێکی کولتووریی بێ خواستە سیاسییەکان کەم بکاتەوە (گوتاری “کوردی کولتووری”).

لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمدا، ئانتۆلۆژی پەیوەندیی بە پرسی هەبوونی نەتەوەیەک وەک پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە هەیە. بەپێی تیۆریی ئێرنست گێلنەر (١٩٨٣)، نەتەوە وەک پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی دروستکراوە (constructed) لەسەر بنەمای کولتوور، زمان و خاک پێناسە دەکرێت و ئانتۆلۆژیی نەتەوە پەیوەندی بە پرسی ”هەبوونی“ ئەو نەتەوەیە وەک بوونێکی سەربەخۆ هەیە. لە چاوگەی ئانتۆلۆژییەوە ناسیۆنالیزم

پرسی ”هەبوونی“ نەتەوەیەک وەک پێکهاتەیەکی سیاسی و کولتووری دەپشکنێت. بۆ کوردەکان، ئەمە مانای پرسی ”هەبوونی کورد وەک نەتەوەیە، کە مافی سەربەخۆیی یان خۆبەڕێوەبەریی سیاسی و کولتووریی هەیە. ئەم پرسیارە لە دۆخێکی ئاڵۆزدا کە کوردەکان لە ژێر هەژموونی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی (ئێران، تورکیا، عێراق، سوریا)دان، زۆر گرنگە. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێلیتی کوردی و چالاکانی سیاسی و مەدەنی، هەوڵ دەدەن گوتارێکی دژە-هەژمونی (counter-hegemonic discourse) دروست بکەن کە شوناسی کوردی وەک نەتەوەیەک پێناسە بکات. بۆ نموونە، شۆڕشی ”ژن، ژیان، ئازادی“ (٢٠٢٢) گوتارێکی نەتەوەیی و دیموکراتیکی کوردیی دروست کرد کە لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران بوو. لە هەمان کاتیشدا دەوڵەتی ئێران هەوڵ دەدات هەبوونی کوردەکان وەک نەتەوەیەک کەم بکاتەوە و وەک گرووپێکی کولتووریی ژێردەستە لە چوارچێوەی شوناسی ئێرانیدا پێناسەیان بکات. بەپێی تیۆریی بێنێدیکت ئاندرسۆن (١٩٨٣)، نەتەوە وەک ”کۆمەڵگەیەکی خەیاڵکراو“ (imagined community) پێناسە دەکرێت کە لەسەر بنەمای کولتوور، زمان، و مێژوو دروست دەبێت. بۆ کوردەکان، ئەم ”خەیاڵە کۆمەڵایەتییە“ لە ڕێگەی دەقە ئەدەبییەکان (وەک ”مەم و زین“ی ئەحمەدی خانی)، زمان، و مێژووی خەبات دروست بوو، وەک دەشزانن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چالاکییە ژێرزەمینییەکان (وەک فێرکردنی زمانی کوردی و ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان) و شۆڕشی ”ژن، ژیان، ئازادی“، هەوڵێکن بۆ پێناسەکردنی هەبوونی کوردەکان وەک نەتەوەیەک.

پێم باشە سەرنجی لایەنی نەتەوەیی بۆ هەندێک پرس و بابەتی تر رابکێشم، بۆ نموونە:

ناسیۆنالیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەورووی کۆمەڵێک مەترسی و کۆمەڵێک دەرفەتی زێرینە. نوخبەی کورد، حیزبە کوردییەکان و کۆمەڵگای کوردستان چۆن لە دەرفەتەکان کەڵک وەردەگرن و چۆن بەرەورووی مەترسییەکان دەبنەوە؟ بۆ نموونە باسی دەرفەتەکان ئەگەر بکەین، دەبێ ئاماژە بەو هێزە جەماوەرییە بکەین کە پرسی نەتەوەیی بە تەنیا پرسی خۆی دەزانێت و لە ڕۆژانی شۆڕشی ژینا لە شەقامەکانی کوردستان باوەڕی قووڵی خۆی بە نیشتیمان و پرسی کوردستان پێشان دا. وەکوو مەترسییش دەبێ ئاگاداری هەموو ئەو هێزە دژە نەتەوەییانەی ناوخۆ بین کە لە ژێر ناوی چەپ و ئیسلامیزم، بەربەرەکانێ لە گەڵ پرسی نەتەوەیی دەکەن.

ناسیۆنالیزمی کوردی لە ئاستێکی جیهانییش بەرەورووی مەترسی و دەرفەتی زۆرە. لەم ناوەدا پشکی مەترسییەکان زۆر زیاترە. بە جیهانیبوون، شوناسە سەروو نەتەوەییەکان، کێشەی نابەرابەریی کۆمەڵایەتی و دەیان گرفت و کێشەی تر کە ناسیۆنالیزمی کوردی دەبێ ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزێتەوە.

# وتووێژ لەگەڵ
# مامەند ڕۆژە

*پرسی چەوساندنەوەی کورد لە ئێران، وەک د. قاسملوو ئاماژەی پێ داوە، «پۆلی ستەم»ـە، واتە لە چەند رەهەندەوە کورد لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا دەچەوسێتەوە. بۆ نموونە چەوساندنەوەی کولتووری-زمانی، ئابووریی و سیاسی. بەشێک لە ئێلیتی کورد کە نزیک لە ئیسلاحتەلەبەکانن، پێداگری لەسەر چەوساندنەوەی ئایینزایی دەکەن و رەهەندەکانی دیکەی چەوساندنەوە یا بەهەند ناگرن، یان پێیان وایە دەستی دەرەکی و تەمای دەسەڵاتخوازانەی حیزبەکانی کوردستان رۆڵیان هەیە لە هێنانەگۆڕی چەوساندنەوەگەلێکی وەهادا. بەگوێرەی ئامارەکانی رێژیم، رێژەی بێکاری و هەژاری لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان، واتە ئەو بەشەی کە هاوئایینزان لەگەڵ ئایینزای فەرمیی حکومەتدا، لە ئاستێکی بەرزدایە و زۆرجار وەک هۆکار بۆ خۆکوژی و تەنانەت ژنکوژی لەو ناوچانەدا ناسراوە. جەنابت چۆن ئەم بارودۆخە هەڵدەسەنگێنی و دۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسی و ئابووریی لە باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان چۆن شرۆڤە دەکەی؟*



لە راستیدا ئەم پرسیارە یەک پرسیار نییە و دوو پرسیارە. یەکەمیان هەڵسەنگاندن یاخود پێناسەکردنی پرسی کورد و جۆرەکانی چەوساندنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە، یەکیشیان هەڵسەنگاندنی بارودۆخی کورد لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستانە.

ئێمە لە پێناسەکردنی پرسی کورد لە ئێران کێشەمان هەیە. کوردستان لە کوێ تا کوێیە؟ ئەو چوار پارێزگایەیە کە ئەمرۆ هەموومان باسی دەکەین؟ یاخود ئەو کوردستانەیە کە شەرەفخان پێنجسەدساڵ پێش ئێستا لە شەرەفنامەدا باسی کردووە کە لە هورمزەوە تاوەکوو قەفقاز و ئاردەخان دەکشێت؟ ئەو کوردستانەی کە شەرەفخان خۆی لە سەردەمی سەفەوییەکان، میری میران واتە ئەمیرلوئومەرای بووە.

لەراستیدا کێشەی کوردستان بەچڕی لەگەڵ سانترالیزەکردنی دەسەڵات لە ئێران سەری هەڵداوە. پێشتر لە سەردەمی قاجار مەمالکی مەحرووسە هەبوو، کە حکوومەتی کوردستان تێیدا فەرمی بوو. پێگەکەی فیدراڵ بووە. لە سەردەمی زەندییەکاندا خۆ پانتایی سەرزەمینی ئیمپراتۆریاکە هەمان ئەو ناوچانەیە کە شەرەفخان باسی دەکات و ناویشی مەملەکەتی زەندی بووە. لە سەردەمی سەفەوییەکانیش کوردستان هەندێکجار سەربەخۆ بووە و هەندێکجاریش پێگەی وەکوو ئەوەی ئێستا پێی دەگوترێ کۆنفیدراڵ بووە. خوتبە بە ناوی میرەکانی کوردستان خوێندراوە و سکەشیان لێ داوە.

لەگەڵ پرۆژەی فارساندنی ئێران و نەهێشتنی دەسەڵاتە خۆجێییەکانی کوردستان، پرسی کورد، سەروەری و ناسنامە سەری هەڵداوە.

لە ناوچە سوننەنشینەکان چەوساندنەوەی مەزهەبیشی پێ زیاد دەبێت. لە راستیدا ئەتنۆناسیۆنالیزمی کوردستان تارادەیەک نیشانەی سوننی و پارسانی پێوە دیارە، لەگەڵ ئەوەش لە بیست ساڵی رابردووەوە رۆڵی کوردە شیعەکانیش لە هەڵکشاندایە.

سوننەگەری و یارسانی ماتۆری مقاومەتی میللییە و لە بەرامبەر مەزهەبی ناوەند بەرگریی لە خۆی کردووە. هەروەکوو چۆن ئەتنۆناسیۆنالیزمی کورد لە باکوور نیشانەی عەلەوییەکانی پێوە دیارە. هۆکارەکەیشی ئەوەیە کە عەلەویتی لە بەرامبەر مەزهەبی رەسمی واتە سوننیی حەنەفی، ئایینزای مقاومەتی میللی بووە. لە باشووریش کوردە شیعە و کاکەییەکان هاوشان لەگەڵ سوننیی شافیعی ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان گێڕاوە.

لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی (شۆڕش نەک بزووتنەوە) بە یەکجار سێ تویکڵی ڕەگەزی، نەتەوەیی و مەزهەبی لەگەڵ یەک ئامێتەبوون و ناسنامەی شۆڕشەکەیان ئافراندووە. ژنان و جوانان دینامۆی شۆڕش بوون. لەلایەکیش توێژەکانی ناوەراست بە ناسنامەی نەتەوەییەوە گوتاری سەروەری و سەربەخۆییان بەرز دەکردەوە. هاوکات مامۆستایانی ئایینیش پێشەنگ بوون و دیمەنێکی ڕنگاوڕەنگیان ئافراند کە لە ئاراسەوە هەتاوەکوو کەنداو خۆی شۆڕک ردەوە. ئەمەیە پرسی ناسنامە و پرسی نەتەوە.

سەبارەت بە تویی دووەمی پرسیارەکە وا دەڵێم: من لەو باوەڕەدا نیم ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات تەنها ئیلام و کرماشان بێت. لە هەمەدانەوە بگرە تاوەکوو لورستان، چوارمەحاڵ، کۆهکیلۆیە، نیوەی خووزستان، بەشێک لە ئەسفەهان، باشووری فارس(شیراز)، بووشەهر و هورمزگان کوردستانن. جاری گرووپی زمانە غەربییەکانی زمانە ئێرانییەکان بە ئاستەم جێی زمانی تاجیکی (دەری) تێدا دەبێتەوە. دەبێ بزانین زمانی تەبەری، گیلەکی، تالشی، گالشی و دەیلەمی سەر بە گرووپی باکووری ڕۆژئاوان، کە کوردی ناوکیەتی.

زمانەکانی تاتی لە دوای کاسپین، زمانی باکووری ئێرانە و ئەمڕۆ مەترسیی لەسەرە. ئەم زمانەش سەر بەم گرووپەیە. زمانی ڕاجی کە پێش سێسەد ساڵ زمانی یەزد، ئەراک، ئەسفەهان بووە، سەر بەم گرووپەیە. زمانی لاری (ئەچمی) کە زمانی فارس، بووشەهر، هورمزگان و مینابە، سەر بەم گرووپەیە. کەوابوو ئێمە دەبێ پێناسەی جوگرافیای پرسی کورد بکەین، ئەوجا بەپێی ئەوە دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە. ئەم بابەتە مێژووی ویژەی کوردیش دەگۆڕێ و ئەو بەشەش دەگرێتەوە کە لە سەدەکانی ناوەراستدا فەهلەویاتیان پێ گوتووە. خۆ ئەدەبێ گۆرانیش دیاردەیەکی ترە.

لە پارێزگاکانی هەمەدان، لورستان، کرماشان و ئیلام پرسی کورد، ناسنامە و هوشیاری نەتەوەیی لە هەڵکشاندایە. شۆڕشێکی هەڵستانەوەی نەتەوەیی واتە لەم ناوچانە هەڵگیرساوە. ئەم هێڵە بۆ پارێزگای ئازەربایجانیش دەکشێ بەتایبەت کوردە شیعەکانی تیکاب، شاهیندژ و تاد کە بە هەمان شێوەزاری کوردی هەمەدان و کرماشان قسەدەکەن واتە چەرداوروو یاخود چواردەولی و مووسڵانی و ئەوانی تریش.

*لە کۆنەوە تێبینییەکی سەلبی لە ئارادا بووە لەمەڕ ڕۆڵی پاسیڤی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی*

*کوردی لەهەمبەر ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا. بەڵگە یان توێژینەوەیەکی ئاکادێمیک لەبەردەستدا نییە کە گوزارەیەکی وەها بسەلمێنێت. تێبینی و تەجرەبە مەیدانییەکانی ئێوە چین بۆ وەها گوزارەیەک؟*



لە راستیدا ئەم بابەتە تەنها باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناگرێتەوە. بەڵکوو شریتێکی کوردی شیعەیە کە بە هەمان زاراوەی کوردی خواروو قسە دەکەن. ئەم شریتە لە باشووری میاندواوەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە شاهیندژ و تیکاب ( ئازەربایجانی ڕۆژئاوا). لەوێوە شۆڕ دەبێتەوە دەگاتە بیجاڕی گەڕووس، قوڕوە، کولیایی (پارێزگای کوردستان). لەوێشەوە دەگاتە بەهار، ئەسەدئاوا، نەهاوەند و کەنگەوەر لە هەمەدان. لەوێشەوە سێسەد گوندی مەلایر لەودیوی زنجیرەی ئەڵوەند دەگرێتەوە تاوەکوو شازەند و زەنگەنەی ئەراک دەڕوات.

ئینجا هەموو پارێزگای کرماشان، ئیلام و لوڕستان دەگرێتەوە. لەوێشەوە دەگاتە پارێزگاکانی بەختیاری، کۆهگیلۆ و خووزستان. لەوێوە ڕۆژئاوای پارێزگای ئەسفەهان و باشووری فارس دەگرێتەوە تا دەگاتە پارێزگاکانی بووشەهر و هورمزگان. واتە هەموو قەڵەمڕەوی کوێستانی زاگرۆس دەگرێتەوە هەتا دەگاتە باشووری کرمان و لەوێشەوە دەگاتەوە بەلووچستان کە خۆی زمانی بەلووچی سەربە زمانەکانی باکووری ڕۆژئاوایە کە کوردی ناوکیەتی. من ئاوا ئەم ناوچانە پێناسە دەکەم.

بەگشتی شۆڕشێکی هوشیاری و هەستانەوەی نەتەوەیی لە کرماشان، هەمەدان، ئیلام و لوڕستان سەری هەڵداوە. بەتایبەت ئەو دیاردەیەی کە دەتوانین بە ناسیۆنالیزمی نەورۆزیش پێناسەی بکەین بووەتە سەرتۆپی ئەم دۆخە.

**پێشنگ** *هابزباوم قسەیەکی هەیە کە دەڵێ لەدایکبوونی چاخە مێژووییەکان (فیۆدالیزم، کاپیتالیزم و...)، لە ڕاستیدا لە دەرکەوتنی ویست و بەرزبوونەوەی تواناییەکانی مرۆڤەوە دەست پێ دەکات. کەوایە دەبێ ویست یا تواناییەک لە ئارادا هەبێت کە پێمان بڵێ مرۆڤێکی نوێ لەدایک بووە و بەرەو قۆناخێکی نوێ هەنگاو دەنێت. لە ڕۆژانی شۆڕشی ژینا و بەتایبەت لە بۆنەکانی نەورۆزی ١٤٠٤، بەشداربوونی ناوچەکانی باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر جێگای سەرنج بوون، تەنانەت بۆنەکانی نەورۆز وەک ڕێنێسانسێکی نەتەوەیی پێناسە دەکرا. ئەم دەرکەوتنە چ لە باری گوتاری و چ وەک پێرفۆرمانس بە مەبەستی زیندووراگرتنی هێما ئێتنۆ-سیمبولیکەکانی کورد، زۆر بەهەند گیرا و لە لایەکی دیکەوە هەم دەسەڵاتی ناوەندیی تووشی شۆک کرد، هەم ئیلیتی ئێرانشارییان تۆقاند کە دەرکەوتەکەی ئەو نامەیە بوو کە لە لایەن ٨٠٠ کەس لە ئاکادیمیسیەن، نووسەر، هونەرمەند و چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەگەریی ناوەندەوە بڵاو کرایەوە. سەبارەت بە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێتان وایە نەوەیەکی نوێ لەدایک بووە کە هەم وەک توانا و هەم وەک ویست لە خۆی ڕادەبینێت بەرەو قۆناخێکی نوێی ناسیۆنالیزمی کوردی هەنگاو بنێت؟*



کوردی ئەو ناوچانە لە سەدەی رابردوودا کەمتر لە خۆیان پرسیوە من کێم؟ دیارە پارامەتری جوگرافیایی بەربڵاو و دوور لە یەک، فاکتەری مەزهەب، گوتاری پانفارسی کە بە هەڵە پێی دەڵێین ئێرانشاری(ئێرانشەتر وشەیەکی زمانی پەهلەوانی و پەهلەوییە و پەیوەندی بە میراتی مێژوویی ئێمەوە هەیە)، تیۆریی ساختەی فارسگەراکانی وەکوو رەشیدی یاسمی و هاوبیرەکانی کاریگەرییان لەسەر دواختستنی هەستانەوەی نەتەوەیی ئەو ناوچانە هەبووە، بەلام ئەمڕۆ وەکوو دەڵێن وزەکە بەر بووە و دۆزی ناسنامە و سەروەریی ئەو ناوچانەشی گرتووەتەوە.

*لە ساڵانی ١٣٢٠ی هەتاوییەوە بەتایبەت دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان، خەسڵەت و نۆرمە نەتەوەییەکانی ناسیۆنالیزمی کورد، کارتێکەریی نەریت و هەروەها کەلکەڵەی ناوچەکانی ناوەندی ڕۆژهەلاتی کوردستانی پێوە دیار بووە و بەشێک لە ئێلیتی کوردیش لەو بڕوایەدان کە لە ناسیۆنالیزمی کوردیشدا، وەک ناسیۆنالیزمی تورک و فارس و عەرەب، تەمای سێنتەرالیستی زۆر بەهێزە و رەچاوی پلۆرالیزمی کولتووری، بنزمانی و ئایینزایی کوردستان ناکات. بە بۆچوونی جەنابت بزووتنەوەی کوردایەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا دەبێ چی بکات کە سنوورەکانی ئایین، زاراوە و ئایینزاکان نەبێتە لەمپەر و ناسیۆنالیزمێکی هەمەگیر و تۆکمە دابین بکات؟*



نەتەوەخوازی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە چوار شەپۆل هاتووەتەکایەوە.

شەپۆلی یەکەم لە ١٩٠٠ تاوەکوو ١٩٣٠ لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەلات سەری هەڵداوە. ڕاپەڕین و دەسەلاتی خۆجێیی سمکۆ و رۆڵی ئیدەپەردازێکی وەکوو عەبدولرەزاق بەدرخان گرنگە.

شەپۆلی دووەم لە ١٩٤٠ - ١٩٦٠ کە شۆڕ بووەتەوە بۆ ناوچەکانی موکریان و سەقز و بانەش. کۆماری کوردستان ترۆپکی ئەم قۆناغەیە.

شەپۆلی سێیەم، لە ١٩٧٩-٢٠٠٠ بەرەو خوار واتە ناوچە سوونی و یارسان‌نشینەکانی کوردستان و کرماشان داکشاوە. شەڕی پێشمەرگانە هەتاوەکوو کرند و شەهاباد لەلایەک و سێرییانەی کەنگەوەر - کەنوولە - سەحنە داکشاوە. ئەم شەپۆلە ناوەراستی کوردستانی بە تەواوی گرتەوە.

شەپۆلی چوارەم لە ٢٠٠٠- تاوەکوو ئەمڕۆ درێژەی هەیە و دۆزی نەتەوەخوازی بەرەو خواری خوارەوە دەکشێ و لە نەورۆزی ئەمساڵدا گەیشتووەتە لووتکە و چڵەپۆپەی خۆی.

پێم وابێ لە دەیەکانی ئایندەشدا دەبێ چاوەڕوانی دوو- سێ شەپۆلی تر بکەین تا هورمز و کۆتایی زنجیرەی زاگرۆس.

پێم وانییە سانترالیزمی لەهجەیی - مەزهەبی - سیاسی کوردی سەر بگرێت. خۆی نەتەوەخوازیی کوردی دیسانترال، پلوورال و تەنانەت فیدراڵ و بگرە کۆنفیدراڵیشە. ڕۆحی کوردی ڕۆحێکی فرەییە، تاک و ناوەندی نییە. تاکناوەندی لەناو کورد سەر ناگرێت. تەنانەت تەونی کۆمەلایەتیی ئێمە کە لە خێڵ و دواتر هۆزەکان پێک هاتووە، لەناو هۆزەکان کە کۆنفیدراسیۆنی

خێڵەکان بوون، سەرۆک هەرجارەو بۆ تیرەیەک بووە و هەڵیان بژاردووە. ئەمە ریشەی مێژوویشی هەیە. ئیمپراتۆریای ئارشکانی (ئەشکانی) شاهانشاهیان هەبووە. ئەنجومەنی مازستان یاخود مەهستانیان هەبووە کە هەر جارەو شاهێکیان بە شاهانشاهی هەڵبژاردووە. ئەمە واتە کۆنفیدرالیزم و جاروباریش فیدرالیزم.

دیاردەی تاکدینی، تاکتەریقەتی، تاکزمانی، تاکناوەندی، تاکسەرۆکی و تاکحیزبی لەناو کورد سەرکەوتوو نابێت. رۆحی کوردی ئەمە قبووڵ ناکات. بۆچی تاکجەمسەری و دووجەمسەریی هێزەکان لەناو کورد زۆر سەرکەوتوو نییە؟ چونکە تەونی کۆمەڵایەتی و میراتی جیۆکولتووریی کوردی، تاکجەمسەری هەڵناگرێت. ئەوەی لە ناوچەکانی ناوەڕاست (نەک ناوەند) هەیە، پێویستیی شەپۆلی دووهەم و سێیەم سەپاندوویەتی و لە شەپۆلی چوارەمدا کاڵتر بووەتەوە.

*لە گوتار و لێکدانەوەی بەشێک لە ئێلیتی کورددا باس لە دووانەی کۆمەڵگای مەدەنی – حیزبی سیاسی دەکرێت کە هێندێ جار وەک دوو پێکهاتەی ناتەبا پێناسەی دەکەن. لە باری کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، حیزبی سیاسی بەشێکە لە کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵام لە لێکدانەوەی بەشێک لە ئێلیتی کورددا نەک سەرنج بەم گوزارەیە نادرێت، بەڵکە وەک دوو پێکهاتەی نامۆ بە یەک و تەنانەت دژ بەیەک شرۆڤە دەکرێن. حیزبی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دیاردەیەکی عەینییە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیادتر لە هەشتا ساڵ، بەڵام کاتێ باسی کۆمەڵگای مەدەنی دێتە ئاراوە، خەسڵەتێکی سۆبژەکتیڤی هەیە. واتە ئێلیت و لایەنە جیاوازەکان گرەو لەسەر دیاردەیەک دەکەن کە بەرهەمی زەینی ئەوانە و تەنانەت هەوڵ دەدەن ئایدیالۆژیزەی بکەن. ئێوە چۆن ئەم دۆخە هەڵدەسەنگێنن و پێتان وایە هەڵاواردنێکی وەها چ کاریگەرییەکی لەسەر ناسیۆنالیزمی کورد دەبێت؟*



ئەم هەڵاواردنە بەشێکی پەیوەندیی بە هەگەمۆنیا و ئاوتۆریتی داگیرکەرەوە هەیە. لە هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، بە کاری فەرهەنگی و کاری سیاسی پێناسە دەکرا. واتە راکردنێک بوو لە ئامرازەکانی تۆقاندن، بۆ ئەوەی خەباتی نەتەوەیی بەناوێکی تر هەناسەیەک وەر بگرێت. لە دوای ساڵی دووهەزارەوە ئەم جیاکردنەوەیە گۆڕاوە بۆ کاری مەدەنی واتە رێکخراوە ناحکوومییەکان و کاری سیاسی واتە رێکخراوە حیزبییەکان.

لە راستیدا لە دیموکراسییەکانی دنیادا حیزبی سیاسی کاتێک دەسەڵات یان راستتر بڵێین حکوومەت بەدەستەوە دەگرێ، لە بازنەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەچێتە دەرەوە. بەڵام بەگشتی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەپێی هەندێک تیۆری لەناو بازنەی کۆمەڵگەی سیڤیلدا جێ دەگرن. بەڵام لێرە کێشەیەک هەیە. لە نەبوونی حکومەتدا، لە کوردستان حیزبەکان لەرێی شەری چەکداری و هێزی چەکدارەوە هەندێک لە فۆنکسیۆن و میسیۆنی حوکمدارییان هەڵگرتووە. بۆ حوکم چوار ستوون پێویستن: خاک، خەڵک، حکوومەت

و سەروەری. لە ناوچە ڕزگارکراوەکانی بندەستی پێشمەرگە هەندێک لەم فاکتەرانە بەنیوەچڵی هەبوون. پرسیار لێرەدا ئەمەیە ئایا حیزبی چەکدار کە ئۆپۆزیسیۆنیشە لە قاڵبی کۆمەڵگەی مەدەنیدا جێی دەگرێت؟ لە ڕاستیدا ئەمە کاری تیۆریی زیاتری پێویستە.

*کاتێک بزووتنەوە سیاسی -کۆمەڵایەتییەکان تووشی تەنگانە دەبن، ڕێبەرانی بزووتنەوەکە و تەنانەت چالاکانی سیاسی و مەدەنیش تووشی ئەم پرسیارەی لێنین دەبنەوە: «دەبێ چی بکەین؟». بە لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی نۆرماتیڤی ئەم پرسیارە، حیزبەکانی کوردستان لەم دۆخە ئاڵۆزەدا کە بە ناوی پلانی دیزاینکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناسراوە، دەبێ چی بکەن کە نەهێڵن ناسیۆنالیزمی کورد واز لە تایبەتمەندییە «کوردستانی»یەکانی بهێنێت و نەچێتە نێو پرۆژەیەک کە بەناوی «کوردی کولتووری» ناسراوە و بەتەمان لە یاسای شارۆمەندیی داگیرکەرەکانیدا بیگونجێنن؟ ڕێگەم بدەن وەک کۆتاپرسیار ئەم پرسیارەش بکەم: چۆن لە دوارۆژی ناسیۆنالیزمی کوردی دەڕوانن و هەروەها ناسیۆنالیزمی کوردی چ وەک ئێپیسمە و چ لە باری ئانتۆلۆژیکەوە، دەبێ چی بکات کە لەگەڵ هەلومەرجەکانی سەردەم بێتەوە؟*



ئێرانی پێش جەنگی دوازدە ڕۆژە شتێکە و هی پاش ئەم جەنگە مینیاتۆرییە شتێکی ترە. جەنگی مینیاتۆری یاخود با بڵێین جەنگی سمارت، شکۆی کۆماری ئیسلامی دارووخاند و هەلاهەلای کرد و ئابڕووی تکاندن. ڕژێم شکستی خواردووە و ملی بۆ ئاگربەستێکی زەبوونانە شۆڕ کرووە.

ئەم دۆخە هەروا ناڕوات. لە پاییزی ئایندە بەدوا فیدباک و کاردانەوەی ئەم دۆخە سیاسی و سەربازییە بە ئەگەری بەهێز لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتیش دەتەقێتەوە.

ئایا لە ئێران ڕێژیم چەینج ڕوو دەدات؟ ئایا ناوەندگەرایی دەسەپێندرێت؟ ئایا واشنتن - تەلئەبیب لەگەڵ فەرماندە میانییەکان و هەندێک لە باڵە سیاسییەکاندا بۆ گۆڕینێکی ئارام ڕێک کەوتوون؟ ئایا ڕەزا پەهلەوی لە ناوەندی ئاڵترناتیڤسازی ئەمریکایی - ئسرائیلیدایە؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە پێویستە دیوەکانی فکر و تینک تانکەکان باهۆزی مێشکی لەسەر بکەن. دەبێ کاری تیۆریی لەسەر بکرێت.

بۆنی سیاسەتێک دێت کە هەوڵدەدرێ ڕەزا پەهلەوی بکرێتە قارەمانی ئایندە. ئەمە لەو زیهنیەتەوە هەڵدەقوڵێت کە ئێران بە پانتاییەکی جیۆسیاسی یەکپارچە دەبینێت.

من پێم وایە ئەمە هەمان هەڵەی ئەمریکایی لە عێراق و ئەفغانستان دووبارە دەکاتەوە. هەرچەند دەزانین کە واشنتن و پایتەختە غەربییەکان دەیانەوێ ڕژێم بگۆڕن نەک سنوورەکان. بەڵام شریتی نائارام و ناسەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە لە ئاسیای ناوەندەوە هەتاکوو

باکووری ئەفریقا پێماندەڵێ مۆدێلی زاڵ مۆدێلی باڵکانیزاسیۆن و ئەتۆمیزەبوونی هێزە سانترالیستییەکانی ناوچەکەیە. سوریا سێ پارچەیە، عێراق دوو پارچەیە ئەگەر نەبێتە سێ پارچەش. یەمەن دوو پارچەیە، لیبیا دوو پارچەیە، لوبنان دوو- سێ پارچەیە. ئەم وڵاتانە لەسەر نەخشەی فەرمی دنیا یەکپارچەن، بەڵام بەکردەوە دووپارچە و سێ پارچەن. واتە یەکەی نادەوڵەتی کارای زۆریان تێدایە.

ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیپۆلیتیکێکی شکێنکۆکی درێژکراوەمان هەیە. حوکمکردن لەسەر ئەم جۆرە نەخشانە سەختە. ئەگەر بزانن لە هەندێک ناوچەی وکوو ماکۆ قووڵاییمان چل- پەنجا کیلۆمەترە. لە هەندێک ناوچە وەکوو چاڵدران و قەرە کلیسا یەک کیلۆمەتریشمان بەدەستەوە نییە. لە هەندێک ناوچە ٢٠ کم و لە هەندێک ١٠٠ و لە پارێزگاکانی کوردستان، دەگاتە دووسەد کم و لە کرماشان تا زەنگەنەی ئەراک چەندسەد کم. لە ئەندیمشک تاوەکوو کووهمەرەی سورخی و لارستان چەندسەت کم.

کەوابوو:

ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕۆژهەڵات وەکوو باکوور، باشوور و ڕۆژئاوا نییە. پێناسەی تری پێویستە. دەبێ بگەڕێینەوە بۆ تانوپۆی جیۆسیاسی ئیمپراتۆریاکانی بوەیهی و زەندی. دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پێناسەکەی شەرەفخان، ئەوسا دەتوانین لە ڕۆژهەڵات تێبگەین.

لە دیاسپۆرا دەتوانرێ کاری جیددی بکرێت.

کۆنگرەیەکی کوردستانی بۆ ڕۆژهەڵات پێویستە کە وەکوو دەزگایەکی چەتری باڵای کوردستان ڕۆڵی لێڤەگەر ببینێت.

هەروەها لەڕێی جوانناسییەوە پێویستە کار لەسەر هوشیاری نەتەوەیی و شارستانی ناوچەکانی خوارووی کوردستان بکەین. سروود، مووزیک، سینەما و بەگشتی هونەر لەڕێی ئەم شۆڕشە دیجیتاڵییەوە بەتایبەت سمارتفۆن بەئاسانی دەگاتە ئەو ناوچانە.

دۆزی ئێمە دۆزی قەومێک نییە، دۆزی شارستانییەکە کە پاشماوەی چەندین ئیمپراتۆریایە. دەبێ ڕەگەکانمان لەوێ وەدۆزین.

”

# وتووێژ لەگەڵ
# ئاوات سارۆج

“

لە نوخشان"خەرمانان" و کۆتامانگی هاوینی ١٣٥١ی هەتاوی بووم بە "ئاوەختی" ماڵیک و ساڵانیک دوای ئەو ڕۆژە دەبینم هەتا ئێستاش تاقانەی سێ گوڵە نێرگز،گوڵاڵەوچنوورم. زیاترلە سێ ساڵە ئەوینداری نەتەوە و وڵاتەکەمم. ژیانی ئاوارەیی و دووری لە زێدونیشتمان زێدەتر نۆقمی تێکۆشان وخەباتی بێ وچان بۆنەتەوە و خاکەکەمی کردووە و چارەکەسەدەیەک دەبێت کە وەک پزیشک بەدوای ساڕێژی زامی جەستە و گیرسانەوەی شکانی ئێسک وئاشنا بەدەنگی ترازانی جۆمگەکانی خەڵکەکەمم، بەڵام ڕووحم هەر بە دوای دەرمان وچارەسەری ژیانی نەتەوەکەم وئاوەدانی نیشتمان وسەرکەوتنی خەباتی ڕەوای گەلەکەمە.
ئاوەخت "ئاوات"م خزمەتی زیاتری گەلە، وەک "سارۆج"بتەو و بەردەوامم لەژیانی پڕ لە هەورازونشیو وگەشبین بە داهاتووی ڕوون و سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەیی-دیموکراتیکی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەم بەناوی کوردستان و تامەزووی"ترنجیک" وچاڕیک لە بەرزاییەکانی مانێشت و هەسانەوەیەک لەلای هەڵاڵەبرمەکانی شاخی دالاهووم.

*پرسی چەوساندنەوەی کورد لە ئێران، وەهەموو ناسیۆنالیزمێک ویستێکی بۆ ناوەندگەرێتی و یەکسانکردن تێدایە، ئەم ڕەوتە بۆ بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کە لە دۆخی خەباتدایە، زیاتر خۆی دەنوێنێت، بزووتنەوەی نەتەوەیی دەیەوێت هێزێکی یەکە لە بەرامبەر نەیارانیدا دروست بکات، بۆیە لە دۆخی خەباتدا هەندیک جار جیاوازییەکان کەمتر ئاوریان لێ دەدرێتەوە. ئەم بابەتە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانیشدا کەم تا زۆر هەیە. خاڵی گرینگ بۆ کورد ئەوەیە کە ئەم نەتەوەیە لە بنەڕەتدا فرەییەکی زاراوەیی و ئایینی و ئایینزایی تێدایە، لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا زۆر جار ئەم فرەییانە وەک کەلێنی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناو دەبرێن، کە هەر کام لەمانە بە پێی بارودۆخی جیاواز دەتوانن چالاک و سڕ ببن. هەندێک لە بیرمەندان ئەم فرەییە لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەییدا وەک پاژنەی ئاشیل پێناسە دەکەن؛ بەو مانایە کە نەیارانی بزووتنەوەکە لەم فرەییە بۆ تێکدان و لێکترازانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کەڵک وەردەگرن. وەک شارەزایەکی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات بۆچوونی ئێوە لەم بارەوە چییە؟ بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان چۆن دەتوانێت وێڕای تۆکمەکردنی خەباتەکەی، فرەیی و پلۆرالیزمی کۆمەڵگای کوردی بپارێزێت؟ ئەرکی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات چییە؟*



نەتەوەی کورد کە لە نیشتمانیک بەناو کوردستاندا دابەش کراوە بەسەر چوار وڵاتدا، سەرەڕای مێژوو و جۆغرافیای پان و بەرین، چاند و هونەر، داب و نەریت، هەروەها کولتووری مێژوویی خۆی، خاوەنی زمانی دەوڵەمەندی کوردییە. هەرچەند ئەم زمانە لە ڕووی ئاکادمیک و زمانناسییەوە دەوڵەمەندی و فراوانیی وشە و دەستەواژەی تایبەت بەخۆی هەیە کەچی بە ستاندارد نەکراوە و لەمپەری سەرەکی بۆ نەبوونی زمانیکی ستاندارد و چوارچێوەدار، نەبوونی دەوڵەت و دامۆدەزگای زمانناسی و ئەنیستیتۆی فەرمیی کوردییە. زمانی کوردی

خاوەنـی شـێوەزاری تایبـەت بـە خـۆی و هەروەها چەندین زاراوە و بن زاراوەی کوردییـە کـە بـە پانتایـی جۆغرافیـای زاگرۆسـدا بلاو بۆتـەوە و هـەر دیالێکتێک بەشـێک لـە حەشـیمەتی چەندیـن میلیۆنیـی نەتـەوەی کـورد دەگرێتـەوە و بـە شـێوەیەکی پۆلێنبەندیکراو و دیـاری وەک ڕەمـزی شـێوەزار یـان تەنانـەت زاراوەی کـوردی ڕەنگدانـەوەی هەیـە و دەتوانیـن لانیکـەم جوغرافیایەکـی دیاریکـراو بـۆ هـەر زاراوەیـەک بـە نشانەی تایبـەت بـە خـۆی دەستنیشـان بکەیـن. لێـرەدا لـەم بەشـە لـە ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان ئەگـەر بڵێیـن زۆرینـەی زاراوە و تـا ڕادەیـەک بـن زارەکوردییـەکان کارایـی و حەشـیمەتی ئاخێـوەری خۆیـان هەیـە زێدەگۆییمـان نەکـردووە! لـەم بەشـە لـە نیشـتمانی داگیرکـراودا ئەگـەر بـەرەو باشـووری ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان بڕۆیـن، سـێ پارێـزگای دیـار وەک کرماشـان، ئـیلام و لورسـتان خاوەندارێەتـی لـە چەنـد زاراوەی کـوردی دەکـەن کـە هەرکامـە بـە ڕەمـزی دیاریکـراوی خۆیـان بـە شـێوەی نافەرمـی و بـەربلاو نیشـان دەکرێـن وەک کەڵهـوری، گۆرانـی و لەکـی بـە "ئـەرزاوان" ناسـراون. لـوری بـە "سـێ زوان" و هەورامـی بـە "ماچوو زوان". دیـارە بـن زاری جافـی بـە "بـۆ زمان"یش ناو دەبرێت.

هەروەهـا پاڵەیـی، فەیلـی، جافـی و... وەک بـن زاریـش تـا ڕادەیـەک ناویـان هەیـە. لێـرەدا ناچمـە ناو چـەق و بنەوای زماناسـین و پێناسـەکردنی زمـان یـان زاراوە و شێوەزارێک کە هەیە و بەرفراوانە و لـە زمانـی خەڵکـدا کارپێکـراوە!

ئەمەوێ بڵێم ئەم شـێوەزارانە لە بەشی پێشـکوو و پشـتکووی زاگرۆس دەژ و دەسـتلێنەدراو و بەپیـت و دەوڵەمەند مـاون، ئـەوەش دەگەڕێتەوە سـەر ژیانـی تایبەت و پێوەندیـی نەپچڕاوی خەڵکی ئەو دەڤەرانە لەگەڵ سروشـت و جۆغرافیـای زاگرۆسـییەکان کە لە زاگۆرتـە و زگۆرت بوونی سروشـتێک دێـت کە دایمـە لە هەمـوو بوارێکی سروشـتیدا بەپیـت و دەوڵەمەند و لە بووژانەوەدایە.

هـەرکام لـەم زاراوە و شـێوەزارانە دەتوانـن دەرفـەت بـن بـۆ دەوڵەمەندیـی زیاتـری زمانـی کـوردی، ئـەوەش بـە پەیوەسـتکردن و تێکەڵکێشـکردنیان بـە زمانـی ناوەنـد!

زمانـی ناوەند لـە کوردیـدا ئەگەر لە چوارچێوەی شـێوەزاری سـۆرانیدا پێناسـەی بکەیـن ڕەنگـە نزیک بە سـێ چارەکـە سـەدەیەک بێت کە لانیکـەم لـە ڕۆژهەلاتی کوردسـتان کاری لەسـەر کـراوە و بـاوەڕم وایە ئەگـەر بە زمانـی شـۆڕش، ئەدەب، هونـەر و چاند یان بـە زمانی کولتوور و خەبات ناودێـری بکەین بەتایبەت لە ڕۆژهەلاتی کوردسـتان زۆرم نەگوتووە، بـەلام ڕاسـتییەکی حاشـاهەڵنەگرە ئەگەر بڵێیـن بەرفراوانیی وشـەکانی هەتا ئێسـتا چـۆن بووە لـەوە زیاتر ناتوانێـت گەشـە بکات و پێویسـتی بـە دارشـتنەوە و تێکەڵکێشـکردنی شـێوەزارەکانی دیکەی دەوروبەریەتی هەتا بەناوەندبوونەکـەی واتادار بکرێت.

چوونکـە ئـەم بەناوەندبوونـەش مەترسـییە لەسـەر خـۆی و شـێوەزارەکانی دیکـەی کـوردی و دوژمنیـش سـالانیکە لـە ڕەنگاوڕەنگیـی شـێوەزارە کوردییـەکان پیلانـی دابـڕان، دوورخسـتنەوە و یەکنەبوونـی شـێوەزارە کوردییەکانـی ڕۆژهەلاتـی کوردسـتان لـە ناوەڕۆکـی

زمانی کوردیی هەیە و وەک تێکدان و دووبەرەکی نانەوە تەنانەت لە سیاسەتی چەند زمانی ئەوەش بە ئەدەبیاتی خۆی "قەومی کورد" ،خەریکە شەڕی تێکدانی شیرازەی زمانی کوردی بە شێوەزارەکانی ئەو زمانە دەکات. نموونەی ئەم پیلانانە بە فەرمی ناسینی زاراوەی لەکی وەکوو "زمانی لەکی"یە، هەرچەند قەومی لەک وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد، ناتوانێ زمانی تایبەت بە خۆی هەبێت و بەبێ نەتەوەیەکی جیاواز و لە چوارچێوەی قەومێکی سەر بە هیچ نەتەوەیەکدا خۆی پێناسە بکات. بە ئاوردانەوە لە مێژووی زمانناسی و دەوڵەت و دەسەڵاتداری لە ئێراندا بۆمان دەردەکەوێت کە بە زمان ناسینی یەکێک لە زاراوەکانی زمانێک، بەشێکە لە پیلانگێڕیی سیستمی ناوەندگەرای ئێرانی. لێرە سەرەڕای پیلانگێڕیی دەسەڵاتی ناوەندیی ئێرانخوازی، بزووتنەوەی کوردی بەداخەوە هیچ بەرپەرچدانەوەیەکی نەبووە و بگرە لە مێژووی بزاڤی نەتەوەیی و سیاسیی خۆیدا بە لای ئەم بابەتەدا نەچووە و نەیتوانیوە لە شێوەزارە دیار و دەوڵەمەندەکانی باشووری زاگرۆس کەڵکی ئەوتوو وەربگرێت.

سیاسەتی کاراکردن و پەرەپێدانی یەک شێوەزاریش ناراستەوخۆ یارمەتیدەری دوورکەوتنەوەی شێوەزارەکانی دیکە و تا ڕادەیەک لە پەراوێز هێشتنیان لە نووسین، میدیا، دەنگ و ڕەنگ و بەتایبەت لە چاپەمەنی و کتێبخانەی کوردی بەگشتی و لە ڕەوتی بزووتنەوەی کوردی ئەم چەشنە تێڕوانین و کەمڕەنگ بوونە دیارە و کەمتر وشەیەکی دەڤەری باشووری زاگرۆس لە نووسینێکدا دەکەوێتە بەرچاو. ئەمەش لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەیی و مافخوازیدا وەک کەموکۆڕییەک دەبینرێ کە ئاخێوەری باشووری زاگرۆس لە ڕەوتی شۆڕش و بزاڤی کوردی وەک حیزب و بەتایبەتی حیزبێک کە خوازیاری مافی نەتەوەییە و پێداگرە لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەک، کەمتر خۆی دەبینێتەوە! ئایین و ئایینزاش لە باشووری زاگرۆس ڕێک وەک شێوەزارەکان کەم تا فرە خۆیان لە بزاڤی کوردیدا نابیننەوە. بۆ ئەوەش دیسان سیاسەت و پیلانی تۆکمەکراو و لەمێژینەی دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێرانی لەم بارەوە بێ باندۆر نەبووە و لە بواری ئایینییەوە خودی و ناخودی لە ڕەوتی بزاڤ و بزووتنەوەی نەتەوەییدا وەک یاسای نەنووسراو تا ڕادەیەک ڕەنگدانەوەی هەبووە و تەنیا بیری سێکۆلاربوونی بزاڤی نەتەوەیی توانیویە و دەتوانێت ئەم خودی و ناخودییە لە دابڕانیکی پیلاندارێژراو لە لایەن سیستمی ئێرانی و ئایینی تایبەتەوە بەرەو خودی بوون و چوارچێوەی دیاری بیر و هزری نەتەوەخوازی ببات و ڕەنگاڵەی ئایینی و ئایینزایی کەوناری کوردی و هاوردە و بەکوردیکراو، شێوەزار و زاراوە و بن زاری دەڤەری باشووری زاگرۆس فرەچەشنانە پەیوەست بە تۆکمەبوونی بیری نەتەوەیی لە ناوەند و باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکات کە بۆ ئەمەش دەبێ پرۆسەیەکی پلاندارێژراو، کارا و مەیدانی لە ڕەوتی بزاڤی کوردی و بزووتنەوە کوردیەکان پەرە بستێنێت. بێ گومان بەکردەیی

نەکردنی پرۆژەیەک بە بیر و هزری نەتەوەیی ڕەنگە لە ڕەوتی خەباتی فرەڕەهەندی کوردی، خێرایی لەمە زیاتر بە خۆیەوە نەبینێت!

*وەک دەزانن لە کۆنەوە پەتایەک لە کوردستان هەیە بە ناوی ناوچەگەری، کە بەرهەمی دۆخی بێ دەوڵەتییە. یەک لە تایبەتمەندییەکانی ڕاپەڕینی ژینا کەمکردنەوە و کاڵکردنەوەی ئەم پەتایە بوو. لەم ڕاپەڕینەدا هەموو ناوچەکان و شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرووی زاراوە و ئایین و ئایینزا، وەک کورد دەرکەوتن. دروشمەکانی ڕاپەڕینی ژینا کەم تا زۆر لە هەموو ناوچەکانی کوردستان وەک یەک بوون. لە کرماشانەوە بگرە تا ورمێ، کوردستان داڵی سەرەکیی ئەم دروشمانە بوو. لەساڵان و مانگانی پاش ڕاپەڕینی ژیناش ئەم یەکریزییە و یەکبوونە نەتەوەییە لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا دووپات بووەتەوە. ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەورێکی بنەڕەتییان لەم بۆنانەدا بووە. لە نەورۆزی ١٤٠٤ی هەتاوی ئەم ڕەوتە زیاتر لە جاران خۆی دەرخست بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین بۆنەکانی نەورۆز هەر لە ورمێ تا ئیلام و کرماشان سنووری کوردستانیان سەرلەنوێ دیاری کرد. دیارە ئەمەش لەگەڵ هێرشی ئیدئۆلۆگ و ڕووناکبیرانی ئێرانی ڕووبەڕوو بووەوە. وەک شارەزایەکی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێتان وایە بووژانەوەیەکی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستان پاش ڕاپەڕینی ژینا ڕووی داوە ؟*



ڕاپەڕینی ژینا بار و هەستی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە جاران ئاشکرا کرد، ناوچەگەرایی وەک نەخۆشییەک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بگرە لە هەموو کوردستانی دابەشکراو هێشتا ماوە و زۆر ئاستەمە کە بتوانرێت بەم زووانە خاشەبڕ بکرێت، بەڵام لە ڕەوتی ڕاپەڕینی ژینادا برێک لاسەنگی بە لای هەست و بیری نەتەوەییدا خۆی لە دەڤەر بە دەڤەری ڕۆژهەڵاتدا بینی. بەشی خوارووی باشووری ڕۆژهەڵات دیارە پێش زەمینە یان بە جۆرێک ئامادەیی بۆ بەشداری لەو ڕاپەڕینەدا هەبوو، وەک لە دەیەکانی حەفتای هەتاوی بەم لاوە کارکردن لە سەر هەستی نەتەوەیی لە ڕێگای کۆڕ و کۆبوونەوە خۆرسکەکان، کۆڕە ئەدەبی، هونەری و کولتوورییەکان، نووسین بە شێوەزارە کوردییەکان و بە گشتی پێداگریی ئێلیت، ڕووناکبیر، نووسەر، شاعیر و شارەزایانی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ لەبیرنەکردنی زمان و چاندی کوردی، ڕەوتی "جارێکی دیکە بەکوردی کردنی زاگرۆسی دەژ" لەو دەڤەرانە ساڵ بە ساڵ پەلکێشی زانکۆ و زۆر ماڵ و ژووری کەسایەتییە کوردپەروەرەکان کرا و بەرهەمەکەی لە شیعر، نووسین، گۆرانی و هونەری کوردەواریدا خۆی بینییەوە. کارەساتی شەهیدکرانی ژینا و ڕاپەڕینی ژینا، هەروەها دروشمی "ژن ژیان ئازادی" لە مانێشت و بێستوون و دەنگدانەوەی ئەو بزاوتە بە ناوی "ئێرە کوردستانە" نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە خۆرسکانە ئامادەگیی بەشداری لەم ڕاپەڕینەدا هەیە و بێگومان ڕاپەڕینی

ژینا لەسەر بووژانەوە یان "ئەوزینە" و بە مەیدانی کردنی ڕەوتی نەتەوەخوازی لە هەستەوە بۆ شەقام بێ باندوور نەبووە و بینرا کە لە دوو نەورۆزی دوای ئەو ڕاپەڕینەدا ڕەنگاوڕەنگی لە پووشین، داب و نەریت، هونەر و بە پیرۆز زانینی جێژنێکی مێژوویی و نەتەوەیی و جاریکی دیکە خاوەندارێتی لە جێژنی هەزاران ساڵەی خۆی وەک درێژەی ڕاپەڕینی ژینا هاتە بەرچاو. لێرەدا شایانی ئاماژەیە کە ئەو هەستە نەتەوەیی و قووڵ و بەنرخە کە بە ڕەوتی کوردەواری ناسراوە و لە هەموو بابەتە کوردییەکاندا ڕەنگدانەوەی هەیە بە پرۆژە یان بە پرۆسەیەکی سیاسی و نەتەوەیی چوارچێوەدار و لۆژیکی نەکراوە، ئەوەش ئەرکی بزاڤی کوردی گرانتر دەکات کە چەندە پێیان کراوە بەرەو ئەو دەقەرە بڕۆن کە تا هەنووکە کەمڕەنگییەکی پێوە دیارە و بەداخەوە پلان و پرۆگرامی نەتەوەخوازی لە سەرەتای کۆڵانی ناوچەگەرایی و مخابن ئەگەر بڵێین بڕێک ڕەنگ و ڕازاوەیی خێڵەکییشدا دەبینرێت کە زۆر جێی داخە.

تا کاتێک کە خاڵە هاوبەش و ئەرێنییەکان لە هەموو دەقەرەکانی ڕۆژهەڵات بە یەک نەگەن و پەیوەست بە ڕەوتی نەتەوەخوازی نەبن و دەربازبوون لە هژمۆن و باڵادەستیی داگیرکەر نەکرێتە بنەما و بناغە و ناوچەگەرایی و ئەو دابەشبوونە ناحەز و نانەتەوەییە هەڵنەتەکێندرێت، جێژن و بۆنە کوردییەکان و تەنانەت ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان کورت مەودا دەبن و پرش و بڵاوی دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی خاڵە ئەرێنییە نەتەوەییەکان.

پێشەنگ *کوردستان وەک خاکێکی داگیرکراو بەردەوام لە ژێر هەڕەشە و تواندنەوەدا بووە. لەو نێوانەدا ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشکی زیاتریان وەبەر کەوتووە. پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆن و تواندنەوە و سیاسەتی فەرهەنگی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە هەر دوو باڵە کارگێرییەکەیەوە واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕژێمی پاشایەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەم ناوچانەی کردووەتە ئامانجی خۆی. ئەزموونی ئێوە لەم بارەوە چییە؟*



ڕۆڵی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، بە دیاریکراوی حیزبە سیاسییەکان، کۆمەڵگای مەدەنی و هەروەها کەسایەتی و ڕووناکبیرانی کورد لەم بارەوە چییە؟ ئیمکان و دەرفەتەکانی بەردەم بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتە چییە؟

سەرەتا دەبێ باوەڕمان هەبێ کە کوردستان داگیرکراو، بندەست و بە واتای وشە کۆلۆنیزەکراوە. ئەم ئەو داگیرکارییە بە هەموو شێوازەکانییەوە دەبێ ببینرێت تاکوو بزانین پرۆسەی ئاسێمیلاسیون کە لە سەردەمی بەناوەندکردنی ئێرانی یەکدەست لە لایەن سیستەمی ڕەزاخانییەوە وەک کۆپیکراوی سیستەمی فاشیستیی ئاتاتۆرک هاتووەتە ئاراوە، چ باندۆریکی نەرێنی و خراپی لەسەر نەتەوەیەک بە ناوی کورد هەبووە و هەیەتی. ئەم پیلانە لە چەندپارچەبوون و ناکۆکی،

جیاوازی و دابەشکارییەکی بە پرۆگرام وەک پرۆسەیەکی درێژخایەن خۆی نواندووە و تەنانەت لە سیستەمی بەئیسلامیکردنی ئێرانی ناوەندخواز چەندقات ئەم پارچەبوونە خۆی دەنوێنێت.

لێرەدا دەبێ پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆن بە پیلانیکی شاراوە و بە تۆکمە داڕێژراو ببینین کە چلۆن بۆ یەکدەستکردنی ئێرانێک بە ناوی ناسیۆنالیزمی ناوەندخواز، ئێرانشاری، پان ئێرانیستی، فاشیستی و تەنانەت "ژن برتر" ی ئارییایی، ئەسڵی ئێرانی و یەک نەتەوەیی بوونی ئێرانێک لە مێژوودا بێ ناو و نیشان یان بزر بوو، بە ناوەندکردنی و دوورخستنەوە و لە سنوور هێشتنی نەتەوەکانی دیکەی ناوچەیەک کە نزیک بە دوو سەدەیە بە "ئێران" ناودێر کراوە، ڕێگاخۆشکەر بووە بوو بەکەم بینیی نەتەوەکانی دیکە و ناوزەدکردنیان بە "قەوم" و سیاسەتی بەفەرمیکردن و هاوبەش زانینی یەک زمان کە نە ستاندارد بووە و نە دەوڵەمەند و پاراو.

لەم پیلانە گشتگیرەی ناوەندی ناسیونالیستی و "خودمحوری" ئێران و فارس پشکی گەورەی وە بەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتووە و باشووری ڕۆژهەڵاتیش بەچڕی تووشی ئەم ئاسیمیلاسیۆنە کراوە!

وەک نموونە کرماشان کە شارێکی بازرگانی، ئایینی و ڕێگەی عێراق و جێی زیارەت و ڕەوادگە ئایینیەکانە وەک دەرفەت بۆ ناوەندی ئێران هاتووەتە هەژمار کە لە ڕێگای کەسایەتیی ئایینی، بازرگان، مامۆستا، نیزامی، ئیداری و هەناردەکانی فارس و ئێرانی بەناوەندکراو بە نەرمی لە زمان، باوەڕ، خود، نیشتمان و خاکی تاکی کوردی خاوەن مێژوو و هەست و نیستی خۆی دایدەبڕن و جەستەیەکی ماندوو لە کرماشان و ڕۆحیکی سەرگەردان لە تاران و "ناوەند" خۆی دەبینێتەوە.

لێرەدا ئیتر خۆت نیت و ئەویت، زمانی دەستکرد و هاوردە و نەناسراو و نالۆژیک لە بواری زمانناسی و ئاکادێمیکەوە وەک "فارسی کرماشانی" ماڵ و کۆڵان و ناوەندی شاری کرماشان داگیر دەکات و لە ڕێگای خوێندن و بەکارهێنانی ڕۆژانەوە کەم کەم بەرەو شارەکان هەتا سەرسنووریش سەفەر دەکات و هەر خودێک لە تاکی کوردییەوە بەرەو ناخودییەکی غەوارە و نەناسراو پەلکێش دەکات. ئەم تواندنەوە ساڵانیکە بەرۆکی زۆر کەسی دیاری باشووری زاگروسی گرتووە و بۆ ئەوەی کە جارێکی دیکە بەرگی کوردی لەبەر بکات دەبێ هەست بە ڕووتبوونی خۆی بکات هەتاکوو بە زمانی خۆی و سروشتی خۆی بێتە گۆ. دەبێ جارێک لاڵ بێت و زمانی غەوارە وەک تفێکی وشک فڕە بدات. بۆ ئەوەی کە ڕێز لە باوەڕ و ئایینی خۆی و دەوروبەر بگرێت دەبێ بزانێ یەکەمین مزگەوت و بەردەمۆر و دەموچاوی ئایینی کەی و چۆن بوو بە هاوساماڵی و چلۆن بە چیرۆکیکی سۆزداری پەلکێشی بانگێکی غەوارە کراوە کەچی هەتا ئێستاش بە جوانی لە واتا و ناوەرۆکی ئەم دەنگە ناخودییەش تێنەگەیشتووە.

لە پرۆسەی یەکدەستکردنی وڵاتێک بە " یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک ئاڵا و...ئەگەر بەگشتی داروخان و دارمانی خۆت و هەست و نیست و تەنانەت غەوارەکردن لە باوانت و بە ناخودیکردنت بەهۆی نەزانیتەوە بێت، لە ناو عێل، خێل، تایفە و هۆز شوێنبزرت دەکات و لە تانوپۆی بوومی، خێڵەکی، هۆز و

بنەماڵە و تاکێکی گۆڕدراو جارێکی دیکە سەرگەردانی هەبوون و نەبوونت دەکات.
دیارە لە دەیەی حەفتای هەتاوییەوە تاکوو ئێستا لەسەر ئەم پرۆسە نگریسەی سیستەمی ناوەندخوازی ئێرانی لە لایەن تاکی خوێندەوار، ڕووناکبیر، ئێلیت و شارەزای کوردی بە ناوی "تاکی کوردەوار" وەک پرۆسەی پێشخستنی کردەی کوردەواری بەرەو بەهێزکردنی هەستی نەتەوەخوازی خودی وەک بەرپەرچدانەوەیەک دەبینرێت و بەرهەمەکەی ڕۆژبەڕۆژ لە دەوڵەمەندی ئەو هەستە خۆی دەباتە مانێشت و ئیلام کە دڵنیاییەک لە هەست و سۆزەوە بەرەو بیریکی بەلۆژیککراوی نەتەوەیی دەڕوات و گەشە دەکات و هەنگاوی ئەم هزرە بەرەو یەکدەستبوونێک بە ناوی " کوردستانی بوون" باڵا دەکات.
لە گۆڕەپانی هزری نەتەوەویستی و "ئێرە کوردستانە" گوتنەوەی ئیلام پێناسەیەکی دیکەش دەکرێ کە لەوێ نەتەوە پێناسە کراوە.
لێرەدا بزووتنە و بزاڤ و حیزبی سیاسیي کوردی دەبێ نە وەک ڕێبوار بەڵکوو وەک خود و بە خودی زانینی ئەم هەستە، خۆی لە ئەو دەڤەرە دەوڵەمەند و بەپیتە ببینێتەوە و فرەڕەهەند چاو لە خاکێک بکات کە وەک لای خۆی داگیر کراوە و و لەم خاڵە هاوبەشە و دەیان خاڵی کۆکی دیکە بە ئەرینی بڕوانێتە پرۆسەی سەرخستنی خەباتەکەی کە ویستی تاکی نەتەوەخوازی دەڤەری باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.
دەبێ کوردایەتی، یەکبوون، ڕزگاری، ئازادی و سەرکەوتن ویست و داخواز و خاڵی هاوبەشی بزاڤی کوردی و تاکی ئەو دەڤەرە بێت تا ئەم پەیوەست و پێوەندییە لە کۆلۆنیبوونی داسەپاو و داگیرکاریی نزیک بە یەک سەدە ڕزگاری بکات.

*پێم خۆشە پرسیارێکی گشتیتان لێ بکەم. بە گشتی داهاتووی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو بزووتنەوەی سیاسی کوردستاندا و گوتاری کوردایەتی چۆن دەبینین؟*



باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆتاری کوردایەتیدا خەریکە باڵا دەکات، نەورۆز بە نەورۆز ڕوو لە گەشەیە و جارێکی دیکە کوردیپۆش دەبێت و خەریکە لە سیستەمی داخراوی فئۆداڵیتە و پاشکەوتوانەی ئێڵەکی و خێڵەکی بوون دەرئەچێت و بە شوێنی مێژوو، فەرهەنگ، داب و نەریت، زمان، باوەڕ و هەبوونی خۆی کە سەردەمانێک لێی ون ببوو دەگەڕێت و خۆی دەبینێتەوە. خۆی لە مێژووی نەتەوەیەکدا دەبینێتەوە کە جۆغرافیایەکی دابەشکراوی لێ کەوتووەتەوە، بە دوای نیشتمانیدا دەگەڕێت و خۆی بە خاوەنی خاکە زەوتکراوەکەی دەزانێت و هەست بە هەبوونی خۆی شانبەشانی مەهاباد، هەولێر، قامیشلو و ئامەد دەکات. گۆتاری کوردایەتی لە دەڤەری باشوور لە ئەم دیو و ئەودیوی زاگرۆس شێوەزار بە شێوەزار دەگەڕێت و بۆ هەڵکردنی ئاڵای کوردایەتی لە شان و شاخی خۆی دەدا و بێ وچان هەوڵ دەدات و باوەڕمەندە کە هەڵاتنی تیشکی خۆری ڕزگاری لە بەرەبەیانی ئەودایە.
دەبێ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانی

لەگەڵ ئەو هەست و ویست و داخوازییەی کە لەو بەشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە یەکدەنگ، یەک گۆتار و پەیوەست بە یەک بن. ئەو پێویستی بەوەیە کە بە بیر و هزری نەتەوەیی، هاوبەشی، هاوگۆتاری و پێکەوەبوون بە ئاقاری ڕێگەی ڕزگاریدا تێپەڕێت چوونکە جیاواز لە یەک و بە بێ یەک نە ئەو گوتارە سەردەکەوێ و نە ئەو بزووتنەوەیەش بە ئامانجە لەمێژینەکەی دەگات. ئەو بزووتنەوە یان ئەو حیزبە سیاسییە کوردستانییە سەردەکەوێت کە هەستی هاوبەش و نەتەوەیی بە لۆژیک بکات و بێنێتە نێو گۆڕەپانی شۆڕش و فێری خەباتی بکات. لە خۆڕسکبوون دەستی بگرێت و پڕۆژە و پرۆگرامی کوردستانی بوون و فرەڕەهەندی بدات و فێری بکات کە غەوارە نییە و هی خۆیەتی و لەگەڵ ئەودا هەن و یەکن. بزاڤی کوردی دەبێ بەزمان و فەرهەنگ و هەبوونی ئەو بکەوێتە ئاخاوتن هەتا گوتاری کوردایەتیی ئەو ببێتە هی تۆی نەتەوەخواز و ڕزگاریدەر.

دەبێ فێری بکەی کە ئەویش دەتوانێت ببێتە بەشێک لە تۆ و پێکەوە ببن بە یەک. هەتا حیزبێکی کوردی و نەتەوەخواز بە بەرنامە و پرۆژەی چەندڕەهەندی لە چوارچێوەی ئەو گۆتارە کوردەوارییەی دەڤەری باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی نەبینێتەوە و هەروەها تاکی کوردی ئەو دیارەش تۆ بە هەست و هەبوون و بیری خۆی نەزانێت ئەم گۆتارە ناتوانێت وەک پێویست هاوبەش بێت. ڕەمزی سەرکەوتنی پەیوەستی نێوان بزاڤی سیاسیی کوردستانی و گۆتاری ئەو دەڤەرە لە بواری نەتەوەیی وەک یەک "بیرکردنەوە"یە.

*پاش ٧ی ئۆکتۆبەر ڕۆژهەڵاتی ناوین بەرەو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دەڕوات. هەندێک لە وڵاتان و بە تایبەت ئیسرائیل باس لە گۆڕانی نەخشەی سیاسی ئەم ناوچەیە دەکەن. بە لەبەرچاوگرتنی لاوازی و کۆتاییهاتنی بە گرووپە تیرۆریستییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران داهاتووی کورد لە ناوچەکە و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ دەرفەت و هەڕەشەکانی ئەم نەزمە نوێیە بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان چین؟*



بەگشتی گۆڕانکارییەکانی دوای ڕووداوی ٧ی ئۆکتوبەر دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە پڕۆژەی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە و وادیارە بە شێوەیەکی تۆکمە و بەرنامەداڕێژراو بەرەوپێش دەڕوات.

شەری ئابووری، شەری هژموونی و دەسەڵاتخوازی، شەری مانەوە و ڕەواییدان بە خۆ، شەری هەبوون و لابردنی ئەویدی، قەیرانە دیارەکان و تەنانەت ماوەبەسەرچوونی هەندێک دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زیادەخوازی و خۆبەمیحوەرزانینی ڕێژیمێک وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران، سیاسەتی زیادەخوازی و فاشیزمی تورکیا، نەمانی ڕێژیمی دیکتاتۆر و بەعسی بەشار ئەسەد، کێشەی نەتەوە بندەست و بێ دەوڵەتەکانی وەک نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ململانێ و دروشم و شەڕ لە نێوان ئێران و ئیسرائیل

و هەروەها کێشەی هەناردەکردنی شۆڕش و سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئورووپا و ئامریکا ڕۆژبەڕۆژ ئاڵۆزتربوونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەردەخات و پرۆژەی "گۆڕانی نەخشەی سیاسی" ئەم کێشمەکێش و هاوکێشە جیاوازانە بەرەو چارەسەرییەکی چاوەڕواننەکراو دەبات کە وێدەچێت کۆریدۆری ناوچەکە بە ویستی ئەو بگۆڕدرێت. بێ شک هەڵوەشاندنەوە و لەناوبردنی کۆریدۆری شیعی" وەک کورتکردن و لەناوبردنی لقوپۆپەکان و هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا و "سەرخستنی پرۆژە سیاسییە ئایینیەکەی ئیسرائیلە کە بە پرۆژەی پەیماننامەی ئیبراهیم ناسراوە و بە دروشمی پێکەوەژیان لە لایەن ئیسرائیل و بە پشتیوانی و هاوئاهەنگیی ئامریکا و ئورووپاوە خێراییەک بە ئاڵوگۆڕەکان دەدات. ئاشکرایە کە ئەم پرۆژەیە، ئێران و دۆست و هاوبیرانی تەنگەتاوتر دەکات و دوورەدیمەنی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل و شکستی پێنج گەڕی دانوستان لە نێوان ئێران و ئەمریکا دیسان دەرخەری ئەم ڕاستییەیە کە ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی و جیدی و لە پێش بەرنامەڕێژیکراوێک خۆی زیاتر بنوێنێ. لەم ئاڵوگۆڕەدا وەک دەرفەت، یەک گۆتاری و یەکریزیی ئەحزابی کوردی و کوردستانی لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەتوانێ خێراییەک بە پرۆسەی چەند هەرێم بوونی کوردی بدات و بەتایبەتی لە ئەگەری بەردەوامیی شەڕی ئێران و ئیسرائیلدا وا دەبینرێ کە بە شکست و ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئارامییەک بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەڕێتەوە و ئەگەری سەرکەوتنی پرۆسە و ڕەوتی خەباتی بزووتنەوەی کوردی بەتایبەت حیزبی نەتەوەخواز لەم پرۆژەیەدا زۆرە و وێدەچێت کۆتایی ئەم شەڕە بە نرخی پارچەبوونی ئێران تەواو ببێت و لە داهاتووی دوای نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، شەڕ و پێکدادان و ئاڵۆزی ڕوو لە وڵاتی تورکیا بکات. ئەگەر تورکیاش وەک جاران زیادەخواز بێت و خوازیاری هیچ چەشنە ئاڵوگۆڕێک لە سیستەم و یاسا و ڕێسای خۆیدا نەبێت و هەنگاوی ئەرێنی بەرەو پرۆسەی خوازراو و دێموکراتیک هەڵنەگرێت ئەگەری گیرۆدەبوونی بە قەیرانیکی قووڵتر لە ئێستا هەیە و دەکرێ بێجگە لە کێشەی پەیوەستبوون بە "یەکێتیی ئورووپا" و کێشەی ئابووریی چەندین ساڵە، تووشی قەیرانی ڕەوایی و ململانێی ناوخۆیی و دەرەکی ببێت. بەگشتی ئەم ئاڵوگۆڕە دەتوانێ بۆ کورد و بزاڤی کوردی دەرفەت بێت بۆ گەیشتن بە ئامانج. لە ئەگەری یەکنەگرتوویی و ناتەبایی ناوماڵی کورد و نایەکرێزیی ئەحزابی کوردی و پرشوبڵاویی زیاتر، دەرفەتەکان لە کیس دەچن و دووبارە هەستانەوە بۆ هەر حیزب و لایەنێکی کوردی لە حاڵی خەبات و گەشەدا، تاقەتپرووکێن دەبێت و پرۆسەی گەیشتن بەئامانجیش دوادەکەوێ.

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا شایانی ئاماژەیە کە پرۆسەی گۆڕانکاریی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە ئاگربەسی

لەرزۆکی نێوان ئیسرائیل و ئێران وەک دەبینرێت بە ئاقاری سەرسوورمان و ناروونییەکی جیاوازدا دەڕوات کە سیاسەتی ناشەفاف و تارادەیەک ئاشتیخوازانە لە لایەن ئامریکاوە دەتوانین بڵێین جۆرێک گۆشار و گەمارۆدانی کۆماری ئیسلامییە. لێرەدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بواری ئایدیۆلۆژی، دروشم، سیاسەتی تەوەهومی خۆ بە سەروەر و باڵادەستی جیهانی ئیسلامی زانین و گەیشتن بە لووتکەی تەوەهومی یەکەتازبوون لە گۆڕەپانی سیاسیدا، ئەوەندە پێش چووە کە مەجالی گەڕانەوە و تەنانەت هەنگاوێک پاشەکشەی نەماوە، چوونکە لە هەموو بوارێکی سیاسی، شەڕی تەکنۆلۆژیا، وتووێژ و هەرچەشنە دانوستانێکی ئاشتیخوازانەدا هەر لە شکست و دۆڕاندایە. لە ناوخۆ تووشی دارمانی نیزامی، سیاسی بووە و تەنانەت لە بڕیارداندا بە ڕێبەرێکی حەشاردراوەوە ناتوانێ خەڵک و نزیکانی خۆی بە قەناعەتی سەرکەوتن بەسەر هەژموونی و تەکنۆلۆژیای شەڕی نێوان خۆی و ئیسرائیلدا بگەیەنێت، لە سیاسەتی دەرەوەشدا دۆڕانی هەمەچەشنی ڕێژیم، ڕوون و ئاشکرایە و سیاسەتی بەردەوام ڕوو لە ئاڵوگۆڕ و ناروونی ئامریکا و ئورووپاش زیاتر بە لای هەمان پرۆژەی گۆڕانکاریی نوێی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بەرەو گۆشار و تەریکخستنەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەڕوات کە ڕۆژبەڕۆژ بەرەو فەلەجکردن، دارمان و هەڵوەشاندنەوەی ستراکچێری ڕێژیم لە ناوخۆدا دەڕوات و وێدەچێت تەنیا حوزووری مەیدانیی خەڵکی ئێران بەگشتی ـە گۆڕەپانی سەرهەڵدان و بەگژداچوونەوەی یەکلاکەرەوەدا هەتا کۆتایی و چێنجی یەکجاریی دەسەڵاتی ٤٧ ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێنەیی و درێژخایەن، ئاکامی سیاسەتی ئامریکا، ڕۆژئاوا و خودی ئیسرائیل بێت، ئەوەش بە جارێک ئاگربەس و ناوەناوەش گرتنی ئاسمانی ئێران و بە کاوەخۆ لەناوبردنی هێزی دیار و ستوونی بناغەیی ڕێژیم وەک سپای پاسداران، ژێرخانی نیزامی، ئابووری و تەنانەت هەڵتەکاندنی بنکەی پلاندانان و سیاسەتداڕێژیی ڕێژیم لە هەموو جومگەیەکدا بگرە هەتا دەگاتە بەیتی ڕێبەری، کات و زەمەنیکی پێویستە کە ڕەنگە لە سەردەمی دەسەڵاتداریی ترامپدا یەکلا بکرێتەوە.

*وەک ئاگادارن ڕۆژی ٢٥ی فێبرواری ٢٠٢٥ی زایینی پەیامێک لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەبارەت بە ئاشتی لە نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی تورک بڵاو کرایەوە. ئەم پەیامە کۆمەڵێک پەراوێز و ڕوانگەی جیاوازی لێ کەوتەوە. هەندێک لە خاوەن ڕایان پێیان وایە ئەمەش دەتوانێت یەکێک لە لێکەوتەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر و دیزاینی نوێی ناوچەکە بێت. بەو پێیە کە ئاڵوگۆڕ لە هەر بەشێکی کوردستان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لە سەر بەشەکانی دیکەی کوردستان دادەنێت، پێتان وایە کاریگەریی ئەم ڕەوتە لە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟ دەرفەت و هەڕەشەکانی ئەم ڕەوتە نوێیە بە بۆچوونی ئێوە چین؟*

*ئەم پەیامە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن وەردەگیرێت؟*



بەر لەوەی کە بچمە سەر وەڵامی پرسیارەکە، دەکرێ ئاورێک لە سیاسەت و شێوەی خەباتی پەکەکە بدرێتەوە.

زیاتر لە پەنجا ساڵ لەمەوبەر کاتێک گرووپی ئیدئۆلۆژی بە سەرپەرەستیی ئۆجەلان، بڕوای وابوو کە "کوردستان بندەستە"، لەو قۆناغە هەتا دەرچوون لە باکووری کوردستان و مانەوەی نزیک بە دوو دەیەی ئۆجەلان لە سووریا و قۆناغ بە قۆناغی شەڕ و ئاشتی، سیاسەت و دیپلۆماسی، دەبینین کە لە بیر و هزری نەتەوەیی، نەتەوەی کورد، وڵاتی داگیرکراو، چوار پارچەی کوردستان و دەوڵەتی کوردی، لە دروشم و هەنگاوی کردەیی بۆ ئەم پرۆسە خەباتگێرانەیە، زووبەزوو ئاڵوگۆڕ لە سیاسەت و ویست و ئامانجی بنەڕەتیدا بەدی دەکرێت و دەگاتە بەرنامەی کۆنفیدرالیزم. دوای گیرانی ئۆجەلان و پەیامە گوماناوییەکانی لە زیندانی ئیمراڵی دەبینین کە لە دەوڵەتی کوردی تا خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیک و سازکردنی پلاتفۆرمی دەڤەرمیحوەر و کانتۆنی شار و تەنانەت بەڕێوەبەریی شارەوانی و لە ئەنجامدا برایەتیی گەلانی کورد و تورک دابەزی.

ئەورۆ ڕوونە کە پرۆسەی ئاشتی لە لایەن سیستەمی نەتەوەخواز و فاشیست و دۆگمی دەوڵەت باخچەلییەوە، هەروەها لە پەیامی ئۆجەلان و پێرسپێکتیفی پرۆژەی ئاشتی، دەرهاوێشتەکەی کۆنگرەی دوانزەی پەکەکەیە کە لەگەڵ وشەگەلێک وەک کورد، کوردستان، ماف، نەتەوە و ویستی بنەڕەتی و ئیدئۆلۆژیی نیو سەدە لەمەوبەری ئەم ڕێکخراوەدا نامۆ دەبێت.

لێرەدا خەباتێکی پەنجا و دوو ساڵە دەچێتە ژێر پرسیار کە ئەو نرخە گرانە لە پێناوی چیدا دراوە و ئەورۆ پەیامی ئاشتیخوازی لە نێوان دوو گەلی تورکیاییدا بە کامە نرخ و لەسەر تێچووی کێ دەبێت؟

گەمە و سیاسەتێک کە ناتوانێ بە قازانجی ئەو بێت و دەکرێ پرۆسەی "تەڤگەرا ئازادی" و تێکۆشانەکەی تووشی نسکۆیەک بکات. دوورەنیگای ئەم پەیام و کۆنگرەیە ئەگەر سیاسەت و سات و سەودایەکی خودمیحوەر و تاکپارێز بێت، بێ شک تێچوویەکی یەکجار گرانی بۆ بزووتنەوەیەکی پەکەکە گوتەنی دیموکراتیک، خەباتگێڕ و ئاشتیخواز هەیە و ساڵانێک قوربانیدان بە فیڕۆ دەدات و خەباتێک بێ بایەخ و پووچەڵ دەکاتەوە.

ئەو پرۆسەی ئاشتییە بێ ناوەرۆک و خاڵی لە هیچ داخوازی و شەرت و مەرجێکی گشتییە، ئەگەر بە ئاکام بگات نە بۆ باکوور و نە بۆ هیچ پارچەیەکی دیکەی کوردستان قازانجی نییە و ئەگەر هەبێت کورتخایەن و یارمەتیدەری ڕەوتی خەبات و هەبوون و سەرووەری هیچ لایەنێکی کوردی کە خاوەنی پرۆسە و پرۆگرامی خەباتی نەتەوەیی- دیموکراتیک بێ نابێت. لێرەدا ئەگەر پشکی قازانج و زەرەری ئەم پرۆسەی ئاشتییە لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستنیشان بکرێ زیاتر دیپلۆماسی، پێوەندی، بیرکردنەوە و ستراتژیی پەکەکە و لەوبەریش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و تا ڕادەیەک دژبەیەک نەبوونیان پرسیارخولقێن دەبێت کە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە ڕۆژهەڵات چۆن ڕووبەڕووی ئەم پەیامە دەبێتەوە؟

هەبوونی پژاک وەک بەشێک لە پەکەکە بە هەمان بیر و هزر و پەیامی نەگۆڕی ئیمراڵییەوە چ باندۆرێک لەسەر ڕەوشی خەبات و ویست و داخوازی نەتەوەیی حیزبێکی نەتەوەخواز و دێموکراتیک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێت؟

لە ئەگەری نایەکگرتوویی بزاڤ و ئەحزابی ڕۆژهەڵاتی و بوونی ویست و داخوازییە جیاوازەکان لە هزر و کردەوە و ستراتژیدا وەک خەباتی نەتەوەیی- دێموکراتیک، گەلخوازی، خۆبەڕێوەبەری، کۆنفیدراڵیزمی دێموکراتیک و... چارەنووسی نەتەوەیەک لە کوردستانی دابەشکراو و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییان لێ دێت؟

هەروەها زۆر پرسیاری دیکە کە تەنیا سەربەخۆیی سیاسی، دێموکراتیکبوون، لێکتێگەیشتن و هەنگاونان بەرەو یەکڕیزی و تەبایی و یەکگرتوویی دەتوانێت پرۆسەیەکی ئاشتی بەناوی سیاسەتی دێموکراتیک نە لە باکوور بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قازانجی بیری نەتەوەیی و کوردستانی خۆی بنوێنێت، چوونکە ئەم ڕەوتە لە باکووری کوردستان قازانجەکانی ناتوانێت بۆ نەتەوەی کوردی بەگەلکراو درێژخایەن بێت.

لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا ساڵێک دوای گرتنی ئۆجەلان، دروشمە ڕەنگاوڕەنگ و بریقەدارەکانی نەتەوە و کوردستان و دەوڵەتی کوردی بە خێراییەکی زۆرەوە گەیشتە پشتکۆی زاگروس، بەڵام لە پرۆسەی خەباتی پەکەکەدا دوور لە حوزووری مەیدانی سەرۆکە بەندکراوەکەی، ساڵ بە ساڵ لە ئیحساسات بەدەر، ئاستی تێگەیشتن و ناسین و شارەزابوون و خوێندنەوەی مانیفست و شێوەی سیاسەت و خەباتی ئەو حیزبە، کەمرەنگییەک بە سۆز و هەستی جارانەوە دیارە و وشەی گەل و برایەتیی گەلان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان نامۆیە.

برایەتیی کورد و تورک یان کورد و فارس، بە جیاوازیی بیرکردنەوەی نێوان قەوم و نەتەوە، گەل و مافی یەکسانیی گەلانی وڵاتێک لەگەڵ یەکپارچەخوازی و مانەوە و خۆبوون لە ئێران و ڕۆژهەڵاتدا بەگشتی لە پارادۆکسدان و لەگەڵ بیری برایەتیی گەلانی کورد و تورک و پرۆسەی ئاشتی "یا پرۆسەی چەکدانان و ڕاگرتنی خەباتی چەکداری و سیاسەتی دێموکراتیک"ی ئەم ڕۆژانە لە نایەکبووندایە و لە کۆتاییدا لە پەیامی ئاشتییەکی بە بێ شەرت و مەرج و داخوازییە نەگوتراوەکانی کۆنگرەی دوازدەی پەکەکە و هیچ چەشنە پێوەندییەکی پۆزەتیڤ و دەستنیشانکراو لانیکەم بە قازانجی گشتیی گەل، دوورەدیمەنێکی ڕوون و گەش بۆ باکوور لەم پرۆسەیەدا بەدی ناکرێت.

وتەی کۆتایی و دووره‌نیگایەک لەسەر پرۆسەی ئاشتی و چەکدانانی پ ک ک: لە دوایین پەیامی ئۆجەلاندا بە روونی دیارە کە جیگرەوەی "نەخشە ڕێگای شۆڕشی کوردستان" لە دیدی جەنابیەوە مانیفێستۆی نوێ بە ناوی سیاسەتی دێموکراتیک، وازهێنان لە پرۆسەی دەوڵەت -نەتەوەی کوردا!، ماوەبەسەرچوونی پەکەکە، چەکدانان و بە شێوەیەکی سیاسییانە و ئابرووممەندانە خۆبەدەستەوەدان و لەناوچوونە، کە ویدەچێت ساڵانیکە لە ئیمرالییەوە کاری بۆ کرابێت، چوونکە لەم پرۆسەیەدا هیچ ئیمتیازیک لە لایەن پەکەکە و خودی ئۆجەلانەوە نەخوازراوە کە بارتەقا و بەرهەمی خەباتی نیو سەدەی حیزبیکی سیاسی و نیزامی بێت کە تەنیا چیاکانی کوردستانی بە وڵات زانیوە و ئیستاش بە خۆبەدەستەوەدانی ڕێکخراوێک بە بێ ویست و داواکاری و ئیمتیاز وەرگرتن، لە ئەگەری چۆڵکردنی "قەندیل" و گەرانەوە بۆ "ئانکارا" و گرتنەبەری خەباتی سیاسی و...دا "وڵات"یکیش نامێنێت و هەموو خەبات و پرۆسەیەکی ئاوەها ئاشتیخوازانە و بێ بەرهەم و ناروون، لە خزمەتی تورکیا و دەوڵەت باخچەلی و پەرلەمانە خاوەن یاسای دەولەتی یەک نەتەوەیی تورکیادا دەبێت و دەستبەتاڵی و مایەپووچی ئایدۆلۆژیایەکی لە بناغەدا ناروون، دۆگم، تاکپەرەست، نادێموکراتیک و نانەتەوەیی لە پەیامە لەمێژە ئامادەکراوەکەی ئیمرالیدا بەرهەم دیت و ناو و خەباتی ڕێکخراوێک بە لێلایی مێژوو دەسپێردرێت.

# وتووێژ لەگەڵ
# مانشت زاگرۆس

*پرسی چەوساندنەوەی کورد لە ئێران، وەک د. قاسملوو ئاماژەی پێ داوە، «پۆلی ستەم»ـە، واتە لە چەند ڕەهەندەوە کورد لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا دەچەوسێتەوە. بۆ نموونە چەوساندنەوەی کولتووری-زمانی، ئابووریی و سیاسی. بەشێک لە ئێلیتی کورد کە نزیک لە ئیسلاحتەڵەبەکانن، پێداگری لەسەر چەوساندنەوەی ئایینزایی دەکەن و ڕەهەندەکانی دیکەی چەوساندنەوە یا بەهەند ناگرن، یان پێیان وایە دەستی دەرەکی و تەمای دەسەڵاتخوازانەی حیزبەکانی کوردستان ڕۆڵیان هەیە لە هێنانەگۆڕی چەوساندنەوەگەلێکی وەهادا. بەگوێرەی ئامارەکانی ڕێژیم، ڕێژەی بێکاری و هەژاری لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە ئەو بەشەی کە هاوئایینزان لەگەڵ ئایینزای فەرمیی حکومەتدا، لە ئاستێکی بەرزدایە و زۆرجار وەک هۆکار بۆ خۆکوژی و تەنانەت ژنکوژی لەو ناوچانەدا ناسراوە. جەنابت چۆن ئەم بارودۆخە هەڵدەسەنگێنی و دۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسی و ئابووریی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن شرۆڤە دەکەی؟*



ئەگەر زۆر ڕیشەیی لە پرسیارەکە نەڕوانم و هاوکێشەکانی نێوان حەنەفی، شافیعی، یارسان، باتینی و شیعەی سەفەوی لەبەر چاو نەگرم و تەنیا بەلەبەر چاو گرتنی ئەو نەزمە ناوچەییەی کە پاش نەزمی خەلافەت لەنێوان بابی عالی و عالی قاپوودا دروست دەبێت، پرسیارەکە لێک بدەمەوە، پاش شەڕی چاڵدیران لەنێوان کڵاوڕەش و کڵاوسوورانی تورکدا، دژ بە زوڵمی سەفەویی شیعە بەشێکی زۆری کوردستان خۆی بەلای کڵاوڕەشاندا دەشکێنێتەوە و ئەگەرچی لە نەزمی تازەدا بابی عالی و عالی قاپوو وەکوو خاڵی قورسایی بۆ هاوکێشەی نێوان هێزە ئۆتۆنۆمەکانی نێو سیستەمەکە دەوریان دەگێڕا و بە جۆرێ لە چوارچێوەی ئەو نەزمەدا نەزمی کوردیی میرایەتی جێی خۆی دەکاتەوە و دەبێتەوە بە میراتگری حکوومەتە کوردییەکانی سەردەمی نەزمی خەلافەت، بەڵام ئەوە نابێتە ڕێگر کە کاتێ نەزمی دەوڵەتی مودێرن دەیەوێت شوێنپێی ئەو نەزمەی ئیمپراتۆری لەق بکات، کوردەکانی هەرکام لە ئیمپراتۆرییەکان بکەونە ژێر کاریگەریی شێوەی دەوڵەتسازیی مودێڕنی ئەو دوو ئیمپراتۆرییە.

ئەگەر ورد بڕوانین پرۆسەی نەتەوەسازیی ئێران و تورکیا نەک لەسەر بنەمای نەتەوە بەڵکوو لەسەر بنەمای پاشماوەی ئیمپراتۆری بێچمی گرتووە و لە خۆیدا بە جۆری دژی چەمکی نەتەوە دەوەستێتەوە(وەک نەتەوەسازیی چین و ڕووسیا). بۆیە لە شەڕ و ئاژاوەی شەڕی یەکەمدا، خۆ پێناسە کردنەوە بۆ پاراستنی پاشماوەی ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە لە عوسمانیدا دروشمی یەکگرتنی جیهانی ئیسلام و پاشتر یەکگرتنی جیهانی تورک و تۆرانی لێ کەوتەوە و لە پاشماوەی قاجاریشدا گەڕانەوە بۆهەندێ تێزی ڕۆژهەڵاتناسەکان و ڕابردوویەکی زۆر دوور و جەخت کردن لەسەر زمانی دەربار بۆ یەکانگیر کردنی هەموو پاشماوەکانی لێ کەوتەوە. کورد هەرگیز نەیتوانی بەشێوەیەکی خۆڕسک و لەسەر بنەمایەکی خۆماڵی خۆی پێناسە بکات، خۆپێناسە کردنی کورد لە سەردەمی ڕاپەڕینی شێخەکان و کۆمەڵەکانی خۆیبوون و هیوادا چون بەرنامەی سیاسیی بۆ کوردستانی عوسمانی پێ بوو، زیاتر کوردی سوننیی نێو عوسمانیی بەئامانج دەگرت و بەرنامەیەکیش کە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی لەپێشی چاوی گرتبوو ئەگەرچی زۆر شەرمنۆکانەتر بەڵام وەک فارسەکان پەنابردن بە ڕابردووی زێڕینی ئاریەن و میدییەکان بوو. بۆیە ئەگەرچی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە دروست بوونی حکوومەتی میللی لە کرماشان و پێگەی ئاڵمانییەکان لەو دەوەرەدا و سەرەرای دەسەڵاتی زۆری هۆزە کوردییەکانی کەڵهوڕ و سنجاوی،

دەسەڵاتەکان وەک دەسەڵاتی خۆجێیی بێ بەرنامەی سیاسیی نەتەوەیی دەمێننەوە. ئەگەر سەرنجی کاریگەرییەکانی کۆمەڵەی هیوا لەسەر کۆمەڵەی ژێکاف بدەین، دەبینین کە ژێکافیش ئەگەرچی کوردبوون جیا لە ئایین بە بنەما دەگرێ و سەرەڕای ئەوەی کە لە کۆماردا باسی پلان بۆ پەرە سەندنی کۆمار بەرەو کرماشان دەکرێ، بەڵام بەگشتی ئاستی تەشەنە کردنی بیری ژێکاف تەنیا لە هەرێمی کوردستانی سوونیدا دەمێنێتەوە و ئەمە دواتر نەک کاریگەریی بەسەر ناوچەی نفووزی میراتگری یەکەمی ژێکاف، واتە حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە دادەنێت بەڵکوو تەنانەت هێزێکی مائۆیستی وەک کۆمەڵەیش ناتوانێ ئەو سنوورەی کوردستانی سوونی بە ئاستێکی بەرچاو ببەزێنێت.

شۆڕشی گەلانی ئێران خاڵێکی گرینگی وەرچەرخان بوو. دەوڵەتی مودێرنی ئێرانی نەیتوانیبوو لەسەر بنەمای نەفیی ڕابردووی نزیک خۆی دابمەزرێنێ، بۆیە بە ڕاگرتنی ماکی زمانی فارسی بۆ پاراستنی یەکگرتوویی لە نەتەوەدا، دیسان پەنای هێنایەوە ئایینی شێعە کە هەر لە بنەڕەتەوە سەفەویشی لەسەر دامەزرابوو. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە سیاسەت لە ئێراندا لە پارادایمی درز و دابڕاندا بخوێنرێتەوە: دابڕانی زمانی و دابڕانی ئایینی. لە شوێنێکدا دابڕانەکان بەسەر یەکدا بکەتبایەن یەکتریان قووڵتر و بەهێزتر دەکرد و لە شوێنێکدا کە یەکتریان ببڕیایە دابڕانەکە لاوازتر دەبینرا. بۆ نموونە کوردێکی شێعە، ئەگەرچی لەگەڵ دەوڵەتی شیعەی فارسیدا زمانی جیابوو، بەڵام ئایینی شیعە خاڵێکی هاوبەش لەگەڵی حەساب دەکرا. لەم پارادایمەدا کوردی سوونی لە هەردوو لاوە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران دادەبڕا و ئەوەیە بەتەواوی بوونی دەکرایەوە بە بوونێکی قەیراناوی بۆ دەوڵەتی مودێرن. لەم چوارچێوەیەدا چالاکانی نەتەوەیی کوردستان، یەکتربڕ بوونی ئەو دوو درزەیان لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات بە خەسار دەبینی و بۆیە هەوڵی خۆیان لەسەر گرینگ نەبوونی پرسی ئایینی وەک درز چڕ کردەوە؛ بەپێچەوانەیش کەسانی سەر بە دەسەڵات بەسەر یەکدا کەوتنی دوو درزی زمان-ئیتنیکی و ئایینیان لە ناوچەکانی کوردی سوونیدا بە مەترسی هاتە پێش چاو و هەوڵی کاڵ کردنەوەی درزی ئیتنیکی و زەق کردنەوەی پرسی ئایینییان خستە بەرنامەی خۆیانەوە؛ بەم شێوەیە پرسی کوردی ئەم ناوچەیانە لە پرسێکی سیاسیی زۆر مەترسیدارەوە دەکرایە پرسێکی حقووقی و پرسی کوردی شیعەی خوارەوەیش لەبنەڕەتەوە لە بەرنامە لا دەچوو.

لە ڕاستیدا دەوڵەتی ئێرانی چ لەسەر بنەمای زمانی فارسی بێت و چ گەڕانەوە بۆ شێعەگەریی سەفەوی بێت جەوهەری وجوودییەکەی ڕاگرتنی پاشماوەی ئیمپراتۆریایەکە بۆ هەڵمژینی ئاو و نەوت و زێڕ و خاکی دەوڵەمەندی زاگرۆس بەرەو ناوچەیەکی بێ ئاو و بەرەهووت؛ لەم پرۆسەیەدا ئەو شوێنانەی کە شیرەی ئاو و خاکەکەیان دەمژرێت ئەگەر بەشێکی هەرچەند بچووکیشیان بدرێت ڕێگە بۆ گەشەسەندێک خۆش دەبێ کە پێش بە هەموو ئەو ڕەوتە دەگرێت. ڕاگیرانی ئەو ڕەوتی کۆلۆنیاڵییەیش لێکترازانی ئێرانی لێ دەکەوێتەوە. ئەوەیە کە پاشماوەی ئیمپراتۆریا هەموو ناوچەکانی زاگرۆس بەبێ جیاوازیی ئایین دەچەوسێنێتەوە و هەر ئەمەیش لەم ساڵانەی دواییدا بووەتە هۆی پەرەسەندنی پرسی نەتەوەییی کوردستانی لەو ناوچانەدا.

**تیشک**: *هابزباوم قسەیەکی هەیە کە دەڵێ لەدایکبوونی چاخە مێژووییەکان (فیۆدالیزم، کاپیتالیزم و...)، لە ڕاستیدا لە دەرکەوتنی ویست و بەرزبوونەوەی توانایییەکانی مرۆڤەوە دەست پێ دەکات. کەوایە دەبێ*

*ویست یا توانایییەک لە ئارادا هەبێت کە پێمان بڵێ مرۆڤێکی نوێ لەدایک بووە و بەرەو قۆناخێکی نوێ هەنگاو دەنێت. لە ڕۆژانی شۆڕشی ژینا و بەتایبەت لە بۆنەکانی نەورۆزی ١٤٠٤، بەشداربوونی ناوچەکانی باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر جێگای سەرنج بوون، تەنانەت بۆنەکانی نەورۆز وەک ڕێنێسانسێکی نەتەوەیی پێناسە دەکرا. ئەم دەرکەوتنە چ لە باری گوتاری و چ وەک پێرفۆرمانس بە مەبەستی زیندووڕاگرتنی هێما ئێتنۆ-سیمبولیکەکانی کورد، زۆر بەهەند گیرا و لە لایەکی دیکەوە هەم دەسەڵاتی ناوەندیی تووشی شۆک کرد، هەم ئیلیتی ئێرانشارییان تۆقاند کە دەرکەوتەکەی ئەو نامەیە بوو کە لە لایەن ٨٠٠ کەس لە ئاکادیمیسیەن، نووسەر، هونەرمەند و چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەگەریی ناوەندەوە بڵاو کرایەوە. سەبارەت بە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێتان وایە نەوەیەکی نوێ لەدایک بووە کە هەم وەک توانا و هەم وەک ویست لە خۆی ڕادەبینێت بەرەو قۆناخێکی نوێی ناسیۆنالیزمی کوردی هەنگاو بنێت؟*



لە ڕاستیدا ناسیۆنالیزمی ئێرانشاری ماکی زمانی فارسی وەک سەرەکیترین ماک بۆ پێکەوە لکاندنی هەموو بەشەکانی ژێر چنگی و بۆ گرێ دانەوەی بە ڕابردووە زێڕینەکەیشی بەکار دەهێنێت و کۆی ناتەباییەکانی ئێستا و پێکەوە گرێنەدرانەکانی لەگەڵ ڕابردووە وێناکراوەکەی لە ڕێگای زمانی فارسییەوە وەک کولل/گشتێک دادەڕێژێتەوە کە هەر جۆرە بوونێک لە دەرەوەی ئەو ڕوایەتە ڕەسمییە ئینکار دەکرێ و بەسادەیی لەبەرچاو ناگیررێ؛ ناسیۆنالیزمی ئێرانشاری بە داگیرکردنی هەموو جومگەکان کە دەکرێت ڕەوایەت و گێڕانەوەیەکی جیاواز لەو گێڕانەوەی ئەوە دەرببڕن، ڕێگەی خۆدەربڕین دەگرێ بەو هیوایەی لە بێدەنگیدا و بە تێپەڕبوونی کات ئەو دەنگانە بەرەو خنکان ببات. لە کاتێکدا لەو ساڵانەی کۆماری ئیسلامیدا هەموو جومگەکانی ئەندازیاریی بیر و ڕا وەک پەروەردە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەتەواوی یەکلایەنە نوێنەری زمانی فارسی و بیری ئێرانی بوون و بوونی هەر جۆرە جیاوازییەک لە گێڕانەوەی ڕەسمی بە هەندێ واریاسیۆنی خۆجێیی دادەشکێنرا، لە پڕ نەورۆزی کوردی بە هێمای تەواو جیاواز لەو گێڕانەوەیە هەوڵ ئەدات بایکۆتەکانی سەر خۆی بسڕێتەوە و ببێتە دەنگێکی جیاواز. خاڵی گرینگیش ئەوەی کە ئەم جارە زاگرۆس چەوسانەوەکەی خۆی لەبەر چاوە و بەشەکانی باشووری ڕۆژهەڵات تێکەڵ بەو گێڕانەوەیە دەبن. ئەمە خەونی وردە وردە تواندنەوە و کپ کردنی گێڕانەوە جیاوازەکانی لەلای ئیلیتی فارسی تێک دا و بۆیە زۆر بەپەلە لە دەسەڵاتی نەرم و نەرمەبڕەوە بانگی ئەوەیان کرد کە دەبێ بە دەسەڵاتی سەخت ئەو دەنگە جیاوازە کپ بکرێ.

*لە ساڵانی ١٣٢٠ی هەتاوییەوە بەتایبەت دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان، خەسڵەت و نۆرمە نەتەوەیییەکانی ناسیۆنالیزمی کورد، کارتێکەریی نەریت و هەروەها کەڵکەڵەی ناوچەکانی ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێوە دیار بووە و بەشێک لە ئێلیتی کوردیش لەو بڕوایەدان کە لە ناسیۆنالیزمی کوردیشدا، وەک ناسیۆنالیزمی تورک و فارس و عەرەب، تەمای سێنتەڕالیستی زۆر بەهێزە و ڕەچاوی پلۆرالیزمی کولتووری، بنزمانی و ئایینزایی کوردستان ناکات. بە بۆچوونی جەنابت بزووتنەوەی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبێ چی بکات کە سنوورەکانی ئایین، زاراوە و ئایینزاکان نەبێتە لەمپەر و ناسیۆنالیزمێکی هەمەگیر و تۆکمە دابین بکات؟*



لە راستیدا چون دوو ناسیۆنالیزمی گرینگی ناوچە کە دراوسێ و لە ئیستەدا داگیرکەری کوردستانن، واتە ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ناسیۆنالیزمی تورکی خۆیان بۆ نەتەوەسازی لەسەر پاشماوەی ئیمپراتۆریا دامەزراندووە و ئەو مودێلەیش لە خۆیدا تواندنەوە و ئاسیمیلاسیۆن لە جەوهەریدایە، بۆیە ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەدەی بیستەمدا مودێلێکی لەپێش چاو نەبووە کە بەپاراستنی گشتیەتی نەتەوەی کورد فرەڕەنگییەکان بپارێزێت.

ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەبەر هەڵکەوتەی جوگرافیاییەکەی کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە زۆربەی پێکهاتە زمانی و ئایینزاییەکان دەگرێتە خۆ، پتر لە هەموو بەشەکان پێویستی بە دارشتنی مودێلێکە بۆ پاراستنی جیاوازییەکان و ڕێگەی خۆی لە مودێلی داگیرکەران جیا بکاتەوە. بەبڕوای من، ئەگەر هێزە نەتەوەییەکانی کوردستان سیاسەتێکی ڕاگەیەنراویان بۆ لەبەر چاو گرتنی فرەچەشنی و فرەزمانیی هەرێمی ڕۆژهەڵات نەبێت، لەبەر جێگیر بوونی مودێلی کۆنی تاک ڕەنگ و تاک زمانیی سەردەست، ناسیۆنالیزمی ئێرانی دەتوانێ فرەڕەنگیی ڕۆژهەڵات بکات بە خاڵی هەرە لاوازی ناسیۆنالیزمی کوردی. بە کورتی دەبێت ناسیۆنالیزمی کورتی سیاسەتێکی ڕاگەیەنراوی لەسەر پاراستنی جیاوازییەکان ببێت و بە کردەوەیش هەوڵی جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتەیش بدات.

*لە گوتار و لێکدانەوەی بەشێک لە ئێلیتی کورددا باس لە دووانەی کۆمەڵگای مەدەنی – حیزبی سیاسی دەکرێت کە هێندێ جار وەک دوو پێکهاتەی ناتەبا پێناسەی دەکەن. لە باری کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، حیزبی سیاسی بەشێکە لە کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵام لە لێکدانەوەی بەشێک لە ئێلیتی کورددا نەک سەرنج بەم گوزارەیە نادرێت، بەڵکە وەک دوو پێکهاتەی نامۆ بە یەک و تەنانەت دژ بەیەک شرۆڤە دەکرێن. حیزبی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دیاردەیەکی عەینییە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیادتر لە هەشتا ساڵ، بەڵام کاتێ باسی کۆمەڵگای مەدەنی دێتە ئاراوە، خسڵەتێکی سۆبژەکتیڤی هەیە. واتە ئێلیت و لایەنە جیاوازەکان گرەو لەسەر دیاردەیەک دەکەن کە بەرهەمی زەینی ئەوانە و تەنانەت هەوڵ دەدەن ئایدیالۆژیزەی بکەن. ئێوە چۆن ئەم دۆخە هەڵدەسەنگێنن و پێتان وایە هەڵاواردنێکی وەها چ کاریگەرییەکی لەسەر ناسیۆنالیزمی کورد دەبێت؟*



پێش هەموو شتێ با ئەوە ڕوون بکەینەوە کە پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات پرسێکی سیاسییە و ناسیۆنالیزمی ئێرانی خۆی لەسەر ئینکاری بوونی ئاوا پرسێک دامەزراندووە. بۆیە حیزبی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتدا پێش هەموو شتێک داڕێژەرەوەی خوێندنەوەیەکی جێگرەوەیە لە خوێندنەوەی بە شەق جێگیرکراو. حیزبی سیاسی لە ڕۆژهەڵات بە پێداگریی لەسەر سیاسی بوونی پرسی کورد و بە بوونی پێشمەرگە وەک هێزی خۆڕاگری لەبەرانبەر هێزی ئینکاردا پێناسە دەکرێت. دەوڵەتی نەتەوەییی فارس هەر شێوە هەوڵێکی ڕێکخراو بۆ بەرەو ڕوو بوونەوەی ئینکاری نەتەوەیی بە هەڕەشە لەسەر خۆی دەبینێ و لەو چوارچێوەیەیشدا هەوڵی لە مەشرووعیەت خستنی ڕێکخستنە کوردییەکان دەدات. یەک لەو باسانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا هێنراوەتە گۆڕێ، باسی پێشڕەو بوونی کۆمەڵگەی مەدەنییە. کۆمەڵگەیەک کە ڕێگەی هیچ ڕێکخستنێکی پێ نەدرێت و تەنیا بتوانێ ڕێگە خۆشکەر بێت بۆ لە سیاسی خستن و بە حقووقی کردنەوەی پرسی کورد، زیاتر چەمکێکی زیهنییە کە دەشێ داهێنراوی ئێلیتی داگیرکەر بێت. بەبڕوای من تەنانەت لەو ئاستەیشدا ناتوانێ کاریگەر بێت، چون جومگە سەختەکانی دەسەڵات بەدەست

ئایدیۆلۆژیای ئێرانییەوە تەنراوە و تەنیا بە هێزی سەخت دەکرێ بەرەو رووی ببینەوە. لەلایەکی ترەوە دەوڵەتی ئێرانی ناتوانێ بەبێ دیسانترالیزە بوون دیموکراتیزە ببێتەوە و دیارە ئەوەیش دژ بە ماهیەتی خۆیەتی؛ لەنەبوونی دەوڵەتی دیموکراتیکدا باسی کاریگەریی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک چەمکێکی زیهنی و بەبێ رێکخستن زیاتر لە چەمکێک بۆ سەر لێ شێواندمان دەچێ.

*کاتێک بزووتنەوە سیاسی -کۆمەڵایەتییەکان تووشی تەنگانە دەبن، رێبەرانی بزووتنەوەکە و تەنانەت چالاکانی سیاسی و مەدەنیش تووشی ئەم پرسیارەی لێنین دەبنەوە: «دەبێ چی بکەین؟». بە لەبەرچاوگرتنی رەهەندی نۆرماتیڤی ئەم پرسیارە، حیزبەکانی کوردستان لەم دۆخە ئاڵۆزەدا کە بە ناوی پلانی دیزاینکردنەوەی رۆژهەڵاتی نێوەراست ناسراوە، دەبێ چی بکەن کە نەهێڵن ناسیۆنالیزمی کورد واز لە تایبەتمەندییە «کوردستانی»یەکانی بهێنێت و نەچێتە نێو پرۆژەیەک کە بەناوی «کوردی کولتووری» ناسراوە و بەتەمان لە یاسای شارۆمەندیی داگیرکەرەکانیدا بیگونجێنن؟ رێگەم بدەن وەک کۆتاپرسیار ئەم پرسیارەش بکەم: چۆن لە دوارۆژی ناسیۆنالیزمی کوردی دەروانن و هەروەها ناسیۆنالیزمی کوردی چ وەک ئێپیسمە و چ لە باری ئانتۆلۆژیکەوە، دەبێ چی بکات کە لەگەڵ هەلومەرجەکانی سەردەم بێتەوە؟*



کورد دەبێ جیاوازیی رژیمی دەسەڵات لەگەڵ چەمکی سەروەریی سیاسی بناسێ و لەسەری پێداگر بێ. ناسیۆنالیزمی ئێرانی ئەمرۆ بە رەسمی بوونی زمانی فارسی و بە گێرانەوەی مێژووی ئێرانی ئەزەلی و یەکدەست، لە رەشترین شێوەی خۆیدا هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەکانی تر دەدات، بەڵام بە دروست کردنی ئۆپۆزیسیۆنی رژیم هەموو خراپەکانی دەوڵەتی ئێرانی دەخاتە پێی رژیمی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی. لە کاتێکدا ئێمەی کورد دەزانین رژیمی شایی و رژیمی کۆماری ئیسلامی شێوەی حکوومەتیی یەک سەروەریی سیاسین و بۆیە بەڵێن و پەیمانەکانی حکوومەتی پێشوو بۆ حکوومەتی ئێستا ماوەتەوە. لەپاڵ هەوڵی جێگیر کردنی مافە تاکەکاسییەکان، پێداگریی کورد لەسەر دەستەبەر کردنی مافی کۆ بۆ زمان و ناسنامەی، چەسپاندنی سەروەریی سیاسی لە بەرنامە و گوتاریدا، پێداگری لە بە پرۆبلماتیک کردنی چەمکی سەراسەری/ خۆجێیی لە گوتاردا و لە ئەگەری کاریگەریی هێزە ژئۆپۆلیتیکەکان بۆ جێگیر کردنی ئاڵترناتیڤێک لە ناوەندا، پێداگری لە ددان پێدانانی هەموو کوشتار و نەفی وئینکار و نەهامەتییەکانی ئەو ساڵانەی دەوڵەتی ئێرانی دەتوانن بنەمای روونکەرەوە بۆ دارشتنی نەخشەرێگەیەک بن بۆ سیاسەت کردنمان لە کاتی دارشتنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی نوێدا.ناسیۆناڵیزمی کوردی بە مانەوەی خۆی تا ئێستە وەڵامی چ بکەینەکەی داوەتەوە و دیارە ئامانجیشی دەستەبەر کردنی سەروەریی سیاسی بۆ کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانی رۆژهەڵاتە و لە ئەگەری هەر گۆرانێکدا بە دەست خستنی دەسەڵاتێکی رێژەیی ئەرکی ناسیۆنالیزمی کوردی ئەگەر تا ئەو کات رزگار کردنی فیزیکی لە دەستی داگیر بووبێ، پاش ئەوە ئەرکی سرینەوەی کۆلۆنیالیزمی سەدساڵە لە مێشکی مرۆڤی کورد و رزگار کردنی لە دۆخی سۆبژکتیڤی داگیرکراوی دەبێت.

”

# وتوویژ لەگەڵ
# زانا ئەحمەدی

“

*پێشک پرسی چەوساندنەوەی کورد لە ئێران، وەک د. قاسملوو ئاماژەی پێ داوە، «پۆلی ستەم»ـە، واتە لە چەند ڕەهەندەوە کورد لە جوگرافیای سیاسیی ئێراندا دەچەوسێتەوە. بۆ نموونە چەوساندنەوەی کولتووری-زمانی، ئابووریی و سیاسی. بەشێک لە ئێلیتی کورد کە نزیک لە ئیسلاحتەڵەبەکانن، پێداگری لەسەر چەوساندنەوەی ئایینزایی دەکەن و ڕەهەندەکانی دیکەی چەوساندنەوە یا بەهەند ناگرن، یان پێیان وایە دەستی دەرەکی و تەمای دەسەڵاتخوازانەی حیزبەکانی کوردستان ڕۆڵیان هەیە لە هێنانەگۆڕی چەوساندنەوەگەلێکی وەهادا. بەگوێرەی ئامارەکانی ڕێژیم، ڕێژەی بێکاری و هەژاری لە ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە ئەو بەشەی کە هاوئایینزان لەگەڵ ئایینزای فەرمیی حکومەتدا، لە ئاستێکی بەرزدایە و زۆرجار وەک هۆکار بۆ خۆکوژی و تەنانەت ژنکوژی لەو ناوچانەدا ناسراوە. جەنابت چۆن ئەم بارودۆخە هەڵدەسەنگێنی و دۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسی و ئابووریی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن شرۆڤە دەکەی؟*



هەم پێشکەوتن و هەم چەوسانەوە لە ئێراندا ناوچەیی و نوقتەییە و دەوڵەتانی دەسەڵاتدار لە ئێران و کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە هیچ بەرنامە و پلانێکی درێژخایەنی سیاسی و ئابوورییان بۆ گەلانی ئێران نەبووە و نییە. پێش هەر باسێک دەبێ بگوترێ چەوسانەوەی ئابووری تایبەت بە گەل یا پێکهاتەیەکی ئاینی نییە. هندێک لە پارێزگا ناوەندییەکان کە هەم فارس و هەم شیعەن، لە باری ئابووری و خزمەتگوزارییەوە خوارتر لە ناوچە دووره دەستەکانن. مودێلی ئابووری لە ئێراندا تێکەڵێکە لە ئابوورییەکی هەوسارپچڕاوی سەرمایەداری و مافیای حکوومەتی کە پشتئەستوورە بە ئابووریی تاک بەرهەمی (نەوت و گاز ) و هەروەها زیاتر گرنگی بەو ناوچانە ئەدەن کە ستراتیژیک و ژیئۆئیکۆنۆمیکن. وڵاتی کوردستان یا هەرێمی زاگرۆس، یەکێ لەو ناوچە هەستیار و ستراتیژیکانەیە کە بۆ دەسەڵاتی تاران جێگای سەرنجە.

ناوچەگەلی زاگرۆسی ناوەندی و باشوور کە لە باری ڕەگەزەوە لەک، لوڕ و بەختیارین و لە باری ئاینییەوە شیعە مەزهەبن لەو ناوچانەن کە لە باری ئابوورییەوە دواکەوتووترین و پەراوێزخراوترین ناوچەن.

هندێک هۆکار لە دواکەوتوویی لە ناوچەکانی باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ئارادایە کە برێکیان پەیوەندیان بە دەسەڵاتی تارانەوە هەیە و برێکی دیکەش پەیوەندیی بە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ناوچەیەوە هەیە. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هندێک لەو هۆکارانە دەکەین:

١ ٣٥% حەشیمەتی چوار پارێزگای کرماشان، ئیلام، لورستان و چوارمەحال بەختیاری، گوندنشینن و پیشەی خەڵکەکەش ئاژەڵداری و جووتیارییە. لە باری کۆمەڵایەتییەوە خەڵکی دەڤەرەکە هێشتا لە

چوارچێـــوەی هۆز و خێڵـــدا ئەژین.

ــ ئیکۆسیستم و سروشتی ناوچەکـە بــە زۆری شــاخاوییە و بــە هــۆی ئەســتەمبوونی ناوچەکــەوە ڕێگاوبانــی دەقەرەکــە ســەرەڕای ئــەوەی سنووری ئـیلام شـوێنی پەرینـەوەی زیارەتـکارە شـیعەکانە، گەشـەی بەرچـاوی نەکـردووە.

٢ نێونجیی ڕێژەی بێکاریی خەڵکی سێ پارێزگای کرماشان، ئیلام و لورستان ١٣% و لە هەموو پارێزگاکانی ئێران بەرزترە و هەروەها ٧٠%ی بێکاران حەشیمەتی ژنانن. بەرزبوونی ڕێژەی بێکاری، هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی حەشیمەتی بێکاری لاوان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیان روو لە بنکە و ناوەندە سەربازی و ئەمنییەکان بکەن.

٣ لە دوای بەلووچستانەوە ڕێژەی نەخوێندەواریی پارێزگاکانی باشووری زاگرۆس لە پلەی دووهەمە. گەرچی زمان و زاراوەکانی ئەو ناوچەیە ڕەسەن و دێرین و خۆرسکە و هەروەها پانتایی جوغرافیایی ئەو دیالێکتانە هەتا کەنداو درێژە ئەبێتەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێک لە لایەن دەسەڵاتی تارانەوە ئاور لەو پاشخانە کلتوورییە نەدراوەتەوە و ئاسمیلاسیۆنی بە فارس کردن لەو ناوچەیە شوێندانەریی زیاتر بووە. بە گشتی لەو ناوچەیەدا بە هۆی مەزهەبی هاوبەش و ئاسمیلەکردنی فەرهەنگییەوە، هۆگریی سیاسی تارادەیەک لە ئیرانشاری نزیکترە بەڵام لە دوو پارێزگای ئیلام و کرماشان، چەند ساڵێکە بزاڤی کوردی گەشەی کردووە. دیاردەی ژنکوژی بە هۆی ئەو خاڵانەی سەرەوە و هەر وەها بە بۆنەی پێدانی مۆڵەتی چەک و چۆڵ بە خەڵکی، بە بیانووی عەشایەر بوون و تاد، ئاسایی بووەتەوە.

*لە کۆنەوە تێبینییەکی سەلبی لە ئارادا بووە لەمەڕ ڕۆڵی پاسیڤی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پەرەسەندنی ناسیۆنالیزمی کوردی لەهەمبەر ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا. بەڵگە یان توێژینەوەیەکی ئاکادیمیک لەبەردەستدا نییە کە گوزارەیەکی وەها بسەلمێنێت. تێبینی و تەجرەبە مەیدانییەکانی ئێوە چین بۆ وەها گوزارەیەکی؟*



لەو بوارەشدا چەندین هۆکار بەدی ئەکرێن کە بریتین لە هەڵسوکەوتی دوو دەسەڵاتی بە ناو پەهلەوی هەر لە سەردەمی دەسەبەکار بوونیانەوە لەگەڵ خەڵکی ناوچەی کرماشان و بەرەوخوارتر نەرم و نیانتر بووە لە چاو ناوچەکانی دیکەی کوردستان بۆ نموونە، موکریان.

لە سەردەمی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە بە هۆی هاومەزهەب بوونی خەڵکی پارێزگاکانی باشووری زاگروس و حکوومەتی نوێوە و لە هەمووی گرنگتر، چربوونەوەی شەڕی ئێران و عێراق لەو ناوچانەدا، تێکەڵی و ئاسمیلەبوونی پەراوێز و ناوەند زیاتر لە جاران پەرەی سەند.

جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران سەرەڕای ئەوەی

خەباتێکی خوێناوی و چڕوپڕ بوو، بەڵام لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان، هەتا ناوچەی داڵاهۆ و یارسان لە گەل خەباتی کورد ئاشنا بوون و تێوەگلان. شەری هەشت ساڵە بێجگە لەوەی خەسار و ئاسەوارێکی ماڵی و مەعنەوی و دەروونیی لە سەر خەڵکی ئەو ناوچەیە دانا، بە هۆی بەشداریی دڵخوازانەی خەڵک لە دژی ڕژێمی بەعس، هەم ئەو نەوەیە بە شەڕی هەشت ساڵەوە خەریک بوون و هەم دواتریش لە دژی خەباتی کورد ڕووبەڕوو بوونەوە.

نەوەی هەشتا و نەوەدەکان لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە ئاوریان لێ درایەوە و لە ناو دامودەزگا دەوڵەتییەکاندا پلە و پێگەی بەرزیان بە دەست هێنا. بابەتێکی دیکە کە لێرەدا پێویستە ئاوری لێ بدرێتەوە ئەوەیە کە بەشێک لە دەستوپەیوەندییەکانی ڕێژیمی پێشوو(شا) لە ناوچەکانی کرماشان بەرەوخوار کە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران بەرەو هەندەران هەڵاتن بە هیچ جۆرێک تێکەڵ بە بزاڤی کوردی نەبوون و وەکوو شارومەندێکی ئێرانی خۆیان پێناسە کرد.

*هابزباوم قسەیەکی هەیە کە دەڵێ لەدایکبوونی چاخە مێژووییەکان (فیۆدالیزم، کاپیتالیزم و...)، لە ڕاستیدا لە دەرکەوتنی ویست و بەرزبوونەوەی تواناییەکانی مرۆڤەوە دەست پێ دەکات. کەوایە دەبێ ویست یا تواناییەک لە ئارادا هەبێت کە پێمان بڵێ مرۆڤێکی نوێ لەدایک بووە و بەرەو قۆناخێکی نوێ هەنگاو دەنێت. لە ڕۆژانی شۆڕشی ژینا و بەتایبەت لە بۆنەکانی نەورۆزی ١٤٠٤، بەشداربوونی ناوچەکانی باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر جێگای سەرنج بوون، تەنانەت بۆنەکانی نەورۆز وەک ڕێنێسانسێکی نەتەوەیی پێناسە دەکرا. ئەم دەرکەوتنە چ لە باری گوتاری و چ وەک پێرفۆرمانس بە مەبەستی زیندووراگرتنی هێما ئێتنۆ- سیمبولیکەکانی کورد، زۆر بەهەند گیرا و لە لایەکی دیکەوە هەم دەسەڵاتی ناوەندیی تووشی شۆک کرد، هەم ئیلیتی ئێرانشارییان تۆقاند کە دەرکەوتەکەی ئەو نامەیە بوو کە لە لایەن ٨٠٠ کەس لە ئاکادیمیسیەن، نووسەر، هونەرمەند و چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەگەریی ناوەندەوە بڵاو کرایەوە. سەبارەت بە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێتان وایە نەوەیەکی نوێ لەدایک بووە کە هەم وەک توانا و هەم وەک ویست لە خۆی رادەبینێت بەرەو قۆناخێکی نوێی ناسیۆنالیزمی کوردی هەنگاو بنێت؟*



لە دوای شەڕی ئێران و عێراق شەپۆلێکی زۆر لە لاوان ڕوویان لە زانکۆکان کرد و بە هۆی هەندێک کرانەوە لە سەردەمی خاتەمیدا پەیوەندییەکی چڕوپڕ لە نێوان خوێندکارانی ناوچە کوردنشینەکاندا پەیدا بوو، ئەو پەیوەندییە کاریگەریی لەسەر ڕۆشنبیریی کوردی بە شێوەی ئاکادیمیک هەبوو. پێکهاتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە تایبەتی لە ٢٠٠٣ بەدواوە پەیوەندیی بازرگانان و گەشتیارانی ناوچەکانی باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ هەرێمی کوردستان، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی تامەزرۆیی ئەو خەڵکە بوو بۆ گەڕانەوە بە لای پرسی کورددا.

چالاکیی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و سەرهەڵدانی تۆرەکۆمەڵایەتییەکان، خێراییی پەیوەندییەکانی زیاتر کرد و بەتایبەتی لە شۆڕشی ژینا و نەورۆزی خاکیپۆشاندا سەرەڕای بەربەست و سەرکوت پرسی نەتەوەگەری لەو ناوچەیەدا گەیی بە لوتکە.

*لە سالانی ١٣٢٠ی هەتاوییەوە بەتایبەت دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان، خەسڵەت و نۆرمە نەتەوەییەکانی ناسیۆنالیزمی کورد، کارتێکەریی نەریت و هەروەها کەڵکەڵەی ناوچەکانی ناوەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێوە دیار بووە و بەشێک لە ئێلیتی کوردیش لەو بڕوایەدان کە لە ناسیۆنالیزمی کوردیشدا، وەک ناسیۆنالیزمی تورک و فارس و عەرەب، تەمای سێنتەرالیستی زۆر بەهێزە و ڕەچاوی پلۆرالیزمی کولتووری، بنزمانی و ئایینزایی کوردستان ناکات. بە بۆچوونی جەنابت بزووتنەوەی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبێ چی بکات کە سنوورەکانی ئایین، زاراوە و ئایینزاکان نەبێتە لەمپەر و ناسیۆنالیزمێکی هەمەگیر و تۆکمە دابین بکات؟*


کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە هەبوونی پێکهاتە زمانی، ئاینی و هزرییەکان. ئەو فرە ڕەنگییە بە درێژاییی مێژوو، یەکێ لە هۆکارەکانی یەک نەگرتنی کورد بووە؛ بەڵام سەرهەڵدانی کۆماری میللی دیموکراتیکی کورد لە ساڵی ١٩٤٥ دا، تابۆی ژیانی خێڵەکی و فیرقەخوازیی شکاند و لە ژێر سێبەری ئالای کوردستاندا دەیان هۆز و بیروباوری جیاواز کۆبوونەوە. دیارە جوغرافیای هەرێمی زاگرۆس، جوغرافیاییەکی تایبەت و ئالۆزە و هەروەها لێکچوون و هاوبەشیی فەرهەنگی، ڕەفتاری و زمانیی دانیشتووانی ئەو هەرێمە، جیاوازە لە کلتوور و زمانی بیابانەکانی لووت و کەویر. بزوتنەوەی کورد دەتوانێ کەڵک لەو خاڵە هاوبەش و بارودۆخە ناخۆشە ئابووری و سیاسییانە کە بە سەریاندا سەپاوە، وەربگرێ و هەوڵی لێک نزیکبوونەوەی پێکهاتەکانی زاگرۆس بدات. بزاڤی میللی دیموکراتیکی کورد بە دروستکردنی کەشێکی دیموکراتیک و پلۆرال دەتوانێ دەرەتانی چالاکیی فەرهەنگی و زمانەوانی هەر لە ورمێوە هەتا ناوچەکانی کەڵوڕستان، لەکستان و لورستان پێک بێنێ. بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان دەبێ هەموو پێکهاتەکان بە میراتێکی گرانبەهای کورد بزانێ و بە پێچەوانەی دەسەڵاتی تاران، بایەخ بە زمان و ئایینە جیاوازەکان بدات و بە هەڵسوکەوتی سەردەمیانە، باڵانس و هاوکێشی لە نێوانیاندا ڕابگرێ. کاتێک گۆڤارێک بە زاراوەی لەکی یا هەورامی دەربچێ، کاتێک کەشێکی پلۆرال و تەندروستی وەها دروست ببێ، بێگومان عەدالەت و دادوەرییەکی فرە ڕەهەند دروست ئەبێ و بەری پیلانەکانی نەتەوەی باڵادەست دەگرێ. پێکهێنانی سەنتەر و ماڵی پێکهاتە زمانەوانی و ئاینییەکان ڕەوتی لێک نزیکبوونەوە و لێک تێگەیشتنیان زیاتر دەکات..

*پێشـڕەو: لە گوتار و لێکدانەوەی بەشێک لە ئێلیتی کورددا باس لە دووانەی کۆمەڵگای مەدەنی – حیزبی سیاسی دەکرێت کە هێندێ جار وەک دوو پێکهاتەی ناتەبا پێناسەی دەکەن. لە باری کۆمەڵناسیی سیاسییەوە، حیزبی سیاسی بەشێکە لە کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵام لە لێکدانەوەی بەشێک لە ئێلیتی کورددا نەک سەرنج بەم گوزارەیە نادرێت، بەڵکە وەک دوو پێکهاتەی نامۆ بە یەک و تەنانەت دژ بەیەک شرۆڤە دەکرێن. حیزبی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دیاردەیەکی عەینییە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیادتر لە هەشتا ساڵ، بەڵام کاتێ باسی کۆمەڵگای مەدەنی دێتە ئاراوە، خسڵەتێکی سۆبژەکتیڤی هەیە. واتە ئێلیت و لایەنە جیاوازەکان گرەو لەسەر دیاردەیەک دەکەن کە بەرهەمی زەینی ئەوانە و تەنانەت هەوڵ دەدەن ئایدیالۆژیزەی بکەن. ئێوە چۆن ئەم دۆخە هەڵدەسەنگێنن و پێتان وایە هەڵاواردنێکی وەها چ کاریگەرییەکی لەسەر ناسیۆنالیزمی کورد دەبێت؟*



سەرهەڵدانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە بزوتنەوەی سیاسیی کوردستانەوە هەیە. دیموکراتیکبوونی خەباتی گەلی کورد و گرنگیدان بە فاکتە نەتەوەییەکان لە لایەن ئەحزابی کوردەوە، زۆرترین کاریگەریی لە سەر دروستبوونی ڕێکخراوە مەدەنییەکان هەبوو. پێکهاتنی ڕێکخراوە مەدەنی و ڕۆشنبیرییەکان بەرەبەرە بەرەو ناوچەکانی کرماشان و ئیلام پەلی کێشا. ئەنستیتۆی زانست یەکێک لە پێکهاتە کوردییەکانە کە کۆمەڵێکی زۆری ڕۆشنبیر و ئاکادیمیی لە دەوری خۆی کۆ کردووەتەوە. بێجگە لەو ناوچانە، بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی دانیشتووانی کوردی تاران و کوردستانی خۆراسانیشی گرتەوە. لە زانکۆکانی تاران و تەنانەت زۆربەی زانکۆکانی ئێراندا خوێندکارانی کورد بە پێکهێنانی ئەنجومەنی ئەدەبی و دەرکردنی گۆڤار و پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و گروپگەلی هونەری، بە ڕاستی پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیان بەرینتر کرد. لە ڕاستیدا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ڕێکخستنە مەدەنی و ڕۆشنبیرییەکان و بزاڤی سیاسیی کوردی، وەک دووانەیەک لێک جیا ناکرێنەوە و تەنانەت ئێستا پەیوەندییەکانی ئەو دوو بزاڤە بە شێوەی تەندروست دەبینرێ. ڕێکخراوە مەدەنییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەموو پارچەکانی تر زیاتر و بەربڵاوترن، بە جۆرێک ئەتوانین بڵێین ئەو ڕێکخستنە کلتوورییانە، نوێنەر و دەمڕاستی ئەحزابی سیاسین. دەرکەوتنی ژنان و لاوان، یەکێکی دیکە لە دڵخۆشی و جێی هیوای ڕێکخراوە مەدەنییەکانە کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕێکخراوەکانەوە بە شێوەی ڕێژەیی بەدی ئەکرا. ڕێکخراوە مەدەنییەکان ئامانج و بەرنامەیان ڕوونە و لە ڕاستیدا دەبێ لە چوارچێوەی ئەو پێڕەو و پرۆگرامەدا چالاکی بکەن بەڵام لە ڕۆژهەڵات بە هۆی هەستکردن بە ستەمی نەتەوەیی

و بەرنامەی ژینۆسایدی فەرهەنگییەوە، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، بە قەبوولکردنی ئەرک و بەرپرسایەتیی زیاتر، لە هەوڵی بەرپەرچدانەوەی ستەمە نەتەوەییەکاندان.

*کاتێک بزووتنەوە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکان تووشی تەنگانە دەبن، ڕێبەرانی بزووتنەوەکە و تەنانەت چالاکانی سیاسی و مەدەنیش تووشی ئەم پرسیارەی لێنین دەبنەوە: «دەبێ چی بکەین؟». بە لەبەرچاوگرتنی ڕەهەندی نۆرماتیڤی ئەم پرسیارە، حیزبەکانی کوردستان لەم دۆخە ئاڵۆزەدا کە بە ناوی پلانی دیزاینکردنەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناسراوە، دەبێ چی بکەن کە نەهێڵن ناسیۆنالیزمی کورد واز لە تایبەتمەندییە «کوردستانی»یەکانی بهێنێت و نەچێتە نێو پرۆژەیەک کە بەناوی «کوردی کولتووری» ناسراوە و بەتەمان لە یاسای شارۆمەندیی داگیرکەرەکانیدا بیگونجێنن؟ ڕێگەم بدەن وەک کۆتاپرسیار ئەم پرسیارەش بکەم: چۆن لە دوارۆژی ناسیۆنالیزمی کوردی دەڕوانن و هەروەها ناسیۆنالیزمی کوردی چ وەک ئێپیستمە و چ لە باری ئانتۆلۆژیکەوە، دەبێ چی بکات کە لەگەڵ هەلومەرجەکانی سەردەم بێتەوە؟*



دیارە گەلی کورد لە باری نەتەوەیییەوە خاوەن هەموو فاکت و تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانە و تەنانەت ئەو فاکتە کوردییانە لە هی زۆربەی گەلانی دیکە دەوڵەمەندتر و بەهێزترە.

پرۆسەی نەتەوەسازی بە شێوازی ئیمڕۆ بۆ گەلی کورد وەک دروستکردنی باڵاخانەیەک وایە لە شار یکدا.

کەرەسەی نەتەوەسازی بە ڕاستی ئامادەیە بەڵام ئەندازیارانی سیاسی دەبێ بە تێگەیشتن لە واقیعی ڕۆژ و هەڵبژاردنی مۆدێلی سەردەمیانە، هەوڵ بدەن باڵاخانەیەک لانیکەم وەک دراوسێکان دروست بکەن. بنچینەکانی ناسیۆناڵیزمی کوردی لەبەر ئەوەی لە ژینگەیەکی تەندروستی پێکەوەژیان و کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە گرتووە، ناسیۆناڵیزمێکی شۆڤێنیست و بەرچاوتەنگ نییە.

پرۆسەی نەتەوەسازیی کوردی بۆ ئەوەی خۆی لە بەستراوەیی و خۆهەڵواسین بە نەتەوەکانی دیکە بپارێزێ، پێویستە شێوازەکانی دەرکەوتن لە دنیای نوێدا و ئاراستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دیاری بکا ت .

دارشتن و شناژی بنچینەکانی ناسیونالیزم ئەگەر گرێ بدرێت بە بنکە، سەنتەر، ئەرشیفخانەکان، مۆزەخانەکان و ناوەندە توێژینەوە و زانستییەکانەوە، ئەوا ناسیۆنالیزم و نەتەوەخوازی، گشتگیر، سەربەخۆ و پێگەیشتوو دەبێت و بە هۆی هەستی متمانەبەخۆبوونەوە، ناسیۆناڵیزمی کوردی لە بەستراوەیی بە ناوەندەوە پارێزراو دەبێت. بزاڤی کورد لە ڕۆژهەڵات بە تایبەت بزوتنەوەی میللی دیموکراتیکی کورد، بە هۆی ڕەچاوکردنی پرەنسیپە ئەخلاقی و مرۆڤییەکانەوە، ئیمکانی گەشە و

نەشـــەی زیاتـــرە و حدکا پێویســـتە گرنگی بـــدات بەو ناوچە و شـــارانەی باشـــووری ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان و کوردەکانی خۆراســـان. دروســـتکردنی ڕێکخراوی سیاســـی بۆ کـــوردەکای خوراســـان و پشـــتیوانی توندوتۆڵیان دەبێتـــە هۆی خاوەندارێتـــی لە هەموو تاکێکـــی کـــورد. هەرێمـــی زاگرۆس بەو هۆیـــەوە کە ٥٢% ئـــاوی ئێران دابیـــن دەکات، لە داهاتـــوودا توانایی مانـــۆڕدان و بـــە ئەکتەربوونـــی بزاڤە سیاســـییەکانی زیاتـــرە. تەنیـــا ڕێگا بۆ گەشـــەی ناســـیۆناڵیزمی کوردی و ڕەواندنەوەی ئایدۆلۆژیـــا لاوەکییەکان، چڕبوونـــەوە و جەختکردنە لە ســـەر فەکتـــە نەتەوەییـــەکان وەک کلتوور، خـــاک، مێـــژوو، جوغرافیا و...

”

# وتوویژ لەگەڵ
# ژیار جەهانفەرد

“

*هەموو ناسیۆنالیزمێک ویستێکی بۆ ناوەندخوازی و یەکسانکردن تێدایە، ئەم ڕەوتە بۆ بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کە لە دۆخی خەباتدایە، زیادتر خۆی دەنوێنێت، بزووتنەوەی نەتەوەیی دەیەوێت هێزێکی یەکە لە بەرانبەر نەیارانیدا دروست بکات، بۆیە لە دۆخی خەباتدا هەندێک جار جیاوازییەکان کەمتر ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە. ئەم بابەتە لە بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردستانیش کەم تا زۆر هەیە. خاڵی گرنگ بۆ کورد ئەوەیە کە ئەم نەتەوەیە لە بنەڕەتدا فرەییەکی زاراوەیی و ئایینی و ئایینزایی تێدایە، لە کۆمەڵناسیی سیاسیدا زۆر جار ئەم فرەییانە وەک کەلێنی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناو دەبرێن، کە هەر کام لە ئەمانە بەپێی بارودۆخی جیاواز دەتوانن چالاک و سڕ بکرێن. بەشێک لە بیرمەندان ئەم فرەییە لە ڕەوتی خەباتی نەتەوەییدا وەک پاشنەئاشیل پێناسە دەکەن؛ بەو مانایە کە نەیارانی بزووتنەوەکە لەم فرەییە بۆ تێکدان و لێکترازانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کەڵک وەردەگرن. وەک شارەزایەکی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵات بۆچوونی ئێوە لەم بارەوە چییە؟ بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردستان چۆن دەتوانێت وێڕای تۆکمەکردنی خەباتەکەی، فرەیی و پلۆرالیزمی کۆمەڵگای کوردی بپارێزێت؟ ئەرکی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات چییە؟*



فرەڕەنگی یان پلۆرالیزم چ لە سەردەمی کۆندا و چ لە دنیای ئەمڕۆدا، یەکێک لە خاڵە هەرەگرنگەکانی ژیانی مرۆڤ بووە. ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە دنیای بەر لە مودێرنیتە بدەینەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە فرەڕەنگی چەندە کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە و ژیانی تێکەڵاو و پێکەوەژیانی نەتەوەکان بووە. لە هەر کام لە شارەکانی کوردستان لانیکەم نموونەیەکی زاراوەیی، ئایینی، مەزهەبی و ... هتد بووە. لە شارێکی وەکو کرماشان جیا لە کوردیی خوارین، جافی-سۆرانی، لەکی، هەورامی و هەروەها ئایین و ئایینزاگەل و عەشیرەتگەلی جیاواز لەپاڵ یەک بەبێ کێشە پێکەوە ژیاون. بەڵام بە هاتنی مودێرنیتە بۆ ئێران و کوردستان، هێدی هێدی ئەو ڕەنگامەیی و پێکەوەژیانە کاڵ و کاڵتر بووەوە، تا ڕادەیەک کە ئەوەی هێزی هەبوو توانی زەخت لە ئەویدیی بێدەسەڵات بکات و منتالیتەیەکی ناوەندخوازی بە شێوەی سیستماتیک سەقامگیر ببێت. مودێرنیتە دەساوەی دنیای ڕۆژاوا بوو، هەرچەند مودێرنیتە لە مێشکی نەتەوە ڕۆژاواییەکان زاوزێی کرد و توانییان خۆیان لەم دنیای نوێیەدا زمان و نەتەوەی خۆیان پێناسە بکەن، بەڵام ئەم دیاردە نوێیە کە بە ناوی مودێرنیسمەوە ناوی لێ دەبەین، لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەپێچەوانەوە ئافراندەی زێهنی کۆمەڵگە نەبوو و ئەم شەپۆلە نوێیە وەکو کەرەستەیەک گەییشتە دەستی دەسەڵات/دەوڵەتەکان، ئەوانیش بۆ بەهێزکردنی خۆیان لەهەر جۆر کەرەستەیەکی مودێرن وەکو ئەرتەش، خوێندنگە، زانینگە، ڕۆژنامە و چاپەمەنی و ... هتد کە بەرهەمی ئەم شەپۆلە بوو، کەڵکیان وەرگرت و لە ڕێگەی هەر ئەو ئەرتەشەوە نەتەوە پەراوێزخراوەکان دەبووا لە خوێندنگەکانی ئەوان بە زێهنییەتی ئەوانەوە پەروەردە کرابان، دەبووا زمانی ناوەندت زانیبا تاکو توانیبات ڕۆژنامەی ناوەند بخوێنییەوە. کاتێک زمانێک دەبێتە زمانی سەردەست و زمانەکانی تر پەراوێز دەکەون، ئاخێوەرانی زمانە پەراوێزکەوتووەکان خۆباوەڕییان سەبارەت بە زمانی ناوەندی لەدەست دەدەن و کۆمەڵگەی ئاسایی هەر شتێک کە لە ڕێگەی زمانی سەردەستەوە بگاتە دەستی وەکو سەرچاوە ئاوڕی لێ

دەداتەوە و لەهەمان کاتدا لەبەر ئەوەی کە زمانەکەی خۆی نەبووەتە زمانی پەروەردە و تەنیا لە ماڵەوە قسەی پێ دەکات، هەر جیلی نوێتر کە دێت، تێدەکۆشێ خۆی لە ناوەند نزیک بکاتەوە، یەکێک لەو ڕێگایانەش ئەرا نزیک بوونەوە تێکەڵکردنی زمانی ناوەند لەگەڵ زمانی بندەستە، هەڵسوکەوتێکی وەها بە شێوەی ناخواستە دەبێتە هۆی ئەوەی کە زمانی سەردەست زۆرتر لە مێشکی ئاخێوەری بندەستدا زاڵ بێت. ئەمە نموونەیەکە لە دوچەوەکی(تبعیض) ناوەندخوازی سەبارەت بە زمان و نەتەوەکانی تر کە ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیادتر هەستی پێ دەکەین.

بەڵام لە سەردەمی پەسامودێرنیتە ئیدی تارادەیەک ئەو ناوەندخوازییە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان کاڵ بووەتەوە و ڕەنگامەییی زمانی، کولتووری، ئایین و ... هتد وەکو خاڵێکی بەهێز ناوی لێ دەبردرێت، بەڵام لە وڵاتە پاشکەوتوو و غەیری دیمۆکراتیکەکان وەکو ئێران، ترکیە، سووریە و ... هتد هێشتا یەک دین، یەک وڵات، یەک ئاڵا، یەک زمان، یەک سەرۆک دەوری هەیە. بۆیە لە دنیای ئەمڕۆدا ئیدی ناتوانن وەکو پەنجا ساڵ پێش ئینکاری نەتەوەی بندەست بکەن، دێن و بەشێوەیەکی تر دابەشت دەکەن، ئەم جارە بە شێوازێکی تر، با میناکێک بێنم؛ ئەگەر ئاوڕێکی خێرا لە بەڵگە و سەرچاوەکانی پەنجا شەست ساڵی پێشی مێژوو و زمانناسی لە ئێران بدەینەوە، بەدگمەن بەڵگەیەک دەست دەکەوێت کە کوردی وەکو زمانێک پێناسە بکرێت و لە زۆربەی ئەو سەرچاوانە کوردی وەکو لەهجەیەک ناوی لێ دەبردرێت؛ بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا نەتەنیا کوردی یەک زمانە، بەڵکو هەر زاراوەیەک بە زمانێک دادەنێن و هەندێکیش لەو زاراوانە بە زمانی سەربەخۆ و جیا لە کوردی ناو دەبەن. هەمان زێهنییەتی ناوەندی تێدەکۆشێ کە خۆ وەکو نەتەوە و ئەویتر وەکو قەبیلە و عەشیرە پێناسە بکات، ئەمەی کە تا ئێستە باسم کرد، بەشێکی بچووک لەو پلانانە بوو کە زێهنییەتە ناوەندخوازەکان وەکو دوو ڕژیمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی دەرهەقی نەتەوەکانی تریان کردووە. تێپەڕبوونی نزیکەی سەد ساڵ لە ناسیونالیزمی وەها سولتەگەرانەی ئێرانی، ترکی و عەرەبی چ دەستکەوتێکی هەبووە، بێجگە لەوەی کە ئەمڕۆ دەبینین ئەو نەتەوە بندەستانە چەندە سوورن لەسەر مافی خۆیان. کورد لە باکووری کوردستان لە دوای ئەو هەموو زێدهەڵکەنی و ژینۆساید و ئاسیمیلاسیۆنە، ئایا مەسەلەی کوردیان پەیوەستی مێژوو بوو یان ئەوەی کە ڕاستی بێت کورد لەوێ هێشتا گەورەترین کێشەی دەوڵەتی ترکە. لە ئێرانیش هەروەها عەرەب، بەلووچ، ترک، گیلەکی و کورد ڕۆژ بەدوای ڕۆژدا زیادتر لە هەمبەری ناسیونالیزمی ئێران ڕادەوەستن و ئەم ناسیۆنالیزمە سەقەتەی ئێرانییە بووە هۆی ئەوەی کە بێجگە لەوەی ئەم نەتەوە بندەستانە مافی خۆیان لە چوارچێوەیەکی فدرالیزم بخوازن، بەڵکو بەشێکی زۆریان خوازیاری سەربەخۆیین. بەس ئەم کۆپییە سەقەتە لە ناسیۆنالیزمی وشک و ڕەقی ئێرانی، ترکی و عەرەبی ئیدی جواب ناداتەوە و نەتەوە بندەستەکان دەبێت دەرسی لێ وەربگرن و ئەم ڕێگە هەڵەیە ئیدی تاقی نەکەنەوە. لەحاڵێکدا ئەم دەوڵەتانە ئەم بیرۆکەی ناسیۆنالیزمەیان لە ئەورووپا و بەتایبەتی لە فەرانسە

کۆپی کرد، هێشتا زۆرینەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بێسەواد بوون و هیچ تریبوونێک لەبەردەستی کەمینەکان نەبوو. دەوڵەتەکان بۆ یەکسانسازیی فەرهەنگی دەستیان ئاوەڵە بوو، کە ئاکامەکەی دەبینین چیی لێ دەرکەوت. ئێستە ئەگەر حزبێکی کوردی وەکو نموونە بخوازێ ئەم ڕێگا هەڵەیە تاقی بکاتەوە، بێگومان زەمینە خۆش دەکات بۆ هەڵوەشانەوە و دابڕانی بەشە جیاوازەکانی کوردستان. ڕاستە لە کوردستان چەند زاراوەیی و چەند ئایینی هەیە و هەموویان یەک نەتەوەن، بەڵام هەر ئەم ڕەنگامەیییە لە دنیای ئەمڕۆ کە هەر تاکێکی کورد تریبۆنێکی هەیە و سۆشیاڵ میدیا ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخساندووە، بە بچووکترین هەڵە لەلایەن هەر پارتێکی سیاسییەوە بەرتەک نیشان دەدات و دەتوانێت کاریگەریی لەسەر ئاخێوەرانی زاراوەکەی یان ئایین و مەزهەبەکەی هەبووبێت. لەڕاستیدا فرەڕەنگی، فرەزمانی، فرەزاراوەیی، فرەئایینی و ... هتد خاڵگەلێکی هەرەپۆزیتیڤن بۆ تەوازۆنی کۆمەڵگە، بەڵام ئەگەر پلانێکی مرۆڤی و بەرابەریخوازیت نەبووبێت کە لە شوێن بەرژەوەندیی هاوبەشدا بێت، دەتوانێت ببێتە کێشەیەکی مەزن. بە بۆچوونی من حزبە کوردییەکان کە لە قۆناخی یەکەم ئامانجیان ڕزگاریی گەلەکەیانە، دەبێت زیادتر ئەم فرەڕەنگییە لەبەرچاو بگرن. کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێمە زۆر هۆشیارە، تەماشای پێکهاتە و ڕوانگەی حزب و لایەنە سیاسییەکان دەکەن و لە زێهنی خۆیانەوە هەڵیدەسەنگێنن؛ ئەگەر حزبێک تەنیا یەک زاراوە، یەک ئایین، یەک مەزهەب، یەک ناوچە و یەک جنسییەت لەبەرچاو بگرێت، کۆمەڵگەش تێدەگات کە ئەگەر ئەم لایەنە دەسەڵات بکەوێتە دەستی، دەتوانێت هەمان ناوەندگەرایی ئێرانی دووپات بکاتەوە. بۆ ئەوەی کە ئەو فرەڕەنگییە نەبێت بە کێشە، لەنێو پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیی ئەم حزبانە کە هێشتا لە قۆناخی پێش ڕزگاریدان، دەبێت لە کردەوە ئەو ڕەنگامەییی زاراوەیی، ئایینی و جنسییەتییە لەبەر چاو بگرن. دەبێت قبووڵ بکەن داگیرکەرانی کوردستان لە درێژاییی ئەم سەدساڵەی دواییدا نەتەنیا خاکی کوردستانیان، بەڵکو هەوڵ و تێکۆشانیان ئەوە بووە کە زێهنییەتی کورد لە ڕێگەی ئایین، زاراوە و عەشیرە و ناوچەگەرییەوە لەیەک بترازێت.

لەو سەد ساڵەی دواییدا دەوڵەتی ناوەندی توانیویەتی کرماشان لە شوناسی خۆی واڵا بکات، توانیویانە پتانسیلی ئەو دەڤەرانە بەلارێدا بەرن، بەڵام بەختەوەرانە لەم دوو سێ دەیەی دواییدا دۆخەکە تارادەیەک گۆڕاوە و ئەگەر لایەنە سیاسییە کوردییەکان پلانی جیددی و بنەماییان بۆ ئەم دەڤەرە بووبێت، سەدەی بیست و یەکەم کرماشان(مەبەست لە کرماشان، ئیلام و ئەسەدئاباد و ئەو دەڤەرانەیە کە بە شێوەزاری کەڵهوری دەدوێن) دەتوانێ ڕۆڵێکی مەزنی لە کوردستان هەبووبێت.

*وەک دەزانن لە کۆنەوە پەتایەک لە کوردستان هەیە بە ناوی ناوچەگەریی، کە بەرهەمی دۆخی بێدەوڵەتییە. یەک لە تایبەتمەندییەکانی ڕاپەڕینی ژینا کەمکردنەوە و کاڵکردنەوەی ئەم پەتایە بوو. لەم ڕاپەڕینەدا هەموو ناوچەکان و شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرووی زاراوە، ئایین و ئایینزا، وەک کورد دەرکەوتن. دروشمەکانی ڕاپەڕینی ژینا کەم تا زۆر لە هەموو ناوچەکانی کوردستان*

*وەک یەک بوون. لە کرماشانەوە بگرە تا ورمێ، کوردستان دالّی سەرەکیی ئەم دروشمانە بوو. لە ساڵان و مانگانی پاش ڕاپەڕینی ژیناش ئەم یەکریزی و یەکبوونە نەتەوەییە لە بۆنە جۆراوجۆرەکانەوە دووپات بووەتەوە. ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوریکی بنەڕەتییان لەم بۆنانە بووە. لە نەورۆزی ۱۴۰۴ی هەتاوی ئەم ڕەوتە زیادتر لە جاران خۆی دەرخست بە جۆریک کە دەتوانین بڵیین بۆنەکانی نەورۆز هەر لە ورمێ تا ئیلام و کرماشان سنووری کوردستانیان سەرلەنوێ دیاری کرد. دیارە ئەمەش لەگەڵ هێرشی ئیدئۆلۆک و ڕووناکبیرانی ئێرانی ڕووبەڕوو بوویەوە. وەک شارەزایەکی ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێتان وایە بووژانەوەیەکی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستان پاش ڕاپەڕینی ژینا ڕووی داوە؟*



پەتای ناوچەگەری لە وڵاتانی تریش کەم تا زۆر هەر هەیە، چونکە ئەمە زاتی مرۆڤە، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە کە لە کوردستان لەبەر نەبوونی دەسەڵاتی کوردی، ئەم پەتایە زیانی لە کۆمەڵگەکەی داوە؛ لەبەر ئەوەی کە کوردستانی پەراوێزخراو لەنێوان هەر چوار دەوڵەتەکە، بووە بە هۆی نەبوونی خۆباوەڕی لەنێو بەشێک لەم کۆمەڵگایە و بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی درۆیی ناوچەکەی خۆیان هەڵدەکێشن ڕووی هاوزمانەکانی خۆیانا. واتە دەوڵەتی ناوەندی تێکۆشاوە کە لەناو خودی کورد، ئەویدی(دیگری) دروست بکات. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بەهۆی سەتەلایت و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ئیدی وەکو جاران ڕاگەیاندن لەدەستی دەوڵەتی ناوەندی نەماوە و ئەم دیاردەیە بووە بە هۆی چوونە سەرەوەی زانیاریی خەڵک و لەنێو بەشێک لە کۆمەڵگە ئیدی زاراوەیەکی تر، ناوچەیەکی تر، شارێکی تر و ... هتد ئەویدی نییە، بەتایبەت سەرهەڵدانی ژن، ژیان، ئازادی جمشتێکی هێزی لەنێو کۆمەڵگەدا ساز کرد و بنەمای سوننەت و پاشکەوتووخوازیی هەڵوەشاندەوە. لە درێژاییی هەر ئەو سەرهەڵدانەدا کۆمەڵگەی کوردستان هەر لە ماکۆ تا ئیلام بە ڕۆح و ڕوانگەیەکی نوێیەوە ئەو شۆڕشەیان بە کردنەوەی ئاگری نەورۆز درێژە دا. هەر ساڵ کە تێدەپەڕێت کۆمەڵگەی ئێمەش زیادتر تێدەگات کە چەندە پەراوێز خراوە و چ زوڵمێکی لێ کراوە، لەبەر ئەوەی کە بیروهزری بەکۆمەڵ و جەمعی لە شوێنی سەمبولی هاوبەشی نەتەوەیی دەگەڕێ کە خۆی تێدا پێناسە بکات. یەک لەو سەمبولانە، مێتۆلۆژیی نەورۆزە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا وەکو جەژنی بەرخۆدان و سەرکەوتنی کاوە لە هەمبەری زەهاک دەناسرێت، جیا لەوەی کە لەباری زانستییەوە چ خوێندنەوەیەکمان بۆ کاوە و زەهاک هەبووبێت! ئەم مێتۆلۆژییە، کوردی لە یەک نزیک کردووەتەوە و بوو بە نیشانەی بەرخۆدان لە بەرابەری دەوڵەتی داگیرکەر. شوناسخوازی لە ناوچەکانی کرماشان و ئیلام لە شوێن پرۆسەیەکی درێژخایەنی ئاسیمیلاسیۆن، ژیانەوەیەکە. بەڵام هەرجۆرە سیاسەتی هەڵەی ناوەندگەرایی بە زێهنییەتی ناسیۆنالیزمی ئێرتجاعی و ناوەندگەرا لە داهاتووی کوردستان دەتوانێت ببێتە ترازانی بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان.

*کوردستان وەک خاکێکی داگیرکراو بەردەوام لەژێر هەڕەشە و تواندنەوەدا بووە. لەم نێوانەدا ناوچەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پشکی زیادتریان بەر کەوتووە. پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆن*

*و تواندنەوە و سیاسەتی فەرهەنگیی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بە هەر دوو باڵە کارگێرییەکەیەوە واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران و رژێمی پاشایەتی بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئەم ناوچانەی کردووەتە ئامانجی خۆی. ئەزموونی ئێوە لەم بارەوە چییە؟ رۆڵی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان، بە دیاریکراوی حیزبە سیاسییەکان، کۆمەڵگای مەدەنی و هەروەها کەسایەتی و رووناکبیرانی کورد لەم بارەوە چییە؟ ئیمکان و دەرفەتەکانی بەردەم بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو سیاسەتە چییە؟*



چینی سەردەست بۆ بەرژەوەندیی خۆی هەوڵ دەدات چینی بندەست لە هەبوونی خۆی والا بکات؛ هەروەها ترسی دەوڵەتی داگیرکەر لە کۆمەڵگەی داگیرکراوە تارادەیەک نەتەنیا بۆ بەرژەوەندی بەڵکو بۆ مانەوەی زیادتری خۆی تێدەکۆشێت کە کۆمەڵگەی بندەست لە پێناسە و هەبوونی خۆی دوور بخاتەوە. یەک لەو رێگەیانەش پرۆسەی ئاسیمیلاسیۆنە. جۆرێک مەرگی تەدریجییە. پێویست ناکات تاک بە تاکی ئەو کۆمەڵگەیە بکوژن، بەڵکو زمانی کۆمەڵ دەکوژن تاکو بێتەقە هەبوونی تاک بە تاکی ئەو کۆمەڵگەیە لەناو بەرێ. ئاسیمیلاسیۆن بەرهەمی دنیای مودێرنە و لە دوو رژێمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بێوچان هەوڵی سڕینەوەی شوناسی غەیری فارسی لە جوغرافیای سیاسیی ئێران دراوە و ئەو هەوڵە لە کوردستان و بەتایبەت دەڤەری کرماشان زیادتر بووە و تارادەیەکیش بەگوێرەی دەڤەرەکانی تر دەوڵەتی ناوەندی سەرکەوتووتر بووە، باوجی چەندین هۆکاری دیار و تایبەتی هەیە. یەک لەوانە خوێندنەوەی قووڵ و تیروتەسەلی دەوڵەتی ناوەندی لەسەر مێژووی کرماشان بووە و لە درێژاییی ئەم سەد ساڵی دواییدا دەوڵەت چەواشەکاریی زۆری کردووە تاکو مێژوویەکی دەستکرد بە روانگەی پانئێرانیستییەوە بۆ کرماشان دروست بکات تاکو ببێتە سەرپۆشێک ئەرا مێژووی راستەقینە و حەقیقیی کرماشان کە بەشێک لە شوناسی کوردستانە.

مقاومەت نەکردن لە هەمبەری ئاسیمیلاسیۆن لە کرماشان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆکاری سەرەکی وەکو یەک: مەوقعییەتی ستراتژیکی کرماشان و لەسەر رێگەبوونی. کرماشان لە درێژاییی دیرۆکدا شارستانییەتێکی زۆری بەخۆوە بینیوە و هەروەها لە سەردەمی سەفەوی بەم لاوە و بەتایبەتی لە سەردەمی قاجارەکاندا، فارسە شیعەکان لە کرماشانەوە دەرباسی کەربەلا و نەجەف بوونە و هەر ئەم هاتوچووە کاریگەریی لەسەر خەڵکی داناوە کە هێدی هێدی لەگەڵ مەزهەبی شیعە ئاشنا بینەوە و لە سەردەمی قاجار رەنگە بەشێک لەو خەڵکە ئایینیان گۆڕیبووبێت و شیعەیان قبووڵ کردبێت. هەر ئەم دیاردەیە بووە هۆی ئەوەی کە دەوڵەتی ناوەندی بتوانێت خەڵکی کرماشان و ئیلام و تەنانەت لورستان و بەختیارییش زیادتر بخەڵەتێنێت. دوو: شاربوونی کرماشانە؛ شار بەپێچەوانەی گوندەوە کراوەترە بۆ قبووڵکردنی مودێرنیتە. بە هاتنی مودێرنیتە لەبەر ئەوەی کە کورد بەتایبەتی لە رۆژهەڵات دەسەڵاتی نەبووە، دەوڵەتی فارس لە رێگەی زمان و منتالیتەی فارسییەوە مودێرنیزەکردنی شارەکانی غەیری فارس دەست پێدەکات و کرماشانیش وەکو شار ئەو پێداویستییە مودێرنانە ئاسانتر لە گوند و شارۆچکەکانی تری کوردستان وەردەگرێت. لە هەمان کاتدا بە هاتنی ئەم دیاردە نوێیە لە

شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان، بەپێچەوانەی کرماشانەوە کوردی گەشە دەکات، چونکە لەوێ قانوونێک هەیە کە زمانی کوردی بەرەسمییەت بناسرێت و زمانی کوردی بۆخۆی تارادەیەک لە ڕێگەی ڕۆژنامە و کتێبەوە مژگینیهێنەری مۆدێرنیتەیە کە ڕۆژهەڵات و بەتایبەت کرماشان لێی بێبەش بووە، چونکە ئەم شارە لەژێر چاودێریی ناسیۆنالیزمی ناوەندخوازی ئێرانی بووە و تەنانەت نەیانهێشتووە یەک لاپەڕە ڕۆژنامەش بە زمانی کوردی لە کرماشان چاپ ببێت. با چیرۆکێکی شەخسیتان بۆ بگێڕمەوە، هەڵایە ساڵی ٢٠٠٥ بوو کە من بەرگی یەکەمی (ئەفسانەیل وڵات میدیا)م کە هەندێک چیرۆکی فۆلکلۆرن، برد بۆ ئیرشادی کرماشان کە موجەوزی چاپیان بۆ بگرم، بەڵام بەهۆی زمانی کوردی و ڕێنووسی کوردییەوە نەمتوانی. سێ چوار ساڵ دواتر لەربەر ئەوەی کە جمشتی ئەدەبی کوردی لە کرماشان و ئیلام هێدی هێدی گەشەی سەندبوو، ئیدی نەیانتوانی بەری ئەم شەپۆلە بگرن.

هەڵایە ساڵی ٢٠١٢ بوو کە هاوڕێ و هەڤاڵانی کورد لە شاری شاباد-کرماشان بۆ یەکەم جار نەورۆزی نەتەوەییان بەڕێوە برد کە دوایی ئەوە نەیانهێشت لە شارەکانی ڕۆژهەڵات نەورۆز پیرۆز بکرێت، ئەوەی کە هەبوو زۆرتر لە گوندەکان بوو، بەڵام دوو ساڵ لەمەوبەر بەشێوەی خۆرسک بە هەزاران کەس لە گیەلان-کرماشان نەورۆزی بەرخوەدانیان پیرۆز کرد و هەر ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە هەر ئەوساڵە و ئەمساڵیش لە زۆربەی شارەکانی تری ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی باشووری ڕۆژهەڵات نەورۆز بە جۆش و خرۆشێکی نەتەوەییەوە بەڕێوە بچێت. ئەم ئەزموونە وەڵامی داوەتەوە کە تا کاتێک بە شێوەی کۆمەڵ و گشتی لە مەیداندا نەبیت، داگیرکەر پاشەکشە ناکات، هەربۆیە ئەوەندە لە حیزب، ئێن‌جی‌ئۆ و کاری گرووپی دەترسن. لە دوای شۆڕشی ژینا(ژن، ژیان، ئازادی)یەوە کۆمەڵگەی کوردی، بەتایبەتی دەڤەرەکانی کرماشان و ئیلام تارادەیەک بووژاوەتەوە. بێگومان ئەم بووژانەوەیە کاریگەریی چ ڕاستەوخۆ و چ ناڕاستەوخۆی لایەنی سیاسی، حیزب و چینی ڕۆشنبیر لەسەر کۆمەڵگە بووە کە لەپاش پلانی سەدە ساڵەی ئاسیمیلاسیۆن، ئەم نەتەوەیە خوازیاری مافی ڕەوای خۆی بوویێت.

*پێم خۆشە پرسیارێکی گشتیتان لێ بکەم. بەگشتی داهاتووی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و گوتاری کوردایەتیدا چۆن دەبینن؟*



پێشتریش باسم کرد، بەڕاستی پتانسیەلێکی زۆر لەم دەڤەرانەی کوردستاندا هەیە و لەم ساڵانەی دواییشدا بینیمان، بەڵام هەموو شت دەگەڕێتەوە سەر پلانی سیاسی و فەرهەنگی کە دەبێت لە هەر بوارێکەوە هەزینەی بۆ بکرێت. لەپاش سەدە ساڵ ئەو هەلە ڕەخساوە کە زیادتر ئەم دەڤەرانە بناسین و کاری بنەڕەتییان بۆ بکرێت، بەڵام لەبیرمان نەچێت زێهنییەتی پان‌ئێرانیستی و ناوەندخوازی بێ‌خەیاڵ دانەنیشتووە و لەپاش کۆماری ئیسلامی دەبێت زۆر وریا بین، بۆیەش دەبێت هەتا درەنگ نەبووە کاری لەسەر بکرێت، ئاوڕێ لە سیستمی ناوەندخوازی و پاشایەتی بدەینەوە، بزانن چەندە بەشێوەی نەرم لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانیانەوە وەکو تلویزیونی

(من و تو)ووە کاریان کرد، بێئەوەی کە لە سەرەتاوە باسی سەڵتەنەتتەڵبی بکەن، بەڵام لەلایەکی ترەوە حزبە کوردییەکان جیا لەوەی کە چ تێکۆشانێکیان لە درێژاییی ئەم حەفتا هەشتا ساڵەی دواییدا بۆ نەتەوەکەیان کردووە و ماڵوێرانی و دەربەدەری و ڕەو و قەتڵوعامیان بە چاو بینیوە، بۆ لە بواری میدیاییەوە ئەوەندە بێهێز و بێپلانن. تماشا بکەن بزانن تلویزیونێک وەکو کوردکاناڵ، ئاریەن تیڤی، ڕۆژهەڵات تیڤی و ... هتد چ پلانێکیان هەبووە و هەیە بۆ فەرهەنگسازی لە ڕۆژهەڵات؟! ئایا کۆمەڵگەی ئێمە شایانی ئەوە نییە کە وەکو نەتەوەکانی تر تلویزیونێکی هەبووبێت کە بەرنامە بۆ منداڵی کورد، بۆ ڕۆشنبیر، بۆ بنەماڵە، بۆ سینەما و ... هتد بە شێوەیەکی پرۆفشناڵ دروست بکات؟! ئەگەر حزب و لایەنە کوردییەکان ناتوانن زەخت لە دەوڵەتی ئێرانی بکەن تا لە مەدرەسە زمانی کوردی پەروەردە بدرێت، بەڵام کورد دەتوانێ تلویزیونێکی فەرهەنگی دامەزرێنێت و وەها بەرنامەگەلی ساز بکات.

با کورتی بکەمەوە پلانی بنەڕەتی و زانستی لە دنیای ئەمڕۆدا سەر دەکەوێ، ئەگەر پلانێکی وەهامان هەبووبێت، دەتوانرێت باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە سەرمایەیەکی گەورەی داهاتووی ڕۆژهەڵات.

***پیشک** پاش ٧ی ئۆکتۆبەر ڕۆژهەڵاتی ناوین بەرەو گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی دەڕوات. هەندێک لە وڵاتان و بەتایبەت ئیسرائیل باس لە گۆڕانی نەخشەی سیاسیی ئەم ناوچەیە دەکەن. بە لەبەرچاوگرتنی لاوازی و کۆتاییهاتنی گرووپە تیرۆریستییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران داهاتووی کورد لە ناوچەکە و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ دەرفەت و هەڕەشەکانی ئەم نەزمە نوێیە بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان چین؟*



ئەم دۆخی تازەیە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕووی داوە، بەستەگی بە هەلومەرج و پێشقەچوونی شەڕ لە ئێران دەتوانێت ئەنجامگەلێکی جیاوازی هەبووبێت. بە بۆچوونی من ئەگەر ئەم ئاگربەستی کاتییە نێوان ئیسرائیل و ئێران کۆتایی پێ بێت و ئاگری شەڕ سەرلەنوێ گڕ بستێنێتەوە، ئێحتماڵی کوشتنی خامنەیی زۆرە و ڕەنگە لەم شەرایەتەدا لایەنی میانەڕەو(اصلاح طلب) حکومەت بگرنە دەست و بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی کە دەبینین ئامریکا لەگەڵ ڕووداوێکی وەها ڕەنگە هاوڕا بێت. ئەگەری تر هەیە کە ناوەندگەرا و ڕاستی توندڕەو لە شوێنیدان، ئەوەیە کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئیسرائیلەوە بڕووخێت و ئەو ڕاستگەرایانە بە نوێنەرایەتیی ڕەزا پەهلەوی ڕژیمی نوێ دامەزرێنن. ئەگەری سێیەم لایەنە دێمۆکرات و ئازادیخوازەکانن کە مافی نەتەوە بندەستەکان، مافی ژنان، بەرابەریی کۆمەڵایەتی و دێمۆکراسی لە چوارچێوەی ئێرانێکی فێدراڵ یان کۆنفێدراڵیان دەوێت. بۆ ئەگەری سێیەم بە باوەڕی من ئەگەر کۆماری ئیسلامی زۆرتر لاواز ببێتەوە و توانای هێرشکردنە سەر کوردستانی نەبووبێت، کورد دەتوانێت پێشەنگی دێمۆکراسی و سیستمی غەیری ناوەندی لە ڕۆژهەڵات و لە ئێراندا بێت و کورد نەتەنیا لە ڕۆژهەڵات، لە دەڤەرەکانی تریش دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەش دەتوانم بێژم کە هیچ نەتەوەیەک لە ئێران بە ئەندازەی کورد ئامادەی ڕووداوێکی وەها

نییە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەزموونی ڕێکخستنی و حزبی هەیە و لە زۆرێک لە شار و دەڤەرەکانی ڕۆژهەڵات ئەزموونی خۆبەڕێوەبەری هەیە، هەروەها کوردی ڕۆژهەڵات بێخەبەر لە کوردی باشوور و ڕۆژاوا نییە، لەوێ هەمان ئەزموون وەڵامی داوەتەوە. لە عێراقێک کە شەڕی مەزهەب دەکرێت و یەکتر دەکوژن، کورد توانیویەتی هەرێمێکی هێمن و ئارام نەتەنیا بۆ کوردستانیان بەڵکو بۆ پەنابەرانی عەرەبیش فەراهەم بکات. لە ڕۆژاوای کوردستانیش بە هەمان شێوە لەکاتێکدا گرووپە جیهادییەکان لە سوریە خەڵکیان قەتڵوعام کرد، کورد توانیویەتی لە ڕۆژاواش هەرێمێک بۆ پێکەوەژیان پێک بهێنێ. ئەم ئەزموونانە توانیویەتی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات ئامادە بکات کە لە داوڕۆژدا ببێتە میناکێک بۆ نەتەوەکانی تری فەلاتی ئێرانیش. هەرچەند لە کۆمەڵگەی ئێران بەدوورە کە شەڕی مەزهەبی و دینی وەکو سوریە و عێراق ڕوو بدات، بەڵام بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی غەیرەکورد لە ئێران بەهۆی نەبوونی حزبی سیاسی و ڕێکخستنەوە هێشتا پەزیرای دیمۆکراسی و عەدەمی تەمەرکوزی قودرت نین.

*وەک ئاگادارن ڕۆژی ٢٥ی فێبروەریی ٢٠٢٥ی زایینی پەیامێک لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەبارەت بە ئاشتی لەنێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی تورک بڵاو کرایەوە. ئەم پەیامە کۆمەڵێک پەراوێز و ڕوانگەی جیاوازی لێ کەوتەوە. هەندێک لە خاوەنڕایان پێیان وایە ئەمەش دەتوانێت یەکێک لە لێکەوتەکانی ٧ی ئۆکتۆبەر و دیزاینی نوێی ناوچەکە بێت. بەو پێیە کە ئاڵوگۆڕ لە هەر بەشێکی کوردستان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بەشەکانی تری کوردستان دادەنێت، پێتان وایە کاریگەریی ئەم ڕەوتە لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟ دەرفەت و هەڕەشەکانی ئەم ڕەوتە نوێیە بە بۆچوونی ئێوە چین؟ ئەم پەیامە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن وەردەگیرێت؟*



سیاسەتی ڕژێمی نوێی ترکیە واتە لەگەڵ هاتنی ئاتاترکەوە، لەسەر تونەکردنی(سڕینەوەی) کورد و نەتەوەکانی تری ئاناتۆلی دامەزراوە. ئیدی باسی سەدەگەلی پێشووتر ناکەم کە ترک کاتێک لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوە دێن، بە خوێنڕشتن و قەتڵوعامی بیزانس، ئەرمەنی، یوونانی، کورد، ئاشووری و ... هتد ئەم وڵاتانەیان داگیر کردووە. ئەوەش بێژم نەتەنیا ئێستە، بە ساڵانە کورد لە باکوور باسی برایەتیی کورد و ترک دەکات، بەڵام تەوازنی قودرەت لە ناوبەری کورد و ترک نییە و ئەمە دەوڵەتی ناوەندیی ترکە کە دەبێت کوردی قبووڵ بووبێت.

ئێمە لە پێشینەی دەوڵەتی ترک حەتا دانپیانانێک نابینین کە چ قەتڵوعامێک لە ئەرمەنی، کورد، یونانی و نەتەوە کەمینەکانی ئەو جوغرافیایە کردووە. دەوڵەتی ترک هێشتا بەشێوەی ڕەسمی قبووڵی نەکردووە کە ترکە گەنجەکان هەڵایە میلیۆن و نیوێک ئەرمەنییان ژینۆساید کردووە، ماڵ و دووکانی یوونانییەکانی ئەستەنبوڵ و شارەکانی تریان سووتاندن و ئەو شارستانییەتەیان لەناو برد. دەوڵەتی ترک لە ساڵانی ١٩٣٧ تا ١٩٣٨ تەنیا لە شاری دەرسیمی باکووری کوردستان نزیکەی حەفتا هەزار کوردیان قەتڵوعام کرد، تەنانەت ناوی دەرسیمیشیان کرد بە (تونجەلی) کە ناوێکی ترکییە. ئیدی باسی گەلیی زیلان و سووتاندی ئەو هەمووە گوندەی باکوور ناکەم کە بە میلیۆن کوردیان ئاوارە کرد. تماشای بە دیرۆکی ئاڵمان بکەن، لە دوای

شەڕی دووەمی جیهانی نە خەڵکی ئاڵمان و نە دەوڵەتی ئاڵمان نەتەنیا شانازی بە ژینۆسایدی هۆلۆکاستەوە ناکەن، بەڵکو شەرمیشی لێ دەکەن. ئایا دەوڵەتی ترک کە تەنانەت ناوی (دەرسیم)یشی بەکار نایەنێ، ئایا دان بە مافی ڕەوای کورد دادەنێت. با نموونەیەک بهێنمەوە، بەڕێز ئۆجەلان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەی دا و هەڵوەشاندنەوەی حزبێکی کە نزیکەی پێنج دەیە لە هەمبەری دەوڵەتی ترک شەڕ دەکات و هەزاران کچ و کوڕی گەریلایان شەهید بووە لەپێناو ئازادیی کوردستان، بەڵام پەکەکە بۆ مەسەلەی پرۆسەی ئاشتی نەتەنیا هەنگاوێک بەڵکو کۆنگرەی هەڵوەشاندنەوەی خۆی گرت کە هەنگاوێکی یەکجار مەزن بوو بۆ ئەوەی کە مەسەلەی کورد چارەسەر ببێت، بەڵام تا ئێستەی کە ئێمە ئەو وتووێژە دەکەین، دەوڵەتی ترک هیچ هەنگاوێکی لەپێناو ئەو پرۆسەیەدا هەڵنەگرتووە.

ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی خەریکە بەرەو قۆناخێکی نوێ دەچێت و ئەگەر کورد بتوانێت خۆی باش ڕێکخستن بکات، دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورەی هەبێت لە دیزاینی نوێی ئەم مەنتەقەیەدا. هەروەها کورد دەتوانێت نموونەیەکی باش بێت بۆ سیستەمی نوێی ئەم ناوچەیە. هەر ئەو جۆرەی پێشتریش باسم کرد، دوو نیمچە دەسەڵاتی کوردی لە ڕۆژاوا و باشووری کوردستان هەیە کە بوونە هێمای پێکەوەژیانی گەلان.

بەڕێز ئۆجەلان دەستی دۆستی و برایەتی بۆ ترک درێژ کردووە، ئەگەر لە ئەنجامدا ئەم شێوە بیرۆکەیە وەڵامدەرەوە بێت و کورد لە جوغرافیای سیاسیی ترکیە بتوانێت وەکو کوردستانییەک لەپاڵ ترکێک بژیت، بێگومان دەبێتە نموونەیەکی باشیش بۆ ڕۆژهەڵات. ئێمەی ڕۆژهەڵاتییش دەمانەوێ لەگەڵ نەتەوەکانی تردا بژین، ئەگەر دەسەڵات دان بە مافەکانی ئێمە دابنێت.

لە کۆتاییدا بەم ڕستەیە کۆتایی پێ دێنم؛ کوردی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەکو بەشەکانی تری ئەم وڵاتە چاوەڕوانن کە بزانن دەستکەوتی پرۆسەی ئاشتی لە باکوور و ترکیە بەرەو کوێ دەچێت کە بێگومان ئەنجامەکەی چ بە ئەرێنی و چ بە نەرێنی دەتوانێت کاریگەریی زۆری لەسەر ئەم دەڤەرە و هەموو ڕۆژهەڵات دابنێت.

# وتووێژ لەگەڵ
# مەریوان وریا قانع

چاوپێکەوتن: مستەفا زەنگین

*پێشک: کاتێک کوردستان بە دۆخی وڵاتەکانی وەک جەزائیر، ئەفریقای باشوور و هیندووستان بەراورد دەکەین، ئاخۆ دەتوانین بڵێین لە کوردستاندا کۆلۆنیالیزم هەیە یا کوردستان وڵاتێکی کۆلۆنیزەکراوە؟ ئەگەر وەها بێ، شێوەی ئەم کۆلۆنیالیزمە چۆنە؟*



بە بۆچوونی من وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان نییە و بە دەگمەن نەبێت لە ناوەندی سیاسی و ڕۆشنبیریی ئێمەشا قسە و باسێکی ئەوتۆی لەسەر نەکراوە. هەندێک لە هێزە سیاسییەکانی کوردستان، لە قۆناغێکدا، کوردستانیان وەک "وڵاتێکی داگیرکراو" و وەک "کۆلۆنی" ناو ناوە و مامەڵەکردووە. دروشمی "مافی چارەنووس" و "کۆتاییهێنان بە کۆلۆنیالیزم" و "دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەییی سەربەخۆ"یان هەڵگرتبوو. زۆرینەی هەرە زۆریان هەرگیز ئەم کارەیان نەکردووە و کوردستانیان وەک وڵاتێکی داگیرکراو وێنا نەکردووە، بەڵکوو وەک بەشێک لەو وڵاتانە وێنایان کردووە کە لە دوای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە دروست کراون.

ئەوەی من دەتوانم لێرەدا وەک سەرەتایەک بیڵێم ئەوەیە کە بەر لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەهەم، شتێک لەو ناوچەیەی ئێمەدا بەناوی "نەتەوە" و "سەرزەمینیی نەتەوەیی" و "خواستی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی" بوونی نەبووە. نە عەرەب و نە تورک و نە فارس و نە هیچ گرووپێکی ئەتنیی تر، لە بەشە موسڵانەکەی ئیمپراتۆریەتی عوسانیدا، خۆیان وەک "نەتەوە" و زادگاکانیان وەک "نیشتمانێکی نەتەوەیی" وێنا نەکردووە. چەمکی "نیشتمان"، بەو مانایەی ئەمڕۆ لێی تێدەگەین، واتە نیشتمان وەک سەرزەمینێکی نەتەوەیی، تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم بوونی نەبووە. ئەوەی لە ناوچەکەدا ئامادە بوو کۆمەڵێک ئیمپراتۆریەتی دینیی گەورە بوون کە دواهەمینیان ئیمپراتۆریەتی عوسانی بوو. زۆرینەی هەرەزۆری کوردەکانی ئەمڕۆکەی تورکیا و سووریا و عێراق، بەشێک بوون لە دانیشتووانە موسڵانەکەی ئەو ئیمپراتۆریەتە و شوناسی سەرەکییان وەک شوناسی ئیمپراتۆریەتەکە، شوناسی عوسانییبوون بووە و سەرزەمین و نیشتمانەکەشیان وەک بەشێک لە جوگرافیای ناو قەڵمڕەوی عوسمانییەکان بینیوە. لە ئاستی ناوچەیی و لۆکاڵیشدا، چەندان ئیمارەت و دەسەڵاتی ناوچەییی جیاواز هەبوون و ئەو ئیمارەت و دەسەڵاتانە لە لایەن خێزانە ئەرستۆکراتی و دەرەبەگەکانی کوردستانەوە بەڕێوەبراون. لەم قۆناغەدا شتێک بەناوی "کۆلۆنیالیزم" و "کۆلۆنی" و "داگیرکردن" و "داگیرکاری" بوونی نەبووە. ئەم کۆمەڵە چەمک و ئەم زمانە سیاسی و تیۆرییە، لە سەدەی بیستەمدا و لەگەڵ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە فۆرمە سیاسییەکەیدا، لەدایک دەبێت. تا ساتەوەختی کەوتنی ئیمپراتۆرییەتەکە، ڕووبەرێکی گەورەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەش و پارچەی جیاوازی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسانی بوون و شوناسی دینیی خۆیان و شوناسیی دینیی ئیمپراتۆرییەتەکەیان وەک یەک شوناس بینیوە. لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆرییەکە و سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم لە شێوە سیاسییەکەی و هاتنی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپیدا، چەمکەکانی "نەتەوە" و "نیشتمانی نەتەوەیی" و "مافی سەربەخۆبوون" و دروستکردنی "دەوڵەتی نەتەوەیی" لەدایک دەبن. لەگەڵ بزوتنەوەی دژە کۆلۆنیالیزمیشدا، مەسەلەی "شۆڕش" و "یاخیبوون" و "خەبات" بۆ بەدەستهێنانی "مافە نەتەوەیییەکان" لەدایک دەبن.

لەم قۆناغەدا، کە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە دەست پێ دەکات، ئەوەی گۆڕانێکی ڕیشەییی بەسەردا دێت، پێگە و شوێن و جێی دانیشتووانی کوردستانە

لە "ڕەعیەتێکی عوسمانیی"یەوە بۆ "کەمینەیەکی نەتەوەیی" لەناو چوارچێوە سیاسییە تازە دروستکروەکانی دوای جەنگی جیهانیی یەکەمدا. کورد لەناو ئەو چوار دەوڵەتە تازەیەدا کە لە ناوچەکەدا لەسەر وێرانەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دروست دەکرێن، دەبنە "کەمینەیەکی ئەتنی" و "نەتەوەیی"ی چەوساوە و مافە سیاسی و کەلتوری و کۆمەڵایەتییەکانیان، دواکاری و خواستەکانیان، وەک هەڕەشە لەو دەوڵەتانە و وەک کێشەیەکی ئەمنیی گەورە مامەڵەکراوە. بۆیە زۆر بە توندی وڵام دراوەتەوە و لە هەندێک ساتدا تا ئاستی جینۆساید ڕۆیشتووە.

لەم ژینگە سیاسییە تازەیەی دوای جەنگی جیهانیی یەکەمدا، ئەو شتە دروست دەبێت کە ناوی "مەسەلەی کورد"ە و ئەو بزوتنەوەیەش دروست دەبێت کە ناوی "ناسیۆنالیزمی کوردی"یە. ئەم ناسیۆنالیزمە، وەک هەموو ناسیۆنالیزمێک لە دونیادا، چەمکەکانی "نەتەوە" و "نیشتمان" و "مافی چارەنووس" و "مافی سەربەخۆبوون" دروست دەکات و دەیکاتە بنەمای وێناکردنی خودی خۆی و ئەوانەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. وێناکردنی کوردستان وەک "کۆلۆنییەک" و وەک "سەرزەمینێکی داگیرکراو"، وەک "وڵات" و "نیشتمانێکی سەربەخۆ" و "جیاواز" بەرهەمی ئەم گۆڕانکارییە سیاسی و ڕەمزییەیە.

کوردستان، وەک هەموومان دەزانین، چوار پارچەیە و هەر پارچەیەکی بەشێکە لە دەوڵەتێکی دروستکراو لە ناوچەکەدا. مێژووی سەد ساڵی ڕابردوو، ئەو ڕاستییە سادەیەی نیشان داوە، ئەو دەوڵەتانە نەیانتوانیوە گەشە بکەن بۆ "دەوڵەتێکی نەتەوەیی"ی پلۆرال و دیموکرات، کە تیایدا چەمکی نەتەوە، چەمکێکی "ئەتنی" و "دینیی" نەبێت، بەڵکوو چەمکێکی سیاسیی مەدەنیی پلۆرال و دیموکرات بێت و ئەوەی دانیشتووانە جیاوازەکانی ناو ئەو دەوڵەتانە بە یەکەوە کۆدەکاتەوە، دوو فۆرم لە ماف بێت. یەکەمیان مافی هاووڵاتیبوونی یەکسانە، دووهەمیان مافی دەستەجەمعیی تایبەتی هەر پێکهاتێکی ناو ئەو دەوڵەتەیە. هەردوو مافەکەش بەشێک بن لە سیستمێکی سیاسیی دیموکراتیی فرەکەلتووری و فرەئەتنیدا.

ئەم دەوڵەتانە بە درێژاییی سەدەی بیستەم و لە دوو دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمدا، هەریەکەیان بە شێوازی جیاواز، جۆرێکی تایبەت لە دەوڵەتی "نانەتەوەیی" و "ناهاووڵاتیی" و "نامافن"، یاخود "بە تەنها دەوڵەتی نەتەوەیی"ی یەکێک لە ئەتنیکەکانن. کێشەی کورد، بەم مانایە، بەشێکە لە کێشە سیاسییە هەرە گەورە و بنەڕەتییەکانی ئەم دەوڵەتانە. کێشەی کەمینەیەکی ئەتنییە لەناو دەوڵەتێکی نادیموکرات و دەسەڵاتگەردا، کە هیچ فۆرمێک لە فۆرمەکانی پلورالیزمی سیاسی و ئەتنی و دینیی قبووڵ نییە و زیاتر دەوڵەتێکی شۆڤێنییە تا دەوڵەتێکی مافپەروەر. چارەسەری ڕاستەقینەی ئەم کێشەیەش لە دوو جۆر چارەسەر تێپەڕناکات. یان گۆڕانی ئەو دەوڵەتانە بۆ دەوڵەتی هاووڵاتیی و ماف و دادپەروەری، واتە بۆ دەوڵەتێکی مەدەنیی دیموکرات و فرەکەلتوور و فرەئەتنی. یان ئەوەیە دانیشتووانی پارچە جیاوازەکانی کوردستان لەوەدا سەر دەکەون، هەریەکێکیان یەکەی سیاسیی سەربەخۆ و دانپیانراو بۆ خۆیان دروست بکەن و کۆتایی بەو دۆخی چەوساندنەوە و بیافی و پەراوێزخستنە ئەتنی و نەتەوەییە سیستماتیکییە بهێنن، کە هەندێک جار تا ئاستی پاکتاوکردن و جینۆساید ڕۆیشتووە و دەڕوات. بە بۆچوونی من گرنگ نییە ئێمە پەیوەندیی نێوان کورد و دەوڵەتە مەرکەزییەکان چۆن پێناسە

بکەین؛ ئایا پەیوەندییەکی کۆلۆنیالییە یان پەیوەندییەکی دەسەڵاتگەرانەی چەوسێنەرە، گرنگ ئەوەیە لەوە تێبگەین کە شتێک هەیە ناوی مەسەلەی کوردە و ئەم مەسەلەیەش تەنها بە یەکێک لەو دوو چارەسەرەی لە سەرەوە هێمام پێ کرد، کۆتایی پێ دێت.

*کۆلۆنیالیزم، وەک فرانتس فانۆن باسی دەکات و جەنابیشت لە کتێبی خۆت بە ناوی "مرۆڤ و کەرامەت"دا سەرنجمان بۆ ئەو بابەتە ڕادەکێشی، بە شێوازی سیستەمی شکاندنی کەرامەت کار دەکات. ئەم سیستەمە لە کوردستان چۆن کار دەکات و کەرامەت بۆ نەتەوەیەک چەندە گرنگە؟*



کەرامەت یەکێک لە چەمکە سیاسییە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی ناو دونیای مۆدێرنە. کتێبی "مرۆڤ و کەرامەت" بە وردی ژینالۆژیای دروستبوونی ئەم چەمکە و چۆنیەتیی بوونی بە بەشێک لە سیستەمە سیاسییە دیموکراتەکان و لە وێناکردنێکی نوێ بۆ مرۆڤبوون، نیشان ئەدات. کەرامەت هێماکردنە بۆ نرخی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ئەبستراکت. نرخی مرۆڤ وەک مرۆڤ، بە دابڕاوی لە ئینتما ئەتنی و دینی و فەرهەنگی و ڕەگەزییەکەی. مامەڵەکردنی کورد وەک کەمینەیەکەی بێماف، وەک هەڕەشە و کێشەیەکی ئەمنی، وەک هاووڵاتیی پلە دوو و پلە سێ، بەر لەوەی پێشێلکردنی هەندێک مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بێت، هێرشێکی ڕاستەوخۆیە بۆسەر مرۆڤبوونی ئەو وەک مرۆڤ، دەستدرێژیکردنە بۆسەر کەرامەتی.

لای فانۆن کۆلۆنیالیزم پرۆژەیەکی توندوتیژە و هەوڵدانە بۆ دروستکردنی مرۆڤێک کە خۆی بە بچووک و گەمژە و ناگرنگ بزانێت؛ واتە خۆی بە کەسێک بزانێت کە کەرامەتی نییە، یان کەرامەتێکی نوقسانی هەیە. فانون پێی وایە کۆلۆنیالیزم لە پرۆسەی شکاندنی کەرامەتی مرۆڤە داگیرکراوەکاندا "گرێی خۆبەکەمزانین" لە ناو هەر یەکێکیاندا دەچێنێت و وایان لێ دەکات خۆیان خۆیان بە کەمتر لە مرۆڤ بزانن. فانون لە کتێبی "چەوساوەکانی سەرزەوی"دا پێی وایە "توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە"ی می؛لەتە داگیرکراوەکان، یاخیبوونی چەکدارانە، کوشتنی کەسانی سەر بە هێزە کۆلۆنیالەکان، تەنها مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان فەراهەم ناکات، بەڵکوو ئەو بوونەوەرە کۆلۆنیالکراوانە لە ناوەوە لە گرێی خۆبەکەمزانین ڕزگاردەکات. واتە توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە، لەپاڵ کاریگەرییە سیاسییەکانیدا، کاریگەریی سایکۆلۆژیی گەورەشی لەسەر کەسی کۆلۆنیالکراو هەیە. "جان پۆل سارتەر" کە پێشەکیی بۆ کتێبەکەی فانون نووسیوە، ڕادیکاڵانەتر ئەم دیدە بۆ توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە، فۆرمولە دەکات و پێی وایە ئەگەر کەسێکی جەزائیری لە جەزایردا، کەسێکی فەرەنسی بکوژێت، ئەمە کوشتنی دوو چۆلەکەیە بە یەک بەرد. لەسەرێکەوە کەسێکی داگیرکەر کەمتر، لە سەرێکی ترەوە کەسێکی ئازاد زیاتر. من باوەڕم بەم دیدە فانونی و سارتەرییە نییە و پێم وا نییە توندوتیژی مرۆڤی ئازاد دروست بکات؛ بەڵام تێزەکە لە پەیوەندیدا بە کەرامەتەوە تێزێکی ڕاستە و کۆلۆنیالیزم مانای بێکەرامەتکردنی کەسی کۆلۆنیالکراو و دارشتنەوەی کەسایەتیی ئەو کەسە وەک مرۆڤێکی کەم و بێنرخە. ئەم سیاسەتە لە پەیوەندی بە خەڵکی کوردستانەوە بەردەوام ئامادە بووە و تا ئەمڕۆش لە هەندێک بەشی کوردستاندا ئامادەیە.

*جەنابت کاتێک باسی سیاسەتی*

*ماکیاڤێللی دەکەیت، لەبارەی ئەم بەتەدا دەڵێیت "لای ماکیاڤێللی سیاسەت، تەکنەلۆژیای سەرەکیی حوکمڕانیکردنە". ئایا ئێمە دەتوانین ئەم باسەی جەنابت بۆ کۆلۆنیالیزم لە کوردستانیش قەبوول بکەین؟ یەعنی ئێمە دەتوانین بڵێین کۆلۆنیالیزم، تەکنەلۆژیای سەرەکیی حوکمڕانیکردن لە کوردستانە؟*



چینی سەردەست بۆ بەرژەوەندیی خۆی لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا باسم لەوە کرد گرنگ نییە کوردستان وەک سەرزەمینێکی کۆلۆنیالکراو ببینین یان وەک هەر شتێکی دیکە، ئەوەی گرنگە لەوە ئاگاداربین شتێک هەیە ناوی "مەسەلەی کورد"ە و داخوازیی سەرەکیی ئەم مەسەلەیەش بریتییە لە گەڕان بەدوای داننان، ئیعتیراف، recognition، بە بوونی ئەودا وەک گرووپێکی ئەتنیکی و نەتەوەیی خاوەن ماف، مافی تاکەکەسی و مافی دەستەجەمعی. داننان مانای بەرەسمی ناسینی ئەو شوناسەی کە تۆ وەک تاکەکەس و وەک بوونێکی دەستەجەمعی بە شوناسی خۆتی دەزانیت. داننان بە تاکەکەسی کورددا وەک بوونەوەرێکی خاوەن مافی یەکسان لەگەڵ ئەوانی تردا، داننان بە کوردبووندا وەک شوناسێکی دەستەجەمعی و قبووڵکردنی یەکسانیی ئەو شوناسە بە شوناسەکانی تر وەک شوناسێکی دەستەجەمعی. ئەوەی وەک "تەکنۆلۆژیای حوکمڕانی" لە کوردستاندا کاردەکات، بریتییە لە ئینکارکردنێکی بەردەوام و سیستەماتیکی ئەم داننانە تاکەکەسی و دەستەجەمعییە. چەمکی "تەکنۆلۆژیای حوکمڕانی" چەمکێکی فوکۆییە و باس لە عەقڵانییەتی حوکمڕانی و چۆنیەتیی ئیشکردنی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگادا دەکات. "تەکنۆلۆژیای حوکمڕانی" لە کوردستاندا، تەکنۆلۆژیای کورتکردنەوەی "داخوازییە سیاسی و فەرهەنگییەکان"ی میللەتی ئێمەیە بۆ "هەڕەشە"؛ "هەڕەشەیەکی وجودی" بۆ سەر شوناس و ئاسایشی ئەو دەوڵەتانەی کوردستان کراوە بە بەشێک لێیان. هەڕەشەیەکی ئەمنی و وجودی نەک تەنها بۆ سەر دەزگاکانی دەوڵەت و خاکی ئەو دەوڵەتانە، بەڵکوو بۆ سەر شوناسی ئەتنیکیی زۆرینە باڵادەستەکان. بەمەش بەخشینی ڕەوایەتی بە هەموو تەکنیک و میکانیزمەکانی بێدەنگکردن و سەرکوتکردنی خەڵکی کوردستان تا ئاستی لەناوبردنی یەکجارەکییان، هاوکات وێرانکردن و گواستنەوە و گەمارۆدانێکی سەربازی و ئابوری و فەرهەنگیی ناوچە کوردنشینەکان و مامەڵەکردنیان بە لۆژیکی ناوچەی جەنگ و هەڕەشە و نائارامی. سیاسەت لەم دۆخانەدا دەگۆڕێت بۆ جەنگ، یاخود لە نێوان سیاسەت و جەنگدا سنوور و مەسافەیەکی قابیلی باسکردن ناهێڵرێتەوە؛ بێگومان بە پلە و ڕادەی جیاواز لە هەر پارچەیەکی کوردستان و لە ساتەوەختە مێژووییە جیاوازەکاندا. بە کورتییەکەی تەکنۆلۆژیای حوکمڕانی لە کوردستاندا بریتییە لە "تەکنۆلۆژیای گۆڕینی ماف بۆ هەڕەشە"، "دارشتنەوەی خواستە سیاسییەکان وەک هەڕەشەی ئەمنی"، "گۆڕینی تاکەکەس بۆ مرۆڤێکی تاوانبار"، "وێناکردنی شوناسی کوردبوون وەک پەلامارێکی وجودی"، "گۆڕینی پراکتیکی سیاسییە بۆ پراکتیکی سەربازی"، "خۆدزینەوەیە لە داننان بەویدیدا وەک بوونێکی خاوەن ماف" و هتد. بە شێوەیەکی گشتیی هەموو ئەمانە بەشێکن لەو تەکنۆلۆژیای حوکمڕانییەی لە بەشە جیاوازەکانی کوردستاندا ئامادەبووە و تا ئەمڕۆش، کوردستانی عێراقی دوای کەوتنی ڕژێمەکەی سەدام حوسەینی لێ دەرچێت، لە بەشەکانی تردا بە خەستی ئامادەن. لە ئاستی دەوڵەتیدا ئەو تەکنۆلۆژیا

تایبەتانەی حوکمڕانی لە کوردستاندا، مانای گۆڕینی دەزگاکانی حوکمڕانییە لەو وڵاتانەدا بۆ دەزگای ئیهانەکردن و سووکایەتیکردن و بێنرخکردنی ڕۆژانە و سیستماتیکییانەی کوردبوون. ئەم فۆرمانە لە تەکنۆلۆژیای حوکمڕانی، تێکەڵێکی ئاڵۆزن لە فۆرمەکانی حوکمڕانیی کۆلۆنیالیانە لەگەڵ حوکمڕانیی نادیموکرات و دەسەڵاتگەرانەی ئەزموونە سیاسییە ترسناکەکانی سەدەی بیستەم.

*لە تورکیا و باکووری کوردستان، لە چوارچێوەی کۆلۆنیالیزم و لێکۆڵینەوەی سپیدا، گەنگەشەی تورکایەتی و کوردایەتی هەیە. بۆ نموونە، "بارش ئۆنلوو" نووسەر و ئاکادیمیسیەنی تورک باسی "گرێبەستی تورکایەتی" دەکات. بە گوتەیەکی دیکە، کاتێک باس و بابەت دێتە سەر کوردەکان، هەموو تورکەکان لە هەموو بەشەکانی چینایەتی، پیشەیی، تەمەنی، زایەندی، ئایینی و مەزهەبی، بە "گرێبەستێکی شاراوەی سیمبۆلیک"، لە دژی کوردەکان دەبن بە یەک. ڕای جەنابت لەسەر ئەم بابەتە چییە؟ ئایا ئێمە دەتوانین بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان باسی گرێبەستێکی لەم شێوەیە واتا باسی "گرێبەستی عەرەبایەتی" یا "گرێبەستی فارسایەتی" بکەین؟*



باوەڕم بەوە نییە "هەموو تورک بەشێک بن لەو "گرێبەستی تورکبوون"ە، هەمیشە بەشێکی ئەو کۆمەڵگایە دژ بەم بەتورکیکردنەی هەموو پێکهاتەکانی ناو ئەو وڵاتەیە و ڕەخنەگرانە بەرانبەر بەم فۆرمە لە ناسیۆنالیزم وەستاون. بێگومان ئێوە لەوەدا ڕاست دەکەن کە زۆرینەی ئەو کۆمەڵگایە بەرگری لەو گرێبەستە دەکات و ناسیۆنالیزمی تورکی لە فۆرمە توێنەرەوەکەیدا بووە بە بەشێک لە سایکۆلۆژیا و زمان و وێناکردنەکانی زۆرینەی کۆمەڵایەتیی ئەو کۆمەڵگایە. ئەمانە ئەو گرێبەستە بە بنەمای شوناسی تاکەکەسی و دەستەجەمعیی خۆیان و بە بنەمای شوناسی دەوڵەت و خاکی تورکیا دەزانن. بە بۆچوونی من پێگەی کورد لە هەر یەکێک لە وڵاتانەدا کە تیایدا وەک کەمینە دەژی جیاوازە؛ لە تورکیادا نکوڵیکردنێکی هەمەلایەن و توندوتیژ لە سەرجەمی دەرکەوتەکانی شوناسی کوردبوون هەیە. لە عێراقدا ئەم دۆخە بوونی نییە و لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتی عێراقیدا شتێک لە ئیعترافکردن بە کوردبوون هەبووە. لە ئێراندا ئیعترافی ڕەسمی بە کوردبوون لە ئارادا نییە، بەڵام ئەو سیاسەتی ئینکارکردن و تواندنەوەیەی لە تورکیادا هەیە لەو وڵاتەدا نییە. هەمیشە پەراوێزێکی بچووک بۆ تەعبیرکردنی ڕەسمی لە کوردبوون لە ئێراندا هەبووە. هەرچی سووریایە زیاتر لە مۆدێلە تورکیەکە نزیکە تا ئەوانی تر.

ئەگەر بمەوێت لەسەر عێراق کەمەکێک وردتر قسە بکەم دەکرێت بڵێم "عروبە"ی عەرەبی جیاوازە لەو "گرێبەستی تورکبوون"ەی ئێوە باسی دەکەن. عروبە شوناسێکی سیاسیی نییە، ناسیۆنالیزم نییە بە مانا سیاسییەکەی، بەڵکوو شوناسێکی کەلتوری و فەرهەنگییە. عروبە ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی نییە، شتێک نییە بخوازێت هەمووان بکات بە عەرەب؛ کورد لە عێراقدا هەوڵی ڕاستەقینە بۆ بەعەرەبکردنی نەدراوە. وەک یەکێک لە تیوریستە گرنگەکانی بواری ناسیۆنالیزم لە جیهانی عەرەبیدا دەڵێت، مەبەستم "عەدید داویشە"یە، دەڵێت عروبە "شوناسێکی کولتورییە"، مەبەست لێی تواندنەوەی ئەوانی تری ناعەرەب نەبووە و نییە، بەڵکوو مەبەست لێی سەرکەوتنە بەسەر دابەشبوون و پارچەپارچەبوونە

دینیی و تائیفی و خێڵەکییەکانی ناو جیهانی عەرەبی. لە عروبەدا عەرەبێک پێ لەسەرئەو ڕەهەندە کەلتورییە دادەگرێت کە عەرەبی بەشە جیاوازەکانی دونیای عەرەبی بەیەکترییەوە گرێ ئەدات، بەڵام بەرگری لە فۆرمێکی سیاسیی دیاریکراو ناکات. "عروبە" و "قەومیەتی عەرەبی"، (القومیە العربیە)، دوو شتی جیاوازن. یەکەمیان پێداگرتنە لەسەر یەکێتی و وێکچوونێکی کەلتوری، بەڵام دووهەمیان پرۆژەیەکی سیاسییە.
بەعس و ناسریزم، کە دوو فۆرمی سەرەکیی پان عەربیزمن و باس لە "عروبە" و "یەکێتیی خاک و نەتەوەی عەرەب" دەکەن، باس لە تواندنەوەی نەتەوەکانی تر لەناو نەتەوەی عەرەبدا ناکەن. لە عێراقدا شوناسی کوردبوون، بێگومان بەو جۆرەی بەعس لەو شوناسە گەیشتبوو، بەشێک بوو لە ڕێزمانی سیاسی و فەرهەنگیی وڵاتەکە. خوێندن بە زمانی کوردی هەبوو، ڕۆژنامە و گۆڤار و ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن بە زمانی کوردی هەبوون، چاپخانە و یەکێتیی نووسەرانی کورد، هتد... هەبوو، شتێکیش هەبوو بەناوی "ئۆتۆنۆمی"یەکی کارتۆنییەوە بۆ ناوچە کوردییەکان، کە سەرەڕەای کارتۆنیبوونەکەی، شتێک لە ئیعترافی سیاسی و فەرهەنگی بە کوردبوونی تێدا بووە. هەموو ئەمانە تەواو جیاوازە لەو دۆخەی لە تورکیادا هەبووە و هەیە. لە عێراقیشدا هەمیشە دوو شێوە لە ناسیۆنالیزمی جیاواز بوونیان هەبووە. یەکەمیان ناسیۆنالیزمی عێراقییە کە تیایدا کورد وەک بەشێک لە عێراق بینراوە؛ دووهەمیان پان عەرەبیزمە کە بە گومانەوە سەیری کەمایەتییەکانی ناو جیهانی عەرەب دەکەن. ئەم دۆخە وای کردوە شوناسی کوردبوون لە عێراقدا مێژوویەکی تەواو جیاواز بژی لەوەی تورکیا و بەشەکانی تر.

*لە پرۆسەی داگیرکردنی ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە، ئێمە بینیمان دین و ئایین وەک ئامرازێک بۆ کۆلۆنیالیزم و داگیرکردنی کوردستان بوون. سەدام حسێن چۆن لە سوورەتێکی قورئان، واتا سوورەتی "ئەنفال"، کەڵکی وەرگرت، دەوڵەتی تورکیش بە هەمان شێوەی لە سوورەتی "فەتح" کەڵکی وەرگرت. ئەمە نیشان دەدا کە دین و ئایین دەتوانێت ئامرازێک بێت بۆ کۆلۆنیزە کردن و داگیرکردنی کوردستان. بەڵام لە پرۆسەی داگیرکردنی ڕۆژاوای کوردستاندا ئێمە شاهید بووین کە بەشێک لە مەلاکانی باشووری کوردستانیش بە هەمان شێوە دژی ئەو داگیرکردن دەرکەوتن و دەوڵەتی تورکیان وەک دەوڵەتێکی داگیرکەر ناو برد. لە چوارچێوەی ئەم دۆخەدا ئێمە دەتوانین بڵێین دین بە هەمان شێوە دەتوانێت ببێتە ئامرازێک لە دژی کۆلۆنیالیزم؟ واتا دەرفەت هەیە بۆ ئەوەی ئێمە باسی لایەنی دژە کۆلۆنیالیزم (ئانتی کۆلۆنیالیزم)ی دین بکەین؟*



دین دەشێت بە هەموو ئاراستەکاندا ڕابکێشرێت و ببرێت، دەشێت ببێت بە ئامرازێک بە دەستی ستەمگەرانەوە، وەک لای داعش و لای ئایەتوڵڵاکان لە ئێران و لە سعوودیە و ئەفغانستان و زۆر شوێنی تردا، بینیمان و دەیبینین. دەشێت بەشێکیش بێت لە خەبات دژ بە ستەمگەری و داگیرکردن، وەک "تیۆلۆژیای ئازادیخوازی" لە ئەمریکای لاتین و وەک ڕۆڵی مەسیحییەت لە بەهێزکردنی "بزوتنەوەی سۆڵیدارێتی" لە پۆڵەندا، یاخود ڕۆڵی ئیسلام لە جەزائیر لە جەنگی ڕزگاریخوازیی ئەو وڵاتەدا دژ بە کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی. یان ڕۆڵی هێزێکی دینی وەک ئەلنەهزە لە تونسی ئەمڕۆدا.
یەکەمین وانەیەک لە سۆسیۆلۆژیا و

ئەنترۆپۆلۆژیای دینەوە فێری ببین ئەوەیە کە دین جەوهەرێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی نییە؛ شتێک نییە بە یەک مانا و لە یەک فۆرمدا بۆ هەتاهەتایە لە جیهاندا ئامادە بێت. دین بریتییە لە کۆی تەفسیرەکانی دین؛ بریتییە لەو شتەی بکەرە دینییە مێژووییەکان دروستی دەکەن. ئەمانەش هەمیشە لانیکەم لە ناو سێ جۆر پەیوەندیی مێژووییدا ئامادەن کە کاریگەریی گەورە لەسەر روانینیان بۆ دین بەجێ دەهێڵێت. مەبەستم لەو سێ جۆر پەیوەندییە، "پەیوەندییەکانی دەسەڵات" و "پەیوەندییەکانی مانا" و "پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانە". ئەم راستییە سادانە وا دەکەن وەک چۆن ئیسلام لای سەدام حوسەین مانایەکی هەبوو پەیوەست بە بەخشینی رەوایەتییەوە بە پەلامارەکانی ئەنفال وەک کردەیەکی جینۆسایدی، وەک چۆن مزگەوتەکانی تورکیا دەهۆڵی جەنگ بۆ ئەردۆگان لێدەدەن و وەک "فاتحێکی دینی" نمایشی دەکەن، بەهەمان شێوە لە مێژووی ئێمەشدا بەردەوام جۆرێک لە دین و جۆرێک لە دینداران هەبوون و هەن کە بەشێک بوون و بەشێکن لە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی میللەتی ئێمە. لە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهرییەوە بیگرە بۆ قازی محەممەد و لەوێشەوە بۆ شێخ عیزەدینی حوسەینی و چەندانی تر. ئەوەی لە هەموو ئەم دۆخانەدا ئامادەیە، دین نییە وەک جەوهەر، چونکە وتم هیچ دینێک جەوهەرێکی نەگۆڕی نییە، بەڵکوو بکەری دینین بە تەفسیری دینیی تایبەتەوە لەناو ژینگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و رەمزیی دیاریکراودا.

بزوتنەوەی دژە کۆلۆنیالیزم خۆشی رەهەندێکی دینیی بەهێزی هەبوو، بەڵام ستمگەریی سیستەمە سیاسییەکانی سعوودیە و ئێران و ئەردۆگانی ئەمرۆکەش، دیسانەوە رەهەندێکی دینیی بەهێزیان هەیە. لە پەیوەندی بە ناسیۆنالیزمەوە دین پەیوەندییەکی فرەلایەن و ئاڵۆزی بە ناسیۆنالیزمەوە هەیە، مەبەستم لە ناسیۆنالیزم ئەو بزوتنەوانەیە کە خەبات بۆ دابینکردنی مافە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە نەتەوەییەکانیان دەکەن. ناسیۆنالیزم لە رووی مێژووییەوە دوای هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی مێژوو دێت. بۆ نموونە هەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی هابسبۆرگ لە ئەوروپا و ئیمپراتۆریەتی عوسانی لە ناوچەکەی ئێمەدا، چەندان بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی و یەکەی نەتەوەیی جیاوازیان لێ کەوتەوە. شوناسی سەرەکیی ئیمپراتۆریەتەکان شوناسێکی دینیی سەروو ئەتنیکی و سەروو لۆکاڵ بووە، لای عوسمانییەکان ئیسلامی سوننی، شوناسی سەرەکیی ئیمپراتۆریەتەکە بووە. کە ناسیۆنالیزم دێت دین کەنارگیر و پەراوێز ناخات وەک هەندێک تیۆریست پێیان وایە؛ ناسیۆنالیزم مەرج نییە هەمیشە بزوتنەوەیەکی نادینی یان عەلمانی بێت. ئەوەی روودەدات "ناسیۆنالیزەیشنی دینە"، واتە بەنەتەوەییکردنی دین و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی وەک بەشێک لە شوناس و پرۆژەیەکی نەتەوەیی. ئەمە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا رووی داوە و تا ئێستاش روو ئەدات.

لەناو بزوتنەوەی رزگاریخوازیی میللەتی ئێمەشدا، هەمان شت لەئارادایە. وەک چۆن ئەردۆگان دین بۆ بەخشینی رەوایەتی بە پەلامارەکان و بە سیستەمە ستەمگەرەکەی بەکاردەهێنێت و دین وا پێناسە دەکاتەوە، ببێت بە بەشێک پرۆژە سوڵتانییە دەسەڵاتگرە ترسناکەکەی، بە هەمان شێوە هێزەکانی ناو کۆمەڵگای ئێمەش، دەشێت دین وەک بەشێک لە ئامرازەکانی بەرگریکردن لە ئینسان و بەرگریکردن لە مافەکان بەکار بهێنن و بەکاریشیان هێناوە. بە کورتییەکەی دین وەک چۆن دەتوانێت بەشێک بێت لە دۆخ و سیستەم و خەونێکی دەسەڵاتگەرانەی ترسناک، بە هەمان شێوە دەشێت ببێت بە بەشێک لە بزوتنەوەی دژە کۆلۆنیالی و لە هەوڵی مرۆڤ بۆ دروستکردنی دونیایەکی باشتر. هەمان دید بۆ زۆرێک لە ئایدیۆلۆژیا عەلمانییەکانیش راستە.

”

# گفتوگو با
# بهروز چمن‌آرا

“

**پرسش:** *وضعیت به‌حاشیه‌راندن و سرکوب کوردها در ایران، همان‌طور که دکتر قاسملو نیز به آن اشاره کورده، «سطح ستم» است. یعنی از چند جهت مختلف، کوردها در جغرافیای سیاسی ایران سرکوب شده‌اند؛ برای نمونه، سرکوب فرهنگی-زبانی، اقتصادی و سیاسی. بخشی از نخبگان کورد که به اصلاح‌طلبان نزدیک‌اند، بیشتر بر به‌حاشیه‌راندن مذهبی تأکید دارند و دیگر ابعاد این به‌حاشیه‌رانی را یا نادیده می‌گیرند یا معتقدند ریشه‌ی آن‌ها در عملکورد بیرونی و میل به قدرت‌طلبی احزاب کوردستانی است که این شکل از سرکوب گسترده را به وجود آورده‌اند. در مقایسه با آمارهای رسمی رژیم، نرخ بیکاری و فقر در مناطق جنوب کوردستان روژهەڵات(یعنی همان مناطقی که از نظر مذهبی با مذهب رسمی حکومت مشترکند) بسیار بالاست و در بسیاری موارد این وضعیت به‌عنوان یکی از عوامل خودکشی، و حتی زن‌کشی در این مناطق شناخته می‌شود. جناب‌عالی این وضعیت را چگونه ارزیابی می‌کنید و وضعیت اجتماعی-سیاسی و اقتصادی در جنوب کوردستان ایران را چگونه تحلیل می‌فرمایید؟*



بله من با تحلیل دکتر قاسملو از وضعیت ستمی که بر کوردها در ایران می‌رود موافقم و بر این باورم، برخلاف قرائت‌های تقلیل‌گرایانه، ستم و تبعیض در ایران همواره علیه کوردها برنامه‌محور، سازماندهی‌شده و مبتنی بر افق‌های استراتژیک فرادولتی بوده است. قاسملو به درستی اشاره‌ای ژرف به ساختاری از ستم داشت که در لایه‌های فرهنگی، اقتصادی، سیاسی و حتی نمادین عمل می‌کند. این ستم نه یکنواخت، بلکه مدرّج، ناحیه‌ای و همزمان چندرویه است: از تبعیض در توزیع منابع گرفته، تا حذف از بازنمایی‌های فرهنگی، از طرد زبانی تا خشونت نهادی و امنیتی.

در این دستگاه ستم و تبعیض، کوردهای جنوب روژهلات، نه صرفاً به‌خاطر هویت اتنیکی خود، بلکه به واسطه‌ی موقعیت چندگانه‌ی حاشیه‌ای‌شان، هدف سلسله‌ای از مکانیسم‌های سیستماتیک تبعیض قرار گرفته‌اند. همان‌طور که شما هم اشاره کوردید، نگاهی به نقشهٔ فقر ملی، دست کم در یک دههٔ گذشته، به‌خوبی گویای این وضعیت است: استان‌های ایلام، کوردستان و کرمانشاه، در میان محروم‌ترین استان‌های کشور قرار دارند. این داده‌ها نشان می‌دهد که ستم در این مناطق، تنها روایتی فرهنگی یا سیاسی نیست، بلکه واقعیتی عینی، روزمره و اقتصادی است که با تبعیض در دسترسی به شغل، رفاه، آموزش و حتی بهداشت پیوند خورده است.

افزون‌بر این، با وجود نزدیکی مذهبی این مناطق به گفتمان رسمی جمهوری اسلامی، ساکنان آن‌ها همچنان از بسیاری از حقوق، خدمات و فرصت‌ها محروم‌اند. همین امر، فرضیه‌ی نزدیکی مذهبی به قدرت را بی‌اعتبار می‌سازد و نشان می‌دهد که الگوی محروم‌سازی، بسیارِ عمیق‌تر و ساختاری‌تر از صرفاً گفتمان‌های مذهبی-سیاسی است. این همان واقعیتی است که درک قاسملو را برجسته می‌سازد: ستم علیه کوردها تنها از مجرای سرکوب مستقیم نمی‌گذرد، بلکه در قالب محروم‌سازی توزیعی و نابرابری نهادینه‌شده بازتولید می‌شود.

با این‌حال، بخشی از نخبگان کورد که

بـا جریان‌هـای اصلاح‌طلـب یـا قدرت مرکـزی نزدیک‌انـد، در تفسـیر ایـن وضعیت دچار پریشـانی ادراکی هسـتند. آنـان تمایل دارند سـتم را بـه «تبعیض مذهـبی» یا نهایتـاً «حـذف فرهنگی» تقلیـل دهنـد و بـه دیگر وجـوه آن ـ مانند فقر سـاختاری، نابرابـری اقتصادی، و خشـونت نهادی ـــ بی‌اعتنـا بمانند. نادیده‌گرفتـن سـتم‌های غیرمذهـبی، به‌ویـژه اقتصـادی و طبقاتی ـ از سـوی ایـن جریـان، عمـلاً به تثبیـت همین سـاختارهای نابرابر انجامیـده و بی‌صدایی مناطق جنوبی را تشـدید کورده اسـت. بنابرایـن مـن مایلـم موقعیت ایـلام و کرمانشـاه را در قالـب مفاهیـمی چون «مرزبندی هویتی»، «جداسـازی فضایی» و «تمایزگـذاری حکمـرانی» تحلیل کنم. حاکمیـت ایـران از دوره‌ی پهلوی تا جمهوری اسـلامی، بـا آگاهی از پیوسـتار فرهنگی‌ـزبانی ایـن مناطـق بـا بقیـه‌ی کوردسـتان ایـران، به‌طـور سیسـتماتیک کوشـیده است تـا از طریق سیاسـت‌های فضـایی و گفتمـانی، این اتصـال را قطـع یـا تضعیـف کند.

در سـطح فضـایی، شـاهد «تقطیـع جغرافیـایی» هسـتیم؛ بـه ایـن معنا کـه مسیرهای ارتبـاطی و شـبکه‌های حمل‌ونقـل و اقتصـادی میـان ایلام و کرمانشـاه بـا اسـتان‌های شـمالی‌تر کوردسـتان، ضعیـف، ناکارآمـد یـا اولویت‌زدایی شـده‌اند. در عـوض، ارتباط ایـن مناطق بـا مرکـز (تهـران) یا با مرزهـای بین‌المللی (عراق) تقویت شـده اسـت. این نوع سیاسـت فضایی، بخشی از فرآینـد «مرکزگرایی تبعیض‌آمیز» اسـت که توسـعه‌ی فضـایی را به نفـع مرکز و به زیـان پیرامـون هدایـت می‌کند.

در سـطح گفتمانی هم همین وضع برقرار اسـت، در این سـطح شـاهد «مرزبندی هویتی» هسـتیم؛ یعنی دولـت کوشیده اسـت همزمان بـا ایجاد پیونـد بین نام کوردسـتان و گفتمان امنیت‌سـازی شدهٔ «تجزیه‌طلـبی» و ایجاد مـرز گفتمانی و نمادین بین کوردسـتان و بقیـهٔ مناطق اطراف آن، ایـلام و کرمانشـاه را در قالب مفاهیـم مبهـمی چون «غرب کشـور»، «منطقهٔ زاگـرس» یا حتی «اسـتان‌های شیعه‌نشین مـرزی» بازتعریـف کند و از به‌کاربـردن مفهوم «کوردسـتان» در این زمینه خـودداری کنـد. این سیاسـت واژگانی و نمادیـن، نوعی «حذف گفتمانی» را رقم زده اسـت که در آن، این مناطق در روایت‌هـای رسـمی نه به‌عنـوان بخشی از جغرافیـای واقعی تاریخی کوردسـتان، بلکـه به عنـوان مناطقی مـرزی، تابع و امنیتی بازنمایی می‌شـوند.

در سـطح زبـانی و فرهنـگی وضعیت مناطـق جنـوبی وخیم‌تر اسـت، چرا که حاکمیت با بهره‌گیری از «اسـتراتژی‌های همگون‌سـازی فرهنگی» کوشیده اسـت کـه گویش‌های کـوردی جنـوبی را از کـوردی میانی یا شـمالی جـدا کورده و در گفتمان‌هـای زبـانی رسـمی، یا آنها را بـه عنـوان زبان‌هایی مسـتقل معرفی کند یـا با تقلیـل رسـانه‌ای و تبلیغاتی به عنـوان گونه‌ای از میراث فارسی نشـان دهد. ایـن تلاش بخشی از «سیاسـت‌های همسان‌سـازی زبانی» اسـت که در سایر مناطـق ایران نیـز سـابقه دارد و هدف آن تضعیـف هویت‌های اتنیـکی در قالب جـذب در هویت غالب ملی اسـت.

مجمـوع این سیاسـت‌ها، نه بـه معنای توسـعه‌ی ایـن مناطق، بلکه بـه معنای «توسـعه‌ی ناموازن و حاشیه‌سـاز» بوده اسـت؛ فرآیندی که در آن ایلام و کرمانشاه هـم از توسـعه‌ی مرکز محـروم مانده‌اند و هم از همبسـتگی و سـرمایه‌ی نمادین

کوردستان دور نگاه داشته شده‌اند. در یک کلام: جنوب روژهلات، به‌ویژه ایلام و کرمانشاه، قربانیان حذف سیستماتیک‌اند؛ حذف از ساختار قدرت و توسعه‌ی ملی ایران و حذف از حافظه و گفتمان مسلط ناسیونالیسم کوردی. هر تلاشی برای فهم این وضعیت، باید این دو بُعد را هم‌زمان در نظر بگیرد: هم نقش ساختار امنیتی و اقتصادی دولت مرکزی را و هم ضعف‌های روایت‌پردازی ناسیونالیستی در دربرگرفتن جنوب کوردستان.

*از گذشته تاکنون، نگاه یا برداشت منفی‌ای نسبت به نقش منفعلانه‌ی مناطق جنوب کوردستان ایران در تقویت ناسیونالیسم کوردی در برابر ناسیونالیسم ایرانی وجود داشته است. تاکنون هیچ سند یا پژوهش دانشگاهی معتبری در دست نیست که چنین گزاره‌ای را تأیید کند. از دیدگاه مشاهدات و تجربیات میدانی شما به عنوان یک کارشناس، ارزیابی‌تان از چنین گزاره‌ای چیست؟*



قبل از ورود به این بحث مایلم عرض کنم ناسیونالیزم کوردی برخلاف ناسیونالیزم ایرانی متکثر و گاه از منظر رویکرد سیاسی و فلسفی متضاد یا حتی متناقض است. ما در باکور گونه‌ای از ناسیونالیزم یا به عبارت فرهنگی‌تر آن، گونه‌ای از کوردایتی مبتنی بر فلسفه سیاسی سوسیالیزم-عدالت‌خواهانه و ضد استعماری را تجربه کورده‌ایم که در گفتمان سیاسی پارت کارگران کوردستان نمود پیدا کورده است. این گفتمان، دارای دوز سیاسی و سوسیالیستی زیادی است به طوری که آشکارا زبان کوردی را از صحن نمادین سیاسی خود زدوده است. برخلاف آن، در روژهلات ما با گونه‌هایی از ناسیونالیزم کلاسیک فئودالی و اتنیکی روبرو هستیم که ارزش‌های فرهنگی کوردایتی، خاک و عنصر زبان را در بستر سیاسی متمایز بازنمایی می‌کنند. این الگو پیشتر در کوردستان باشور هم تجربه شده اما چنان که امروز می‌بینم، در تداوم ارزش‌های کوردایتی و به ویژه زبان موفق عمل نکورده‌اند. در همین روژهلات، گونه‌ای از ناسیونالیزم فرهنگی حافظه‌محور هم تجربه شده که پیشتر در سلیمانیه و امروزه بیشتر در مناطق جنوبی روژهلات نشو و نمو دارد. این فرم از ناسیونالیزم، کمتر سیاسی و بیشتر فرهنگی است. کوردایتی در این چارچوب، حفظ ارزش‌های فرهنگی، زبان و خاک است. اما چیزی که این گونه از کوردایتی به کل پیکرۀ گفتمانی کوردی اضافه کورده، بدن است که حتماً در باره‌اش گفتگو خواهیم کورد.

اما در ادبیات سیاسی و حتی در گفتار عمومی بخشی از نخبگان کوردی، متأسفانه نوعی روایت کلیشه‌ای شکل گرفته که مناطق جنوبی روژهلات را به‌عنوان مناطقی منفعل در قبال ناسیونالیسم کوردی تصویر می‌کند. در این تصویر، این مناطق فاقد مشارکت فعال در نهضت‌های ملی‌گرایانه، بی‌تفاوت به سرنوشت جمعی، و سازگار با نظم رسمی جمهوری اسلامی معرفی می‌شوند. اما واقعیت این است که این روایت، نه تنها خالی از مبنای تحقیقاتی است، بلکه هم دقیق نیست و هم حاصل یک نوع قضاوت خود مرکزپندار است که از بین تمامی گونه‌های ناسیونالیزم، گونۀ تجربه‌شدۀ خود را در مرکز گفتمان

رهایی‌بخش کوردی قرار داده است. این دیدگاه به دلایل تاریخی و گفتمانی، بخشی از حافظه‌ی مناطق جنوبی را نادیده گرفته است.

برای تحلیل دقیق‌تر، باید میان «غیبت در سطح گفتمان رسمی» و «انفعال در سطح کنش اجتماعی» تمایز قائل شویم. مناطق جنوبی روژهلات ممکن است در گفتمان رسمی احزاب یا نهادهای ناسیونالیستی کوردی کمتر دیده شده باشند، اما در سطح کنش‌های فرهنگی، حمایتی، آیینی و حافظه‌ای، همواره حضوری فعال و پایدار داشته‌اند.

کافی است مسألهٔ تحمیل سیستماتیک تغییر دموگرافیک کرماشان را در نظر بگیریم، جایی که با ورود محمدعلی میرزای قاجار مشهور به عمادالدوله و تأسیس مدارس دینی و آموزشی و مؤسسات دولتی در کرماشان، برنامه تغییر هویتی کرماشان شروع شد. در همین دوره یعنی حدود ۱۸۵۰ به بعد، بخش‌هایی از طوایف سنجابی با ورود به اسلام شیعی از آیین «یاری» خود فاصله گرفتند. همین زمینه ساز دوره‌ای تاریخی در واکنش‌های دینی یارسانی حول محور گفتمان هویتی کوردی و ظهور آسید براکه و سی و شش درویش او شد. از سوی دیگر مهمترین تقابل دینی و زبانی در روژهلات در نیمه اول قرن نوزدهم را از زبان سید صالح مایدشتی می‌شنویم آنجا که می‌گوید:

ڕۆوەڕۆی حەقم، مەنزوور هووم
کەلام ناتق ئایات نووم
لسان کوردیم کەلام حەقەن
واتەی من کەلام حەق موتلەقەن
ئەگەر موخالف دین موبینەن
«لَکّم دینکّم وَ لیّ» دینەن

حفظ قدیمی‌ترین سنت‌های دینی آن هم به زبان کوردی، مسئولیتی خطیر، تاریخی و هویت‌ساز بوده که همواره بر عهده مردم «منفعل» در مناطق جنوبی روژهلات بوده است. این وضعیت در مناطق شمالی روژهلات کاملاً به گونه‌ای دیگر و در شکل ارگانیک خود باقی مانده است. در مناطق شمالی، حضور مویرگی ماموستایان دینی که به صورت سنتی و تاریخی در دهات و محلات و شهرها و در بستر نوعی از همکاری مردمی پرورده و زیسته‌اند، زبان کوردی به عنوان بخش لاینفک دین حفظ شده است. ماموستایان سنگر جدایی‌ناپذیر حفظ زبان کوردی به مثابهٔ تنها امکان حضور نمادین تحریم و جرم‌انگاری آیین یاری، فضا برای گونه‌ایِ از حضور سادات گردان باز شد که عملاً قلک‌هایی سرگردان و جیب‌هایی سیرناشدنی بودند که به نام «مالِ جَد» و در ازای ادعیه و خرافات دینی با سَویه‌های شدید شیعی نذر و نذور جمع‌آوری می‌کردند. پس می‌توان حضور ساختاری ماموستا به عنوان حافظ قدرت نمادین زبان در مناطق شمالی را با فقدان آن در حوزه جنوب در کنار هم قرار داد و آنگاه این پرسش را مطرح کورد که چرا کوردایتی در مناطق جنوبی هنوز حول محور زبان و ارزشهای فرهنگی می‌چرخد. با وجود این پرسش هنوز معتبر است که چرا جنوب روژهلات در گفتمان ناسیونالیستی کلاسیک کوردی کمتر دیده شده است؟ پاسخ را باید در سه سطح ساختاری ، گفتمانی و اجتماعی-تاریخی جستجو کورد:

**۱. در سطح ساختاری**، جنوب روژهلات با سرکوبی مضاعف روبه‌رو بوده است. اگرچه مذهب رسمی غالب در این مناطق ــ به‌ویژه در کرمانشاه و ایلام ـ شیعه دوازده‌امامی است و در ظاهر با مذهب رسمی جمهوری اسلامی همخوانی

دارد، اما این همسانی مذهبی نتوانسته از شدت سرکوب و حذف بکاهد. افزون‌بر این، بخش قابل توجهی از جمعیت این مناطق، پیرو آیین یارسان (اهل حق) هستند؛ دینی مستقل از اسلام که در قانون اساسی جمهوری اسلامی به رسمیت شناخته نشده و پیروانش از حقوق ابتدایی شهروندی در حوزه‌هایی چون آموزش عالی، استخدامات دولتی و مشارکت اجتماعی محروم شده‌اند. فشارهای امنیتی سنگین و انکار حقوق دینی یارسانیان باعث شده که بسیاری از آنان ناگزیر به تقیه و هم‌رنگی ظاهری با مذهب رسمی شوند، اما این پنهان‌سازی، تغییری در موقعیت تبعیض‌آمیز آنان ایجاد نکرده است. در نگاه دولت، این مناطق به دلیل هویت اتنیکی و موقعیت مرزی، مناطقی فوق‌العاده امنیتی و بالقوه مسئله‌دار تلقی شده‌اند و در نتیجه حتی کوچک‌ترین کنش‌های فرهنگی و آیینی کوردی و یارسانی نیز با سرکوب مواجه شده است. برخلاف شمالیترهای روژهلات، امکان شکل‌گیری نهادهای فرهنگی علنی یا حتی تجمع‌های آیینی در این مناطق همواره محدود یا ممنوع بوده است.

**۲. در سطح گفتمانی،** بخش مهمی از پروژه‌های ناسیونالیستی کوردی، به‌ویژه در قالب احزاب شمال‌محور، دارای گفتمانی همگن‌ساز و مرکزگرا بوده‌اند. این گفتمان در تولیدات زبانی خود عملاً کوردی جنوبی را ندیده انگاشته و به صورت ناهشیار خود را در مرکز قرار داده است. در این گفتمان، کورد «اصیل» معمولاً سنی‌مذهب، سورانی-گویش و متعلق به جغرافیای خاصی در شمال و مرکز کوردستان معرفی شده و هر آن‌که از این الگو فاصله داشته، یا به حاشیه رانده شده یا در قالب «غیرخودی» نادیده گرفته شده است.

**۳. در سطح اجتماعی و تاریخی،** تفاوت‌های ساختارهای اجتماعی و زیست قبیله‌ای میان شمال و جنوب روژهلات نیز نقش تعیین‌کننده‌ای در شکل‌گیری این وضعیت داشته است. در شمال، محتملاً نظام فئودالی و شبکه‌های دینی منسجم اسلامی متمایز از مذهب رسمی چون نقشبندی‌ها، قادری‌ها و ماموستاهای اسلامی در کنار خاندان‌ها و عشایر بزرگ، انسجام‌بخش بستر ظهور رهبران انقلابی و تشکیل احزاب بوده است. اما در جنوب، آیین سنتی سرکوب شده و ساختار ایلاتی و همسانسازی ایدیولوژیک شیعی مانع از شکل‌گیری یک مرکزیت سیاسی پایدار مشابه به شمال روژهلات شده است. با این‌همه، جنوب روژهلات نیز شاهد لحظه‌های مهمی از مقاومت بوده است؛ از جمله شورش شاه محمد ملکشاهی علیه رضاخان و جنگ رنو در کوهستان‌های دالاهو، که یکی از مهم‌ترین نبردهای ایلات علیه ارتش شاهنشاهی بود. اما این وقایع، به دلیل ضعف روایت‌پردازی تاریخی، در تاریخ‌نگاری رسمی ناسیونالیسم کوردی به‌درستی ثبت و تحلیل نشده‌اند و عملاً به حاشیه رانده شده‌اند.

بنابراین جنوب روژهلات قربانی نوعی حذف دوگانه شده است: حذف سیاسی و امنیتی از سوی حاکمیت ایران به دلیل حفظ هویت آیینی و حافظه جمعی کوردی از یک سو، و حذف گفتمانی از سوی بخش‌هایی از ناسیونالیسم کوردی به دلیل تفاوت‌های مذهبی، زبانی و جغرافیایی. این مناطق نه به دلیل انفعال، بلکه به دلیل این حذف‌های مضاعف از صحنه‌ی رسمی

گفتمان‌هـــا غایـــب مانده‌انـــد. بـــه باور من افســـانه‌ی «انفعال جنـــوب روژهلات» یـــک روایـــت ساخته‌شـــده در گفتمان اســـت، نه واقعیـــتی تاریـــخی. آن‌چه ما بـــا آن مواجه‌ایـــم، شـــکل‌های دیگـــر و کمتر دیده‌شـــده‌ی ناسیونالیســـم اســـت: ناسیونالیســـم حافظه‌محـــور، آییـــنی، و بدن‌منـــد، نه لزومـــاً حـــزبی و نظامی.
مشـــارکت نمادیـــن و بدنی ایـــن مناطق در جنبش‌هـــایی ماننـــد ژینا یا نـــوروز، با نمایان‌ســـازی نمادها و رمـــزگان فرهنگی-ملی کوردی اعم از نشـــانه‌های پوشـــشی، حـــرکات و اجـــرای آیین‌ها همـــه حاکی از تولد شـــکل‌های نوینی از ناسیونالیســـم آییـــنی، حافظه‌محور و پرفورماتیو اســـت. شـــاید بتـــوان گفـــت، روش مقاومت در مناطق جنـــوبی روژهلات شـــبیه به روش مقاومت مناطق شـــمالی نبوده اســـت اما بی شـــک و با قید «هرگـــز»، این مناطق منفعـــل نبوده‌انـــد بلکه نقـــش آنها کمتر مشاهده شـــده است.

*هابزبـاوم دیـدگاهی دارد کـه می‌گویـد تولـد دوره‌هـای تاریخی (ماننـد فئودالیســم، ســرمایه‌داری و...) در واقـع بـا درک میـل و ارتقـای توانایی‌هـای انسـان آغـاز می‌شـود. بنابرایـن، بایـد میـل یـا توانمنـدی‌ای در میـان باشـد کـه بـه مـا بگویـد انسـانی نـو متولـد شـده و به‌سـوی مرحلـه‌ای جدیـد گام برمی‌دارد. در روزهـای جنبـش ژینـا، و به‌ویـژه در مناسـبت‌های نـوروز ۱۴۰۴، مشـارکت مناطـق (شـمال کوردسـتان ترکیـه) و جنـوب کوردسـتان ایـران بسـیار مـورد توجـه قـرار گرفـت؛ تـا آنجـا کـه مناسـبت‌های نـوروزی به‌مثابـه رنسـانسی ملـی شـناخته شـدند. ایـن دریافـت، چـه از نظـر گفتـاری و چـه به‌عنـوان اجـرا (پرفورمنـس) بـا هـدف زنـده نگـه داشـتن نمادهـای اتنوسیمبولیـک کوردهـا، تأثیرگـذار بـود و از سـوی دیگـر هـم قـدرت مرکـزی را دچـار شـوک کـورد و هـم نخبـگان مرکزگـرای ایـرانی را آزرده خاطـر سـاخت، به‌ویـژه از طریـق آن نامـه کـه بـا امضـای بیـش از ۸۰۰ نفـر از دانشـگاهیان، نویسـندگان، هنرمنـدان و فعـالان سیـاسی و رسـانه‌ای منتشـر شـد. بـا توجـه بـه این‌هـا، آیـا بـه نظـر شـما در جنـوب کوردسـتان ایـران "نسـلی نـو" متولـد شـده اسـت کـه هـم به‌مثابـه توانـایی و هـم به‌مثابـه میـل، خـود را در مسیـر شـکل‌گیری مرحلـه‌ای نویـن از ناسیونالیسـم کـوردی می‌بیننـد؟*



بله هابزباوم به درســـتی یادآور می‌شـــود که ظهور هـــر دوره‌ی تاریـــخی تـــازه، در وهلـــه‌ی نخســـت، دگرگـــونی در توانِ خواســـتن انســـان اســـت؛ لحظه‌ای که فَرد یا جمع، خود را در جایگاهی نو می‌بیند و گذشـــته را نـــه به عنـــوان تقدیـــر، بلکـــه به‌مثابه زمینه‌ای برای گسســـت درک می‌کند. اگر ایـــن چارچوب را بر فضای کوردســـتان در ســـال‌های اخیـــر منطبق کنیـــم، نوروز ۱۴۰۴ و مشـــارکت نواحی جنوب روژهلات در آن، تنهـــا یـــک مناســـبت فصـــلی یا نمایش نمادین نیســـت، بلکـــه باید آن را چونان شـــکوفایی یک لحظه‌ی ســـوژه‌وار و تاریخی تلقی کورد.
در جشـــن‌های پرتکرار و شـــلوغ کرماشان، ایـــلام، اســـلام‌آباد، هلیـــلان، گیلان‌غرب، آبدانان، ایـــوان، کارزان و تمـــام مناطق به حاشیه‌افتـــادۀ مضاعف جنـــوبی، بدن‌های جـــوان، لباس‌هـــای رنگیـــن، نمادهای پیشـــمگری و گریـــلایی، خاکی‌پوشیها و آتش‌هـــای افروخته، تنها ژســـتی کارناوالی یا آییـــنی نبودند. آن‌ها حامـــل زبانی تازه

بودند؛ زبانی که در آن، تن یا بدن به رسانه تبدیل شد، حرکت به گفتار بدل شد، و سکوت به اعتراض. مشارکت این مناطق در نوروز، مشارکت در یک سنت نبود، بلکه ورود به سطحی از تخیل ملی بود که پیش‌تر کمتر برای آنان مجاز یا ممکن شمرده می‌شد.

این رخداد از منظر هستی‌شناختی حائز اهمیت است. در کوردستان به صورت کلی، مسألهٔ زبان یک مسألهٔ منحصربه‌فرد است. در ترکیه قدغن بوده، در ایران بسیار سرکوب شده و به صورت کنترل‌شده و سیاست و هویت‌زدوده با آن برخورد شده، و در عراق پس از دوره‌ای از کنترل، به عنوان زبان رسمی شناخته شده است. اما زبان برجسته‌ترین امکان بازنمایی نمادین ما بوده است و در چندسال اخیر، به این عنصر نمادین، بدن هم اضافه شده است. می‌دانیم که تمرکز بیش از حد ناسیونالیزم کوردی بر مفهوم زبان کوردی منجر به تمرکز بر تعریف زبان کوردی و در نتیجه، شکل‌گیری رابطه‌ای مرکز-پیرامون در درون خود گفتمان کوردی شد و چنان که همه ما مطلعیم، منجر به ایجاد توهماتی از قبیل مرکزیت سورانی و کرمانجی و به حاشیه‌رانی هورامی، دیملی (زازاکی)، کلهوری و لکی شد و افرادی هم از این آب گل‌آلود، ماهی گرفتند و با ثبت گویش‌های کوردی به عنوان زبان‌های مستقل در ردیف میراث ناملموس ایرانی، ادعای جدایی دارند. این از مصائب تمرکز بیش‌ازحد و تک‌ساحتی بیان نمادین ما بود. اما امروزه با ظهور و حضور نمادین بدن‌ها، باری که بر دوش زبان بوده تا اندازه‌ای کمتر خواهد شد. بر این مبنا، فشار ناشی از احساس مرکز-پیرامون هم کمتر می‌شود و چنان که مشاهده کوردیم، آنانی که برای دهه‌ها به حاشیه رانده شده بودند هم در نظم رسمی و هم در برخی لایه‌های گفتمان درون‌کوردی ناگهان خود را در مقام کنشگر اصلی تاریخ دیدند. آن‌ها دیگر تنها حافظان پنهان فرهنگی و آیینی یا قربانیان سکوت نبودند، بلکه به بازیگران فعالِ خلق آینده بدل شدند. نوروز برایِ آنان، نه مناسبت سالانه، بلکه لحظه‌ای از بازپس‌گیری تاریخ بود. لحظه‌ای که برخلاف همه سال‌های گذشته، نه یک روز، که نزدیک به پنجاه روز پیش و پس از نوروز استمرار داشت. البته به باور من سعی در سیاسی‌سازی مکانیکی این حضور نمادین بدن، به احتمال زیاد، نه تقویت‌کننده بلکه باعث تضعیف و کنترل یا حذف آن خواهد شد.

اما پیام این «ظهور تاریخی» بدن بسیار سریعتر از آنچه تصور می‌شد، رسید. درست به همین دلیل بود که واکنش حکومت نیز سنگین و غریزی بود. امنیتی‌سازی مناطق، ممنوعیت تجمعات، دستگیری‌های گسترده و متعاقب آن، حملات گفتمانی از سوی نخبگان مرکزگرا و بیانیه‌های جمعی با پشتیبانی رسانه‌های رسمی (مانند بیانیه مشهور به ۸۰۰ امضا)، نشان داد که هم مردم و هم حاکمیت به صورت همزمان آن «ظهور تاریخی» را درک کورده اند. مرکزگراهایی که خواست به‌حق کوردستان بِرای تعیین حق سرنوشت - نه الزاماً جدایی از ایران را در گفتمان امنیتی‌سازی ترجمه و «تجزیه‌طلبی» نامیده‌اند، این‌بار رویاروی یک وضعیت تاریخی باورناپذیر شدند: حضور نمادین کوردهای جنوب روژهلات، که به سادگی قابلیت ترجمه

به حضور سیاسی دارد. در این صحنه‌ی نو، نوعی سوژه‌ی ملی جدید در حال زاده‌شدن است. سوژه‌ای که از دل ستم‌های تودرتو، سکوت‌های تحمیلی، و حذف‌های ممتد سر برآورده و اکنون با زبان نماد، با بدن بازنمایانده، و با آیین تاریخی، جای خود را بازمی‌طلبد.

اگر ناسیونالیسم کوردی بخواهد گامی به سوی آینده بردارد، باید این سوژه‌ی تازه را جدی بگیرد. باید بداند که جنبش امروز، تنها ادامه‌ی حزب دیروز نیست؛ بلکه حاصل رویش یک فهم نو از خود است. فهمی که در آن، حتی جنوب روژهلات نیز نه حاشیه، بلکه یکی از منابع اصلی بازتعریف ملت و ناسیونالیسم است. در نتیجه، بله: در جنوب روژهلات، تولد تازه‌ای در جریان است. تولدی که نه فقط یک خواست، بلکه یک توان است. و این توان، آغاز یک دوره‌ی نوین در ناسیونالیسم کوردی خواهد بود، البته اگر به موقع شنیده شود، به رسمیت شناخته شود، و در متن ملت جای گیرد، نه در حاشیه‌ی روایت.

پرسش/ *از دهه‌ی ۱۳۲۰ هجری شمسی و به‌ویژه پس از تأسیس جمهوری کوردستان، ویژگی‌ها و هنجارهای ملی‌گرایی کوردی بیشتر بازتاب‌دهنده‌ی تمایلات ودغدغه‌های نخبگان مناطق مرکزی کوردستان ایران بوده‌اند؛ و بخشی از نخبگان کورد نیز بر این باورند که در ناسیونالیسم کوردی ـ مانند نمونه‌های ترک، فارس و عرب ـ تمایل به تمرکزگرایی (سنترالیسم) بسیار پررنگ است و توجهی به کثرت‌گرایی فرهنگی، زبانی و دینی در کوردستان نمی‌شود. به دیدگاه جنابعالی، جنبش کورد در کوردستان ایران چه باید بکند تا مرزهای دین، لهجه و مذهب مانعی برای شکل‌گیری ناسیونالیسمی فراگیر، فراطایفه‌ای و فراقومی نشود؟*



مسئله‌ای که در این پرسش طرح می‌شود، از جنس پرسش‌های تاریخی‌هویتی‌ست؛ پرسش‌هایی که تنها با پاسخ‌های سیاسی یا تاکتیکی قابل حل نیستند، چرا که به بنیادهای شکل‌گیری ذهنیت ملی بازمی‌گردند. به باور من ناسیونالیزم کوردی به ویژه در روژهلات دنباله‌رو فورمولهای سنتی بوده و از منظر رفتارشناسی سیاسی، در چارچوبی از نظم از پیش تعیین شدهٔ فرادستی قرار گرفته است. به این معنا که در عین تقابل با یک دیگری سیاسی مشخص، ناخودآگاه خود هم شبیه به آن شده یا الگوهای آن را تکرار کورده است. نگاهی ساده به تاریخنگاری معاصر ما نشان می‌دهد که تاریخنگاری کوردی اعم از تاریخ مردوخ و هم‌نسلان و پیروان ایشان روش تاریخنگاری کوردی را نعل‌به‌نعل از روش تاریخنگاری ایرانی دنبال کورده‌اند. اشاره به یک دورهٔ شکوهمند از شاهان ایرانی، سلسله‌های اسطوره‌ای و چسباندن آنها به امرای اردلان و کوردستان. الگوهای مقاومت مبتنی بر اندیشه‌های چپ ما هم برآمده از همان موج پس از ۱۳۲۰ و حزب توده در ایران بود و پس از ورود به میدان سیاسی عملاً رویه‌های سنتی و فئودالی را بازگرداندند. ناسیونالیسم کوردی در چنین وضعیتی، ناخودآگاه به بازتولید همان نظمی می‌پردازد که سال‌ها علیه آن مبارزه کورده است. همان‌گونه که دولت‌های مرکزگرای ایران، با نام وحدت

ملی، زبان‌ها، آیین‌ها و حافظه‌های غیرمرکزی را طرد کورده‌اند، گاه گفتمان ملی‌گرای کورد نیز با نام «کوردایەتی»، چندگانگی درونی خود را نادیده گرفته است. اگر دقت کنیم به روشنی می‌بینیم به همان صورت که در ایران، «سلطه در حاشیه» است، در گفتمان کوردی هم همین وضعیت قابل تعمیم است.

اما کوردستان، در واقعیت خود، نه یک هویت یکپارچه و خطی، بلکه پهنه‌ای از تنوع درون‌زبان، درون‌مذهب، درون‌جغرافیا و درون‌تاریخ است. سنت‌های ادبی گورانی، کرمانجی، سورانی، آیین‌های یارسانی، ایزدی و علوی، نحله‌های عرفان خانقاهی، قادری و نقشبندی، گونه‌های مکاتب موسیقیایی هوره، بیت و حیران، فولکلور لکی و هورامی، هریک نه «فرع» یا «تفاوت»، بلکه لایه‌ای بنیادین از پیکره‌ی ملت‌اند. ناسیونالیسمی که این لایه‌ها را حذف یا صرفاً تحمل کند، ملت نمی‌سازد؛ بلکه آن را به دوگانه‌ی «خودی» و «ناخودی» تقسیم می‌کند.

راه برون‌رفت از این وضعیت، نه در تکرار شعارهای کلیشه‌ای درباره‌ی «تنوع»، بلکه در بازاندیشی ریشه‌ای مفهوم ملت، کوردپروری و کوردایەتی است. ملت، چنان‌که اندرسون در مفهوم «اجتماع خیالی» نشان می‌دهد، پدیده‌ای طبیعی یا ازلی نیست؛ بلکه حاصل ساختاری تاریخی و فرهنگی است که انسان‌ها را در افق‌های مشترک، اگرچه نابرابر و گاه متضاد، به هم پیوند می‌زند. براین اساس، باید از فهم سلبی ملت به‌عنوان جمع صرف ستمدیدگان یا مجموعه‌ای منفعلِ از قربانیان تاریخ، عبور و آن را به کنش ایجابی بدل کورد: افقی برای مشارکت فعالانه، حافظه‌ای مشترک اما چندلایه، و هویتی تاریخی اما زنده. این ملت باید به تعبیر هابرماس، آگاهانه از «قومیت‌گرایی فرهنگی» فراتر رفته و به «ملی‌گرایی مدنی» نزدیک شود؛ جایی که وفاداری به تاریخ و فرهنگ کوردی، هم‌زمان با به‌رسمیت‌شناختن کثرت درونی آن معنا پیدا کند. طبیعی است که این امر در «وضعیت مقاومت» کار دشواری است اما به باور من ما دهه‌ها وقت داشته‌ایم تا این مسیر را طی کینم.

این مسیر نیازمند دو چیز است: نخست، تحول نظری در فهم ناسیونالیسم، به‌طوری‌که ملت نه به‌عنوان یک ذات ثابت و مطلق، بلکه به‌عنوان پدیده‌ای تاریخی، فرهنگی و در حال ساخت دیده شود؛ و دوم، جرأت سیاسی برای توزیع قدرت هویتی و سیاسی میان همه‌ی مناطق، زبان‌ها و آیین‌های کوردستان، بی‌آن‌که هیچ یک در حاشیه بماند. این ناسیونالیسم دیگر نمی‌تواند تنها صدای یک منطقه، یک زبان یا یک مذهب باشد؛ بلکه باید به گفت‌وگویی میان چند حافظه، چند زبان و چند آیین بدل شود. این آگاهی اما بی حضور نقد درون‌کوردی نه ممکن است و نه عملی.

*در گفتار و تحلیل‌های بخشی از نخبگان کورد، به دوگانگی جامعه مدنی حزب سیاسی پرداخته می‌شود، که گاه به‌عنوان دو پدیده‌ی ناسازگار تعریف می‌شوند. از منظر جامعه‌شناسی سیاسی، حزب سیاسی بخشی از جامعه مدنی محسوب می‌شود، اما در تحلیل‌های بخشی از نخبگان کورد، نه‌تنها به این گزاره توجهی نمی‌شود، بلکه این دو به‌عنوان دو موجودیت متضاد و حتی*

*متخاصم ترسیم می‌شوند.*
*حزب سیاسی در کوردستان ایران، واقعیتی عینی است که پیشینه‌ی آن به بیش از هشتاد سال قبل بازمی‌گردد، اما زمانی‌که از جامعه مدنی صحبت می‌شود، بیشتر بُعدی ذهنی و سوبژکتیو دارد. یعنی نخبگان و جریان‌های مختلف بر مبنای برداشت‌های ذهنی خود، تعریفی از آن ارائه می‌دهند و حتی می‌کوشند آن را ایدئولوژیک کنند. شما این وضعیت را چگونه ارزیابی می‌کنید؟ و به‌نظر شما چنین تفکیکی چه تأثیری بر ناسیونالیسم کوردی می‌گذارد؟*



پیش از آن‌که به ارزیابی پیامدهای این دوگانگی بپردازیم، باید بگویم برداشت من از جامعه‌ی مدنی در واقع کلیت نهادهایی است که در فضای میان فرد و دولت قرار می‌گیرند. از انجمن‌ها و نهادهای فرهنگی گرفته تا اتحادیه‌های صنفی، رسانه‌ها، تشکل‌های زیست‌محیطی، و نیز احزاب سیاسی، همه ذیل این مفهوم جای می‌گیرند. بنابراین، به باور من، مرزگذاری قاطع میان حزب و جامعه‌ی مدنی، بیشتر یک برساخت گفتمانی است تا یک واقعیت نظری. با این‌حال، در فضای سیاسی روژهلات کردستان، این دوگانگی نه تنها پدید آمده، بلکه در برخی موارد به یک شکاف عمیق بدل شده است. شکافی که نه‌فقط شناخت ما از ساختار سیاسی جامعه را خدشه‌دار کرده، بلکه توان کنش ملی را نیز تضعیف کرده است. دلیل آن هم ساده‌است، جامعۀ مدنی در حدفاصل بین فرد و دولت قرار می‌گیرد و دولت در ایران فارس-شیعه‌محور با سویه‌های ایران‌شهری است. در حالی که احزاب ما در این حدفاصل قرار نمی‌گیرند. تضاد در اینجا میان جامعۀ مدنی کوردی در صحن سیاسی ایران و احزابی است که در سنگرمقاومت اما در خارج از چارچوبهای سیاسی قانونی و داخلی ایران قرار دارند. من در اینجا مایلم کمی پراگماتیستی‌تر به قضه نگاه کنم. برای مثال در دهه‌های اخیر، به‌ویژه در دو دورۀ ۱۳۷۶ و ۱۳۸۸ با ظهور گونه‌ای از گفتمان‌های اصلاح‌طلبانه در ایران، بخشی از نخبگان روژهلاتی نیز، در نبود سازوکار تشکیلاتی مشخص و قانونی کوردی، با الهام از الگوهای جامعه‌ی مدنی جهانی، به باور من به‌درستی دست به برساخت فضای مدنی غیرحزبی در چارچوب مجاز زدند که با خَود امکاناتی را به وجود آورد و علی‌رغم نظام کنترلی و غربالگری‌های سفت‌وسخت امنیتی، هنوز صداهایی بودند که جامعۀ کوردی را نمایندگی می‌کردند. ظهور چهره‌هایی مانند مهندس ادب، رویکرد انتقادی نمایندگان، آرایش سیاسی نخبگانی جدید و تلاش برای شکل‌دهی به نوعی از همصدایی در استانهای کوردستانی، بخشی از دستاوردهای همین فضای مدنی بود. امری که دست کم در تصور بخشی از مردم، منجر به جایگزینی قدرت نمادین سیاسی حزب‌های کوردی توسط جریان اصلاح‌طلبی کوردی می‌شد.
البته نباید این موضوع را هم از نظر دور داشت که تجربه‌های تلخ اقتدارگرایی حزبی، عدم شفافیت، و زبان بستۀ سنت حزبی کوردی بخشی از مردم را خسته کرده بود بنابراین در جست‌وجوی امکانی تازه برای کنش‌گری بودند. این تلاش، در اصل، می‌توانست بخشی از پروژه‌ی دموکراتیزاسیون درونی ناسیونالیسم کوردی هم باشد. اما هنگامی که این تلاش، به جای بازتعریف رابطۀ جامعۀ مدنی با ساختارهای مبارزاتی، به حذف یا انکار

احزاب سیاسی بدل شد، عملاً به برساخت دوگانه‌ای خطرناک انجامید: جامعه‌ی مدنی به‌مثابهٔ فضای روشنفکری، متفکر، خلاق، نواندیش و حاضر در میدان همراه با مردم به عنوان کنشگر فعال سیاسی؛ حزب سیاسی به‌مثابه‌ی نماد اقتدار، گذشته‌گرایی و فروبستگی و در حاشیهٔ میدان سیاسی روز.

اما واقعیت اجتماعی در روژهلات چنین نیست. حزب سیاسی، با تمام کاستی‌ها و نارسایی‌هایش، حامل بخشی از حافظه‌ی مقاومت کوردستان است. بخش زیادی از سرمایه‌ی نمادین، منابع سازمانی، و حتی مشروعیت تاریخی ناسیونالیسم کوردی، از دل همین احزاب بیرون آمده‌اند. حذف این احزاب از صورت‌بندی امر سیاسی هرچند عملاً امکانپذیر نیست، حتی در حوزهٔ نظری نیز مساوی است با قطع رابطه‌ی نسل امروز با حافظه‌ی جنبش. از سوی دیگر، جامعه‌ی مدنی نیز در کردستان، آن‌گونه که در شهرهای بزرگ جهان معنا می‌شود، هنوز در شکل نهادی نهادینه نشده است. آنچه امروز جامعه‌ی مدنی خوانده می‌شود، بیشتر مجموعه‌ای از فضاهای بازنمایی، حلقه‌های فکری، کنش‌های فرهنگی و اشکال پراکنده‌ای از مقاومت نرم است، نه میدان منسجم و ساختاریافته.

بنابراین، گسست میان حزب و جامعه‌ی مدنی، نه برآمده از واقعیت میدان، بلکه ساخته و پرداخته‌ی گفتمانی است که گاه از سر بی‌اعتمادی و گاه از سر رقابت، دو سوی یک پیکر ملی را مقابل هم قرار می‌دهد. در این وضعیت، نه حزب می‌تواند خود را بازسازی کند، و نه جامعه‌ی مدنی می‌تواند قدرت اجتماعی تولید کند. هر یک، دیگری را مانع راه خود می‌بیند، و از دل این تقابل، امر سیاسی از درون تهی می‌شود.

اگر قرار باشد ناسیونالیسم کوردی در روژهلات افق خود را گسترش دهد، ناگزیر است که این دوگانگی را بشکند. باید احزاب را از انجماد ساختاری بیرون آورد و جامعه‌ی مدنی را از خیال‌پردازی روشنفکری نجات داد. تنها در پیوند این دو است که می‌توان میدان واقعی سیاست را ساخت. میدانی که در آن هم حافظه حضور دارد، هم تخیل؛ هم تجربه‌ی مقاومت، هم افق دموکراتیزه‌شدن. تقابل جامعه‌ی مدنی و حزب سیاسی، تنها یک مانع مفهومی نیست، بلکه شکافی‌ست که اگر ترمیم نشود، پروژه‌ی ملت‌سازی کوردی را از درون تحلیل خواهد برد.

”

# وتووێژ لەگەڵ
# سارۆ خوسرەوی

“

*نووسەر و توێژەری دەڤەری کرماشان، سارۆ خوسرەوی، باس لە ئەزموونی نووسین و چالاکییە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی خۆیمان بۆ دەکات. ئەو تیشک دەخاتە سەر رەوتی ئەدەبی و فەرهەنگی لە کرماشان و ئیلام. هەروەها راوەستە دەکات لەسەر، هێما گرینگەکانی نێو ئەفسانە و ئوستوورەی کوردی و ئەدەبیاتی باوەری یارسان.*

*سارۆ، بە دوور لە زێدی خۆی گەورە بووە و گەلێک سەختی و تاڵیی ژیانی ئەزموون کردووە، دووری لە نیشتمان و تاڵییەکانی ژیان، لای ئەو بوون بە هەوێنی خوێندنەوە و خۆ ماندوو کردن و نووسین و سەرەنجام لەو سۆنگەیەوە خۆی پێگەیاندووە و لە چەند بواری جیاوازدا، توێژینەوەی کردووە و چەند بەرهەمێکی باش و بە کەڵکی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کردووە.*

*"تیشک" بۆ باس و بابەتی تایبەت بە کار و چالاکییە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی سارۆ، وتووێژێکی لەگەڵ پێکهێناوە.*

*تیشک: لە دەستپێکدا حەز دەکەین بزانین (سارۆ خوسرەوی) لە کوێ لەدایک بووە و لە زێدی منالیی خۆی چی لەبیر ماوە؟*



بەو جۆرەی دایکم دەیگێڕێتەوە، شەوێکی نووتەک، لە ئامێزی وارگەی ( هەنجیرک) لە داوێنی دالاهۆ، لە بنەماڵەیەکی یارسانی لە تایفەی (بازگر)، سەربە دەڤەری گۆرانی کرماشان لەدایک بووم.

سێ ساڵان بووم، کاتێک ئێران و عێراق لە شەڕێکی خوێناویدا بوون. سوپای هەردووک وڵات دەستیان بگەیشتایە هەرشوێنێک دەیانسووتاند. چەندین گوندیان لە دەوروبەری گوندەکەی ئێمە ( بازگر) لە ئاگری شەڕدا سووتان، لەترسی شەڕی نێوان ئەو دوو وڵاتە، لەگەڵ بنەماڵەکەم پەڕیوەی عێراق بووین.

بەداخەوە هیچ دیمەن و وێنەیەکی راستەقینەی منالیی خۆمم لە میلکانی رەنگینی دالاهو، لەبیر نییە و تەنیا لە رێگای گێرانەوەی بەساڵاچووانی بنەماڵە و تایفەکەمەوە، هەندێک دیمەنی ئەوێم لە خەیاڵدا رسکاوە. لەوانەیە دالاهۆ منی لەبیر نەمابێت، بەڵام من هەتا ئێستا داوانگیری ئەوینی ئەوم.

*تیشک: لە (ئۆردووگای ئەلتاش)ی عێراق گەورە بووی، کەمێک باسی، چالاکییە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی ئەوێتمان بۆ بکە! چۆن بوو لەوێ تێکەڵ بە دنیای خوێندنەوە و نووسین بووی؟*



لە خوێندنگەی ناوخۆیی و دەوڵەتی، لە ئۆردووگای ئەلتاش، فێری خوێندن و نووسین بە زمانەکانی کوردی و فارسی بووم. کاتێک کە تازەلاو بووم، بیرۆکەی نووسینم هەبوو، هەندێکجار شتێکم دەنووسی، بەڵام زۆر لەوە دڵنیا نەبووم نووسینێکی باش بێت و لە هیچ بڵاوکراوەیەکدا بڵاوم نەدەکردنەوە. من ئەوکات زۆرتر مەیلم لە خوێندنەوە بوو.

ساڵی ١٩٩٦ دەستم دایە کاری ئەدەبی و فەرهەنگی. یەکەمین جار لە رۆژنامەدیواریی "دالاهۆ"دا نووسیم. دواتر نووسین و بەرهەمی خۆمم لە گۆڤاری "رەنگین" و "هاوکاری" لە بەغدا و پاشان لە گۆڤاری یەکیەتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بڵاو کردنەوە.

لە ئۆردووگای ئەلتاش بە هاوکاری لەگەڵ هاورێکانم دوو گۆڤاری رێبین و ئاوێنە-مان بڵاو کردەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٠ی زایینیدا جموجووڵی ئەدەبی و فەرهەنگی لەنێو لاوانی ئۆردووگای ئەلتاشدا بەرفراوانتر بوو . ئەو بەشە لە لاوان کە زۆرتر سەرقاڵی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی بووین، بیرمان لەوە کردەوە گۆڤارێکی تایبەت بە خۆمان دەر

بکەین. سەرەنجام بەو پەڕی زەحمەت و ماندووبوونەوە توانیمان گۆڤاری ڕێبین چاپ و بڵاو بکەینەوە. ئێمە بە دەست بابەتەکانی "ڕێبین"مان دەنووسییەوە و بەرێمان دەکرد، یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان ئێران لە کۆیە بۆیان تایپ دەکردین . لە دوای ئەوەی کە بە تایپکراوی بۆیان دەناردینەوە، ئەوجا لە لای بەرپرسی ئۆردووگا ئیزنمان وەردەگرت بۆ ئەوەی بڵاوی بکەینەوە. لەبەر ئەوەی بۆ خۆمان باری داراییمان باش نەبوو، دەماندا بە بەرپرسی بەشی ماڵیی "یوئێن" تاکوو نوسخەی فرەترمان بۆ کووپی بکات. لە کتێبی ( ئۆردووگای ئەلتاش، ئەزموون و خۆڕاگری)دا فرەتر پەڕژاومەتە سەر چالاکییە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی ئەوێ.

*تیشک: تا ئەو جێگایەی ئێمە ئاگادارین، ماوەیەکە لەبارەی ڕەوتی ئەدەبی لە کرماشان و ئیلام سەرقاڵی توێژینەوەی و لەو بوارەدا بەرهەمێکی خۆتان چاپ و بڵاو کردووەتەوە، کەمێک باسی چالاکییە ئەدەبییەکانی خۆتمان بۆ بکە! زۆرتر لە چ ڕوویەکەوە ئاورت لە ئەدەبیاتی کرماشان و ئیلام داوەتەوە؟*

من تا ئێستا ئەو شتەی کە لە توانام دایە دەینووسم. کارەکانی من زۆرتر توێژینەوەی ئەدەبی و فەرهەنگیین. زۆرم



بەلاوە مەبەست بووە، ڕۆشنایی بخەمە سەر ئەدەبیاتی باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان و کار لەسەر هێما و ئوستوورەکانی زاگرۆس و ئەدەبیاتی باوەڕی یارسان بکەم. دەڤەری کرماشان و ئیلام، لە ڕووی ئەفسانە و ئەدەبی زارەکییەوە، زۆر گرینگ و جێگای بایەخن، بەڵام کەمتر ئاوڕیان لێ دراوەتەوە.

لە دەیەی حەفتای هەتاوییەوە، بزووتنەوەیەکی ئەدەبی لە کرماشان و ئیلام سەریهەڵداوە کە ئەم بزووتنەوەیە تا ئێستا بەردەوامە و تا دێت لە سەر دەستی ئەدیب و نووسەرانی ئەو دەڤەرانە پتر پەرە دەستێنێت و گەشە دەکات. لە پەرتووکی ( ئەدەبیاتی کلاسیک و هاوچەرخی کرماشان و ئیلام) دا تا ڕادەیەک ئاوڕم لە چالاکییە ئەدەبییەکانیان داوەتەوە و شیعری شاعیرانی پێشەنگی کوردیی خوارووم تاوتوێ کردووە.

لەم چەند ساڵەی دواییدا، بزووتنەوەی ئەدەبیی کرماشان و ئیلام لە ژانری شیعرییەوە دەربازی ڕەهەندێکی دیکە لە نووسین و داهێنان بووە، کە ئەویش نووسینی چیرۆک و ڕۆمانە، لە ئاستێکی بەرفراواندا. زۆربەی ئەو نووسەرانەی کە پێشەنگایەتیی ئەم قۆناغە ئەدەبییە دەکەن، کەسانی خوێندەوارن و شارەزای ڕەوتە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی کوردستانن و بە شێوەزاری کوردیی خوارو و بە کەڵکوەرگرتن لە گشت شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەنووسن و بەرهەمەکانی خۆیان بە ڕێنووسی کوردیی ئارامی چاپ و بڵاو دەنەوە.

کوردیی خوارو، ڕیشەی لە زوانی گۆرانی( هەورامی) دایە کە کۆنترین شێوازی زمانی کوردییە. پەڕاوەکانی ئایینی یاری وەک ( سەرەنجام) و (زەبووری حەقیقەت) و (شانامەی کوردی) بە گۆرانی کۆن نووسراون کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەر لە ۱۲۰۰ ساڵ پێش ئێستا. شێوەزاری کوردیی خوارو وەک بەشێکی گرینگ لە پەیکەرەی زمانی کوردی، لە ڕووی وشە و ئیدیۆمەوە گەلێک دەوڵەمەندە و هەزاران هەڵبەستی فۆلکلۆر و ئەفسانەی کوردی پێی ئافرێندراون.

*تیشک: پێگەی ئەدەبی ئێستای کرماشان و ئیلام لە چە ئاستێک دایە و جموجووڵە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان تا چ ڕادەیەک توانیویانە شێوەزاری (کوردیی خوارو) لە فەوتان ڕزگار بکەن؟*



له ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، بزووتنەوە ئەدەبی و فەرهەنگییەكانی كرماشان و ئیلام، لە ڕووی پاراستنی زمانەوە خاوەن پێگەیەكی تایبەتن. ئەدەبی زارەكی و ڕیالیزمی لەو ناوچانە بوونەتە هەوێنی ئەدەبیاتی مۆدێرن و هاوچەرخی شاعیران و نووسەران. گرنگیی ئەم شێوە لە ڕێبازی ئەدەبیی كوردی لەوەدایە كە ڕیشەكەی دەگەڕێتەوە سەر فەرهەنگی نەتەوەیی. ئەدەبیاتی ڕیالستیی كرماشان هەڵگری فەرهەنگی ژیان و حیكایەتی نەوەكانی ڕابردوون.

یەكێك لەو ژانرە گرینگ و پڕبایەخانەی كە دەورێكی باڵای گێڕاوە لە زیندووكردنەوەی چاند و زمانی كوردی لە دەڤەری كرماشان و ئیلام، ژانری شیعرە. شیعری هاوچەرخی كوردی لە كرماشان و ئیلام لە ڕووی فۆرم و ساختارەوە بە سەر دوو بەشی هاوچەرخ و نوێدا دابەش دەكرێ. لە شیعری هاوچەرخی كوردیی خوارووی‌دا، شاعیران لەژێر كاریگەریی ئەدەبی كلاسیكدا شیعریان نووسیوە، بەڵام شیعری نوێی كوردیی خواروو خاوەنی شێواز و فۆرمی شیعری ئازادە.

زۆربەی شاعیران و نووسەرانی ئەم دەڤەرە، شارەزای ئەدەبی كلاسیك و فۆلكلۆرن و بە پشتبەستن بەو پاشخانە گرینگ و دەوڵەمەندە، پەرەیان بە گەشەپێدانی زمانی كوردی داوە. لە مەسەلەی نوێخوازی و تازەگەرییشدا، ئەدەبیاتی زارەكی دەورێكی گرینگ و كاریگەری هەیە لە بووژانەوەی زمانی كوردی لە كرماشان و ئیلام. زمان و فۆرمی دارشتنەوەی دەقە ئەدەبییەكان، لە ڕووی وشە و هێماوە، پشتیان بە ئەدەبی زارەكی و فۆلكلۆری كوردی بەستووە. هەر ئەمەش بووەتە هۆكاری ئەوەی زمانی كوردی لەوێ بە خێرایی گەشە بكات و بەرهەمی باش بێتە ئافراندن. هەروەها لەم ساڵانە دا، كرماشان بووەتە ناوەندی كۆڕ و دانیشتنە ئەدەبییەكان و دەیان باس و بابەتی ڕەخنەگرانە لە چەشنی توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی ئەدەبی پێشكەش دەكرێن. كۆمەڵێك قەڵەمی تازە و بەهرەمەند هاتوونەتە كۆڕەپانەكە كە لە بواری نووسینی چیرۆك و ڕۆمان و ڕەخنەی ئەدەبیدا جێ پەنجەیان دیارە.

كاركردن لەسەر زمانی كوردی، بە میتۆدی زانستی لە كرماشان، ڕەنگە ئەزموونێكی تازە بێت، بەڵام پرۆسەیەكی جیدییە و تا دێت زۆرتر پەرە دەستێنێت. بۆ تێگەیشتن و شارەزابوون لە ئەدەبی كلاسیكی كوردی لە دەڤەری كرماشان، پێویستە شانامەی كوردی و بە گشتی ئەدەبی زارەكیی ناوچەكانی كرماشان و ئیلام تاوتوێ بكرێن. ڕەمز و ڕاز و هێمای نێو ئوستوورە ئایینی و فەرهەنگییەكانی كرماشان و ئیلام، دەتوانێ داب‌ونەریتی كۆنی كورد و پێشینەی ئەدەبی كوردیمان بۆ ڕوون بكەنەوە. لە هەناوی ئەدەبی زارەكیدا تۆ دەتوانی لەگەڵ قارەمانە ئەفسانەییەكان ئاشنا بی و ڕۆڵ و تایبەتمەندییە بەرچاوەكانیان بكەیتە هەوێنی ئەدەبیاتی هاوچەرخی كوردی، كە دیارە لەم بارە هەوڵی باش و جیددی دراوە.

***تیشک** ئێوە جیا لە ئەدەبیاتی دەڤەری كرماشان و ئیلام، لە تازەترین بەرهەمی خۆتاندا، ئاوڕتان لە هەندێك ئوستوورە و ئەفسانەی زاگرۆسیش داوەتەوە كە هەڵگری هێما و واتای ژیار و كولتووری كوردانن، دەكرێ كەمێك باسی ئەو بەرهەمەتمان بۆ بكەی؟*



تازەترین بەرهەمم توێژینەوەیەكە بە نێوی (هێمای واتادار لە كولتوور و ژیاری كورداندا) كە لەوێدا ئاوڕم لە هەندێك هێمای گرینگی وەك: (نەورۆز، شاماران، هەنار، گاڤارەوەكووڵ، كوڕی سەیای، ئاور، خۆر و ڕۆشنایی)

داوەتەوە. ئەم هێمایانە، پەیوەندی و تێڕامانی مێژوویی ئێمە بۆ خاک و شارستانییەتی مرۆڤی کورد لە کوردستانی کەوناردا دەخەنە ڕوو. مەبەستم بووە بزانم هێماکان تا چ ڕادەیەک ڕەگ و ڕیشەیان لە فەرهەنگ و شارستانییەتی ئێمەی کورداندا هەیە. هەروەها پەیوەندی و تێڕامانی دیرۆکیی ئێمە لەگەڵ ئەم هێمایانە بە چ شێوەیەک بووە. تا ئەو شوێنەی پێم کراوە پەرژاومەتە سەر هەندێک لە هێماکانی زاگرۆس و شرۆڤەم بۆ کردوون. لەم کارەمدا مەبەستم بووە، لە بەستێنی تاوتوێکردنی هێما زاڵەکان، تا ڕادەیەک هەقیقەتی ڕێوایەتەکان بخەمە ڕوو و نەوەی نوێی گەلەکەمان لەگەڵ ڕاز و ڕەمزی گێڕانەوەکان ئاشنا بکەم.

لە باشووری خۆرهەڵاتی کوردستان، بەشێکی زۆر لە ئەفسانە کوردییەکان کۆ کراونەتەوە، بەڵام خوێندنەوەی وردیان بۆ نەکراوە، ئەمە بە تەنیا ناتوانێت بۆ خوێنەری کورد سوودبەخش بێت، لەبەر ئەوەی هەریەک لە ئوستوورە و ئەفسانە کوردییەکان، بەشێکن لە ڕوانگەی قووڵی مەعریفی و هێمای شارستانییەتی کوردان لە کوردستانی کەوناردا، هەربۆیە من ڕۆشناییم خستووەتە سەر ئەم مژارە و لێکدانەوەم بۆ چەند دانە لە ئەفسانە بەناوبانگەکانی کوردستان کردووە.

*دەکری بەدیاریکراوی پێمان بڵێیت، کامانەن ئەو ئەفسانە و ئوستوورانە کە شیکارییت بۆ کردوون؟*



شاماران، یەکێکە لە ئوستوورە بەناوبانگەکانی کوردستانی کەونارا کە من لە بەرهەمە تازەکەمدا، پەرژاومەتە سەری و گەوهەر و هێما گرینگەکانی نێو ئەم ئوستوورەیەم تاوتوێ کردووە. باسم لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان شاماران و کۆمەڵگەی دایک لە مێژووی دێرینی کوردستان کردووە. هەروەها زۆر خاڵی هاوبەش لە نێوان ئوستوورەی شاماران و ئایینی میترادا هەیە، وەک ( ڕووناکی، ئەستێرە و ئەشکەوت)، لەوێدا باسم لە کاریگەریی ئایینی میترا لەسەر ئوستوورەی شاماران کردووە. شاماران وەک ئوستوورەیەکی مێژوویی، لە ئایینی (یاری)یشدا ڕەنگدانەوەی هەیە، کە من وەک بەڵگەی زیندوو و بۆ پشتڕاستکردنی بۆچوونەکانی خۆم، کەڵکم لە دەقی کەلامەکانی ئایینی یاریش وەرگرتووە، کە لە چەند دەورانی جیاوازدا، باسیان لە هێماکانی نێو ئوستوورەی شاماران کردووە.

شاماران، باس لە چەقی زەوی و خودای بن ئەرز و دەسەڵاتی ڕەهای سەر ئەرزت بۆ دەکات. زەمین لەم ڕێوایەتەدا، بە واتای دایکە و ڕۆڵی ئافرەتیش لە دەسەڵاتدا، بە واتای خوادایکە. ڕۆڵی خوادایک لە چیرۆکی شاماراندا، نیشانەی پێگەی بەرز و دیار و گاریگەری ئافرەتە لە دەستپێکی ژیانی کشتوکاڵیی و شارستانیەتی کوردان، لە نیشتمانی کەونارادا.

پەیوەندیی مرۆڤ لەگەڵ سروشت و گیانداران لە کوردستانی کەونارادا، بەشێکی دیکەی ئوستوورەی شامارانە، بەو جۆرەی کە لە شاماراندا، مرۆڤ و زیندەوەری وەک مار، دەبنە دوو هێما لەیەک جەستەدا، بەڵام هێماکان مانایەکی تازە بە پەیوەندییە سروشتییەکانی ژیان دەبەخشن.

شاماران، باس لە دیاردەی خەیانەتیش دەکات، دیاردەیەک کە بەردەوام ڕێگر بووە لەبەردەم هێزی یەکبوون و گەیشتن بە ئامانجی بەرز، ئامانجێک کە لە ئەنجامی تاقیکاریی و تێگەیشتنەوە، مرۆڤ دەگەێنێتە واری سەربەستی و ئاسایش.

لە ئوستوورەی شاماراندا، مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی خاوەن ئاوەز، دایم لە کێشمەکیش و ململانێدایە، هەر ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات، لە چەقی گۆڕانکارییەکاندا شەڕی مانەوە و ئافراندن بکات. لەم ڕێوایەتە ئەفسانەییەدا، ژیان کۆتایی نییە، بەڵکوو ئەوە شتەکانن دەگۆڕێن و مانا و سیمایەکی نوێتر

بە سەردەم دەبەخشن.
هەروەها لە دنیای شاماراندا، مرۆڤ لە پاش تێپەڕینی لە دەیان قۆناغی سەخت و پڕ لە هەوراز ونشێو، ئەزموون و زانایی دەکاتە پێوەر، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تاکگەرایی ڕەت بکاتەوە و ڕۆحی سەرکێشی و بوێریی لە خۆیدا وەک تاکێک لە کۆمەڵگەدا بەرجەستە بکات.
هەروەها جیا لە شاماران، دوو ئەفسانەی بەناوبانگی دەڤەری گۆران لە پارێزگای کرماشان هەیە، بە ناوەکانی (گاوارە وەکوول و کور سەیای) کە هەر لەم بەرهەمەمدا، نەختێک بە وردی باسم لە بایەخ و گرینگیی ئەوانیش کردووە.
ئەفسانەی کوری سەیای، پەیوەندی بە گەرمبوونی هەوا و هاتنی بەهارەوە هەیە. لە گەوهەری ئەم ئەفسانەیەدا، شەڕی تاقەتپڕۆکێن لەگەڵ زستانە سەختەکان و گەشانەوەی گوڵی هیوای بەهار لەدڵی مرۆڤە خۆراگر و کۆڵنەدەرەکاندا، لەو جۆرە ڕیوایەتانەیە کە نەوە لەدوای نەوە ڕیوایەت کراوە تا گەیشتووەتە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان.
ئەفسانەی (گاقارە وەکوول، یان داڵگەوەهار) یش گەلێک ساڵە لە دەڤەری کرماشان و بە تایبەت لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی باوەڕی کۆمەڵگەی یارساندا باو بووە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕیوایەت کراوە. ساڵانە بەم بۆنەیەوە جەژن و ڕێورەسمی تایبەت بەڕێوە دەچێت.
ڕێورەسمی گاقارەوەکوول، هەموو ساڵێک لە دەستپێکی مانگی ڕێبەندان و لە بەرەبەری بەهاری کوردیی گەرمێن، لە ناوچەی (کرند) سەر بە شارستانی دالاهۆ بەڕێوە دەچێت.
گاقارەوەکوول، لەڕووی کۆمەڵایەتیی، مەعنەوی و ئوستوورەییەوە جێگای بایەخە. ئەم نەریتە ڕیشەی قووڵ و پرواتای لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارسان و فەرهەنگی کەونارای زاگرۆسدا هەیە.
لە فەرهەنگی باوەڕی یارساندا، گاقارە، هێمای مەعنەوی زاوزێ، پاکی و بەردەوامیی ژیانە. هەروەها هێمایە بۆ یەکیەتیی کۆمەڵگە و قبووڵکردنی بەرپرسایەتی لە بەرانبەر نەوەکانی داهاتوودا.

*یەکێک لەو مژارە گرینگ و پڕ بایەخانەی کە ئێوە گرینگیی پێ دەدەن و توێژینەوەی لەسەر دەکەن، ئەدەبیاتی باوەڕی یارسانە، لەم بارەوە چیتان کردووە و بۆچی گرینگە توێژینەوە لەسەر گەوهەر و دنیابینیی ئایینی یاری بکرێت؟*



بەرهەمی داهاتووم توێژینەوەیەکی دوو بەشییە لە پەیوەندی لەگەڵ دنیابینیی ئایینی یاری و دۆخی کۆمەڵگەی یارسان لە مێژووی سیاسیی ئێراندا. زۆر کەس تا ئێستا لەبارەی ئایینی یاری نووسیویانە، بەڵام هەتا ئێستا کۆدەنگییەک لەبارەی گەوهەر و دنیابینیی ئەم ئایینە لە گۆڕێدا نییە. دەمەوێ بە پشتبەستن بە کەلامەکانی ئایینی یاری، ڕۆشنایی بخەمە سەر دنیابینیی یاری. لە ڕەگی کەلامەکانی دەورەی پردیوەر، جۆرێک لە نیزامی "پیر و پادشایی" هەیە، دیارە لەم بارەوە لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ ئەنجام نەدراوە. نیزامی پیر و پادشایی لە ئایینی یاریدا، چ جۆرە نیزامێک بووە و لەسەر چ بنەمایەک کۆمەڵگەی بەڕێوە بردووە، بابەتێکی زۆر گرینگ و جێگای لێوردبوونەوەیە.
لە نیزامی پیر و پادشایی یارساندا، ڕێنێسانسی فیکری بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی، پێناسەی دروستی ئەخلاق لە بەها و پێگەی مرۆڤ لە گەوهەر و ئەرکانی یاری واتە( پاکی، ڕاستی، نیستی و ڕەدا) ڕۆشنانی خراوەتە سەر و لە بواری کردارییەوە کاری لەسەر کراوە. هەوڵدان بۆ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و خۆبەڕێوەبەری لە نیزامی یاردا، خاڵێکی گرینگ و جێگای بایەخ بووە.
بناغەی باوەڕی یاری، ڕێزگرتنە لە مرۆڤایەتییە کە ئەوەشیان لە تەوەری

خۆناسی و "مرۆڤخودایی"دا کە بنەمای فیکری ئەم ئایینەیە دەردەکەوێت. ئەم بۆچوونە وا لەمرۆڤ دەکات کە وەڵامی خراپە بە چاکە بداتەوە و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی پەروەردەی دەروونی بۆ باشتر بوون و گەیشتن بە پلەیەکی ئەخلاقی بەرز. واتە مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی یەکێکە لە تەوەرە سەرەکییەکانی ئایینی یاری.

خاڵی هەرە گرنگ و جەوهەری کە لە ئایینی یاریدا، جێگای سەرنج و تێرامانە، ئەوەیە کە ئەم ئایینە بە هێچ شێوەیەک باوەڕی بە توندوتیژی نییە، واتە خاڵی بەرانبەری توندوتیژییە. مرۆڤەکانی لە ڕێگای دیالۆگ و لەسەر بنەمای ئاکار و کردەوەی چاک پەروەردە کردووە و جاری ئاشتەوایی داوە، بێگومان ئەمە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆش، بابەتێکی گرینگ و پێویستە و دەکرێ وەک بنەوایەک بۆ ئاشتەوایی و ڕۆحی لێبووردەیی کاری لەسەر بکرێ.

هەروەها جێگە و پێگەی ژن و پێناسەی شکۆ و کەرامەتی مرۆڤ لە فەلسەفەی مرۆڤمەداریی یاریدا، خاڵێکی گەوهەری و جێگای سەرنجە و بەتەمام بەپێی دەرفەت و توانایی خۆم سەرنجیان بدەمێ.

هەر لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگەی یارساندا، ئاورم لە دۆخی یارسانییەکان لە مێژووی سیاسیی ئێراندا داوەتەوە. لەو بەشەیاندا، زۆرتر ڕۆشناییم خستووەتە سەر بزووتنەوەی بەرنگاریی یارسان ، لە بەرانبەر هەوڵی تواندنەوە و لەناوبردنی ئایینی (یاری)، لە دەورانی سەفەوییەکان تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ. وەک ئاگادارن، باوەڕمەندانی یارسان، لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئایینەکەیان بە ڕەسمی نەناسراوە، هەربۆیە لە زۆر مافی شارۆمەندی بێبەش کراون. ئەوان تا ئێستا باجی گەورەیان داوە و بەرگەی زۆر زیانی دەروونی و کۆمەڵایەتییان گرتووە، بەڵام هێشتا دەستبەرداری شوناسی نەتەوەیی و ئایینی خۆیان نەبوون.

ئەم کۆمەڵگەیە، یەکێکە لە پێکهاتە پایەدار و خۆڕاگرەکانی کوردستان کە بەدرێژایی مێژوو، لە پێناوی بەرگریکردن لە ناسنامە، کولتوور و زمانی خۆی، لە چەند سەردەمی جیاوازدا، تووشی چەوساندنەوەی نەتەویی و ئایینی بووەتەوە، بەڵام هەرگیز حاشای لە ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی نەکردووە و بەردەوام خاوەن بزووتنەوەی مافخوازی بووە. یارسان، بەهاکۆمەڵایەتی و مرۆییەکانی لە تێرامان و فەلسەفەی ئایینیی خۆیدا پاراستووە و تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ پەرەی پێ داوە. لە گەوهەری کەلامەکانی یاریدا، فەرهەنگ و ژیاری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی زاگرۆس وەک بەشێکی گرینگ و پڕبایەخ لە مێژووی ڕاستەقینەی کورداندا، جێگای باس و تێرامانە. لە نامیلکەی ( جەژنی خاوەنکار لە کۆمەڵگەی یارساندا) کەمێک ئاورم لە گەوهەری بیر و ڕامانی ئایینی یاری داوەتەوە و جەژنی خاوەنکارم وەک خاڵی گۆڕان و کاریگەر لە مێژووی سەرهەڵدان و سەقامگیریی یارساندا پێناسە کردووە.

*وەک دوایین پرسیار، تا ئەو جێگایەی ئاگادارین، ئێوە خولیای شیعرنووسینیشتان هەیە، ئایا تا ئێستا هیچ بەرهەمی شیعریتان وەک کتێب چاپ و بڵاو بووەتەوە؟*



ڕاستییەکەی من فرە ساڵە شیعر دەنووسم، بەڵام جاروبار تەنیا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاویان دەکەمەوە و هێشتا بەرهەمی شیعرییم وەک پەرتووک چاپ و بڵاو نەکردووەتەوە، لەبەر ئەوەی لە ڕووی دیمەن و گەوهەری شیعرییەوە بەتەواوی لێیان ڕازی نیم.

دەوری وشە و زمان لە دنیابینیی شاعیردا گەلێک گرینگە. شیعر لە پێشدا وشەیە، شاعیر واتای پێ دەدات و وێنەی بۆ دروست

دەکات. ئێمە لە ڕێگای واتای وشە و وێنەی شیعرییەوە هەست بە گەوهەر و شکۆداریی زمان و مانا دەکەین.
هەروەها تەکنیک دەورێکی گرینگ و کاریگەری هەیە لە ئافراندنی شیعرێکی پڕبایەخدا، بە مەرجێک شاعیر خۆڕسکانە و بەدوور لە زمانی ئالۆز شیعر بەرهەم بێنێ.
بە بۆچوونی من، شیعر تەنیا نووسینەوەی هەست و سۆز نییە، بەڵکوو ئەوەیە کە شاعیر بتوانێت بە وشەی ساکار، وێنەیەکی پڕواتامان بۆ وێنا بکات، وێنەیەک کە بۆ خوێنەر تازە و باڵکێش و کاریگەر بێت. خاڵی جەوهەری و جیاواز لای شاعیر ڕەنگە ئەوە بێت، وشە بەهەدەر نەدات و هەر وشەیەک کە بەکاری دێنێت، هەڵگری واتایەکی تایبەت بێت، من تا ئێستا لەمەیاندا کرچوکاڵم، بەڵام لەوە تێگەیشتووم تایبەتمەندییەکانی شیعری باش چییە.
من حەز دەکەم شیعرێک بەرهەم بێنم، زادەی خەیاڵ و زمانی تایبەت بە خۆم بێت، بەڵام هێشتا لە دەستپێکی شیعرنووسین دام و ماڵۆچکەیەکی تایبەت بەخۆم نییە کە خوێنەر و بەردەنگ بتوانن لە بنمیچیدا چێژ لە وشە و دیمەنی شعرییم وەرگرن.

## بەرهەمە چاپکراوەکانی سارۆ خوسرەوی

١- ماسی سییە بویچکەڵە (چیرۆکی منداڵان)، سەمەد بێهرەنگی، و. لە فارسییەوە بۆ کوردی، چاپی یەکەم ٢٠١١، چاپی دووەم ٢٠١٥
٢- مەگەر لە وڵات خوەتان خەر نییە (چیرۆک)، عەزیز نەسین، و. لە فارسییەوە بۆ کوردی، ساڵی ٢٠١٣
٣- دۆەتەڵەی کرمیتفرووش (چیرۆکی منداڵان)، هانس کریستیەن ئاندێرسێن و. لە سوێدییەوە بۆ کوردی، ساڵی ٢٠١٩
٤- ماماوێە ناشیرینەگە (چیرۆکی منداڵان)، هانس کریستیەن ئاندێرسێن، و. لە سوێدییەوە بۆ کوردی، ساڵی ٢٠١٩
٥- پیپی جووراو درێژ ناسید؟ (چیرۆکی منداڵان)، ئاسترید لیندگرێن، و. لە سوێدییەوە بۆ کوردی، ساڵی ٢٠١٩
٦- جوجەڵە و ماماوییە بۆچکەڵە (چیرۆکی منداڵان)، ڤلادیمیر سۆتاییف، و. لە فارسییەوە بۆ کوردی، ساڵی ٢٠١٩
٧- جەژنی خاوەنکار (لێکۆڵینەوە)، ساڵی ٢٠٢٠
٨- ئەدەبیاتی کلاسیک و هاوچەرخی کرماشان و ئیلام (لێکۆڵینەوە)، ساڵی ٢٠٢٠
٩- ئۆردووگای ئەلتاش ، ئەزموون و خۆڕاگری (یادەوەری)، ساڵی ٢٠٢٠
١٠- شوێنبەری و بازەوانی لە نێو تایفەی بازگردا (لێکۆڵینەوە)، ساڵی ٢٠٢٣
١١- ئەورەسییەی هەزار چەو (چیرۆکی منداڵان)، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، و. لە فارسییەوە بۆ کوردی، ساڵی ٢٠٢٤
١٢- هێمای واتادار لە کولتوور و ژیاری کورداندا(لێکۆڵینەوە)، ساڵی ٢٠٢٥

# وتووێژ لەگەڵ
# نیگار عەلی حوسێن

نیگار عەلی حسێن، دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی فەڕەنسی لە هەولێر، لە فەڕەنسا درێژەی بە خوێندنی باڵا دا. لەوێ بڕوانامەی ماستەر و پاشان دکتۆرای لە زانستەکانی زمان بەدەست هێنا. پسپۆڕە لە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتی. لە لێکۆڵینەوەکانیدا، گرنگی بە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان زمان، ناسنامە و دەسەڵات لەناو کۆمەڵگادا دەدا. کارەکانی بە پلەی یەکەم لەسەر زمانی کوردی و بەکارهێنانی ئەو زمانەیە و لە ڕوانگەیەکی بەراوردکارییەوە لە سەرانسەری چوار پارچەی کوردستاندا شیکاریی بۆ دەکات. نووسەری کتێبی "بەکارهێنان و نوێنەرایەتییەکانی زمانی کوردی لە کوردستانی گەورەدا"یە، کە لە ئازاریساڵی ٢٠٢٥ لە لایەن دەزگای چاپی "هارماتان" لە پاریس چاپ کراوە. ئەم بەرهەمە بە پشتبەستن بە لێکۆڵینەوەکانی دکتۆرا، لە پراکتیزەکردنی زمان و نوێنەرایەتیی ناسنامە و پرسە کۆمەڵایەتییە سیاسییەکانی بەردەم کورد لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا دەکۆڵێتەوە. لە ڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە تیشک دەخاتە سەر گرژییەکانی نێوان فرەچەشنیی زاراوە، پارچەپارچەبوونی سیاسی و خواستی یەکێتیی زمانەوانی.

*وەک یەکەم پرسیار پێمان باشە باسێکمان لە ناوەڕۆکی تێزی دکتۆراکەت بۆ بکەی؟ کێشەی سەرەکی و ئەو پرسیارە بنەڕەتییانەی تێزەکەت خۆی بۆ هێنانەگۆڕ وەڵامدانەوەیان تەرخان کردبوو، چی بوون؟*



ناوەڕۆکی تێزی دکتۆراکەم باس لە بارودۆخی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی زمانی کوردی دەکات لە کوردستانی گەورە. مەبەستمان لە کوردستانی گەورە بێگومان هەر چوار پارچەی کوردستانە: باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. کێشەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکە بریتی بوو لەو پرسیارەی ئایا جیاوازی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی زمانی کوردی لەهەر پارچەیەکی کوردستان چۆن کاریگەریی دەکاتە سەر بەکارهێنانی زمانەکە لە لایەن ئاخێوەرانی کورد خۆیانەوە و چ کاریگەرییەک دەکاتە سەر بیروبۆچوونیان لەسەر زمان و ناسنامەکەیان؟ بۆ ئەوەی بتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، پێویست بوو وەڵامی چەند پرسیارێکی تری لاوەکی وەدەست بهێنین: ئایا لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، زمانی کوردی لە هەریەک لەو وڵاتانەی کوردستانیان دابەش کردووە، خۆی لە چ ئاستێکدا دەبینێتەوە؟ ئایا ئەو بارودۆخە جیاوازانە، چۆن کاریگەریی دەکەنە سەر بەکارهێنانی زمانەکە لە ناو خانەوادە، لە ناو دامودەزگاکانی خوێندن، لەسەر شوێنی کارکردن و هەروەها لەناو میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا؟ بیروبۆچوونی کوردانی چوارپارچەی کوردستان لەسەر بارودۆخی زمانەکەیان لەناو کۆمەڵگای خۆیان بە بەراورد لەگەڵ بارودۆخی زمانەکە لە ساڵانی ڕابردوودا چۆنە؟ پەیوەندیی کوردانی پارچەکانی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا بە چ زمانێک یان بە چ زاراوەیەک گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕ لەگەڵ یەکتری دەکەن؟ زمانی کوردی لای کوردانی بەشە جیاجیاکان چ واتایەک دەدات؟ کوردان داهاتووی زمان ونەتەوەیەکەیان چۆن دەبینن؟

ئامانجی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەوەبوو بزانین کوردان ئەمڕۆ چۆن هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخی زمانەکەیان لە ناو کۆمەڵگەی خۆیان دەکەن و لەسەر داهاتووی زمانەکەیان پێشبینیی چی دەکەن. بە شیکردنەوە و بەراوردکردنی ئەو هەڵسەنگاندن و بیرو بۆچوونانە، دەتوانین باشتر لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کە زمانی کوردی لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان خۆی تیادا دەبینێتەوە حاڵی ببین. ئەوەش گرنگە بەتایبەت کاتێک باس لە پاراستن و پێشکەوتنی زمانەکەمان دەکەین. بۆیە، بە پێویستی دەزانم، هەر هەنگاوێک لە پێناو پاراستن و پێشخستنی زمانی کوردی بکرێت، دەبێت بارودۆخەکە بە گشتی بگرینە بەرچاو و نەک تەنیا لە یەک پارچەی کوردستان. بۆیە دەبێ خەمخۆران، شارەزایان و بڕیاردەران پشت بەو زانیاری و داتایانەی لە کۆمەڵگەی کوردی کۆ دەکرێنەوە ببەستن، چونکە زمانەکە هی هەمووانە نەک هی یەک بەشی کوردان.

*بۆچی زمانی کوردی لەهەر چوار بەشی کوردستانت وەک هەوێنی تێزی دکتۆراکەت هەڵبژارد؟ ئایا ئەگەر زمانی کوردی لە ئاستی یەک بەشی کوردستانت بۆ لێکۆڵینەوە هەڵبژاردبا، بە ئەنجامێکی وردتر و تۆکمەتر نەدەگەیشتی؟*



بێگومان، لە هەر بەشێک لە بەشەکانی کوردستان زۆر بابەت و کێشە هەن دەتوانین هەڵیانبژێرین و بۆ

بەدەستهێنانی ئەنجامی وردتر و تۆکمەتر تاوتوێیان بکەین. بەڵام دەبێ دان بەوە دابنێین، کە تا ئیستا لێکۆڵینەوە کەمە یان نەکرایە کە کوردانی هەر چوار پارچە لە یەک باس دا کۆ بکاتەوە. بەتایبەت کاتێک لێکۆڵینەوەکە پشت بە داتا و زانیارییەک ببەستێ کە لە ڕێگای لێکۆڵینەوەی مەیدانی کۆ کرابێتەوە. جا بۆیە، بە ڕای من، ئێمەی کورد پێویستیمان بەوە هەیە کە جارجار، کوردانی هەر چوارپارچە لە لێکۆڵینەوەکانمان کۆ بکەینەوە چونکە ئیمە باسی کێشەو مەسەلەی یەک نەتەوە دەکەین.

بێجگە لەوە، ئێمە لەوانەیە تا ڕادەیەک، زۆر یان کەم، لە مێژوو و بارودۆخی ئەمڕۆی کوردان شارەزا بین و بە پێویستی نەزانین باس لە هەر چوار پارچە بکەین. بەڵام لەکاتی ئامادەکردن و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانم لە زانکۆکانی دەرەوەی وڵات، ئەوەم لۆ ئاشکرابوو کاتێک باس لە بارودۆخی کوردان دەکەین لە هەر وڵاتێک، پرسیار دروست دەبێت ئایا لە وڵاتەکانی تر بارودۆخەکە چۆنە؟ ئەگەر زانیاریمان هەبێت دەتوانین تا ڕادەیەک وەڵام بدەینەوە. بەڵام ئەگەر پشت بە زانیاری وداتای دەستی یەکەم ببەستین، واتا لەڕێگای لێکۆڵینەوەی مەیدانی داتا و زانیاری کۆکرابنەوە، ئەوە بایەخی وەڵامەکە لەوانەیە زۆر زیاترببێت.

لەبەر ئەو هۆکارانە، بە باش و پێویستم زانی لە لێکۆڵینەوەی دکتۆراکەم کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بکەمە ئامانج و لە نزیکەوە، زانیاریی دەستی یەکەم کۆ بکەمەوە تاکو لەکاتی شیکاریی پشتیان پێ ببەستم. بۆمن گرنگ بوو بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆزیی دۆخی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی زمانەکەمان، ڕێبازێکی بەراوردکاری بگرمە بەر.

توێژینەوەکەم تیشک دەخاتە سەر کێشە تایبەتیەکانی زمانەکەمان لەهەر یەک لە پارچەکانی کوردستان و هەروەها کێشە هاوبەشەکانی زمانی کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان. هیوادارم، لێکۆڵینەوەکەم وەک سەرچاوەیەکی بەنرخ لەلایەن توێژەران، زماناسان و بڕیاردەرانی یاسا سوودی لێ وەربگیرێت.

*لە ڕەوتی لێکۆڵینەوە و ئامادەکردنی تێزەکەتدا، وشیاریی زمانیی تاکی کورد لەهەر کام لەبەشەکانی کوردستانت چۆن دیت؟ لەم بارەیەوە بە چ ئاکامێک گەیشتی؟ لە کام بەشی کوردستان، خەڵک و توێژی ڕووناکبیر، لە ئاست زمانی کوردی وشیارترن؟ خۆیان لە زمانەکەیان زیاتر لە بەشەکانی دیکە بە خاوەن کردووە؟*



دەتوانم ئەوە بڵێم کە وشیاریی زمانیی تاکی کوردی لە بەشێکەوە تا بەشێک دەگۆڕێت، هەروەها لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر دەگۆڕێت، بێگومان ئەوەش لەبەر ئەو بارودۆخە و ئەو ئەزموونانەیە کە تێیدا، یان لەگەڵیدا، ژیاون.

ئەوەی ئاشکرایە، جیاوازیی ئاستی زمانەوانیی کوردانی بەشە جیاجیاکان لە زمانی دایک بۆهۆکاری جیاوازبوونی بارودۆخی سیاسی و کۆمەلایەتی لە هەریەک لە وڵاتەکان دەگەڕێتەوە. بەڵام، دەتوانم بڵێم کە توانستی زمانەوانی، پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە وشیاریی زمانەوانییەوە نیە. هەرچەندە لە سێ بەشی کوردستان خوێندنی کوردی قەدەغەکراوە، بەڵام کورد، تا ئەمڕۆ بەستراوەییەکی بەهێز بە زمانەکەیەوە نیشان دەدات. وشیاریی زمانەوانییان لە ڕێگای پاراستن و گواستنەوەی زمانەکەی

خۆیان نیشانداوە. بە شێوازێکی تر بڵێم، سەرەڕای قەدەغەکردنی خوێندن و فێربوونی زمانی کوردی، کوردان بە گشتی وشیارییەکی دیاری زمان و ناسنامەیان گەشە پێداوە. وشیاریی زمان زۆرجار لە ڕێگای هەوڵی تاکەکەسی بۆ خۆفێرکردنی زمانەکە خۆی نیشان دەدات. وەک توێژەرێک، دان بەوە دا دەنێم کە وەڵامی ئەو پرسیارەی جەنابتان پێویستی بە ئەنجامدانی ڕاپرسییەکی گەورەترە و لێرە حەز ناکەم هیچ وەڵامێک پێشبینی بکەم. تەنها ئەوە دەڵێم کە وشیاریی زمان لە نێو کوردان بەرەو پێشەوە دەچێت و لە ژێر بنیاتنانی بەردەوام دایە. ئەوەش لەوە خۆنیشان دەدا کە ئارەزووەیەکی بەهێز بۆ بووژاندنەوەی زمان و کولتوری کوردی نیشان دەدەن. ڕاستە کە لە نێو کوردانی باکوور بە کارهێنانی زمانی کوردی لەو ساڵانەی دوایی دا بە سنووورداری دەمێنێتەوە و وشیاریی زمانەوانی زیاتر بە سیاسەتکردنەوە خۆی نیشان دەدات نەک بە فێربوونی زمان. ئەوان زیاتر بە تورکی دەڵێن کوردم، ئەوەش دەبێتە جێگای ڕەخنەی زۆر تەنانەت لەلای ئەو کوردانەی پێداگیری دەکەن کە کوردبوون بە پاراستنی زمان وشوناسە. واتا زۆرێک لە کوردانی باکوور دەڵێن کوردایەتی بەبێ زمانی کوردی واتا نادات. ئەوەش جێگای نیگەرانییەکی زۆرە بۆ داهاتووی زمان وناسنامەی کوردان لە تورکیا.

*دەکرێ کێشە تایبەتەکانی بەردەم زمانی کوردی لە هەر یەک لە چوار بەشی کوردستانمان بە جیا بۆ باس بکەی؟ ئەدی کێشە هاوبەشەکانی زمانی کوردی لە تەواوەتی خۆیدا چن؟*

بەڵێ دەکرێت کێشە تایبەتییەکانی



هەر بەشێک بەجیا باس بکەین و هەم بە هاوبەششیش باسیان بکەین.

لە باکوور، زمانی کوردی بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تر بەداخەوە، پێگە و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زۆر لە دەستداوە. زمانی کوردی لە مێژە زۆر بە توندی لە لایەن حکومەتی تورکیا سەرکوت کراوە ، تەنانەت باس لە جینۆسایدی زمانی لەسەر کوردان لەو وڵاتە دەکرێت؛ لە پەروەردە و فەزای گشتیدا پەراوێزو قەدەغە کراوە. تا ڕادەیەک دەتوانین بڵێین نەوە نوێیەکان ناتوانن لەگەڵ داپیرە و باپیرەی خۆیان گفتوگۆ بکەن کە تەنها کوردی قسە دەکەن. ئەوەش لەبەر ئەوەی دایک و باوکان، بۆ پاراستنی منداڵەکانیان لە پەراوێزخستن لە ناو کۆمەڵگادا، ناچار بوون ڕێگا بۆ فێربوونی تاکە زمانی فەرمی لە وڵاتەکە کە تورکی بوو، خۆش بکەن. حکوومەت لەو وڵاتە سیاسەتی ئاسمیلەکردنی زۆرەملێی گرتەبەر. ئەو سیاسەتە کاریگەریی بەرچاوی لەسەر پاراستن و پراکتیزەکردنی زمانی کوردی لە نێو نەوە گەنجەکاندا هەبوو، بەتایبەتی لەسەر ئەوانەی لە شارە گەورەکاندا دەژین. لەپاڵ ئەو سیاسەتە، هەوڵێکی زۆری دا وێنەیەکی نەرێنی لەسەر کوردان دروست بکات و لە مێشکی هاوڵاتیانی وڵاتەکەیدا بڵاوی بکاتەوە، تا ئەو ئاستەی کە گەنجانی کورد، خۆیان، هەندێکجار یان لە سەردەمانێکی ژیانیاندا، هەست بە شەرم لە کوردبوونی خۆیان بکەن و ناسنامەی خۆیان بشارنەوە. ئەو هەستەش یاریدەدەر دەبوو کە کوردانی باکوور خۆیان فێربوونی زمانی دایک ڕەت بکەنەوە و زمانی فەرمی پەرە پێبدەن.

لە ڕۆژهەڵات: زمانی کوردی بە شێوەی زارەکی بەکارهێنانی زۆر فراوانی هەیە لای کوردان. ئەگەرچی لە خوێندنی

گشتیدا قەدەغەیە و بەفەرمی هیچ دانی پێدا نەنراوە، بەڵام هاوڵاتیان بە هۆی پەرۆشی و خۆشەویستییان بۆ زمان و کولتورو ناسنامەکەیان، تا ڕادەیەکی باش زمانەکەیان پاراستوە. تەنانەت بەگوێرەی زانیاریەکانی دەستم کەوتووە، وا دەردەکەوێت کە کوردانی ڕۆژهەڵاتی لە دەربڕینی زارەکیدا زمانی دایکیان باڵا دەستترە لە زمانی فارسی، کە تەنها زمانی پەروەردە بووە.

لە ڕۆژئاوا: تا ساڵی ٢٠١١ زمانی کوردی قەدەغە کرابوو. لە سەرەتای ئۆتۆنۆمیی ناوچە کوردنشینەکانەوە، قوتابخانەی زمانی کوردی دامەزراون، بەڵام ستافی شارەزا و مەلزەمە و دانپێدانانی فەرمییان نییە. ناسکیی پێکهاتە پەروەردەییەکان وا دەکات بڵاوبوونەوەی زمانەکە تا ڕادەیەک نادیار بێت. بەڵام گومان لەوە دا نییە کە کوردان زۆر تینووی فێربوونی زمانی کوردین.

لە باشوور: هەرچەندە زمانی کوردی پێگەی فەرمی هەیە و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی تا ڕادەیەکی باش فراوانە، بەڵام گرژیی نێوخۆیی (بەتایبەت لە نێوان سۆرانی و بادینی) کێشەی یەکسانیی زاراوەیی، هەروەها نەبوونی ستانداردێکی هاوبەشی کوردیش هەوڵەکان سنووردار دەکات.

کێشەی هاوبەشی کوردان سەبارەت بە یەکخستنی زمانەکەیانە.

بە گوتەی وەڵامدەرەوەکانمان یەکخستنی زمانی کوردی لە چوارچێوەی ئەو چوار وڵاتەدا هەنگاوێکی "سەختە" بەڵام مومکینە. ئومێدێکی گەورە بۆ ئایندەی گەل و زمان و نیشتمان هەیە لای کوردانی هەر چوارپارچە. ئایا زمانناسان هەمان بۆچوونیان هەیە؟ ئایا ئەو چارەسەرانەی کە وەڵامدەرەوەکان لە بەشە جیاکانی کوردستان باس و خەیاڵی دەکەن، دەتوانن ببنە چارەسەرێکی ڕاستەقینە؟ ئایا ئەو هیوا زۆرەی لە لایەن کوردانی هەر چوارپارچە بەدی دەکرێت، دەتوانێت ببێتە پاڵنەرێک بۆ زمانناسان، یاساناسان، و پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکان بەدوای چارەسەرێکی هاوبەش بۆ زمانێکی یەکگرتووی کوردی بگەڕێن؟ یان دەرەنجامە ئەگەرییەکان ڕێگری لە هەر هەنگاوێک بەرەو گۆڕانکاری دەکەن؟

لە (ئەنجامی) شیکاریی داتاکانمان دەرکەوت کە زۆرینەی بەشداربووانی بەشەکانی کوردستان مەیلێکی پۆزەتیفیان هەیە بۆ ئەو پرۆسەیە. واتا ئامادەیی قبوڵکردنی زاراوەیەکی تری کوردیی جیا لەهی خۆیان وەک تاکە زمانی فەرمیی کوردی ڕادەگەیەنن و لەهەمان کاتدا لەسەر گرنگیی بەردەوام بەکارهێنان و پاراستنی زاراوەی تایبەتی خۆیان پێداگری دەکەن بۆ پاراستنی دەوڵەمەندیی زمانی دایک. بێگومان هەندێک لە بەشداربووان، کە زۆرینە نین، پێیان وایە باسکردن و ناساندنی زمانێکی هاوبەش و یەکگرتووی کوردی هەڕەشە دەبێت بۆ سەر فرەچەشنیی زمان و کولتوور لە کوردستان، نەک وەک ئامرازێک بۆ بەهێزکردنی یەکڕیزی و یەکگرتوویی نەتەوە.

*لە عێراق و باشووری کوردستان، لەمێژ ساڵە زمانی کوردی خاوەنی پێگەیەکی فەرمی و دانپێدانراوە. بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئەمە دەسکەوتێکی گەورە بۆ نەتەوەی کورد و زمانەکەی بووە. ئەم دەسکەوتە چ جیاوازییەکی لە نێوان دۆخی زمانی کوردی لەم بەشە و بەشەکانی دیکەدا، پێکهێناوە؟*



دانپێدانانی فەرمی زمانی کوردی لە باشووری کوردستان و عێراق دا دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ هەموو کورد، بەتایبەت کوردانی باشوور. بە ڕوونی جیاوازیەکی

گەورە دروست دەکات لەسەر بارودۆخی زمانی کوردی لەم ناوچەیە بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان. لە سایەی ئەم پێگەیەوە، زمانی کوردی لە بواری پەروەردە و ڕاگەیاندن و ئیدارەدا بەکاردێت و سوود لە پاڵپشتی دامەزراوەیی وەردەگرێت کە ستاندارد کردن و مۆدێرن کردن و گواستنەوەی بەرەوپێش دەبات. منداڵان لە قوتابخانە فێری خوێندنەوە و نووسین دەبن بە زمانی کوردی، ڕۆژنامەنووسان ناوەڕۆکی کوالیتی بە کوردی بەرهەم دەهێنن، دامەزراوە سیاسییەکانیش بەو زمانە خۆیان دەردەبڕن. ئەم دۆخە ژینگەیەکی زمانەوانی سەقامگیر دروست دەکات. بێگومان ئەو جیاوازییە وایکردووە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمانەکە لە ناو کۆمەڵگەی کوردی لە باشووری کوردستان زۆر فراوانتر بێت لە چاو بەشەکانی تری کوردستان. بە شێوازێکی سادەتر بڵێم، دەبینین لە باشوور زمانی کوردی لە زۆر لە بوارەکاندا بەکار دێت و کاری پێدەکرێت، واتە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی کوردی لە باشوور فراوانترە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تر. کەچی لە پارچەکانی دیکە، زمانی کوردی پە ڕاوێز دەخرێت و نە زمانی فێرکارییە و نە زمانێکی ئیدارییە. ئەمەش لێکەوتەی جیددی هەیە: زمانێکی لاوازی نووسین، تێکچوونی گواستنەوە لە نێوان نەوەکان، کەمی سەرچاوەی پەروەردەیی و هەستکردن بە کەمتەرخەمی زمانەوانی. لە باشووری کوردستان، ئەگەر چی خەڵکەکە تا ڕادەیەک گازەندە دەکەن بەوەی حکوومەتی هەرێم کەمتەرخەمە بەرامبەر بە زمان، بەڵام هەرێم توانیویەتی پەیوەندییەکی ئاسایی و کارایی و بەهادار لەگەڵ زمانەکەیدا پەرە پێبدات، لە کاتێکدا کوردەکانی باشەکانی تر زۆرجار ناچارن خەباتەکانیان سنوردار بکەن بە داواکردنی مافی قسە پێکردن و مافی خوێندن.

*زمانی نەتەوە سەردەستەکان لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەرخۆیاندا دابەش کردووە، بە شێوەیەکی نەرێنی زمانی کوردییان خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیان. لەهەر کام لەو وڵاتانە، نەتەوەی کورد چی بکا بۆ ئەوەی هەڕەشە و مەترسیی کاریگەریی زمانی سەردەست، لەسەر زمانی کوردی کەم بکاتەوە؟*



پەیوەندیی زمان و تێکەڵ بوونی زمانەکان لە هەر کۆمەڵگایەک دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتییە و مەرج نییە هەموو کات جێگای مەترسی بێت. بەڵام کاتێک زمانەکان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە یەک ئاستدا نەبن، یان کاتێک ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمانەکە یەکسان نەبن، ئەوکاتە دەبیتە جێگای هەڕەشە و مەترسی. واتە زمانی سەردەست هەڕەشە دەبێت بۆ زمانی ژێردەست. لە دۆخی ئێمەی کورد دا، کە زمانەکە لە ناوچە جیاوازەکاندا هەمان پێگە و دانپێدانانی نییە، کەمکردنەوەی کاریگەریی زمانە باڵادەستەکانی وەک (تورکی، فارسی و عەرەبی) تەحەدایەکی ئاڵۆزە. بەڵام چەند شتێک هەیە کە هاوکاردەبن ئەو هەڕەشە و مەترسییانە کەم بکەنەوە. بە کورتی دەتوانم لێرە چەندێکیان بخەمە ڕوو. لە هەموویان گرنگتر بە ڕای من ئەوەیە کە منداڵانمان فێری زمانی کوردی و مێژووی گەلی کورد بکەین تاکو هەستی خۆشەویستیی بۆ زمان و ناسنامە و کولتوری کوردی پەرە پێبدەن، بەڵام گرنگە ئەو هەستە خۆشەویستییەی بۆ نەتەوەو ناسنامەی خۆی نەبێتە هۆی پەیدابوونی ڕک و کینە بەرامبەر نەتەوەکانی تر. واتە ڕێز لە ناسنامە و

کولتوری جیا لەهی خۆی بگرێت نەک ڕەتیان بکاتەوە یان کەمیان بکاتەوە. ئەو هەوڵەش لە ئاستی تاکە کەسی و خێزانی دەتوانرێت بکرێت، بەڵام ئەگەر باسی پاکتاوکردنی زمان لە وشەکانی بێگانە و گۆڕینی پێگەی زمان بکەین ئەوە دامودەزگاکانی تایبەت بە زمان لە کاتی بە ستانداردکردن و بەرنامەدانان بۆ زمانەکە دەبێ ئەوهەوڵانە بکەنە ئامانج. تاکی کوردیش دەبێ خۆی فێربکا و ڕێز لە نۆرمەکانی ستانداردی زمانەکەی بگرێت .

لەلایەکی ترەوە، دەبێ کوردان پێداگیری لەسەر داوای مافی خوێندن و بەکارهێنانی زمانی دایک بکەن لە سیستەمی پەروەردەیی و کارگێڕیدا. هەروەها بەفەرمی ناساندنی زمانی کوردی ئەگەر چی لە سنووری ناوچەییشدا بێت، پەرەپێدانی بەرنامەکانی فێرکردن بە زمانی کوردی. هەرەها کەرەستەی فێرکاری بخرێتە بەردەست، وەک کتێبی خوێندن، فەرهەنگ، ڕێزمان، و سەرچاوەی دیجیتاڵی بەم زمانە. بەکارهێنان و پەرەپێدانی زمانی کوردی لە ئامرازە دیجیتاڵییەکان و تەکنەلۆژیای تازەدا: ئەپلیکەیشن، پلاتفۆرمی پەروەردەیی، کیبۆرد، بۆ ئاسانکاری لە ژیانی ڕۆژانەدا. پشتیوانی لە میدیا و وەبەرهێنانی زمانی کوردی بکرێت لە هەموو بوارەکانەوە: ئەدەب، هونەر، هاندانی فیلم، زنجیرە، گۆرانی، کتێب، ڕۆژنامە و ماڵپەر، هتد. بۆ زیادکردنی بینەران و فراوانکردنی بەکارهێنانی زمانەکە. کارکردن بۆ ئەوەی زمانی کوردی وەک زمانی مەعریفە و مۆدێرنیتە بناسرێت و نەک تەنها وەک زمانی میرات یان بەرخۆدان. پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و لە دیاسپۆرا و کار بکرێت لەسەر یەکڕیزیی زمانی بەبێ نکۆڵی لە فرەچەشنی. کەمکردنەوەی ئاسمیلاسیۆنی زمانەوانی، ئەوەش دەبێ ئەو بیرۆکەیە ڕەت بکەینەوە کە تەنیا زمانی تورکی، عەرەبی، یان فارسی "بەسوود" یان "دەوڵەمەند"ە. ئەوەش بە گۆڕینی ئەو باوەڕ و بیروبۆچوونانەی کە ناحەزانی کورد بە درێژایی ساڵان هەوڵیاندا دروستی بکەن. هەروەها بە بەرز ڕاگرتنی هەڵمەتەکانی هۆشیاریی لەسەر مێژوو و ناسنامەی کورد و بەرز ڕاگرتنی بۆنە نەتەوەیی و کولتوورییەکان. بە ئەنجامدان و گرتنەبەری ئەو هەوڵانە، زمانی کوردی دەتوانێت پێگەی خۆی لە بەرامبەر زمانە باڵادەستەکاندا بپارێزێت.

*هێندێک لە زمانەوانانی کورد دەڵێن ئێمە یەک زمانی کوردیمان نییە، بەڵکوو زمانە کوردییەکانمان هەن. بۆ خۆت چەند لەگەڵ ئەم بۆچوونەدای کە زمانی کوردی، کۆزمانە نەک زمانێک؟*



پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، بە پێویستی دەزانم باسێک لە هەڵبژاردنی وشەکانمان بکەین چوونکە بە هەڵبژاردنی ئاگایانەی وشەکان، دەتوانین خەباتێکی زۆر گەورە بکەین بۆ کێشەی کورد. بۆنموونە، کاتێک دەڵێین باکوور و باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان، مەبەستمان ئەوە نییە سنوورێک دابنێین لە نێو کوردان، بەڵکو ئەو سنوورە دەستکردەی وڵاتان بەسەر ئێمەیاندا سەپاند و خاکەکەمانیان دابەش کرد هەڵبگرین. هەمان شت بۆ زمانی کوردی. زۆرێک لە توێژەران دەستەواژەکانی کوردی یان کورمانجی سەروو و ناوەڕاست و خواروو بەکار دێنن بە مەبەستی پارچە پارچە نەکردنی زمانەکە یان لێک نزیک کردنەوەی زاراوەکانی کوردی.

تا ئێستا دەتوانین بڵێین یەک زمانمان هەیە کە دابەش بووە بەسەر چەند زارو

بن زارێکدا. بەڵام ئەگەر ئێمەی کورد بەو شێوەیە بەردەوام بین و هەوڵ نەدەین لە یەک نزیک ببینەوە و شارەزایی لە زمانی کوردی و زار و زاراوەکانی تری زمانەکەمان پەیدا نەکەین، ئەوە بەبێ ئاگایانە بەشدار دەبین لە فراوانکردنی ئەو بۆشاییەی نێوانمان کە لەگەڵ دابەشکردنی خاکی کوردان هاتە ئاراوە. کوردان ناسنامەی خۆیان خۆشدەوێ، ئەوە شتێکی زۆر ئاشکرا و ڕوونە. زمانی کوردییش تا ئەمڕۆش وەک پێکهاتەی سەرەکیی ئەو ناسنامەیە دادەنرێت. ئەگەر ئەمڕۆ یان لە دوواڕۆژدا بڵێین چەند زمانمان هەیە، ئەوکاتە لەوانەیە بە پێی زارەکان خۆمان بناسێنین نەک وەک کورد: واتا من وەک سۆران خۆم بناسێنم، تۆش وەک کورمانج خۆت بناسێنی و کەسێکی تریش وەک گۆران یان زازا خۆی بناسێنی. لەوکاتەدا کورد بوون مانایەکی ئەوتۆ نادات. ئێمە لێرەدا باسی ناسنامەی یەک نەتەوە دەکەین، کاتێک لەناو ئەو نەتەوەیە ناسنامەی نوێ دروست بکەین، گەورەیی نەتەوەکە کەم دەکەینەوە. ئەگەر بەوشێوەیەش بەردەوام بێت، بە تێپەڕ بوونی کات، نەتەوەکە بەرەو لەناوچوون دەڕوا.

*وەک نەتەوەیەک چۆن دەتوانین سەرەڕای زۆریی و جۆراوجۆریی زارە کوردییەکان، یەکگرتوویی زمانی کوردی بپارێزین؟ چۆن دەکرێت بە هەبوونی چەند ئەلفوبێ جیاواز و لانی کەم دوو زاری ستاندارد (کوردیی نێوەڕاست و کورمانجیی ژووروو)، زمانەکەمان بە یەکگرتوویی بهێڵینەوە؟*



بە پێویست دەزانم کوردان، جا ئاخێوەرانی هەر کام زاراوە بن، دەبێ هەوڵی ئاشنا بوون بدەن لە زاراوەکانی تری زمانی کوردی و خۆیان فێربکەن، بەهەمان شێوە لە نووسین. واتا دەبێ فێری ستانداردی هەردوو ئەلفوبێی بن. ئەو فێربوونەش پرۆسەیەکی ئاسان نابیت ئەگەر سیستەمی خوێندن، بەرنامەی خوێندن نەگونجێنێت بەو بارودۆخە. دیسان ئەوەش زەحمەتە کاتێک کە بەشەکانی تری کوردستان ئەو مافەیان پێ نەدراوە. لەبەر ئەوە، سەرەتا و وەک هەوڵی تاکەکەسی دەبێ پرۆسەی خۆ فێرکردن و ئاشنا بوون بە زاراوەکانی تری کوردی ئەنجام بدرێت. بۆ ئەم مەبەستەش، میدیا کوردیەکان، ئەمڕۆ تا ڕادەیەکی باش دەتوانن بەشداربن لە ئاسانکردنی ئەو پرۆسەیە. ئەوەش جێگای دەستخۆشییە.

پاراستنی یەکگرتوویی زمانی کوردی مەحاڵ نییە. پێویستی بە دیدێکی گشتگیر و هەوڵی بەکۆمەڵ و ستراتیژی بەرجەستەیی هەیە. دەبێت فرەچەشنی زاراوەیی نەک وەک هەڕەشەیەک، بەڵکو وەک سەرمایەیەک بناسرێت. یەکگرتوویی مانای یەکپارچەیی نییە، دەتوانرێت لە دەوری بەها هاوبەشەکان، پڕۆژەیەکی کولتووریی هاوبەش و ڕێزگرتنی یەکتر لە نێوان قسەکەرانی زاراوە جیاوازەکاندا بنیات بنرێت. بۆیە دەتوانرێت پەرە بە فۆرمێکی فرە سەنتەریزم/هەمەچەشنی بدرێت، وەک ئەوەی بۆ زمانەکانی دیکە (ئینگلیزی، ئەڵمانی، عەرەبی، ئیسپانی) هەیە، کە چەندین نۆرم پێکەوە دەژین.

دەبێت هاندەری لێکتێگەیشتن و فێربوونی زاراوەی یەکتری بین. هەروەها هانی فێربوون و بەکارهێنانی هەردوو سیستەمی (لاتینی و عەرەبی) بدرێت. ئەو هەوڵە بەرجەستەییانە ڕێگە بە کورد دەدا کە دەستیان بە تەواوی ئەدەبیاتە دەوڵەمەندەکەی بگات و باشتر پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بکەن. بۆیە زۆر گرنگە کە هاوکاریی زمانەوانی لە نێوان کوردانی بەشە جیاوازەکان دروست بکرێت، ئەوەش

به دروستکردنی ئەنجومەنێکی زمانەوانیی سنووربەزێن یان پەیمانگایەکی کوردیی نێودەوڵەتی، کە کار بۆ ڕێککەوتن لەسەر ستانداردەکان و بەرهەمهێنانی سەرچاوەی پەروەردەیی هاوبەش بکات، دەکرێت. بەم شێوەیە دەکرێ یەکێتی زمانەوانیی کوردی لە چوارچێوەی فرەچەشنییدا بنیات بنرێت، پرد دروست بکرێت نەک دیوار لە نێوان زاراوە و ڕێنووسەکاندا.

*لەنێو ئاخێوەرانی زارە کوردییەکاندا مەیلێکی بەهێز بۆ دژایەتی لەگەڵ زمانی ستانداردی کوردی هەیە. بۆ نموونە داواکارن هەموو زارەکان، لە ناوچەی خۆیان زمانی پەروەردە و زمانی نووسین بن. ئەم چاوەڕوانییانە، ئەگەر جێبەجێ ببن، خزمەتی پێشکەوتنی زمانی کوردی دەکەن، یان زیانی پێدەگەیەنن؟*



خواستی قسەکەران بۆ پاراستن و بەرەوپێشبردنی زاراوە ناوچەییەکانی خۆیان جێگای تێگەیشتنە، بەو پێیەی هەر یەک لە زاراوەکان ڕەهەندێکی دەوڵەمەندی کولتووری و سۆزداری و ناسنامەیی هەڵگرتووە. بەڵام ئەگەر هەر یەک لەو زاراوانە ببنە زمانی فەرمیی فێرکردن و نووسین لە ناوچەکەی خۆیدا، ئەمەش مەترسی زیاتر پارچەپارچەیی زمانی کوردی دەبێت. ئەو بارودۆخەش بەرهەمهێنانی کتێبی خوێندن و ڕاهێنانی مامۆستایان و ئاڵوگۆڕی نێوان ناوچە و هەرێمەکان، و هەروەها یەکێتیی زمانیی کورد لە دەرەوەی سنوورەکانی وڵات ئاڵۆز دەکات. ئەوبارودۆخەش ڕێگری لە سەرهەڵدانی فەزای هاوبەشی کوردی لە میدیا و بڵاوکردنەوە و پەروەردە و لێکۆڵینەوەدا دەکات. بەپێچەوانەوە، سیاسەتی ستانداردکردنی وشیارانە – لەسەر بنەمای کوردییەکی هاوبەش – لە هەمان کاتدا بوار بۆ فرەچەشنی زاراوەیی لە کایە نافەرمییەکان یان کولتوورییەکاندا دەرەخسێنێت، دەتوانێت زمانی کوردی بەهێزتر بکات. بە کورتی، دەتوانم بڵێم کە دژایەتی کردنی فۆرمێکی ستاندارد، لە درێژخایەندا زیان بە یەکگرتنی زمانەوانی دەگەیەنێت. بۆیە، دۆزینەوەی هاوسەنگی لە نێوان فرەزاری و یەکگرتوویی زمانەوانییدا هەنگاوێکی گرنگ و پێویستە بۆ دەستەبەرکردنی گەشەسەندنی زمانی کوردی لەسەر ئاستی ناوخۆ ونێودەوڵەتی دا.

*جیاوازیی ئەلفوبێی نووسینی زمانی کوردی، هەروەها شارەزانەبوونی ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە زارەکانی دیکەی زمانەکەیان، وای کردووە هەتا ئێستاش پێوەندییەکی بەرین لەنێوان کوردی ناوچە و پارچە جیاوازەکانی کوردستاندا دروست نەبێت. چۆن دەتوانین ئەم پێوەندییە بەهێز و بەرین بکەینەوە؟*



بەڵێ، درووستە کە جیاوازیی ئەلفوبێی و نەزانینی زاراوەی تر زۆرجار ڕێگری لە کوردانی ناوچە جیاوازەکان دەکات لە یەکتر تێبگەن و پەیوەندییەکی پتەو دروست بکەن، بەڵام پێموایە چەند ڕێگە چارەیەکی سادە هەن و دەتوانین بیانکەینە ئامانج تاکو ئەم پەیوەندییانە بەهێز بکرێن. بۆ نموونە، لە پێشتریش باسم کرد، فێربوونی ستانداردی هەردوو ئەلفوبێ لە قوتابخانە یان ناوەندە ڕۆشنبیرییەکان ڕێگە بە کوردێکی خەڵکی ڕۆژهەڵات و باشوور دەدات کتێبێک بخوێنێتەوە کە کوردێکی باکوور یان ڕۆژئاوا نووسیویەتی و بە پێچەوانەشەوە. دەزانم کە ڕەخساندنی ئەو دەرفەتە ئاسان نیە لۆ کوردانی بەشەکانی تر کە ناتوانن زمانەکەیان بە شێوەکی ئەکادیمی فێر بن، لەبەر نەبوونی زمانی کوردی لە سیستەمی خوێندندا. بۆیە دەڵێم هەوڵی

تاک، و هەوڵی دایک و باوکان زۆر گرنگە.
لە لایەکی ترەوە، دەبینین کە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردی دەمێکە بڵاوکردنەوەکانیان بە دوو شێوەزار و دوو ئەلفوبێ پێشکەش دەکەن، ئەوە کارێکی زۆرباشە و دەورێکی گرنگی هەبووە و دەبینێت لەو پرۆسەیە، دەتوانرێت هێشتا ئەو ناوەرۆکی بەرنامەکانیان فراوانتربکەن بۆئەوەی زیاتر سەرنجی گەنجانی بەشەجیاکانی کوردستان بۆخۆیان رابکێشن. هەروەها دەبێت لە ڕێگای تەکنەلۆژیاوە فەرهەنگی سەرهێڵ دروست بکرێت کە ڕێگە بە وەرگێرانی ئاسان بدات لەنێو زاراوە جیاوازەکاندا. هەروەها بایەخ بە ڕێکخستنی چالاکی و فیستیڤاڵ یان پرۆژەی هاوبەش- وەک گۆرانی، نووسین، یان وۆرک شۆپی شانۆ- لەگەڵ کوردانی ناوچە جیاوازەکانی تری کوردستان بدرێت کە هاندەر دەبن لە دامەزراندنی ئاڵوگۆڕ و دروست بوونی پەیوەندی.

*لە دەرەوەی کوردستان، لە وڵاتانی ڕۆژاوایی، بە میلیۆنان کورد دەژین. پاراستنی زمان لەنێو ئەو بنەماڵانەی لە کوردستان دوور کەوتوونەوە، ئەرکێکی پێویستە، بەڵام هەوڵێکی جیددی لەم پەیوەندییەدا لە لایەن کۆڕ و کۆمەڵە کوردییەکان، هەروەها کوردانی دوور لە کوردستان، نابیندرێت. دەکرێ لەم بارەیەوە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی خۆتمان بۆ باس بکەی؟*



پاراستنی زمانی کوردی لە نێو کوردانی ڕەوەنددا پرسێکی گرنگە، بەڵام بەداخەوە زۆرجار چاوپۆشی لێدەکرێت و نەکرایتە خەم، هەرچەندە ئێستا بە ملیۆنان کورد لە ئەورووپا و ئەمریکا و وڵاتانی تر دەژین. لە نێو زۆرێک لە خێزانەکاندا، زمانی باڵادەستی وڵاتی میواندار (وەک فەرەنسی، ئەڵمانی، ئینگلیزی یان زمانی تر) بە خێرایی دەست بەسەردا دەگرێت و منداڵان لە کۆتاییدا کەمێک لە زمانی کوردی تێدەگەن بەبێ ئەوەی بەراستی قسەی پێبکەن، بیخوێننەوە، یان بینووسن. بێگومان، ئەوەش لەبەر نەبوونی قوتابخانە یان کەمیی خولی زمان، لەبەر نەبوونی سیاسەتی زمان لەنێو خێزانەکاندا، لەبەر دەستنەکەوتنی سەرچاوەی پەروەردەیی بە زمانی کوردی لە دەرەوەی وڵات، هەندێک جاریش لەبەرنەبوونی هۆشیاری لای دایکان و باوکان خۆیان.
کاتێک خێزانێکی کورد لەبەر هەر هۆکارێک بێت، لە دەرەوەی ناوچەی ڕەچەڵەکی خۆیان نیشتەجێ دەبن، دەبێت درک بە گرنگی پاراستنی زمانەکەیان بکەن، بە قسەکردنی ڕۆژانە لەگەڵ منداڵەکانیان، گواستنەوەی چیرۆک و گۆرانی بۆیان، و ناونووسکردنیان - ئەگەر بتوانرێت - لە کۆرسی زمانی کوردیی کە لەلایەن دەزگا و ڕێکخراوەکانەوە یان بە شێوەی سەرهێڵ پێشکەش دەکرێن. بەڵام لە سەرووی هەمووشیانەوە دەبێت خۆشەویستی بۆ نیشتمان و شانازی بە کوردبوون و پەیوەندیی سۆزدارانە لەگەڵ کولتوری ڕەچەڵەکدا بگوازنەوە، چونکە هەر ئەم هەستەیە کە ئارەزووی زیندوو ڕاگرتنی زمانەکەیان بە منداڵان دەبەخشێت.

*بەڕێزت لە فەرانسە دەژی کە زیاتر لە چل ساڵە ئەنستیتۆی کوردی لێیە. هەروەها لە ئەڵمان، بێلژیک، سوید و چەند وڵاتێکی دیکەش ئەنیستیتۆ و ناوەندی کولتووری و تایبەت بە زمانی کوردی هەن. بایەخدانی ئەم ناوەندە زانستی و کولتوورییانە بە زمانی کوردی لە دەرەوەی کوردستان، چۆن دەبینی؟*



بە ڕای من ئەو دامودەزگایانە کاری زۆر پیرۆز دەکەن و جێگای پەنجەیان زۆر دیارە، بەتایبەت بۆ

ناساندنی کورد و میژووی کورد لەناو ئەو وڵاتانەدا. گەلێک توێژەری کورد و بێگانە دەتوانن سوود لەو دامودەزگایانە ببینن بۆ فێربوونی زمان، بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکانیان یان بەشداربوون لە چالاکی لە بوارە جیاوازەکان دا. تەنانەت بۆ ڕێکخستنی بۆنە کولتوری و نەتەوەییەکان، بۆ بەرز ڕاگرتن یان بۆ ناساندنی بەرهەمی کوردانی دوورە وڵات. ئەو جۆرە چالاکییانە وادەکات کوردان لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتان بێن و بەشداربن لەو جۆرە بۆنانە و کۆ ببنەوە و تێکەڵی بکەن.

ئەو دامودەزگایانە دەتوانن هێشتا کارو چالاکییەکانی خۆیان فراوانتر بکەن و چالاکیی زیاتر بەرەخسێنن بۆ ناساندنی کورد و ناسنامە و زمانی کوردی. حکوومەتی هەرێمیش دەبێ پشتگیریی زیاتریان بۆ دابین بکات و هەروەها میدیا کوردییەکان کاروبار و چالاکییەکانیان باس بکات تاکوو زۆرترین کەس بتوانن سوودمەند بن.

*ئەگەر لە ڕوانگەی بیانییەکەوە سەیری زمانی کوردی بکەین، کێشەکانی ئەم زمانە چن؟ فرەزاری؟ نەبوونی زمانی ستاندارد؟ ئەلفوبێی جیاواز؟ فەرمی نەبوونی زمانەکە لە وڵاتانی ئێران، تورکیا و سوریا و نەبوونی پەروەردە بەو زمانە؟ نەبوونی دەوڵەت و دامەزراوەی گەورە لەپشت زمانەکە؟*



هەموو ئەو کێشانەی باست کردن، دروستن. لە ڕوانگەی خەڵکی بیانییەوە ئەو ئاڵۆزیانەی زمان بارودۆخی ئاڵۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردان پشتڕاست دەکاتەوە. من وەک وەرگێڕێک لە دادگا و چەند ڕێکخراوێکی وڵاتانی فەرەنسا و لوکزەمبورگ، دەبینم بەربەستی زۆر دێتە بەردەمیان بۆ دابینکردنی ئاسانکاریی لۆ ئەو کەسانەی پەنا بۆ ئەو وڵاتانە دەبەن. هەر لەبەر ئەوەش، وەرگێڕێکی زمانی کوردی مانای هیچ نادات، دەبێت ئاماژە بەوە بدەی وەرگێری زمانی کوردی لەکام زاراوە. جا ئەگەر بێم وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، دەڵێم بارودۆخی زمانی کوردی نەک تەنیا بۆ کوردان کێشەیە، بەڵکو بۆ بیانیەکانیش کێشە و ئاستەنگی زۆر دروست دەکات، کاتێک پێویستیان بە وەرگێڕ و خزمەتگوزاری دەبێت لەو زمانە.

لەبەر نەبوونی دەوڵەتێکی سەروەری کوردی کە توانای جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی یەکگرتووی هەبێت، بەبێ دامەزراوە ناوەندییە بەهێزەکان، پلاندانانی زمان پارچە پارچە دەبێت، وابەستەی چوارچێوەی سیاسیی هەر وڵاتێکە. ئەو ئاستەنگانە دەبێت کاریان لەسەر بکرێ بۆ بەهێزکردنی زمانی کوردی لەسەر ئاستی جیهانی.

*بۆ خۆت جێگە و پێگەی زمانی کوردی لەنێو زمانانی جیهاندا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ ئەم زمانە خەریکە لەگەڵ سەردەم دەچێتە پێش و جێگای خۆی قایم دەکات، یان خەریکە دەچێتە پەراوێز؟*



باسی جێگەو پێگەی زمانەکەمان بکەین لە نێو زمانەکانی جیهاندا، دەتوانین دوو بیرۆکەی دژ بەیەک باس بکەین: لە لایەکەوە ئەوەی جێگای دڵخۆشییە ئەوەیە کە زمانەکەمان لە ڕووی بەکارهێنانییەوە ئاخێوەرانی زۆرن. واتا لە ناو کۆمەڵگای کوردی تا ئەمڕۆ بەکارهێنانی فراوانی هەیە، بەتایبەت لە باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستاندا. ئەرکەکانی ئەو زمانە ڕوو لە فراوان بوونن، ئەوەش جێگای خۆشحاڵییە. بەداخەوە، لە باکوور، دۆخەکە جیاوازە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو. واتە بەکارهێنانی بەرە بەرە ڕووی لە کەمییە لە ناو شارە گەورەکان و لە نێو نەوە گەنجەکاندا.

بەڵام لە لایەکی ترەوە، زمانی کوردی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بە پەراوێز دەمێنێتەوە. لەبەرچی؟ بەهۆی نەبوونی دانپێدانانی دامەزراوەیی لە چەند وڵاتێکی (تورکیا، ئێران، سوریا)، سیاسەتی سەرکوتکردن یان سنووردارکردن، و نەبوونی زمانی یەکگرتوو و چەند هۆکاری تریش دەتوانین بژمێرین. ئەو هۆکارانەش وادەکەن زمانی کوردی شوێنێکی پتەوی نەبێت لە نێو زمانە جیهانییەکاندا. دەتوانم بڵێم زمانی کوردی هەم خۆڕاگر و هەم لاوازە: پەرە دەستێنێت و دەگۆڕێت، بەڵام زۆرجار لە چوارچێوەی خەبات و خۆڕاگری و بەبێ پشتیوانیی دامودەزگا یان ودەوڵەتێکی سەروەر.

*ئەو ئەنجامانەی لە تێزەکەتدا پێیانگەیشتووی، بە تایبەتی ئەوانەی کە دەتوانن لە خزمەت مانەوە و پێشکەوتن و دەوڵەمەندیی زمانی کوردیدا بن، چین؟*



پێشبێگومان، دەتوانم لێرە چەندین دەرەنجامی گرنگ بەکورتی بخەمە ڕوو:

هەبوونی وشیاریی زمانەوانیی بەهێز سەرەرای ئاستەنگەکان: سەرەرای بەربەست و ئاستەنگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، کوردانی هەر چوار پارچە خواستێکی بەهێز بۆ پاراستن و پێشخستنی زمانەکەیان نیشان دەدەن. ئەو هۆشیارییە زمانەوانییە پەیوەستە بە شوناس و بەرخۆدانەوە، دەتوانێت ببێتە هێزێکی بزوێنەری بەهێز بۆ پاراستن و بووژانەوەی زمان.

● خوێندن بە زمانی کوردی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە: پەروەردە بە زمانی دایک کاریگەریی زۆر ئەرێنی لەسەر شارەزایی زمان و متمانەی قسەکەر هەیە.

● فرەچەشنی زاراوەیی وەک سامانێک هەست پێدەکرێت نەک وەک بەربەست. ئەو تێڕوانینە زەمینە خۆش دەکات بۆ ڕوانگەیەکی فرەسەنتەری بۆ زمانی کوردی، کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و قەدرزانینی زاراوە جیاوازەکان بێت.

● پێویستە پەیوەندیی نێوان زاراوەکان ئاسانکاری بۆ بکرێت و ئاستەنگەکانی بەردەم لێکتێگەیشتنی یەکتری نێوان کوردانی پارچە جیاوازەکان ( زاراوە، ئەلفوبێ) دەتوانرێت لە ڕێگەی فێربوون کەم بکرێتەوە.

● ڕۆڵی ڕەوەندی کورد و ڕاگەیاندنی کوردی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر گرنگن لە دروستکردنی دەرفەتی فێربوون و گواستنەوەی زمان بەبێ گوێدان بە سنووره دەستکرد وسەپێنراوەکان.

● ئومێدێکی زۆر بۆ یەکریز بوون هەیە. زۆرێک لە بەشداربووان باوەڕیان بە ئەگەری یەکگرتنی نەتەوەی کورد و زمانەکەی هەیە، لە هەمان کاتدا ڕێز لە جیاوازییەکان دەگرن.

بەکورتی، لێکۆڵینەوەکەم تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە مانەوەی زمانی کوردی نەک هەر پەیوەستە بە پێوەرێکی یەکگرتووەوە، بەڵکو بە خواستێکی بەکۆمەڵ بۆ پاراستن و پێشخستنی زمانەکە. کوردان باوەڕیان وایە کە بارودۆخی ئێستای کوردان هیوا بەخشە، گەشبینن بۆ داهاتووی گەلی کورد. بەڵام پێداگریی لەسەر گرنگیی یەکریزیی کوردان لە داهاتوودا دەکەن، بەتایبەت سەبارەت بەو بڕیارە چارەنووسییانەی کە پەیوەستن بە سەرجەم گەلی کوردەوە، لە هەمووشیان گرنگتر، مەسەلەی زمانە. من سەد لە سەد لەگەڵ ئەوەدام کە هەر بڕیارێک سەبارەت بە زمانی کوردی بدرێت دەبێ شارەزایانی بوارەکانی زمان و یاسا لە هەر یەک لەپارچەکانی کوردستان بەشدار بن.

پێش ئەوەی کۆتایی بە وشەکانم بێنم، شتێک گرنگە بە بیر خۆمانی بێنینەوە ئەوەیە کە زمانی کوردی تا ئێستا زیندوو ماوە بە هیممەتی خەڵکەکەی بووە، نەک بەهیممەتی هێزێکی سیاسی. بەڵام ئەگەر سیاسەت بێت و پیشتیوانیی هیممەتی خەڵک بکات، ئەوە دەتوانین باس لە پێشخستنی زمانیش بکەین، نەک تەنیا پاراستن و زیندوو هێشتنەوەی.

# ” وەرگێڕان “

# جوگرافیاکانی هەڵواردن: بە نەخشە دەرهێنانی ئابووریی ڕامیاریی نەتەوە بەکەمینەکراوەکان لە ئێراندا

ئەحمەد محەممەدپوور[a] و موحسین خزری[b,c]

و: هەلاڵە حەیدەری (ژینۆ ڕۆژبەیان)

## پوختە

لەم وتارەدا ئەو فاکتەرە کۆمەڵایەتی-ئابوورییانە شی دەکرێنەوە کە کاریگەرییان لەسەر ئاستی باشبوونی ئابووریی لە پارێزگاکانی ئێراندا هەیە و بە بەکارهێنانی داتاکان لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٥-٢٠١٩ سەرنج دەخاتە سەر کاریگەرییەکانی پێگەی کەمینە. ئێمە بۆچوونێکی دوو ڕەوگەییمان بەکار هێنا: لە یەکەم ڕەوگەدا ناسەرەوەکانی خۆشبژێویمان بۆ هەر پارێزگایەک لێک دایەوە و دواتر بۆ کارتێکەریی ئەم پێوەرانە چۆنیەتیی یەکتربڕینی دۆخی کەمینەمان لەگەڵ سنووردەرە جیاوازە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان هەڵسەنگاند. دۆزینەوەکان دەریدەخەن کە گرووپە کەمینەکان بەتایبەتی بەلووچ، کورد و سوننە بە شێوازێکی نەرێنی هاوپەیوەندییان هەیە و نەتەنیا لەو پارێزگایە بەڵکو لە پارێزگاکانی دەوروبەریش بەرهەمی خۆشبژێویی کەمتریان هەیە. ئەم یەکبەستراوییە لەو پارێزگایانە بەرچاوترە کە زۆرێک لە دانیشتووانی کەمینەن و لەوێ ئاستی نزمی خۆشبژێوی هاوکاتە لەگەڵ دەستپێڕاگەیشتنی کەمتر بە خزمەتگوزارییە گرینگەکان وەک پێڕاگەیشتنی تەندروستی، پەروەردە و ژێرخانە گرینگەکان. ئەم توێژینەوەیە هەروەها ڕەچاوی ئەوە دەکات کە ئەم گرووپە کەمینانە زۆربەیان لەو ناوچانە دەژین کە ژێرخانەکانیان بەکەمی گەشەیان کردووە و ڕێژەی بێکاری زۆرترە. هەروەکو پیشان دراوە کاریگەریی دژوازانەی بەرفراوانبوونی ژێرخانی خوێندنی باڵا سەرەڕای زیادبوونی دەستڕاگەیشتن بە خوێندن، بەهۆی یەکنەگرتنەوەکانی نێوان دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و پێداویستییەکانی بازاڕی کار، ئاکامەکەی نابێتە بەرهەمهێنان و دەستکەوتی ئابووریی یان خۆشبژێویی ئابووریی.



**وشە سەرەکییەکان: *خۆشبژێویی ئابووریی، پێگەی کەمینە، سەرکوتکاریی نەتەوەیی، نابەرابەریی پێکهاتەیی، ئێران***


## پێشەکی

نابەرابەریی ئابووریی پێکهاتەیی لە ئێران لەبنەڕەتدا لە ڕێگای پلەبەندییەکانی زمانەوانی و ئێتنۆ-ئایینییە ڕەگداکوتاوەکانەوە بەرهەم دێت و درێژەی پێ دەدرێت کە لە ڕووی فەزا و دۆخەوە لە ڕێشاڵی ئەو دەوڵەتەدا کۆد کراون. ئەم پلەبەندییانە بنەمای دابەشکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان، نوێنەرایەتییە سیاسییەکان و بزاوتە کۆمەڵایەتییەکانن. ڕێکخستنی فەزاییی دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی ئەم پلەبەندییانە پیشان دەدات و بەرهەمی دێنێتەوە کە لەوێ دەستپێڕاگەیشتن بە ژێرخان، هەلی کار، ئاسایش و تەنانەت خزمەتگوزارییە سەرەتاییە دەوڵەتییەکان بە شوناسی ئایینی و ئێتنۆ-زمانەوانیی کەسەکانەوە بەستراوەتەوە (محەممەدپوور، ٢٠٢٤: محەممەدپوور و سولەیمانی، ٢٠٢٤). لەم بەستێنەدا پەراوێزخستنی ئابووریی تەنیا بەهەڵکەوت نییە، بەڵکو بە شێوازێکی پێکهاتەیی لە جوگرافیاکانی پەراوێز، بەتایبەت ئەوانەی کە دانیشتووانی فارس و شیعە نین، نەخشە کێشراوە کە خودی شوێن و فەزاکە دەگۆڕێت بۆ میکانیزمێک بۆ هەڵاواردن و کۆنترۆڵ. شوناسی فارسی بووەتە پێوەرێکی ئاماژەپێنەکراو لە کاتێکدا کۆمەڵگا نافارسەکان – لەوانەش کورد، بەلووچ، عەرەب- لە ڕووی جوگرافیا و ڕامیارییەوە لە پەراوێزدان چ بە واتای وشەکە و چ بە شێوازێکی هێمایی.

ئەم هەڵاواردنە پێکهاتەییە فەزاییانە بەهەڵکەوت نییە؛ لەسەر ئەم بنەمایە دەوڵەتی ئێرانی بە شێوازێکی مێژوویی دەسەڵاتداری کردووە و هەژموونی فارسی لە ڕێگای کۆنترۆڵی خاک، بێبەری کردنی ئابووریی و سڕینەوەی کولتووری بەهێز کردووە. کاتێک لە چاویلکەی هێزەوە تێی دەڕوانیت، نەخشەی ئێران جوگرافیایەکی ناڕێک دەردەخات کە هارتلەندی فارسی لەسەر نرخی پەراوێزخراوەکان، کە فەرمانڕەوایی لەسەر بوونیان دەکرێت لە ڕێگای بە میلیتاریزە کردن، دەرهێنانی سەرچاوەکانیان و ملکەچبوونی ئابوورییان، پێش دەکەوێت.

نووسراوە بەردەستەکان لەسەر یەکنەگرتنەوەی ئابووریی لە ئێران بە پلەی یەکەم سەرنج دەخەنە سەر نابەرابەرییە نەتەوەییەکان و زۆر جار ڕەهەندی ئێتنۆ و ئایینییەکان لەبەر چاو ناگرن (بڕوانە، دێهقان شەبانی و هاوکاران، ٢٠١٩؛ مۆعتەمێدی و هاوکاران ٢٠٢٣). هەرچەندە هەندێک توێژینەوە لەسەر گەشەنەکردنی ئابووریی پارێزگا پەراوێزەکان کارییان کردووە، بەڵام کەمن ئەو نووسراوانەی کە بە شێوازێکی سیستماتیک ئەم یەکنەگرتنەوانەیان بە پێگەی کەمینەوە گرێ داوە. ئەم توێژینەوەیە باس لەم کەلێنە دەکات لە ڕێگای پێشکەش کردنی شیکارییەکی یەکتربڕ [inter-sectional analysis، بە مانای شیکارییەک دیت کە دەڕوانێتە چەندین شێوەی سەرکوت و مافی تایبەت کە ژیانی ئەزمووده و پێگەی تاکێک دروست دەکەن، وەرگێڕ] لە خۆشبژێویی ئابووریی و بە تێرامان لە ئێتنیک، ئایین و زمان پیشان دەدات کە چۆن سیاسەتی دەوڵەت بە بەردەوامی بە زەرەری کۆمەڵگا نافارسەکان بووە.

ئێران وەک شێوە حکومەتێکی فرەنەتەوەیی و فرەزمان حاڵەتێکی تایبەتە کە تێیدا دۆخی بەرهەمهێنانی ئابووریی و دەستپێڕاگەیشتن بە دەسەڵاتی ڕامیاری بە شێوازێکی ئاڵۆز پەیوەندی بە پێوانە حکومییەکانی زمانەوانی و ئێتنۆ-ئایینییەوە هەیە. بەپێچەوانەی بەستێنێک وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەفریقای باشووری پێش ڕەگەزپەرەستی و ئیسرائیل کە تێیدا پەیوەندیی ڕەنگ، ڕەگەز و ئایین کارتێکەری لەسەر گەشەکردنی ئابووریی هەیە، لە ئێراندا کە ڕێکخستەیەکی حوکمڕانیی ئێتنۆ-ئایینییە، دەسەڵات، مافی تایبەت و بووژانەوە بە تێکەڵاوێکی ئاڵۆز لە تایبەتمەندییە زمانەوانی و ئێتنۆ-ئایینییەکان دیاری دەکرێت (محەممەدپوور و سولەیمانی، ٢٠٢١). سیاسەتی هەڵاواردنی دەوڵەتی ئێرانی لەمەڕ نافارسەکان لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕژێمی پەهلەوی لە ساڵی ١٩٢٥ دامەزرا و ناوەندەکەی لەسەر بنەمای ‘یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک وڵات’ بنیات نراوە و کولتووری نافارسەکان وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر شوناسی نەتەوەیی وێنا دەکات کە هاوشێوەی زاڵبوونی ڕەگەزییە لە بەستێنەکانی دیکەدا. بانگەشەکردنی شوناسی فارسی و ئیسلامی شیعی لە لایەن ئێران کە لە ئێستادا لە بەپێی دەستوورەکەی پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە (بەندی ١٢ و ١٥)، بووەتە هۆکاری کەلێنە کۆن و کاریگەرەکانی ئابووریی و کۆمەڵایەتی-سیاسی. ئەو دەستوورە زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی و شیعیزم وەک ئایینی دەوڵەتی دەناسێتەوە، بەوەش نافارسەکان و کۆمەڵگا موسوڵمانە سوننەکان، لەوانەش کورد، عەرەب و بەلووچ لە ڕووی ئابووریی و ڕامیارییەوە بەکەمینە دەکات. ئەم سیاسەتە نایەکسانییەکی پێکهاتەیی لەگەڵ هێڵەکانی ئایینی، ڕەگەزی و زمانەوانی دروست کردووە کە دەرەنجامەکەی بووەتە

پەراوێزخراویی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی گرووپە نافارسەکان، دیاردەیەک کە بە 'کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی' دەناسرێت (بڕوانە بلاونەر، ١٩٦٩؛ گۆنزالێز-کاسانۆڤا، ١٩٦٥؛ هێختەر، ١٩٧٥؛ سولەیمانی و محەممەدپوور، ٢٠٢٠).

لە ناوچە کوردییەکانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا، پارێزگای کوردستان، ئیلام و کرماشان، کۆنترۆڵی دەوڵەتی لە هەژاریی سیستماتیک، میلیتاریزەکردن و ئەمنییەتیکردنێکی دڵڕەقانە خۆی پیشان دەدات. پێگە نیزامییەکان، ژێرخانە چاودێرییەکان و بوونی هێزە ئەمنییەکان لە هەموو شوێنێک ئەم ناوچانەی کردووەتە دیمەنێک لە هەڵاواردنی بەردەوامی دەوڵەتی (محەممەدپوور، ٢٠٢٤)، کە تێیدا شوناسی کوردی وەک ڕاستییەکی ڕەوای کولتووری و سیاسی شکڵ ناگرێت، بەڵکو دەبێت بە هەڕەشەیەکی ئاسایشی زاتی. بەشە سنوورییەکانی ئێران و عێراق بوونەتە ناوچەی زەبروزەنگی سزا دەوڵەتییەکان کە تێیدا جووڵانەوە تاوانە و مانەوە لە ژیان ڕووبەڕووی هێزی کوشندە دەبێتەوە. وەک پەیمانێکی بێبەزەییانە لە نێکرۆپۆلیتیکی دەوڵەتی [کۆمەڵە سیاسەتێک کە بڕیار دەدات کێ زیندوو بمێنێت و کێ بمرێت، وەرگێڕ]، لە سنووری ئێران و عێراق بەتایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵات ١٦ ملیۆن مین دانراوە[1](سرووش، ٢٠٠٦، لاپەڕەی ٧٧). مەودای ١١،٠٠٠ کیلۆمەتر لەم خاکە مینڕێژ کراوە لەنێوان ساڵانی ١٩٨٨ تا ١٩٩١ و گیانی ٥،٠٠٠ کوردی مەدەنی گرتووە و تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٤-دا ١٩ کەس کوژراو و ٣٨ کەسیش بەسەختی بریندار بوون[2]. توندوتیژیی سیاسیش بە هەمان شێوە کوشندەیە، چونکە لە کۆی ٩٠١ کەیسی لەسێدارەدان ١٣٨ کەیس (ڕێژەی ٢٠.٥%) کورد بوون[3].

نموونەیەکی سەرسووڕهێنەر لە سەرکوتی دەوڵەتی، سەرهەڵدانی کۆڵبەرییە — شێوازێک لە کرێکاریی نێوان سنوورەکان کە دەخەمڵێنرێت ١٧٠،٠٠٠ کورد تێیدا بەشدار بن (محەممەدپوور، ٢٠٢٤؛ سولەیمانی و محەممەدپوور، ٢٠٢٠). کۆڵبەری کە لە لایەن دەوڵەتەوە بە قاچاخ ناو دەبرێت، بەبێ بەزەییانەترین شێواز بەرپەرچ دەدرێتەوە؛ لە ساڵی ٢٠١٥ تا ئێستا، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئێشکگرە ئێرانییەکانی سەر سنوور نزیکەی ٢،٥٠٠ کۆڵبەر کوژراو و بریندار بوون (محەممەدپوور، ٢٠٢٤). تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٤ لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ئێشکگری ڕژێم ٣٣٩ کۆڵبەر کوژراو و بریندار بوون[4]. ئەم گوزەرانە ترسناکە ئاکامی بێدەرەتانیی ئابووریی و نموونەیەکە لە بەرچاوترین هێماکانی پەراوێزخستنی کوردەکان کە پیشان دەدات چۆن سیاسەتەکانی دەوڵەت هاوکات لەگەڵ سەپاندنی ڕژێمێک کە بە میلیتاریزەکردن فەرمانڕەوایی دەکات، بەئەنقەست درێژە بە هەڵاواردنی ئابووریی دەدات. هەروەها، داخستنی دامەزراوەکانی کوردزمان نموونەیەکی دیکەیە بۆ پیشاندانی ئەوەی کە سەرکوت نەک هەر لە ڕێگای بەربەستە فیزیکییەکان بەڵکو لە ڕێگای سڕینەوەی زمان و کولتوورەوە کار دەکات و دڵنیایی دەدات کە ئەم ناوچانە لە باری ڕامیارییەوە کپ و لە باری ئابوورییەوە پەنگخواردوو بمێنن (محەممەدپوور و سولەیمانی، ٢٠٢٤). لە بەلووچستان دۆخەکە چڕترە، چونکە هەڵاواردنی ئێتنیکی و فیرقەیی بۆ دروستکردنی جوگرافیایەکی بەجێهێڵراو یەک دەگرنەوە. ئەم ناوچەیە یەکێک لە هەژارکراوترین ناوچەکانی ئێرانە نەک لە ئاکامی

نەبوونییەکی سروشتی، بەڵکو لە ئەنجامی ڕاستەوخۆی سیاسەتەکانی دەوڵەت کە هاوکات لەگەڵ دەرهێنانی سەرچاوەکان بۆ قازانجی ئەو ناوەندانەی فارسەکان تێیدا زۆرینەن، وەبەرهێنانیش ڕادەگرێت. چەوسانەوەی براوتی بەلووچەکان -کە قاچاخ کردن دەکەنە پاساوێک بۆ ڕێژەی زۆری دەستبەسەرکردنەکان و کوشتنە نایاساییەکان- نموونەیەکە لەوەی کە چۆن هەژارهێشتنەوەی ئابووریی لەسەر بنەمای ڕەگەز دەبێتە میکانیزمێک بۆ حوکمڕانی. خوزستان، وەک پارێزگایەکی زۆرینە عەرەب کە بە ڕێژەیەکی زۆر لە گەشەکردن دواخراوە، ئەگەرچی سامانێکی نەوتی زۆری هەیە، ڕووبەڕووی هەمان شێوە لە چەوسانەوە دەبێتەوە. لە کاتێکدا لە هارتلەندی فارسی -تاران، ئیسفەهان و شیراز- مافی تایبەتی ئێتنۆ-ئایینی بە نەبینراوی کار دەکات. لەوێ شوناسی فارسی وەک پێوەرێکی جیهانی دادەنرێت کە هاوکات لەگەڵ ئەوەی ئاماژەی پێ ناکرێت و ئاڵەنگاری ناکرێت، نایەکسانییە پێکهاتەییەکانی پەراوێزخراوەکان وەک دەرەنجامی نەتوانین بۆ گەشەکردن پیشان دەدرێت نەک وەک ئەنجامێک لە پرۆژەی بەئەنقەستی دەوڵەت بۆ هەڵاواردن. لەم جوگرافیا بە ڕەگەزکراوەدا، شوێن (ناوەند لە بەرانبەر پەراوێز) بێلایەن نییە؛ خاکێک کە نابەرابەری لەسەری دروست دەبێت، ڕەکابەری دەکرێت و بە توندوتیژییەوە بەسەریدا دەسەپێت.

## پێگەی ئێران لە ئابووریی شوناسی جیهانیدا

نایەکسانیی ئابووریی لە دەوڵەتە فرەزمان و فرەنەتەوەکاندا زۆر جار لە دوای هێڵەکانی شوناسەوە دێن، کە تێیدا دەستپێڕاگەیشتن بە سامان، دەسەڵات و هەڵ نەتەنیا بە جوگرافیا یان شێوەی حوکمڕانی بگرە بە ئێتنیک، زمان و ئایین دیاری دەکرێت. بۆ ئەم بابەتە ئێران نموونەیەکە چونکە ڕیزبەندیی ئابوورییەکەی بە بەرچاوی لە سیاسەتی شوناس پێک هاتووە کە ئەوانەی فارس-شیعەن قازانج دەکەن لە کاتێکدا کۆمەڵگاکانی نافارس و ناشیعە پەراوێز دەخرێن. بۆ تێگەیشتن لە تایبەتمەندیی ئەم دۆخە، دانانی ئێران لە ڕێکخستە جیهانییەکانی چینبەندیی ئابووریی لەسەر بنەمای شوناس یارمەتیدەر دەبێت.

توێژینەوەکان دەریدەخەن کاتێک سیاسەتی شوناس لەگەڵ داهاتی سەرانە، دابەشکردنی سامان، جووڵەی هێز و بەشداریی کۆمەڵایەتی-سیاسی یەک بگرنەوە، دەبنە بزوێنەری سەرەکیی بەرهەمهێنان و درێژەپێدان بە نایەکسانیی پێکهاتەیی و ستەمی نەتەوەیی (بڕوانە براون و هۆمەن، ٢٠٢٣؛ هاردیمەن و هاوکاران، ٢٠٢٢؛ هۆخشیلد و ویڤەر، ٢٠٠٧؛ پۆن و هاوکاران، ٢٠١١). ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک نموونەیەکی پارادیگماتیکە هەم لە کۆلۆنیالیزمی کۆچەری و هەم کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی، کە لەوێ سیاسەتی ڕەگەزی و ڕەگەزپەرەستیی سیستەماتیک، پلەبەندییەکی ئابووریی بەقووڵی ڕەگداکوتاو و نمایشی ڕۆژانەی شوناسی دروست کردووە (بڕوانە فیگین، ٢٠٢٠؛ ڕاولز و داک، ٢٠٢٠؛ وەزارەتی خەزێنەداری ئەمریکا، ٢٠٢٢). ئەم بنیاتە ئابوورییە ڕەگەزکراوە زۆر جار پێی دەگوترێت سەرمایەداریی ڕەگەزی کە لە کوشتاری نەتەوە ڕەسەنەکان و بازرگانیی کۆیلە لەم سەر بۆ ئەو سەری ئۆقیانوسی ئەتڵەس سەری هەڵدا و لە سەرەتای دەیەی یەکەمی ١٦٠٠ دەستی پێکرد و بنەمای ئابووریی بەرماوە و قازانجی

کەڵەکەکراوی دانا (بڕوانە بێرنارد و ریێلۆ، ٢٠٢٠؛ گۆ، ٢٠٢١؛ جۆنز، ٢٠٢٢؛ مێلامێد، ٢٠١٥؛ ڕابینسۆن، ٢٠١٩). کاریگەریی ڕەگەز بە بەردەوامی لە کۆمەڵگای مۆدێرندا ڕەنگ دەداتەوە. مشتومڕە نوێیەکان تێگەیشتنمان لە سەرمایەداری، ئابووریی و یاسا ئاڵۆز دەکەن، و ڕوونی دەکەنەوە کە دارشتنی چەمکی تەواو بۆ سەرمایەداریی مۆدێرن بەبێ ناسینەوەی ڕەتاندنی کاری کۆلۆنیال و ڕەگەزکراو ناکرێت. تەنانەت دوای بنبڕبوونی کۆیلایەتیش، سیاسەتی شوناسی ڕەگەزی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر داهاتی ئابووریی ئەفریقایی-ئەمریکاییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەبووە. زۆر لە توێژینەوەکان پەیوەندییان لەنێوان داناوە میراتی مێژوویی ڕەگەز و نایەکسانیی ناوچەیی، دابەشکردنی بۆشاییانەی حەشیمەتی ڕەشپێست و کارلێککردنی لەگەڵ بزاوتی ئابووریی لە سیاسەتی گشتیی ئەمریکادا. دۆزینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو وڵاتانەی خەستیی ئەفریقایی-ئەمریکاییان زۆرە، بەتایبەت لە باشووری قووڵ [ناوچەی باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ویلایەتەکانی کارۆلینای باشوور، جۆرجیا، ئالاباما، میسیسیپی و لویزیانا لەخۆ دەگرێت، وەرگێڕ]، وێدەچێ ڕێژەی هەژاریی زیاتریان بێت (بڕوانە ئۆدۆمز-یۆنگ و بروس، ٢٠١٨؛ پەیجێر و هاوکاران، ٢٠٠٩؛ ویلیامز و محەممەد، ٢٠٠٩). هەروەها لە ڕاپۆرتێکدا کە لە لایەن مەککێنزی و کۆمپانی (ستواردی سێیەم و هاوکاران، ٢٠٢١) لەسەر کەلێنی ڕەگەزی لە ئابووریی ئەمریکادا ئامادە کراوە، گرینگیی هەڵکەوتەی جوگرافیایی، بریکاری پیشەسازی و پۆلێنەکانی کار بۆ تێگەیشتنی جیاوازیی حەقدەست و بزاوتی ئابووریی بۆ ئەفریقایی-ئەمریکاییەکان دووپات دەکاتەوە. چەمکی 'نیشتنی نایەکسانیی ڕەگەزی' هەر وەک لە لایەن ئۆلیڤەر و شاپیرۆ (٢٠٠٦) پێناسە کراوە، بەردەوام کۆسپێکە بۆ ئەفریقایی-ئەمریکاییەکانی سەردەم و نیشانەدەری میراتی هەڵاواردن و ڕەگەزپەرەستیی بەدامەزراوەییکراوە. دۆخێکی هاوشێوە لە ئەفریقای باشوور دەبینرێت کە لەوێ میراتە مێژووییەکان وەک ڕەگەزپەرەستی بوونەتە هۆکاری یەکنەگرتنەوەی پەروەردەیی و ڕەگەزیی بەردەوام. ڕەگەز و پەروەردە بە شێوازێکی بەرچاو کاریگەرییان لەسەر ناهاوئاهەنگیی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و نایەکسانیی هەمیشەیی هەیە (بڕوانە هۆراکۆڤا، ٢٠١٨). تەنانەت لە سەردەمی دوای ڕەگەزپەرەستیشدا، هەرچەندە ئازادیی فەرمیی بازاڕی کار هەبوو، نایەکسانییەکی پۆلێنکراو کە لە سەردەمی ڕەگەزپەرەستیدا هەبوو، بووە هۆی درێژبوونەوەی یەکنەگرتنەوەی ئابووریی (موککیڤەر، ٢٠٢٣؛ سپاول، ٢٠١٣؛ ڤالدیز، ٢٠١٥).

لە بەستێنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، توێژینەوەی سارا ڕۆی لەسەر غەزە (٢٠١٦) لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی ئێمە لەسەر ئێران هاوتەریبە. توێژینەوەکەی سەبارەت بە کەرتی غەزە (١٩٨٧) کار لەسەر ئەو پەراوێزخراوی و دوورەپەرێزخستنە ئەنقەستە دەکات کە غەزە لە ئەنجامی داگیرکاریی ئیسرائیل ڕووبەڕووی دەبێت و لە خاکێکی یەکپارچەوە دەگۆڕدرێت بۆ خاکێکی گەمارۆدراو. ئەم دیاردەیە کە ڕۆی وەک 'گەشەنەکردن' ناوی دەبات، دژواریی ئابووریی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە و لەگەڵ زۆرتربوونی هەژاری و نائەمنیی خۆراک، وایکردووە لە جیاتیی ئەوەی غەزە سەربەخۆیانە گەشە بکات، پشت بە ئیسرائیل ببەستێ. ڕۆی دووپاتی دەکاتەوە ئەم گۆڕانکارییانە بەئەنقەست و بەدامەزراوەییکرانە غەزە بەرەو

چارەنووسێکی ترسناک و قەرەبوونەکراو دەبات. هاوشێوەی کارەکەی ڕۆی، ئۆرێن ییفتاچێل چەمکی ‘ئێتنۆکراسی” بەکار دێنێت کە چوارچێوەیەکی تیۆرییانە بۆ تێگەیشتن لە بنیاتی حوکمڕانیی ئیسرائیل پێشکەش دەکات. ییفتاچێل (٢٠٠٦) ئیسرائیل وەک ئێتنۆکراسییەک پێناسە دەکات کە ڕژێمێکە بۆ بەهێزبوون و بەرفراوانبوونی دەسەڵاتی گرووپێکی ئێتنۆنەتەوەییی دیاریکراو بەسەر پانتایی و خەڵکانی لە ئێتنیکی دیکە دروست بووە. لەم سیستەمەدا کە دەکرێ بۆ ئێرانیش بەکار بێت، شوناسی ئێتنیکی، دەستپێڕاگەیشتن بە ماف، سەرچاوەکان و هەلەکان دیاری دەکات و بەردەوامی دەدات بە ناهاوجێیی جووڵەی هێز و سیاسەت لەسەر بنەمای ئێتنیکی.

لەو بەستێنەی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، ڕەگەز و ئێتنیک کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر نابەرابەریی ئابووریی بووە، کەچی هاوشێوەیەکی زیاتر لە بنیاتە حوکمڕانییەکانی ئێران لە نموونەکانی دیکەدا دەدۆزرێتەوە، لەوانەش مامەڵەکردنی چین لەگەڵ ئۆیغۆرەکان، پۆلێنبەندیی ئابووریی هێند لەسەر بنەمای تیرە و هەڵاواردنی سیستەماتیکی ڕۆماکان لە ئورووپا. حوکمڕانیی چین لە پارێزگای زینژیانگە، کە نیشتمانی کەمینەی ئۆیغۆرەکانە و نموونەیەکە لەوەی کە چۆن هەڵاواردنی ئابووریی لەگەڵ بەئەمنییەتیکردنی دەوڵەتی پێکەوە کار دەکەن. پارێزگای زینژیانگ سەرەڕای ئەوەی کە سەرچاوەی سروشتیی زۆری هەیە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو پارێزگایانەی زۆرینەیان هانن لە باری ئابوورییەوە گەشەنەکراو ماوەتەوە. توێژینەوەی زی و هاوکاران (٢٠٢٠) ئاشکرای دەکات کە چۆن ئۆیغۆرەکان بەهۆی چاودێریی دەوڵەتییەوە ڕووبەڕووی هەڵاواردنێکی سیستەماتیک لە دامەزراندن، دەستپێڕاگەیشتنێکی سنووردار بە خوێندنی باڵا و بزاوتێکی سنووردار دەبنەوە. ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات کە لەنێوان ساڵانی ٢٠١٧ تا ٢٠١٩ زیاتر لە ٨٠،٠٠٠ ئۆیغۆر لە پارێزگای زینژیانگ گواستراونەتەوە بۆ کارگەکانی ئەوسەری چین و کاری زۆرەملییان پێ دەکەن. ئۆیغۆرەکان چەوسێندرابوون و لە بەشە ناوخۆییە جیاکراوەکان نیشتەجێ کران و لە لایەن ئەو سەرپەرەستیارانەوە چاودێری دەکرێن کە دەوڵەت دەستنیشانی کردوون و پاش ئێشکگریی درێژماوە بەزۆری لە پۆلەکانی زمانی مەندەرین و سیاسەت، دووبارەیان پێیان دەخوێننەوە. ئەم سیاسەتە بەکۆیلەکردنی زۆرەملییە کە بەسەر دامەزراوەکانی کولتووریی ئۆیغۆرەکاندا سەپاوە، لێکچوونێکی زۆری لە بەرتەسککردنەوەی دامەزراوە کولتووری و زمانەوانییەکانی کوردان و بەلووچەکان لە لایەن ئێرانەوە هەیە. لە هێند، پلەبەندییەک کە لەسەر بنەمای تیرەیە، دەستی بەسەر هەل و دەرفەتە ئابوورییەکاندا گرتووە، بەتایبەت بۆ دالیتسەکان و ئادیڤاسییەکان کە سەرەڕای پشتیوانیی یاسایی فەرمی لە ڕووی پێکهاتەییەوە هەروا بە هەژاری ماونەوە. توێژینەوەکان پیشان دەدەن کە دالیتسەکان و ئادیڤاسییەکان زۆرتر ئەو کارانە دەکەن کە نافەرمین و حەقدەستیان کەمە و لە پیشەی پسپۆڕی و خوێندنی باڵادا کەمتر دەردەکەون (تۆرات و نیومەن، ٢٠١٠). لە بازاڕی خانووبەرەی شاری، ٦٠٪ دالیتسەکان ڕووبەڕووی هەڵاواردن دەبنەوە و زۆر جار شوێنیان بەکرێ پێ نادرێت. لە پەروەردەدا، خوێندکارە دالیتسەکان بەهۆی هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و سەختیی باری

ئابووریی بە ڕێژەیەکی زۆر واز لە خوێندن دێنن، کە لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ دۆخی کوردان و بەلووچەکان هەیە، سەرەڕای دەستپێڕاگەیشتن بە پەروەردە، بەهۆی سیاسەتەکانی دەوڵەت کە هەلی دامەزراندنیان سنووردار دەکاتەوە، بژاوتی ئابوورییان تووشی بەربەست دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا نموونەیەکی دیکەی هەڵاواردنی ئابووریی کۆمەڵانی ڕۆمایە لە ئورووپا کە پیشان دەدات چۆن پێگەی کەمینەکان لە ڕووی فەزا و دۆخەوە بەستراوەتەوە بە پلەبەندیی ئابووریی. لە سەرانسەری ناوەند و ڕۆژهەڵاتی ئورووپا، ڕۆماکان بە شێوازێکی ناهاوڕێژەیی تووشی هەژاری بوون کە ٨٠٪ یان لەژێر هێڵی هەژاریدان (بانکی جیهانی، ٢٠١٩). بێبەشکردنیان لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بەتایبەت پەروەردە و تەندروستی، ئاوێنەی پشتگوێخستنی سیستەماتیکی پارێزگا پەراوێزخراوەکان لە ئێرانە. هەر وەک چۆن کۆمەڵانی ڕۆما دابەش کراونەتە سەر ئەو شوێنە نافەرمییانەی کە ژێرخانەکانیان سنووردارن، کورد و بەلووچیش لە ئێران دەستپێڕاگەیشتنیان بە پرۆگرامی پەرەپێدانی شاریان سنووردار کراوەتەوە و بازنەکانی پەراوێزخستنی ئابوورییان بەسەردا دەسەپێندرێت.

ئامانجی ئەم وتارە شەنوکەوکردنی پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان سیاسەتی دەوڵەت و سیاسەتی شوناس لە ئێرانە کە پشکێکی بێت لەو نووسراوانەی لەسەر نابەرابەریی ئابووریی بەردەستن. توێژینەوە بەردەستەکان کەمتر پەرژاونەتە سەر ئەم بەستێنە. بە سەرنجدان بە کاریگەریی هەڵاواردنی ئێتنۆ-ئایینی لە پارێزگا جیاوازەکانی ئێراندا، ئەم توێژینەوەیە تێگەیشتنێکی نوێ دەدات سەبارەت بەوەی کە چۆن سیاسەتەکانی دەوڵەت سستیی ئابووریی کۆمەڵانی پەراوێزخراو زۆرتر دەکاتەوە.

ئەم توێژینەوەیە ئەم پرسیارانە دەخاتە ڕوو: پێگەی کەمینەکان، کە بە شوناسی ئایینی و ئێتنۆ-زمانەوانی پێناسە دەکرێن، چۆن کاریگەری لەسەر ئەنجامەکانی خۆشبژێویی پارێزگاکان لە ئێران دادەنێت ؟ بەتایبەت پرسیار دەکات لەوەی کە چۆن یەکنەگرتنەوەکان نەک تەنیا بەهۆی شێوازی وەبەرهێنانی دەوڵەتی بگرە لە پرۆسە پێکهاتەییەکانی هەڵاواردنی ڕەگەزپەرەستانە و فیرقەپەرەستانە دروست دەبن. ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی ڕوانگەیەکی شێوازناسانەی دوو ڕەوگەیی نموونەی ئابووریپێوی لەگەڵ شیکاریی ڕەخنەگرانەی ئابووریی-سیاسی ئاوێتە دەکات بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان شوناس و لە ماف بێبەریکردنی ئابووریی بێنێتە بەرباس. ئەم وتارە لە ڕێگەی ڕوانگەیەکی شێوازناسانەی وردبینانە کە جیاوازی لەگەڵ توێژینەوە نەریتییەکان هەیە، بە شێوەیەکی سیستەماتیک، بە سەرنجێکی تایبەت لەسەر نەتەوە پەراوێزخراوەکان، شیکاریی چۆنیەتیی پشکداربوونی سیاسەتە دەوڵەتییەکان لە نابەرابەریی ئابوورییەکانی پارێزگاکانی ئێران دەکات. ئەم توێژینەوەیە چوارچێوەیەکی شیکاریانەی دوو ڕەوگەیی دادەڕێژێت بۆ لێکدانەوەی ناسەرەوەکانی خۆشبژێوی بۆ هەر پارێزگایەک لەنێوان سالانی ٢٠١٥ تا ٢٠١٩. ئەم هاوکۆڵکانە، کە وەک گۆڕەکێکی پابەند لەم نموونەیەی ئێمەدا کار دەکەن، بەپێی ئەو بنەما بیردۆزییانە داڕێژراون کە لەگەڵ چوارچێوەکانی ئابووریی دروستکراو دێنەوە. شیکارییەکە بە تێکەڵکردنی چەند کۆڵکەیەک، لەوانەش جیری داهات و شێوازەکانی بەکارهێنان، هەم یەکنەگرتنەوەکانی ئابووریی پێکهاتەیی و هەم هەڵاواردنە کۆمەڵایەتی-سیاسییە

تایبەتـــەکان بەدەســـت دەهێنێـــت کـــە ئەنجامی خۆشـــبژێوی لە ئێران دروســـت دەکات. یەکپارچەیـــی بیـــردۆزی و پێوانەکردنە تاقیکارییانـــەکان ڕێگەمان پێ دەدات کە بـــەوردی کاریگەریـــی پێگەی کەمینەکان لەســـەر خۆشـــبژێویی هەرێمی لە ئێـــران تاوتـــوێ بکەین.
لە کاتێکدا نموونە ئابوورییە ســـەرەکییەکان زۆرجار نابەرابەری بـــەوە لێک دەدەنەوە کە یان ئەنجامی شکســـتی بازاڕە یان تەرخان نەکردنی ســـەرچاوەکان بەپێی پێویســـت، بەڵام ئەم توێژینەوەیە تێگەیشـــتن لەســـەر ئابووریی چینبەندی بۆ پیشـــاندانی گرینگی بنەمـــا پێکهاتەیـــی و دامەزراوەییەکانـــی نابەرابـــەری دەدات (بورنازئۆغلو و هاوکاران، ٢٠٢٢). ئابووریـــی چینبەنـــدی لـــە بەرهەمهاتن و بەردەوامیـــی یەکنەگرتنەوە ئابوورییـــەکان بـــە لـــە ناوەندانانی ڕۆڵی ئـــەو پلەبەندییانـــەی کە لەســـەر بنەمای شوناســـن — لەوانـــەش ڕەگـــەز، ئێتنیک، ئاییـــن و جێنـــدەر- ئالەنـــگاری گریمانە نیۆکلاســـیکەکان دەکات. وەک چـــۆن داڤیـــس (٢٠١٥) ئاماژەی پـــێ داوە، ئەم جووڵانـــە لەناو دڵـــی ئەو شـــتەدایە کە پێی دەگوترێـــت ‹ئابووریی شـــوناس›. ئەم وتارە بـــە پیشـــاندانی ئـــەوەی کە چۆن هەڵاواردنـــی ئێتنۆ-ئایینی لـــە ئێران وەک مێکانیزمێکی هەمیشـــەیی بۆ چینبەندی کار دەکات، لەم نەریتە گرینگەدا پشـــکی هەیە. بـــۆ ئـــەم کارەش، لەگـــەڵ توێژینەوەکانی ئـــەم دواییانـــە هاوئاهەنگە و باســـی ئەوە دەکات کـــە نابەرابـــەری تەنیـــا ئاکامێکی بنیاتـــە ئابوورییـــەکان نییـــە بەڵکـــو لە ڕووی مێژووییـــەوە پرۆســـەیەکە لە لایەن ڕێکخراوە سیاســـی و ئابووریی و شـــوناس- تەوەرەکان دروســـت بووە (ســـتیمپچاک، ٢٠٢٥).
پێش ئەوەی ڕێچکەناسی و دوزراوەکان باس بکرێن، گرینگە نایەکســـانییە ناوخۆییەکانی ئێـــران بخرێنـــە بەســـتێنێکی بەرینتری مێژوویـــی و ژیۆپۆلیتیکەوە. لە کاتێکدا جێی گومان نییە کە حوکمرانیی ســـەرەڕۆیانە و بەڕێوەبەریـــە هەڵەکانـــی ناوخۆیی ڕۆڵیان بـــووە لە دروســـتکردنی گەشـــەکردنێکی نایەکدەســـت، نابێت ئەو میراتـــە کۆلۆنیالی و ســـەروونەتەوەییانە کـــە بوونە هۆی ئەم یەکنەگرتنەوانە پشـــتگوێ بخرێن (ئۆبێنگ- ئۆدوم و بێت-شـــلیمۆن، ٢٠٢٤). بۆ نموونە، توێژینەوەی ئاریلا بێت-شـــلیمون (٢٠١٩) لەســـەر نـــەوت، ئێتنیـــک و کۆنترۆڵـــی بۆشـــاییانەی کەرکـــووک دەریدەخات کە چـــۆن بەرژەوەندییـــە ئیمپریالییـــەکان و ژێرخانەکانـــی دەرکێشـــان لـــە ناوچەکە دروســـتکراوەیەکی دەوڵەتـــی مۆدێرنـــی پێـــک هێنا. ڕێبـــازی ئێرانیـــش هەر بەم شـــێوەیەیە. دەســـتتێوەردانە دەرەکییەکان لە ســـەردەمی قاجاڕ و پەهلـــەوی لەگەڵ نموونـــەی ئورووپا تـــەوەری حوکمرانی و سیاسەتی دەرکێشانی ســـەرچاوەکان ڕۆڵی گـــەورەی بوو لـــە داڕشـــتنی دەوڵەتێکی ناوەندگـــەرا و هـــەڵاواردەکار (بەدیعـــی و بینـــا، ١٩٦٠؛ بینا و یەغماییـــان، ١٩٩٠؛ مەتین-ئەســـغەری، ٢٠٢٤). ئەم پرۆســـە مێژووییانـــە ئامادەکارییـــەک بـــوون بۆ شێوازی پەراوێزخستنی ســـەردەمییانە کە ئێستا جوگرافیای خۆشـــبژێوییان لە ئێران پێـــک هێناوە.

## نموونەکان، ڕێچکەناسی و زانیارییەکان

لـــەم توێژینەوەیـــەدا، کاریگەریـــی پێگەی کەمینەکان لەســـەر ئاســـتی خۆشبژێوی لە دوو ڕەوگەدا شـــی دەکرێتەوە: (١) ســـەرەتا ناسەرەوەی خۆشبژێوی لە پارێزگا جیاوازەکانی ئێران لێـــک دەدرێتەوە، (٢) ئـــەو کۆڵکانەی کاریگەریان لەســـەر ئاســـتی خۆشبژێوی هەیە، دەستنیشـــان دەکرێن و دواتر تاوتوێ

ئەوە دەکرێت کە چۆن پێگەی کەمینەکان ئەم سنووردەرانە تێک دەدەن یان هێور دەکەنەوە. بۆیە شیکارییەکە لە سەرەتاوە دووپاتی دەکاتەوە کە چۆن خۆشبژێوی لە رووی بیردۆزییەوە بە ڕەچاوکردنی چەند کۆڵکەیەک لەوانەش جیری داهات و بەکارهێنان، ئاسوودەیی ناوچە جیاوازەکان دەپێویێت. ئەم چوارچێوە بیردۆزانە لەسەر بنەمای نەخشەی خۆشبژێویی هاوبەشانەیە کە بۆ هەڵسەنگاندنی خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندیی تاکەکەسی جیا دەکاتەوە. کە دێتە سەر نموونەی تاقیکارانە، باسەکە دەگۆڕێت بۆ دابینکردنی نموونەیەکی تاقیکارانە بۆ ئەوەی لە کۆڵکەکانی نایەکسانیی خۆشبژێوی لە پارێزگاکانی ئێران بگەین. ئەم یەکنەگرتنەوانە پەیوەندییان بە کۆمەڵێک کۆڵکەی پێشکەوتووانە هەیە ، لەوانەش ژێرخان، تەندروستی، پەروەردە و گوڕانە ئابوورییەکان، کە سیاسەتە حکومەتییە مێژووییەکان و دۆخە جوگرافیایی و کەشناسیی تایبەتی هەر ناوچەیەک کاریگەریی لەسەریان هەیە. ئەو نموونەیەی بۆ خەملاندن پێشنیار دراوە ئەم گۆڕەکانە یەک دەخاتەوە بۆ ئەوەی سووکە جیاوازیی کارتێکەریی پێشکەوتنە هەرێمییەکان لەسەر ئاستی خۆشبژێوی بەدەست بهێنێت. هەروەها نموونەکە بە شێوازێکی ناڕاستەخۆ کارتێکەریی پێگەی کەمینەکان لەسەر خۆشبژێوی هەڵدەسەنگێنێت بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە چۆن پێکهاتەی زمانەوانی و ئێتنیک-ئایینی پارێزگاکانی ئێران پشکیان لەم یەکنەگرتنەوانەدا هەیە. لە کۆتاییدا بەشی پێناسەکردنی زانیارییەکان بنەمایەک بۆ ئەم دوو بەشە بەدەستەوە دەدات و وردەکاریی دیمۆگرافیی ئێران و گۆڕەکە بەکارهاتووەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە دەخاتە ڕوو. بە تاقیکردنەوەی زانیارییەکانی سالانی ٢٠١٥ تا ٢٠١٩، ئەم توێژینەوەیە سنووردەرە سەرەکییەکانی ئاستی خۆشبژێویی پارێزگایی دەستنیشان دەکات و چۆنیەتیی بەریەککەوتنی پێگەی کەمینەکان لەگەڵ ئەم کۆڵکانە تاوتوێ دەکات.

بنەماکانی بیردۆزانەی ناسەرەوەی خۆشبژێویی هاوبەشانە: بۆ تێگەیشتنی ئاسانتر لەم شیکارییە، خۆشبژێوی وەک شێوازێک لە ئاسوودەیی خەڵک لە ناوچە جیاوازەکانی وڵات ببینن. هەرچی خەڵک توانای بەکارهێنانیان زیاتر بێت، ئاسوودەیی یان 'بەرژەوەندی'-یان زیاترە. بەڵام کاتێک خەڵک دەوڵەمەندتر دەبن، هەر دۆلارێکی زیاتر کە پەیدا دەکەن بڕێکی کەمتر دڵخۆشییان پێ دەبەخشێت -چەمکێک کە ناسراوە بە کەمبوونەوەی بەرژەوەندیی ڕادەیی. بۆ تێگەیشتن و بەراوردکردنی ئاسوودەیی ناوچە جیاجیاکان، ئابووریناسان نەخشەیەکی خۆشبژێوی بەکار دینن کە فۆرمولێکە بەرژەوەندیی تاکەکان یان ناوچەکان کۆ دەکاتەوە بۆ ئەوەی خۆشبژێویی گشتیی کۆمەڵگاکە بەدەست بێنێت. ئەم بۆچوونە یارمەتیی سیاسەتداڕێژەران دەدات لەوە تێبگەن کە چۆن سامان لەناو وڵاتدا دابەش دەکرێت و چۆن کارتێکەری لەسەر ئاسوودەیی شارۆمەندانیان هەیە. بەشی هەرەگرینگی ئەم شیکارییە لێکدانەوەی جیری بەرژەوەندیی ڕادەییە کە نیشان دەدات ئاسوودەیی خەڵک چەندە بە گۆڕانکاری لە داهاتیان هەستیارە. ئەو بڕە پارەیەی تاکەکان بۆ پێداویستییەکان وەک خۆراک خەرجی دەکەن، و ئەوەی کە شێوازی خەرج کردنیان چۆن لەگەڵ گۆڕانی داهات و نرخەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، کاریگەری دەبێت لەسەر ئەم جیرییە. چەندین ڕێچکە بۆ خەملاندنی ئەم

جیرییە هەیە کە نموونەی بیرکاریی ئاڵۆز لەخۆ دەگرێت. ئەم نموونانە چەندین کۆڵکە بەکار دێنن لەوانەش ڕێژەی داهاتی تەرخانکراو بۆ خۆراک و ئاسانبوونی دانانی کاڵاکانی دیکە لەجیاتیی خۆراک. بە تێگەیشتن لەم پەیوەندییانە ئابووریناسان دەتوانن بۆ بانگەشەکردنی خۆشبژێوییەکی دادپەروەرانە لە ناوچە جیاجیاکان، تەنانەت لەو وڵاتانەش کە زانیاریی کەمترە، لەسەر بنەمای زانیاری بڕیاری باشتر بدەن.

بۆ ئەنجامدانی شیکاریی ئابووریی لە پرۆژەیەکدا و لە ڕوانگەی ئابووریی خۆشبژێوی دەتوانرێت نەخشەی خۆشبژێویی هاوبەشانە بەکار بێت کە زۆرجار بە نەخشەی بەرژەوەندیی بێرگسۆن-سامیولسۆن پیشان دەدرێت. ئەم نەخشەی بەرژەوەندییە، خۆشبژێویی کۆمەڵگا وەک کۆمەڵبەستێک و نەخشەیەکی پێکەوە نەبەستراو لە بەرژەوەندیی تاکەکان لەناو کۆمەڵگا دادەنێت:

$$SW=f(U_1, U_2, U_3, \ldots)=\sum_{i=1}^{n} U_i \quad (1)$$

لێرەدا، SW خۆشبژێویی کۆمەڵایەتییە کە وەک نەخشەیەک لە بەرژەوەندیی (U)-ی تاکەکان لە کۆمەڵگا فۆرمولە کراوە. بە ئاوڕدانەوە لە بیردۆزی وایزبۆرد (١٩٧٢)، هاوکێشەکە بۆ وڵاتێک دەتوانێت بەم شێوازە فۆرمولە بکرێت:

$$SW=f(U_A, U_B, U_C, \ldots)=\sum U_i \quad (2)$$

لێرەدا U بەرژەوەندیی ناوچەیەک یان پارێزگایەکی دیاریکراوە. لە دەقی نەخشەی بەرژەوەندیی بێرگسۆن-سامیولسۆن، جیری بەرژەوەندیی ڕادەیی بەکارهێنان (e) لە هەموو ڕووبەرێک یەکدەستە. ئەم یەکدەستبوونە لە لایەن بلۆ و تویتەن (١٩٩٧) لە توێژینەوەکەیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەلمێندرا، و ئیڤانز (٢٠٠٥) پاڵپشتی تاقیکارانەی لە ٢٠ وڵاتی OECD (ڕێکخراوی هاوکاریی ئابووریی و گەشە کردن) بۆ هێنایەوە. توێژینەوەی زیاتر کە لە لایەن کولا (٢٠٠٤) و سێزیر (٢٠٠٦) ئەنجام دراوە بڕێکی نەگۆڕیان لەم جیرییە لە وڵاتانی ڕوو لەگەشە دەستنیشان کرد، و بەشێوەی بەرچاو لە هیند و تورکیا. بەم پێشخانە، بەپێی هاوکێشەی ژمارە ٢، نەخشەی بەرژەوەندی بۆ هەر ناوچەیەک بەم شێوازە پیشان دەدرێت:

$$(U_i=(C_i^{(1-e)})/(1-e) \quad (3$$

لە هاوکێشە دیاریکراوەکە، C پیشاندەری بەکارهێنانی سەرانەیە لە ناوچەی i، و e ئاماژە بە جیری بەرژەوەندیی ڕادەیی بەکارهێنان دەدات. بۆ لێکدانی e، فیشەر (١٩٧٢) و فێلنەر (١٩٦٧) ئەم فۆرمولەیان پێشنیار کرد:

$$e=y/p$$

لێرەدا، y جیری داهات بۆ خواستی خۆراک لەخۆ دەگرێت لە کاتێکدا p پیشاندەری جیری نرخی قەرەبووکراو بۆ خواستی خۆراکە کە بۆ لەکارخستنی کارتێکەریی داهات دەستکاری کراوە. ئەم دەستکارییە زۆر جار لە ڕێی ئەم هاوکێشەیەوە ئەنجام دەدرێت:

$$|p|=|p|-ay$$

وەک ستۆن (١٩٩٤)، کولا (١٩٨٤)، و ئیڤانز و سێزەر (٢٠٠٢) باسی دەکەن، لەم هاوکێشەیە، p جیری نرخە، و a ڕێژەی خەرجکردنی خۆراکە لە بودجەی هەر خێزانێک. شارما و هاوکاران (١٩٩١) نەخشەیەکی خواستی هێڵیی لۆگاریتمییان بەکار هێنا تاکو فۆرمولی ژمارە ٨ بەدەست بهێنن کە تێیدا گۆڕەکێکی کاتی بەکار هێنرا بۆ بەدەستهێنانی خزان لە مەیلی بەکارهێنان. ڕێچکەناسییەکی جێگرەوە

بۆ خەملاندنی e، دەزگایەکی خواستی کۆمەڵبەست بەهێز دەکات، بە بەرچاوی نموونەی ڕۆتێردام (کە بووەتە سەرچاوە بۆ ئەم کەسانە: براون و هۆمەن، ٢٠٢٣؛ بایرۆن، ١٩٦٨؛ هۆوا، ١٩٦٨؛ یۆهانسن و هاوکاران، ١٩٦٨). هەرچەندە لە کاتی بەکارهێنانی ئەم نموونانە زانیارییەکان سنووردارن، بەتایبەت لەوانەیە لە وڵاتانی ڕوولەگەشە کە زانیاریی ئاماریی گشتگیر کەم بێت کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم نموونانە لەم دەقەدا بۆ جێبەجێکردن زۆر کردارەکی نەبێت.

بۆچوونێک کە لەم توێژینەوەیەدا بەکار هاتووە بۆ بەدەستهێنانی e، جیری بەرژەوەندیی ڕادەییی بەکارهێنان، ڕێکە لەگەڵ ئەو ڕێچکەناسییانەی کە پێشتر لە لایەن ئاموندسین (١٩٦٤) و جۆنز (١٩٩٣) تاقی کراونەتەوە. لەم ڕێچکەناسییانە کاڵاکانی خۆراک و ناخۆراک وەک کاڵای تەواوکەر پێناسە دەکرێن کە ڕووبەڕووی کێشەی هاوچەشنێتی دەبنەوە. ئەم ڕوانینە ئەم فۆرموڵە بەدەستەوە دەدات:

(4) $e=b\,y/p^*$

لەم فۆرموڵە، b پێشاندەری ئارەزووی ڕادەیی بۆ بەکارهێنانی کەلوپەلی ناخۆراکییە، p* جیری نرخە بۆ لەجیاتی دانانی کەلوپەلی خۆراکی و ناخۆراکی، و y جیری داهاتی خواستی خۆراکە.

وەک کۆبەندی، گەرچی لەوانەیە ئەو فۆرموڵ و نموونە بیرکارییانەی لە ئابووریی خۆشبژێویدا بەکار هاتوون، ئاڵۆزن، بەڵام ئامانجی سەرەکییان بەدەستهێنانی چەندێتی و بەراورد کردنی ئاسوودەییی تاکەکانە لە سەرانسەری ناوچە جیاجیاکان. ئەم فۆرموڵانە بە شیکاری کردن بۆ کۆڵکەکان لەوانەش شێوازی بەکارهێنان، جیری داهات، و بەهەرەی کەمیی داهاتی زیادە، چوارچێوەیەک بەدەستەوە دەدات بۆ تێگەیشتن لەوەی کە سەرچاوەکان چۆن کارتێکەرییان لەسەر خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی هەیە. ئەم تێگەیشتنە ئامرازی پێویست بە سیاسەتدارێژەکان دەدات بۆ ئەوەی ئەو ستراتێژییانە دارێژن کە ئامانجیان دابەشکردنێکی هاوسەنگ و دادپەروەرانەی سامان بێت تاکو دڵنیا ببنەوە کە گەشەکردنی ئابووریی دەبێتە ئاسوودەیییەکی باشتر بۆ هەموو چین و توێژێک.

نموونە تاقیکارانەکان بۆ تێگەیشتن لە کۆڵکەکانی یەکنەگرتنەوەکانی خۆشبژێوی: یەکنەگرتنەوە لە ئاستی خۆشبژێوی لە پارێزگاکانی ئێران دەتوانێت بەهۆی گۆڕانەکان بێت لە شێوایی کەشناسی و قۆناغەکانی پێشکەوتن لەم پارێزگایانە. ڕەوتی سیاسەتی حکومەتی لە ئێران شێوازێک لە گەشەکردنی ناهاوسەنگی لە ئابووریی ئەو نەتەوەیەی دروست کردووە. بۆ تێگەیشتنێکی گشتگیر لەوەی کە جێبەجێکردنی کەم جیاوازی ئەم سیاسەتانە لە خۆشبژێویی پارێزگایی، گرینگە کاریگەریی لایەنەکانی گەشەکردن لە ئاستی پارێزگاکان لەسەر پێوەرەکانی خۆشبژێوی تاقی بکرێتەوە. کەمیی داتا دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە سەرنجەوە ئەو گۆڕەکانە هەڵبژێردرێن کە ڕەهەندە جیاوازەکانی گەشەکردنی پارێزگاکان لەخۆ بگرێت. هەر بەم پێیە، کۆڵکەکان وەک دۆخی کەشناسیی پارێزگاکان و شیاویان، گواستنەوە و پێشکەوتنەکانی ژێرخانەکانی لادێیی، پێشکەوتنەکانی کەرتی تەندروستی و گەشەکردنەکانی کەرتی پەروەردە ڕەچاو دەکرێن. بە ئاوردانەوە لە بیردۆزی پیشەسازیکردنی ئابووریی کلاسیک کە لەلایەن براوەی خەڵاتی نۆبڵ، ئارتور لویز، پشتگیری کراوە، کە پێشنیار دەکات کاری جووتیاری

بگۆڕێت بۆ کشـــتوکاڵییەکی زۆرتـــر پیشەســـازییانە و بازرگانی، ئـــەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات کاریگەریـــی خۆشـــبژێویی کاری کۆچەری لـــە کەرتی جووتیاری تـــا کەرتەکانی پیشەســـازی و خزمەتگـــوزاری لە سەرانســـەری پارێـــزگاکان بدۆزێتەوە.
هەروەهـــا ئامانجـــی ئەوەیـــە گرینگیی پێگـــەی کەمینە لـــەم گۆڕانـــە بخەملێنێت. ئەم بۆچوونـــە ڕێکە لەگەڵ ئەو شـــێوازانەی پێشـــکەوتن کە لـــە ئابوورییە پێشـــکەوتووەکان بینراوە کـــە لەوێ بەرەوپێشـــچوون تێک ئاڵاوە لەگـــەڵ خزانی پێکهاتەیی، جێخســـتنی زانیـــاری و تەکنەلـــۆژی، ئاڵۆزیـــی ئابووریی و هەگبـــەی هەمەجۆریـــی بەرهەمەکان و خزمەتگوزارییەکان، هەر وەک ســـینگەر (١٩٥٠) و ڕۆزێنشـــتاین-ڕۆدان (١٩٤٣) باســـیان کرد. لەم توێژینەوەیەدا، لۆگاریتمی نەخشـــەی بەرژەوەندیی پارێـــزگاکان (lnUTI) پابەندە لەســـەر کۆمەڵێک گۆڕەکـــی ڕوونکەرەوەیی. ئـــەم گۆڕەکانە لەگەڵ پێناســـەکانیان و ئەو ڕەهەندەی کـــە دەیانەوێ ڕوونی بکەنەوە لە خشـــتەی ژمارەی ١دا هاتـــووە. ئەو نموونەی تاقیکارانـــەی بۆ خەملاندنەکـــە دیاریکراوە لێـــرەدا بەڕوونی هاتووە:

## خشتەی ١ : پێناسەی گۆڕەکەکان

| | گۆڕەکی داڕێژراو | ئەو ڕەهەندەی ڕوونی دەکاتەوە |
|---|---|---|
| $lnEXP_{it}$ | ناوەنجیی تێچووی ساڵانەی خێزانێک (LCU نەگۆڕی) | بۆ لیکدانی ناسەرەوەی خۆشبژێویی ئابووریی پارێزگاکان |
| $lnURB_{it}$ | ڕێژەی شاریکردنی پارێزگا | پرۆسەی پێشکەوتنی پارێزگاکان |
| $lnHOS_{it}$ | ڕێژەی ژمارەی تەختە چالاکەکان لە نەخۆشخانە (بۆ هەر ١٠ هەزار کەس) | پێشکەوتوویی ژێرخانی تەندروستی |
| $lnCPI_{it}$ | ناسەرەوەی نرخی بەکارهێنەر(٢٠١٦ = ١٠٠) | هەلاوسانی تاودراوی زۆرپێچوو لە ئێران |
| $lnHED_{it}$ | ڕێژەی ژمارەی خوێندکارانی خوێندنی باڵا (بۆ هەزار کەس) | پێشکەوتوویی ژێرخانی خوێندنی باڵا |
| $lnEDU_{it}$ | ڕێژەی خوێندەواری پێگەیشتووان | پێشکەوتوویی ژێرخانی پەروەردە |
| $lnWAT_{it}$ | ڕێژەی ئەو گوندنشینانەی کە ئاوی پاکی خواردنەوەیان هەیە (بەراورد بە کۆی ژمارەی گوندنشینەکان) | پێشکەوتوویی ژێرخانی لادێیی |
| $lnHIW_{it}$ | چڕیی ڕێگای سەرەکی (بۆ هەر هەزار کیلۆمەتری دووجای پارێزگا) | پێشکەوتوویی ژێرخانی گواستنەوە |
| $lnROA_{it}$ | ڕێژەی جادە لادێییە ئەسفالت نەکراوەکان (بەراورد بە کۆی جادەکانی ئەو پارێزگایە) | پێشکەوتوویی گواستنەوە و ژێرخانی لادێیی |
| $lnAGR_{it}$ | ڕێژەی هێزی کاری دامەزراو لە کشتوکاڵ (بەراورد بە کۆی هێزی کار) | ئاراستەکردنی پێشکەوتوویی ئابووریی ئەو پارێزگایە |
| $lnIND_{it}$ | ڕێژەی هێزی کاری دامەزراو لە پیشەسازی (بەراورد بە کۆی هێزی کار) | ئاراستەکردنی پێشکەوتوویی ئابووریی ئەو پارێزگایە |
| $lnSER_{it}$ | ڕێژەی هێزی کاری دامەزراو لە کەرتی خزمەتگوزاری (بەراورد بە کۆی هێزی کار) | ئاراستەکردنی پێشکەوتوویی ئابووریی ئەو پارێزگایە |
| $RAI_{it}$ | لادانی ناوەنجیی بارینی ساڵانەی پارێزگاکە لە ناوەنجیی گشت پارێزگاکان | شیاویی کەشناسیی ئەو پارێزگایە |

$$_{it}+B_3 lnHOS_{it}+B_4\, lnCPI_{it}\; +B_5 lnHED_{it}$$
$$+B_6 lnEDU_{it}+B_7 lnWATit\; +B_8 lnHIW_{it}\; +B_9 lnROA_{it}+B_{10} lnAGR_{it}$$
$$+B_{11} lnIND_{it}\; +B_{12} lnSER_{it}\; +B_{13} RAI_{it}\quad c_i\; (optional\;)\; +a_t\; (optional\;)+\; u_{it}$$

## داتا

ئـــەم توێژینەوەیە لە داتاکانی نێوان ســـاڵانی ٢٠١٥ تا ٢٠١٩ ســـەبارەت بـــە پارێزگاکانی ئێران کەڵـــک وەردەگرێت کـــە هەموویان لە ناوەنـــدی ئاماری ئێران وەرگیـــراون. ئامانج دیاریکردنی ئەو کۆڵکانەیە کە کاریگەریان هەیە لەســـەر ئاســـتی خۆشـــبژێویی پارێزگاکان بـــە تاقیکردنی کارتێکەریـــی پێگەی کەمینە لەســـەر ئەنجامەکانی ئەم خۆشـــبژێوییە. بۆ زانینـــی پەیوەندیی ئاڵۆزی نێـــوان پێگەی کەمینە و خۆشـــبژێویی ئابووریی




**پەیکەری ١ : دیمەنی ئێتنیکە جیاجیاکانی ئێران**

کارمان لەسەر نیشاندەرە سەرەکییەکانی پێشکەوتوویی لە هەموو پارێزگاکانی ئێران کرد. دیمۆگرافیی پارێزگاکانی ئێران بۆ شیکارییەکەی ئێمە زۆر گرینگە، بەتایبەت لە ڕووی پێکهاتەی جوگرافیایی-ئێتنیک-ئایینی و زمانەوانی. ئێران بەسەر ٣١ پارێزگادا دابەش کراوە کە هەر کامێکیان گۆڕەپانێکی ئێتنیک-ئایینین. وێنەی ژمارە ١ بە دەرخستنی شەش گرووپی ئێتنیکیی سەرەکی: فارس، تورکی ئازەری، کورد، بەلووچ، عەرەب، لوڕ، مازەنی، گیلەک و تورکمان ئەم

دیمەنە ڕوون دەکاتەوە. ئەم نەتەوانە پێکەوە نزیکەی نیوەی ژمارەی دانیشتووانی پێک دێنن. لە ڕووی جوگرافیاییەوە کۆمەڵانی نافارس زیادتر لە پارێزگاکانی سەرسنوور و پەراوێز دەژین وەک ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات (کە تورکیشی تێدایە)، ئازەربایجانی ڕۆژاوا (کورد و تورکی تێدایە)، کوردستان (کوردی تێدایە)، کرماشان (کورد)، ئیلام (کورد)، خوزستان (عەرەب)، سیستان و بەلووچستان (بەلووچ)، گیلان (گیلەک) و مازەندەران (مازەنی). لۆڕەکان و تورکمەنەکان تارادەیەک نزیکترن لە ناوەند و لە پارێزگاکانی لۆڕستان و گوڵستان دەژین. دابەشکردنی دیمۆگرافیایی لەم ناوچانە لەگەڵ تایبەتمەندیی جیاوازیی ئێتنیک-ئایینی و زمانەوانی جووتە و لەگەڵ لەپەراوێزخستنی ئەم کۆمەڵە نافارسانە لە ئێران دەگاتە لوتکە. خشتەی ژمارە ٢ کۆکراوەیەکی ئامارییە لە داتاکان بۆ ساڵانی ٢٠١٥ تا ٢٠١٩. بۆ زۆرینەی گۆڕەکان، لادانی پێوەری زۆر کەمتر بووە لە تێکراکەی، کە سەرەڕای ماوەیەکی تا ڕادەیەک درێژ، نیشاندەری نەبوونی لادەر و ڕێژەی لادانێکی کەمە لە گۆڕەکانی ئەم نموونەیە.

## ئەنجامەکان و دۆزینەوەکان

پێوانی ناسەرەوەی خۆشبژێویی هاوبەشانە: لەم توێژینەوەیەدا، جیری بەرژەوەندیی ڕادەییی بەکارهێنان، e، بە بەکارهێنانی نەخشەیەکی پێکەوە نەبەستراو لە بەرژەوەندی کە پۆلێنەکانی خۆراک و ناخۆراک لەخۆ دەگرێت و بە بەکارهێنانی داتای زنجیرەی کاتیی ساڵانە لە ١٩٩٠ تا ٢٠١٩ بەدەست دێت. تایبەتمەندیی هەڵبژێردراو بۆ ئەم شیکارییە بەم شێوازەی خوارەوەیە:

**خشتەی ٢: پوختەی ئاماری ٢٠١٩-٢٠١٥**

| | Mean | Median | Maximum | Minimum | Std. Dev. | Observations |
|---|---|---|---|---|---|---|
| $lnEXP_{it}$ | 7.651 | 7.658 | 8.368 | 7.128 | 0.229 | 155 |
| $lnURB_{it}$ | 4.238 | 4.238 | 4.557 | 3.881 | 0.167 | 155 |
| $lnHOS_{it}$ | 2.676 | 2.685 | 3.951 | 1.143 | 0.285 | 155 |
| $lnCPI_{it}$ | 4.796 | 4.685 | 5.331 | 4.501 | 0.255 | 155 |
| $lnHED_{it}$ | 3.803 | 3.768 | 4.968 | 3.230 | 0.299 | 155 |
| $lnEDU_{it}$ | 4.444 | 4.446 | 4.534 | 4.248 | 0.049 | 155 |
| $lnWAT_{it}$ | 4.295 | 4.319 | 4.481 | 3.928 | 0.114 | 155 |
| $lnHIW_{it}$ | 2.439 | 2.523 | 3.513 | 0.227 | 0.715 | 155 |
| $lnROA_{it}$ | 2.132 | 2.176 | 3.301 | -0.714 | 0.795 | 155 |
| $lnAGR_{it}$ | 2.863 | 3.025 | 3.630 | 0.095 | 0.731 | 155 |
| $lnIND_{it}$ | 3.448 | 3.424 | 3.882 | 3.091 | 0.199 | 155 |
| $lnSER_{it}$ | 3.843 | 3.859 | 4.169 | 3.547 | 0.132 | 155 |
| $RAI_{it}$ | 0.000 | -0.046 | 0.674 | -0.285 | 0.191 | 155 |
| $TUR_{it}$ | 27.500 | 3.900 | 208.000 | 0.000 | 45.717 | 155 |
| $KUR_{it}$ | 12.248 | 0.700 | 97.800 | 0.000 | 27.719 | 155 |
| $BAL_{it}$ | 2.497 | 0.000 | 65.400 | 0.000 | 11.587 | 155 |
| $ARA_{it}$ | 1.594 | 0.000 | 33.600 | 0.000 | 5.962 | 155 |
| $MGP_{it}$ | 9.594 | 1.900 | 95.200 | 0.000 | 20.605 | 155 |
| $SUN_{it}$ | 14.485 | 0.921 | 94.392 | 0.000 | 25.544 | 155 |
| $LOR_{it}$ | 10.532 | 0.100 | 91.500 | 0.000 | 25.285 | 155 |

$D=(A)(Y)^{y}(p^{1}/p^{2})^{p^{f}}$

لێرەدا، D خواستی سەرانە لەسەر خۆراکە، Y داهاتی سەرانەی ڕاستەقینەیە، $p^1$ و $p^2$ بە ڕیزەوە ناسەرەوەی نرخی خۆراک و ناخۆراکە، و $p^f$ جیری نرخی ڕادەیی قەرەبوونەکراوەیە بۆ خۆراک. ئەم نموونەیە لە فۆرمێکی لۆگاریتمی-لۆگاریتمی داڕێژراوە بۆ ئامادەسازی بۆ ئەم شێکارییە:

$$\ln D=\ln(A)+y\ln(Y)+p^{f}\ln(p^{1}/p^{2})$$

بە بەکارهێنانی داکشانی کەمترین توانی دووەمی ئاسایی تەواو گۆڕاو (FMOLS) بۆ خەملاندنی هاوکۆلکەکان، ئەنجامەکە دەگات بەمە:

$$\ln D=1.808+0.45\ln(Y)-0.54\ln(p^{1}/p^{2})$$
$$(8.185)(6.062)(-4.587)$$

کەڵکوەرگرتن لە داکشانی کەمترین توانی دووەمی ئاسایی تەواو گۆڕاو (FMOLS) بۆچوونێکی بیرکاریانەی ئاڵۆز بۆ تێگەیشتن لە جوولەی درێژخایەنی کاریگەر لەسەر ئاستی خۆشبژێوی لە پارێزگاکانی ئێران بەدەستەوە دەدات. گرینگیی سەرجەم هاوکۆلکە درێژخایەنەکان لە ئاستی ٠.٠١% پەیوەندییەکی ماناداری بەهێز لەنێوان گۆڕەکە دیاریکراوەکان و ئەنجامەکانی خۆشبژێوی پیشان دەدات. جیری تێچووی نەخشەی خواستی خۆراک، y، دەبێتە ٠.٤٥ و جیری نرخی پەیوەندیدار، $p^f$،





دەبێتە ٠.٥٤٣-. مەودای بینراوی جیری نرخی پەیوەندیدار بۆ تێچووی سەرانەی ڕاستەقینەی کەلوپەلە خۆراکییەکان دەکەوێتە نێوان سفر و سالبەکان، کە بنەمایەکی سەرەکیی ئابووریی بۆ هەڵسوکەوتی بەکارهێنەر دەردەخات. ئەم مەودایە پیشان دەدات کە بەرزبوونەوەی لە سەدا یەکی نرخی پەیوەندیداری کاڵا خۆراکییەکان بە بەراورد لەگەڵ کەلوپەلە ناخۆراکییەکان دەبێتە هۆی نزمبوونەوەی کەمتر لە سەدا یەکی تێچووی سەرانەی ڕاستەقینەی ئەم کەلوپەلانە. ئەم نرخی جیرییە سروشتی جیری خواستی لەسەر کولوپەلی خۆراک بنهێڵ دەکات و پیشاندەری ئەوەیە کە وڵامی بەکارهێنەر بۆ گۆڕانی نرخ تارادەیەک لەسەرخۆیە. ناوەنجی ئارەزووی بەکارهێنان لەنێوان سالانی ٢٠١٥ بۆ ٢٠١٩، ٥٢% بوو کە خەرجکردن بۆ کەلوپەلی ناخۆراکی دەکات بە ٥١% بۆ هەموو وڵاتەکە. بە بەکارهێنانی ئەم ژمارانە لە هاوکێشەی ژمارە ٤، ئەمە بەدەست دەهێنین:

e=٠.٥١×٠.٤٥/(-٠.٥٤)=-٠.٤٢

دەکرێت بەم جیری بەرژەوەندیی کۆتایی بەکارهێنان کە بەدەست هاتووە، بگەڕێین بۆ نەخشەی بەرژەوەندیی پارێزگاکان بۆ هەر ساڵێک. لەم گەڕانە کەڵک لە هاوکێشەی ژمارە ٣ وەردەگرین. هەر بۆیە

نەخشـــەی بەرژەوەنـــدی بۆ هەر ناوچەیەک بەم شـــێوازەی خوارەوە پێناســـە دەکرێت، کە لـــەوێ C پیشـــاندەری ناوەنجی تێچووی ســـاڵانەی خێزانێکە لـــە ناوچەی i:

$$U^i=(C_i^{(1+0.42)})/(1+0.42)$$

وێنەی ژمارە ٢ ناسەرەوەی خۆشبژێویی لێک دراوە (لە لای چەپەوە) و ڕێژەی بارانبارین (لە لای ڕاستەوە) لە پارێزگاکانی ئێران پیشان دەدات. سەرەڕای وشکەساڵی و بارینی کەمی ساڵانە، ناوچەکانی ناوەندی ئێران ئاستێکی بەرزتر لە خۆشبژێوییان هەیە. ئەم شێوازە لەگەڵ تایبەتمەندیی ئەو پارێزگایانەی نەوتیان زۆرە ڕێکە، بەتایبەت ئەو پارێزگایانەی لە سنوورەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتدان کە سەرەڕای ئەوەی لە بەرهەمهێنانی نەوت و گاز ڕۆڵی گرنگیان هەیە، ئاستی خۆشبژێوییان نزمترە. ئەم یەکنەگرتنەوانە پێمان دەڵێن کە پێشکەوتوویی دادپەروەرانەی ژێرخانەکانی وڵات، کە سەرمایەکەی لەسەر بنەمای سەرچاوە سروشتییە فراوانەکانیدایە، بووژانەوەیەکی زۆرتری پێ دەکرێت یا خود لانیکەم هەر وەک ناوچەکانی ناوەند بێت.

کۆڵەکانی یەکنەگرتنەوەکانی خۆشبژێوی: ئەو دۆزراوانەی لە خشتەی ژمارە ٣ هاتوون کە لە تاقیکردنەوەی هاوسەمن وەرگیراون، زۆر گرنگن بۆ زانینی ئەوەی کە نموونەی کارتێکەریی جێگیر لە جیاتی نموونەی کارتێکەریی هەرەمەکی لە دەقی ئەم توێژینەوەدا دەشێت. گریمانەی بەتاڵ بۆ ئەم تاقیکردنەوەیە کاریگەریی هەرەمەکی دەخاتە نێو نموونەکە. هەرچەندە ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی هاوسەمن گومانی کاریگەریی هەرەمەکی بۆ سەرجەم نموونەکانی کەلێنی بۆشاییانە ڕەت دەکاتەوە، و پشتگیریی کاریگەری جێگیر لە ئاستی ١% دەکات.

خشتەی ژمارە ٣. یەکبەستراویی هەر کەمینەیەک لەگەڵ ئاستی خۆشبژێوی و گۆڕەکی دیاریکەرەکەی ئەم ئەنجامە گرینگی پێدان بە لێکنەچوونەکان لە پارێزگاکان دەردەخات کە پیشاندەری دۆخە تایبەتەکانە کە کارتێکەریی جیاوازیان لەسەر ئاستی خۆشبژێوی هەیە.

## خشتەی ٣: ئەنجامی خەمڵێندراوی هاوکێشەی ژمارە ١

| | Pooled OLS | | Spatial fixed effects | | Time-period fixed effects | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| $lnURB_{it}$ | 0.041 | (0.750) | -0.542 | (0.805) | 0.039 | (0.760) |
| $lnHOS_{it}$ | 0.209 | (0.000) | 0.102 | (0.015) | 0.208 | (0.000) |
| $lnCPI_{it}$ | -0.601 | (0.000) | -0.596 | (0.000) | -1.394 | (0.007) |
| $lnHED_{it}$ | -0.348 | (0.000) | -0.751 | (0.000) | -0.338 | (0.000) |
| $lnEDU_{it}$ | 1.731 | (0.000) | 0.009 | (0.987) | 1.610 | (0.001) |
| $lnWAT_{it}$ | 0.332 | (0.013) | 0.172 | (0.437) | 0.356 | (0.008) |
| $lnHIW_{it}$ | 0.094 | (0.001) | -0.186 | (0.024) | 0.090 | (0.002) |
| $lnROA_{it}$ | -0.033 | (0.160) | -0.062 | (0.259) | -0.040 | (0.092) |
| $lnAGR_{it}$ | -0.121 | (0.006) | 0.539 | (0.003) | -0.121 | (0.006) |
| $lnIND_{it}$ | 0.241 | (0.036) | 1.219 | (0.000) | 0.230 | (0.043) |
| $lnSER_{it}$ | 0.396 | (0.024) | 1.324 | (0.002) | 0.390 | (0.025) |
| $RAI_{it}$ | 0.274 | (0.004) | 0.138 | (0.228) | 0.295 | (0.002) |
| LogL | 73.944 | | 174.735 | | 75.984 | |
| $R^2$ | 0.786 | | 0.942 | | 0.791 | |
| Hausman test-statistic | | | 62.517 | 0.000 | 55.53316 | 0.000 |

تێبینی: بڕی p ***، ** و * لە ١٪، ٥٪ و ١٠٪ ئاستێکی زۆری هەیە

سەرچاوە: خەمڵاندنی نووسەر

ئەم توێژینەوەیە دان بەوەدا دەنێت سەرەرای ئەوەی کە لابردنی ئەم لێکنەچوونانە دەتوانێت ئەنجامەکان بپاڵێوێت – بە هەڵگرتنی پێویستی بۆ روونکردنەوەیان وەک لە تاقیکردنەوەی دەستنیشانکەر پێشنیاری دەکات و لۆگاریتمی ئەگەری زۆرتر لە نموونەی کاریگەریی جێگیری بۆشاییانە لە خشتەی ژمارە ۴دا هاتووە- ئامانجە سەرەکییەکەی توێکاریی هۆکاری یەکنەگرتنەوەکانی خۆشبژێوییە لەناو پارێزگاکان. هەر بۆیە لەم چوارچێوەوە شیکاریکارانەیەدا تاوتوێکردنەکە رەچاوی کاریگەریی جێگیری مەودای کات دەکات بۆ کەمکردنەوەی لێکنەچوونەکان لە مەودای کاتەکان نەک لە پارێزگاکان.

دۆزینەوە سەرەکییەکانی نموونەی کاریگەریی جێگری مەودای کات دەریدەخەن کە بەشاریکردن کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر یەکنەگرتنەکانی خۆشبژێوی لە پارێزگاکان نییە. بە دیاریکراوی، هەر ١٪ باشتربوونی ژێرخانی تەندروستی گرێ دراوە بە ٠.٢٠۴% هەڵکشانی ئاستی خۆشبژێوی. بۆ هەر ١٪ زۆربوونی هەڵاوسان، نزمبوونەوەی ئاستی خۆشبژێوی بە ١.٣٩۴% خێرا دەکات و هەڵاوسانی زۆرپێچوو وەک کۆڵکەیەکی دیاریکەرەوە سەرهەڵدەدات. کاریگەریی ژێرخانی خوێندنی باڵا لەسەر خۆشبژێوی وێنەیەکی ئاڵۆزی هەیە. لە کاتێکدا کەمیی خوێندەواری سوودی خۆشبژێویی بەرچاو و ئەرێنی هەیە، پەرەسەندنی ژێرخانی خوێندنی باڵا ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت. ئەم دۆزراوانەی پێچەوانەی مەزندەکانە لەگەڵ ئەو راستییە ئابوورییە هەنووکەییانەی ئێران رووبەڕوویان دەبێتەوە رێک، بەتایبەت بە رەچاوکردنی گەمارۆکانی دەیەی رابردوو و شیاویی سنووورداری بەرهەمهێنانی، کە کۆسپێک بووە بۆ تێکەڵبوونی دەرچووانی ئەم دوایە لەگەڵ هێزی کار.

ئەم دۆزراوانە کە جیاوازییان کەمە جووڵەی چەند رەهەندی پیشان دەدات و کارتێکەرییان هەیە لەسەر یەکنەگرتنەوەکانی خۆشبژێوی لە پارێزگاکانی ئێران، رۆڵی گرینگی کۆڵکەکانی ژێرخانی و کۆمەڵایەتی-ئابووری دیاریکراو بنهێڵ دەکات. کارتێکەری جیاکارانەی ئەم کۆڵکانە زەحمەت بوونی دەستنیشان کردنی ئاستی خۆشبژێوی لەم بەستێنەدا پیشان دەدات کە تایبەتمەندە بە هەڵاوسانی زۆرپێچوو، دەرهاویشتەکانی پەروەردەیی، و باندۆری بەرفراوانی گەمارۆ ئابوورییەکان.

## خشتەی ۴: پێناسەی کەمینەکان

| کەمینەکان | پێناسەکان | ڕێژەی سەدی دانیشتووان بە کۆی دانیشتووان |
|---|---|---|
| $TUR_{it}$ | ڕێژەی دانیشتووانی تورک لە پارێزگا جیاجیاکان (بە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە) | 13.57 |
| $KUR_{it}$ | ڕێژەی دانیشتووانی کورد لە پارێزگا جیاجیاکان (بە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە) | 8.19 |
| $BAL_{it}$ | ڕێژەی دانیشتووانی بەلوچ لە پارێزگا جیاجیاکان (بە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە) | 2.39 |
| $ARA_{it}$ | ڕێژەی دانیشتووانی عەرەب لە پارێزگا جیاجیاکان (بە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە) | 1.64 |
| $MGP_{it}$ | ڕێژەی دانیشتووانی مازندەرانی و گیلەکی لە پارێزگا جیاجیاکان (بە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە) | 5.99 |
| $SUN_{it}$ | ڕێژەی دانیشتووانی سوننە لە پارێزگا جیاجیاکان (بە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە) | 12.21 |
| $LUR_{it}$ | ڕێژەی دانیشتووانی لوڕ لە پارێزگا جیاجیاکان (بە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە) | 2.11 |

ئامارە فەرمییەکان کە لە ناوەندی ئاماری ئێران لە زستانی ٢٠٢٠ وەرگیراوە، ڕەهەندە گرینگەکانی بازاڕی کاری وڵات و بووژانەوەی ئابووریی و ئاماژەکانی خۆشبژێوی زەق دەکاتەوە. ڕێژەی بێکاری ٩.٤% بوو کە -٣٨.٨%ی ئەم دیمۆگرافی بێکارییە کەسانێک بوون کە خوێندنی باڵایان تەواو کردبوو. ئەم دۆخە نارێکییەک لەنێوان دەستکەوتەکانی خوێندن و خواستی بازاڕی کار بنهێڵ دەکات، چونکە بەشێکی بەرچاوی هێزی کاری خوێندەوار لە کەرتێک دامەزراون کە پەیوەندییان بە بابەتی خوێندنیانەوە نییە. ئەم سیناریۆیە پێشنیار دەکات کە دەزگای خوێندنی خۆراییی لە کاتێکدا دەستپێڕاگەیشتن بە خوێندنی باڵا پەرە پێ دەدات، دەستکەوتێکی بەرهەمهێنەری ئابووریی نەبووە. لەجیاتیی ئەوە کۆسپێک بووە لەبەردەم سەرچاوە دەوڵەتییەکان، بەتایبەت لەو شوێنەی کە بەرهەمهێنانی کەم و ئالەنگارییە ئابوورییەکان زەق دەبنەوە.

ئەم شیکارییە هەروەها ژێرخانەکانی ئاو و گواستنەوە وەک کۆڵکەی بەهێزکەر کە کارتێکەری لەسەر ئاستی خۆشبژێوی هەیە، دەناسێتەوە. بە دیاریکراوی، هەر لە سەدا یەک باشتربوونێکی وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئاو، بە ڕێژەی ٠.٣٥٦% ئاستی خۆشبژێوی بەرز دەکاتەوە کە ئەمەش دووپاتکردنەوەی گرینگیی پشکی بەڕێوەبەری و دەستپێڕاگەیشتن بە ئاوە لە بەرزکردنەوەی پێوەرەکانی ژیان. هاوشێوەی ئەمە، پەرەسەندنی ژێرخانەکانی گواستنەوە دەردەخرێت کە بۆ هەر لەسەدا یەک زۆرتربوونی ڕێگاکانی سەرەکی، ئاستی خۆشبژێوی بە ڕێژەی ٠.٠٩% بەرز دەبێتەوە کە پێشاندەری کاریگەریی ئەرێنیی پەیوەندی و جووڵەی گەشەسەندراوە لە هەلە ئابوورییەکان و خۆشبژێوی. هەرچەندە، زۆرتربوونی جادە ئەسفاڵت نەکراوە لادێییەکان کاریگەرییەکی دژوازانەی هەیە و دەبێتە هۆی ٠.٠٤% کەمبوونەوەی خۆشبژێوی کە دەتوانێت پێشاندەری ناکارمەیی یا خود لەپێشتربوونێکی هەڵە لە ستراتیژییەکانی پەرەسەندنی ڕێگەوبانەکانی لادێیەکان بێت.

پێکهاتەی کەرتی هێزی کار ڕۆڵێکی گرینگی لە دیاریکردنی ئاکامکانی خۆشبژێوی هەیە. ئەو پارێزگایانەی ڕێژەی بەشداریی هێزی کاریان لە کشتوکاڵ لە سەرەوەیە، ئاستی خۆشبژێویی کەمتریان هەیە، کە ئەمە دەرخەری ناکارامەییی ئەم کەرتە یان دۆخی پێچەوانەیە لە کارتێکەری لەسەر بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و داهات. بەپێچەوانەوە، هەر لەسەدا یەک زۆرتر بوونێک لە هێزی کار لە کەرتی خزمەتگوزاریدا، خۆشبژێوی بە ڕێژەی ٠.٣٩% باشتر دەکات کە ئاماژەیەکە بۆ زۆرتربوونی نرخی زیادکراو و هەلی دامەزراندن لە چالاکییەکانی پەیوەندیدار بە خزمەتگوزاری.

**خشتەی ٥: پێناسەی کەمینەکان**

| ڕێژەی سەدیی دانیشتووان لە کۆی دانیشتووان | پێناسەکان | کەمینەکان |
|---|---|---|
| 13.57 | ڕێژەی دانیشتووانی تورک لە پارێزگا جیاجیاکان (بە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە) | $TUR_{it}$ |
| 8.19 | ڕێژەی دانیشتووانی کورد لە پارێزگا جیاجیاکان (بە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە) | $KUR_{it}$ |
| 2.39 | ڕێژەی دانیشتووانی بەلوچ لە پارێزگا جیاجیاکان (بە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە) | $BAL_{it}$ |
| 1.64 | ڕێژەی دانیشتووانی عەرەب لە پارێزگا جیاجیاکان (بە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە) | $ARA_{it}$ |
| 5.99 | ڕێژەی دانیشتووانی مازەندەرانی و گیلەکی لە پارێزگا جیاجیاکان (بە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە) | $MGP_{it}$ |
| 12.21 | ڕێژەی دانیشتووانی سوننە لە پارێزگا جیاجیاکان (بە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە) | $SUN_{it}$ |
| 2.11 | ڕێژەی دانیشتووانی لۆڕ لە پارێزگا جیاجیاکان (بە کۆی دانیشتووانی پارێزگاکە) | $LUR_{it}$ |

هەروەها ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات کە ڕێژەی بارینی ساڵانە ڕاستەوخۆ کاریگەریی ئەرێنی لەسەر خۆشبژێویی پارێزگاکە هەیە بە هاوکۆڵکەی ٠.٢٩٥. ئەم ئەنجامە گرینگیی ڕۆڵی بەردەستبوونی ئاو لە کشتوکاڵ پیشان دەدات کە چالاکییەکی گرینگی ئابوورییە لە زۆرێک لە پارێزگاکان و ئاماژەیە بۆ ئاسوودەیی خۆراک، تەندروستی و دۆخی ژیان.

ئەم دۆزینەوانە پێکەوە وێنەیەک بە وردەکاریی لەسەر ئەو کۆڵکانە دەکێشنەوە کە کاریگەرییان لەسەر خۆشبژێویی پارێزگاکانی ئێران هەیە و کارلێکی نێوان پەروەردە، پێشکەوتوویی ژێرخانەکان، جووڵەی بازاڕی کار و بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان لە دروستکردنی ئاکامەکانی خۆشبژێوی و ئابووریی پیشان دەدات.

بە ئاوڕدانەوە لە سووکە جیاوازییەکان لە یەکنەگرتنەوەکانی خۆشبژێوی لە پارێزگاکانی ئێران، ئەم توێژینەوەیە شیکارییەکی زۆرتر دەکات بۆ کارلێکی نێوان پێگەی کەمینەکان و سنووردەرەکانی خۆشبژێوی. بۆ ئەم کارەش خشتەی ژمارە ٥ لەسەر گرووپە کەمینەکانی ناو ئێرانە کە کەمینە ئایینی و زمانەوانییەکانی جیا کردووەتەوە. لەناو ئەم کەمینانە بە دیاریکراوی سوننەکان کەمینەی ئایینین و ئەوانی دیکە بەپێی جیاوازیی زمانی پۆلێن کراون.

ئەو شیکارییە ڕاستبینانەی کە لە خشتەی ژمارە ٣دا هاتووە، کار لەسەر پەیوەندیی ئاڵۆزی نێوان پێکهاتەی دیمۆگرافیی پارێزگاکانی ئێران و مەودای سنووردەرەکانی خۆشبژێوی دەکات و بە کەڵکوەرگرتن لە یەکبەستراویی هاوکۆڵکەکان، ئاراستە و هێزی ئەم پەیوەندییانە دەپێوێت. دۆزینەوەکان یەکبەستراوییەکی نەرێنیی بەرچاو لەنێوان بوونی گرووپێکی کەمینەی دیاریکراو و ئاستی خۆشبژێوییان بنهێڵ دەکات کە بەلووچەکان، کوردەکان و سوننەکان کارتێکەرییەکی ناوازەیان لەسەر خۆشبژێویی پارێزگا بوو:

- بەلووچەکان بەرچاوترین یەکبەستراویی نەرێنییان لەگەڵ ئاستی خۆشبژێویی پارێزگاکە بوو، کە هاوکۆڵکەکەی ٠.٣٣٤- بوو. ئەمە دەریدەخات کە زۆربوونی دیمۆگرافیی بەلووچ دەبێتە هۆی دابەزینێکی بەرچاو لە ئاستی خۆشبژێوی لەو پارێزگایانە.
- هاوکۆڵکەی یەکبەستراو بۆ کوردەکان ٠.١٣٥- کە پەیوەندییەکی نەرێنی بەڵام کەمتر بەرچاو لەنێوان دیمۆگرافیی کوردەکان و ئاستی خۆشبژێویی پارێزگاکان پیشان دەدات.
- یەکبەستراویی هاوکۆڵکە بۆ سوننەکان ٠.٢٢٦- . ئەم ژمارەیە کاریگەریی نەرێنیی بەرچاو لەسەر خۆشبژێوی پیشان دەدات، کە گەرچی بەراورد بە بەلووچەکان کەمترە، بەڵام لە کوردەکان زۆرترە. بە دیاریکراوی، زۆرینەی کوردەکان و بەلووچەکان باوەڕداری ئیسلامی سوننەن کە ئەوان نەک تەنیا لە ڕووی زمان بەڵکو لە ڕووی ئایینیشەوە کەمینە هەژمار دەکرێن، کە پێکەوە بەشێکی بەرچاوی دانیشتووانی سوننەی ئەو وڵاتە پێک دێنن.

ئەم یەکبەستراوییانە ئەو شێوازە سووکە جیاوازانە پیشان دەدات کە پێکهاتەی دیمۆگرافی کاریگەریی لەسەر خۆشبژێویی پارێزگاکان لە ئێران دادەنێت. بەلووچەکان، بەتایبەتی، ئەو گرووپەن کە زۆرترین کارتێکەریی پێچەوانەیان هەیە. بەپێچەوانەوە مازەندەرانی و گیلەکییەکان کەمترین کارتێکەریی نەرێنییان هەیە، کە دەریدەخات دەستپێڕاگەیشتنێکی باشتریان بە سەرچاوەکان هەیە یا خود دۆخێکی لەبارتری ئابووری-کۆمەڵایەتییان هەیە. هەروەها هاوکۆڵکەی یەکبەستراوی

پێکهاتەکان بۆ گۆڕەکانی دیکە کە ئاسوودەیی دیاری دەکات لە خشتەی ژمارە ٣دا دەبینرێت. لێرەدا تەنیا ئەنجامەکانیان ڕوون دەکەینەوە. یەکبەستراویی نەرێنی دەریدەخات کە ئەو پارێزگایانەی ڕێژەی دانیشتووانی کەمینەی سوننە، کورد و بەلووچی زیادترە، دەستپێڕاگەیشتن بە ژێرخانەکان و خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان، لەوانەش ئاوی خواردنەوە، تەندروستی و دامودەزگاکانی خوێندن کەمترە، کە هەموویان ناسەرەوەی سەرەکیی خۆشبژێوین. بە دیاریکراوی ئەم پارێزگایانە ڕێژەی خوێندەواری و خوێندنی بالای نزمیان هەیە، کە بە شێوازێکی دژوازانە وێدەچێت لە دەقی گەمارۆکانی ئێران و ئالەنگارییە ئابوورییەکان وەک پێشتر باس کرا بە قازانج بێت. هەرچەندە ئەم 'قازانجە' بەهۆی نەبوونی هەلی دامەزراندن بۆ دەرچووانە نەوەک زۆربوونی سوودمەند لە سەرمایەی مرۆیی.

هەروەها ئەم دۆزینەوانە پیشان دەدەن کە ژێرخانی خوێندن و تەندروستی لەو پارێزگایانەی کە کەمینەکان تێیدا دەژین، کەمتر پەرەی سەندووە و نەخۆشخانە و دامەزراوەی پەروەردەیی کەمتریان هەیە. ژێرخانەکانی گواستنەوە، بەتایبەتی ڕێگەوبان، گەشەی کەمتری بەخۆیەوە دیوە و بەپێچەوانەوە جادەوبانی ئەسفالت نەکراوی لادێیی زۆرترە. ئەم پێشنەکەوتنی ژێرخانەکان دەبنە هۆی هاتنە پێشی ئەو ئالەنگارییانەی کە کەمینەکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

جوولەی بازاڕی کار لەم ناوچانە ئەم یەکنەگرتنەوانە زۆرتر ڕوون دەکەنەوە، کە زۆرینەی خەڵکەکە بەشداری کشتوکاڵ و خزمەتگوزارییەکان دەکەن و ڕێژەیەکی کەمتر لە کەرتی پیشەسازیدان. ئەم دابەشکردنی هێزی کار بەسەر کەرتەکان دەتوانێت خۆی لە هەلە ئابوورییە بەردەستەکان و لە درێژەدا لە ئاستی گشتیی خۆشبژێویدا پیشان بدات.

هەرچەندە یەکبەستراوییەکی نەرێنیی هاوشێوە لەنێوان سنووردەرەکانی خۆشبژێوی و پێگەی کەمینەکان بۆ کەمینەکانی دیکە دەبینرێت، بەڵام ڕێژەی ئەم یەکبەستراوییە بەراورد بە سوننە، کورد و بەلووچ بە زۆر کەمترە. ئەم جیاوازییە زۆر بەر مەترسی کەوتوویی و ئالەنگارییەکانی بەردەم ئەم گرووپانە پیشان دەدات و پێویستیی دەستتێوەردانێکی ئامانجدار لە سیاسەتەکان زەق دەکاتەوە.




پەیکەری ٣: کاریگەریی زۆربوونی دانیشتووانی کورد و سوننە لەسەر خۆشبژێوی




پەیکەری ۴: یەکبەســتراوی بۆشاییانەی نێوان ئاستی خۆشــبژێوی و کەمینەکان

ئامــاژەدان بــەم یەکنەگرتنەوانــە پێویســتی بە ســووکە بۆچوونێکی جیــاواز هەیە کە ســەرووی ســتراتیژییەکانی پێشــکەوتوویی ئابووریــی گشــتییە. ئەمە پێویســتی بەو سیاســەتانەیە کە بە مەبەســتی ئاماژەدان بە پێداویســتی و ئالەنگارییــە تایبەتەکانی ئەم کەمینانــە دارێژرابــن، کە نەتەنیا پێشــکەوتنی ژێرخانــی و ئابووریی بەڵکــو گرتنەخۆی کۆمەڵایەتی و کولتووریشــی تێدا بێت. ئەمە دەتوانێت ئاســانکاریی دەستپێراگەیشــتن بە تەندروســتی و خوێندنی باش، و باشــترکردنی گواســتنەوە و ژێرخانە گرینگەکانی دیکە، و دەرفەتــی ئابووریــی خولقاندن بۆ هەمــوو چینەکانی کۆمەڵــگا، و پڕکردنەوەی کەلێنی خۆشــبژێوی لەنێــوان خەڵکی وڵاتەکــە لەخۆ بگرێت.

ئـەم شـیکارییە دەڵێـت کـە تەنیا بەشـێک لە کەمینـەی زمانەوانی بوون بە شـێوەی ئۆتۆماتیک نابێتـە هـۆی کەمبوونـەوەی ئاسـتی خۆشـبژێوی، بەڵکـو ویدەچێـت تێکەڵاویـک لـە کەمینەی زمانـی بـوون و باوەڕمەنـد بـوون بـە ئیسلامـی سـوننە کاریگەرییەکـی زۆر نەرێنیتـر لەسـەر خۆشـبژێوی دادەنێـت. ئـەم ڕوانینـە سـووکە جیـاوازەش بە تاقیکردنەوەی ئاسـتی خۆشـبژێوی لـە پارێـزگاکان بـە ژمـارەی کورد-زمـان و سـوننەیەکی بەرچاو تاوتـوێ دەکرێت.

وێنەی ژمارە ٣ گۆڕەکەکانی خۆشبژێوی لە پارێزگاکان ڕوون دەکاتەوە کە بەپێی چڕیی ژمارەی کورد و سوننە بەش بەش کراوە. لە ئاراستەی ئاسۆیی لە چەپەوە بۆ ڕاست، ژمارەی کورد ڕوو لە زیادبوونە. بەپێچەوانەوە، بە ئاراستەی ستوونی لە لێوارەکانی خوارەوە بۆ سەرەوە هەڵکشانێک لە دیموگرافیی سوننە دەبینرێت. لە ئەنجامدا ئەو پارێزگایانەی لە چارەکی باکووری ڕۆژهەڵاتی وێنەکەدان، زۆرترین ژمارەی کورد و سوننەیان هەیە. بەپێچەوانەی ئەمە، ئەو شوێنانەی لە چارەکی باشووری ڕۆژاوادان، ڕێژەیەکی زۆر کەمی کورد و سوننەی تێدان. هاوکات، چارەکی باکووری ڕۆژاوا ژمارەی سوننەی بەرچاو و کوردی کەمی هەیە. بەڵام چارەکی باشووری ڕۆژهەڵات ژمارەی کوردی زۆری هەیە کە باوەڕمەند بە ئیسلامی سوننە نین.

شیکارییەکە دەریدەخات لەو پارێزگایانەی کە ڕێژەی بەرچاوی کورد-زمان و سوننەی تێدایە، سەرەڕای ئەوەی کەشوهەوای لە مامناوەند بۆ سەرەوەیە و سەرچاوەی سروشتی باشیشیان هەیە، بەڵام ئاستی خۆشبژێوی نزمترە. ئەمە پێمان دەڵێت کە تەنیا کۆڵکەی زمانەوانی و ئایینی کەمینەکان پشکیان لەم یەکنەگرتنەوانە نییە و لەوانەیە کێشەی کۆمەڵایەتی-ئابووریی، سیاسی یا ژێرخانیش کاریگەرییان لەسەر ئەم بابەتە ببێت. تەنیا هۆرمۆزگان لە ئەوانی دیکە ناچێت کە ئاستی بەرزی خۆشبژێوییەکەی بە هۆی جوگرافیاکەیەتی کە لە کەنار ئاوەکانە. ئەمە وایکردووە کەنداوی فارس بەردەست بێت و هەلی ئابووریی زۆری ڕەخساندووە کە بووژانەوەی ناوچەکە لەگەڵ خۆی دێنێت.

بۆ تاوتوێکردنی زۆرتری کارتێکەریی پێگەی کەمینەکان لەسەر خۆشبژێوی، ئەم توێژینەوەیە کارتێکەری بۆشاییانەی کەمینەکانیشی لەسەر خۆشبژێویی پارێزگاکانی دراوسێی هەڵسەنگاندووە. ئامانجی ئەم شیکارییە ئەوەیە کە بزانێت ئایا هەبوونی کەمینەکان لە پارێزگایەک کارتێکەری لەسەر ئاستی خۆشبژێوی و باندۆری ناوچەیی هەیە و دەتوانێت خۆشبژێوی لە دەوروبەری خۆی نزم بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش ئاماری مۆرانز ئای (Moran's I) وەک پێوەرێک بۆ یەکبەستراویی زنجیرەیی (auto-correlation) بۆشاییانە بەکار دێت، کە مۆرانز ئایێکی ئەرێنی دەرخەری ئەوەیە کە لە ناوچەکاندا خۆشبژێوی یەک ئاستی بەکۆمەڵ هەیە، و گەر نەرێنی بێت واتا ئاکامەکانی خۆشبژێویی لێکنەچوو و پرشوبڵاون.

شیکارییەکە بە کەڵکوەرگرتن لە ئاماری مۆرانز ئای، وەک لە وێنەی ژمارە ٤دا هاتووە، یەکبەستراوییەکی بۆشاییانەی بەرچاو لەنێوان ئاستی خۆشبژێوی و کەمینەکانی ئێران پیشان دەدات. نرخەکانی مۆرانز ئای بە دیاریکراوی شێوازێک لە یەکبەستراویی زنجیرەیی بۆشاییانە دەردەخات کە ئەو پارێزگایانەی ڕێژەی دانیشتووانی کەمینەی لە سەرەوەیە، بەتایبەت بەلووچەکان، کاریگەرییان لەسەر ئاستی خۆشبژێویی پارێزگاکانی دەوروبەریشیان دادەنێن. نرخی مۆرانز ئای بۆ ئەو پارێزگایانەی بەلووچیان زۆرە ٠.٢١٣- کە کارتێکەرییەکی نەرێنیی بۆشاییانەی بەرچاو لەسەر خۆشبژێوی پیشان دەدات. واتە زۆریی ژمارەی بەلووچ لە پارێزگایەک، ئاستی دابەزیوی خۆشبژێوی لەو پارێزگایە و پارێزگاکانی دەوروبەری خۆی لێ دەکەوێتەوە. ئەم شێوەیە دەڵێت کە زۆربوونی بەلووچ، کاریگەریی خۆشبژێوییەکەی لە سنوورەکانی ئەو پارێزگایەش

تێدەپەڕێت و کاریگەریی لەسەر بووژانەوەی ناوچەکانی دەوروبەریش دادەنێت، تەنانەت گەر دیمۆگرافیی بەلووچ لەناویان بەرچاو نەبێت.
ئەم دیاردەیە واتای کۆمەڵایەتی-ئابووریی کێشە دەزگاییەکان وەک هەڵاواردن دەگەیەنێت کە سنووره خۆجێییەکان دەبڕێت و جوولەی خۆشبژێویی ناوچەکە دەگۆڕێت. یەکبەستراویی نەرێنیی بۆشاییانە بۆ سوننە، کورد و عەرەب، کە بە ڕێزەوە نرخەکانیان دەبێتە ۰.۱۵۶-، ۰.۰۴۶-، ۰.۰۷۵-، ئەوە دەردەخات کە شوێنی کەمینەکان کاریگەریی لەسەر خۆشبژیویی پارێزگاکان هەیە. گەرچی ئەم نرخانە بەراورد بە بەلووچەکان بەرچاو نییە، بەڵام هەر ئەوە زەق دەکەنەوە کە بوونی کەمینەکان لەگەڵ نزمی ئاستی خۆشبژێوی گرێ دراوە، چ لە ناوچەکە و چ لە ناوچەکانی دەوروبەری.

## تێبینییەکانی کۆتایی

ئێمە داتاکانی پارێزگاکانی ئێرانمان لە ماوەی سالانی ۲۰۱۵ تا ۲۰۱۹ شی کردەوە تا لە گۆشەنیگای کەمینەکانەوە ئەو کۆڵکانەی کاریگەریان لەسەر ئاستی خۆشبژێویی پارێزگاکان هەیە، تاوتوێ بکەین. دۆزینەوەکان دەریدەخەن کە بۆ توێژینەوەی یەکنەگرتنەوەکانی خۆشبژێوی، بە زەقکردنی جیاوازییەکانی پارێزگاکان، کاریگەرییە جێگیرەکان لە کاریگەرییە هەرەمەکییەکان گونجاوترن. ئەو کۆڵکە سەرەکییانەی کەریگەریيان لەسەر ئاسوودەیی ئابووریی هەیە، ژێرخانی گواستنەوە و تەندروستین، کە خۆشبژێوی زیادتر دەکەن، بەڵام بە شێوازێکی دژوازانە هەڵاوسانی ئابووریی و زۆریی خوێندنی باڵا کەمی دەکاتەوە.
گرووپە کەمینەکان، بەتایبەت ژمارەی بەلووچ، کورد و سوننە بە نزمی ئاستی خۆشبژێوی گرێ دراوە، کە گەر ژێرخانەکان پێشکەوتوو نەبن یان دەرفەتی ئابووریی کەم بێت، ئاستەکە نزمتر دەبێتەوە. ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات کە پێگەی کەمینە کاریگەری دەبێت لە خۆشبژێویی ناو پارێزگاکە و بە شێوازێکی نەرێنی کارتێکەری دەبێت لەسەر دەوروبەری و ئەمە پیشاندەری کێشە ڕێکخستەییەکانە و پێویستە بەشێوەیەکی گشتگیر دەست لە سیاسەتەکان وەربدرێت.
جوولەی بازاڕی خوێندن و کار لەو ناوچانە پەیوەندیی نێوان پێگەی کەمینە و خۆشبژێوی ئاڵۆزتر دەکات. هەرچەندە دەستکەوتەکانی خوێندن لەم پارێزگایانە زۆرتر بن، ڕێژەی بێکاری زۆرترە و نایەکگرتنەوەی نێوان بەکارهاتوویی بڕوانامەکان و خواستی بازاڕی کار بەرچاوترن. ئەم نارێکییە بە کەمبوونی ژێرخانەکان، بەتایبەت ژێرخانی گواستنەوە و تەندروستی، خراپتر دەبێت و کۆسپی گەورە بۆ باشتربوونی خۆشبژێوی دروست دەکات. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ئالەنگارییانە، سیاسەتەکان دەبێ ئامانجیان باشتربوونی چۆنیەتی و پێوەبەستراویی خوێندن و بەرزکردنەوەی ژێرخانەکان و ڕەخساندنی ئەو هەلی کارانە بێت کە لەگەڵ بەهرەی هێزی کاری خۆجێیی ڕێک بێت تاکو ئەم کەلێنانە پڕ بکەنەوە. جوولەی بازاڕی کار لەو پارێزگایانەی ژمارەی کەمینەکانیان زۆرترە، دابەشکردنێکی کەرتی نارێک تێیاندا دەبینرێت کە بەشێکی زۆری هێزی کاریان لە کشتوکاڵ و خزمەتگوزارییەکان دامەزراون. ئەم دابەشکردنە کەمیی پێشکەوتوویی پیشەسازی لەم ناوچانە پیشان دەدات کە دەرفەتی وەبەرهێنانی حکومی و ناحکومی

بوونی داهاتوو بوونی هەیە.
بانگەشەکردن بۆ گەشەی پیشەسازییانە لەم پارێزگایانە دەتوانێت ببێتە هۆی دەرفەتی دامەزراندنی جۆراوجۆر و دەرهاویشتەی ئابووریی باشتر، بەتایبەت بۆ کەمینەکان.
شیکارییەکی یەکنەگرتنەوەکانی ئاسوودەیی ئابووری لە پارێزگاکانی ئێران، بەتایبەت بە سەرنجدانی پێگەی کەمینەکان، تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانەمان دەداتێ سەبارەت بەوەی کە چۆن کۆڵکە ژێرخانییەکان و کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان لەگەڵ پێکهاتە ئایینی و ئێتنیکییەکان کار لێک دەکەن بۆ کارتێکەری لەسەر ئەنجامە ئابوورییەکان. لە بەستێنێکی بەرفراوانتردا، بە تاقیکردنەوەی یەکنەگرتنەوەکانی خۆشبژێویی ئابووریی کەمینەکانی سەرانسەری جیهان یەک شێواز بەدەستەوە دەدات. بۆ نموونە، لە هیندوستان تیرە و عەشیرەتە پەراوێزخراوەکان پێوەرەکانی خۆشبژێوییان نزمترە کە بە زەقی لە کەمیی دەستپێڕاگەیشتنیان بە پەروەردە و تەندروستی و هەروەها دامەزراو بوونیان لەو کارانەی نائەمنترن و حەقدەستییان کەمترە، پیشان دەدرێت (بڕوانە سێنگوپتا و گوچهایت، ٢٠٢١). بە هەمان شێوە ئەمریکاییە ڕەسەنەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەمێژە ڕووبەڕووی هەمان شێوە لە هەڵاواردن دەبنەوە کە کوردەکان و بەلووچەکان لە ئێران ئەزموونیان کردووە. چەند کێشەیەک وەک ژێرخانە گەشەنەکراوەکان و کەمیی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان بە بەردەوامی لەم بەستێنەدا هەیە.
توێژینەوەکەمان بەڵگەی تاقیکارانە دەهێنێتەوە کە پێگەی کەمینەکانی ئێران دیاریکەری سەرەکییە بۆ یەکنەگرتنەوەکانی خۆشبژێوی، کە بەلووچەکان، کوردەکان و سوننەکان بە پلەی یەکەم ڕووبەڕووی پەراوێزخراویی ئابووریی سیستەماتیک دەبنەوە. ئەم یەکنەگرتنەوانە تەنیا بەرهەمی لاوەکیی کەم پێشکەوتوویی یان خراپ بەڕێوەبەری نین؛ ئەو یەکنەگرتنەوانە لە بنیاتەوە بە بەری سیاسەتە دەوڵەتییەکان دووراون کە زاڵبوونی فارس-شیعەکان، وەک بنەمایەکی پێوەرانە بۆ بە ناو شوناسی نەتەوەیی، سروشتی و بەهێز دەکەنەوە. شیکارییەکی بۆشاییانەی نابەرابەریی ئابووریی دەریدەخات کە پێگەی کەمینەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەو پارێزگایانەی تێیدا نیشتەجێن و ناوچەکانی دەوروپشتیشی؛ ئەمە پیشان دەدات کە چۆن بیناسازیی سیاسیی دەوڵەت پلەبەندییەکی زمانەوانی و ئێتنۆ-ئایینی دەسەپێنێت. ئەمە دەمانگەیەنێتە خاڵێکی گرینگ: پەیوەندیی نێوان سەروەری و پەرەسەندوویی ئابووریی.
لە ئێران، دیمۆس -تەنیکی سیاسی کە شارۆمەندی تەواوی پێ دراوە- لە چەند هێڵێکی زمانەوانی و ئایینی ڕەقدا پێناسە کراوە. لە ئەنجامدا، دیمۆس یان خەڵکبوون بە کۆمەڵگاکانی سەروەر و ناسەروەر دابەش کراون (محەممەدپوور و سولەیمانی، ٢٠٢١). ئەوانەی ئاخر -لەوانەش کورد، بەلووچ، عەرەب- وەک شارۆمەندی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت کە دەستپێڕاگەیشتنیان بە بەرهەمی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی سنووردار یان بە چاودێرییەوەیە؛ هەروەها بۆشاییانەشە، کە لە ڕێگەی ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی دەسەڵات و دابەشکردنی سەرچاوە ئابوورییەکان ئەنجام دەدرێت. هەڵاواردنی گرووپە پێوەرەکان لە ڕووی ماددییەوە لەناو جوگرافیای 'نەتەوە' هەڵکەندراوە، دەسەڵات بە هێڵەکانی ئێتنیک-زمانەوانی نەخشە کراوە بۆ دڵنیابوونەوە لە داگیرکاریی بنەڕەتی.
بۆ ئەوەی باسەکەمان لە دەقی سیاسەتی ڕەگەز و نابەرابەری لە ئەمریکای باکوور و بەستێنە هاوشێوەکاندا جێ بکەینەوە،

بیردۆزی دوبوا سەبارەت بە هێڵی ڕەنگ ڕوانگەیەکی هەندێک جیاواز لەسەر تێگەیشتنی ئەم جووڵانە ئەدات. دوبوا وتوویەتی کە ڕەگەز تەنیا دەرخەرێکی شوناس نییە، بگرە میکانیزمێکی بنەڕەتییە کە دەستپێڕاگەیشتن بە دەسەڵات، جموجۆڵ و سەروەری مەرجدار دەکات. لە ئێران 'هێڵی ڕەنگ' بە ڕاشکاوی لەسەر مەرجە ڕەگەزییەکان ناکێشرێن، بەڵکو لە لایەن هێزە تێکەڵاوەکانی زمان و ئایین دەکێشرێن کە دەریدەخات سەر بە چ شوناسێکی نەتەوەیین. بەم پێیە فارسەکان تاکە هەڵگری شارۆمەندی بێخەوشن. هاوکات، شیعیزم، وەک ئایینی فەرمی، چوارچێوەیەکی لێکۆڵینەوەی زانستی مەعریفی دابین دەکات کە لەو چوارچێوەیەدا ڕەواییی سیاسی پێناسە ئەکرێت. ئەم هێژیمۆنییە ئایینی-زمانەوانییە زۆرتر وەک 'سپیپێست بوونی پێوەری' کار دەکات کە لە بیردۆزی ڕەگەزی ڕخنەگرانە (Critical Race Theory, CRT) پێناسە کراوە -پێوەرێکی نادیار کە لەخۆگرتن و هەڵاواردن دروست دەکات. هەر وەک چۆن سپیپێست بوون لە پلەبەندیی ڕەگەزیی ڕۆژاوادا نادیار دەمێنێت، بەڵام کاتێک ئەوانی دیکە بە ڕەگەزیکراو دەکات، دەبێت بە هەڕەشەیەکی لەڕادەبەدەر دیار، شوناسی فارسی-شیعەش وەک پێوەرێکی بێئالەنگارییە لە ئێران بەڵام شوناسی کورد، بەلووچ و عەرەب مەترسین لەسەر ئاسایش، جیاییخوازن یا خود سووژەیەکی پێش نەکەوتوون کە دەبێت ئاسمیلە بکرێن.

ئەم سەروەریی حوکمڕانیی بۆشاییانە واتە دەوڵەتی ئێرانی تەنیا یەک تاکە شێوەی حوکمڕانی هەیە. لە ڕێگای شەبەنگێک لە میکانیزمەکانی کۆنترۆڵکردنەوە کە پەیوەستە بە ناوچە و دانیشتووان کار دەکات. لەو شارانەی زۆرینەی فارسن، حکومەت لە دەوری کارگێڕیی بوروکراتیک، دامەزراوە یاساییەکان و وەبەرهێنانی ئابووریی بنیات نراوە. بەپێچەوانەوە لە ناوچەکانی کورد، بەلووچ و عەرەب حکومەت میلیتاریزە کراوە و زۆرجار لە ڕێگەی یاسا لەناکاوەکان، میکانیزمەکانی دەرەوەی یاسا و بەئەمنیکردن کار دەکات. ئەم جیاوازییانە ئاوێنەی بەشە ڕەگەزیکراوی سەروەرییە کە ئەو شوێنانەی فارسەکان زاڵن، دەوڵەت بۆیان هێزی ڕێک خەرە، بەڵام لە ناوچە نافارسەکان دەوڵەت بۆیان ئامرازی سەرکوت کردنە. ئەم دوو جۆر حوکمڕانییە چەمکی 'جووتە هۆشیاری'-ی دوبوایە کە سووژەی ڕەگەزیکراو لە جیهانێکدایە کە لە لایەن سیستەمێکی هەڵاواردەکار بنیات نراوە کە بە تەواوی ڕەتی دەکاتەوە ئەوان بناسێتەوە. لە ئێران، کۆمەڵگا نافارسەکان لەژێر 'جووت سەروەری' بەشێوەیەکی فەرمی بەشێکن لە دەوڵەت-نەتەوە، بەڵام وەک کۆلۆنیی ناوخۆیی حوکمڕانییان بەسەردا دەکرێت و یاسا، ماف و بەربەستی جیاوازیان هەیە. ڕیزبەندیی ئابووریی پلەبەندیکراوی ئێران تەنیا بە چاکسازیی سیاسەتەکان تویێکانی هەڵناوەشێتەوە؛ پێویستی بە شێوەپێدانێکی بنەڕەتییە بۆ شوناسی نەتەوەیی، بریکاری سیاسی و دابەشکاریی ئابووریی. سەروەری دەبێت لەگەڵ سەردەستی ئایینی شیعە و زمانەوانیی فارس جووت نەمێنێت و ڕێگە بە نموونەیەکی نا-ناوەندی پلورالیست بکاتەوە کە پێشاندەری ڕاستیە جیاوازەکانی مێژوویی، کولتووری و ئێتنیکی ئەو وڵاتە بێت. ئالەنگارییەکە تەنیا لەخۆگرتن نییە، بەڵکو گۆڕانکاریی بنەڕەتییە —پێناسەکردنەوەی ئەوەی کە واتای بەشێک بوون چییە، کێ مافی دروستکردنی داهاتووی سیاسی و ئابووریی هەیە و چۆن ئابووریی لە جیاتی

هەڵاوردەبوون دادپەروەرانە دەبێت.

## سپاس و پێزانین

سپاسی دوو کەسی نەناسراو دەکەین بۆ تێڕامانە بەنرخەکانیان و پێشنیارە بنیاتنەرەکانیان، کە دوو جار بەم نووسراوەیەدا چوونەوە. هەروەها زۆر سپاسی دەستەی سەرپەرشتیی سەرنووسەران دەکەین بەتایبەت پرۆفیسۆر فرانکلین ئوبەنگ-ئۆدوم، بۆ ڕێنمایی و پاڵپشتییەکانی لە ماوەی بژارکردنی وتارەکەدا. سپاسی تایبەت بۆ پرۆفیسۆر ئان ڕاوڵز لە زانکۆی بێنتلی بۆ پێشنیاری ژیرانەی لەسەر ڕەشنووسی کۆتاییی ئەم وتارە بۆ پێداچوونەوە.

### ڕوونکردنەوەی بەردەستبوونی داتا

ئەو داتایانەی بۆ پاڵپشتی دۆزینەوەکانی ئەم توێژینەوەیە هاتوون، لەلای هاونووسەری ئەم وتارە [ئە.م] بەپێی داواکاری بەردەستە.

**تێبینیی وەرگێر:** بە مەبەستی ڕوونتربوونی دەقی وەرگێڕانەکە لەم خشتەی خوارەوەدا، هاوواتای کوردیی بەشێک لە وشەکانم داناوە:

| وشەی ئینگلیسی | وەرگێڕانی کوردی |
|---|---|
| Determinant | سنووردەر |
| Index | ناسەرەوە |
| Indicator | نیشاندەر |
| Intersect | یەکتربڕین |
| Correlate | یەکبەستراوی |
| Paradox | دژوازی |
| Factor | کۆڵکە |
| Coefficient | هاوکۆڵکە |
| Function | نەخشە |
| Elasticity | جیری |
| Marginal | ڕادەیی |
| Shift | خزان |
| Aggregate | کۆمەڵبەست |
| Disparity | یەکنەگرتنەوە |
| Dependent | پابەند |
| Separable | پێکەوەنەبەستراو |
| Average | ناوەنج |
| Accelerated | تاودراو |
| Mean | تێکڕا |
| System | ڕێکخستە |
| Double | --جووت |

a بەشی کۆمەڵناسی، زانکۆی بێنتلی، بۆستۆنی مەزنتر، ماساچوسێت، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛
b بەشی ئابووری، زانکۆی کوردستان-هەولێر، حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان، عێراق؛
c بەشی جوگرافیا و ژینگە، زانکۆی زانستی ڕامیاری و ئابووریی لەندەن (LSE)، بەریتانیا

## سەرچاوەکان

Amundsen, A. (1964). Europe's future consumption (Vol. 2). North-Holland Publishing Company. Badiei, S., Bina, C. (1960–2002). Oil and the rentier state: Iran's capital formation–1997. Topics in Middle Eastern and North African economies, 4. Middle East Economic Association and Loyola University Chicago. http://www.luc.edu/orgs/meea/

Bet-Shlimon, A. (2019). City of Black Gold: Oil, ethnicity, and the making of modern Kirkuk. Stanford University Press.

Bina, C., & Yaghmaian, B. (1990). Post-war global accumu-

The future of social determinants of health: Looking upstream to structural drivers. The Milbank Quarterly, 101(S1), 36–60. https://doi.org/10.1111/ 1468-0009.12641
Burnard, T., & Riello, G. (2020). Slavery and the new history of capitalism. Journal of Global History, 15(2), 225–244. https://doi.org/10.1017/S1740022820000029
Byron, R. P. (1968). Methods for estimating demand equations using prior information: A series of experiments with Australian data. Australian Economic Papers, 7(11), 227–248. https://doi.org/10.1111/j.1467-8454.1968.tb00162.x
Davis, J. B. (2015). Stratification economics and identity economics. Cambridge Journal of Economics, 39(5), 1215–1229. http://www.jstor.org/stable/24695965] https://doi.org/10.1093/ cje/beu071
Dehghan Shabani, Z., Hadian, E., & Negahdari, J. (2019). Analyzing the relationship between regional inequality and economic development in Iran: A spatial panel data approach. Quarterly Journal of Economic Research, 54(4), 875–890.
Evans, D. J. (2005). The elasticity of marginal utility of consumption: Estimates for 20 OECD countries. Fiscal Studies, 26(2), lation and the transnationalization of Capital. Review of Radical Political Economics, 22(1), 78–97. https://doi.org/10.1177/048661349002200108
Blauner, R. (1969). Internal colonialism and Ghetto Revolt. Social Problems, 16(4), 393–408. https://doi.org/10.2307/799949
Blue, E. N., & Tweeten, L. (1997). The estimation of marginal utility of income for application to agricultural policy analysis. Agricultural Economics, 16(3), 155–169. tb00451.x
Burnazoglu, M., Kesting, S., Obeng-Odoom, F., & Schneebaum, A. (2022). Introduction: Advancing stratification economics—Methodological perspectives and policy applications. Review of Evolutionary Political Economy, 3(3), 457–461. https://doi.org/10.1007/s43253-022-00090-7
Burnazoğlu, M. (2023). Inequalities beyond the average man: The political economy of identity-based stratification mechanisms in markets and policy (Doctoral dissertation, Utrecht University). UU LEG Research, UUSE Multidisciplinary Economics, Applied Econometrics; https://dspace. library.uu.nl/bitstream/handle/1874/427253/burnazogluthesis2023%20-%206406640251b90. pdf?sequence=1
Brown, L., & Homan, K. (2023).

& Brown, T. H. (2022). Improving the measurement of structural racism to achieve antiracist health policy. Health Affairs (Project Hope), 41(2), 179–186. https://doi.org/10.1377/hlthaff.2021.01489
Hechter, M. (1975). Internal colonialism: The Celtic Fringe in British National Development. University of California Press.
Hoa, T. V. (1968). Interregional elasticities and aggregation bias: A study of consumer demand in Australia. Australian Economic Papers, 7(11), 206–226. https://doi.org/10.1111/j.1467-8454.1968.tb00161.x
Hochschild, J. L., & Weaver, V. (2007). Policies of racial classification and the politics of racial inequality. In J. Soss, J. Hacker, and S. Mettler (Eds.), Remaking America: Democracy and pub- lic policy in an age of inequality (pp. 159–182). Russell Sage Foundation.
Horáková, H. (2018). Challenges to political cosmopolitanism: The impact of racialised discours- es in Post-Apartheid South Africa. Modern Africa: Politics, History & Society, 6(2), 95–117. https://doi.org/10.26806/modafr.v6i2.248
Johansen, L., Alstadheim, H., & Langsether, A. (1968). Explorations in long-term projections 197–224. https://doi.org/10.1111/j.1475-5890.2005.00010.x
Evans, D., & Sezer, H. (2002). A time preference measure of the social discount rate for the UK. Applied Economics, 34(15), 1925–1934. https://doi.org/10.1080/00036840210128753
Fellner, W. (1967). Operational utility: The theoretical background and measurement. Ten Economic Studies in the Tradition of Irving Fisher, 284, 39–74.
Feagin, J. R. (2020). The White racial frame: Centuries of racial framing and counter-framing (3rd ed). Routledge.
Fisher, I. (1927). A statistical method for measuring' marginal utility' and testing the justice of a progressive income tax. In J. Hollander (Ed.), Economic essays were contributed in honor of John Bates Clark (pp. 157–193). New Macmillan.
Go, J. (2021). Three tensions in the theory of racial capitalism. Sociological Theory, 39(1), 38–47. https://doi.org/10.1177/0735275120979822
Gonzalez-Casanova, P. (1965). Internal colonialism and national development. Studies in Comparative International Development, 1(4), 27–37. https://doi.org/10.1007/BF02800542
Hardeman, R. R., Homan, P. A., Chantarat, T., Davis, B. A.,

org/10.1111/soc4.13173
Melamed, J. (2015). Racial capitalism. Critical Ethnic Studies, 1(1), 76–85. https://doi.org/10.5749/ jcritethn
Mohammadpour, A. (2024). Blood for bread: Necro-labor, nonsovereign bodies, and the state of exception in Rojhelat. American Anthropologist, 126(1), 120–134. https://doi.org/10.1111/aman.13941
Mohammadpour, A., & Soleimani, K. (2024). The racial policies of de-development in the Middle East: A comparative study of Palestine and Rojhelat (Eastern Kurdistan). Current Anthropology, 65(6), 965–989. https://doi.org/10.1086/733239
Motamedi, M., Zarouki, Sh., & Mohammadian, D. (2023). The asymmetric impact of income inequality and inflation on economic welfare in Iran. Quarterly Journal of Economic Research, 58(2), 281–313.
Mohammadpour, A., & Soleimani, K. (2021). 'Minoritisation' of the other: The Iranian ethno-theocratic state's assimilatory strategies. Postcolonial Studies, 24(1), 40–62. https://doi. org/
Odoms-Young, A., & Bruce, M. A. (2018). Examining the impact of structural racism on food insecurity: Implications for addressing racial/ethnic for the Norwegian economy. Economics of Planning, 8(1–2), 70–117. https://doi.org/10.1007/BF02481378
Jones, G. T. (1993). The social discount rate for land-use projects in India: Comment. Journal of Agricultural Economics, 44(1), 160–165. https://doi.org/10.1111/j.1477-9552.1993.tb00260.x Jones, R. S. (2022). Racial capitalism, the Year's work. Critical & Cultural Theory, 30(1), 270–290.
https://doi.org/10.1093/ywcct/mbac008
Kula, E. (1984). Derivation of social time preference rates for the United States and Canada. Quarterly Journal of Economics, 99(4), 873–882. https://doi.org/10.2307/1883131
Kula, E. (2004). Estimation of a social rate of interest for India. Journal of Agricultural Economics, 55(1), 91–99. https://doi.org/10.1111/j.1477-9552.2004.tb00081.x
Matin-Asgari, A. (2024). Iranian identity and national oppression: Crafting the Modern Iranian Nation-State. Iranian Studies, 57(2), 311–316. https://doi.org/10.1017/irn.2024.5
McKeever, M. (2023). Social stratification and inequality in South Africa. Sociology Compass, 18(2). https://doi.

Europe. Economic Journal, 53(210/211), 202–211. https://doi.org/10.2307/2226317
Roy, S. (2016). The Gaza strip: The political economy of de-development (Expanded Third Edition).
Institute for Palestine Studies.
Sengupta, S., & Guchhait, S. K. (2021). Inequality in Contemporary India: Does caste still matter? Journal of Developing Societies, 37(1), 57–82. https://doi.org/10.1177/0169796X21998387
Sezer, H. (2006). Regional welfare weights for Turkey. Journal of Economic Studies, 33(5), 357–368. https://doi.org/10.1108/01443580610706582
Sharma, R. A., McGregor, M. J., & Blyth, J. F. (1991). The social discount rate for land-use projects in India. Journal of Agricultural Economics, 42(1), 86–92. https://doi.org/10.1111/ j.1477-9552.1991.tb00335.x
Singer, H. W. (1950). The distribution of gains between borrowing and investing countries. American Economic Review, 40(2), 473–485.
Soleimani, K., & Mohammadpour, A. (2020). Life and labor on the internal colonial edge: Political economy of Kolberi in Rojhelat. British Journal of Sociology, 71(4), 741–760. https:// doi.org/10.1111/1468-4446.12745
disparities. Family & Community Health, 41(Suppl 2), S3–S6. https://doi.org/10.1097/FCH.0000000000000183
Obeng-Odoom, F., & Bet-Shlimon, A. (2024). City of Black Gold: Oil, Ethnicity, and the Making of Modern Kirkuk. Stanford: Stanford University Press, 2019. xviii + 275pp. $19.60 hbk. Urban History, 51(3), 667–668.
Oliver, M., & Shapiro, T. (2006). Black wealth/white wealth: A new perspective on racial inequality. Pager, D., Bonikowski, B., & Western, B. (2009). Discrimination in a low-wage labor market: A field experiment. American Sociological Review, 74(5), 777–799.
Pon, G., Gosine, K., & Phillips, D. (2011). Immediate response: Addressing anti-native and anti-Black Racism in child welfare. International Journal of Child, Youth & Family Studies, 2(3/4), 385–409. https://doi.org/10.18357/ijcyfs23/420117763
Rawls, A. W., & Duck, W. (2020). Tacit racism. University of Chicago Press.
Robinson, C. J. (2019). J. Robinson: On racial capitalism, black internationalism, and cultures of resistance. Pluto Press.
Rosenstein-Rodan, P. N. (1943). Problems of industrialisation of eastern and southeastern

U.S. Department of the Treasury. (2022, September 15). Racial differences in economic security: The racial wealth gap. Retrieved from source link, https://home.treasury.gov/news/featured- stories/racial-differences-economic-security-racial-wealth-gap
Valdez, Z. (2015). The abandoned promise of civil rights. Sociological Forum, 30(S1), 612–626. https://doi.org/10.1111/socf.12180
Weisbrod, B. A. (1972). Deriving an implicit set of governmental weights for income classes. Cost Penguin.
Williams, D. R., & Mohammed, S. A. (2009). Discrimination and racial disparities in health: Evidence and needed research. Journal of Behavioral Medicine, 32(1), 20–47. https://doi.org/10.1007/s10865-008-9185-0
World Bank (2019). Breaking the cycle of Roma exclusion in Europe. World Bank Group.
Xu, V. X., Cave, D., Leibold, J., Munro, K., & Ruser, N. (2020). Uyghurs for sale: 'Re-education', forced labour and surveillance beyond Xinjiang. Australian Strategic Policy Institute.
Yiftachel, O. (2006). Ethnocracy: Land and identity politics in Israel/Palestine. University of Pennsylvania Press.
Soroush, A. (2006). The human casualties of mine explosion. Research Center of Janbazan for Engineering and Medical Science.
Spaull, N. (2013). Poverty and privilege: Primary school inequality in South Africa. International Journal of Educational Development, 33(5), 436–447. volumeSeptember 2013, Pageshttps:// doi.org/10.1016/j.ijedudev.2012.09.009
Stępczak, E. (2025). Social entrepreneurship in Nepal. A study of representation through the lens of stratification economics. Forum for Social Economics, 54(2), 240–257. https://doi.org/10.1080/07360932.2023.2223771
Stewart, III, S., et al. (2021). The economic state of Black America: What is and what could be. McKinsey & Company. https://www.mckinsey.com/featured-insights/diversity-and-inclusion/ the-economic-state-of-black-america-what-is-and-what-could-be
Stone, R. (1954). The measurement of consumers' expenditure and behaviour in the United Kingdom 1920–1938. (Vol. I). Cambridge University.
Thorat, S., & Newman, K. S. (2010). Blocked by caste: Economic discrimination in modern India.
Oxford University Press.

# بەرەنگاربوونەوەی دابەشکاری لە زمانی کوردیدا ڕەنگدانەوە خۆ-ئێتنیکناسییەکان و توێژینەوەی ناوەندی ژین

مەتین یووکسەل*

و: دانا کۆنەپۆشی

## کورتە

ئەم وتارە گێڕانەوەیەکی خۆ-ئێتنیکناسانەیە کە شوێنپێی ئەو دابەشکارییانە لە زاراوەکانی زمانی کوردیدا هەڵدەگرێت کە لە سەردەمی دەوڵەت-نەتەوەدا قووڵتر دەبنەوە. لێرەدا دەخوازرێت، ئەو کەلێنە بەربڵاوەی، زمانی کوردیی بەسەر دوو زاراوە و ئەلفوبێدا دابەش کردووە، بەپرس بکرێت و بخرێتەبەرباس. لە ١٩٢٠ەکان بەدواوە کە کوردی وەک زمانێکی نادەوڵەتی دەرکەوت، چالاکانی کورد لە دیمەشق، بەیرووت و ئێرەوان کەوتنە بیری ژیاندنەوەی زمانی کوردیی کرمانجی و لە سلێمانی و بەغدادیش هەر ئەو هەوڵە بۆ کوردیی سۆرانی درا. ئەگەرچی لایەنی کرمانجیی چیرۆکەکە و چالاکەکانی تا ڕادەیەک خوێندنەوەیان لەسەر کراوە، بەڵام ئەوەی کە چۆن کوردی لە سلێمانی و بەغداد پەرەی سەند سەرنجی زانستیی زۆر کەمی وەرگرتووە. ئەم وتارە لە ڕێگای گێڕانەوەی خۆ-ئێتنیکناسانەی نووسەرەکەیەوە، کە دوای کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هەردوو زاراوەکە، لەکۆتاییدا خەریکە دەگاتە بەرهەم، هێندێک بیروبۆچوون لە پەیوەندی لەگەڵ چیرۆکی زمانی کوردی لە سەردەمی دەوڵەت-نەتەوەکاندا دەخاتە بەردەست.

وشە سەرەکییەکان

کرمانجی، سۆرانی، ناوەندی ژین، خۆ-ئێتنیکناسی، زانیاری(تێگەیشتن)

## پێشەکی

دابەشکارییەکی باو لە زمانی کوردیدا هەبووە. ئەمە لەسەر بنەمای دوو زاراوە، دوو ئەلفوبێ و ئەو چالاکانە بووە کە نوێنەرایەتیی فەرهەنگی و تێگەیشتنی هەرکام لە لایەنەکان دەکەن. ئەویش کرمانجی و سۆرانییە، کە بە کوردیی باکوور و کوردیی ناوەندیش بەناوبانگە. دەکرێت دەرکەوتنی ئەم دابەشکارییە بگەڕێتەوە بۆ قۆناغی کۆتاییەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی لە ١٩٥٠کاندا، کە تێیدا زمانی کوردی وەک زمانێکی بێدەوڵەت سەری هەڵدا و بەشێوەیەکی بەربڵاو کەوتە بەر سیاسەتەکانی "زمانکوژی"(linguicide).

ئەم قۆناغە بەو ڕاستییەیشدا دەناسرێتەوە کە نەسڵێک لە نووسەران و شاعیران کە لە کۆتاییەکانی حکوومەتی چەندزمانیی عوسمانییەکاندا لەدایک بووبوون، هێندێک جار بە هاوکاری لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسە ئورووپاییەکاندا، پێشەنگی بیچمگرتنەوەی زمانی کوردی بوون. لەناو ئەم کەسایەتییانەدا، ئەوانەی لە سلێمانی و بەغدادا جێگیر بووبوون، بەدەگمەن سەرنجی زانستیی شایانی خۆیان پێ دراوە.

ئەم وتارە دەخوازێت لە ڕێگای گێڕانەوەیەکی خۆئێتنیکناسانەوە یارمەتیدەری خوێندنەوەیەکی زانستییانەی بەسەرهاتی زمانی کوردی لە سەردەمی دەوڵەت-نەتەوەدا بێت. سەفەرەکەم بۆ سەرلەنوێ دۆزینەوەی زمانی کوردی لە شیکاگۆوە دەست پێ دەکات، لە پاریس و ڤیەن بەردەوام دەبێت و لە ناوەندی ژین بۆ بەبەڵگەکردن و لێکۆڵینەوە (بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین، کە بەکورتی وەک بنکەی ژین ناسراوە) لە سلێمانیدا خەریکە بگاتە بەرهەم، کە سەفەرێکی پڕئازار و پڕشڵەژان بوو و هاوکات بیرکردنەوەی بەربڵاو کردمەوە و گۆڕانی بەسەردا هێنا. بنکەی ژین لە ڕێگای پێناساندنی ئەو نووسەر و شاعیرانەی بە کوردیی ناوەندی دەیاننووسی، نەک هەر دەلاقەیەکی نوێی بۆ کردمەوە، بەڵکوو یارمەتیدەریشم بوو بۆ ئەوەی بتوانم پێداچوونەوە بە زانیارییەکانم لەسەر زمانی کوردیدا بکەم، کە بەزۆری بەرهەمی فرەچەشنییەکی

تایبەتی کوردیی باکوور بوون.

لە بیرکردنەوە لەم پێڤاژۆیەدا، ئەم خوێندنەوەیە بە گێڕانەوەیەکی خۆێتنیکناسانە دەست پێ دەکات. بەڵام بۆچی خۆێتنیکناسانە؟ ڕەنگە باشترین وەڵام ئەو دروشمە بەناوبانگە فێمینیستییە بێت کە دەڵێت ئەزموونی تاکەکان خۆی ئاکادیمیکە. بەرهەمهێنانی زانیاریی ئاکادێمیک لانیکەم تا ناوەڕاستی سەدەی بیستەم لەژێر دەسەڵاتی سپییەکان، ڕۆژهەڵاتناسەکان، ئورووپاناوەندەکان و ڕوانگە زاڵە پیاوانەکانەوە دیاری کراوە. بەدوای بزووتنەوە سەربەخۆییخوازەکان لە وڵاتە پێشتر کۆلۆنییەکاندا، ئەفریقی-ئەمریکییەکان، خەڵکانی خۆجێیی، ژنان و تاقمە کۆمەڵایەتییە کەمینەکان شەڕیان کرد بۆ ئەوەی دەنگ و ئەزموونەکانی خۆیان تێکەڵی بەرهەمهێنانی زانیاریی ئاکادێمیک بکەنەوە. ڕوانینێکی سەرەکی کە لە هەموو تێبینییە ڕەخنەگرانەکانیاندا هەیە، ئەوەیە کە توێژینەوە و زانیاریی زانستی بەپێچەوانەی بانگەشەی پۆزیتیڤیستیانەی ڕاستبوون، واقعبینی و جیهانگربوون، بەقووڵی هەوڵێکی تاکەکەسی و نواندنانەیە کە ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیگەلێکی تاکەکەسیی بکەرەکانیانن، وەک تۆرەمە(race)، ئێتنیک، ڕەگەز و چینی کۆمەڵایەتی. لەدرێژەدا، بۆ گێڕانەوەی سەفەرەکەم کە گەیاندمی بە بنکەی ژین، دەگەڕێمەوە سەر ئەو ڕەخنانەی W. E. B. Du Bois, Ngũgĩ wa Thiong'o, Paulo Freire و Dipesh Chakrabarty خستنیانە ڕوو.

ئەم وتارە لە سێ بەش پێک هاتووە. لە بەشی یەکەمدا، بە هەموویەوە باس لە ڕێگای تاکەکەسیم لەگەڵ زمانی کوردیدا لە ماڵی منداڵیمەوە تا شیکاگۆ و ڤیەن دەکەم. دواتر، سەرنج دەخەمە سەر ئەو کەسایەتییە ڕۆشنبیرە کوردانەی بەگشتی پشتگوێ خراون و لە ١٩٢٠ەکان بەدواوە بە زۆری لە بەغداد و سلێمانی نیشتەجێ بوون، وەک پیرەمێرد، تۆفیق وەهبی، شێخ محەمەدی خاڵ و عەلائەدینی سەجادی.

بەشی کۆتاییی نووسراوەکە، دەگەڕێتەوە سەر درێژەی چیرۆکەکەم لە بنکەی ژین، کە ناوەندێکی وەشاندن، ئارشیف، کتێبخانە و توێژینەوەیە کە خەریکی کۆکردنەوە، ئارشیڤکردن و بڵاوکردنەوەی سەرچاوە کوردییەکانە. ئەم بەشەی وتارەکە بەتایبەتی گرینگە، چون هیچ شتێک لەسەر بنکەی ژین بە زمانی ئینگلیسی نەنووسراوە. ئەم نووسراوەیە، بە وروژاندنی پرسیار لەسەر دابڕانی بەربڵاو لەنێوان دوو زاراوە و ئەلفوبێی کوردیدا و بەگوێرەی گێڕانەوەیەکی خۆێتنیکناسانە، بنمایەکی سەرەتایی بەدەستەوە دەدات بۆ کارێکی گەورەتر کە لەبەردەستدایە و سەردێرەکەی بریتییە لە: "ئاخافتن وەک بێدەوڵەتێک: مانەوە و ژیانەوەی زمانی کوردی".

## من و زمانی کوردی

"هاتن و یار بوون و بێئاگا لە داخ
ئەو کەسانەی قەت نەیانپرسی لە ناخ "

تا تەمەنی پێنج ساڵی تەنیا بە زمانی کوردی قسەم دەکرد؛ واتا تا ئەو کاتەی بنماڵەکەم ناچار بوون بگوازنەوە بۆ شارێکی بەزۆری تورک-زمان لە باشووری تورکیە. کرمانجی، کە دواتر وەهامان پێ دەوت، ئەو زمانە بوو کە لە ماڵەوە بەکارمان دەبرد. من وەک منداڵێک، ئاگادار بووم ئەمە ئاماژەیەکی مانادار بوو، کە ماڵەوەمانی لە دنیای تورکی-زمانی دەرەوەی ماڵەوەمان جیا دەکردەوە. پەروەردەی فەرمییش هاوتای سەرشەقام بە زمانی تورکی بوو. بۆیە، سەرەتا لە خوێندنگادا فێری خوێندنەوەی تورکیی نوێ بووم. چیرۆکی زمانی تورکیی نوێیش لەخۆیدا چیرۆکی دابڕانێکی قووڵە

لە ١٩٢٨ەوە، کە تێیدا ڕێنووسی لاتین جێگای ئەلفوبێی عەرەبی-فارسیی تورکیی عوسمانیی گرتەوە. جێگای تێڕامانە کە لێکۆڵەرێکی زمانی تورکی ئەم گۆڕانکارییە وەک "سەرکەوتنێکی کارەساتبار" وێنا دەکات. کەلێن لە گواستنەوەی مێژوویی لە زمانی تورکیدا کورت نەبووەتەوە لە گۆڕینی ئەلفوبێدا. زمانی تورکییەک کە بە ڕێنووسی یوونانی و ئەرمەنی دەنووسرا، وردەوردە لە سەردەمی دەوڵەت-نەتەوەکاندا سڕایەوە. سەپاندنی زمانی تورکیی نوێ لەڕێگای سیاسەتەکانی بەتورکیکردنی زمانەوە، بۆ وێنە لە هەڵمەتەکانی وەک "هاووڵاتی، تورکی ببێژە!"ەوە جێبەجێ کرا، کە بە نرخی قەدەغەکردن و بەتاوانناساندنی هەموو لێدوانێکی نووسراو و بێژراوی زمانەکانی جیا لە تورکی تەواو بوو. ئەمە زمانی کوردییشی گرتەوە. لە ڕوونکردنەوەی ئەمەدا، موحەمەدئەمین بوزئەرسەلان (لەدایکبووی ١٩٣٤) لە ساڵی ١٩٦٨ لە تورکیەدا یەکەمین کتێبی ئەلفوبێی کوردیی بڵاوکردەوە، کە بەهۆیەوە چوار مانگ خرایە بەندیخانەوە و ئەلفوبێکەیش قەدەغە مایەوە.

ئەزموونی تاکەکەسیی من لە کەلێنی نێوان ئاخافتنی کوردیی ماڵەوە و ئاخافتنی تورکیی خوێندنگا، بوو بەهۆی دروستبوونی هەستێکی " تێگەیشتنی دوانە" لە دڵ و بیرمدا. ئەگەر ئەمە بە قسەکانی پائۆلۆ فرێری هەڵبسەنگێنم، ئەوەی بەتازەیی لە خوێندنگادا فێر بووبووم بە تورکی دنیا بخوێنمەوە، ئەو خوێندنەوەیەی منی بۆ دنیا تێکدەدا کە لە ماڵەوە بە کوردی فێر بووبووم. ئەزموونێکی کورت بەڵام بنەڕەتیی من، هەرچەند کە شپرز و نابەردەوامیش بوو، ئەو یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەیەم لەگەڵ کوردیی نووسراودا بوو کە لەڕێگای فەرهەنگی عەرەبی-کوردیی ئەحمەدی خانی بە ناوی "نووبهارا پچووکان"ەوە بوو، کە بەکورتی، شاعیرانە و ڕیتمی و بە پیتی عەرەبی-فارسی نووسیبووی. ڕاهێنەرم باوکم بوو، کە ساڵانێک وەک مەلا لە گوندە جیاجیاکانی کوردستاندا خزمەتی کردبوو. هیچکات نووبهارا پچووکانم تەواو نەکرد، ڕەنگە بەشێکی لەبەر ئەوە بووبێت کە باوکی کۆچکردووم، زۆر دڵڕەحمتر لەوە بوو کە گوشار بخاتە سەر منداڵە بچووکەکەی بۆ ئەوەی زۆرتر بخوێنێتەوە و کتێبەکە تەواو بکات. سەرەڕای ئەوەی خوێندنەوەکەم ناتەواو مایەوە، ئێستا زۆرتر قەدری ئەوچرکەساتە دەزانم کە خوێندنەوە و نووسینی جێگرەوەم بەرچاو کەوت، چونکە بۆ یەکەمجار پێی نیشاندام کە کوردییش زمانێکی نووسراوە.

هۆگریم بۆ زمانی کوردی، لەو کاتەدا کە خوێندکاری بەشی زمان و شارستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک لە زانستگای شیکاگۆ بووم، وەرچەرخانێکی بەردەوامی زانستیی بۆ دروست کردم. بەشێکی بەهۆی نارازیبوونم بەوە بوو کە زمانی یەکەمم لەناو زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا کە لە پرۆگرامەکەدا فێردەکران نەبوو، بۆیە لە تێزەکەمدا ڕاکێشرام بەرەولای توێژینەوەی سەرچاوە کوردییەکان. لە قۆناغی توێژینەوەی تێزەکەمدا فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردی بووم.

ئەمە لە هەردوو بواری هەستوسۆز و ناسیاریشدا ئەزموونێکی ئاڵۆز بوو: بەسترانەوەم بە زمانی یەکەممەوە، کە بەریکەوت قسەم پێ دەکرت، لە ڕایەڵەی گواستنەوە لە ئاخافتنەوە بۆ نووسین ڕووی دا. لەبیرم دێت بەر لەوەی شیکاگۆ جێ بهێڵم، بۆ ئەوەی توێژینەوەیەک بگرمە ئەستۆ کە هاوپەیوەندییەکانی نێوان سووژە مرۆییەکانی لەخۆ دەگرت، دەبوو پێشتر کۆمیتەی پێداچوونەوەی دامەزراوەیی ڕێگام پێ بدات. چونکە پێشتر ئەزموونم لە نووسینی کوردیدا نەبوو، ئەوەی کە چۆن بەدروستی ئەو پرسیارانە بنووسم کە دامنابوون لە وەڵامدەرەکانمی بپرسم،

خۆی بۆ من ئاریشەیەک بوو. لە کۆی پێڤاژۆی توێژینەوەکەمدا، هەموو هەوڵی خۆمم دا کە بە نووسین بە زمانی کوردی رابێم، بۆ ئەوەی بەتەواوەتی ئەو زمانە کوردییە فێر ببم کە لەماڵەوە ناسیبووم. تەنیا بە کورتی و لە دوایین لاپەڕەی تێزەکەمدا ئاماژە بەم پێڤاژۆ هەستوسۆزی و ناسیارییە سەرخراوە(loaded) دەکەم کە وەهام باس کردووە: "زۆر جار یەک رستەی بەهەڵکەوت، تەنیا لەبەر ئەوەی هەستێکی ناتەواوەتیی لەپێناسەنەهاتووم پێ دەدات، چەندین و چەند جار دەنووسمەوە. هەستێکی تینوویەتیی لە دڵەوە بۆ خوێندنەوەی رۆمان، چیرۆک و شیعری کوردی لەمندا گەشەی کردووە".

ئەم هەستە پێناسەنەکراوە کە لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە لەم دواییانەدا فێری خوێندنەوە و نووسین بە زمانی یەکەمم بووبووم، لەگەڵ گوشار بۆ دابینکردنی چاوەڕوانییە سەرەکییەکانی بەرەوپێشبردنی توێژینەوەکەم لەسەر بنەمای سەرچاوە سەرەتاییەکاندا تێکەڵ بووبوو. گرفتەکە بە تایبەتی لەوەدا بوو کە چۆن بتوانرێت بڵاڤۆکە کوردییەکانی دەیەی ١٩٢٠ بەدواوەی یەکیەتیی سۆڤیەتیی پێشوو دەست بخرێت. لەپێناو گەڕان بەدوای ئەم سەرچاوانەدا ساڵێکی زانستیم لە پاریس تێپەڕاند. بۆ یەکەم جار، لە ئەنستیتۆی کورد لە پاریس چاوم بە هێندێک بابەتی ڕیبا تازە (riya taze) کەوت. جێگیربوون لە پاریس هەروەها ڕێگای خۆش کرد بۆ ئەوەی سەردانی کتێبخانەیەکی توێژینەوە لە شارۆچکەی ئیشگرابێن لە ڤیەنا بکەم، کە ناوی کتێبخانەی توێژینەوەی جاسیمە جەلیل بوو. کتێبخانەی جاسیمە جەلیل کە لەلایەن ئۆردیخان جەلیل و جەلیل جەلیلەوە دامەزرابوو، بابەتە ناوازەکانی پارێزراوی بنەماڵەی جەلیل ڕادەگرێت.

وەک بەرپرێزێکی دوکتۆرا کە تامەزرۆی دەستراگەیشتن بە بەڵگە دەستە یەکەمەکان بووم، بەختەوەر بووم بەوەی دەمبینی کرمانجییەکەم وەک زمانی توێژینەوە بە کارم دەهات: خەریکی پشکنینی ڕوونووسە سەرەکییەکانی ڕیبا تازە و کتێبە وانەییەکانی خوێندنگای سەرەتایی لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتی لە دەیەی ١٩٣٠ دا بووم. لەکاتێکدا، لەگەڵ جەلیلێ جەلیل و جەمیلا جەلیل، وتووێژێکی مێژووی زارەکیم تەنیا بە زمانی کرمانجی بەڕێوە برد، کە زمانێکیش بوو کە من و جەلیلەکان سەرەرای ڕوونبێژیمان لە زمانەکانی تردا، هەڵمان بژارد. ئەوان بیرەوەرییەکانی بنەماڵە، پەروەردە، توێژینەوە و ڕادیۆ ئیرەڤانیان لەگەڵ من باس کرد. سەرنجڕاکێش بوو کاتێک گوێت دەدا بە جەمیلە جەلیل ئەوکاتەی باسی لەو نامانەی دەکرد کە گوێگرەکانی ڕادیۆ ئیرەڤان بۆ بەرنامەکەی دەیاناردن کە ناوی "posta sazbendi-yê" بوو. لە گرینگیی ڕادیۆ ئیرەڤان تێگەیشتبووم، بەڵام ئێستا خەریک بووم گوێم دەدا بە چیرۆکێک لە بەرنامەی دووردیمەنی بەڕێوەبەردا (the director's perspective). کۆی پێڤاژۆی توێژینەوەی تێزەکەم هەر لە فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی کوردییەوە تا چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆم لەگەڵ کەسایەتییە فەرهەنگییە بەرچاوەکانی سۆڤیەتی-کوردی بەگشتی بۆ من ئەزموونێکی پڕ لە گۆڕانکاری بوون.

لە ٣ی دیسامبری٢٠١٠ دا بەرگریم لە تێزەکەم کرد و لە ١٨ی مارسی ٢٠١١ دا بڕوانامەکەم وەرگرت. دۆکتۆرا بە فەرمی تەواو بووبوو، بەڵام هێشتا هەستێکی ناتەواوبوون کەوتبووە دڵمەوە، چونکە: سەرچاوەکان بە زاراوەی سۆرانی لە تاریکیدا مابوونەوە. بە سەرنجدان بەوەی کاتی کەمم بەدەستەوە بوو بۆ

تەواوکردنی خوێندنەکەم و منیش بەتازەیی دەستم کردبوو بە گەڕان بەناو "هاوار"ی جەلادەت بەدرخان، دیوانی جگەرخوێن، کارەکانی خەلیفە یووسف و نواندنە زارەکییەکانی دەنگبێژ ڕەسۆ، بۆیە دەستم بە سەرچاوە توێژینەوەییەکانی کوردیی ناوەندی ڕانەدەگەیشت. هێشتا جێگا و مانای زاراوە جیاوازەکان لە دروستکردنی زمانی کوردیدا، بەوجۆرەی کە لە بابەتە سۆرانییەکاندا بەرچاوە، لە بیری مندا وەک پرسیارێکی وەڵامنەدراوە ماوەتەوە. بۆ ڕوونکردنەوە، بەڕاستی ویستم لە ڕادیۆ بەغداد بکۆڵمەوە و بزانم چ چەشنە وێنەیەک لە پەیوەندی لەگەڵ زمان، فەرهەنگ و شوناسی کوردیدا سەری هەڵداوە. هەموو بابەتەکانی هاوار، ڕۆناهی و بابەتەکانی نێوان ساڵەکانی ۱۹۳۰ تا ۱۹۳۴ ی ڕییا تازەم خوێندبوووەوە، بەڵام هیچ بیرۆکەیەکم لەسەر ناوەڕۆکەکانی گەلاوێژ؛ کە گۆڤارێکی وێژەیی فەرهەنگی بوو و لەنێوان ساڵەکانی ۱۹۳۹ تا ۱۹۴۹ لە بەغدادا بڵاو دەبوویەوە، نەبوو.
بەشی زمانی کوردی لە زانستگای بەغداد، کە دوای کوودەتای قاسم لە ۱۹۵۸ دا کرایەوە، لە جۆری خۆیدا یەکەم بوو، بەڵام من تەنانەت ئاگاداری دامەزرێنەر و کورسییەکەی نەبووم، چ بگات بە بەرنامەکانی. جگەرخوێن، لە بیرەوەرییەکانیدا باس لە فێرکردنی کرمانجی لە زانستگای بەغدادا دەکات. هەروەها هێندێک زانیاری لەسەر بەریەککەوتنی بەشداربووە کرمانجی و سۆرانی ئاخێوەکان لە کۆنگرەی مامۆستایان لە شەقڵاوا لە ساڵەکانی ۱۹۵۹ و ۱۹۶۰دا دەخاتە بەردەست، کە لەسەر پرسی ئەوە بوو کە کام زاراوە ببێت بە کوردیی پێوەر. دواتر کتێبی ناسیۆنالیزم و زمان لە کوردستاندا، ۱۹۱۸ تا ۱۹۸۵ لە نووسینی ئەمیر حەسەنپوور، سەرچاوەیەکی گشتگیرە کە دیمەنێکی گشتیی وەشاندنی کوردی دەخاتە بەردەست. ئینسیکلۆپیدیای پێشەکیی ئیسلام "کوردەکان و کوردستان" و پێشەکییەکانی کەیس هیچینس لە ئینسیکلۆپیدیای ئێرانیکادا مێژووی زمان، وێژە و ڕاگەیاندنی کوردییان ڕوون کردووەتەوە. لەکاتێکدا هەموو ئەم سەرچاوانە بەکەڵک بوون، دیسان پێویست بوو دەستم بە سەرچاوەی دەستی یەکەمی بەڵگەکان بە سۆرانی ڕابگات.
هاوکات لەگەڵ گەڕان بە زمانی کوردی لە ڕێگای دوو زاراوە و ئەلفوبێوە، پرسی سەرەکی، بەگشتییەکەی ئەوە بوو کە چۆن چیرۆکی زمانی کوردی بەچەمک و بەستێن بکرێت، بەتایبەتیش ئەوە بوو کە پەیوەندیی من لەگەڵ زمانەکەدا چۆنە. پاڵنەری سەرەکیی من بۆ خوێندنەوەی زمانی کوردی ئەوە بوو کە زۆر نارەحەت بووم بەوەی ناوی کورد و زمانی کوردییان بە ئاوەڵناوی «ناشارستانی»، «پاشقەرۆ» و «سەرەتایی» دەزراند و بانگەشەیان دەکرد کە کوردی نەریتێکی وێژەییی نییە. تێزەکەم بە گێڕانەوەیەک لە "پێستی ڕەش دەمامکی سپی" لە نووسینی فرانتز فانۆنەوە دەست پێ دەکات کە دەڵێت: "قسە کردن بە زمانێک وەرگرتنی دنیایەک و فەرهەنگێکە". گەڕانی من بە ڕوانگە ڕەخنەگرانەکانی ئێنگۆگی واتیانگ لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی زمان لە وێژەی ئافریقاییدا، ئەو تێگەیشتنەی کە لە فانۆنەوە بۆم دروست بووبووی بەربڵاوتر کرد. لەلایەکی ترەوە، ڕامانە ڕەخنەگرانەکانی دیپێش چاکرابارتی کە لە خوارەوەدا ئاماژەی پێ کراوە، لەپێناو نەکەوتنەداوی "گەوهەرخوازی" (essentialism)، ڕۆژهەڵاتخوازی و تاکزمانخوازی" یەوە ڕوونکەرەوەن. بەهۆی ئەو ڕووداو و کەلێنانەی لە خوێندنی مندا دروست بوون، تەنیا لە زمانی بەنگالی -و جۆرێکی زۆر تایبەتی بەنگالیدایە- کە من هەستێکی بەردەوامی قووڵایی و فرەچەشنییەکی مێژوویی کە لە هەر زمانێکدا هەن بەکار دەبەم.

بەداخەوە، لەگەڵ هیچ زمانێکی تری دنیادا (بە ئینگلیسیشەوە) من ناتوانم ئەو کارە بکەم. من بۆ خۆپاراستن لە ترسناکترین تۆمەتە ئاکادیمییەکان واتا گەوهەرخوازی، ڕۆژهەڵاتخوازی و تاکزمانخوازی پشتم بە نزیکایەتیم لەگەڵ زمانی بەنگالیدا بەستووە. چونکا یەکێک لە گاڵتەکان لە ئێرەدا ئەوەیە کە لە هەوڵ بۆ زانینی قووڵی هەموو جۆرە زمانێکدا، یەکپارچەییی ئەو زمانە لەو پێڤاژۆیەدا هەڵدەوەشێتەوە. دەردەکەوێت کە زمانێک چەندە بە بەردەوامی فرەچەشنە و چۆنە کە هیچکات ناتوانێت خودی دەوڵەمەندی خۆی بێت، مەگەر وەک بیچمگرتنێکی تێکەڵە لە کۆمەڵێک زمانی تر (وەک ئەوەی لە وێنەی بەنگالیی نوێ و ئینگلیسیدا هەیە).

هەروەک لە یادداشتەکانمدا ئاماژەم پێ داوە، ئەو بادانەوە ناسیاری و هەستوسۆزییەی پێیدا تێپەڕیم، ڕێک لە ١ ی ئاڤریلی ٢٠٢٢دا گۆڕدرا بۆ خۆئێتنیکناسییەکی چارەنووساز. بەتایبەتی ڕوانگەکانی پاوڵۆ فرێری لەسەر زمان و ویژەم بە یارمەتیدەر دەبینی بۆ خۆئێتنیکناسییەکەم. بۆ وێنە، هەستی بەردەوامم لەوەدا کە وامەزانی بەگوێرەی پێویست زانیاریم لەسەر زمانی کوردی نییە و ئەوەیش کە پاڵی پێوە نام بۆ خوێندنەوە، وا دیارە کە پەیوەندیی بووە بە وتەکانی ئەوەوە لەسەر بابەتی تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە ناتەواوبوونیان. بەتایبەتتر، وادیارە تێبینییەکانی خوارەوە جیاوازییەکانی ئەزموونی من لە خوێندنەوەی دنیا و خوێندنەوەی وتەکاندا ڕوون دەکاتەوە:

"ئاکاری خوێندنەوە تەنیا خوێندنەوەی وشەکان نییە، چونکا هەر هەوڵێکی خوێندنەوەی وشەکان ئاماژەیە بۆ خوێندنەوەیەکی پێشتری دنیا و دواتر دیسان خوێندنەوەیەکی تری دنیا کە بەدوای یەکەمەکەدا دێت. بزووتنەوەیەک هەیە کە بەردەوام لە نێوان خوێندنەوەی ڕاستییەکان و خوێندنەوەی وشەکاندا بەرودوا دەکات؛ هەروەها وشەی بێژراویش خوێندنەوەی ئێمەیە بۆ دنیا. دەتوانین زۆرتر بڕۆینە پێش و تەنانەت بڵێین کە خوێندنەوەی وشەکان تەنیا ئاکامی خوێندنەوەی دنیا نییە، بەڵکوو ئاکامی بیچمێک(form) لە نووسینەوە یان دیسانە نووسینەوەی دنیایشە".

ڕێگایەکی پێویست بۆ سەرلەنوێ دۆزینەوەی زمانی کوردی لەلای من دیوانی شیعر بووە. هەروەک ژمارەی ڕوولەزۆربووی خوێندنەوەکان دەری دەخات، دیوانی شیعری کوردی لە هەردوو بیچمی زارەکی و نووسیندا ئاکارێکی چەسپاوی وێژەیی و فەرهەنگییە.

دیوانی شیعری کوردی هەروەها شوێنێکە کە مرۆڤ دەتوانێت شوێنپێی "فرەیی" و "بیچمگرتنە تێکەڵە" جێگرتووەکانی ناو زمانی تێدا هەڵبگرێت. سێ بەسەرهات دەبێت بەس بێت بۆ سەلماندنی ئەم خاڵە. بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا، لە ماڵەوە و لەڕێگای خوێندنەوەی دیوانەکەی مەلای جزیری لەلایەن باوکمەوە دیوانی شیعری کلاسیکی کوردیم ناسی. بۆ ئێمە شتێکی سروشتی بوو کە لەو کاتانەدا کە کۆدەبووینەوە باوکم دیوانی مەلای جزیریی بە ئاوازەوە دەخوێندەوە و هەستوسۆزێک هەڵی دەگرت. بە ڕوونی بیرم دێت کە ئەوەی خوارەوە یەکەم بەیتێک بوو کە داوام لێ کرد ڕوونی بکاتەوە:

"موویەک ئەز ژ تە نادم ب دووسەد زین و شرینان
چ دبیت گەر تو حسێب کی من ب فەرهاد و مەمێ"

ئەم چرکەیە دەستپێکی من بوو بۆ شیعری مەلای جزیری. گرینگ

بوو کە ئەم بەیتە مەموزینی کوردیی لە تەنیشت فەرهاد و شیرینی فارسی دادەنێت. دووهەم، لەپێناو توێژینەوەی تێزەکەمدا، بەکورتی کارەکانی خەلیفە یووسفم لەگەڵ مەلا عەبدوڵڵای نەوەیدا خوێندبووەوە. کە تێگەیشتت حەز لە غەزەلەکانی مەلا دەکەم، ڕێنوێنیی کردم ئەگەر دەمەوێت لە مەلا تێبگەم، دەبێت ئیبن فەرید و حافز بخوێنمەوە. سێهەم، لە پۆل وخوێندنەوەکان لەسەر حافز، ڕوومی و شیعرە کلاسیکە فارسییەکان بەشداریم کرد، کە بەزۆری مامۆستا فارسەکانی وەک ئیرەج شەهبازی و ئەسەدوڵڵا واحد لە تاران و ئانکارا لە ٢٠١٠ کاندا پێشنیاریان کردبوو. هەروەها ماوەیەک بوو لەسەر کاناڵی تێلگرام سەرنجی وتارەکانی د. شەهبازیم دەدا کە لەسەر ڕوومی دەدوا. هەرچی زۆرتر لەگەڵ شیعری فارسیدا تێکەڵ دەبوم، باشتر قووڵاییی جیهانی هاوبەشی شیعریی نێوان کوردی و فارسی دەناسم. حەزی زۆرم بۆ شیعری نالی، کە بۆ یەکەمجار لە سلێمانیدا پەرەم پێ دا، لووتکەی پێڤاژۆیەک بوو کە بە ڕووکردنە شیعری مەلای جزیری دەستی پێ کردبوو.

## زمانی کوردی و بکەرە نا-دەوڵەتییەکانی

"زمانەکەت ڕزگار بکە و بە زمانی خۆت بخوێنەرەوە، ئەوسا ئیتر خەمی هیچت نەبێت" تایبەتمەندییەکی جیاکەرەوە کە سەربزێویی زمانی کوردی لە سەردەمی دەوڵەت-نەتەوەکاندا دەردەخات، ئەوە ڕاستییە بووە کە لە بەکاربردنیدا لەلایەن دەوڵەتەکانەوە پاڵپشتی نەکراوە (جیا لەوەی لە ٢٠٠٥ ەوە لە حکوومەتی هەرێمدا دروست بوو). بەدوای شەڕی جیهانیی یەکەمدا، زمانی کوردی لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتی، سەردەمی دەسەڵاتداریی فەرانسە لە سووریە و لوبنان و دەسەڵاتداریی بریتانیا لە عێراقدا خوێندرایەوە و توێژینەوەی لەسەر کرا. هێندێک توێژینەوە لەسەر دوو ناوەندی پێشوو و کەسایەتییەکانی ئەوێ هەبووە. بۆ ڕوونکردنەوە، دەکرێت کارەکان لەسەر جەلادەت بەدرخان (١٨٩٣-١٩٥١)، کامەران بەدرخان( ١٨٩٥-١٩٧٨)، ڕۆژنامەی کوردی- فەرانسەییی هاوار(١٩٣٢-١٩٣٥، ١٩٤١-١٩٤٣) و کورد و زمانی کوردی لە یەکیەتیی سۆڤیەتیی پێشوودا بدۆزرێتەوە. لەگەڵ ئەمەیشدا، پەرەسەندنی زمانی کوردی لە بەغداد و لایەنی باشووری کوردستاندا بەگشتی لە لێکۆڵینەوە زاڵەکاندا سەرنجی نەخراوەتە سەر. ئەو کەسایەتییە سیاسی و ڕۆشنبیرانەی لە سەردەمی دەسەڵاتداریی پاشایەتیدا ڕۆڵێکی چالاکیان لە سیاسەت و فەرهەنگی هەردووی عێراق و کوردستاندا هەبوو ئەمانە بوون: پیرەمێرد(١٨٦٧-١٩٥٠)، محەممەد ئەمین زەکی(١٨٨١-١٩٤٨)، تۆفیق وەهبی(١٨٩٤-١٩٨٤) و ڕەفیق حیلمی(١٨٩٨-١٩٦٠). ئەم کەسایەتییانە لە ئیستانبوول و بەشەکانی تر لە کۆتاییەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا خوێندیان، ژیان و کاریان کرد. ئەمانە کەسانی چەندزمانە بوون و دەستیان هەبوو لە وەشاندنی بەربڵاوی کارە وێژەیی و لێکۆڵینەوەییەکان بە چەندین زمانی تر لە تەنیشت زمانی کوردیدا.

لەناو ئەم کەسایەتییانەدا، پیرەمێرد بەدڵنیاییەوە لە ناوەندا جێی گرتووە. بەوجۆرەی کە ئەو تاقە ژیاننامەیەی بە زمانی ئینگلیسی و لەلایەن کەیت هیتچینزەوە نووسراوە باسی دەکات، ئەو لە ١٨٦٧ لە سلێمانی لەدایک بووە و خوێندنە سەرەتاییەکانی لە مزگەوتێکی ئەو ناوچەیە دەست پێ کردووە. دوای فێربوونی عەرەبی و فارسی لەنێوان ساڵەکانی ١٨٨٢ و ١٨٩٨دا پێگەی بەڕێوەبەریی جۆراوجۆری وەرگرت. لە ساڵی ١٨٩٨دا، ڕۆیشت بۆ

ئیستانبوول و لەوێدا یاسای خوێند و بوو بە پارێزەر. لەماوەی خولی دووهەمی قانوونی بنگەهیدا، پەیوەندیی کرد بە ئەنجومەنی کوردی بۆ یارمەتیی دوولایەنە و پێشکەوتن. ئەو ڕۆژنامەکانی resimli kitap , Kürd Teavün ve Terakki Gazetesi و musavvar muhit ی بڵاوکردەوە و هەروەها لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕۆژنامەکانی پاریس، ئیستانبوول و تاراندا هاوکاریی دەکرد. لە ساڵەکانی ١٩٠٩ و ١٩١٨ دا وەک پارێزگاری حەکاری و ئاماسیيا خزمەتی کرد. بەگوێرەی یەکێک لە ژیاننامەنووسەکانی، لە ساڵی ١٩٢٥دا گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی. هیتچینز دەنووسێت: "لە ساڵی ١٩٢٦دا،ماڵی وەشاندنی دامەزراند و لەگەڵ هاوکارێکیدا ڕۆژنامەی "ژیان"ی دامەزراند و لە ساڵی ١٩٣٧دا، بوو بە تاکە خاوەن و سەروتارنووسی ئەو ڕۆژنامەیەی کە ناوەکەی گۆڕیبوو بۆ ژین (Hawar, pp. ٣٢–٤٢)".
سەرەڕای ئەوەی سەرقاڵی بابەتە گرینگەکانی ڕۆژ بوو، بەردەوام شیعر، چیرۆکی کورت، وێنەی ساکار و وتاری ڕۆژنامەوانیی دەنووسی.

پیرەمێرد تا کاتی مردنی لە ١٩٥٠دا ڕۆژنامەی ژینی بڵاو کردەوە. ئەو پەندی پێشینیانی کۆ دەکردەوە و بە شیعر دەینووسین. سەجادی دەڵێت پیرەمێرد بەگشتی ٦٤٤٨ پەندی پێشینیانی کۆ کردبووەوە. ئەو بایەخی زۆری بە پەروەردەی کچان و لاوەکان دەدا. لە ساڵی ١٩٣٣دا، بوو بە بەڕێوەبەری خوێندنگەیەکی شەوانە بە ناوی زانستی، کە لە ساڵی ١٩٢٦ دا دامەزرابوو و لە ساڵی ١٩٣٨ دا داخرا. لە ڕوانگەی ئەم وتارەوە، کە پەرژاوەتە سەر پرسی کەلێنی قووڵی زاراوەکانی زمانی کوردی لە سەردەمی دەوڵەت–نەتەوەکاندا، ئەوەی پیرەمێرد زەق دەکاتەوە ئەوەیە کە هەوڵی دا بە بەهدینی بابەت بڵاو بکاتەوە، لەولایش شیعری هەورامیی وەرگێڕابووە سەر سۆرانی. پاکیزە ڕەفیق حیلمی لە بیرەوەرییەکانیدا، پیرەمێرد وەک پەیامبەرێک دەبینێت کە ڕۆحی نەتەوەییی کوردی زیندوو کردەوە. ئەو، پیرەمێرد بە هاوتەریبی موستەفا کەمال لە تورکیەدا دادەنێت. بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە وێنەی پیرەمێرد، لۆگۆ و ناوی ڕۆژنامەکەیشی، بۆ ناوەندی ژین بەکاربراون.

کەسێکی دیاری تری کۆتاییەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانی، تۆفیق وەهبییە، کە ژیانی تەرخان کرد بۆ خوێندنەوە لەسەر زمانی کوردی. ئەو زۆرتر بە بۆنەی یەکەمین فەرهەنگی کوردی–ئینگلیسییەوە بەناوبانگە کە بەهاوکاریی سی. جەی. ئێدمۆندز نووسیی. وەهبی، هاوچەشنی پیرەمێرد، ئەلفوبێی لاتینی بە گونجاوتر دەزانی بۆ زمانی کوردی. لەڕاستیدا ئێمە لە ڕۆژنامەی "هەوار"ەوە زانیومانە کە جەلادەت بەدرخان و وەهبی دەستیان کرد بە هاوکاری بۆ دانانی ئەلفوبێی لاتین بۆ زمانی کوردی بەڵام پەیوەندییان پچڕا. هەروەها، وەهبی لەساڵەکانی ١٩٤٢ و ١٩٤٣ لە ڕۆژنامەی گەلاوێژ و لەژێر سەردێڕی "فەرهەنگی گەلاوێژ"دا وشەنامەیەکی بە ئەلفوبێی لاتین بڵاو کردەوە. ئەو لە هەندێک لەم بەشانەدا، خوێنەران هان دەدات کە لەبری هاوتا عەرەبییەکان وشەی کوردی بەکار بهێنن. وەهبی لە ساڵی ١٩٧٦دا لە لەندەن و لە وتووێژ لەگەڵ ئەمیر حەسەنپووردا دەڵێت کاری لەسەر فەرهەنگێک کردووە بۆ ئەوەی خوێنەرەکان لە نووسینەکانی تێبگەن. لە هەمان وتووێژدا، ئاماژە بە ئەوەیش دەکات کە هێندێک کەس گلەییان کردووە کە لە زمانەکەی تێناگەن. لەگەڵ بروەپێدانی کوردیی رووتیدا، پاڵپشتیی کرد لە بەکاربردنی ئاوەڵناوی بکەری

"ئەز" لە ڕاوێژە جیاجیاکانی سلێمانیدا و خۆیشی لە نووسینەکانی خۆیدا بەکاری برد. وەهبی هەروەها کۆمەڵێک وشەی بەهدینیی بە سۆرانییەکان ناساند.

بەدوای پیرەمێرد و وەهبیدا، دوو کەسایەتی لە ژیانی فەرهەنگیی کوردستانی باشووردا هاتنە پێشەوە کە لە خوێندەوارەکانی قوتابخانە بوون: شێخ محەممەدی خاڵ(١٩٠٤-١٩٨٩) و عەلائەدین سەجادی (١٩٠٧-١٩٨٤). خاڵ بە تێبینییە کوردییەکانی لەسەر قورئان یارمەتیی گەلاوێژی دەدا. ئەو هەروەها بەبۆنەی فەرهەنگە کوردییەکەی، کۆکراوەی پەندی پێشینیانەکەی (ئەم دوانە بڵاو بووبوونەوە) و کۆکراوەی کتێبە دەستنووسەکانی بەناوبانگە. خالید محەممەد خاڵ، کوری شێخ محەمەدی خاڵ لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بەناوی "باخی کتێب"دا کە سامان سەلام لە کاناڵی کوردساتدا دروستی کردبوو، چیرۆکی کتێبخانەکەی باوکی دەگێڕێتەوە. ئەو ئاماژە دەکات کە حیزبی بەعس لە بەرانبەر کۆکراوەی کتێبە دەستنووسەکانیدا چەکێکی سپیی داوە بەباوکی کە بە خواستی خۆی بڕی پارەکەی تێدا بنووسێت، بەڵام خاڵ وەری نەگرت.

سەجادی لەنێوان کۆتاییەکانی ١٩٤١ و ١٩٤٩دا سەرنووسەری گەلاوێژ بوو. ئەو کتێبەی لە ١٩٥٢دا لەسەر مێژووی وێژەی کوردی نووسیویەتی هێشتا سەرچاوەی سەرەکی لەو بوارەدایە. ئەو لە بەشی کوردیی زانستگای بەغدادا وانەی دەوتەوە. بەگوێرەی سەرچاوەیەک کە لەساڵی ١٩٧٧دا لەلایەن ئاکادێمیی عێراقی- کوردییەوە بڵاو بوویەوە، سەجادی نووسەرێکی کوردی بوو کە تا کاتی خۆی زۆرترین شتی بڵاو کردبووەوە. سەجادی لەوەدا جیاوازە کە لە پێداچوونەوە بە شوناسی کوردی لە ڕێگای بەکاربردنی بەردەوامی چەمکی "کوردەواری"یەوە، هەوڵی دا ئەو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانە دیاری بکات کە پێی وابوو تەنیا تایبەت بە کوردن.

هەروەک باس کرا، دەبێت ئاماژە بکەین کە ئەوە تەنیا بکەرە تاکەکەسییە کوردەکان نەبوون کە زمانی کوردییان ژیاندەوە. بەڵکوو ئەم ڕەوتە لە "ماوریزییۆ گارزۆنی"یەوە دەستی پێ کرد و میسیۆنێرە ڕۆژئاواییەکان، ئەفسەرەکان و هەروەها گەڕیدەکانیش سەرنجیان ڕاکێشرا بۆ خوێندنەوە لەسەر زمانی کوردی و کۆکردنەوەی سەرچاوە کوردییە زارەکی و نووسراوەکان. هەرجۆرە نرخاندنێکی ژیانەوە و گواستنەوەی مێژوویی زمانی کوردی بەبێ ئاماژەدان بە هەنگاوەکانی ئەمانە بە ناتەواوی دەمێنێتەوە. لە سەردەمی دەسەڵاتداریی بریتانیا لە عێراق و دوای ئەوەیش، دوو کاربەدەستی کۆلۆنیاڵیی بریتانیا کە ڕۆڵێکی گرینگیان لە خوێندنەوەی زمانی کوردیدا هەبوو بریتی بوون لە ئی. بی. سەون (١٨٨١-١٩٢٣) و سی. جەی. ئێدمۆندز(١٨٨٩-١٩٧٩). سەون ئەو کەسە بوو کە یەکەمین ڕۆژنامە کوردییەکانی لە بەغداد و سلێمانی بڵاو کردەوە. یەکەمەکەیان کە بەتەواوەتی بە سۆرانی بوو، ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی بوو کە لە ساڵەکانی١٩١٨-١٩١٩ لە بەغداد بڵاو بوویەوە. لەسەریەک ٦٥ بابەتی تێدا بڵاو بوونەوە. ئەمە لە بنەڕەتەوە ئۆرگانێکی بانگەشەی هاوپەیمانان بوو کە هەواڵی بەرەکانی بڵاو دەکردەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، سێ بەشی لەسەر زمان، وێژە و مێژووی کورد هەبوو. ڕۆژنامەی پێشکەوتن لەنێوان ساڵەکانی ١٩٢٠-١٩٢٢دا بە ١١٨ بابەتەوە کە لەلایەن ڕاگەیاندنی چاپی حکوومەتەوە لە سلێمانیدا بڵاو بوویەوە، دەرکەوت. ڕۆژنامەکە لەڕێگای هاندانی خوێنەرەکانیەوە بۆ نووسین بە زمانی

پاراوی کوردی، بەرەوی بە نووسین بە زمانی کوردی دا، تا ئاستێک کە ئەوانەی بابەتەکانیان بۆ بلاوکرانەوە هەڵدەبژێردران بە پووڵی کاش خەڵات دەکران.

## خەزێنەیەکی زمانی کوردی: ناوەندی ژین بۆ بەڵگاندن و لێکۆڵینەوە

"لەسەر ئەم نیشتمانە، دوو چاوم هەبووە: زانستی یەکیان بووە و ژین ئەوی تریان" لە ئاکامی تێبینییە تاکەکەسی و زانستییەکانمدا کە پێشتر گەلاڵە بووبوون، لە کۆتاییدا گەیشتم بە ناوەندی ژین بۆ بەڵگاندن و لێکۆڵینەوە لە سلێمانی. مەبەستم بوو لە خوێندنەوەی سەرچاوە سۆرانییەکان و بەکارهێنانی زمان لە بەستێنە کۆمەڵایەتییەکەیدا خۆم نقوم بکەم. لەکاتێکدا دایک و باوکم فێری ئاخافتنی کرمانجییان کردبووم، بەڵام خوێندن و نووسینی کرمانجی بەهۆی تێزی دۆکتۆراکەمەوە فێر بووم. و ئێستا ئیتر دەمهەویست لە هەرێمی کرمانجییەکەم بە نووسینی لاتینی بێمە دەرەوە و خۆم لەگەڵ کوردییەکەی خۆمدا بگونجێنمەوە. ڕێک لە یەکەم ڕۆژەکانم لە سلێمانیدا، دەمتوانی ببینم کە ئەمە دەتوانێت دووهەمین خاڵی وەرچەرخان لە ئاراستەی تاکەکەسی، زانستی و ڕۆشنبیریی مندا بۆ گرێدانەوەم بە زمانی کوردییەوە بێت.

لەپێش ئەوەی بپەڕێمە سەر بنکەی ژین، دەمەوێت یەکێک لە ئەزموونە سەرەتاییەکانم لەوێ باس بکەم. ماوەیەکی کورت بوو گەیشتبوومە ئەوێ و بەدوای ئامۆژگارییەکانی ڕەفیق ساڵحدا، دەستم کرد بە خوێندنەوەی کارەکانی عەلائەدین سەجادی. نەمدەزانی ڕەنگە بەسەر وڵامێکی دامرکێنەری ئەو تامەزرۆییەم لەپەیوەندی لەگەڵ پرسی تێگەیشتنی نێوان ئاخێوەرانی زاراوە جیاجیاکانی زمانی کوردی لە ڕابردوودا بکەوم. ئەم سەرچاوەیە سەفەرنامەکەی سەجادی بوو لەسەر سەفەرکەی بۆ کوردستانی باشوور لە ساڵی ١٩٥٥دا. یەکەمین سەفەرنامە بە زمانی کوردی، بە سەردێری گەشتێک لە کوردستاندا بلاو بوویەوە، ساڵی دوای ئەوە لە بەغدادا بلاو بوویەوە. سەجادی بە نووسین دەربارەی زاخۆ، ئاماژە بەوە دەکات کە "کوردێکی سۆران" و کەسێک لە زاخۆ بۆ تێگەیشتن لە یەکتر، پێویستە دەکات بە هێمنی پێکەوە قسە بکەن . خوێندنەوەی ئەم هێڵانە لە ٢٠٢١دا هەستی ژیانەوەی بە من دا کە وەهام هەست کرد ئەزموونێکی زمانیی ئاڵۆز، ڕاچڵەکێنەر، چێژبەخش و مێشککەرەوە کە من لە یەکەمین مانگەکانی هەڵسوکەوتی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سۆرانی-ئاخێوەکان لە سلێمانیدا هەمبوون، لە ڕابردوودا لەلایەن کەسانی تریشەوە دانی پێدا نراوە. بەواتایەکی تر، پشتراستکردنەوەکانی سەجادی نەک هەر وێنەیەکی "فرەچەشنیی" زمانیی لە ڕابردوودا دەرخست، بەڵکوو ئەزموونی زمانیی منی لە ئێستایشدا پشتراست کردەوە.

سەفەری من لەگەڵ زمانی کوردیدا، کە لە بنەماڵەکەمەوە دەستی پێ کردبوو و لە زانستگای شیکاگۆدا وەرچەرخانێکی ئاکادیمیکی بەخۆیە بینی، ئێستا گەیشتبووە بنکەی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوەی ژین، کە بەزۆری وەک بنکەی ژین ناو دەبرا. ناوی ژین هەڵگەڕانەوەیە بۆ ڕۆژنامەیەکی کوردی-تورکی کە لەنێوان ساڵەکانی ١٩١٨-١٩١٩دا لە ئیستانبوول و ڕۆژنامەیەکی تریش کە لە ساڵی ١٩٣٩وە لە سلێمانی لەلایەن پیرەمێردەوە بلاو کرایەوە. لۆگۆی بنکەی ژین وێنەیەکی پیرەمێرد لەخۆدەگرێت. کۆپییەکی وەسیەتەکەی پیرەمێرد کە زۆر بەرچاو و هێمایە، وەک ئەمەگناسییەک بۆ میراتەکەی ئەو، دیواری بنکەکەی ڕازاندووەتەوە. ئەو لە وەسیەتەکەیدا داوا

دەکات کە مەکینەی چاپەکەی بپارێزرێت و ژین درێژە بە بڵاوکردنەوەی خۆی بدات. ئەو بایەخەی کە پیرەمێرد داویەتی بە پەرەسەندنی فەرهەنگی و پەروەردەیی، بەو راستییەدا دەردەکەوێت کە ئەو خوێندنگەی شەوانەی زانستی و رۆژنامەی ژینی وەک دوو چاوەکەی ناساندووە.

ئێستا رێگام بدەن بپەژرێمە سەر بنکەی ژین، واتا شوێنمەبەستەکەی من لە سلێمانی. رەنگە باشترین ناساندن ئەو پوختە خۆناساندنەی بنکەکە بێت کە لەسەر ماڵپەرەکەی دانراوە:

"ژین ناوەندێکی بەڵگاندن و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ناحکوومی و خۆبەخشانەیە، کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن تاقمێک رۆشنبیری سلێمانی لە باشووری کوردستاندا دامەزرا. ئەرکی سەرەکیی کۆکردنەوە و پاراستنی میراتی نووسراوی کورد و کوردستان و تۆمارکردنی مێژووی زارەکیی ژیانی رۆژانە و لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکانە." ژین وەک کتێبخانە، ئارشیف و ناوەندێکی توێژینەوە و ماڵێکی وەشاندن دەجووڵێتەوە، بۆیە خۆی وەک گلێرگەیەکی مێژوویی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگی و رۆشنبیریی کوردستان و پارێزەری بیرەوەرییە نەتەوەییەکانی دەبینێت.

ئەندامانی دامەزرێنەری بنکەی ژین بریتین لە رەفیق ساڵح، سدیق ساڵح، عەبدولرەقیب یووسف، عەبدوڵڵا زەنگەنە و فازڵ کەریم ئەحمەد(مامۆستا جەعفەر). لەباری ماڵییەوە بەفەرمی لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی دەوڵەمەندی سلێمانییەوە پشتی گیراوە. کۆکراوەکانی بنکەی ژین بریتین لە کتێب، وەرزنامە، دەستنووس، بەڵگەنامەی ئارشیفی، تۆماری دەنگی و وێنە. کتێبخانە سەرەکییەکەی بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکیی عوسمانی، تورکیی نوێ و زمانە ئوورووپاییەکان کتێب هەڵدەگرێت.

هەروەک لە ئەرکی راگەیێندراویدا ئاماژەی پێ داوە، بنکەکە کتێبخانە تاکەکەسییەکانی کەسایەتییەکانی خوارەوەی لە ژووری جیاجیادا پاراستووە و ناوی خۆیانی لەسەر داناون: هیلال ناجی، شێخ موحەمەدی خاڵ، کەمال فواد، ئیحسان فواد، تۆفیق وەهبی، رەفیق حیلمی، عەبدولکەریم مودەریس و عەبدوڵڵا ئاگرین. کتێبخانەی ئەم کەسانە لە تەنیشت کەلوپەلە کەسییەکانیان وەک پێنووس، پاسپۆرت و دەفتەرەکانیاندا پارێزراون. لەنێوان ئەم شتانەدا، بەرچاوترینیان مەکینەی چاپەکەی پیرەمێردە کە رۆژنامەی ژینی پێ چاپ کرد.

پێم خۆشە هێندێک خاڵ لەسەر بنکەی ژین ئاماژە پێ بکەم. یەکەم، مەبەستی سەرەکیی کە لە دامەزراندنیدا پێی لەسەر داگیرا، ژیاندنەوەی بڵاوکراوەی وەرزنامەییی کوردی بوو. لەراستیدا، لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە تا ٢٠٢٢، نزیکەی ٤٠ دانە لەو ٢٠٠ سەردێرانەی کە بنکەی ژین بڵاوی کردووەنەتەوە، دووبارە چاپکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانە. ژمارەیەکی بەرچاو لە وەرزنامە کوردییەکان لە ١٩٩٠ەکان بەدواوە بەتایبەتی لە بەغداد و سلێمانی دەرکەوتن. ئەو بابەتە جۆراوجۆرانەی کە لە چاپکراوە وەرزنامەییەکاندا بڵاوبوونەوە، سەلمێنەری بایەخێکن کە درابوو بە وەرزنامەکان. تایبەتمەندییەکی هەرە گرینگی وەرزنامە دووپاتە چاپکراوەکان ئەوەیە کە ئەوان لە تەنیشت ژیاننامەکاندا، پێرست و -ئەگەر لەبەردەست بووبێت- وێنەی هەموو نووسەرەکانیان لەخۆگرتووە. لەساڵی ٢٠٢١ و ٢٠٢٢دا، بنکەی ژین "بانگی کورد"ی کە بە زمانەکانی کوردی و تورکی بوو و لەساڵی ١٩١٤ دا لە چوار ژمارەدا لە بەغداد و رۆژنامەی کوردی-تورکی-عەرەبی-فارسیی "کوردستان"ی کە لە ساڵەکانی ١٩١٩-١٩٢٠ لە ئیستانبوول بڵاو بووبوونەوە، لەچاپدایەوە. ناوەندەکە، سەرەرای

ژیاندنەوەی میراتی ڕۆژنامەوانیی کوردی لەڕێگای لەچاپدانەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارە کۆنەکانەوە، لە ساڵی ٢٠٠٩ وە گۆڤاری ئاکادێمیکی ساڵانانەی خۆیشی بەناوی ژین بڵاودەکاتەوە.

سێهەم، ناوەندی ژین سەرەڕای کۆکراوە و بڵاوکراوەکانی، یارمەتیی پەروەردەی گشتییش دەدات. بۆ ئەم مەبەستە، ناوەندەکە بۆنە فەرهەنگییەکان بۆ بەشداریی گشتی ڕێک دەخات. لەم بۆنەگەلە کە لە ساڵۆنی کۆنفرانسی پیرەمێرددا بەڕێوەدەچن، ڕاگەیاندنەکان تێیدا بەشدار دەبن و هێندێک جاریش ڕاستەوخۆ لەسەر تەلەفزیۆن بڵاو دەبنەوە. لەو کاتەدا من لەوێ بووم، ڕێورەسمێکی خەڵاتکردن لەلایەن ڕێکخراوی فەرهەنگیی جەماڵ نەبەزەوە ڕێکخرابوو. ئەمە یەکەمجار بوو کە ئەم ڕێکخراوەیە خەڵاتێکی وەهای دەبەخشی بە لێکۆڵەرێکی بەرچاو لەبواری خوێندنەوەی کوردیدا، کە خەڵاتەکە درا بە پرۆفسۆر جەلیلیێ جەلیل. هەروەها ڕێورەسمێکی تر بەبۆنەی لەچاپدانەوەی کۆی بەرهەمەکانی شێخ موحەممەدی خاڵ لە نۆ بەرگدا بەڕێوەچوو. بڵاوکردنەوەکەی بە ڕاسپاردەی بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری ئەوکاتی عێراق بوو. وەک هەموو بۆنەکانی تری پەردەلادان لە کتێب کە لەماوەی مانەوەم لەوێدا بەڕێوەچوون، نۆ بەرگەکەی خاڵیش بەبێ بەرانبەر پێشکەش کرا بە بەشداربوان.

چوارەم، تێپەڕاندنی کات لە ناوەندی ژیندا ڕێگای دا ئاگاداری ئەو کتێبدۆست و کتێبخانەی گەڕۆکانەی وەک ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح ببم. ڕەفیق ساڵح یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئارشیڤی نەتەوەییی کوردستان بوو کە لە ١٩٩٨ دامەزرا، لە کاتێکدا سدیق ساڵح لە ١٩٩٨ تا ٢٠٠٣ لە دەستەی بەڕێوەبەریدا کاری کرد. هەردووکیان لە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی ئێستای بنکەی ژینن. ئەوان خاوەن وەشاندنێکی بەربڵاون کە لە بنەڕەتەوە سەرچاوە سەرەتاییەکانی وەک ڕۆژنامە، گۆڤار، کۆکراوەی شیعر و بیرەوەرییەکانی کوردی لەخۆ دەگرێت. برایانی ساڵح تا ئەمرۆ ڕاهێنەر و ڕێنوێنی من بوون. بینینی دەروەستبوونی بەگوڕوتینیان بۆ ڕاپەڕاندنی کاری فەرهەنگی (لە وشە باوەکەیدا سەقافی) و کەوتنە مشتومڕ لەگەڵیاندا بەڕاستی پاڵنەری من بووە. لە ماوەی مانەوەمدا، چەندجار باسم کردووە کە چەندە هەستم بە بەداخبوون دەکرد کە بۆچی پێشتر لەو هەموو سەرچاوەیەی کە دۆزیمنەوە ئاگادار نەبووم.

لە وڵامی خۆڕەخنەگرتنێکی لەو چەشنەدا بوو کە ڕەفیق ساڵح جارێک پێی وتم کوردستانی باشوور لێکۆڵەری گەورەی هەیە، بەڵام چونکە لە ڕۆژئاوادا جێگیر نەبوون، لە دنیادا ناسراو نین. ئەمە تێبینییەکانی عارف درلیک لەسەر گێژاوی پۆست-کۆلۆنیاڵ بەبیردا دەهێنێتەوە کە ناچاری کردم وەک لێکۆڵەرێکی ڕاهاتوو بە تورکی و لە ئاکادێمیای ئامریکادا زۆر بیر بکەمەوە. بۆیە لە کاتی مانەوەکەمدا هەستێکی هاوکاتی شەیدابوون و بێهیوایی لەگەڵمدا مایەوە.

لەکۆتاییدا، بەسەردانێکی کورتیش بێت، مرۆڤ دەبینێت کە چ لەخۆبردوویییەکی گەورە لە پشت دامەزراوەگەلی وەک ناوەندی ژینەوە بوونی هەیە. مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێت لە لەخۆبردوویی، گڕوتین و ئەو خۆبەخشییە جێگای ڕێزەی لێکۆڵەرەکان لەپێناوی کۆکردنەوە، پاراستن، ئارشیڤکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو سەرچاوانەدا کە بەجۆرێک ماونەتەوە. لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە من مامەوە، گوێم لەو بەسەرهاتە زۆرانە گرت کە ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح بۆ کۆکردنەوەی کتێبخانە تاکەکەسییەکانی نووسەران، لێکۆڵەران و

توێژەران بەتایبەتی دوای نەمانیان داویانە. یان تەنانەت، دەکرێت ئەو گێڕانەوانە ببیستین کە باس لەسەر بەساغی دەرچوونی کۆمەڵێک کتێب لە هەرەشەی دەوڵەتەکان دەکەن. فێربوون لەم توێژەر و دامەزراوەگەلە و هاوکاریکردن لەگەڵیاندا، یارمەتییەکی گرینگی دیموکراتیزەکردن و سڕینەوەی کۆلۆنیالیزم لە بواری خوێندنەوە کوردییەکاندا دەکات. لەراستیدا، ناوەندی ژین بایەخی زۆرتر دەدات بە دامەزراندن و پەرەپێدان بە پەیوەندی لەگەڵ کتێبخانەکان، زانستگاکان و ناوەندەکانی توێژینەوە لە هەردوو ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ڕۆژئاوادا.

## لەکۆتاییدا

"... نووسینی چیرۆکی خۆ، دەتوانێت هەتوانێک بێت بۆ نووسەرەکان، هەروەها کە ئێمە دەنووسین بۆ ئەوەی باشتر لە خۆمان و ئەزموونەکانمان تێبگەین و ئەرکی سەرشانمان سووک بکەین..."

سەرەداوێکی بەردەوام کە لە هەموو یادداشتەکانم لەماوەی توێژینەوەم لەسەر سەرچاوە کرمانجی و سۆرانییەکاندا دەردەکەوێت، بیرۆکەکانمن. پێش و لەماوەی توێژینەوەی تێزەکەمدا، لەسەر جگەرخوین، خەلیفە و ڕەسۆ، بیرۆکەم هەبوون و ئەمانە ئەوکەسانە بوون کە -لەگەڵ دایک و باوکم- تێزەکەمم پێشکەش کردبوون: "... پێشکەش بە ڕەسۆ، خەلیفە و جگەرخوین کە لە بیرۆکەکانمدا ڕێنوێنم بوون". باوکیشم کە لە ١٠ی نۆڤامبری ٢٠١٦دا کۆچی دوایی کرد، لە بیرۆکەیەکمدا لە سلێمانی دەرکەوت. ئەو یادداشتانەی لە یەکشەممە ٦ی دیسامبری ٢٠٠٩دا لە پاریس هەڵگیرابوون، بیرۆکەیەکی من دەگێڕنەوە کە سەبارەت بە ڕەسۆ هەمبوو. لە بیرۆکەکەمدا ڕەسۆ مرد. خەڵک بۆ ڕێوڕەسمی مردنەکەی کۆ بووبوونەوە، باسی ئەوەیان دەکرد کە ڕەسۆ قەرزدارە. من خەریک بووم دەمگوت من قەرزەکەی دەدەمەوە. ئەم خەوە هەڵیخراندم کە دەبێت مانایەکی بێت. لەگەڵ خۆم پەیمانم بەست کە بە زانیاریدان بە خوێنەرەکانم لەسەر پێگە و ڕۆڵی نواندنەکانی ڕەسۆ لە گواستنەوەی زمان، فەرهەنگ و مێژووی کورددا ئاگاداریان بکەمەوە. لەراستیدا، سێ دانە لە نواندنەکانی ڕەسۆ، لەکۆتاییدا کەوتنە ناو وەرزی دەنگبێژ لە تێزەکەمدا. بەدوای بەرگریکردن لە تێزەکەمدا، هیوام وابوو بەهۆی بەجێگەیاندنی بەڵێنەکەمەوە هەست بە ئازادی بکەم. بەڵام قەرزەکانی ڕەسۆ بوون بە قەرزی من کە دەبوو بە خۆی بدەمەوە و بەهیچ چەشنێکیش نەدەدرانەوە. وتارێکی ترم لەسەر یەکێکی تر لە نواندنەکانی بڵاو کردەوە، بەڵام هەستی قەرزاربوونم هەر مایەوە. هەر وەک کۆمەڵێک دەنگبێژ دەیگێڕنەوە، ڕەسۆ لە هەژاری و بێبەشییەکی زێدەدا ژیا. نازانم چەندە ئاگاداری نرخی تۆمارەکانی بوو کە بەجێی هێشتن، بەڵام وەک توێژەرێک کە زۆر لەسەر سەرچاوە کوردییەکان توێژینەوە دەکات، من لام وایە نرخیان نادرێت.

بەدوای نوقمبوونم لەناو سەرچاوە سۆرانییەکاندا، توێژی تریش کەوتنە سەر قەرزدارییەکەم بە ڕەسۆ. یەکەمیان حەپەسانی من بوو بەدوای ئەوەدا کە هەڵکەوتم لەو ئاکار، سەرچاوە و کەسایەتییانەی پەیوەندییان بە زمان، شیعر و فەرهەنگی کوردییەوە هەبوو و من بە ئاستەم ئاگاداریان بووم. تێگەیشتنم لە خۆم، زمانەکەم، ڕاهێنانم، بەکاربردنی خوێندنەوە کوردی، تورکی، ئێرانی و ڕۆژهەڵاتی ناڤینییەکان گۆڕانێکی قووڵی بەسەردا هاتووە. سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە بەشێکی زۆری ژیانم بە فێربوون

و فێرکــــردن لـــه خوێندنگـــه‌دا تێپه‌ڕاندبوو، چیرۆکـــی خوێندن و نووســـینم بـــه زمانی کوردی ئێســـتا بـــه ئه‌لفوبێ و زاراوه‌یه‌کی جیـــاوازه‌وه ده‌رده‌که‌وت. له قســـه‌کردندا، من یه‌کێک له سه‌رنجراکێشـــترین ئه‌زموونه‌کانم له هه‌مـــوو ژیانـــی به‌کاربردنی زمانـــدا بوو. له‌نێـــوان کرمانجی، ســـۆرانی و فارســـیدا کۆمه‌ڵێـــک به‌ریه‌ککه‌وتنی پێشده‌ســـتانه‌م ئه‌زموون کـــرد. زۆر جـــاری وه‌هـــا هه‌بوو رســـته‌یه‌کم چ له‌بـــاری وشـــه و چ له‌باری ڕێزمانییه‌وه، تێکه‌ڵه‌یـــه‌ک بوون له کرمانجی، ســـۆرانی و فارســـی. بۆیه زۆرجـــار ده‌مووت: "پێشـــتر هه‌رگیز زمانم هێنده‌ی ئێســـتا له کۆنترۆڵـــم ده‌رنه‌چووبوو."

هه‌روه‌هـا لـه مـاوه‌ی سـه‌ردانێکی کـورت بـۆ دهـۆک و زاخـۆ و هه‌ڵسوکه‌وتم له‌گـه‌ڵ به‌هدینی-ئاخێوه‌رەکانـی ئه‌وێدا پرسیارم له‌خـۆم کـرد سـه‌باره‌ت بـه ئاسـتی کرمانجی زانینه‌کـه‌م. که هێندێـک جیاوازیی دژوارم بینی له‌نـاو خـودی کوردیـی باکـووردا، ئاریشـه‌م بـۆ دروسـت بـوو و بۆیه تێگه‌یشـتم کـه په‌نامه‌کی کرمانجیـم به‌پێوه‌ربـوو (سـتاندارد) له‌به‌رچاو گرتبوو. هاوکات تێگه‌یشـتنم لـه زمانی کوردی به‌رباڵوتـر بوویـه‌وه. بـۆ وێنـه، تاقـه وشـه‌یه‌ک کـه له‌نـاو بنه‌ماڵه‌که‌مـدا بـۆ "now" ده‌مزانـی "نها"(niha) بوو، بازنه‌ی وشـه‌کانم بـه "ناکا"، "نووکـه" و "ئێسـتا" ده‌وڵه‌مه‌ند بووبوو، ئه‌مه‌یش ئاکامـی ئـه‌وه بـوو کـه خـۆم به‌کارهێنانـی ئه‌و وشـانه‌م لـه به‌سـتێنی ئاخافتنیانـدا لـه هه‌مـوو سـه‌فه‌ره‌که‌مدا به‌چـاوی خـۆم بینـی.

هێشـــتا ده‌بـــوو بزانم کـــه به‌کاربردنی لێکدانه‌وه‌یه‌کـــی خۆئێتنیکناســـانه‌ی ئـــه‌م پێقاژۆیـــه لـــه نووســـینه ئاکادیمیکه‌که‌مدا یارمه‌تیم ده‌دات "باری ســـه‌ر شـــانم سووک بـــکات" یـــان "قه‌رزه‌که‌م بداته‌وه". هێشـــتا پرســـیاره‌که ماوه: به تێکه‌ڵکردنـــی ماتریاڵه خۆئێتنیکناســـانه‌کان له‌گـــه‌ڵ ســـه‌رچاوه کرمانجی و ســـۆرانییه‌کانی زمانی دابه‌شکراوی کـــوردی، چۆن ده‌کرێت به‌ســـه‌رهاتی زمانی کـــوردی بخرێتـــه به‌رده‌ســـت؟ وڵامه‌که‌ی وه‌ها دیاره بـــه زۆری به‌ســـترابێته‌وه به ئه‌و راســـتییه‌وه کـــه دنیای ئه‌مـــڕۆی ده‌وڵه‌ت-نه‌تـــه‌وه‌کان دنیایه‌که که ڕێـــک به "بینین و ئاخافتن وه‌ک ده‌وڵه‌تێک" پێناســـه ده‌کرێت و به‌قووڵـــی بـــه‌و ڕێگایه‌دا بیچـــم ده‌گرێت. له وه‌ها دنیایه‌کدا، چیرۆکه دابه‌شـــبووه‌کانی زمانی کـــوردی، که له درکاندنه نووســـراو و بێژراوه‌کانی ئاخێوه‌رانی ڕابردوو و ئێستایشـــیدا ڕه‌نگـــی داوه‌تـــه‌وه، ده‌کرێت به ســـه‌ردێڕی "قسه‌کردن وه‌ک بێده‌وڵه‌تێک" وێنای بکه‌ین.

## دانپێدانانه‌کان

ڕه‌فیق ســـاڵح و سدیق ســـاڵح، به زانیاریی به‌رباڵویانه‌وه به‌وپه‌ڕی به‌خشـــینه‌وه تا ئێستا ڕێنوێنییـــان داوه. من له دڵه‌وه سپاســـیان ده‌که‌م. سپاسی ســـتافی بنکه‌ی ژین ده‌که‌م، چونکـــه کاتێک بۆ یارمه‌تـــی ڕووم تێ کردن هاوکارییان کردم. خوێندنی زانســـتگاییم له ئامریکا، له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نـــی په‌روه‌رده‌ی باڵا له تورکیه، زانســـتگای هاجه‌تته‌په، زانستگای شـــیکاگۆ، بوورســـی خوێندنـــی مێلۆنه‌وه پشـــتگیری کـــرا. توێژینـــه‌وه‌ی تێزه‌که‌م له تورکیـــه و پاریســـدا، له‌لایه‌ن ئه‌نســـتیتۆی توێژینـــه‌وه‌ی ئامریکایـــی لـــه تورکیـــه و بوورســـی هۆنیبێرگ بۆ خوێندن له پاریســـد پشـــتگیری کـــرا. زانســـتگای هاجه‌تته‌په و به‌شـــه‌کانی زانســـته سیاســـییه‌کان و به‌ڕێوه‌به‌ریی گشـــتیی ئه‌و زانستگایه ڕێگایان دام که له ســـاڵه‌کانی خوێندنی ۲۰۲۱-۲۰۲۲ دا ده‌رفه‌تـــی خوێندنه‌وه‌م لـــه ناوه‌ندی ژیندا تێپه‌ڕێنم. بوورســـی پاش-دۆکتـــۆرای ۲۲۱۹ بۆ توێژینـــه‌وه که ئه‌نجومه‌نـــی توێژینه‌وه‌ی زانســـتی و تێکنۆلۆژیی تورکیه خســـتبوویه به‌رده‌ست، پاڵپشـــتی پرۆژه‌ی توێژینه‌وه‌که‌م له ســـلێمانی بوون. سپاســـم بۆ سدیق ساڵح، مێلیســـا بـــیلال و فه‌ره‌نگیز قـــادری که بۆ

ڕووونووسی پێشووی ئەم وتارە تێبینیان هەبوو. بەتایبەتی پێزانی خوێندنەوەی ورد و تێبینییە بەربڵاوەکانی مارتن ڤان بروینسێن هەم کە بوون بەهۆی پێداچوونەوەی بنەڕەتی و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ئەم وتارە. سپاسی گەرمم بۆ مارلین شافرز بۆ بۆچوونە بیرمەندانە و وردەبەخشەکانی و دەستێوەردانە گرینگەکانی لە ڕووونووسە پێشووەکانی ئەم خوێندنەوەیەدا. سپاسی جەنێت کلاین دەکەم کە وتارەکەی هەڵەچن کرد. هەروەها سپاسی سمایلی شەمس، موستەفا دێهقان، هێمن عومەر، جەی ئەندروو بووش، شنە عەبدوڵلا، ئەوقن میللەر، مەزهەر یووکسەل، عەلی چاگلار و ف. موتلوو بنارک دەکەم کە لەم ڕێگایەدا پشتیان گرتم و وورەیان پێ دام.

* بەشی زانستی سیاسی و بەڕێوەبەریی گشتی
زانستگای هاجەتتەپە، ئانکارا، تورکیە
metinyuksel@hacettepe. edu. tr

گەیشتن لە ١٠ی مارسی ٢٠٢٣، وەرگیران ٢ ی سێپتامبری ٢٠٢٣، بڵاوبوونەوە لەسەر هێڵ لە ١٥ی دێسامبری ٢٠٢٣

## سەرچاوەکان:

Ayres, Alyssa. Speaking Like a State: Language and Nationalism in Pakistan. Cambridge:
Cambridge University Press, 2009.
Badra, Holly Mason. “A Conversation on Kurdish Translation with Farangis Ghade-ri. ”
Asymptote. Accessed April 16, 2023. https://www. asymptotejournal. com/blog/2022/
11/28/a-conversation-on-kurdish-transla-tion-with-farangis-ghaderi/
Balta, Evangelia. Gerçi Rum İsek de, Rumca Bilmez Türkçe Söyleriz: Karamanlılar ve Karamanlıca Edebiyat Üzerine Araştırmalar. İstanbul: Türkiye İş Bankası Kültür
Yayınları, 2018.
“Bo Zanîn. ” Pêşkewtin Year: 1, No: 27 (28 October 1920), 4 [Refîq Sallih and Sidîq Sallih,
eds. Rojnamey Pêşkewtin: Yekemîn Roj-namey Silêmanî, Jimare: 1–118, 29 April 1920–
27 July 1922 (Silêmanî: Binkey Jîn, 2012), 144].
van Bruinessen, Martin. “In Memoriam Kamal Mazhar Ahmad (1937–2021), Doyen of
Kurdish Historians. ” Kurdish Studies 9: 2 (2021), 233–241.
Kurdish Studies Journal 1 (2023) 229–254tackling the divide in the kurdish language 249
van Bruinessen, Martin. “The Kurds and Islam. ” In Martin van Bruinessen, ed. , Mullas,
Sufis and Heretics: The Role of Religion in Kurdish Society: Collected Articles, 37–57.
New Jersey: Georgias Press, 2011.
Bullock, Jon E. “Broadcasting the Nation: The Importance of Radio in Kurdish Mu-sic
History. ” The World of Music 11: 2 (2022), 73–90.
Bullock, Jon E. “Decolonizing the Bound-aries: Indigenous Musical Discourse in the His-
tory of Kurdish Radio Baghdad. ” iaspm Journal 11: 2 (2021), 22–38.
Bush, J. Andrew. Between Muslims: Reli-gious Difference in Iraqi Kurdistan. Stan-ford:
Stanford University Press, 2020.
Cegerxwîn. Hayat Hikâyem. İstanbul: Ev-rensel, 2003.
Celîl, Celîlê. 13 Rûpelên Balkêş ji Dîroka

Sciences. Stanford: Stanford University Press,
1996.
Güneş, Ömer and İbrahim Şahin. Antolojiya Dengbêjan 1: Dengbêj Reso. İstanbul: Nûbi-
har, 2018.
Hamelink, Wendelmoet. The Sung Home: Narrative, Morality, and the Kurdish Nation.
Leiden: Brill, 2016.
Haraway, Donna. "Situated Knowledges: The Science Question in Feminism and the
Privilege of Partial Perspective. " Feminist Studies 14: 3 (1988), 575–599.
Hassanpour, Amir, Jaffer Sheyholislami and Tove Skutnabb-Kangas. "Introduction: Kur-
dish: Linguicide, Resistance and Hope. "International Journal of the Sociology of Lan-
guage 217 (2012): 1–18.
Kurdish Studies Journal 1 (2023) 229–254250 yüksel
Hawar, Muhemmed Resûl, ed. Dîwanî Pîremêrd. Senendec: Kanî Kitêb, 1397.
Hesenpûr, Emîr. Sedeyêk Xebat le Pênawî Zimanî Kurdî da: Tiyorî, Siyaset û Îdeolojî. Silê-
manî: Le Billawkirawekanî Binkey Jîn, 2015.
Hitchins, Keith. "Pîremêrd. " Encyclopaedia Iranica. Accessed May 25, 2023. https://
iranicaonline. org/articles/piramerd
Hitchins, Keith. "Gorān, ʿAbd-Allāh Soleymān. " Encyclopaedia Iranica. Accessed
May 25, 2023. https://iranicaonline. org/articles/goran-2
Hitchins, Keith. "Hažār. " Encyclopaedia Iranica. Accessed May 25, 2023.
Hitchins, Keith. "Nali. " Encyclopaedia Iranica. Accessed May 25, 2023. https://
Gelê Kurd. Wien: Institüt für Kurdologie, 2002.
Chakrabarty, Dipesh. Provincializing Europe: Postcolonial Thought and Historical Differ-
ence. Princeton and Oxford: Princeton University Press, 2000.
Dirlik, Arif. "The Postcolonial Aura: Third World Criticism in the Age of Global Capit-
alism. " Critical Inquiry 20 (1994), 328–356.
Elend, Kamran. Kimliği Terennüm Etmek: Erivan Radyosu Kürtçe Yayını. İstanbul:
İletişim, 2021.
Ellis, Carolyn, Tony E. Adams and Arthur P. Bochner. "Autoethnography: An Overview. "
Historical Social Research 36: 4 (2011), 273–290.
Freire, Paulo. Pedagogy of Freedom: Ethics, Democracy, and Civic Courage. New York:
Rowman & Littlefield, 2001.
Freire, Paulo. "Reading the World and Reading the Word: An Interview with Paulo
Freire. " Language Arts 62: 1 (1985), 15–21.
Freire, Paulo and Donaldo Macedo. Literacy: Reading the Word and the World. London:
Routledge, 2005.
Ghaderi, Farangis. "A History of Kurdish Poetry. " In Hamit Bozarslan, Cengiz Güneş
and Veli Yadirgi, eds. The Cambridge History of the Kurds, 707–728. Cambridge: Cam-
bridge University Press, 2021.
Gulbenkian Commission. Open the Social Sciences: Report of the Gulbenkian Commis-
sion on the Restructuring of the Social

the Middle East. ” The British Journal of Sociology 70: 5 (2019), 1799–1824.
Nerîman, Mistefa Seyyid Ehmed. Bibliyografyay Kitêbî Kurdî, 1787–1975. Bexda: Çapx-
aney Korrî Zanyarî Kurd, 1977.
Neyzi, Leyla. “Ben Kimim?”: Türkiye’de Sözlü Tarih, Kimlik ve Öznellik. İstanbul: İletişim,
2013.
Nicholson, Reynold A. The Mathnawi of Jalalu’ddin Rumi, Volume ii, Book i. Cambridge
University Press, 1926.
“Nûsînî Kurdî. ” Pêşkewtin Year: 1, No: 42 (10 February 1921), 4 [Refîq Sallih and Sidîq
Sallih, eds. , Rojnamey Pêşkewtin: Yekemîn Rojnamey Silêmanî, Jimare: 1–118, 29 April
1920–27 July 1922 (Silêmanî: Binkey Jîn, 2012), 204].
Kurdish Studies Journal 1 (2023) 229–254tackling the divide in the kurdish language 251
Önen, Ronayî. Ziman û Netewesazî: Lêhûrbûnek li ser Kovara Hawarê. Istanbul: Pey-
wend, 2018.
Öpengin, Ergin. “The History of Kurdish and the Development of Literary Kurmanji. ”
In Hamit Bozarslan, Cengiz Güneş and Veli Yadirgi, eds. , The Cambridge History of
the Kurds, 603–632. Cambridge: Cambridge University Press, 2021.
Özbilge, Nevcihan. Çekirgeler, Kürtler ve Devlet: Erken Cumhuriyet Dönemine Yeniden
Bakmak. İstanbul: Tarih Vakfı Yurt Yayınları, 2020.
Özok Gündoğan, Nilay. “Kurdish Studies in North America: Decolonizing a Field that
iranica
online. org/articles/nali
Hitchins, Keith. “Jagarḵwin. ” Encyclopaedia Iranica. Accessed May 25, 2023. https://
iranicaonline. org/articles/jagarkwin
Hitchins, Keith. “Mawlawi, ʿAbd-al-Raḥim Maʿdumi. ” Encyclopaedia Iranica. Accessed
May 25, 2023. https://iranicaonline. org/articles/mawlawi-abd-al-rahim-madumi
Hooks, bell. Teaching to Transgress: Education as the Practice of Freedom. New York and
London: Routledge, 1994.
Landau, Jacob M. “The Kurds in Some Soviet Works. ” Middle Eastern Studies 11: 2 (1975),
195–198.
Leezenberg, Michiel. “Vernacularization as Governmentalization: The Development of
Kurdish in Mandate Iraq. ” In Heleen Murre-van den Berg, Karène Sanchez-Summerer and Tijmen Baarda, eds. , Arabic and Its Alternatives: Religious Minorities
and Their Languages in the Emerging Nation-States of the Middle East (1920–1950),
Vol. 5, 50–76. Leiden: Brill, 2020.
Leezenberg, Michiel. “ ‘A People Forgotten by History’: Soviet Studies of the Kurds. ” Ira-
nian Studies 48: 5 (2015), 747–767.
Lewis, Geoffrey. The Turkish Language Reform: A Catastrophic Success. Oxford: Oxford
University Press, 2002.
Mihemed, Kemal Rauf. Hunerî Dramay Radyoyî Kurdî. Silêmanî: Serdem, 2000.
Mohammadpour, Ahmad and Kamal Soleimani. “Interrogating the Tribal: The Aporia
of ‘Tribalism’ in the Sociological Study of

versity Press, 1999.
Seccadî, Elaeddîn. Rriştey Mirwarî, i. Sine: Enteşarat-e Kordestan, 2021. Seccadî, Elaeddîn.

Geştêk le Kurdistana. Sine: Enteşarat-e Kordestan, 1399/2020.
Seccadî, Elaeddîn. Mêjûy Edebî Kurdî. Sine: Enteşarat-e Kordestan, 1395.
Selam, Saman and Kameran Subhan. "Govarî Gelawêj: Gelawêjî Ziman û Edebî Kurdî. "
KurdSat. Accessed March 30, 2023. https://www.youtube.com/watch?v=vVMpt-iN vqM.
Smith, Linda Tuhiwai. Decolonizing Methodologies: Research and Indigenous Peoples.
London and New York: Zed Books, 2012.
Stepanyan, Hasmi A. Ermeni Harfli Türkçe Kitaplar ve Süreli Yayınlar Bibliyografyası
1727–1968. İstanbul: Turkuaz Yayınları, 2016.
Strohmeier, Martin. Crucial Images in the Presentation of a Kurdish National Identity:
Heroes and Patriots, Traitors and Foes. Leiden: Brill, 2003.
Kurdish Studies Journal 1 (2023) 229–254252 yüksel
Şengül, Serdar and Remezan Alan. "Pêşkêşî. " In Şêx Muhyedînê Hênî, Beyana Xwarinan
û Zewqên Wan, ed. , Mela Birhanê Tarînî, 7–14. İstanbul: Peywend, 2015.
Tejel, Jordi. "Les Constructions de l'identité kurde sous l'influence de la "connexion
kurdo-française" au Levant (1930–1946). " European Journal of Turkish Studies 5 (2006).
Wallerstein, Immanuel. The End of the World as We Know It: Social Science for the
Does Not Quite Exist, Yet?" Jadaliyya. Accessed: 20 May 2023. https://www. jadaliyya
. com/Details/37676
Refîq Hîlmî, Nahîde. Eme Minim, Eweş Êwe, eds. , Jîn Refîq Hîlmî and Cemawer Ehmed.
Silêmanî: Çapxaney Bînayî, 2020.
Refîq Hîlmî, Pakîze. Kurd û Jiyanêkî Pirr Endêşe: Yaddaşt. Hewlêr, 2000.
Roshani, Dilan M. R. "Jamal Nebez (1933–2018). " Accessed May 30, 2023. https://kurdish
academy. org/?p=265
Sallih, Çîmen, ed. Ewey le Bîrim e: Nahîdey Şêx Selam. Çapxaney Wezaretî Perwerdey
Herêmî Kurdistan, 1999.
Sallih, Refîq, ed. Sercemî Berhemî Tofîq Wehbî, i, ii. Silêmanî: Binkey Jîn û Cemal Îrfan,
2022.
Sallih, Refîq and Sidîq Sallih, eds. Rojnamey Têgeyiştinî Rastî, 1918–1919: Yekemîn Roj-
namey Kurdî le Iraq. Silêmanî: Aras û Binkey Jîn, 2007.
Sallih, Sidîq and Refîq Sallih, eds. Govarî "Kurdistan": 1919–1920, Estemûll. Silêmanî: Bin-
key Jîn, 2022.
Sallih, Sidîq, Refîq Sallih and Ebdulla Zengene, eds. Gelawêj: Bergî 11yem: Jiyanname û
Pêrrist. Silêmanî: Billawkirawekanî Binkey Jîn, 2016.
Schäfers, Marlene. Voices That Matter: Kurdish Women at the Limits of Representation
in Contemporary Turkey. Chicago: University of Chicago Press, 2022.
Scott, James C. Seeing Like a State: How Certain Schemes to Improve the Human Condi-
tion Have Failed. New Haven: Yale Uni-

tact
Zones. " (forthcoming).
Yüksel, Metin. "Elaeddîn Seccadî, Kurdewarî and Négritude. " Journal of the University of
Garmian 9 (2022), 131–140.
Yüksel, Metin. "Oral Poets in Conflict: Âşık Veysel and Dengbêj Reso on the Rope. "
Journal of Folklore Research 56: 1 (2019), 71–103.
Yüksel, Metin. "Solidarity without Borders: The Poetic Tributes to Paul Robeson of
Goran and Cegerxwîn. " Journal of Postcolonial Writing 51: 5 (2015), 556–573.
Yüksel, Metin. Kolana Weşengîra, Xaniyê 3, Apartamênta Hijmara 6, Êrîvan: Kurdolojî û Malbata Celîlan: Hevpeyvîn bi Celîlê Celîl û Cemîla Celîl ra. İstanbul: Avesta,
2014.
Yüksel, Metin. Dengbêj, Mullah, Intelligentsia: The Survival and Revival of the Kurdish-
Kurmanji Language in the Middle East, 1925–1960. Chicago: Unpublished PhD Dis-
sertation at the University of Chicago, 2011.
Yüksel, Metin. "A 'Revolutionary' Kurdish Mullah from Turkey: Mehmed Emin Bozarslan and His Intellectual Evolution. " The Muslim World 99: 2 (2009), 356–380.
Kurdish Studies Journal 1 (2023) 229–254tackling the divide in the kurdish language 253
Zengene, Ebdulla, ed. Rizgarî: Govarî Birayetî Kurd û Ereb e, Yanî Çî?! Hewlêr: Billawkir-
awekanî Ekadîmyay Kurdî, 2022.
Zheen Center. "About. "
Zheen Journal. "Govarî Jîn. " Accessed February 25, 2023. https://zheen. org/go-
Twenty-First Century. Minneapolis and London: University of Minnesota Press, 2001.
wa Thiong'o, Ngũgĩ. Decolonising the Mind: The Politics of Language in African Literat-
ure. Oxford: James Currey, 1986.
Üngör, Uğur Ümit. The Making of Modern Turkey: Nation and State in Eastern Anatolia,
1913–1950. Oxford: Oxford University Press, 2011.
Xall, Şêx Mihemedî. Nalley Derûn i: Komelle Witarêkî Wêjeyî û Mêjûyî û Ayinî û Komel-
layetîn. Hewlêr: Aras û Nawendî Hizrî û Roşinbîrî Xall, 2021.
Xoşnaw, Serbaz Mecîd. Kongre Nawxoyiyekanî Mamostayanî Kurd le Şeqllawe, 1959 û1960. Hewlêr: Rrojhellat, 2018.
Xweyîyê Hawarê. "Li Ser Yekîtiya Zimanê Kurdî. " Hawar 10 (23 October 1932), 6–7 [Fırat
Ceweri, ed. and translit. Hawar, Vol. i, No. 1–23 (Stockholm: Nûdem, 1998), 212–213;
509].
Wehbî, Tewfîq. "Gelaley Ferhengî Kurdî: Ferhengî Gelawêj 3. " Gelawêj, Year: 4, No: 1
(January 1943), 53–56 [Sidîq Sallih, Refîq Sallih, Abdulla Zengene, eds. Gelawêj: Bergî
Çwarem/Beşî Yekem (Sallî Çwarem): Kanûnî Duwemî 1943—Temûzî 1943 (Silêmanî:
Billawkirawekanî Binkey Jîn, 2016), 1865–1868].
Yelbaşı, Caner. The Circassians of Turkey: War, Violence and Nationalism from the Otto-
mans to Atatürk. London and New York: I. B. Tauris, 2019.
Yüksel, Metin. "Tawfiq Wahbi and the Reform of the Kurdish Language in Con-

# تەوفیق وەهبی و چاکسازیی زمانی کوردی لە ناوچەی پەیوەندییەکان[1]

مەتین یووکسەل

و: هەلاڵە حەیدەری (ژینۆ ڕۆژبەیان)

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە کار لەسەر ژیان و کارەکانی تەوفیق وەهبی دەکات وەکوو کەسایەتییەکی کوردی-عوسمانی، سەربازی، رامیاری و رۆشنبیری کە لە ساڵی ۱۸۹۱ لە سلێمانی لە دایک بوو و لە سلێمانی، بەغدا و ئەستەمبوڵ خوێندنی تەواو کرد. لە ئەرتەشی عوسمانیدا بوو بە کاپتەن. لە عێراق وەک وەزیر و ئەندام پەرلەمان کاری دەکرد. لە دوای شۆڕشی ۱۹۵۸ لە بەریتانیا نیشتەجێ بوو و هەر لەوێ لە ساڵی ۱۹۸۴ کۆچی دوایی کرد. وەهبی زیاتر بە توێژینەوەکانی لەسەر زمانی کوردی بەناوبانگە. ئەو خزمەتی بە ئەدەب، کلتوور و گۆڤارە ئەکادیمیکەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیسی کردووە. ئەم وتارە وەک یەکەم توێژینەوەی ژیاننامەی هزری وەهبی بە زمانی ئینگلیسی باس لەوە دەکات کە حەزی ئەکادیمیایی ئەو، یەکەم جار کاتێک دروست بوو کە زانیاریی لەسەر توێژینەوەکانی رۆژهەڵاتناسیی ئەورووپی بەدەست هێنا و بە شێوەیەکی چالاکانە تێیدا بەشدار بوو. ئەم نووسینە باسی ئەوە دەکات کە پرۆسەی کاری رۆشنبیرانەی وەهبی دەتوانرێت بە گەڕانەوە بۆ بەکار هێنانی چەمکی ‟ناوچەی تێکەڵاوی و تەماس” لە لایەن ‟عارف درلیک”ەوە، شی بکرێتەوە کە ئەم چەمکە دواتر لە ناو دەقی پەیوەندیی نێوان رۆشنبیرە رۆژهەڵاتناسە ئۆروپایی-ئەمریکایی و بەنگالی و چینییەکاندا پەرەی پێ درا. بە واتایەکی دیکە، پێدەچێت دەست پێراگەیشتنی وەهبی بە زمانە ئەوروپاییەکان و ئەو توێژینەوانە کە بە گشتی لەم زمانانەدا بەرهەم دەهاتن و بە تایبەت هاوکاریکردنی ئەو لەگەڵ رۆژهەڵاتناسە بەریتانیاییەکان، لە هەوڵدانیدا بۆ چاکسازیی زمانی کوردی کاریگەریی زۆر گرینگی بووبێت.

وشە سەرەکییەکان

*تەوفیق وەهبی، زمانی کوردی، ناوچەی پەیوەندی، زمانەوانی*

## پێشەکی

سەدەی درێژی نۆزدەیەم ئەستێلێک بوو لە دروستبوونی جیهانی مۆدێرن چونکە ‘‘رۆژاوا’’ بوو بە هێزی ئابووری و رامیاریی جیهانی و لە ئیمپراتۆرییەکانی ئیسلامی و چینی باشتر کاری دەکرد. کۆتاییی ئەم سەدە درێژە، دارمانی ئیمپراتۆریی عوسمانی و دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوە نوێیەکان و دەسەڵاتی راستەوخۆی فەرانسی و بەریتانی لە ‘‘رۆژهەڵاتی ناوەراست’’ی لێ کەوتەوە. هەر وەک چۆن کۆتاییهاتنی ئیمپراتۆری، توندوتیژیی لەگەڵە، دەستپێکی دەسەڵاتی ئیمپریالیش توندوتیژانە بوو. بە تایبەت عێراقێکی نوێ کە لە ساڵی ۱۹۲۰ دروست بوو، شەڕێکی بێ بەزەییانەی بە خۆیەوە بینی: ‘‘خوێناویترین شەڕەکان لە عێراق روویان دا کە نزیکەی ۶۰۰،۰۰۰ کەس -کە دەبوو بە ۲۰ لە سەدی دانیشتووانەکەی- بە دژی ئەرتەشی بەریتانیا هەستانەوە کە ئەو ئەرتەشە دەیویست بە زۆرەملی بیانکات بە وڵاتێکی کۆلۆنیالی’’[۲]. نرخی تۆمارکراوی ئەم شەڕە ‘‘لەوانەیە گیانی ۱۰،۰۰۰ خەڵکی بە رەچەڵەک عێراقی، ۴۵۰ سەربازی بەریتانی و خەساری ۴۰ ملیۆن پۆندی’’[۳] بووبێت. هەر وا کە لە بیرەوەرییەکانی رەفیق حیلمی (۱۸۹۸-۱۹۶۰)دا هاتووە، نووسین و خوێندنەوەی گشتیی شیعرە نەتەوەییە وروژێنەرەکان، لە دروست بوونی هەستی نەتەوەیی لە دڵی خەڵکی عەرەب بە دژی بەریتانیا[۴] کاریگەرییەکی زۆری هەبوو. کچی رەفیق حیلمی، پاکیزە (۱۹۲۴-۲۰۰۳) کە دامەزرێنەر و سەرۆکی بەشی کوردی لە

زانکۆی بەغدا بوو، بیرەوەرییەکانی بە چیرۆکی لەدایکبوونی دەست پێ دەکات کە لە ڕۆژێکی هەینی لە مانگی ئایار لە ساڵی ١٩٢٤ لە دایک دەبێت پاش ئەوەی کە دایکی لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێک لە بۆمبارانی بەریتانیا هەڵدێن و پەنا دەبەنە ئەشکەوتێک لە سووورداشی سلێمانی. پاکیزە ئاماژە دەکات کە هاتنە سەر دنیا لە ئەشکەوتێک لە ژێر هەڕەشەی بۆمبارانی بەریتانیا "کارەساتێکی مێژوویيە" چ بۆ ژیانی خۆی و چ بۆ ژیانی خەڵکی کورد[5]. هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، نە تەنیا لەبەر بوونی ڕۆژاواییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکوو لەبەر بوونی ڕۆژهەڵاتییەکانیش لە وڵاتانی ڕۆژاوا، ئەو ناوچەیە هێنرابووە خولگەی ڕامیاری، کلتوری و ئابووریی ڕۆژاوا. لەگەڵ ئەوەشدا پاش کۆتاییهاتنی شەڕە مەزنەکە، دەستدرێژیی ڕۆژاواییەکان بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر بوویەوە. ئەوەی فرانتز فانۆن بە شێوازێکی ژیرانە لە دەقی ماداگاسکاردا دەیبینێت، بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دروستە: "...چی دیکە مالاگاسی بە تەنیا بوونی نیە ... مالاگاسی لەگەڵ ئەوروپییەکان بوونی هەیە"[6] هاوکات لەگەڵ زیاتر بوونی بیرۆکەی ڕۆژاوایی لە ناو دڵ و مێشکی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕابردوو، زمان، کلتور و شوناس لەم ناوچەیە بە زەق کردنی پۆلێنە زمانەوانی-ڕەچەڵەکییەکان دووبارە قاڵب ئەگرێت و دەگێڕدرێتەوە[7]. هەر چەند دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێت کە ئەم پۆلێنانە لە جیاتی ئەوەی بە ئاسانی لە ڕۆژاوا هاوردە بکرێن، لە ڕێگای مامەڵەکردن و یاخود گۆڕانکارییەکانی ئەو نەوە فرەزمانانەی نووسەرەکان، شاعیرەکان و سیاسەتمەدارەکان کە لە سەردەمی کۆتاییەکانی عوسمانی، قاجار و ڕۆمانۆڤ لە دایک بوون و گەورە بوون وەک وڵامێک بۆ هەلومەرجە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکان لە ئامیز گیران[8]. لە سەردەمی دواتری نەتەوە-دەوڵەت، کلتوور و شوناسی نوێ بە گەڕانەوە بۆ ڕابردووی خەیاڵیی زۆر کۆن دروست بوون. هەروەها لەگەڵ ئەوەی زمانەکان تووشی پاراوبوون دەبوون، دەستنووسی لاتین وەک ئامرازێکی گەیاندن کەلکی لێ وەردەگیرا[9]. ئەم وتارە چیرۆکی تەوفیق وەهبی[10] تاوتوێ دەکات کە لە ئیمپراتۆریی عوسمانی (١٨٩١-١٩١٨) دەستی پێ کرد، لە عێراق (١٩١٨-١٩٥٨) بەردەوام بوو و لە بەریتانیای مەزن (١٩٥٨-١٩٨٤) کۆتاییی پێ هات. سەرەڕای کارە بەناوبانگەکانی، بە داخەوە کارەکانی وەهبی ئەو سەرنجە توێژەرانەیەی شایانی بوو، بۆ خۆی ڕانەکێشا[11]. جگە لە پارچە نووسراوەیەکی کورت لەسەر کارەکانی[12]، سەرچاوە بەردەستەکان تەنیا کورتەیەک لە ژیاننامەی و لیستی کارەکانی بەدەستەوە دەدەن[13]. لەم نووسینەدا، سەرەتا تیشک دەخەمە سەر چەمکی ناوچە پەیوەندییەکان. دواتر توێژینەوەیەک لە چیرۆکی زمانی کوردی لە سەردەمی دوایی ئیمپراتۆریی تا سەردەمی دەوڵەت-نەتەوە باس دەکەم. بەشی سێیەمی ئەم نووسراوەیە سەرنجی وەهبی لەسەر چاکسازیی زمانی کوردی باس دەکات. پێداگریی سەرەکیی ئەم وتارە لەسەر ئەوەیە کە ژیاننامەی ڕۆشنبیریی وەهبی پێویستە لە دەقی بەرهەمی زانیاریی ڕۆژهەڵاتناسیدا جێ بکرێتەوە کە لەو شوێن و کاتە جیهانییەدایە کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کراوە.

## ناوچەی پەیوەندی

توندوتیژی لە بنەمای ڕووبەڕوو بوونەوەی

کورد و بەریتانی، بوونی هەبوو؛ هەر وەک پاکیزە خۆی تێدا دەبینێتەوە کاتێک کە لە ناو ئەشکەوتێک، لە ژێر بۆمبارانی بەریتانییەکان لەدایک بوو. بەڵام ئەوە تەنیا شێوازی پەیوەندیی کورد و بەریتانی نەبوو. بەرهەمی هاوبەشی زانیاری لەسەر کوردەکانیش، توانیی ئەم دوو نەتەوەیە لە یەک نزیک بکاتەوە. هەر لەم خاڵەدایە کە کەڵکوەرگرتنی عارف دیرلک لە چەمکی "ناوچەی پەیوەندی"، کە ئەویش لە "ماری لویتز پرات" وەری گرتووە، دەتوانێت یارمەتیی هەژمار کردنی ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزە بدات. دیرلک بە رخنە گرتن لە جیاوازیدانانی ڕاشکاوانەی ئێدوارد سەعید لە نێوان ناوچەی ڕۆژهەڵات و خۆرهەڵات، سەرنج دەخاتە سەر خۆراواییە ڕۆژهەڵاتی کراوەکان و ڕۆژهەڵاتییە خۆراوایی کراوەکان کە پێی دەوترێت ناوچەی پەیوەندییەکان. دیرلک دەڵێت:

لە جیاتی ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکان وەک بەرهەمێکی ڕەسەنی مۆدێرنیتەی ئەورووپی سەیر بکرێن، ژیرانەتر وایە وەک بەرهەمێکی "ناوچەی پەیوەندییەکان" سەیر بکرێن کە ئەورووپییەکان ڕووبەڕووی نا ئەورووپییەکان دەبنەوە، کە لەوێدا مۆدێرنیتەیەکی ئەورووپی بەرهەم دێت و مۆدێرنیتەکانی دیکە کاتێک دەچنە نێو وێژمانی مۆدێرنیتە، وەک ئەوی دیکەیەک ئاڵنگاریی ئەم مۆدێرنیتەیە دەکەن. من دەستەواژەی "ناوچەی پەیوەندی" لە ماری لویتز پرات بە قەرز وەردەگرم کە ئەو وەک "شوێنی ڕووبەڕوو بوونەوەی کۆلۆنیال، ئەو شوێنەی خەڵکانێک کە بە جوگرافیا و مێژوو لە یەک جیاوازن، پێکەوە پەیوەندییان دەبێت و پەیوەندییەکی بەردەوام دروست دەکەن کە بە زۆری دۆخەکەی بێزار کردن، بنەڕەتخواز بوون، نابەرابەری و ناکۆکییەکی لاسارانە لە خۆ دەگرێت" پێناسەی دەکات[14].

دیرلک بە پێداگری لەوەی "ناوچەی پەیوەندی تەنیا ناوچەیەکی زاڵبوون نیە، بەڵکوو ناوچەیەکە بۆ ئاڵوگۆڕکردن تەنانەت ئەگەر ئەم ئاڵوگۆڕکردنە نابەرابەر بێت" نموونەیەکی تایبەت لە ئاڵوگۆڕ کردنی نیوان ڕۆژهەڵاتناسە بەریتانییەکان و ڕۆشنبیرە بەنگالییەکان دێنێتەوە:

یەکێک لە نموونە هەرە سەرنجڕاکێشەکان لەو شتەی من لە مێشکمدا هەمە ئەو شتەیە کە بە ڕێنیسانسی بەنگالی ناسراوە کە بریتییە لە دۆزینەوەی نەریتە هیندووییەکان لە لایەن ڕۆشنبیرە بەنگالییەکان لە سەدەی نۆزدەیەمدا. ڕۆژهەڵاتناسی بەریتانی چ بە ڕێگەپێدانی توێژینەوە نوێکراوەکانی دەقە دێرینەکانی هیندوویی و چ بە وەرگێرانیان، ڕۆڵی سەرەکییان لە ڕێنیسانسی بەنگالیدا هەبوو کە بوو بە هۆکاری ئەوەی ڕۆشنبیرە بەنگالییەکان حەز بەم دەقانە بکەن[16].

نموونەیەکی دیکە، پەیوەندیی نێوان چینییەکان و ئەورووپی-ئەمریکییەکانە: ئەو شتەی بۆ هەموان باو بوو، دووبارە نووسینەوەی مێژووی چین بوو بە هێنانی ئەو وێنە، چەمک و پێوانانە لە هۆشیارییەکی سەردەمیانەی بیرۆکەکانی (ڕۆژاوایی)، لەوانەش (جوگرافیای فرەخەیاڵ)ی ڕۆژهەڵاتناسی، کە پێکنەرێکی بنچینەیی بوون. ئەم هۆشیارییە، ئێستا نەک تەنیا بە هۆی گەرانی ئەورووپی-ئەمریکییەکان لە چین، بەڵکوو لە حاڵەتی تایبەت بە جەزویت Jesuit، بە گەرانی چینییەکان لە دەرەوەی وڵات دروست بوو[17].

هاوشێوەی حاڵەتی هاوکاریی چینی ڕۆشنبیری کوردی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسەکانی فەرانسی و سۆڤیەتی لە بەرهەمهێنانی زانیاری لەسەر کورد[18]، چیرۆکی وەهبی پاڵپشتە بۆ تێبینییەکانی دیرلک لەسەر پەیوەندیی ڕۆژهەڵاتناسە ڕۆژاواییەکان لەگەڵ ڕۆشنبیرە بەنگالی و

چینییەکان. دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە بەریتانییەکان تەنیا سەرقاڵی بۆمبارانی ناوچە کوردییەکان نەبوون بەڵکوو -وەک پاکیزە باسی لێ دەکات- حەزیان لە بووژانەوەی زمانی کوردییش بوو[19]. بۆ نموونە بالیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا لە ساڵی ١٩٤٢گۆڤارێکی بڵاو کردووە بە ناوی دەنگی گێتیی تازە[20]. دوو بەرپرسی بەریتانی قۆناغی ناوەندیی گەشەپێدانی زمانی کوردییان داگیر کرد: ئێ. بێ. سەون و سی. جەی. ئێدمۆندز. سەون دوو ڕۆژنامەی بڵاو کردووە بە ناوەکانی تێگەیشتنی ڕاستی لە بەغدا لە ١٩١٨-١٩١٩ و پێشکەوتن لە سلێمانی لە ١٩٢٠-١٩٢٢[21]. سەون هەروەها هەوڵی پاراو کردنی کوردیی دا[22]. لە ڕاستیدا بانگەوازی هاوکاری لە پێشکەوتن خوێنەرانی خۆی هان دا بۆ ئەوەی بە کوردییەکی پاراو بنووسن و هاوکات ئاگاداری کردنەوە کە ئەوانەی نووسینەکانیان ڕادەستی ڕۆژنامەکە دەکەن، بە نەقدی پارە وەردەگرن[23]. وەهبی باس لەوە دەکات سەون حەزی لە زمانی کوردی بوو و کەسێک بوو کە ڕێگای کردووە بۆ پەرەسەندنی زاراوە کوردییە جیاوازەکانی سلێمانی[24]. سەون نموونەیەکی بەرچاوی ئەوروپییەکی ڕۆژهەڵاتیکراوە لە ناوچەی پەیوەندی؛ هەر وەک لە سەرگوزەشتی گەشتەکانی خۆی باسی ئاڵوگۆڕە سەرنجڕاکێشەکانی لەگەڵ کۆنسوڵی گشتیی ئێران لە ئەستەمبوڵ و گەشتیارە ئەوروپییەکان دەکات[25]. ئەو ناوی غوڵامحوسەین بۆ خۆی هەڵدەبژێرێت کە "تەنیا لە ناو پارسەکان دەبینرا"[26]. هۆکاری گۆڕینی دەگەڕایەوە بۆ پابەندبوونی بە گەشەپێدان بە زمانەکە:

لێرەدا پاش سێ ساڵ خوێندنەوەی ئایینی پارسەکان، من ئایینی خۆم بۆ ئیسلام گۆڕی. من لێرەدا نامەوێ باس لەوە بکەم کە تا چ ڕادەیەک قەناعەتم بە ڕاستی یان ئایینی ئیسلام هێناوە و بە هیچ شێوازێک نامەوی بڵێم کە بە قەناعەت گەیشتووم. گەر لە ڕووکەشی دەرەوە ئیسلامی نەبوومایە هیچکات نەمدەتوانی زمانەکە، کە زۆر جیا نەکراوە لە ئایینەکە، فێر بم (ئەم بەشە تۆخکراوەیە بۆی زیاد کراوە)[27].

هەروەها ئێدمۆندز بە بڵاو کردنەوەی چەند کارێک لەسەر زمانی کوردی لە قوتابخانەی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥١ و ١٩٥٧ وەک مامۆستای کوردی خزمەتی کرد[28]. وەهبی چەند کارێکی ئێدمۆندزی وەرگێڕا بە زمانی کوردی و ئێدمۆندز لە بڵاوکراوەکانی سوپاسی وەهبیی کرد[29]. ئێدمۆندز بە ناو بردن لە وەهبی وەک "هاوڕێیەکی زۆر باش" ئاماژەی بەوە کرد "پێزانینێک بە وەهبی قەرزدارە بۆ یارمەتیدان و ڕینوێنیکردنی لە بەردەوام بوون" لە فێربوونی زمانی کوردی[30]. بەشداربوونی وەهبی لە خوێندنی ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپی، ڕەنگدانەوەی لەو ڕاستییە هەبوو کە هاوکاریکردنی لەگەڵ سۆمەر (ژۆرناڵێک لەسەر شوێنەوارناسی لە عێراق)، بە نووسینی وتارێک بە ناونیشانی "پەیکەری بەردی لە ئەشکەوتی گوندوک"، لەو سەردەمەدا لە خوێندنەکانی شوێنەوارناسیی ڕۆژاوا باس دەکرا[31]. هەروەها وەهبی سەرچاوە شوێنەوارناسییەکانی لەگەڵ شوێنەوارناس و پەرتووکخانەکانی ئەوروپا هاوبەش کرد[32]. کە کرا بە ئەندامی کۆمەڵگەی ئاسیایی شاهانەی بەریتانیای مەزن و ئیرلەند[33] بە پێشکەشکردنی وتار و ڕەخنەی پەرتووکەکان، هاوکاری کۆبوونەوەکانیان دەبوو[34]. بەشداربوونی لە سەرچاوەکانی خوێندنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتناسی لە

ئاماژەکان یان وتنەوەکانی ناو کارەکانی ڕەنگدانەوەی هەبوو. لەگەڵ سەرچاوەکانی ڕۆمی و یۆنانی و زانیارینامەی ئیسلام، دەتوانرێت ناوی زانایانێک وەک تیسەرانت، دووڤاڵ، سترابەو، لوسکۆت، دارمێستەتەر، بار و مان ببینرێت[۳۵]. وەهبی لە نووسینەکانی دیکەیدا ڕخنە لە کارەکانی ڕاولینسۆن و مەککێنزی دەگرێت[۳۶].

## زمانی کوردی

کوردەکان بە شێوەیەکی گشتی تا شەڕی جیهانیی یەکەم دانیشتووی سنوورەکانی نێوان ئیمپراتۆریی عوسمانی، تزارەکانی ڕووسی و قاجارەکانی ئێرانی بوون. لە سەردەمی نەتەوە-دەوڵەت، خاکی کوردەکان هاتە ژێر دەسەڵاتداریی پێنج دەوڵەت. لە ئیمپراتۆرییەوە بۆ نەتەوە-دەوڵەت، ڕۆشنبیر و رامیارەکان بیرۆکەی کۆلۆنیای ڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتناسییان بە خەڵکانی لە پەراوێزدا ناساند لەوانەش کوردەکان. هەڵسوکەوتی تایبەت بە ناوەندی دوا ئیمپراتۆریی عوسمانی بە چەمکەکانی "ڕۆژهەڵاتناسیی عوسمانی" و "کۆلۆنیالیزمی عوسمانی" چووە ژێر تاوتوێیەکی وردەوە[۳۷]. لە لایەکی دیکەوە، ئەزموونی کوردی لە سەردەمی نەتەوە-دەوڵەت وەک "کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی" و "کۆلۆنیالیزمی دایکایەتی" لە نێوان کارەکانی دیکەوە شی کرایەوە[۳۸].

لە نێوان نیشانە دانەرەکانی شوناسی کوردی، زمانی کوردی شوێنێکی تایبەتی هەیە[۳۹]. پێویستە بە ئاماژە کردن نییە کە ئەو زمانەی کەسێک قسەی پێ دەکات هەمووکات دەرخەری ڕەچەڵەک یان خود نەژادی شیاوی ئەو نییە. لەم دەقەدا نابێت بەمە بهەژێین کە : "یەکەم 'دەقی' شیاو بە زمانی کوردی، دوعایەکی چوار دێڕی موژدەبەری کریستیانییە کە بە تیپی ئەرمەنی نووسراوە و لە دەقێکی گەورەتری ئەرمەنی سەدەی پازدەیەمدا دۆزراوەتەوە"[۴۰]. کۆنترین کار لەسەر زمانی کوردی بە قەڵەمی مامۆستا ئەحمەدی خانی و ئێلی تەرەماخی نووسراوە[۴۱]. ئێلی تەرەماخی، "فەرهەنگێکی کوردی-عەرەبی"ی بۆ منداڵان نووسی و ئەحمەدی خانی ڕێزمانی کوردیی نووسی. دواتر ئەورووپییەکانیش پەیوەستیان بوون، لەوانەش موژدەبەری ئیتالی مائۆریتزۆ گارتیۆنی کە یەکەم ڕێزمانی کوردیی لە ڕۆم لە ١٧٨٧ نووسی.

لە ئیمپراتۆریی عوسمانی لە سەدەی نۆزدەیەم نووسراوە و چاپکراوە کلتوورییەکان بە زمانە جیاوازەکان، بە شێوازێکی بەرفراوان بڵاو کرانەوە[۴۲]. زمانی کوردییش یەکێک لەوانە بوو. ئینجیل بە زمانی کوردی وەرگێڕدرا، پەرتووکەکانی دوعا بە پیتی ئەرمەنی بڵاو کرانەوە[۴۳] و نووسینە فۆلکلۆرەکان لە ئەورووپا چاپ کرانەوە. یەکەم ڕۆژنامە بە زمانی کوردی بە ناوی کوردستان لە ١٨٩٨ لە قاهیرە[۴۴] وەک دەستپێکێک بوو بۆ ئەوەی "لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەم زمانی کوردی وەک زمانێکی ئەدەبی ڕێنێسانسێک بە خۆیەوە ببینێت"[۴۵]. ئەم ڕۆژنامە کوردییە، وەک ئامێرێکی گەیاندن بوو بۆ تێڕامان لە شێوازی پەرەسەندنی نووسینی کوردی. بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر، "تێگەیشتنی ڕاستی نووسراوەیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا باس لە پەرەسەندنی زمانی کوردی دەکات"[۴۶]. کلتووری بڵاوکراوەی کوردی لە بەغدای سەردەمی پاش عوسمانی گەشەی کرد و پرسی چاکسازیی زمانی کوردی لە دەیەکانی دواتر بەردەوام بوو[۴۷].

ڕۆڵگێڕی لە "هەستانەوەی نەتەوەیی"ی کورد لە لایەن ئەو چینە ڕۆشنبیرە کوردانەوە بوو کە لە دامەزراوە

پەروەردەییەکانی سەر شێوازی ڕۆژاوایی لە ئەستەمبوڵ، بەغدا و سلێمانی خوێندنییان تەواو کردبوو. کەسایەتییە عوسمانی-کوردەکان کە ڕۆڵی سەرەکییان لە ژیانی کلتووری و ڕامیاریی کورد هەبوو لە سەردەمی داوایین و پاش عوسمانییەکان بریتی بوون لە پیرەمێرد (١٨٦٧-١٩٥٠)، محەمەد ئەمین زەکی (١٨٨١-١٩٤٨)، تەوفیق وەهبی (١٨٩١-١٩٨٤)، ڕەفیق حیلمی (١٨٩٨-١٩٦٠)، جەلادەت بەدرخان (١٨٩٣-١٩٥١) و کامران بەدرخان (١٨٩٥-١٩٧٨). لەگەڵ سەرهەڵدانی زمانی کوردی وەک زمانێکی بێ دەوڵەت لە دارمانی ئیمپراتۆریی عوسمانی، ئەم کەسانە پەرەیان بە زمان، ئەدەب و مێژووی کورد لە دیمەشق، بەیرووت، بەغدا و سلێمانی دا. ئەو ناوەندانەی لە بەرەی گەشەپێدانی زمانی کوردی بوون، بریتی بوون لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتی، سووریا و لوبنانی ژێر فەرمانی فەرەنسا و عێراقی ژێر فەرمانی بەریتانیا. ئەو سەرچاوە کوردییانەی لەو ناوەندانەی دوایی بڵاو کرانەوە، سەرنجی توێژەرانیان بۆ خۆیان ڕاکێشا[٤٨]. بەڵام جگە لە کارەکانی جەی. ئەندرو بوش، جۆن ئی. بولۆک، میشێیل لیزێنبێرگ و کریستین ئەلیسۆن، سەرچاوە کوردییەکانی بەغدا و هەرێمی کوردستان لە عێراق بە کەمی توێژینەوەیان لەسەر کراوە.

عێراق لەبەر ئەوەی دانیشتووانی کوردی زۆرتر بوو و ئەو کوردانە تا ڕادەیەک تێگەیشتنییان لە ڕامیاری هەبوو، لە ناو هەر سێ دەوڵەتە پاشماوەکەی ئیمپراتۆریی عوسمانی، بەرچاوتر بوو. بە هۆی ئەم تێگەیشتنە، زمانی کوردی "بەحکوومەتی کرا" کە پێناسەکەی دەکاتە ئەوەی "لە پرۆسەیەکدا ئەو زمانە دەکرێت بە بابەتێکی زانیاری و جێگای سەرنجی حکوومەت"[٤٩].

ڕۆڵی ناوازەی عێراق لەم بارەیەوە بەم شێوازە باس دەکرێت:

لە سەرەتای ١٩٢٦، سەرۆکوەزیرانی عێراق ڕایگەیاند ئەو فەرمانبەرانەی لە ناوچە کوردییەکان دەبێ کورد بن و دەبێ کوردی و عەرەبی زمانی فەرمیی ئەو ناوچانە بێت و منداڵانی کورد دەبێ بە زمانی کوردی بکەونە بەر خوێندن. هەرچەندە ئەم بەندە دەستوورییانە بە نابەدڵییەوە جێبەجێ کران، بەڵام زۆر لە جێی خۆیەتی باس بکرێت کە بە پێچەوانەی دۆخە سەرکوتکەرانەکەی ئێران و تورکیا، لانیکەم تا نیوەی دەیەی ١٩٧٠، نەژادە جیاوازەکانی کوردەکان کەم یا زۆر لە لایەن حکومەتەکانی عێراقییەوە، زۆرتر دانیان پێدا نرا یان لانیکەم نکۆڵییان لێ نەکرا و کوردە بەهرەمەندەکان، وەک وەزیر لە زۆرینەی حکوومەتەکان چ پاشایی و چ ڕێژیمە شۆڕشییەکان خزمەتییان کرد[٥٠].

بەغدا وەک ناوەندێک بوو بۆ چاپکردن، بڵاو کردنەوە و پەروەردەیەکی زانکۆییی کوردی. گۆڤاری مانگانەی کلتووری و ئەدەبیی گەلاوێژ (١٩٣٩-١٩٤٩) "وەک باشترین ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەسف کرا"٥١، کارە برشتدارەکانی توێژەر عەلائەددین سەجادی[٥٢]، ڕادیۆ کوردیی بەغدا، بەشی کوردیی زانکۆی بەغدا و چاپکراوەکانی ئەکادێمیای کوردیی کۆڕی زانیاری کورد، هەمووی لە بەغدا بەردەست بوون. بە داخەوە، جگە لە وتارەکانی جۆن. ئی. بولۆک لەسەر ڕادیۆ کوردیی بەغدا، هیچ توێژینەوەیەک لەسەر هیچ یەک لەو بابەتانە نەکراوە.

کە سەیری بەسەرهاتی زمانی کوردی لە سەردەمی نەتەوە-دەوڵەت دەکرێت، چەمکی زمانەوانییش شایەنی سەرنجە. ڕۆبێرت فیلیپسۆن زمانەوانی بەم شێوازە پێناسە دەکات: "ئەو ئایدیۆلۆژییانە، بنیاتانە و کارتێکردنانەی

کە بۆ ڕەوایی‌پێدان، ڕاپەڕاندن و بەرهەمهێنانی یەک بەشی نابەرابەر لە هێز و سەرچاوە (هەم ماددی و هەم نا ماددی) بەکار دێن، لە نێوان ئەو گرووپانەی لەسەر بنەمای زمان پێناسە کراون"[٥٣]. بە سەیرکردن لەو ڕا و بۆچوونانەی تا ئەمڕۆ لەسەر زمانی کوردی هەبووە، مانیفێستێکی زمانەوانی دەردەخات کە لە نکۆڵیکردن لە بوونی کوردی وەک زمانێک، تا توانای ئەو زمانە لە بەکاربردنی بۆ نووسین دەگۆڕێن. بۆ بەرچاورووونی، نووسەرێک لە دوا سەردەمی عوسمانیدا بیرۆکەی خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانە حکومییەکان ڕەت دەکاتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوە بووە کە: "زمانی کوردی پەرتووکی ڕێزمان، فەرهەنگ و پەرتووکی دیکەی نەبوو"[٥٤]. وتارێک لە "تێگەیشتنی ڕاستی"دا باس لەوە دەکات کە ئەکادیمیستە ئەورووپییەکان و نووسەرانی تورک دەڵێن کوردەکان ئەدەبیان نییە بەڵام ئەوان "ئەدەبێکی ناسک، فەرەنگ و شیرین"[٥٥] یان هەیە. پێدەچێت کوردی لە خوێندنی ڕۆژاوایی سەردەمیانە ڕەوتێکی باشتری نەبووە. ئەمیر حەسەن پوور و هاوڕێکانی لە پێشەکیی ژمارەیەکی تایبەت لە گۆڤاری نێودەوڵەتیی کۆمەڵناسیی زمان بە زمانی کوردی، چیرۆکی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک "زمانکوژی" پێناسە دەکەن کە لە سەرەتای دامەزراندنی گۆڤارەکە لە ١٩٧٤[٥٦] تا ئەو کاتە، هیچ وتارێک سەبارەت بە زمانی کوردیی تێدا نەبووە. نووسەرەکانی بە "بۆنەیەک لەسەر مێژووی توێژینەوەی زمانی کوردی" ناوزەدی دەکەن: "لە وەڵاوەنانی زمانی کوردی، گۆڤاری نێودەوڵەتیی کۆمەڵناسیی زمان تەنیا نیە"[٥٧]. ئامانجی من ئەوەیە کە لە ڕێگای ئەکادیمیاییەوە خزمەتی ئەم زمانە بکەم[٥٨]: تەوفیق وەهبی و کوردی بەشێک لە ژیاننامەی وەهبی کە تەنیا بە زمانی ئینگلیسییە بەم شێوازە باسی کارەکەی دەکات .

ڕامیارێکی کوردی خەڵکی سلێمانی. ئەو لە شارەکەی خۆی، بەغدا (بیبینە)، قوتابخانەی تەواو کرد و دواتر چوو بۆ کۆلێژی سەربازی لە ئەستەمبوڵ. لە ئەرتەشی عوسمانی بوو بە کەپتەن. پاش شەڕی جیهانیی یەکەم، وەک یاوەری شێخ مەحمودی حەفید خزمەتی کرد. پاش شکەستی یەکەم ڕاپەڕینی شێخ، ئەو پەیوەست بوو بە ئەرتەشی عێراق کە لەوێدا پلەی بەرز بوویەوە بۆ سەرهەنگ. هەروەها وەهبی لە کۆلێژی سەربازی وانەی وتەوە و بوو بە بەڕێوەبەری ئەو کۆلێژە لە ساڵی ١٩٢٣. لە ساڵی ١٩٣٠ کرا بە پارێزگاری سلێمانی، بەڵام هەر زوو دوای ئەوە نێردرا بۆ لوبنان. لە ١٩٣٥ گوازرایەوە بۆ کەرتی مەدەنی، کە لەوانەیە لە ئەنجامی چالاکییە کوردییە ناسیۆنالیستییەکانی بووبێت. لە ساڵی ١٩٣٦ لە حکومەتی بەکر سدیق (بیبینە)[٥٩] کرا بە پارێزگاری سلێمانی. دوابەدوای ئەوە، وەهبی لە کابینەکانی حەمدی ئەلپاچەچی، ساڵح جابر و تەوفیق ئەلسوەیدی[٦٠] بوو بە وەزیری ئابووری (٤ حوزەیرانی ١٩٤٤- کانوونی دووەمی ١٩٤٦)، وەزیری پەروەردە (١٩ ئازاری ١٩٤٧-٢٧ کانوونی دووەمی ١٩٤٨) و وەزیری کار و باری کۆمەڵایەتی (٥ شوباتی ١٩٥٠- ١٥ ئەیلولی ١٩٥٠). ئەو هەروەها بەڕێوەبەری گشتیی ڕووپێوی زەوی لە ساڵی ١٩٤٢ [٦١] و ئەندام پەرلەمانی عێراقی بوو. وەهبی ژیانی هاوسەرگیریی لەگەڵ ئاسیە تەوفیق وەهبی پێکهێنا کە سەرۆکی یەکێتیی ژنانی عێراق[٦٢] و سەرۆکی لقی ژنانی کۆمەڵگەی پاراستنی منداڵان لە دەیەی ١٩٤٠[٦٣] بوو. پاش ڕاپەڕینی ١٩٥٨، ئەوان لە بەریتانیای مەزن بوون بە پەنابەر[٦٤]. وەهبی لە ساڵی ١٩٨٤ لە لەندەن کۆچی دوایی کرد[٦٥].

چاپ کراوە سەرەتاییەکانی وەهبی

پێدەچن وەرگێڕانی شێرلۆک هۆمز بێت بە تورکیی عوسمانی. ئەو لە پشتی بڵاو بوونەوەی هەر سێ گۆڤاری کوردی، عەرەبی و ئینگلیسی بوو: دەنگی گێتیی تازە، ئەلکاتب و توێژینەوە کوردییەکان/کوردیکا. تەنیا یەک ژمارە لە هەر کام لە دوو گۆڤارە ئاخرەکە بڵاو بوویەوە.

پێدەچێت گۆڤاری توێژینەوە کوردییەکان یەکەم گۆڤاری ئینگلیسی بەم ناوە بێت. وەهبی هاوکاریی ئەم گۆڤار و ڕۆژنامە کوردی، عەرەبی و ئینگلیسییانەی کردووە: "پێشکەوتن، دیاریی کوردستان، ژیان، ژین، گەلاوێژ، دەنگی گێتیی تازە، سومەر، گۆڤاری ئەکادێمیی عێراقی، ئەلکاتب، گۆڤاری یەکێتیی ژنانی عێراقی، ئەلتەقەدوم/پێشکەوتن، شەفەق، عیرفانی سەیدایی لوبنان، کۆڕی زانیاری کورد، ئەلتەئخی، پەروەردە و زانست، کوردستان (١٩٦٥)، توێژینەوە کوردییەکان/کوردیکا (١٩٦٨)[٦٦]، هاوار و گۆڤاری کۆمەڵگەی ئاسیایی شاهانەی بەریتانیای مەزن و ئیرلەند". وەهبی لەگەڵ محەمەد ئەمین زەکی دامەزرێنەری ڕادیۆ کوردیی بەغدا بوون لە ساڵی ١٩٣٩٦٦. هەروەها وەهبی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئەکادێمیی زانستەکانی عێراقی بوو لە ساڵی ١٩٤٨ و وەک جێگری سەرۆک لەوێ خزمەتی کرد[٦٧]. کۆکراوەیەک لە پەڕتووکەکان و هەندێک شمەکی تایبەتیی ئەو وەک مەدالیا و تێنووسەکانی، گوازرایەوە بۆ ناوەندی ژین بۆ بەڵگەمەندکردن و توێژینەوە لە سلێمانی.

لە خوێندنەوەی ژیاننامەی وەهبی، یەکەم خاڵ کە دەبێ سەرنجی پێ بدرێت پرسی سەرچاوەکانە. هەرچەندە بەغدا لە دوای دەیەی ١٩٢٠ بەملاوە، ناوەندێکی پێشەنگ بوو بۆ چاپکردن، وانە وتنەوە و بڵاوکراوە کوردییەکان، بەڵام بەدەستهێنانی سەرچاوە هەر بەکێشەیە. ناوەندی ژین بۆ بەڵگەمەندکردن و توێژینەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە سلێمانی دامەزرا و دەستی کردووە بە کۆکردنەوە و بەخولاو کردن و لەبەردەستدانانی تۆمارە ڕەنگی، دەنگی و نووسراوە کوردییەکان. یەکێک لە دامەزرێنەران و بەڕێوەبەریانی ئێستای ناوەندی ژین، ڕەفیق ساڵح، بۆ یەکەم جار سەرجەم کارە عەرەبییەکانی وەهبیی لە ساڵی ٢٠٠٦ چاپ و بڵاو کردەوە. ساڵح لەم دواییەدا سەرقاڵی کار کردن بووە لەسەر سەرجەم کارە کوردی، عەرەبی و ئینگلیسییەکانی وەهبی. تا ئێستا دوو بەرگ بە کوردی و یەک بەرگ بە عەرەبی هاتووەتە دەرەوە[٦٨]. یەک بەرگی دیکەی عەرەبی کە بیرەوەرییەکانیشی لەخۆ دەگرێت خەریکە ئامادە دەبێت.

سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی جیانەکراوە، چاوپێکەوتنێکە کە ئەمیر حەسەنپووری کۆچکردوو لەگەڵ وەهبی لە ماڵەکەیدا لە لەندەن لە ٢٨ی تەمووزی ١٩٧٦ ئەنجامی داوە. هەم فایلی دەنگی و هەم ڕوونووسی چاوپێکەوتنەکە بەردەستە[٦٩]. پاکیزە ڕەفیق حیلمی-ش لە ساڵی ١٩٧١ لە لەندەن لەگەڵ وەهبی چاوپێکەوتنی ئەنجام دا و چاوپێکەوتنەکە لە ڕادیۆ بەغدا بڵاو بوویەوە[٧٠]. وەهبی حەزێکی بەردەوامی هەبوو بۆ توێژینەوەی زمانی کوردی. لە چاوپێکەوتنەکەی حەسەنپوور لەگەڵیدا دەڵێت: "من ئەندام پەرلەمانێک بووم؛ سێناتۆرێک بووم. هێشتا شتێک جگە لە کوردی لە مێشکمدا بوونی نیە"[٧١]. گەورەترین گرنگی بەوە دەدا کە ئەلفوبێی عەرەبی بۆ کوردی بگونجێنێت. لە ساڵی ١٩٢٣ وەزیری پەروەردەی عێراق لە نامەیەکی فەرمیدا داوای لێ دەکات ڕێزمانی کوردی ئامادە بکات تا لە قوتابخانەکان بەکار بهێنرێت. ئەو وەک ڕۆشنبیرێکی

کورد، لە ناوچە پەیوەندییەکان کاری لەسەر ڕێزمانی کوردی کرد و لەسەر ڕێزمانی فەرەنسی مۆدێلەکەی دارشت. لە هەمان چاوپێکەوتنەدا دەڵێت کە لە پەڕتووکفرۆشییەک لە بەغدا، پەڕتووکێکی دۆزیوەتەوە کە وەرگێڕانی کوردیی ئێنجیلی تێدا بووە. لەو پەڕتووکەدا نیشانەگەلێکی جیاواز دەبینێت بۆ دەنگە جیاوازەکانی کوردی. هەوڵەکانی بۆ چاکسازیی ڕێنووسی عەرەبی لە لایەن دەوڵەتەوە پەسند نەکرا. "ساتیع ئەلحوسری" دەڵێت ئەوە کفرە کە ڕێنووسی قورئان بگۆڕدرێت. وەهبی بە ئاماژەکردن بە دیدارێکی لەگەڵ حوسری[٧٢] دەڵێت کە ئەو بە حوسریی گوتووە ئەو خاڵانەی لەسەر پیتە عەرەبییەکان دادەنرێن، دواتر لە سیریاکەوە بۆیان زیاد کراوە. ئەو دەڵێط هەرچەندە بڕوای هەیە کە قورئانی پیرۆز پەیامێکی خوداییە، بەڵام بڕوای بەوە نییە کە قورئان بکرێت بە بەربەستێک بۆ ئەدەب[٧٣].

ڕێزمانی ١٩٢٣ی وەهبی لە لایەن دەوڵەتەوە بڵاو نەکرایەوە؛ خۆی دواتر لە ساڵی ١٩٢٩ بە ناونیشانی دەستووری زمانی کوردی[٧٤] بڵاوی کردەوە. وەک نموونەیەک لەم پەڕتووکە، ئەو لەسەر پیتە عەرەبییەکانی و، ی، د، ل، ر، هەندێک نیشانەی دانا تا دەنگە کوردییەکان درووست بکات[٧٥]. ە. ر. گیب لە کارەکەیدا وەک "هەوڵێکی زۆر سەرنجڕاکێش بۆ دروستکردنی ڕێنووسی کوردی بە بەکارهێنانی ڕێنووسی چاکسازی کراوی عەرەبی"[٧٦] باسی دەکات. (بە عەرەبی داڕێژراوی) ئەم پەڕتووکە لە ساڵی ١٩٥٦ بڵاو کرایەوە. ئێدمۆندز لە پێداچوونەوەکەی خۆی بۆ ئەم ڤێرژنە دەڵێت: "یەکەم جارە ئەکادیمیسیەنێکی کورد کە لە کوردستان لەدایک بووە و گەورە بووە، هەوڵی دابێت بە مێتۆدی توێژینەوە ئەورووپییەکان، شیکاری بۆ زمانی خۆی بکات"[٧٧]. کارە گەورەکەی دواتری ئەوە بوو کە لەگەڵ ئێدمۆندز، "فەرهەنگێکی کوردی-ئینگلیسی"ی نووسی[٧٨]. ماککێنزی پێداچوونەوەی خۆی لە فەرهەنگەکە بڵاو کردەوە و وەک "نایاب"[٧٩] وەسفی کرد[٨٠].

وەهبی نەک تەنیا هەوڵی دا ڕێنووسی چاکسازیکراوی عەرەبی بۆ زمانی کوردی بگونجێنێت، بەڵکوو لە پەڕتووکی خوێندنی باو لە ١٩٣٣ پیتە لاتینییەکانی بۆ کوردی بەکار هێنا[٨١]. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە لە سەردەمی نێوان شەڕەکان، بە ڕۆمی کردنی زمانی کوردی لە سووریا و یەکێتیی سۆڤیەت دەستی پێ کردبوو. گۆڤاری فەڕانسی-کوردی جەلادەت بەدرخان بە ناوی هاوار (١٩٣٢-١٩٣٥، ١٩٤١-١٩٤٣) "پێوانە"یەکی بۆ کوردیی باکووری لە دەستنووسی لاتین دانا. جەلادەت بەدرخان و وەهبی لە ساڵی ١٩٢٩ لە دیمەشق یەکتریان بینی و ئەلفوبێی لاتینی یەکتریان بەراورد کرد. ئەوان بڕیاریان دا ڤێرژنێکی یەکگرتوو دەربهێنن و بڵاوی بکەنەوە. بەدرخان ئاماژە دەکات کە وەهبی دواتر گەڕایەوە عێراق بەڵام پەیوەندییەکەیان "بە هۆکاری ڕووداوی ناخۆش" پچڕا[٨٢]. یەکێکی دیکە لە کەسایەتییە دیارەکانی بە ڕۆمی کردنی زمانی کوردی، "ئیساک مۆراگولۆف" بوو کە ئەلفوبێی لاتینی کوردی لە ساڵی ١٩٢٩ لە یەکێتیی سۆڤیەت ئامادە کرد"[٨٣].

لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی خەمخۆریی وەهبی بۆ زمانی کوردی ئەوە بوو کە دڵنیا بێت زمانی کوردی بۆ قسەکەرانی زاراوە جیاوازە کوردییەکان جێگای تێگەیشتن بێت[٨٤]. دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێت کە جیناوی بکەری

کوردیی باکووری، "ئەز"، کە لە دەقە دێرینە کوردییەکاندا هەبوو و خەڵکی سلێمانی لەبیریان کردبوو[85]، لە لایەن وەهبییەوە پێشنیار کرا تا لە زاراوەی سلێمانی بەکار بهێنرێت[86]. لە وتارێک کە لە ساڵی ١٩٧٣ لە کۆڕی زانیاری کورد بڵاوی کردەوە، لیستێک بۆ داهێنانەوەی ئەم جێناوە لە ناو سێ لە پێشنیارەکانی خۆی بۆ دروستکردنی زمانی ئەدەبیی کوردی ئامادە دەکات[87]. هەروەها لە هەندێک لە نووسینەکانی خۆی بەکاریان دێنێت[88]. هەروەها جێگای سەرنجە کە وەهبی لە گەڕان بۆ مانای کوردیی وشە عەرەبییەکان، لە کوردیی زاراوەکانی دیکەش کەڵک وەردەگرێت تا لە کوردیی سلێمانی جێگا بکرێنەوە[89]. لە ڕاستیدا ئاوا بینراوە کە: "وەهبی ژمارەیەکی زۆر لە وشە بادینییەکانی ناساندووە. هەندێک لەم وشانە هەر زوو باو بوون..."[90] هەروەها چەندین وشەی نوێی داهێنا و هاوتا عەرەبییەکانیشی یان لە ناو کەوانە یان لە پەراوێزدا هێناوە[91]. ئەو پێشنیار دەدات کە چ وشەیەکی کوردی جێگەی چ وشەیەکی عەرەبی بگرێتەوە[92] و بیرۆکەی خۆی سەبارەت بەو بنەمایانەی دەبێ لە داهێنانی وشەی نوێ ڕەچاو بکرێن هاوبەش دەکات[93]. لە چەند ژمارەیەکی گەلاوێژ لە ساڵی ١٩٤٢ و ١٩٤٣ وەهبی بەشێک بە ناوی فەرهەنگی گەلاوێژ بڵاو دەکاتەوە کە تێیدا خشتەیەک لە وشە کوردییەکان بە هەر دوو ڕێنووسی عەرەبی و لاتین هاتووە و لە تەنیشتیاندا مانای عەرەبیی وشەکان نووسراوە[94].

## کۆتایی

لێکۆڵینەوەی ژیاننامەی کەسەکان بونیاتنەرە لەبەر ئەوەی ڕوانگەیەکی هەندێک جیاواز بەدەستەوە دەدات کە ڕەنگە لە گەڕانەوەکانی دیکەدا بوونی نەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرنجدان بە ژیاننامە، پێدەچێت بە تایبەت سەبارەت بە زمانی کوردی بەجێ بێت، بە هۆی ئەو ڕاستییەی کە خاوەنی "هێزێکی دەریایی و ئەرتەشێک" نییە. لەم چوارچێوەیەدا لێکۆڵینەوە لە کەسایەتیگەلێک وەک تەوفیق وەهبی زۆر گرنگترە. حەزی پێشترم لە بۆ بووژانەوەی کوردی لە سەردەمی نێوان شەڕەکاندا هەمان پرسی بۆ دروست کردم کە لە سلێمانی و بەغدا بەرجەستە دەبێت. لە ڕاستیدا ئەمە ئەو پرسیارە بوو کە منی هان دا لە ناو کارەکانی "وەهبی"دا بگەڕێم. لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەمدا بە داخەوە بۆم دەرکەوت کە ئەو بابەتێک بۆ تاقیکردنەوەی پسپۆڕانە نەبووە. هەر بۆیە ئامانجی ئەم وتارە ئەمەیە کە ئەم بێدەنگییە ئەکادیمیکە لەمەڕ کارەکانی وەهبی بشکێنرێت. بە ئەنجامدانی ئەم کارە تیشک دەخرێتە سەر دوو خاڵ. یەکەم ئەوەی لەگەڵ تێبینییەکانی عارف دیرلک، کە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان ڕۆژهەڵاتناسە ئەورووپی-ئەمریکییەکان و ڕۆشنبیرە بەنگاڵی و چینییەکان لە ناوچەی پەیوەندی بوو، دەگونجێت. وەهبی وەک ئەفسەرێکی عوسمانی-کورد کە لە کۆلێژی سەربازی لە ئەستەمبول خوێندنی تەواو کردبوو، زمانەکان و سەرچاوە ئەورووپییەکانی لەبەر دەست بوو. ئەمە زانیاری و بەشداریی چالاکانەی ئەو لە توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی ئەورووپی بوو کە هانی دا هەوڵی چاکسازیی زمانی کوردی بدات. دووەم ئەوەی کە لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی گوزار لە "ئیمپراتۆری"یەوە بۆ "پاش ئیمپراتۆری"، ژیانی وەهبی لە سەردەمی ئیمپراتۆریی عوسمانی دەستی

پـێ کرد و رووی دا؛ و دواتر لە سـەردەمی نەتەوە-دەوڵەتـی عێراقی ژێر دەسـەڵاتی ئیمپراتۆریـی بەریتانیا شـکڵی گرت.
پێدەچێـت گونجـاو بێـت گـەر ئـەم توێژینەوەیـە، بـە کێشـانی هێڵێکـی هاوتەریـب لـە نێـوان وەهبـی و کەسایەتییەکی ڕۆشـنبیری کـوردی دیکـە بـە نـاوی مێحمێـد ئەمیـن بۆزەرسـەلان (لەدایـک بـووی ١٩٣٤)[٩٥] کـە پێشـتر توێژینـەوەم لەسـەری کـردووە، ئـەم وتـارە بگەیەنمـە ئەنجـام. ئـەو کەسـێکی پێشـەنگ بـوو چونکـە یەکـەم پەرتووکـی خوێندنـی کوردیـی لـە تورکیـا لـە سـاڵی ١٩٦٨ بڵاو کـردەوە. هـەر لەبـەر ئەمـە دادگایـی کـرا و مـاوەی چـوار مانـگ لـە بەندیخانـە بـوو، و هـاوکات ئـەو ئەلفوبێیـە قەدەغەکـرا[٩٦]. لـە سـاڵی ١٩٧٩ تورکیـای بـەرەو وڵاتـی سـوید بەجێهێشـت و تـا ئەمـڕۆ، کاری زۆری لەسـەر دروسـتکردن، بووژانـەوە و بڵاوکردنـەوەی سـەرچاوە کوردییـەکان کـردووە. لـە نێـوان سـاڵانی ٢٠١١ تـا ٢٠٢١، فەرهەنگێکـی کوردیـی چـوار بەرگـی تـەواو کـرد کـە چـوار هـەزار لاپـەڕەی هەیـە[٩٧]. ئـەوەی کـە وەهبـی و بۆزەرسـەلان لـە دەیـەی ١٩٢٠ تـا سـەرەتای دەیـەی ٢٠٢٠ لـە بەغـدا، ئۆکسـفۆرد، ئەسـتەمبوڵ و ئوپسـالا ئەلفوبـێ و فەرهەنگیـان چـاپ کـردووە، زۆر جێـگای سـەرنجە؛ چونکـە چیرۆکـی سـەرو-نەتەوەییەکەیـان پێدەچێـت هاوتەریـب بێـت لەگـەڵ سەرگوزەشـتی ئـەو زەمانـەی بـە پەرۆشـەوە خۆیـان بـۆ ڕزگارکـردن و بووژانـەوەی تەرخـان کردبـوو.

*بەشی زانسـتی سیاسـی و بەڕێوەبەریی گشتی
زانستگای هاجەتتەپە، ئانکارا، تورکیە
metinyuksel@hacettepe.edu.tr

*گەیشـتن لە ١٠ی مارسی ٢٠٢٣، وەرگیران ٢ ی سـێپتامبری ٢٠٢٣، بڵاوبوونەوە لەسەر هێڵ لە ١٥ی دێسامبری ٢٠٢٣*

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

١. پێزانینـم هەیـە بـۆ ڕەفیق سـالح و سـدیق سـاڵح لـە ناوەنـدی ژین بۆ بەڵگەمەند کـردن و ئەنجامدانی توێژینەوە لـە سـلێمانی بـۆ ڕێنمایـی کردنم لە ئەنجامدانـی توێژینەوە و هاوبەشـکردنی زانیارییەکانیـان لەگـەڵ من. سوپاسـی سـتافی ناوەنـدی ژیـن دەکـەم بـۆ یارمەتیدانیان. زانکۆی هاجەتەپە و بەشـی زانسـتە ڕامیارییەکان و کارگێریی گشـتی ڕێگەیـان بە مـن دا مەودای پشـووی خوێندنـی خۆم لـە سـاڵەکانی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢ لـە ناوەندی ژین بەسـەر ببەم. فیلۆشـیپی پۆسـت دکتۆرای ٢٢١٩ بـۆ توێژینەوە کـە لە لایـەن ئەنجومەنی توێژینەوەی زانسـتی و تەکنەلۆژی تورکیا پێشـکەش دەکرا پاڵپشـتیی پـرۆژەی توێژینەوەکەمیان کرد. هەروەها سوپاسـی هـاوکارم ئەوێـن میللەر دەکـەم بۆ ئەو گفتوگۆ ئیلهامبەخشـانەی لـە ماوەی ئەم سـاڵانەدا پێکـەوە هەمانبـووە. هەروەها سوپاسـی یەعقـوب ئەحمـەد و ئێبـرو ئاکجاسـو دەکەم کە داوایـان لە من کرد هاوکاریی کارگە و ژمـارە تایبەتەکە بکەم. لـە کۆتاییدا حەز دەکەم سوپاسـی بینەرە نەناسـراوەکان بکەم بـۆ ڕاوبۆچوونیان. لە وەرگێرانـی لاتینی کوردی سـۆرانی من لـە ئەلفوبێی هـاوار کەڵـک وەردەگرم.

2. Jeremy Adelman, Elizabeth Pollard, and Robert Tignor, Worlds Together Worlds Apart: A History of the World from the Beginnings of Humankind to the Present (New York: W. W. Norton & Com- pany, 2021), 795.
3. William L. Cleveland and Martin

ter 1908," Die Welt des Islams 56, no. 3/4 (2016): 317–35.

9. Mehrdad Kia, "Mirza Fath Ali Akhundzade and the call for modernization of the Islamic world," Middle Eastern Studies 31, no. 3 (1995): 432.

10. His name appears as "Taufiq Wahby" in older English-language publications, including Wahbi's own writings. Throughout the article, I use "Tawfiq Wahbi."

11. Rafiq Salih notes that there is only one Arabic book on Wahbi: Hiwa Hamid Shareef, Taw- fiq Wahbi, 1891–1984: Hayatuhu wa Dawruhu al-Siyasi wa al-Thaqafi (al-Sulaimaniyya: Binkey Jîn, 2006).

12. Kozad Mihemed Ahmed, "Tofîq Wehbî: Zimannas, mêjûnûs û konenasî kemwêne," Rovar 72 (2013): 38–43.

13. Süleyman Çetin, Kovara Hawarê û Bandora Wê ya li ser Zimanê Kurdî (Van: Unpublished Mas- ter's Thesis at Yüzüncü Yıl University, 2016), 79–80; İbrahim S. Işık, A'dan Z'ye Kürtler: Kişiler- Kavramlar-Kurumlar (İstanbul: Nûbihar, 2022), 456.

14. Arif Dirlik, "Chinese history and the question of Orientalism," History and Theory 35, no. 4 (1996): 112.

15. Ibid., 112.

16. Ibid., 104.

17. Ibid., 107.

18. Michiel Leezenberg, "Soviet Kurdology and Kurdish Orientalism," in The Heritage of Soviet Ori- ental Studies, ed. Michael Kemper and

Bunton, A History of the Modern Middle East (Boulder, CO: Westview Press, 2009), 205.

4. Refîq Hîlmî, Yaddaşt: Kurdistanî Iraq û Şorrişekanî Şêx Mehmûd, edited and annotated by Mecîd Salih and Selaheddîn Aştî (Sine: Enteşarat-e Kordestan, 1399/2020), 250–62.

5. Pakîze Refîq Hîlmî, Kurd û Jiyanêkî Pirr Endêşe: Yaddaşt (Hewlêr, 2000), 15. I am grateful to Pakîze's sister Jîn Refîq Hîlmî for providing me with a signed copy of this precious and out-of- print memoir.

6. Frantz Fanon, Black Skin White Masks (London: Pluto Press, 2008), 72.

7. For an insightful analysis in the context of Iran, see: Reza Zia-Ebrahimi, The Emergence of Ira- nian Nationalism: Race and the Politics of Dislocation (New York: Columbia University Press, 2016).

8. For the political and intellectual journeys of Ahmet Ağaoğlu, Abdürreşid İbrahim, Sati al-Husri, and Şerif Paşa, see: A. Holly Shissler, Between Two Empires: Ahmet Ağaoğlu and the New Turkey (Lon- don and New York: I. B. Tauris, 2003); Selcuk Esenbel, "Japan's global claim to Asia and the world of Islam: Transnational nationalism and world power, 1900–1945," The American Historical Review 109, no. 4 (2004): 1140–70; Hamit Bozarslan, "The Ottomanism of the non-Turkish groups: The Arabs and the Kurds af-

26. Ibid., 255.
27. Ibid., 251.
28. Yann Richard, “Edmonds, C. J.,” Encyclopedia Iranica, https://www.iranicaonline.org/articles/ edmonds-c-j (accessed July 23, 2023).
29. C. J. Edmonds, “Prepositions and personal affixes in Southern Kurdish,” Bulletin of the School of Oriental and African Studies, University of London 17, no. 3 (1955): 490–91; C. J. Edmonds, “The beliefs and practices of the Ahl-i Ḥaqq of Iraq,” Iran 7 (1969): 89.
30. C. J. Edmonds, Kurds, Turks and Arabs: Politics, Travel and Research in Northeastern Iraq, 1919–1925
(London: Oxford University Press, 1957), 83.
31. André Parrot, “Sumer,” Syria, T. 27, Fasc. 1/2 (1950): 183; “Archaeological Digest,” American Journal of Archaeology 53, no. 4 (October–December 1949): 398; A. Pohl, “Keilschriftbibliogra-
phie: 12 (1. VII. 1948—1. III. 1949),” Orientalia 18, no. 3 (1949): 318.
32. Agnès Spycket and Maurice Lambert, “Notes bibliographiques,” Revue d’Assyriologie et d’Archéologie Orientale 50, no. 1 (1956): 56; “Presentations and additions to the library,” The Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland, no. 2 (October 1949): 237.
33. “Back Matter,” The Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland, no. 2 (1973): 231.

Stephan Conermann (London and New York: Routledge, 2011), 86–102; Jordi Tejel Gorgas, “The Kurdish cultural movement in mandatory Syria and Lebanon: An unfinished project of ‘national renaissance,’ 1932–46,” Iranian Studies 47, no. 5 (2014): 839–55.
19. For a sketch of these personalities with a focus on their published works on Kurds, see: Kar- zan Kareem Ameen, “British Colonialism and Kurds in Iraq: A Postcolonial Discourse through Textual Representations (1914–1958)” (Ph.D. diss., Sakarya University, 2022), 116–29.
20. The American Embassy also published a periodical called “Aga û Rûdawî Hefteyî” in Baghdad between 1946 and 1954.
21. Wahbi published one piece in Pêşkewtin.
22. Hîlmî, Yaddaşt, 216; Emîr Hesenpûr, Sedeyêk Xebat le Pênawî Zimanî Kurdî da: Tiyorî, Siyaset û Îdeolojî (Silêmanî: Le Billawkirawekanî Binkey Jîn, 2015), 163–4.
23. “Bo Zanîn,” Rojnamey Pêşkewtin: Yekemîn Rojnamey Silêmanî, eds. Rafiq Salih and Sidiq Salih
(Silêmanî: Binkey Jîn, 2012), 144.
24. Hesenpûr, Sedeyêk Xebat, 190.
25. E. B. Soane, To Mesopotamia and Kurdistan in Disguise: With Historical Notices of the Kurdish Tribes and the Chaldeans of Kurdistan (Boston: Small Maynard and Company Publishers, 1914), 6–8, 17–20.

34. “Anniversary Meeting,” The Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland, no. 3/4 (October 1959): 191; Taufiq Wahby, “The Kurdish Republic of 1946 by William Eagleton,” The Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland, no. 1/2 (April 1964): 56–57.
35. For example, see: Refîq Salih, ed. Sercemî Berhemî Tofîq Wehbî: Bergî Duwem, Beşî Yekem (Silê- manî: Binkey Jîn û Cemal Îrfan, 2022), 240–1, 295, 361, 371, 395.
36. Refîq Salih, ed. Sercemî Berhemî Tofîq Wehbî: Bergî Duwem, Beşî Duwem (Silêmanî: Binkey Jîn û Cemal Îrfan, 2022), 29–31; Taufiq Wahby, “The Origins of the Kurds and Their Language,” An Off-Print from the Magazine “Kurdistan” of KSSE, Nos: IX & X (1964): 1–16.
37. Thomas Kühn, “An imperial borderland as colony: Knowledge production and the elabora- tion of difference in Ottoman Yemen, 1872–1918,” The MIT Electronic Journal of Middle East Stud- ies 3 (Spring 2003): 4–16; Ussama Makdisi, “Ottoman Orientalism,” American Historical Review 107, no. 3 (2002): 768–96.
38. Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, “Interrogating the tribal: the aporia of ‘trib- alism’ in the sociological study of the Middle East,” The British Journal of Sociology 70, no. 5 (2019): 1799–824; Zeynep Turkyilmaz, “Maternal colonialism and Turkish woman’s burden in Dersim,” Journal of Women’s History 28, no. 3 (2016): 162–86.
39. To date, the most comprehensive reference work documenting the story of the Kurdish lan- guage is Amir Hassanpour’s book Nationalism and Language in Kurdistan, 1918–1985 (San Fran- cisco, NC: Mellen Research University Press, 1992).
40. Ergin Öpengin, “The History of Kurdish and the Development of Literary Kurmanji,” in The Cambridge History of the Kurds, ed. Hamit Bozarslan, Cengiz Güneş, and Veli Yadirgi (Cam- bridge: Cambridge University Press, 2021), 613.
41. For an article on Teremakhî, see: Michiel Leezenberg, “Elî Teremaxî and the vernaculariza- tion of medrese learning in Kurdistan,” Iranian Studies 47, no. 5 (2014): 713–33.
42. Sooyong Kim and Orit Bashkin, “Revisiting multilingualism in the Ottoman Empire,” Review of Middle East Studies 55, no. 1 (June 2021): 139–40.
43. Metin Yüksel, “Dengbêj, Mullah, Intelligentsia: The Survival and Revival of the Kurdish-Kur- manji Language in the Middle East, 1925–1960” (Ph.D. diss., University of Chicago, 2011), 167.
44. Janet Klein, “Journalism Beyond Borders: The Bedirkhans and the First Kurdish Gazette, 1898–1902,” in The Kurdish Question Revisited,

edited by Gareth Stansfield and Mohammed Sha- reef (Oxford: Oxford University Press, 2017), 173–86.

45. Johann Strauss, "Language and Power in the Late Ottoman Empire," in Imperial Lineages and Legacies in the Eastern Mediterranean: Recording the Imprint of Roman, Byzantine and Ottoman Rule, ed. Rhoads Murphey (London: Routledge, 2017), 135.

46. "Bazî Istilahatî Kurdî," in Rojnamey Têgeyiştinî Rastî, 1918–1919: Yekemîn Rojnamey Kurdî le Iraq, eds. Rafiq Salih and Sidiq Salih (Silêmanî: Aras û Binkey Jîn, 2007), 219.

47. To illustrate, the poet Selam commented on Wahbi's works and Wahbi responded to him in
Dengî Gêtî Taze in 1944. Salih, Sercemî Berhemî Tofîq Wehbî: Bergî Duwem, Beşî Yekem, 330–7.

48. For example, see: Martin Strohmeier, Crucial Images in the Presentation of a Kurdish National Identity: Heroes and Patriots, Traitors and Foes (Leiden: Brill, 2003); Ronayî Önen, Ziman û Netew- esazî: Lêhûrbûnek li ser Kovara Hawarê (Stenbol: Peywend, 2018).

49. Michiel Leezenberg, "Vernacularization as Governmentalization: The Development of Kurd- ish in Mandate Iraq," in Arabic and Its Alternatives: Religious Minorities and Their Languages in the Emerging Nation-States of the Middle East (1920–1950), Vol. 5, ed. Heleen Murre-van den Berg, Karène Sanchez-Summerer and Tijmen Baarda (Leiden: Brill, 2020), 51.

50. Marion Farouk-Sluglett and Peter Sluglett, Iraq Since 1958: From Revolution to Dictatorship (Lon- don and New York: I. B. Tauris, 2001), 26.

51. Alan de L. Rush and Jane Priestland, ed., Records of Iraq, 1914–1966, Vol. 10 (Cambridge: Archive Editions, 2001), 663.

52. Metin Yüksel, "Elaeddîn Seccadî, kurdewarî and négritude," Journal of the University of Garmian
9 (2022): 131–40.

53. Robert Phillipson, Linguistic Imperialism (Oxford: Oxford University Press, 2012), 47.

54. Djene Rhys Bajalan, "Princes, pashas and patriots: The Kurdish intelligentsia, the Ottoman Empire and the national question (1908–1914)," British Journal of Middle Eastern Studies 43, no. 2 (2016): 150.

55. "Edebiyatî Kurd," in Rojnamey Têgeyiştinî Rastî, 1918–1919: Yekemîn Rojnamey Kurdî le Iraq, eds. Rafiq Salih and Sidiq Salih (Silêmanî: Aras û Binkey Jîn, 2007), 40.

56. Amir Hassanpour, Jaffer Sheyholislami, and Tove Skutnabb-Kangas, "Introduction: Kurdish: Linguicide, resistance and hope," International Journal of the Sociology of Language 217 (2012): 1–18.

57. Ibid., 1.

58. "Amancim xizmetî zimaneke ye, le rrêy zanistewe": Salih, Sercemî

Berhemî Tofîq Wehbî: Bergî Duwem, Beşî Yekem, 349.

59. Edmund Ghareeb, Historical Dictionary of Iraq (Maryland: Scarecrow Press, 2004), 242.

60. Ibid., 347–8, 350, 352. It should be noted that al-Suwaydi's memoirs are available in English translation. Wahbi's name is cited only in passing and just once as "Tawfiq Wahbah": Tawfiq al-Suwaydi, My Memoirs: Half a Century of the History of Iraq and the Arab Cause (Boulder and London: Lynne Rienner Publishers, 2013), 406.

61. Ghareeb, Historical Dictionary of Iraq, 243.

62. Noga Efrati, Women in Iraq: Past Meets Present (Columbia: Columbia University Press, 2012), 65.

63. Ibid., 198. Present during Hassanpour's interview with Wahbi, she made a few short remarks in Arabic.

64. R. L. Symonds, "César Wahby," British Medical Journal 357 (May 8, 2017–May 14, 2017), 1.

65. Salih, Sercemî Berhemî Tofîq Wehbî: Bergî Duwem, Beşî Yekem, 10.

66. Ibid., 10.

67. Ibid., 10.

68.Rafiq Salih, ed., Sercemî Berhemî Tofîq Wehbî, I, II (Silêmanî: Binkey Jîn û Cemal Îrfan, 2022).

69. Hesenpûr, Sedeyêk Xebat, 157–206; Ravin Kamaran, "Witûwêj legell Tofîq Wehbî, Sazdanî Emîr Hesenpûr," YouTube: https://www.youtube.com/watch?v=7D8kZqXkE5M (accessed April 21, 2023). I am grateful to Hewa Salam Khalid for sharing this invaluable link in response to my inquiry on the Kurdish Studies Network on April 3, 2023.

70. Salih, Sercemî Berhemî Tofîq Wehbî: Bergî Duwem, Beşî Duwem, 252–6.

71. Hesenpûr, Sedeyêk Xebat, 185.

72. One should recall that Sati al-Husri made "attempts to undermine religious (especially Shi'i) and Kurdish-language schooling": Sara Pursley, "The stage of adolescence: Anticolonial time, youth insurgency, and the marriage crisis in Hashimite Iraq," History of the Present 3, no. 2 (Fall 2013): 175.

73. Hesenpûr, Sedeyêk Xebat, 161–2.

74. Salih, Sercemî Berhemî Tofîq Wehbî: Bergî Duwem, Beşî Yekem, 25–148; Hesenpûr, Sedeyêk Xebat, 163.

75. Salih, Sercemî Berhemî Tofîq Wehbî: Bergî Duwem, Beşî Yekem, 34. These signs are not found in the earlier Kurdish periodicals such as Bangî Kurd (Baghdad, 1914), Têgeyiştinî Rastî (Baghdad, 1918–1919), and Pêşkewtin (1920–1922).

76. H. A. R. Gibb, "Revue des études islamiques, Tome III–IV," Bulletin of the School of Oriental Studies, University of London 6, no. 4 (1932): 1014.

77. C. J. Edmonds, "Qawā'id al-lughat al-Kurdīya. Part I, ch. 1–2 by

Taufīq Wahbī," Bulletin of the School of Oriental and African Studies, University of London 19, no. 3 (1957): 593.
78. Taufiq Wahby and C. J. Edmonds, A Kurdish-English Dictionary (Oxford: Oxford University Press, 1966).
79. D. N. Mackenzie, "Manuel de kurde: dialecte Sorani by Joyce Blau," Bulletin of the School of Oriental and African Studies, University of London 44, no. 1 (1981): 173.
80. D. N. Mackenzie, "A Kurdish-English Dictionary by Taufiq Wahby and C. J. Edmonds," Bulletin of the School of Oriental and African Studies, University of London 30, no. 2 (1967): 412–3. For another review, see: A. Bodrogligeti, "A Kurdish-English Dictionary by Taufiq Wahby and C. J. Edmonds," The Journal of the Royal Asiatic Society of Great Britain and Ireland, no. 3/4 (October 1967): 152–5.
81. Salih, Sercemî Berhemî Tofîq Wehbî: Bergî Duwem, Beşî Yekem, 149–98.
82. Xweyîyê Hawarê, "Li ser yekîtiya zimanê kurdî," in Hawar, Vol. I, No. 1–23, ed. and translit. Fırat Cewerî (Stockholm: Nûdem, 1998), 212–13; 509.
83. Celîlê Celîl, 13 Rûpelên Balkêş Ji Dîroka Gelê Kurd (Wien: Înstîtûta Kurdzanîyê, 2002), 139–49.
84.Hesenpûr, Sedeyêk Xebat, 194–5.
85. Salih, Sercemî Berhemî Tofîq Wehbî: Bergî Duwem, Beşî Yekem, 371.
86. Hesenpûr, Sedeyêk Xebat, 189.
87. Salih, Sercemî Berhemî Tofîq Wehbî: Bergî Duwem, Beşî Yekem, 379–80.
88. Ibid., 360, 365.
89. Ibid., 351.
90. Jamal Jalal Abdulla, "Some Aspects of Language Purism among Kurdish Speakers" (Ph.D. diss., University of York, 1980), 144.
91. For two examples, see: "wata (yani)" and "tîp (harf)": Salih, Sercemî Berhemî Tofîq Wehbî: Bergî Duwem, Beşî Yekem, 245, 248.
92. Ibid., 321–25.
93. Ibid., 340–42.
94. Ferhengî Gelawêj is provided in one single whole in his complete works: Ibid., 409–24.
95. Metin Yüksel, "A 'revolutionary' Kurdish mullah from Turkey: Mehmed Emin Bozarslan and his intellectual evolution," The Muslim World 99, no. 2 (2009): 356–80.
96. Yüksel, "A 'revolutionary' Kurdish mullah," 360.
97. Mehmed Emin Bozarslan, Ferhenga Kurdi I, II, III, IV (İstanbul: Weşanên Deng, 2011, 2015, 2018, 2021).

# حاکمیت، دولت، شهروندی، بی‌دولتی و کورد: خوانشی ابتدایی*

خالد خیاطی**
ترجمه:
رینوار شرفکندی و هلگورد جوانمردی

## آغاز

در سال‌های اخیر، مفاهیمی مانند حاکمیت سیاسی و حقوقی، حاکمیت ملی و استقلال دولت-ملت در میان نخبگان و روشنفکران کورد، به‌ویژه در شرق کوردستان، به موضوع بحث و تأمل تبدیل شده‌اند. با این حال، می‌توان دریافت که این کنش‌های فکری تأثیر قابل توجهی در فضای مجازی داشته‌اند. این مباحث را می‌توان در سه محور اصلی مورد بررسی قرار داد:

**محور نخست:** در سطح نظری، هدف برجسته‌سازی مفهوم حاکمیت سیاسی/ملی و ترسیم آلترناتیوی نظری است که بتواند هم گفتمانی انتزاعی و هم الگویی برای کنش سیاسی و ملی در برابر استعمار و پروژه‌های استعماری دولت‌های فرادست ارائه دهد. این آلترناتیو می‌تواند نقشی آنتی‌تزگونه و رهایی‌بخش ایفا کند.

**محور دوم:** واکنشی است به سنت تاریخی و سیاسی‌ای که فرمول‌بندی‌هایی چون خودمختاری، فدرالیسم، کنفدرالیسم دموکراتیک، برادری خلق‌ها، تمرکززدایی و حتی اقدامات رفورمیستی را در دهه‌های اخیر در دستور کار سیاسی کوردها قرار داده است؛ گرچه این نسخه‌ها، نه‌تنها نتوانسته‌اند از سیطره نظم سیاسی ملت‌های فرادست خارج شوند، بلکه خواسته یا ناخواسته در روند استمرار پروژه‌های استعماری مشارکت داشته‌اند.

**محور سوم:** که پیش‌شرط تحقق دو هدف قبلی است، تولید یک دستگاه معرفتی و گفتمانی است که از هستی‌شناسی ایرانشهری گسست داشته باشد. معرفتی که تاکنون نقش بازتولید وضعیت استعماری را ایفا کرده و هدفش آسیمیلاسیون و حل فرهنگی و هویتی ملت کورد بوده است. این اپیستمولوژی فرادست در رادیکال‌ترین شکل خود از ابزارهای سخت در برابر فرودستان استفاده می‌کند و در شکل نرم‌تر، مسئله را به گونه‌ای دیگر صورت‌بندی می‌نماید: از جمله، القای جدایی‌ناپذیری هویت ایرانی و کوردی و فرمول‌بندی پروژه‌های وحدت‌طلبانه‌ای تحت عنوان «اپوزیسیون مشترک ایرانی» که در مجموع، پلتفرم‌هایی با محورهای حقوق بشر، برابری جنسیتی، مبارزه طبقاتی، دموکراسی، حکومت قانون و حقوق شهروندی یکسان در قالب حکومتی متمرکز ارائه می‌دهد.

در این میان، ویلیام بلاکستون (William Blackstone 1723-178) حقوق‌دان انگلیسی، از جمله متفکرانی است که تحلیلی مدرن از دولت و حاکمیت ارائه می‌دهد. از نگاه او، حاکمیت به معنای بالاترین سطح قدرت و اقتداری است که می‌تواند توسط حاکم، پادشاه یا حتی دولتی با ساختاری متفاوت اعمال شود.

ماکس وبر (Max Weber، ۱۸۶۴–۱۹۲۰) جامعه‌شناس آلمانی نیز دولت مدرن را نهادینه‌سازی همین حاکمیت می‌داند. در دیدگاه او، دولت مدرن در اشکال مختلف (سنتی، کاریزماتیک، قانونی) نوعی هژمونی سیاسی و حقوقی بر سوژه‌های درون مرزهای سرزمینی خود اعمال می‌کند، از جمله با انحصار در اعمال مشروع خشونت.

در این نظام، قدرت از طریق نهادهای خاص، خشونتی غیرمستقیم و ساختاری اعمال می‌شود؛ در حالی که در فرم سنتی‌تر، این خشونت به‌صورت فیزیکی

و مستقیم بروز می‌یابد.

حاکمیت داخلی و حاکمیت خارجی (در حقوق بین‌الملل)؛ بررسی مفاهیم

در آغاز این بخش، لازم می‌دانم به این اصل مهم اشاره کنم که هدف نگارنده، بررسی کامل و جامع تمام متون آکادمیک مرتبط با مفهوم حاکمیت نیست؛ هرچند شمار قابل توجهی از این منابع بر اصول کلی حاکمیت (Sovereignty) اتفاق نظر دارند. با این حال، همزمان بر سر برخی ابعاد سیاسی، حقوقی و تاریخی این مفهوم، اختلاف‌نظرهای اساسی وجود دارد.

هدف این نوشتار، با در نظر گرفتن این تفاوت‌ها، ارائه‌ی چارچوبی است که کارکردی مستقیم در حل مسئله‌ی حاکمیت داشته باشد.

با توجه به پیچیدگی‌ها و تفاوت دیدگاه‌ها در خصوص مفهوم حاکمیت، می‌توان به نمونه‌هایی در فلسفه حقوق جان آستین (John Austin, ۱۷۹۰–۱۸۵۹) اشاره کرد. او اگرچه حاکمیت را عمدتا مفهومی حقوقی و قانونی می‌دانست، اما آن را به روی حوزه‌های اخلاق، علوم اجتماعی و علوم سیاسی نیز گشوده می‌دید و این حوزه‌ها را در تبیین و درک محتوای حاکمیت مؤثر می دانست.

آشکار است که آستین در عصری می‌زیست که فقر، افسردگی، نابرابری شدید طبقاتی و فروپاشی اخلاق مسیحی، فضای فکری جامعه را تحت تأثیر قرار داده بود؛ از همین رو، اندیشمندان هم‌عصر او به دنبال ارزش‌های جایگزین و نوینی بودند. آستین نیز همانند بسیاری از متفکران هم‌دوره‌ی خود، نمی‌توانست نسبت به این بی‌عدالتی گسترده در جامعه‌اش بی‌تفاوت بماند. در همین راستا، تأثیر فلسفه‌ی فایده‌گرایی (Utilitarianism) که هدفش کاهش رنج و فقر انسانی بود، به‌روشنی در اندیشه‌های او دیده می‌شود.

در مقابل آستین، هانس کلسن (Hans Kelsen, ۱۸۸۱–۱۹۷۳)، فیلسوف و حقوق‌دان اتریشی-مجاری، مفهوم حاکمیت را از زمینه‌هایی چون اندیشه، اخلاق، سیاست، جامعه‌شناسی و علم تفکیک می‌کند و به دنبال تبیینی صرفا حقوقی از این مفهوم است.

با وجود این تفاوت رویکرد، هر دو اندیشمند معتقدند که حاکمیت، همچون هر پدیده‌ی سیاسی و حقوقی دیگر، دارای دو وجه داخلی و خارجی است:

در سطح داخلی، حاکمیت به معنای داشتن پولیتی (policy) یا وجود یک نهاد سیاسی و حقوقی (دولت یا پادشاهی) است که در بالاترین سطح ساختار قدرت، بدون محدودیت عمل می‌کند. هدف نهایی این نوع حاکمیت، تحقق اقتدار حقوقی سرزمینی بر جغرافیایی مشخص است؛ اقتداری که در برابر هیچ نهاد یا قدرت سازمان‌یافته‌ی دیگری پاسخ‌گو نباشد. این حاکمیت، سلطه بر تمامی اشکال سازمان‌یافته‌ی قدرت دولتی را در بر می‌گیرد که بر اعضای جامعه اعمال می‌شود.

در سطح خارجی، حاکمیت به اصولی نظیر اصل برابری حقوقی (Le principe de l'égalité juridique) میان کشورها اشاره دارد. هدف از این اصل، ایجاد توازن در قدرت و طراحی سازوکارهای حقوقی برای حفاظت از منافع ملت‌هایی است که در سطح حقوق بین‌الملل، به عنوان کشورهای دارای حاکمیت به رسمیت شناخته شده‌اند—even اگر از حیث نظامی یا اقتصادی ضعیف باشند.

این امر برای دفاع از تمامیت سیاسی، اقتصادی و هویتی کشورها، به‌ویژه در برابر تهدیدها و تجاوزهای احتمالی کشورهای قدرتمند، ضروری است.
به تعبیر کلسن، عملکرد داخلی و خارجی حاکمیت در ارتباطی ارگانیک و متقابل با یکدیگر قرار دارند. او تأکید می‌کند که حتی اعمال حقوقی داخلی مانند قانون اساسی، انتخابات یا رفراندوم می‌توانند در مشروعیت‌بخشی به حاکمیت و شکل‌دهی به آن، به‌ویژه در بعد بین‌المللی، نقش تعیین‌کننده‌ای داشته باشند. چنین کنش‌هایی، ملت را در چارچوب حقوق بین‌الملل به رسمیت می‌شناسند و وجود حاکمیت را از حیث حقوقی توضیح و تثبیت می‌کنند.
پدیده‌ای که گاهی درباره‌ی برخی ملت‌ها به چشم می‌خورد—ملت‌هایی که به عنوان «ملت بدون دولت» شناخته می‌شوند—نیز در همین چارچوب قابل تحلیل است.
این ملت‌ها برای رهایی از سلطه‌ی دولت-ملت‌های فرادست، به ابزارهایی چون انتخابات و رفراندوم متوسل شده‌اند. نمونه‌هایی از این کنش‌ها را می‌توان در رفراندوم کاتالان‌ها در اسپانیا، کوردها در عراق، اسکاتلندی‌ها در بریتانیا و مردم کبک در کانادا مشاهده کرد. چنین اقداماتی را می‌توان در پرتو همین تحلیل از مفهوم حاکمیت ارزیابی کرد
.

## اهداف و چارچوب موضوع

لازم به ذکر است که هدف این مقاله، تحلیل و ارزیابی مدل‌های سیاسی رایج در جنبش‌های سیاسی کوردستان از منظر تاریخی نیست. در اینجا مدل‌هایی مانند خودمختاری، فدرالیسم، کنفدرالیسم دموکراتیک، برادری ملت‌ها، و اصلاح‌طلبی مورد بحث قرار نمی‌گیرند—نه به این دلیل که فاقد بنیان نظری یا تئوریک هستند، بلکه به این دلیل که با هدف اصلی این نوشتار، که تمرکز بر خوانشی از مفهوم حاکمیت در تاریخ نظریه‌ی سیاسی و بررسی این مفهوم در پیوند با مقولاتی همچون شهروندی و دولت است، همخوانی ندارند.
البته این مدل‌ها تا جایی که با هدف اصلی مقاله در ارتباط باشند، ممکن است به‌صورت محدود مطرح شوند. همچنین باید یادآور شد که این نوشتار قصد ندارد به همه‌ی تعاریف متفاوت از حاکمیت که تحت عناوینی مانند حاکمیت سیاسی، حاکمیت قانونی، حاکمیت ملی و... در ادبیات نظری آمده‌اند، بپردازد.
مسائلی مانند اینکه کدام‌یک از این مفاهیم با مسئله‌ی کورد انطباق بیشتری دارد، یا از منظر اتیمولوژیک و سمانتیک دارای بار معنایی برجسته‌تری هستند، نیز در چارچوب این متن مورد بررسی قرار نمی‌گیرند.
ورود به این مباحث در این مرحله ضروری نیست و حتی می‌تواند با ریسک‌هایی همراه باشد. یکی از این ریسک‌ها آن است که این بحث‌ها در فضای روشنفکری کورد، به بستری برای تحلیل‌های گفتمانی، خوانش‌های ساختارشکنانه یا تأویل‌های هرمنوتیکی از جنس دریدایی (Jacques Derrida, ۱۹۳۰–۲۰۰۴) تبدیل شوند، یا در سطحی وسیع‌تر در قالب خوانش‌های پست‌مدرن قرار گیرند؛ رویکردهایی که به دنبال برجسته‌سازی لایه‌ها و نشانه‌های پنهان در متن هستند، اما در نهایت ممکن است مسئله را از

مسیر اصلی خود منحرف کرده و به نتایج بی‌انجام ختم کنند.

هدف این نوشتار آن نیست که بازتولید نوعی پلم سنتی درونی باشد که با اتکا به روش‌شناسی پست‌مدرن، به نظریه‌پردازی بپردازد. چرا که این‌گونه مناقشه‌ها، در بسیاری مواقع، ضدساختار، ضدکنش و در نهایت آسیب‌زننده به جنبش سیاسی کوردی هستند.

با این حال، این مقاله از هر تلاش نظری سازنده‌ای که با بهره‌گیری از ابزارهای سیاسی و تحلیل انتقادی روایت‌های مسلط، بتواند به بازخوانی دقیق‌تر مفهوم حاکمیت بپردازد، استقبال می‌کند.

شکل گرفت. در واقع، پژوهشگران روس به معنای واقعی کلمه، نخستین پیشگامان واقعی در عرصه کُردشناسی بودند.
مطالعات پژوهشگران روس و سپس شوروی، همه حوزه‌های زندگی خلق کُرد را مانند مردم‌شناسی، جغرافیا و قلمرو زیست گرفته تا فولکلور و ادب شفاهی در برگرفت. لازم است از پژوهشگران برجسته روس پ.ای. لرخ، و.ف. مینورسکی، و.پ. نیکیتین، ا.پ. ویلیچفسکی و ت.ف. آریستووا یاد کرد. این همانا دانشمند خاورشناس و کُردشناس حرفه‌ای روس و. ف. مینورسکی بود که از سوی ویراستاران علمی[۳۴] غربی به او سفارش نوشتن مقالاتی در باره کُردها برای دایره‌المعارف اسلامی معروف در تمام جهان داده شد.
در پایان باید گفت، تا به امروز هیچ نظر واحد و قطعی میان دانشمندان در این باره [خاستگاه کُردها] شکل نگرفته است، تنها فرضیه‌هایی مطرح هستند. با این حال، واقعیت‌ها خود گویای بسیاری چیزها هستند شمار فزاینده‌ای از کُردشناسان بر این باورند که کُردها کهن‌ترین ملت زاگرس، جمعیت بومی میان‌رودان و از بنیان‌گذاران تمدن در این منطقه بوده‌اند.

توجه

پاورقی‌های شماره ۲ و ۶ متعلق به نویسنده‌ی مقاله هستند.
افزوده‌های داخل [ ] در متن از مترجم است.
یکی از کاستی‌های این برگردان، نحوه‌ی نگارش اسامی خاص زبان‌های دیگر به زبان فارسی است؛ برای نمونه، حرف o ناگزیر به صورت u نوشته می‌شود. به همین دلیل، شیوه‌ی نگارش برخی از اسامی در این برگردان مانند بسیاری از مقالات و کتاب‌های فارسی کاملاً با صورت اصلی آن‌ها تطابق ندارد.در رسم‌الخط زبان کُردی بخاطر شمول حرکات عاریه گرفته شده عربی (فتحه، کسره، ضمه) یا تشدید و غیره در درون سیستم الفبائی چنین مشکلی وجود ندارد. در این برگردان برای تلفظ درست چنین واژه‌ای، در زیر نویس معادل روسی و فونتیک آنها با الفبای لاتین درج شده است.

1. Ethnonym
در جامعه شناسی اتنونیم به نامی گفته می‌شود که برای اشاره به یک گروه اتنیکی به کار می‌رود. این واژه نقش مهمی در درک چگونگی تعریف گروه‌ها از خود و نحوه‌ی درک آن‌ها توسط دیگران دارد. اتنونیم‌ها معمولاً به دو دسته تقسیم می‌شوند: "درون‌نام"" (Endonym) " که نامی است که خود گروه برای خود به کار می‌برد، و "برون‌نام" (Exonym) " که نامی است که دیگران برای آن گروه استفاده می‌کنند. در اینجا با توجه به نبودن معادل دقیقی به زبان فارسی برای این اصطلاح، از همان واژه اتنونیم استفاده شده است.

2. [ 11,16c.]
3. Кордух, Kordykh
4. Кордуена, Corduene, Kordy-ene
5. Этнос, Ethnos
6. [ 3,10c.]
7. Hecataeus of Miletus
8. Корди, Kordi
9. Корду, Kordu

10. Кардухи, Кордейцы, Корди, Kardukhi, Kordeans ,Kordi
11. Teshubتشــوب به عنــوان خداي آب و هــواي هوريهــا نيــز ناميده ميشــود.
12. Базикани; Дейсеми; Химдани. Bazikani; Deysemi; Himdani
13. Народностей: nationality, people, ethnic, national character
14. Exotic
15. Бад аль-Курди
ابــن خلــدون در مــورد بــاد الکــردی چنیــن می‌نویســد: کُــردان حمیــدی در نوحــی موصــل جــای داشــتند، یکــی از روســیای [روســای] معــروف آنــان امیربــاد بــود گوینــد کــه بــاد لقــب او بــود و ابــو عبداللــه حســین بــن دوســتک(در متــن عربــی ذوشــتک) بــود و بــرادرش ابــو عبداللــه حســین نــام داشــت. ایــن امیــر بــاد را شــدت و ســطوتی عظیــم بــود و قوافــل [کاروان‌هــا] را بــه وحشــت می‌انداخــت و هــر چــه از غــارت قوافــل بــه دســت مــی آورد در میــان افــراد عشــایر کــرد بــذل می‌کــرد، از ایــن رو شــمار یارانــش افــزون شــد.
تاریخ ابن خلدون، جلد ســوم، ص ۴۰۹، ترجمــه عبدالمحمد آیتی، پژوهشــگاه علوم انســانی و مطالعات فرهنگی تهران ۱۳۸۳.
۱۶. دیــن ایــزدی، یکــی از کهن‌تریــن ادیــان زنــده‌ی خاورمیانــه اســت کــه ریشــه‌هایی عمیــق در باورهــا و ســنت‌های پیشااســلامی داشــته، تلفیقــی از عناصــر ادیــان باســتانی ماننــد میترائیســم، زرتشــتی، مانــوی، و آیین‌هــای بین‌النهرینــی اســت. در دوره‌هــای بعــد، بــه ویــژه پــس از ورود اســلام بــه منطقــه، آییــن ایــزدی تأثیراتــی از اســلام، به‌ویــژه تصــوف گرفــت. شــخصیتی ماننــد شــیخ عــدی بــن مســافر (قــرن ۱۲ میــلادی)، کــه از چهره‌هــای صوفــی مســلمان بــود، در آییــن ایــزدی جایــگاه قدســی یافــت و آیین‌هــای او در دیــن ایــزدی جــذب شــد. بــه طــور کلــی، قدمــت هســته‌ی اصلــی آییــن ایــزدی بــه هــزاران ســال پیــش بازمی‌گــردد، گرچــه ســاختار فعلــی آن در قــرون وســطی (به‌ویــژه قــرن ۱۲ میــلادی) تثبیــت شــده اســت. کُردهــای ایــزدی بــه زبــان کُــردی ســخن می‌گوینــد، و زبــان محــاوره آنــان کُــردی کرمانجــی اســت.
۱۷. جان پولاد ســرتبار خاندان جُنبَلاط در لبنــان می‌باشــد. این خانــدان از جمله مهم‌ترین خانــدان دروزی مذهب بــوده، نقــش برجســته‌ای در صحنه سیاســی و دولتی لبنان ایفــا کرده‌اند. کمــال جنبــلاط پایــه گــزار حزب سوسیالیســت ترقی‌خواه در سال ۱۹۴۹ و نماینــده پارلمان لبنان بــود. او در ۱۶ مارس ســال ۱۹۷۷ ترور شد. مسئولیت این ترور به ســرتیپ ابراهیــم حویجه رئیس سابق شــعبه اداره اطلاعات جبله در ســوریه نســبت داده می‌شود.
18. Timişoara
19. بایلاوند ، بایله‌وند، باڵه‌وند Байлаванд, Baylavand
20. Протокурдские племена, Proto-Kurdish tribes
۲۱. سرزمین ماد در زبان ارمنی قدیم ( Մարաստան (Marastan))
۲۲. آرارات بزرگ
۲۳. هاکوپ ملیک-هاکوپیان

24. Художественно-этнографических очерков, Artistic and ethnographic essays
25. Айдаранли, aidaranli,
26. Шави, shavi
27. Мамекали, mamekali
28. Архи, archi
29. Корд, Kord
30. Евге́ний Гу́ставович Вейденба́ум
31. Куриты, курты
32. Манд, бакран, тиракан, бухти
33. Керад, Kerad
34. Учёные-редакторы, Scientists-editor

## سیاهه کتاب‌شناسی


۱. آریســـتووا ت. ف. کُردهـــای ماورای قفقاز، مســـکو: ۱۹۶۶.
۲. کتاب‌شناســـی کُردشناســـی// گردآورنده: ژ. موســـائلیان، مسکو. ۱۹۶۳.
۳. ویلچفســـکی او.، کُردهـــا. مقدمه‌ای ترجمه شـــده از زبان فرانســـوی، مسکو: ۱۹۶۴.
۴. گاللیاموف س.آ. آریایی‌های باســـتان و کُردســـتان جاودان، وچه[Veche]، ۲۰۰۷.
۵. زاگورنووا ی. و. ســـازمان‌های اجتماعی دیاسپورای کُرد، ۲۰۰۴.
۶. لازارف م. س. مســـاله کُـــرد (۱۸۹۱-۱۹۱۷)، مســـکو: ۱۹۷۲.
۷. لِرخ پ. ای. پژوهشـــی درباره کُردهای ایرانی و نیـــاکان خالدی‌های شـــمالی آنها، ســـن پترزبورگ: ۵۸-۱۸۵۶.
۸. منتشاشـــویلی آ.م. کُردها، مســـکو: ۱۹۸۴.
۹. مینورســـکی و.ف. کُردها. یادداشت‌ها و برداشـــت‌ها، پتروگراد، ۱۹۱۵.
۱۰. نیکیتین و. کُردها، مســـکو: پروگرس، ۱۹۶۴.
۱۱. اوگانیـــان پ. کُردهـــا در میـــان شـــعله‌های جنـــگ، مســـکو: ۲۰۰۵
12. www.ezdi.ru
13. www.izvestia.ru
14. www.kurdistanru
15. www.rbcdaily
16. www.sibnet.ru
17. www.travelask.ru
18. www.m.wikipedia
19. www.welatparkz.ru


سرچشـــمه: مســـائل مبرم علوم تاریخی، شماره ۶۷، سال ۲۰۲۳
برگرفته از ســـایت: https://kurdist.ru/

# ”ناساندنی کتێب“

## بەکارهێنان و وێنەی زمانی کوردی لە کوردستانی گەورە: لێکۆڵینەوەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لە لایەن کوردان لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریادا.

نیگار عەلی حوسێن



## پێشەکی:

ئەم کتێبە کە ناونیشانەکەی لەسەرەوە ئاماژەی پێ دراوە، بەشێکە لە تێزی دکتۆراکەم کە لە ژێر سەرپەرشتیاریی پرۆفیسۆر "کارمن ئەلێن گاراباتۆ" لە زانکۆی "پۆل ڤەلەری" لە شاری "مۆنپولیە" لە فەرەنسا ئامادە کرا و لە کۆتا مانگی ساڵی ٢٠٢٣ بەرگریی لێ کرا.

پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە لایەن ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، هانی اندام بۆ بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەکەم تا زۆرترین کەس بتوانن سوودی لێ وەربگرن. لە هەمان رۆژدا، پرۆفیسۆری فەخری "هانری بویە" پێشنیاری بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکەمی کرد لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی "سۆسیۆلانگویستیک" کە خۆیان بەرێوەی دەبەن. بەخۆشحاڵییەوە پێشنیارەکەیانم قەبوول کرد بەڵام پێویستی دەکرد دەستنووسەکەم کورت بکەمەوە. زانکۆی "پۆل ڤالێری" لە مۆنتپەلیە و هەروەها ئەنستیتوی کورد لە پاریس، تێچووی داراییی پرۆژەی بڵاوکرنەوەیان گرتە ئەستۆ. ئەوەبوو، لە مانگی ئازاری ٢٠٢٥ لە پاریس لە لایەن چاپەمەنی (هارمەتان - لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی سۆسیۆلانگویستیک) کتێبەکەم بە زمانی فەرەنسی بڵاوکرایەوە.

پێشەکیی کتێبەکە لە لایەن پرۆفیسۆر "سالیح ئەکین" نوسراوە. ناوبراو بە بەرهەمە بەنرخەکانی لە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت لەسەر بارودۆخی زمانەوانیی کوردی ناسراوە.

## ئامانجی زانستی و پرسەکانی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە خواستێکی قووڵەوە لە دایک بووە، ئەویش ئەوەیە کە دەنگی هاونیشتمانانم، لە هەر چوار پارچەی کوردستان، لەسەر زمانەکەمان بگەیەنم. بەو هیوایەی بتوانم بۆشاییەک، ئەگەر بچووکیش بێت، لە توێژینەوەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی کوردیدا پڕ بکەمەوە. ئامانجم ئەوەبوو دۆخی ئاڵۆزی زمانی کوردی لە هەر بەشێک لە بەشەکانی کوردستانی گەورە بخەمە بەرچاو. ئەوەش بە ڕێگای بەدواداچوون بۆ گرژییەکانی نێوان فرەچەشنی و یەکگرتوویی، زاڵبوون و بەرخۆدان، بێدەنگیی سەپێنراو، قسەکردن و بەکارهێنان و هتد.

لە رووی زانستییەوە، هەوڵمان دا ڕێبازێکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی رەخنەگرانە لەگەڵ ئەنترۆپۆلۆژیای زمان تێکەڵ بکەین. چوارچێوەی تیۆریی چەمکەکانی وەک پێگەی زمان، نوێنەرایەتیی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی – (بە سادەتر بڵێین- وێنەی زمان) و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی زمان، دیگلۆسیا، ئایدۆلۆژیای زمان، هەروەها چەمکەکانی زمان لە بەرخۆدان و زمان لە خەباتدا کۆدەکاتەوە.

هەوڵمان دا بزانین زەمینەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی تایبەت بە هەر پارچەکی کوردستان تا چەند کاریگەرن لەسەر قسەکردن و بەکارهێنانی زمانی کوردی لەناو کۆمەڵگەی کوردیی ئەورۆدا. هەروەها بزانین ئەو بارودۆخە جیاوازانە چۆن لەسەر وێنەی زمانەکە لای ئاخێوەران کاریگەر دەبن و

هەڵوێستیان بەرامبەر بە بارودۆخی ئێستای زمان و شوناسیان چۆن دەبێ؟ بەکورتی بڵێم، لە فەزایەکی پارچەپارچەکراوی کوردستاندا، کە هێشتا خواستێکی زۆر بۆ بەردەوامی و دانپێدانان بۆ زمانی کوردی هەیە، قسەکردن و بەکارهێنانی ئەو زمانە ئەمڕۆ مانای چییە؟
ئەم کتێبە لە ڕێگەی ڕوانگەیەکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی بەراوردکاری و ڕەخنەگرانەوە هەوڵ دەدات وڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوە و کاری مەیدانی:

بۆ گەڕان بە دوای وڵامدا، بڕیارمان دا خۆمان لە نزیکەوە پرسیارەکانمان ئاراستەی ئاخێوەرانی کوردی هەرچوار پارچەی کوردستان بکەین کە لە ناوکۆمەڵگای کوردیدا دەژین. هەر بۆ ئەم مەبەستەش، لە ساڵی ٢٠١٥، لە گەشتێکی سێ مانگە، بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی مەیدانی چووین بۆ شارەکانی (وان، مهاباد و هەولێر). لەبەر ناڵەباریی باری سیاسی لە ڕۆژئاوای کوردستان لەوکاتەدا، ناچار بووین ڕوو بکەینە دانیشتووانی کەمپەکانی کوردانی ڕۆژئاوا لە باشووری کوردستان.
بێگومان، پێش دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەی مەیدانی، بڕیارمان دابوو دوو شێواز و میتۆدی کۆکردنەوەی زانیاری هەڵبژێرین؛ ئەوانیش بریتی بوون لە چاوپێکەوتنی نیمچە ئاراستەکراو و پرسیارنامە. بەکارهێنانی ئەو دوو شێوازە لە توێژینەوەکانی بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا باون و ڕێگا بە کۆکردنەوەی زانیاریی زۆر و بە کوالیتیی باش دەدەن. دڵنیا بووین لەوەی ئەو دوو شێوازە تەواوکەری یەکترن و دەتوانین لە ڕێگایانەوە ئامانجەکانمان بەدی بهێنین.
سەرەتا پرسیارنامەکەمان بە زمانی فەرەنسی ، بە بەکارهێنانی زمانێکی سادە و دوورکەوتنەوە لە زاراوەی تەکنیکی یان زانستی، دارشت. بۆ ئەوەی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بتوانن بە بێ ئاستەنگی لە پرسیارەکان تێبگەن و وڵامیان بدەنەوە، بە پێویستمان زانی پرسیارنامەکە وەربگێڕینە سەر زمانە فەرمییەکانی ئەو وڵاتانەی کوردیان دابەش کردووە. واتا زمانی تورکی بۆ کوردانی باکوور، زمانی فارسی بۆ کوردانی ڕۆژهەڵات، زمانی عەرەبی بۆ کوردانی ڕۆژئاوا و زمانی کوردی (زاراوەی سۆرانی) بۆ کوردانی باشوور. سەبارەت بە زمانی چاوپێکەوتن، تەنها لە زمانی کوردی سوودمان وەرگرت.
لە کاتی کارە مەیدانییەکانماندا، تووشی چەندین بەربەست بووین، هەم پەیوەندییان بە پێگەی ئێمەوە وەک توێژەر و هەم وەک ئافرەت. نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی و خێزانی پێویستی دەکرد پیاوێک لەگەڵمان بێت بۆ ئەوەی بە ئازادی بتوانین بە ناوچەکاندا بگەڕێین. جگە لەوەش، بەو پێیەی مەسەلەی کورد لە ڕووی سیاسییەوە هەستیارە، بەتایبەت لە تورکیا و ئێران، ناچار بووین ئامانجی ڕاستەقینەی گەشتەکەمان بشارینەوە و وا نیشان بدەین کە ڕێبوارێکی سادەین بۆ گەشت و گوزەران هاتووین. ئەمەش ناچاری کردین نەتوانین سەبارەت بە شوێن و کاتی دابەشکردنی پرسیارەکانمان، پێشوەختە هیچ بڕیارێک بدەین. لەبەر ئەو هۆیە، ناچار بووم ڕێبازێکی هەڕەمەکی بگرمە

بەر. واتا هەر تاکێکی کورد- بێ گرنگیدان بە ڕەگەز، تەمەن، پیشە یان پلەی خوێندەواری- دەتوانێت لە لێکۆڵینەوەکەمان بەشداربێت.

سەرەڕای ئەو بەربەست و سەختییانەی ڕووبەڕوومان بوونە، بوونی ئێمە لە مەیدانەکەدا، نزیکبوونەوەمان لە پێکهاتە کوردییەکان و چاودێریی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگە، ڕێگەی پێ داین داتای باوەڕپێکراو کۆبکەینەوە و باشتر لەو واقیعە کۆمەڵایەتی و زمانەوانییانە تێبگەین کە وڵامدەرەوەکان ئەزموونیان کردووە.

لە دەرئەنجامدا، لە ڕێگەی ئەو دوو شێوازی ڕاپرسییەی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان هەڵبژێردران، توانیمان چوار گرووپی بەشداربووان دروست بکەین: گرووپی کوردانی باکوور، گرووپی کوردانی ڕۆژهەڵات، گرووپی کوردانی باشوور و گرووپی کوردانی ڕۆژئاوا.

دوای تاوتوێکردن و ئامادەکردنی داتا و زانیارییەکان بۆ شیکاری، کۆی قەبارەی گشتیی بەشداربووان بریتی بوو لە ٣٨٠ بەشداربوو، کە ١١٨ کوردی باکوور بوون، ٩١ کوردی ڕۆژهەڵات، ٨۶ کوردی باشوور و ٨٥ کوردی ڕۆژئاوا. دەتوانم بڵێم کۆی گشتیی بەشداربووان تا ڕادەیەکی باش ڕێگایان پێداین بۆ بەدەستهێنانی بڕێکی پێویست لە وڵام و زانیاریی جۆراوجۆر. لە پاڵ ئەوەش، چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ٢٢ کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان ئەنجام دا.

بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی شیکردنەوەی داتا و زانیارییەکان، سودمان لە چەند شێوازی شیکاری وەرگرت، وەک: شیکاریی ناوەڕۆک، شیکاریی بابەتی و شیکاریی بەراوردکاری. هەروەها بە بەکارهێنانی نەرمەکاڵای شیکاری بەناوی "سفانکس" کە لەو پرۆسەیەدا ئاسانکاریی زۆری کرد، بەتایبەت بۆ خستنەڕووی ئەنجامەکان بە چەندین شێوازی خشتە، گرافیک و خشتەی بەراوردکاری.

لە پاڵ ئەنجامە چەندایەتییەکان، ئەم کتێبە دەنگ دەداتە ژن، پیاو، گەنج، پیر، چالاکوان و بێکاران. کە هەموویان پەیوەندییەکی ناوازەیان لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە. لە ڕێگەی قسەکانیان و بێدەنگییەکانیانەوە، واقیعێک سەرهەڵدەدات: زمانی کوردی تەنیا ئامرازی پەیوەندیکردن نییە، بەڵکوو نیشاندەری شوناسە، جێگای یادەوەرییە و زۆرجاریش، زەمینەی خەباتە.

## بەشداریی زانستی و ڕەسەنایەتیی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە ڕێبازێکی زانستی و بەراوردکاری دەگرێتەبەر، لە یەکتربڕینی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی وئەنترۆپۆلۆژیای زمان. ڕەسەنایەتییەکەی بە پلەی یەکەم لە هەڵبژاردنی میتۆدۆلۆژییەکەیدایە: یەکێکە لەو لێکۆڵینەوە دەگمەنانەی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی سنووربەزێن دەگرێتە ئەستۆ. واتا، کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەکاتە ئامانج بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و بیروڕا.

توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر بوونی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زمان و شوناسدا، لە هەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزیی ئەو دۆخانەیە کە ئەزموون دەکرێن: لە نێوان دڵسۆزیی زمانەوانی و هاودەنگی، لە نێوان خواستی یەکگرتوویی و واقیعەکانی پارچەبوون، لە نێوان وابەستەیی کولتووری و سنووردارکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

بەکورتی، لەو لێکۆڵینەوەیەدا شیکاریی زمانەوانی و سیاسی تێکەڵ دەکەین

بۆ ئەوەی باشتر لە پەیوەندیی نێوان زمان و دەسەڵات و شوناس تێبگەین. هەروەها پردێک لە نێوان ئەو تیۆرییە زانستیانەی بەکار هێنراون و ئەو واقیعانەی کورد ئەزموونیان دەکات، دادەمەزرێنێت.

## پێکهاتە و ناوەڕۆکی کتێبەکە

کتێبەکە لە ٢٧٣ لاپەڕە پێک هاتووە کە بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش بووە و هەر بەشێکیش چەند چاپتەرێک لە خۆ دەگرێت، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بوون:

### بەشی یەکەم: چوارچێوەی مێژوویی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی (چاپتەری ١ تا ۴)

١) مێژووی گەلی کورد تا پارچەپارچەبوونی خاکەکەی لە نێوان تورکیا و ئێران و عێراق و سووریادا.
٢) باس لە چەمکی "کوردستانی گەورە" و داینامیکی شوناس و دابەشبوونە ناوخۆییەکان و فۆرمەکانی بەرخۆدانی سیاسی دەکات.
٣) تیشک دەخاتە سەر زمانی کوردی، زاراوە سەرەکییەکانی (کرمانجی، سۆرانی، زازاکی، گۆرانی)، سیستەمەکانی نووسینی کوردی، هەوڵەکان بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی.
۴) بەدواداچوون بۆ پێگەو شوێنی زمانی کوردی لە چوارچێوەی هەریەک لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەش کردووە.

### بەشی دووەم: ڕاپرسی و شیکاری (چاپتەری ۵ تا ١٠)

۵) میتۆدۆلۆژیای پەسەندکراو (پرسیارنامە، چاوپێکەوتن، سەرنجدانی ڕاستەوخۆ)، مەرجە تایبەتەکانی ڕاپرسییەکە (بەربەستە لۆجستییەکان، هەڵبژاردنی شارەکان، دابەشکردن) دەخاتە ڕوو.
٦) توانستی زمانەوانی و بەکارهێنانی زمان بە پێی کەس/شوێن/ چالاکی.
٧) نوێنەرایەتییەکانی زمانەوانی لای کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان: سۆز بۆ زمانی کوردی، وێنەی زمانی دایک و زمانی باڵادەست، کاریگەرییەکانی پەیوەندیی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی تر.
٨) پەیوەندیی نێوان کوردانی هەر چوار پارچە، بەربەستە زمانەوانییەکان و بەکارهێنانی زاراوە و ئەلفوبێی جیاواز و ڕۆڵی میدیای سنووربەزێن بۆ ئاسانکردنی پەیوەندی.
٩) زمان، ناسنامە و مافە کولتوورییەکانی کورد؛ دڵسۆزیی زمانەوانی، ترس و نائەمنیی زمانەوانی.
١٠) ئایندەی زمانی کوردی و هەلومەرجی پێویست بۆ مانەوە و پێشخستنی زمان.

### دەرئەنجام:

زمانی کوردی، لە نێوان پارچەپارچەبوون و ئومێدی هاوبەش کتێبەکە بە دەرئەنجامێکی گشتی کۆتایی دێت کە باس لە دینامیکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی زمانی کوردی دەکات لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، کە لەهەمان کاتدا، لە هەندێک شوێن، ڕووی لە فراوان بووندایە و لە هەندێک شوێنی تر، مەترسیی لەسەرە. توێژینەوەکە هەوڵ دەدا ڕۆشنایی بخاتە سەر بەکارهێنان و نوێنەرایەتییەکانی زمانی کوردی لە کوردستانی گەورەدا. دەرئەنجامەکان

ئەوە دەردەخەن کە زمانی کوردی پێکهاتەیەکی سەرەکیی ناسنامەی کوردە و لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکاندا بەکارهێنانێکی زۆری هەیە. بەڵام بارودۆخی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی زمانەکە ئاڵۆزە و بەپێی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژین جیاوازە. بەم شێوەیە ئەم لێکۆڵینەوەیە تیشک دەخاتە سەر ئاڵۆزیی پێگەی زمانی کوردی و دۆخی کۆمەڵایەتیی زمانەوانی لە کوردستانی گەورەدا.

لە کۆتاییدا، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە پاراستن و پێشخستنی زمانی کوردی، پرسێکی گرنگە بۆ ئایندەی کورد. لەراستیدا نەبوونی زمانێکی هاوبەشی کوردی ڕێگری لە پەیوەندیی نێوان زاراوە جیاوازەکانی کوردی دەکات و بەمجۆرە توانای خۆ ناساندنیان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی سنووردار دەکات. بۆیە گرنگ و پێویستە لەم ڕووەوە کار بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی کورد بتوانێت، بە ڕوونتر، دەنگی ببیسرێت و باشتر داکۆکی لە مافەکانی بکات.

لێکۆڵینەوەکەمان ئەوەش دووپات دەکاتەوە کە زمانی کوردی تا ئەورۆ زمانێکی زیندووە و لەگەڵ ئەو هەموو ئاستەنگیانەی کە بەدرێژایی ساڵان لە بەردەمیا بوونە و ماوونەتەوە، ئاخێوەرانی زۆرن. بەڵام ئەمڕۆ، لە سەردەمی بەجیهانیبوون، مەترسییەکان گەورە دەبن، بۆیە دەبێ کار لەسەر پاراستن و پەرەسەندنی زمانەکە بەردەوام بێت.

لێکۆڵینەوەکە ئەوەش دەردەخات کە فرەچەشنیی زمانی کوردی، لاوازی نییە، بەڵکوو دەوڵەمەندییە کە دەبێت دانپێدانان و بەهای پێ بدرێت.

سەرەڕای ئاستەنگەکان، دەبێت کوردان بەردەوام بن لە فێربوون و فێرکردن و گواستنەوەی زمانی کوردی.

هیوادارم ئەم کارە ببێتە پاڵنەرێک بۆ ئەو کەسانەی باسی زمان و ئایندەی زمانی کوردی دەخەنە ژێر پرسیارەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئیلهامبەخش بێت بۆ پرۆژەی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و چالاکی. ئەم کتێبە چارەسەری ئامادەکراو پێشکەش ناکات، بەڵکوو ڕێگاکان بۆ بیرکردنەوە دەکاتەوە، پرسیار دەوروژێنێت و بانگهێشتی گفتوگۆ دەکات. بەڵام قەناعەتێکی پتەو دەگەیەنێت: زمانی کوردی سامانێکی گشتییە کە دەبێت بپارێزرێت و پەروەردە بکرێت و بگوازرێتەوە.

# له بارەی لێرخ و سێ کتێبە بەناوبانگەکەی

## مەنسوور سدقی



لە نیوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، لە ئەکادیمیای زانستیی ئیمپراتۆریای رووسیا، کۆڵینەوە لە مێژوو، ئیتنۆگرافیا، زمان و وێژەی گەلی کورد گرنگی تایبەتی پێ دراوە. لە سایەی کۆڵینەوەکانی کوردناسان و ئێرانیناسانی ئەو سەردەمی رووسیا، کوردناسیی وەک بەشێک لە مەیدانی ئێرانیناسیی سەدەی ١٩، جێگەی بۆ کراوەتەوە و پەرەسەندنی سەربەخۆیانەی دەست پێ کردووە.
”پیۆتێر“ یان ”پیتەر ئیڤانۆڤیچ لێرخ“ وەک ئەندامێکی ئەکادیمیای زانستیی ئیمپراتۆریای رووسیا لە نیوەڕاستی سەدەی ١٩دا، سەرنج دەخاتە سەر زمانی کورد و مێژووەکەی و سێ ساڵ کاتی ئازادی خۆی بۆ کۆکردنەوەی بابەتی هەمەلایەنە و پەیوەست بەم بوارە تەرخان دەکات. بەشێکی ئەم توێژینەوەیە بە بڕیاری ئەکادیمیا وەک بەرگی یەکەم بە ناوی ”کۆڵینەوە لە کوردانی ئێرانی و کلدانییە باکوورییە هاوڕەچەڵەکەکانیان“ لە ساڵی ١٨٥٦دا بڵاو بووەتەوە. هەر لەم ساڵەدا بە ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەکادیمیا، ”پیۆتێر لێرخ“ سەردانی شاری ”ڕۆسلاڤڵ“ دەکات تاکوو لە نزیکەوە بە هاموشۆ دەگەڵ ژمارەیەک کورد کە لەوێندەرێ ڕاگیرابوون و لە شەڕ رووسیا و عوسمانیدا لە ناوچەی کافکاز بەدیلی گیرابوون، توێژینەوە لەسەر زمانی کوردی بکات. لە ئاکامدا، ”لێرخ“ کۆمەڵێک بابەت سەبارەت بە زمانی کوردی کۆ دەکاتەوە و دوو بەرگی دواتری توێژینەوەکانی تەنیا بۆ زمانی کوردی تەرخان دەکات و ئەکادیمیا لە ساڵی ١٨٥٧و ١٨٥٨، هەر بە ناوی ”کۆڵینەوە لە کوردانی ئێرانی و کلدانییە باکوورییە هاوڕەچەڵەکەکانیان“ چاپ و بڵاوی دەکاتەوە. ”لێرخ“ هاوکات هەر سێ بەرگەکە (٤٥٠ لاپەڕە) لە دوو بەرگدا (٣٨٠ لاپەڕە) کۆ دەکاتەوە و بە ناوی ”کۆڵینەوە لە کوردەکان و کلدانییە ئێرانییەکان“ بە زمانی ئەڵمانی وەری دەگێڕێت و ئەکادیمیای رووسیا لە ساڵی ١٨٥٨ هەر دووکیان چاپ و بڵاو کردووەتەوە. بەڵام دیاریی نەکردووە بۆ چی وازی لە ئێرانیبوونی کوردەکان و هەوڕەچەڵەکییان دەگەڵ کلدانییەکان هێنا بێت .

## سەبارەت بە پیۆتێر ئیڤانۆڤیچ لێرخ

”پیۆتێر ئیڤانۆڤیچ لێرخ“ {Peter von Lerch} لە ساڵی ١٨٢٨ لە شارۆچکەیەکی نزیک لە شاری هامبوورگی ئەڵمانیا، لەدایک بووە. خوێندنی باڵا لە ساڵی ١٨٥١ لە زانکۆی پیتربورگ تەواو کردووە و پلەی بەربژێریی بۆ دکتۆرا لە وێژەی ڕۆژهەڵاتی وەرگرتووە. لە سەرەتای ٥٠کاندا، خەریکی بەدواداچوون بۆ پرسی کورد دەبێت کە لە ژێر کاریگەریی شەڕی رووسیا و تورک لە ساڵانی ١٨٥٠-١٨٥٣دا لە رووسیا گرنگیی پێ درابوو.
لێرخ لە ساڵانی ١٨٦٩ و ١٨٧٤ لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی شوێنەوارناسان لە سویسرا و دانیمارک بەشدار بووە؛ بە بۆنەی بەڕێوەبردنی ئەرکە میرییەکان سەر شانی، هەروەها بەشداری دڵسۆزانە و لێهاتوویی لە دەستەبەرکردنی ئاکامە گرنگەکانی لە بواری کوردناسی و کۆڵینەوە لە مێژوو، شوێنەوارناسی، جوگرافیا، ئیتنۆگرافیا و زمانی گەلانی ئاسیای نیوەڕاست، (لە ئەنجوومەنی ڕاوێژکاراندا) ئەندامی ”فەخری“ و دواتر پلەی ڕاوێژکاریی میریی پێ دراوە.
لێرخ بەهۆی کاری کتێبداری لە کتێبخانەی کتێبە ڕۆژهەڵاتییەکانی ئەکادیمیا، تەواوی سەرچاوەکانی خوێندبووەوە، بۆیە وەک ”شارەزاترین کەس لە زمانە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی“

و "کاتالۆگی زیندووی بیبلیۆگرافیای ڕۆژهەڵات" بەناوبانگ بووە.

لێرخ لە ساڵی ١٨٧٦، بەهۆی نەخۆشی خانەنشین و بۆ نویژداری ڕەوانەی ئەڵمانیا کراوە و هەر لەوێندەرێ لە ساڵی ١٨٨٤ و لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا کۆچیدوایی کردووە.

**سەبارەت بە کتێبە سێ بەرگییەکەی لێرخ**

بەرگی یەکەم ١٣٦ لاپەڕەیە و بریتییە لە: پێشەکی، سەرەتا، خشتەی کتێب و وتار سەبارەت بە ژیانی کوردەواری، شێوازی ژیانی هۆزەکانی کورد، زمانی کوردی لە دونیای زانستیدا، ئاسەوارە نووسراوەکانی زمانی کوردی، دۆخی ئایینی هۆزە کوردە ئێزدییەکان، وردبوونەوە لە ژمارەی هۆزەکانی کورد (کوردانی تورکیا، کوردانی ژێر دەسەڵاتی ڕووسیا، کوردانی ژێر دەسەڵاتی پارس).

لە بەشی سەرەتادا لێرخ بەم بۆچوونەی "ئێرنست ئێدوارد کوونیک -Ernst Ed uard Kunik"، مێژوونووسی ئەڵمانی-ڕووسی دەست پێ دەکات: "بابەتی هۆزە کوردە ئێرانییەکان بۆ لێکۆڵینەوە گەلێک سەرنجڕاکێشە و تەنانەت تا ڕادەیەک دەتوانێت ڕۆشنایی بخاتە سەر مێژووی ئاشوور و بابل و ئاسیای بچووکیش". لەسەر ئەم بنەمایە دەڵێت: "پەیدابوونی باسێکی زانستی کە ئەو بۆچوونەی سەرەوەی لێ کەوتووەتەوە، هانی دام خۆم خەریکی کۆڵینەوە لە مێژووی کورد بکەم.

**لە بەشی خشتەی کتێب و وتار سەبارەت بە ژیان کوردەواری،** لە ١٥ لاپەڕەدا، ناونیشانی پتر لە ١٢٠ کتێب و وتارە بڵاوکراوەکانی ریز کردووە کە لە ماوەی پتر لە ٢٥٠ ساڵدا، واتە لە ١٥٨٢ تاکوو ١٨٥٥دا، بە زمانەکانی لاتینی، ئەڵمانی، فرانسایی، ئینگلیزی، ئیتاڵیایی و ڕووسی بە شێوەیەک لە شێوەکان جەختیان لە ژیان و ئایینی هۆزەکانی کورد کردووەتەوە و زانیارییان سەبارەت بە مێژووی توێژینەوەکان لەسەر زمانی کوردی تۆمار کردووە.

**سەبارەت بە زمانی کوردی لە دونیای زانستیدا،** لێرخ ئاشکرای کردووە کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٧٦٤دا، مێژوونووس و زمانناسی ئەڵمانی "ئاوگوست ڤۆن شلۆتسەر"، خوێندکاری لێهاتووی "جان میشایلز" بە فەرمانی "یەکاترینی دووەم" ئیمپراتۆری ڕووسیا سەردانی ڕۆژهەڵاتی کردووە و کاری لەسەر کورد و زمانی کوردی دەست پێ کردووە. لێرخ هەروەها ناوی کەشیش "گارزۆنی" ئیتاڵیایی هێناوە کە لە ساڵی ١٧٦٨ەوە ١٨ ساڵ لە شاری ئامێدی ژیاوە و یەکەم کەس بووە زانایانی جیهانی بە زمانی کوردی ئاشنا کردووە و زۆر بەوردی هەڵسەنگاندنی بۆ نیوەڕۆکی کتێبەکەی کردووە.

لێرخ دەگەڵ "ئاڤگۆست فریدریش پۆت"، زمانەوانی ئەڵمان و یەکێک لە دامەزرێنەرانی زمانەوانی مۆدێرنی هیندوئەورووپایی و زمانەوانیی گشتی، هاوڕا بووە کە لەنێو زمانە ئێرانییەکاندا زمانی کوردی، زمانێکی سەربەخۆیە.

**سەبارەت بە ویژە و نووسراوەی کوردی،** لێرخ دەڵێت: "کورد هۆنراوەی هەیە کە بەشێکیان کوردی ڕەسەنن.

**سەبارەت بە مۆسیقا و گۆرانی کوردی** ئاماژەی بە بۆچوونی "خەچەتۆر ئابۆڤیان" کردووە کە گوتوویەتی: "گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی کوردی بەشێوەیەکی سەرسووڕهێنەر پێشکەوتوون و گەیشتوونەتە لووتکە".

**سەبارەت بە دۆخی ئایینی هۆزەکانی کورد،** لێرخ ١٥ لاپەڕەی بۆ تەرخان کردووە و دەڵێت: "زۆربەی

کورد پەیڕەوی لە ئایینی محەممەدی و ئایینزای شافیعی دەکەن، بەڵام هەندێک لە هۆزەکانیان شیعەن. بەگشتی هەموویان موسڵمانی باش نیین. تورک و پارسەکان پێیان وایە کوردەکان دەگەڵ ژنەکانیان زۆر نەرم و نیانن. تورکەکان دەڵێن، کوردەکان لە زۆر بارەوە وەک ئەورووپاییەکانن”. هەروەها بەگوێرەی نووسراوەی ”مەسعوودی“ دەڵێت، کریستیانە یەعقووبییەکانی دەوروبەری مووسڵ و چیای جوودی، کوردن. بێجگە لەمە ئاماژەی بە ئایینە کوردییەکانی ”ئێزدی“ ”عەلیئۆڵلاهی“ و ”چراخ سۆندەران“ کردووە.

## وردبوونەوە لە ژمارەی هۆزەکانی کورد

لێرخ ٦٢ لاپەڕەی بۆ هۆزەکانی کورد لەژێر دەسەڵاتی سێ زلهێزی ڕووسیا، تورکیا و پارس تەرخان کردووە و بەگوێرەی سەرچاوە ئاماژە پێکراوەکان بەوردی هەژماری ئاپۆرە و هەندێک تایبەتمەندی و ناوی لق و پۆ و خێڵەکانی زۆربەی هۆزەکانی کورد کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم سێ وڵاتەدا دەژین، تۆمار کردووە. خشتەی ناوچەکانی ژیانی هۆزەکانی کورد لەم سێ وڵاتەدا، گەلێک سەرنجڕاکێشە.
لێرخ لە سەرەتا تا ڕادەیەکی باش ئاخێوەری زمانی کوردی بووە. دواتر توانیویێتی نموونە گەلێک لە دەقی کوردی بە زاراوەکانی کورمانجی و زازا بنووسێتەوە و گەلێک زانیاری ئیتنۆگرافیایی سەبارەت بە کورد کۆ بکاتەوە؛ بۆیە تەوەرەی سەرەکی بەرگی دووەم و سێیەمی بەرهەمەکەی بریتییە لە کۆمەڵێک کۆکراوەی زمانەوانی و ئیتنۆگرافیایی کە لە دیلە کوردەکانی وەدەست هێنابوو، دەگەڵ ئەو زانیاریگەلەی کە لە نووسراوەکانی گەشتیارە ڕووس و بیانییەکان دەستی پێ ڕاگەیشتبوو.

## بەرگی دووەم

بەرگی دووەم ١٤٥ لاپەڕەیە و بریتییە لە پێشەکی، ڕاپۆرتی ئەکادیمیست ”دۆرن“، ڕاپۆرتێک بۆ ئەکادیمیا سەبارەت بە سەردانەکەی لە ”ڕۆسلاڤل“، کۆمەڵێک دەقی کوردی بە زاراوەکانی کورمانجی و زازا، هەروەها پاشکۆیەک کە دەقە کوردییەکانی ئەرزەڕۆم و تەورێزی لەخۆگرتووە.
لێرخ لە ڕاپۆرتەکەیدا پتر لە ٢٨ لاپەڕەی بە تێروتەسەلی تەرخان کردووە بۆ تایبەتمەندییەکانی دیلە کوردەکانی ڕاگیراو لە شاری ”ڕۆسلاڤل“ کە گەلێک سەرنجڕاکێشە.
لە بەشی دەقە کوردییەکاندا، کۆمەڵێک پەیڤی کورتی بە هەر دوو زاراوە کورمانجی و زازا لەسەر بنەمای “ڕستە پێوەرەکانی بەکمایستر” وەرگێڕراوە. بۆ نووسینی ئەم دەقانە لە نیگارەکانی ئەلفبێی لاتینی ”لێپسیۆس“ کەلکی وەرگرتووە بۆ هەر دەنگێک کە بیستوویەتی، نیشانەیەکی بۆ داناوە کە لە زاراوەی کورمانجیدا بریتییە لە ٣٧ دەنگ: ٩ بزوێن (٥ بزوێنی درێژ و ٤ بزوێنی کورت)، دەگەڵ ٢٨ نەبزوێن. زاراوەی زازا بە دوو بزوێنی پتر، ٣٩ دەنگی بۆ داناوە: ٩ بزوێن و ٣٠ نەبزوێن.
لێرەدا لە ٤١ لاپەڕەدا ٢١ چیرۆک و ئەفسانە، بەسەرهاتی میری شاری پاڵوو و بەسەرهاتی خەمباری ئەویندارییی کچی سەرۆکهۆزی ڕۆمی بە کورمانجی گونجاندووە. هەروەها لە ٤٦ لاپەڕەدا سێ چیرۆک سەبارەت بە پێکدادانی هۆزە کوردەکان، دوو چیرۆکی دیکە و ئەفسانەیەکی بە زاراوەی زازا تۆمار کردووە. هەروها ٢٥ گۆرانی فۆلکلۆری نووسیوەتەوە کە هەر کامیان لە ٢٠ تا ٤٠ ڕستە پێکهاتوون کە نێوەڕۆکیان ئیرۆتیکی و

باسی ئازایەتی و پاڵەوانێتیین.
پاشکۆی ئەم بەرگە بریتییە لە دەقەکانی ئەرزەرووم و تەورێز. دەقەکانی ئەرزەرووم ٧ لاپەڕەی بۆ تەرخان کراوە، بریتییە لە وەرگێڕراوی هەندێک پەندی پێشینیانی تورکی، چەند بەشێک لە هەڵبەستەکانی ”ئەسکەندەرنامە“ی نیزامی کە لە کۆتایی ساڵی ١٨٥٦دا، ”ئا. د.ژابا“ بە هاوکاری دەگەڵ مەلا مەحموود بایەزیدی و چەند کەسێکی دیکە وەریان گێڕابووە سەر کورمانجی و بە ئەلفبێی عەرەبی نووسیویانە. دەقی تەورێز کە ١٥ لاپەڕەیە. ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ و سەرکۆنسوولی ڕووسیا لە تەورێز، ”ن.ف. خانیکۆف“ لە ساڵی ١٨٥٧ ناردبوویە ئەکادیمیای ڕووسیا، بریتییە لە وەرگێڕراوی ”دیباچە“ (پێشەکی) کتێبی ”گوڵستان“ی سەعدی شیرازی لە زمانی فارسی بۆ زمانی کوردی؛ ئەوەش بە ئەلفبێی عەرەبی-فارسی نووسراوە و زۆر بەوردی :ژێرۆ“، ”سەرۆ“، ”بۆرۆ“ و ”سکون“ی بۆ دانراوە. بەگوێرەی خانیکۆف، وەرگێڕەکەی ”میرزا زەمان“ی کورد، خەڵکی ئەردەڵان و دانیشتووی شاری ”ساباڵاغ“ بووە، بەڵام نەیتوانیوە درێژە بە وەرگێڕانکەی بدات، چونکە بە فەرمانی حاکمی خۆراسان، گەڕاوەتەوە وێندەرێ.

## بەرگی سێیەم

بەرگی سێیەم ١٦٧ لاپەڕەیە بریتییە لە: تێبینی و پێشەکی نووسەر، فەرهەنگی زاراوەی کورمانجی (٨٤ لاپەڕە)، فەرهەنگی زاراوەی زازاکی (٣٣ لاپەڕە). بەڵام لە بەرگی دووەم بە زمانی ئەڵمانی، بێجگە لەم دوو فەرهەنگە، دوو فەرهەنگۆکێکی دیکەی گونجاندووە بۆ وشەکانی دەقە وەرگێڕراوەکەی دیباچەی گوڵستانی سەعدی کە ٢٣ لاپەڕەیە، هەروەها بۆ زاراوەیەکی کوردی بە ناوی ”خەردووسی“، کە دوو لاپەڕەیە. بەگوێرەی لێرخ، ”خەردووسی“ زاراوەی ئاخافتنی دانیشتوانی ناوچەکانی نێوان دوو گوندی ”تەمیشگەزەک“ و ”گومیش مەدێن“ە و بەپێی ڕاوێژی یەکێک لە دانیشتوانی ئەم گوندانە بە ناوی مستەفا تۆمار کراوە.

## کۆتایی

بەگوێرەی بەدواداچوونەکانی نووسەری ئەم دێرانە بێت، تاکوو ئێستا ئەم کۆبەرهەمەی ”پیۆتێر لێرخ“، چ لە زمانی ڕووسییەوە و چ لە زمانی ئەڵمانییەوە بەتەواوی وەرنەگێڕراوەتە سەر هیچ زمانێکی دیکە بێجگە لە بەرگی یەکەم کە گوایە کراوە بە عەرەبی.
١٠٠ ساڵ پاش چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی لێرخ، زیندەیاد پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆ وتارێکی ١٤ لاپەڕەیی بە ناوی ”کارەکانی پ.ئی. لێرخ لە بواری کوردناسیدا“ نووسیوە کە پەیمانگەی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستی یەکێتیی سۆڤیەت لە گۆڤاری ”کۆوتار سەبارەت بە مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی، بەرگی چوارەم، مۆسکۆ ١٩٥٩، ل.ل. ٣٩-٥١، بڵاوی کردووەتەوە. قەناتی کوردۆ وەک ”ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد“ پاش فیربوونی زاراوەی کوردی نێوەندی (سۆرانی)، هەمان وتاری بە ئەلفبێی لاتینی کردووە بە کوردی و ”ئەندامی یاریدەدەری کۆڕ، مامۆستا شکور مستەفا شێوەی نوسینی ئەم وتارەی لە لاتینییەوە گۆڕیوە“ و لە لاپەڕەکانی ٦٢٤-٦٦٣ گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا بڵاو بووەتەوە. پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆ لەم وتارەدا ویڕای بەرز نرخاندنی، چەند ڕەخنەیەکی زمانەوانی لە بۆچوونەکانی لێرخ گرتووە و بەگشتی

باسی نێوەڕۆکی هەر سێ بەرهەمەکەشی کردووە.سەبارەت بە کارەکانی لێرخ هەندێک کاری زانستییانەی زمانەوانی تەنیا بۆ بەشی زاراوەی زازاکی کتێبەکانی لێرخ کراون کە بریتین لە:

لەم دووایییانەشدا، سەبارەت بە کارەکانی لێرخ هەندێک کاری زانستییانەی زمانەوانی تەنیا بۆ بەشی زاراوەی زازاکی کتێبەکانی لێرخ کراون کە بریتین لە: ماستەرنامەی "مەهمەت ئەسلان ئۆغلوولاری" لە ساڵی ٢٠١٤ لە "ئینستیتووتی زمانە زیندووەکان"ی سەر بە زانکۆی "بینگۆل" لە تورکیا بە زمانی تورکی بەناوی "وەرگێڕانی کۆکراوەکانی زازاکیی لێرخ و شیکاری وشەکان بەپێی جۆرەکانیان" لە ١٦٤ لاپەڕەدا؛ وتارێکی "ئایدن وەیسی" بە زاراوەی کورمانجی بەناوی "کوردیزانی و پیۆتێر لێرخ- ١"، ٦ لاپەڕە؛ وتارێکی "سەیدخان کووریژ" بە زاراوەی کورمانجی بەناوی "بەرهەمی پیتر لێرخ لە بواری کوردۆلۆژیدا" کە لە ژمارەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤ی گۆڤاری "نوێ بەهار ئاکادیمی NÛBIHAR AKADEMI" لە لاپەڕەکانی ٩٣-١٠٨ بڵاو بووەتەوە (بە تورکی و زاراوەی زازاکیش بڵاو بووەتەوە). ئامانجی ماستەرنامەکە و هەر دوو وتارەکان تیشک خستن و شیکاری تەنیا پەیڤ و دەقە زازاکییەکانی کتێبەکانی لێرخ بووە و تا ڕادەیەک ئەو دەقە و پەیڤانەیان بە ئەلفبێی لاتینیی هەنووکەیی ساغ کردووەتەوە.

نووسەری ئەم وتارە، لە ماوەی دوو ساڵ و نیودا، سێ بەرگە ڕووسییەکەی لێرخی بە بەراورد و هەڵسەنگاندنی دەگەڵ دوو بەرگە ئەڵمانییەکە کردووە بە کوردی نێوەندی و هەندێک زیادکراوی دەقە ئەڵمانییەکەشی وەک پاشکۆ لەم وەرگێڕانەدا گونجاندووە، بەڵام هێشتا چاپ نەکراوە؛ بۆیە مەبەستی ئەم وتارە ناساندنی نێوەڕۆکی ئەم بەرهەمانەی پیۆتێر لێرخە کە هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا هەموو کتێبەکە بەسەریەکەوە چاپ و بڵاو بکرێتەوە.

# ” رێنمایی نووسین “

# ڕێنووسی کوردی

**ئامادەکردن:**
**بەشی زمانەوانی**

به سەرنجدان بەوەی نووسەرانی تیشک و
خوێندەوارانی کورد، بنەما گشتییەکانی ڕێنووسی
کوردی دەزانن، بە پێویستیمان نەزانی هەموو
بەشەکانی ڕێنووسی کوردی لێرە بنووسینەوە و تەنیا
لەم نووسراوە کورتەدا ئاماژە بەو خاڵانە کراوە کە
بەشێکی زۆر لە نووسەران لەبەرچاویان ناگرن و بە
هەڵە دەیاننووسن.

### کێشەی (ڕ)ی سەرتا

تەنیا لە شـــێوەزاری کرمانجیی سەروودا پیتی «ر» لە ســـەرەتای وشە دەتوانێ بچووکیش بێت. لەباقیی شـــێوەزارەکان واتا شێوەزارەکانی کوردیی ناوەندی و کوردیی گۆرانی و خوارەوەدا، ڕێی سەرەتا هەمیشە قەڵەوە و بە قەڵەویش دەنووسرێت. ڕزگار، ڕێگا، ڕێباز، ڕێنوێنی.

### کێشەی (و)ی پەیوەندی

پیتی (و) کاتێک بۆ پێکەوە بەســـتنەوەی دوو وشـــە پێکەوە دێتە ناو ڕســـتەوە، ڕۆڵی وشەیەکی سەربەخۆ دەگێڕێ و نابێ بلکێندرێ بە وشەی پێش یا پاش خۆیەوە.

ژن و پیاو

حیزب و لایەنەکان

کۆمەڵگا و حکوومەت

حەز و خولیا

لەو وشـــە لێکدراوانەی کە لە لێکدرانی دوو وشـــە بە (و) دروست بوون دەبێ بە یەک دانە (و) بنووسرێ نەک دوو دانە:

گفتوگۆ

هاتوچۆ

توندوتیژی

کەشوهەوا

کشتوکاڵ

هەڵسوکەوت

### کێشەی (ی) ی خستنەسەر و ئاوەڵناو

هەمووەمان دەزانین بۆ لکاندنی ناو بە ئاوەڵناو یان موزاف بە موزاف ئیلەیهەوە، کەڵک لە نیشانەی (ی) وەردەگیررێت و (ی) دەلکێت بە ناوەکەوە.

پێشمەرگە + ی + ئازا = پێشمەرگەی ئازا

کتێب + ی + بەسوود = کتێبی بەسوود

خولیا + ی + ڕزگاری = خولیای ڕزگاری

خەڵک + ی + کوردستان = خەڵکی کوردستان

بەڵام ئەگەر ناوێک خۆی بە (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی)ی بچێتە سەر.

دیاری + ی + کوردستان = دیاریی کوردستان

یەکێتی + ی + نیشتمانی + ی + کوردستان = یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

ئەگەر وشەکە بە دوو (ی) کۆتایی بێت، دیسان دەبێت نیشانەی (ی) وەربگرێت و بە سێ (ی) بنووسرێ.

ئاوارەیی + ی + کورد = ئاوارەییی کورد

شارەزایی + ی + کاربەدەستان = شارەزاییی کاربەدەستان

قەیرانی + ژینگەیی + ی + کوردستان = قەیرانی ژینگەییی کوردستان

### (ی)ی جێناوی سێهەم کەسی تاک

پیتی (ی) جێناوی سێهەم کەسی تاکە. وەک ئەو سێ حاڵەتەی لە سەرەوە بۆ (ی)ی خستنەسەر باســـمان کرد، ئەگەر لە شـــوێنێک پێویست بە (ی)ی جێناوی ســـێهەم کەسی تاک بێ دەبێ بنووسرێ. زۆربەی نووسەران بۆ حاڵەتی یەکەمدا کە حاڵەتی سادەیە دەینووسن بەڵام لە حاڵەتی

دووهەم و سێیەمدا نایبنووسن بەڵام نووسینی پێویستە.
١.
پرسیاری کرد
وتاری نووسی
کتێبی خوێندەوە
٢ و ٣.
کورد ئازادیی دەوێ
شەریف چالاکیی ژینگەییی دەکرد
(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)
خۆپێشاندانی نارەزاییی بەڕێوە برد
(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)
نەتەوەی کورد سەربەخۆییی دەوێ
(لە یەکەمیاندا «ی» بۆ خستنەسەرە و لە دووهەمدا جێناوە)
جێناوی لکاوی (ی) بۆ سێیەم کەسی تاک و (یان) بۆ سێیەم کەسی کۆ، کاتێک لەگەڵ «کاری تێپەڕ / فعل متعدی» دا بێن دەبێ وەک خۆیان بنووسرێن.
نموونەی گەردانکردن
گرتم، گرتت، گرتی / گرتمان، گرتتان، گرتیان
ئەگەر قەدی کردارەکە خۆی بە پیتی ...ـــی کۆتاییی هاتبێت، کاتێک کە جێناوی لکاویان دەخرێتە سەر نابێت ...ـــی بقرتێنرێت:
نووسین: نووســی:
نووسیم ، نووسیت، نووسیی (نووسی هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس)
نووســیمان، نووسیتان، نووسییان (نووسیان هەڵەیە لەبەر ئەوەی قەدی کاری کردووەتە نووس)
پرســـیـــن:
پرســی + م = پرســـیـــم
پرســی + ت = پرســـیـــت
پرســی + ی = پرســـیـــی
دەبێت وا بنووسرێن: من پرسیم، تۆ پرسیت، ئەو پرسیی. (نەک ئەو پرسی).
پرسی + مان = پرسیمان
پرسی + تان = پرسیتان
پرسی + یان = پرسییان
دەبێت بنووسرێن: ئێمە پرسیمان، ئێوە پرسیتان، ئەوان پرسییان (نەک ئەوان پرسیان)
نموونەی تر:
کاری تێپەڕ: (دزین، برین، کڕین، گۆڕین، نووســین)، کە لە ســێیەم کەســی تاکدا دەبنە (ئەو دزیــی، ئەو بریی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

## جێناوی لکاو لە کاری (تێنەپەڕ / لازم)دا:

بەڵام ئەگەر کردارەکە (کاری تێنەپەڕ / فعل لازم) بوو وەک (بارین، فڕین، خزین، وەڕین، پژمین) ئــەو کاتە لە دۆخی ڕابــردوودا کەڵک لەم جێناوە لکاوانەی (...م، ...ی / یت، ... ـــ / ...ین، ...ن،

...ن) وەردەگرین. ئەگەر قەدی کردارەکە بە ... ـــــیـــ کۆتاییی هاتبێت لە کاتی خستنەسەری ئەو جێناوانەدا نابێت ... ـــیـــ لەبیر بکرێت و پێویستە بنووسرێت. نموونەی گەردانکراو:

فڕین؛ فڕیـــ م = فڕیم = من فڕیم، فڕیـــ ی = فڕیی = تۆ فڕیـــیـــت، فڕیـــ ـ = فڕی = ئەو فڕی.

تاک: فڕیم، فڕیی / فڕییت، فڕی.

کۆ: فڕیین، فڕین، فڕین.

نموونەی تر:

کاری تێپەڕ: (دزین، بڕین، کڕین، گۆڕین، نووسین)، کە لە سێیەم کەسی تاکدا دەبنە (ئەو دزیی، ئەو بڕیی، ئەو کڕیی، ئەو گۆڕیی، ئەو نووسیی).

هەروەها لە دۆخی کۆی سێیەم کەسی کۆش هەر بە هەمان شێوەیە:

پرســـیـــان (نەک پرسیان)

گۆڕییان (نەک گۆڕیان)

دزییان (نەک دزیان)

## کێشەی (ە) وەک فرمانی پەیوەندی و (ی)ی یاریدەدەر

بزوێنی (ە) لە زمانی کوردیدا ١٢ کارکردنی هەیە کە نووسەران زۆربەی کات بە شێوەی ئاسایی و بێ هەڵە بەکاریان دینن بەڵام لە چەند حاڵەتێکدا کە لێرە ئاماژەیان پێ دکەین تووشی هەڵە دەبن.

یەکێک لە کارکردەکانی (ە) لە کوردیدا بۆ کاری دانە پاڵە یا کاری نەتاوە

کچەکە جوانە

گوارەکەی زێڕە

کتێب بەسوودە.

کوردستان خۆشە.

بەڵام ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، وٚ، ی، یٚ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەو شارەزایە.

کارێکی بەجێیە.

برینم کارییە.

کراسەکەی کرێشەیە.

یەکێکی دیکە لە کارکردەکانی (ە) ئەوەیە کە دەبێتە بەشێک لە هاوەڵناوی نیشانە.

ئەم گۆڤارە

ئەم کتێبە

ئەم حیزبە

ئەم کوردستانە

لەم حاڵەتەشـــدا وەک حاڵەتی پێشـــوو ئەگەر وشەیەک بە (ە، ا، وٚ، ی، یٚ) کۆتایی بێت، دەبێت (ی)یەکی یاریدەدەر زیاد بکرێت و لەجێی (ە)، (یە) دەچێتە سەر موسنەد.

ئەم کۆبوونەوەیە

(زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە» نانووسن کە هەڵەیە)

ئەم چیایە

ئەم ڕادیۆیە

ئەم ئەم ئاسانكارییە
ئەم جێیە
ئەم پێكهاتەیە
هێندێک جار ئەو دوو (ە)یە کە لە دوو حاڵەتی پێشوودا باسمان کرد بە دوای یەکدا دێن. لەم
هیوام بەم گۆڤارەیە
هیوام بەم کۆبوونەوەیەیە (وەک حاڵەتی پێشوو زۆربەی نووسەران ئەگەر وشەیەک بە «ە» کۆتایی هاتبێ «یە»ی دووهەم نانووسن کە هەڵەیە)
چاوم لەم حیزبەیە
چاوم لەو چیایەیە
کورد نشتەجێی ئەم کوردستانەیە
کورد نشتەجێی ئەم جێیەیە
بە قازانجی ئەم پێکهاتەیەیە

## کێشەی (بە، بێ)

(بە) بەمانای دارا و خاوەن و (بێ) بە مانای بێبەری بوون، هەم لە ئاستی وشەی سەربەخۆدا لە ڕستەدا دەور بگێڕن و هەم لە ئاستی وشەسازیدا کارا بن.
هەر کاتێک (بە) بەو مانایەی سەرەوە ئاوەڵناوێکی تازە دروست بکات، بەسەر ناوەکەوە دەنووسرێت:
بەسوود، بەتام = بەچێژ، بەبڕوا = بڕوادار
هەر وەها ئەگەر بێ بە مانای (بەبێ) نەبێت و دەستەی ئاوەڵکار دروست نەکات، بەسەر ناوەکەوە دەنووسرێت و ئاوەڵناوێکی تازە دروست دەکات.
ئەو هیچ کاتێک مرۆڤێکی بێهیوا نەبووە. بێهیوا = ئاوەڵناو
بەڵام
بەبێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت.
یان بێ هیوا لەم تاریکستانە ڕێ دەر نابەیت. بێ هیوا = دەستەی ئاوەڵکار

## کێشەی پێشبەندی لە

ئەگەرچی (لە) خۆی وەکوو ئامرازێکی سەربەخۆیە و لە بنەڕەتدا خۆی کار دەکاتە سەر وشەگەلی وەکوو (سەر، پشت، ژێر، ناو و ...) بەڵام ئیستا لە زمانی کوردیدا ئەم وشەیلە بە یەک وشە و بە پێشبەندی حەساب دەکرێن: لەسەر، لەپشت، لەدوا، لەناو، لەنێوان، لەتەنیشت،
لەسەر ڕێگای گەڕانەوەم..
لەنێو ئەم دارستانەدا،
کێوێکی بەرز لەنێوان ئەم دوو شارەدایە.
لەپشت پەنجەرەکە ڕاوەستابوو.
تێبینی ١: سەر ئەگەر بەمانای خودی سەر بێت، ئیتر بە جیا دەنووسرێت.
بەردێکی لە سەری دا.
سەرتاپای لەشی تەڕ بووە. (سەرتاپا یەک وشەیە، بەواتای هەمووی جەستەی
....، هەر لە سەر تا پاتەوە.
تێبینی٢: لە ئەم لا ——- لەم لا
لە ئەو کا——- لەو لا

## کێشەی (دا)

(دا) لە کوردیدا بە سێ شێوە دەردەکەوێت.
(دا) وەکوو بەشێک لە دووانەی (لە...دا) و (بە...دا) و (دە...دا) کە هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.

لە کوردستاندا، بەو ڕێگایەدا هاتم.

(دا) وەکوو پێشگری دروستکەری کاری دارێژراو: بە حوکمی پێشگر بوون و سەربەخۆ نەبوونی، لەگەڵ ئەو وشەیەدا دەنووسرێت کە دەچێتە سەری:

دانیشتن
داگرتن
چۆکی دادا.

تێبینی: ئەو حوکمە بۆ دوولاگرەکانی تری وەکوو (لە...ەوە) و (لە...ڕا) و... دروستە.
(دا) وەکوو کاری سەربەخۆ کە هەمیشە بەجیا دەنووسرێت.

بەردێکی لە پەنجەرەکە دا.
خەنجەرێکی لەسەر دڵی دا.

## کێشەی (ڕا)

ڕا دۆخێکی سادەتری لە دا هەیە. ڕا وەکوو بەشێک لە دوولاگری (لە...ڕا) و (بە...ڕا) هەمیشە بە وشەی پێش خۆیەوە دەلکێنرێت.
ڕا دەوری پێشگر دەبینێت و کاری دارێژراو دروست دەکات: ڕاهاتن، ڕاخستن
بە شتێک ڕاهاتن بە واتای فێر بوون و خوو پێوە گرتنە.

لەم موبایلە نوێیەت ڕازیت؟ ـ بەڵێ، پێی ڕاهاتووم.
تا ئێستە بۆ سندووس چوویت؟ ـ جارێک پێیڕا هاتووم.

## ئەم/ئەو

ئەم و ئەو چ وەکوو جێناوی ئاماژە و چ وەکوو ئاوەڵناوی ئاماژە، وشـــەی سەر بەخۆن و نابێت بە وشەی پاش خۆیانەوە بلکێنرێن.
بەڵام وشـــەگەلی وەکوو ئەمشـــەو، ئەمڕۆ، ئەمســـاڵ بوون بە وشـــەی ســـەربەخۆ و ئەو ڕێسایە نایانگرێتەوە.

ئەمشەو بێ شێو سەر دەنێیتەوە.
ئەم شەوە چەند تاریک و بێدەنگە.

تێبینی:

لە ئەو ـــــ- لەو
لە ئەم ـــــ- لەم
لە ئەوێ ـــــ- لەوێ
لە ئەمێ ـــــ- لەمێ
لە ئێرە ـــــ- لێرە

## کاری پێشبەندی

پێ/ لێ/ تێ، جۆرێکی تر لە دەربڕینی دۆخی بە/ لە/ دە ـ ن و بەشێوەی ئاسایی دەبێت سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

پشتم پێ بەست
کتێبم پێ دا

گوشاری دوژمن چۆکمان پێ دانادا
دەستم لێ هەڵگرت
تێی هەڵدە
دەستی پێ بکە

هەندێک کار بە پێشبەندەکانیانەوە مانای تازە دروست دەکەن بۆیە دەبێ بەسەر یەکەوە بنووسرێن.

پێگەیشتن
تێگەیشتن
پێکەنین

## ئیدیۆم

دەبێت مانای ئیدیۆمیی چەند وشە لەگەڵ کاری لێکدراو جیا بکەینەوە. ئیدیۆمێک کە لە چەند وشە پێکهاتووە، بە پیچەوانەی کاری لێکدراو وشەکانی بە جیا دەنووسرێن.

دەست لێ هەڵگرتن
= وازهێنان
دەست لێ بەردان
= واز لێ هێنان
ئاسنی سارد کوتان
= کاری بێهوودە کردن
چاو لێ داخستن
= گرنگی پێ نەدان

## ڕێنمایی نووسین
## مەرجە گشتییەکانی وەرگرتنی وتار

**١** تیشک بە زمانی کوردی بابەت بڵاو دەکاتەوە. ئەگەر نووسەرێک لەبەر هەندێک هۆکار بیهەوێ پەیامەکەی بە زمانی فارسی بگەیەنێت، دوای پەسندی دەستەی نووسەران وتارەکەی وەردەگیرێت.

**٢** لە هەر ژمارەیەکی گۆڤاری تیشکدا، لێکۆڵینەوە لەسەر مژارێکی تایبەت دەکرێ؛ بەڵام توێژەران دەتوانن لە دەرەوەی ئەم بابەتەشـدا و بە مەرجێک کە وتارەکەیان پەیوەندیی بە پرسـی کورد و کوردستانەوە بێ، لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بۆ گۆڤاری تیشک بنێرن.

**٣** گۆڤاری تیشـک گرنگی بە چوار شـێوازی وتارنووسین دەدا و داوا لە نووسەران دەکەین لە یەکێک لەو شێوازانەدا وتارەکەی خۆیان ئامادە بکەن:

- **وتاری هەڵسەنگاندن:** لە نێوان ٨٠٠ تا ١٥٠٠ وشە؛ توێژەران دەتوانن هەڵسەنگاندن بۆ ئەو کتێب، فیلم، مۆسیقا و شانۆیانە بکەن کە پێوەندییان بە پرسی کوردەوە هەیە.
- **وتاری شیکاری:** لە نێوان ١٥٠٠ تا ٢٥٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا مەرج نییە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا، بەڵام دەبێ بابەتەکە لەسـەر بنەمای بیرۆکەیەکی ڕوون ئامادە کرابێ و دەرەنجامی توێژینەوەکە شـی بکرێتەوە.
- **وتاری تیۆری:** لە نێوان ٢٥٠٠ تا ٤٠٠٠ وشە؛ لەم شێوازەدا پێویستە کە نووسەر ئاماژە بە سەرچاوەکان بکا و کەڵک لە تیۆرییەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوەکەی وەربگرێ. تکایە سەیری سیستەمی سەرچاوەدان بکەن.
- **وەرگێڕان:** لەم بەشەدا هەوڵ دەدرێ هەندێک وتاری گرنگ کە لەسەر کوردستان بەرهەم هاتوون، لە زمانی یەکەمەوە، تەرجەمە بکرێنەوە. لە ڕووی زانستییەوە و لەبەر گونجان لەگەڵ فەلسەفەی گۆڤاری تیشک دەبێ وتارەکان لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە پەسند بکرێن.

**٤** ئەو توێژەرانەی کە لە ڕۆژهەڵات دەژین دەتوانن وتارەکانیان بە ناوی خوازراوەوە بڵاو بکەنەوە بە مەرجێک کە سەرنووسەر پەسندیان بکات.

**٥** دەسـتەی نووسەرانی تیشک دوای هەڵسـەنگاندنی وتارەکان نووسەران لە شێوازی چاپ و گۆڕانکاریی پێویست ئاگادار دەکاتەوە.

**٦** پێویستە لەگەڵ وتارەکان پوختەیەکی کورت لە نێوان ٥٠ تا ٧٠ وشە ئامادە بکرێ.

## شێوازی سەرچاوەدان

گۆڤاری تیشـک کەڵک لە سیستەمی سـەرچاوە دانی شیکاگۆ وەردەگرێ. نووسـەران لە هەر شوێنێکدا کە پێویسـتیان بە ئاماژە بە سـەرچاوەیەک هەبوو یا دەیانەوێ لە پەراوێزدا شـرۆڤەیەکی زیاتری بابەتەکە بکەن، دەبێ هەموویان هەر لە پەراوێزی کۆتاییدا بێنن. نووسـەران ئاگادار دەکەینەوە کە دەبێ بە تەواوی سەرچاوەکە بنووسن و ژمارەی لاپەڕەکان دیار بکەن. لە کۆتاییدا پێویست ناکا لیستی سەرچاوەکان بەجیا دووپات بێتەوە. لە خوارەوە ئاماژە بە چەند شێوازی سەرچاوە دان دەکەین:

### ١. کتێب

عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، وەرگێڕانی عەبدوڵلا حەسەنزادە (هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ٢٠١٤)، ٣٢٠.

دیوید مکداول، تاریخ معاصر کرد، ترجمه ابراهیم یونسی (تهران، پانیذ، ١٣٨٣) ٥-٦.

Robert Olson, The Emergence of Kurdish Nationalism and the Shikh Said Rebellion 1880-1925 (Austin, University of Texas Press, 1989) 83-4.

### ٢. بەشێک لە کتێب

Abbas Vali, “Nationalism and the Question of Origins,” in Essays on the Origins of Kurdish Nationalism, ed. Abbas Vali, (Costa Mesa: Mazda Publisher, 2003), 8-9.

### ٣. گۆڤار و ژورناڵ

ئیدریس ئەحمەدی، «شار و ڕاسان،» گۆڤاری تیشک ٤٨ (٢٠١٨): ١٣-١٧.

Ahmad Mohammadpour and Kamal Soleimani, “Interrogating the tribal: the aporia of ‘tribalism’ in the sociological study of the Middle East,” The British Journal of Sociology (2019 online): 18.

IN THE NEXT ISSUE
“Power Factors in the Kurdistan Movement”

## Contents


**Foreword**

Rahim Sorkhi 7

**Preface**

Independence as the Horizon of the Common • Hoger Rojhalati 11

**Research**

Kurds of Urmia: Resistance on the Margins • Hawzhin Baghali 41
Examining the Newrozi Khaki-Poshan Movement • Karwan Bahramand 51
A Genealogy of Being-Kurdish • Shaho Husseini 63
Kurdish Political Movements • Baban Mokri 71
Analyzing Agricultural Sustainability in Kurdistan • Mansour Sohrabi 85

**Analysis**

Memories of Tomorrow • Chiya Kavyan 105
The Life Uprising: Breaking the Colonizers' False Reality • Shahla Dabaghi 121
(In)Stability of the IRI after the War with Israel • Idris Ahmadi 135
Iran–Israel War and the Kurdish Movement in Rojhelat • Davoud Osmanzadeh 143
Capital, Identity, and Self-Administration • Hassan Ghahremani 149
Iran: A Rich Country with Impoverished People • Amin Abdi 157
A Glimpse at the First Attempt at Statistical Genocide in Kurdistan • Omar Adil 177
What Were Indian Dervishes Doing in Kurdistan? • Anwar Sultani 185
Politics and the Positions of the Tudeh Party of Iran • Nasir Salehi Asli 199
Between the Past and the Future • Aram Keykhosrawi 213
Movement of Kurdistan • Khani Galbat 235

**Opinion**

A.R. Ghassemlou and the Left in Kurdistan • Fateh Saeidi 247

**Interview**

Mariwan Wirya Qane, Homer Faizi, Hezrin Sine, Adnan Hassanpour, Aram Rojhelat
Manesht Zagros, Zana Ahmadi, Mamand Roje, Awat Saroj 273– 407
Behrouz Chaman Ara, Saro Khosravi and Negar Hossein, Zhiar Jahanferd

**Translation**

409–507

**Book Review**

Use and Representation of the Kurdish Language in Kurdistan • Nigar Ali Hussein 509
About Lêrkh and His Three Famous Books • Mansour Sedghi 515

**Guidelines**

Formatting and Submission Requirements 523

**ISSN (Print) 2942-7916**
**ISSN (Online) 2942-7894**
**DOI 10.69939/TISHK0072**

TISHK Magazine presents a wide range of articles, interviews and analyses by leading scholars, researchers and experts in the field of Kurdistanology and the Middle East. It covers various topics related to Kurdistan, including politics, culture, history, language, literature, and much more.

**Impressum:**

**Verlags- bzw. Erscheinungsort:**
Bonn
**Herausgeber:** TISHK – Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
**Redaktion:** TISHK – Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
**Druck:** Eigendruck
**Vertrieb:** Durch den Herausgeber
**Anschrift der Redaktion:**
TISHK-Zentrum für Studien über Kurdistan e.V.
**Postfach:** 840108
51033 Köln
**Email:** info@tishk.org
**Webseite:** www.tishk.org
**Tel.Nr.:** +4915110338428
**V.i.S.d.:** Siawasch Mohammadi

# TISHK Magazine

**Editor-in-Chief:**
Nasir Muradi

**Editorial Board:**
Dr. Idris Ahmedi, Rizgar Amin Nezhad
Ali Esmailnazhad, Shahla Dabaghi
Kamal Hassanpour, Siawasch Mohammadi
Davoud Osmanzadeh, Dr. Fateh Saeidi,
Hezrin Sine, Dr. Rahim Surkhi and Hiwa Tase

**Advisory board of TISHK Magazine:**
Dr. Esmail Baziyar, Dr. Baban Eliassi
Dr. Biryar Jaweroiy, Dr. Allan Hassaniyan
Dr. Azad Mohammadyani
Dr. Qadir Wrya, Dr. Manisht Zagros

**Contributors to this issue of the magazine**
**Copy Editors:**
Taleb Ghaysari, Kamal Hassanpour, Kamel Najari
Rebwar Rojhelat, Ziyad Asad. Chiya Kalhor,
Rasool Sultani

**Editorial Assistant &Translation Coordination: :**
Rebwar Rojhelat, Aso Ardalan and Halala Heidari

**Designer:**
Aran & Rebaz

**Cover photo:**
Keiwan Fatehi

# TISHK Magazine

Spring & Summer 2025 VOL 27 No 72
ISSN (Print) 2942-7916 | ISSN (Online)2942-7894

A publication of the
TISHK Center for Kurdistan Studies

IN THE NEXT ISSUE
Power factors in the Kurdish movement

TISHK
The Center for Kurdistan Studies

72

www.tishk.org